راوی مەڕەکێویەکە

نووسینی: هاروکی مۆراکامی

وەرگێڕان: ڕەسووڵ سوڵتانی

هاروکی مۆرکامی ساڵی ١٩٤٩ لە تۆکیۆی ژاپۆن لەدایك بووە و لەگەڵ ژنەکەی، لە ساڵانی ١٩٨٦ـەوە هەتا ١٩٩٥ لە ئەورووپا و ئەمریکا ژیان و پاشان گەڕانەوە ژاپۆن. مۆراکامی یەکەم رۆمانی خۆی لە تەمەنی ٣٠ ساڵیدا نووسی، بەناوی (گوێ لە گۆرانیی با بگرە)، بەڵام بە نووسین و بڵاوکردنەوەی رۆمانی "دارستانی نۆروێژی" یەکەم سەرکەوتنی خۆی دەستەبەر کرد.

مۆراکامی چیرۆکەکانی خۆی بە زمانی ژاپۆنی دەنووسێ، بەڵام وەرگێڕێکی تایبەتی هەیە، کە بەرهەمەکانی ئەو دەکاتە ئینگلیزی. ئەوەش زۆر سەیر و سەرنجڕاکێشە، ئاخر لەبەر ئەوەی مۆراکامی خۆی وەرگێڕێکی بەتوانایە و گەلێك بەرهەمی باشی لە زمانی ئینگلیزییەوە کردووەتە ژاپۆنی. خاوەن ڕایان دەڵێن مۆراکامی خەڵکی ژاپۆنی کردووەتە دوو دەستە: دەستەیەکیان ئەوانەن کە مۆراکامی و بەرهەمەکانی ئەو نووسەرەیان زۆر خۆش دەوێ و هەندێکیشیان پێیان وایە ئەو کابرایەکی رۆژئاواییە و لێی بێزارن. ئەوەی گرینگە، لاوانی ژاپۆن لایەنگرە سەرەکییەکانی مۆراکامین.

بۆ وەرگێڕانی راوی مەڕەکێوییەکە، دوو تەرجەمەی فارسیم لەبەر دەست بوون. یەکیان مەحموودی مرادی و ئەوی دیکەش مەهدی غەبرایی، کە غەبرایی ناوی کتێبەکەی ناوە "راونانی مەڕەکێوییەکە". من وەرگێڕانەکەی مرادیم کردووەتە بنەما و دواتر لە هەر شوێنێك لە وەرگێڕانەکە دڕدۆنگ بووبێم، یان پێم وابووبێ رستەیەك روون نییە و تەمێکی بەسەرەوەیە، پەنام بردووەتە بەر وەرگێڕانەکەی دیکە، بەتایبەتی لە بەشی نەهەنگەکەدا.

من پێم وایە نووسینەوەی ژیاننامەی نووسەر، سوودێکی وای بۆ خوێنەر نییە، بەڵکو خوێنەری باش لە رووی دەقەوە نووسەرەکە دەناسێ، نەك لە ئاوێنەی ژیانی نووسەرەکەوە بێ و دەقەکە لێك بداتەوە.

لەم رۆمانەدا، پێرسۆناژی سەرەکیی رۆمان کە لە کۆمپانیایەکی ریکلامکردندا خەریکی کارە، وێنەیەکی دەسنیشانکراوی دەدرێتێ. وێنەی مەڕێکی کێوی، کە ئەستێرەیەکی لەسەر پشتە. پێی دەڵێن دەبێ بچیت ئەو مەڕە بگری و بیهێنیت. مەڕەکە کێوییە... هەر جارە و دۆنادون دەکاتە نێو گیانی یەکێکەوە و خۆی لێ دەدزێتەوە و کابرا دەمرێ... ئیتر سەرۆك کە جارێك مەڕەکە چووەتە کلێشەیەوە و دەرچووە یەکێك رادەسپێرن بیگرێ. ئیدی کابرا قۆناغ بە قۆناغ بەشوێن مەڕەکەدا دەڕوا، تا ئەو شوێنە دەدۆزێتەوە وا لە وێنەکەدا هەیە.

زۆر کەس بەر لە چاپی ئەم رۆمانە رەخنەیان لێگرتم کە بۆچی ناوەکەت کردووەتە "راوی مەڕەکێوی"؟ لە حاڵێکدا لە وەرگێڕانەکەی غەبراییدا نووسیویێتی "تعقیب گوسفند وحشی"!

یەکەم: ئەو تەرجەمەی من لێیم وەرگێڕاوە، هیی مەحموودی مرادییە و بە "شکار گوسفند وحشی" تەرجەمەی کردوە.

دووەم: ئەو مەڕە راو نانرێ. لە جێیەکە و دەبێ بچن بیگرن. جا گرتنەکەی، لەبەر ئەوەی هەموو راونانێك بۆ گرتن نییە، پێم وایە تەنیا راوکردن بۆ گرتنە. راوچی کەروێشك راو دەکەن. هەم راوی دەنێن و هەم راوی دەکەن و دەیگرن، بۆیە راوەکەم پێ راستتر بوو.

وەرگێڕ

سەیرانی دوانیوەڕۆی چوارشەممە

پەرەگرافێکی کورت بوو، کە لە رۆژنامەیەکی بەیانیدا چاپ کرابوو. هاوڕێیەکم تەلەفۆنی کرد و بۆی خوێندمەوە. دەقێکی زۆر بەهێز نەبوو. لەو جۆرانە بوو کە پەیامنێرێکی کرچوکاڵی تازە دەرچووی کۆلێژ هەر بۆ خۆڕاهێنان نووسیبێتی.

دەموساتی قەومانی رووداوەکە، گۆشەی شەقام، کابرایەك شۆفێری کامیۆنێك، رێبوارێك، رووداوێك و کۆڵینەوە لە ئەگەری خەمساردییەك.

لە شیعری لاپەڕەکانی ناواخنی گۆڤاران دەچوو.

پرسیم: "لە کوێی دەنێژن؟"

گوتی: "نازانم، ئەرێ ئەو کچە بنەماڵەی هەبوو؟"

بەڵێ، ئەی چۆن نەیبووە.

تەلەفۆنم بۆ دایرەی پۆلیس کرد، بۆ ئەوەی ناونیشان یان ژمارە تەلەفۆنی ماڵی کچە وەرگرم، دواییش تەلەفۆنم بۆ ماڵەوەیان کرد بۆ ئەوەی پرسیاری وردەکاریی رێوڕەسمەکە بکەم.

خێزانەکەیان لە گەڕەکێکی کۆنی تۆکیۆ دەژیان. نەخشەکەمم دەرهێنا و بە رەنگی سوور ئەو گەڕەکەم دەسنیشان کرد. هەموو گەڕەکەکە پڕ بوو لە شەقامی پڕ پێچ و گەو* ی باریك و مەنهۆڵ و ئاوەڕۆ و، تا چاو هەتەری دەکرد، هێڵی میترۆ و شەمەندەفەر و پاس بوو، کە دەتگوت داوی جاڵجاڵۆکەن و بە نارێکی گەیشتوونەتەوە یەك.

رۆژی رێوڕەسمەکە، بە ترام لە "واسێدا"وە کەوتمە رێ. بەر لەوەی بگاتە کۆتایی هێڵەکە دابەزیم. بۆم روون بۆوە، کە نەخشەش هەر هێندەی گۆی جوگرافیایی رێنوێن و یارمەتیدەری بنیادەمە. ئاخریەکەی وام لێ هات پاکەت پاکەت جگەرە بکڕم و هەموو جارێکیش رەوگە و رێگەکە بپرسم.

خانوویەك بوو، چوارچێوەکەی دارین، دەوراندەوری بە داری قاوەیی پەرژین کرابوو. حەوشەیەکی بچووك و کوانوو(شۆمینە)یەکی سرامیك، کە کاریان پێی نەببوو و پڕ ببوو لە ئاوی باران. زەوی بۆر و شێدار بوو.

کچۆڵەکە، کە ببووە شازدە ساڵان لە ماڵێ وەدەر کەوتبوو. لەوانەیە هەر لەبەر ئەوەش بووبێ زۆر بە دامودەستوور نەیانناشت. هەر خێزانەکەی خۆی هاتبوون و هەمووشیان لەو گەورەتر بوون. براگەورەی کچۆڵەکە، یان لەوانەشە مێردی خوشکەکەی، کە تەمەنی سی ساڵێك دەبوو، رێوڕەسمەکەی بەڕێوە دەبرد.

باوکی کچە، پیاوێکی کورتەبنەی پەنجاوچەند ساڵان بوو، بازیبەندێکی رەشی تازیەبارانەی بەستبوو. لە بەر دەرگا راوەستابوو. هەر نەدەبزووت. شەقامێکی بیر خستمەوە، کە پاش بارانێکی خەست، جوان و زەریف شۆردرابێتەوە.

---

* گەو: لۆفە. پێچ

له ڕۆیشتنیّدا، بەبیّدەنگی سەریّکم لەقاند و ئەویش بەبیّ ئەوەی متەقی لیّوە بیّ، لە وەلاّمدا سەریّکی لەقاندەوە.
پاییزی نۆ ساڵ لەوەپیّش بوو کە دیتم. ئەو دەم من بیست ساڵانە بووم و ئەو حەڤدە ساڵان.
لە تەنیشت زانکۆوە، کافتریایەکی بچووکی لیّ بوو، کە مەکۆی من و هاوڕیّکانم بوو. جیّیەکی زۆر تایبەت نەبوو، بەلاّم مۆسیقای هاردڕۆك و قاوەی تاڵ، ئەو شتە نەگۆڕانە بوون، کە بەردەوام لەویّ هەبوون.
هەمیشە لە جیّیەك دادەنیشت، ئانیشکی دەخستە سەر میّزەکە و کتیّبی دەخویّندەوە. بە دەستە لەڕ و لاوازەکانی و چاویلکەکەیەوە کە دەتگوت سیمی ئۆرتۆدۆنسییە*، زۆر لەبەردڵان دیار بوو. قاوەکەی هەمیشە سارد بوو و، تەپلّەکی جگەرەکەشی پڕ لە قونچکە جگەرە.
تاقە شتیّکی بەردەوام دەگۆڕدرا کتیّبەکەی بوو. جاری وابوو کتیّبیّك بوو لەوانی میکەی سیپیلان، جاری وابوو هیی کیّنزابورۆ ئۆئیّ و جاریّکی تر هیی ئالیّن گینزبیّرگ. فەرقی نەدەکرد، گرینگ ئەوە بوو کتیّب بیّ. ئەو خویّندکارانەی هاموشۆی ئەویّیان دەکرد، بە ئەمانەت کتیّبیان دەدایێ و ئەویش لە سەرەتاوە تا کۆتایی ورد ورد کتیّبەکەی دەخویّندەوە و هەڵیّدەلووشی**. ئەو دەم کتیّب بە قەرزدان باو بوو، هەر بۆیەش هەرگیز بە حەژمەتی خویّندنەوەی شتیّکەوە نەبوو.
ئەودەم، باو باوی دوریّز، ستیونیّز، بیردیّز، دیپ پارپل و مودی بلوز بوو و[1]، تەنانەت سەرەڕای ئەوەی دەتگوت، هەموو شتیّك بەموویەك بەندە و لە بیانووە بۆ ئەوەی بتزازیّ و هەڵوەشیّت، کەشوهەوایەکی خۆش و بەکەیف زاڵ بوو.
من و ئەو کتیّبمان دەگۆڕییەوە، قسەمان لیّ نەدەبڕا، ساردیی هەرزانبابیمان دەخواردەوە و پیّکەوە بووین و لەو کارە ئاساییانە و، هەر لەو دەمەدا، پەردەکە لەسەر کاولاشەکانی دەیە پڕ هەراکەی شەستەکان لادەچوو.
ناوەکەیم لەبیر چووەتەوە.
دەکریّ سەیریّکی ڕاگەیەنراوەکە بکەم؟ بەلاّم تازە بیکەم و نەیکەم چییە. ناوەکەیم لەبیر چووەتەوە. وای دانیّ چەند کۆنە هاوڕییەکم ببینم و لە نیّو قسەکانماندا باسیّکی ئەو بیّتە گۆڕیّ. ئیتر کەس ناوەکەی ئەوی وەبیر نایەتەوە. دەزانی ئەو دەم، کچیّك بوو لەگەڵ هەموو کەس و ناکەسیّك دەچووە دەریّ، قەلاّفەتیم لەبیرە، بەلاّم ناویم لەبیر نیە. نازانم ئیّستا چ دەکا، خۆش دەبوو لە شەقامیّ تووشی بم.
ناوی هەر ئەوە بوو :"ئەو کچەی لەگەڵ هەموو کەس دەچووە دەریّ."
دیارە لەگەڵ هەموو کەسیش نەدەچوو. هەندیّ پیّودانیشی هەبوو.

---

*سیمی ئۆرتۆدۆنسی: ئەو سیمەیە وا بۆ ڕاستکردنەوەی ددان دادەنریّت. تەقویم.

**لە تەرجەمە فارسییەکەیدا دەڵیّ، وەك هیّشووی گەنمەشامی هەڵیّدەلووشی. بەلاّم گەنمەشامی هیّشوو ناگریّ، گەنمەشامی یەك یەکە و هەر کامەشی کۆمەڵیّك دەنکی پیّوەیە. ئەوەش هەڵنالووشریّ، چونکە ڕەق و تەقە. هەڵلووشران بۆ شتی نەرم و شل دەبیّ. (و.ك)

[1] ئەوە گرووپی ڕۆك و جازی دەیەی شەستی زایینی بوون.

بەڵام هەر وەك چۆن تاوتوێکردنی هەندێ بەڵگە بەسە بۆ سەلماندنی راستی، لە راستیدا ئەو لەگەڵ هەمووان هەڵی دەکرد.
جارێك، تەنیا یەك جار، پرسیاری پێوەرەکانیم لێی کرد.
دەستی پێ کرد: "ئیتر، ئەگەر دەتەوێ بزانی..." سی چرکەیەك بیری کردەوە. "هەمووان ئەم کارە ناکەن. جاری وایە تەواو بێزار دەبم. بەڵام خۆ دەزانی، لەوانەیە لەبەر ئەوە بێ، کە حەزم لێیە خەڵکێکی جیاواز بدۆزمەوە. لەوانەشە هەر دنیاکەی من ئاوا دروست دەبێ."
"یانی بەوەی لەگەڵ خەڵك بی؟"
"بەڵێ."
جا نۆرەی من بوو بیر لەو شتانە بکەمەوە.
"باشە، ئەرێ ئەم کارانە یارمەتییان داوی هەندێ شتت لێ روون بێتەوە؟"
وەڵامی داوە: "تۆزێك."

زستانان تا هاوینێ زۆر کەم دەمدی. زانکۆ چەند جار، یان پشوو بوو، یان داخرابوو. هەرچۆنێك بێ ئەمنیش چەرمەسەری و گرفتی خۆمم هەبوو.
پاییزی ساڵی دواتر، کە دیسان چوومەوە کافتریای گۆرین، مشتەریەکان هەموو گۆڕابوون و، لەو زیاتر کەسم نەدەناسی. مۆسیقای رۆك هەر وەك جاران دەنگی دەهات، بەڵام کەفوکوڵ و خرۆشەکەی نەمابوو. هەر ئەو و قاوە تاڵەکە بوون کە هیچ نەگۆڕابوون. لە بەرامبەری لەسەر کورسیەك دانیشتم و باسی هاوڕێیانی ساڵانی پێشوومان کرد.
زۆربەیان وازیان لە خوێندن هێنابوو. یەکێ خۆی کوشتبوو، یەکێ خۆی شوێنبزر کردبوو و لەو قسانە.
پرسیی: "پار خەریکی چ بووی؟"
گوتم: "کاری جۆراوجۆر."
"جا پێت کرا؟"
"باش بوو."
ئەو شەوە بۆ یەکەم جار لەگەڵ ئەو بووم.
هیچ شتێك لە سەربردە و رابردووی نازانم، ئەو شتانەش کە دەیانزانم، لەوانەیە لە یەکێکی دیکەم بیستبێن، لەوانەشە ئەو دەمەی پێکەوە خەوتووین، خۆی بۆی گێڕابێتمەوە. یەکەم ساڵی دواناوەندی، لەگەڵ باوکی لێیان

دەبێتە قڕە و دەمەقاڵە و لە قەفەز (لە دواناوەندیش) دەرچووبوو(فڕیبوو). دڵنیا بووم ئەوانە هەقایەتن. خۆ هیچ کەس بە راستی نەیدەزانی لە کوێ دەژی و چۆن دەژیا.

رۆژ هەتا ئێوارە لە کافتریایەکی رۆك دادەنیشت، کووپ لە دوای کووپ قاوەی دەخواردەوە و جگەرەی بە جگەرە دادەگیرساند و پەڕی کتێبی هەڵدەداوە و چاوەڕێی دەکرد یەکێك بێ و حیسابەکەی (کە ئەوددەم بۆ ئێمەمانان پارەیەکی کەمیش نەبوو) بۆ بدات و دواییش لەگەڵی بڕواتەوە.

هەر ئەوەندە، هەر ئەوەندەم ئاگا لێیەتی.

لە پاییزی ئەو ساڵەوە تا بەهارەکەی ساڵی دواتر، شەوانی چوارشەممە دەهاتە ئەپارتمانەکەی من کە لەگەڕەکی میتاکا بوو. ئەو چێشتە سادەیەی خۆم لێم نابوو دەیخوارد و تەپلەکی جگەرەکەی پڕ دەکرد. رادیۆکەمان لەسەر بەرنامە رۆکەکەی "ئەی ئێف ئێن" دادەنا و دەنگەکەیمان تەواو دەکردەوە و لێی دەخەوتین. بەیانیانی چوارشەممۆیان کە لە خەو هەڵدەستاین، دەچووینە دارستانەکەی حەوشەی زانکۆی نێودەوڵەتیی مەسیحییەکان بۆ پیاسەکردن. لە هۆڵی نانخواردنێ، نانی نیوەڕۆمان دەخوارد و دوانیوەڕۆ لە هۆڵی خوێندکاراندا کووپێك قاوەی بێتامان دەخواردەوە و ئەگەر هەواش خۆش بوایە، لەسەر شینکە و چیمەنەکە رادەکشاین و سەیری ئاسمانمان دەکرد. ناوی نابوو سەیرانی دوانیوەڕۆی چوارشەممە.

"هەر کاتێك لێرەم، هەست دەکەم هاتووینە سەیران."

"سەیران؟ هەر بەراست؟"

"دەی، هەتا چاو هەتەر دەکا هەر حەوشەیە. هەمووانیش شاد و گەش دیارن..."

قیت بۆوە، دانیشت بۆ ئەوەی جگەرەکەی داگیرسێنێ. چەند چڵە شقارتەیەکی خراپ کرد.

"خۆر لە ئاسمان بەرەوژوور هەڵدەکشێ و دوایی دادەکشێ. خەڵك دێن و دەڕۆن، کات زۆر بەهێوری تێدەپەڕێ، هەر دەڵێی هاتووینە سەیران، وا نییە؟"

ئەودەم بیست و یەك ساڵانە بووم و چەند مانگ دواتر دەبوومە بیست و دوو. هیچ هیوایەکم نەبوو بەوەی وا زوو دەرسەکەم تەواو بکەم، بەڵام بیانوویەکیشم نەبوو کە واز لە خوێندنێ بێنم. کەوتبوومە دۆخێکی زۆر هیواکوژەوە. چەند مانگێك بوو تێدامابووم و نەمدەتوانم هەنگاوێك بەرەو رەوگە و ئاقارێکی نوێ بنێم. دنیا لەسەر رەوتی و رۆیشتنی خۆی بوو و، هەر من بووم کە لەجێی خۆم چەقیبووم. پاییز کە داهات، هەرچی هەبوو، رەنگ و بیچمێکی مەرگاویی لێ نیشت. رەنگەکان خێرا لەبەر چاوم دەسڕانەوە و تیشکی خۆر، بۆنی چیمەن و دەنگی بە ئاستەمی دڵۆپەی بارانیش، هەر هەموو ئەزیەتیان دەکردم.

چەند جاران لە خەونمدا شەوێ سواری شەمەندەفەر بوومە. خەونەکەم هەمیشە هەر ئەوە بوو. هێڵێکی شەوانە، کە بۆگەنی گەندوگوو و دووکەڵی جگەرەی لێ دەهات. ئەوەندە قەرەباڵغ بوو، جێت نەبوو راوەستی. سەر کورسیەکان

هەموو رشانەوەی پێوە رەق ببۆوە. هەر ئەوەندەم لەدەست دەهات، لە وێستگەکە هەستم خۆم فڕێ بدەمە خوارێ، بەڵام وێستگەیەك لە گۆڕێ نەبوو. هەتا چاو هەتەری دەکرد دەشتێکی کاکی بە کاکی بوو، چرای ماڵێك بەدی نەدەکرا. نە بەرپرسی وێستگە دیار بوو، نە سەعات و نە خشتەی هاتن و ڕۆیشتن و نە هیچ شتێکی دی و، خەونەکەم هەر ئاوا بەردەوام دەبوو.

هێشتاش ئەو دوانیوەڕۆیەم لەبیرە. بیست و پێنجی نۆڤەمبەر بوو. گەڵای داری ژەنکۆ، کە بارانێکی خەست رایدابوون و هێنابووی، ڕێچکەی نێوان چیمەنەکانی کردبووە رووبارێکی وشکبووی زێڕین. دەستمان خستبووە گیرفانمانەوە و پیاسەمان دەکرد. جگە لە خشەی گەڵاکانی بەر پێمان کە ورد دەبوون و جیك و فیکی باڵندان، هیچی دیکە نەدەبیسرا.

لەپڕ و بێ پێشەکی پرسیی: "بیر لە چی دەکەیەوە؟"

گوتم: "ئەگەر راستیەکەیت دەوێ لە هیچ."

تۆزێکی دیکەش ڕۆیشت و لە سەر لێوارێك دانیشت، مژێکی لە جگەرەکەی دا و پرسیی: "تۆ هەمیشە خەونی ناخۆش دەبینی؟"

"زۆربەی جاران خەونی ناخۆش دەبینم. زۆربەی جاران مۆتەکەیە و هەست دەکەم، جیهازە ئۆتۆماتیکییەکان، دراوەکانم دەخۆن."

پێکەنی و دەستی لەسەر ئەژنۆم دانا و هەڵیگرتەوە.

"ناتەوێ باسی بکەی، نا؟"

"ئەمڕۆ نا، تاقەتی قسەکردنم نییە."

جگەرە نیوەکەی فڕێ دا نێو وردەگەڵاکان و بە پێ پانی کردەوە. "مەبەستت ئەوەیە ناتوانی خۆت قایل بکەی کە ئەوەی دڵت حەزی لێیە، بیلێی؟"

گوتم: "نازانم."

دوو باڵندە لە نزیکمانەوە لە شەقەی باڵیان دا و لە ئاسمانە سامالەکەدا لەچاوان ون بوون. تا لێمان دیار بوون هەر سەیرمان کردن. ئەو بە شوولکێك بیچم و شکڵی وای لەسەر خۆڵەکە دەکێشا دیار نەبوو چین.

"هەندێ جار کە لەگەڵ تۆم، تەواو هەست بە تەنیایی دەکەم."

گوتم:"بەداخم کە وات لێ دەکەم هەست بە تەنیایی بکەی. یانی هیچ فەرقیشی نییە؟ هەر وەك ئەوەیە..."

لە نێو قسەکانیدا تاوێك راوەستا و لەسەر خۆ سێ هێڵی راستی لەسەر عەرزەکە کێشا و گوتی: "ئاخ، نازانم."

گوتم: "هیچ دەزانی، دڵم نایە لە خۆمت بتۆرێنم!"

ساتێك دواتر دیسان گوتم: "دەزانم خەیاڵی چیم لەسەر دایە. هەموو هەوڵی خۆم دەدەم لێی تێ بگەم. حەز ناکەم هەموو شتێك تێك بدەم. بەڵام ناشمەوێ وا بنوێنم کە هیچ نەقەوماوە. ئەو کارە کاتی دەوێ."

"چەند؟"

"نازانم، لەوانەیە ساڵێك، لەوانەشە دە ساڵ."

شووڵکەکەی فڕێ دا. هەستا و گژ و گیا وشکەکانی چاکەتەکەی تەکاند و گوتی: "دەساڵ؟ پێت وا نییە زۆر زۆرە؟"

گوتم: "لەوانەیە."

بە نێو دارستانەکەدا بەرەو حەوشەی زانکۆی نێودەوڵەتیی مەسیحییەکان ڕۆیشتین. لە هۆڵی پشووی خوێندکارەکان دانیشتین و "هات داگ"ـمان خوارد. سەعات دووی دوانیوەڕۆ بوو و دیمەنی "یۆکیۆ میشیما" لەسەر شاشەی تیڤییەکە بوو. دوگمەی دەنگەکە تێك چووبوو، هەر بۆیە نەماندەزانی دەڵێ چی، فەرقیشی نەدەکرد. یەکێك لە خوێندکارەکان چووە سەر کورسیەك و تۆزێك دەستی لە دوگمەکە وەردا، بەڵام ئاخری وازی لێ هێنا و ملی خۆی شکاند و ڕۆی.

گوتم: "بڕۆینەوە ماڵێ."

گوتی: "باشە."

دەستمان خستەوە گیرفانی چاکەتەکانمان و لەسەر خۆ و بە پیاسە گەڕاینەوە ئەپارتمانەکە.

کە لەخەو هەستام دیم لەسەر خۆ دەگری. جەستە لاوازەکەی لەبن سەرچەفەکەوە دەلەرزێ. سوپەکەم هەڵکرد و سەیرێکی کاتژمێرم کرد. سەعات دووی بەیانی بوو. مانگ بە تاقی ئاسمانەوە زۆر سەیروسەمەرە سپی سپی دەدرەوشاوە.

چاوەڕێ بووم تا ژێر بێتەوە. دوایی کتریەکەم خستە سەر ئاگر بۆ ئەوەی چایەك لێ بنێم. چایەکی سەفەریم بۆ هەردووکمان دێم کرد. هەر چایەکی کوڵیوی سادە، بەبێ قەند و لیمۆ. ئەوجار دوو جگەرەم داگیرساند و یەکێکیان دا بەو. سێ مژی قووڵی لێ دا، دووکەڵەکەی سینەکێش کرد و دایەوە دەرێ و کەوتە کۆخین.

پرسیی: "ئەرێ قەت وا بووە بیر لە کوشتنی من بکەیەوە؟"

"کوشتنی تۆ؟"

"ئا."

"بۆ دەپرسی؟"

هێشتا جگەرەکەی بە لێوەوە بوو، بە سەری پەنجەی پێڵووی خوراند و گوتی:

"هەر وا."

گوتم: "نا، قەت وا نەبووە."

"هەر بەراست؟"

"ئا، هەر بەراست. باشە بۆ بمەوێ تۆ بکوژم؟"

گوتی: "پێم وایە تۆ راست دەکەی، هەروا بە زەینمدا هات، کە خراپ نییە بۆ وێنە، وەختێ لە خەودام یەکێك بمکوژێ."

"بەداخەوە، ئەوە من نیم."

"بەراست؟"

"ئەوەندەی خۆم ئاگادار بم."

پێکەنی، جگەرەکەی کوژاندەوە، باقی چایەکەی هەڵقوڕاند و جگەرەیەکی دیکەی داگیرساندەوە و گوتی: "دەمەوێ بیست و پێنج ساڵ بژیم، ئیتر بمرم."

ژوولای هەشت ساڵ دواتر، لە بیست و شەش ساڵیدا مرد.

بەشی دووەم

ژوولای هەشت ساڵ دواتر

٢

شازده هەنگاو

بەر لەوەی چاوم لێك بنێم، چاوەڕێی دەنگی هەوا کەڵەکەبووەکەی دەرگای ئەسانسۆرەکەم کرد، کە بەدوامدا دادەخرانەوە. ئەوجار چاوم لێك نا و، هۆش و زەینم کۆ کردەوە و شانزە هەنگاو بە ڕاڕەوەکەدا بەرەو دەرگای ئەپارتمانەکەی خۆم چووم. بە چاوی قووچاوەوە، ڕێك شازدە هەنگاو. نە کەمتر، نە زۆرتر. هێندەم خواردبۆوە سەرم گەرم و زاریشم بۆنی دووکەڵی جگەرەی گرتبوو.

چەندی مەستیش بم، هەر دەتوانم ئەو شازدە هەنگاوە، ڕاستەوڕێ وەك ڕێگایەکی ڕێك و ساف ببڕم. بەرهەمی چەند ساڵان ڕێکوپێکییەکی بێ ئامانجە. ئەو دەمەی سەرخۆشم، لە نێو ڕاڕەوە کۆنکرێتەکەدا، سینگم دەردەپەڕێنم، قیت قیت سەرم هەڵدێنم و هەناسەیەکی قووڵی هەوا فێنکەکەی بەربەیان هەڵدەکێشم. ئیتر چاوم لێك دەنێم و بە نێو مژەکەدا شازدە هەنگاوی ڕێك دەنێم.

لە بازنەی ئەو جیهانە شازدە هەنگاویەمدا، نازناوی "بە نەزاکەتترین سەرخۆش"ـم پێ بڕاوە. دەسکەوتێکی بێوێنە. تاقە کارێکی دەبێ بیکەی، ئەوەیە سەرخۆشی، وەك ناوەکە و بەو نرخە قەبووڵ بکەی.

تەنیا دەستەواژەی "سەرخۆشم". ساف و سادە. بێ بەڵام و ئەگەر.

تاقە شتێکی کە پێویستتە ببیتە بە نەزاکەتترین سەرخۆش، هەر ئەوەیە.

چەندی بەیانیان زووتر بەخەبەر بێی، دیسانیش دواین فارگۆنی شەمەندەفەرەکە هەر بەسەر پردەکەدا پەڕیوەتەوە.

پێنج، شەش، حەوت،...

هەنگاوی هەشتەم ڕاوەستام. چاوم هەڵێنا و پشوویەکی قووڵم هەڵکێشا. گوێم لە وزەوزێکی نەرم بوو. وەك شنەی دەریا، کە بە تۆڕێکدا تێدەپەڕێ. کە ئەوم بیر کەوتەوە، لە خۆمم پرسی: ئەرێ دوا جار کە لە کەنار دەریا بووم، کەی بوو؟

ڕاوەستە با بزانم، سەعات ٦:٣٠ی بەیانیی ڕۆژی بیست و چواری ژولایە. باشترین ڕۆژ و باشترین دەموساتی ساڵە بۆ ئەوەی بچیتە قەراغ دەریا. هێشتا خەڵك نەهاتوون بەستێنەکە پیس بکەن و دوای ڕەشەبایەك، شوێن پێی ماسیگرەکان وەك گەڵا دەرزی ئاساکانی دار سنۆبەرەکان، بەدەم کەنارەوە پەرش بڵاو بووەتەوە.

کەنار، ئاااااا...

دیسان کەوتمەوە ڕێ. بەستێن و کەنار لەبیر بەرەوە، ئەوانە هەموو هی ڕابردوون.

لە هەنگاوی شازدەیەم ڕاوەستام، چاوم هەڵێنا و سەیرم کرد وەك هەمیشە ڕێك لەبەردەم دەسگرەی دەرگای ئەپارتمانەکەی خۆم چەقیوم. ڕۆژنامە و زەرفی دوو ڕۆژی نێو سندووقی نامەکانم هەڵگرت و لە بن باڵمم نا. ئەوجار

کلیلەکانم لە قووڵایی گیرفانم هێنا دەرێ، نێوچاوانم لەسەر دەرگا سارده ئاسنینەکە دانا و نوشتامەوە. لە جێیەکی ژوور گوێچکەکانمەوە دەنگی کرتە و چرکە هات. دەتگوت گولۆڵەیەکم و لە کحولیان هەڵکێشاوم و، هەر تۆزێك ئاگام لەخۆم بوو.

بێوێنەیە.

دەرگاکە هەر درزێکی تێ ببوو، کە خۆم خزاندە ژوورەوە و دەرگاکەم پێوە دا. ڕاڕەوەکە زۆر بێدەنگ بوو. لە هەموو بێدەنگێك بێدەنگتر.

هەر ئەو دەمە بوو کە دیم جووتێ قۆندەرەی سووری پاژنەبەرز، لەبەر پێمن. ئەو قۆندەرە سوورانەی پێشتریش دیتبوومن. وەك دیارییەکی بێ جێ لە کریسمەسدا، لە نێوان پێڵاوە تێنسە قوڕاوییەکانی من و جووتێك نەعلی هەرزانبایی تایبەتی کەنار دەریا دانرابوون و بێدەنگییەکی نەرم، وەك تۆز باڵی بەسەر دەوروبەردا کێشابوو.

ژنەکەم نێوچاوانی لەسەر باسکی دانابوو و بەسەر مێزەکەی چێشتخانەدا نوشتابۆوە، قژە رەش و خاوەکەی، لادەموچاوی داپۆشیبوو. هەندێك لە گەردنە سپی و برۆنزەنەبووەکەی، لە نێوان تاڵەکانی قژییەوە دیار بوو و لە نێوان قۆڵە ئاوەڵاکانی کراسە نەخشدارەکەیەوە، کراسێکی کە قەت پێشتر نەمدیتبوو، بەشێك لە شریتی جلەکانی بەدەرەوە بوو.

چاکەتەکەمم داکەند. بۆینباخە رەشەکەمم کردەوە، سەعاتەکەمم دانا. هێشتا ئاوڕی نەدابۆوە. کە لە پشتەوە سەیرم کرد، بیرەوەرییەکانمی، بیرەوەریی ئەو دەمانەی لێ زیندوو کردمەوە، کە هێشتا نەمدیتبوو.

بە دەنگێکی گۆڕدراو، دەنگێك کە هیچ دەنگی خۆم نەبوو، گوتم:

"دەی، جا..."

وەك چاوەڕوانم دەکرد، وەڵامێك نەدراوە، لەوانەبوو خەوتبێ، لەوانەیە بگریێ، لەوانەشە مردبێ.

بەرەوڕووی دانیشتم و چاومم هەڵگلۆفین. تاڵەتیشکێکی خۆر مێزەکەی کردبووە دوو بەشەوە. من لە ڕووناکاییەکەدا بووم و ئەو کەوتبووە سێبەرێکی خۆڵەمیشیەوە. گوڵێکی ژاکاو لە ئینجانەکەدا لەسەر مێزەکە بوو. لە دەرەوە، یەکێك ئاوی بە شەقامدا دەپڕژاند و، بۆنی ئەسفاڵتە تەڕەکە و دەنگی شلپەشلپی ئاوەکەی سەر شەقام دەهات.

"قاوە دەخۆیەوە؟"

وەڵامێك نەبوو.

هەستام هێندەی دوو کووپ قاوە بهاڕم. پاش هاڕینی قاوەکە تازە زانیم حەزم لە چای چیاگە[*]. من هەمیشە درەنگ لە شتەکان تێدەگەم.

رادیۆکە پەیتاپەیتا ئاوازی پۆپی بڵاو دەکردەوە. بۆ بەرنامەی بەیانیان ئاوازێکی گونجاو و بەجێ بوو. دنیا لەو دە ساڵەدا زۆر نەگۆڕابوو. تەنیا ناوی ئاواز و گۆرانیبێژەکانە کە گۆڕاوە و تەمەنی منیش.

ئاوەکە وردە وردە کوڵی. گازەکەم گرتەوە و لێ گەڕام سی چرکەیەك ئاوەکە دامرکێتەوە و ئینجا بەسەر قاوەکەمدا کرد. قاوە هاڕدراوەکە ئاوەکەی هەڵمشت و وردە وردە هەست و بۆن و بەرامەی، ژوورەکەی داگرت.

کتریەکەم بەدەستەوە بوو، پرسیم: "لە دوێ شەوێوە لێرەی؟"

بە ئاستەم سەری لەقاند.

"یانی لەودەمەوە چاوەڕێی منی؟"

هیچ وەڵامی نەداوە.

ژوورەکە لە سۆنگەی ئاوی کوڵیو و تاوە بەتینەکەوە گەرمدا هاتبوو. پەنجەرەکەم پێوە دا و هەواگۆڕەکەم هەڵکرد، ئینجا هەر دوو کووپە قاوەکەم لەسەر مێزەکە دانا. دەنگم هاتبۆوە سەرخۆ، گوتم: "بخۆوە."

متەقی نەکرد.

"باشترە قومێك بخۆیەوە."

سی چرکەیەکی خایاند تا هێواش و لەسەرخۆ سەری هەڵێنا و خەمساردانە سەیری گیای نێو گوڵدانەکەی کرد. چەند تیسکە موویەك کەوتبووە سەر کوڵمە تەڕەکانی. خەرمانەیەکی شێ دەوری گرتبوو.

گوتی: خەمی منت نەبێ، نەمدەویست بگریم."

قوتووی دەسرەکاغەزییەکەم بۆ راداشت. لەسەرخۆ لووتی سڕی و تاڵە مووەکانی سەر کوڵمەی لادا.

"ئەگەر راستیت دەوێ، ویستم بەر لەوەی تۆ بێیەوە، بڕۆم. نەمدەویست چاوم پێت بکەوێ."

"دەزانم، بەڵام پاشگەز بوویەوە."

"نا، هیچ وا نییە، شوێنێکی ترم نەبوو بچم، بەڵام خەمت نەبێ هەر ئێستا دەڕۆم."

"باشە، هەرچۆنێك بێ، قاوەیەك بخۆوە."

قاوەکەم چێشکە کرد. رادیۆکەم خستە سەر راپۆرتی ترافیك و نامەکانم کردەوە. یەکێکیان، بانگەشەی فرۆشگای مۆبل بوو، کە سەدا بیست داشکاندنی خستبووە سەر هەموو کاڵاکانی. دووەمیشیان نامەیەکی یەکێك بوو، کە تەنانەت نەمدەویست بیریشی لێ بکەمەوە چ بگا بەوەی نامەکەی بخوێنمەوە. گولۆڵەم کرد و خستمە نێو

---

[*] چیاگ: واتە سارد و کەڵلەتەزێن. سەهۆڵێن. جۆرە چایەکی ساردە کە شیرینی دەکەن و سەهۆڵی تێدەکەن، ئینجا دەیخۆنەوە. جاریش هەیە شیرین ناکرێ. وەرگێڕی فارسی.

زبڵدانەکەوە. ئیتر قەپاڵێکم لە پەنیرەکە دا. وەك بیەوێ خۆی گەرم بکاتەوە، دەستی لە دەوری کووپی قاوەکە وەرێنا و چاوی لە من بڕی. لێوی ئارام و لەسەرخۆ بەرەو لێواری کووپەکە بزووت.

گوتی: "بەفرگرەکە زەلاتەی تێدایە."

"زەلاتە؟"

"لۆبیا و تەماتە. هیچی دیکەی لێ نەبوو. خیارەکان رزیبوون. ئەوانم فڕێ دا."

"ئەهـ !!!!!!!!!"

بەرەو بەفرگرەکە چووم و دەفری زەلاتەکەم هەڵگرت. شووشەی ئۆکیناوایی بوو و، دوایین دڵۆپەکانی ساسەکەم بەسەردا کرد. تەماتە و لۆبیا، لە خەیاڵی ساردو بێتام زیاتر هیچ نەبوو. بیسکیت و قاوەش هیچ تامێکی نەبوو. نەکا لە سۆنگەی هەتاوی دەم بەیانەوە بێ؟ تیشکی خۆری بەرەبەیان هەموو شتێك دەڕژێنێ. قاوەکەم بەنیوەچڵی بەلاوە نا. جگەرەیەکی شکاوم لە گیرفانم دەرهێنا و بە شقارتەیەکی کە هەرگیز نەمدیتبوو، دامگیرساند. سەری جگەرەکە وشك وشك قرچەی دەهات.دووکەڵی جگەرەکە نەخش و نیگاری سەیر و سەمەرەی لە نێو تیشکی دەمەوبەیانییەکەدا دروست دەکرد.

"چووبوومە سەرەخۆشی. کە پرسەکە تەواو بوو، چوومە شین یوکو. بەتەنێ چووم."

پشیلەکە کەس نازانێ لە کوێوە هات. باوێشکێکی دا و خۆی خستە سەر کۆشی ئەو.

بناگوێی پشیلەکەی خوراند و گوتی:

"پێویست ناکا هیچم بۆ روون بکەیەوە، ئیتر پێوەندیی بە منەوە نییە."

"پاساو ناهێنمەوە، هەر خەریکم قسان دەکەم."

شانێکی هەڵتەکاند و دیسان شریتی جلەکانی خستەوە نێو کراسەکەی. دەموچاوی وەك وێنەی شارێکی نوقمی زەریا بووبێ، بێ هەست بوو.

"یەکێك لە ئاشنا زۆر کۆنەکانم بوو، تۆ نەتدەناسی."

"ئەها، هەر بەراست؟"

پشیلەکە خۆی لەبەر یەك کێشاوە و بە مڕەمڕ بڕاندییەوە.

سەیری سەری جگەرەکەم کرد کە بە لێومەوە بوو.

"ئەو ئاشنایە چۆن مرد؟"

"وەبەر کامیۆن کەوت. سێزدە ئێسکی هاڕیبوو."

"ژن بوو؟"

"بەڵێ."

راپۆرتی ترافیك و هەواڵەكانی سەعات حەوت تەواو بوو و مۆسیقایەكی نەرمی ڕۆك دیسان هاتەوە سەر شەپۆلەكانی رادیۆكە. قاوەكەی دانا و سەیری كردم.

"ئەرێ، ئەگەر من مردبام، ئاوا بۆ خواردنەوە دەچوویە دەرێ؟"

"سەرەخۆشی پێوەندییەكی بە خواردنەوەوە نییە، خۆ ئەگەر وا بوایە، تەنیا پێكێكم دەخواردەوە، لەوانەشە دوو پێك."

ڕۆژێكی نوێ خەریك بوو دەستی پێ دەكرد. ڕۆژێكی گەرمی دیكە. پۆلێك باڵەخانەی هەوربڕ لە پەنجەرەوە دیار بوون.

"خواردنەوەیەكی فێنكت بدەمێ؟"

بە سەر گوتی نا.

قوتووە ساردییەكم لە بەفرگرەكە هێنا دەرێ و یەكبین خواردمەوە و گوتم:

"یەكێك بوو لەو كچانەی لەگەڵ هەموو كەسێك دەچووە دەرێ." لافیتەكەی زۆر سەرنجڕاكێش دەبوو: خوالێخۆشبوو، لەو كچانە بوو كە بەكەس نالێ نا.

"ئەو شتانە بۆ بە من دەڵێی؟"

"ئەرێ بۆ؟ نازانم."

هەر لەو شوێنەوە كە قسەكەم بڕیبوو، لەوێوە لەسەری ڕۆیشت: "باشە، كەواتە لەو كچانە بوو كە نایان بۆ كەس نییە. وایە؟"

"وایە."

"بەڵام خۆ لەگەڵ تۆش نەبووە، وا نییە؟"

تەوس و توانجێك لە لەبزیدا بوو. سەرم لەسەر زەڵاتەكە هەڵگرت و گوتم:

"تۆ چۆنی بیر لێ دەكەیەوە؟"

لەسەرخۆ گوتی: "نا، تۆ لەو جۆرە بنیادەمانە نی."

"كامە جۆر؟"

"نازانم، شتێك لە تۆدا هەیە. بۆ وێنە كاتژمێرێكی لمی. پیاوی وەك تۆ بۆ وەی دەبێ پشتی پێ ببەستی، كە دەنكە لمەكان تەواو بوون، كاتژمێرە لمییەكە بەراوەژوو بكاتەوە.

"یانی ئاوا؟"

لێوی خونچە كردن و وەك خۆی لێ كردەوە.

"هاتم باقی شمەکەکانم بەرم. چاکەتی زستانی و کڵاوەکان و کەلوپەلەکانم بەجێ هێشتبوو. ئەوانم لە جانتاکە نا، دەکرێ هەر کات پێت کرا بیانبەیە پۆستخانە؟"

"دەیانبەم."

سەری لەقاند و گوتی:"ئاوا باشترە. نامەوێ بێی. خۆ دەزانی، وایە؟"

دیارە دەمزانی. من زۆر قسە دەکەم، بەبێ ئەوەی بیری لێ بکەمەوە.

"ئادرەسەکەت هەیە؟"

"هەمە."

"هەر ئەوەم ماوە. ببوورە زۆر مامەوە."

"ئەی رێوشوێنە یاساییەکان؟"

"هەمووی کراون."

"بڕوا ناکەم هێندە ئاسان بێ. پێم وابوو کاری زۆر زیاترە."

"ئەوانەی هیچی لێ نازانن وا بیر دەکەنەوە. بەڵام ئەوە کارێکی زۆر ساکارە. کە تەواو بوو، ئیتر هیچ نییە." کە ئەو قسانەی دەکرد، گەڕاوە و سەری پشیلەکەی خوراند و گوتی: "کە دوو جار تەڵاقت وەرگرت، رێیەکەی فێر دەبی."

پشیلەکە چاوی لێك نا و خۆی لەبەر یەك کێشاوە و ئینجا سەری خستە سەر باسکی. کووپی قاوە و قاپی زەڵاتەکەم لە شوێنی قاپشوشتنەکە خست و بە لەتە کاغەزێك، وردە بیسکیتەکانم خاوێن کردەوە. تیشکی هەتاوەکە چاومی دەبرژاندەوە.

"لیستەیەکی کارەکانم رێك خست. لەبارەی ئەوەی کاغەزەکان لە کوێن، چ رۆژێك نۆرەی زبڵ بردنە و لەو شتانە. ئەگەر تێی نەگەیشتی، تەلەفۆن بکە."

"مەمنوون."

لە ناکاو پرسیی:"تۆ حەزت لە منداڵ بوو؟"

"نا، پێم وا نییە تا ئێستا حەزم چووبێتە منداڵ."

"زۆر لەمێژ بوو دەمویست بزانم. بەڵام ئێستا کە دەبینم ئاوا بڕایەوە، پێم وایە هەر وا باشتر بووە. لەوانەشە، ئەگەر منداڵمان بوایە وامان لێ نەهاتبا. تۆ نەزەرت چییە؟"

"زۆر ژن و مێرد هەن، منداڵیشیان هەیە و تەڵاقیشیان وەرگرتووە."

گەمەی بە چەرخەکەی من دەکرد، کە گوتی: "لەوانەیە راست بکەی. من هێشتاش تۆم خۆش دەوێ. بەڵام پێم وانییە ئیتر گرینگ بێ. خۆم باش دەزانم."

٣

ژێرپۆش*

کە رۆیشت، کۆلایەکی دیکەم هەڵقوراند، دوای ئەوە حەمامێکم کرد و ڕدێنم تاشی. هەموو شتێك خەریك بوو تەواو دەبوو: سابوون، شامپۆ، ماجوونی ردێن‌تاشین.

لە بن دووشی حەمامەکە هاتمە دەرێ و سەرمم وشك کردەوە. لۆسیۆنم لە خۆم هەڵساوی و گوێچکەمم خاوێن کردەوە. ئەوجار چوومە چێشتخانە بۆ ئەوەی بەرماوی قاوەکە گەرم بکەمەوە. زانیم کەس لەوبەری مێزەکە نییە. کە سەیری کورسییە بەتاڵەکەم کرد، خۆم وەك ئەو منداڵۆچکەیە هاتە بەر چاو، کە لە یەکێك لە تابلۆکانی دێ چیریچۆدا لە وڵاتێکی غەریب بەتەنێ بەرەڵا کرابوو. خۆ دیارە منداڵۆچکەیەك نەبووم. بڕیارم دا بیر لەو شتانە نەکەمەوە و بە قاوە و جگەرە کات بەسەر بەرم.

ئەگەرچی بیستوچوار سەعات بوو نەخەوتبووم، سەیر بوو خەوم هەر نەدەهات. جەستەم تا مۆخی ئێسقانم شەکەت بوو، بەڵام زەینم وەك بوونەوەرێکی ئاوژی* ی بێ ئۆقرە و بزۆز، لە ئاوەڕۆ پڕ پێچ و پەناکانی هۆشیاریمدا مەلەی دەکرد.

کورسیە بەتاڵەکەی بەردەمم رۆمانێکی ئەمریکایی خستمەوە بیر، کە ماوەیەك لەوەپێش خوێندبوومەوە، کە پاش رۆیشتنی ژنەکە، مێردەکەی هەڵدەستێ و ژێرپۆشەکەی دەبینێ بەسەر کورسییەکەیدا داوە. ئێستا کە بیرم لەوە دەکردەوە، جا زانیم بۆ وای کردووە. راستە ئەو کارە وەزعەکەی هیچ باشتر نەدەکرد، بەڵام خۆ لە راگرتنی ئەو گوڵەی بەدەم ژاکان و سیسبوونەوە لە منی دەڕوانی هەر باشتر بوو. جگە لەوەش، لەوانەیە، تەنانەت پشیلەکەش پێی خۆش بێ کەلوپەلەکانی ئەو لەبەرچاوان بن.

ورد سەیری ژووری خەوتنەکەم کرد، هەموو چەکمەجەکانم کردەوە، هەمووان بەتاڵ بوون. ئەوی مابوو، تەنیا ملپێچێکی مۆرکەلێدراو و، سێ داری چاکەت هەڵواسین و بەستەیەك نەفتالین مابوو. کەلوپەلی ئارایشت و قژلوولدان و فلچەی ددان و قژ وشککەرەوە و حەبی پێشگری و جزمە و قاپقاپە و سۆل و سندووقی کڵاوەکان و جانتای دەستی و سەرشان و جانتای گەورە و توورەکەی دراو و جلەکانی ژێرەوەی کە هەمیشە رێکوپێك قەد کرابوون و گۆرەوی و پووزەوانە و نامەکان و هەرچی بە ئاستەم بۆن و بەرامەی ژنانەی پێوە بووە، هیچی نەمابوون

---

* ژێرپۆش: ئەو جلەی لەبنەوە لەبەری دەکەن.

* ئاوژی: ئەو شتەی لە ئاودا دەژی. پێچەوانەی وشکەژی.

و جێیەکەیان بەتاڵ بوو. لەوانەیە تەنانەت شوێنەواری پەنجەکانیشی سڕیبێتەوە. یەك لە سەر سێی کتێبەکان و شریتە میوزیکەکانیش، هەموو ئەو شتانەی خۆی هێنابووی یان من پێم دابوو، نەمابوون.
هەموو وێنە تاکەکانی خۆی کە لە ئەلبوومەکەدا بوو، هەڵکەنرابوون. ئەو وێنانەش کە پێکەوە بووین، بڕدرابوون و وردبینانە خۆی جوێ کردبۆوە و وێنەکەی منی بەتەنیا جێ هێشتبوو. وێنە تەنیاکانی من، یان وێنەی کوێستانەکان، رووبار و کەڵەکێوی و پشیلەکان دەستیان لێ نەدرابوو. لە سێ ئەلبوومی وێنەکاندا، رابردووی چاك کردبوو. هەر دەتگوت لە رۆژی لەدایکبوونمەوە تەنیا بوومە، هەموو رۆژانی ژیانم تەنیا بووم و بەتەنێش دەمێنمەوە.
جلێکی ژێرەوە، هیچ نەبێ دەیتوانی جلێکی ژێرەوە بەجێ بهێڵێ.
ئەو وای هەڵبژاردبوو و هەڵبژاردنەکەشی وابوو کە هیچ شوێنەوارێکی خۆی بەجێ نەهێڵێ. دەمتوانی، وەك پێم وابوو ئەویش هەر ئەو مەبەستەی بووە، قەبووڵی بکەم. یان خۆم قایل بکەم، کە هەر لە بنێڕا نەبووە. ئەگەر ئەو هەرگیز نەبووە، کەواتە جلی ژێرەوەیشی هەر نەبووە.
تەپلەکەکەم بەتاڵ کرد، پتر بیرم لە ژێرپۆشەکەی کردەوە، پاشان ئەو خەیاڵەم لەسەرم دەرکرد و پاڵ کەوتم.
مانگێك بەسەر ئەو رۆژەدا تێپەڕیبوو، کە قەبووڵم کرد لێك جیا بینەوە و ئیتر ئەو رۆیبوو. مانگێکی سەیروسەمەرە، گەردیلەیەکی سارد، بێ ئامانج و بێهەست لە مانگێکدا.
لە رۆژێکەوە تا رۆژێکی دی هیچ نەدەگۆڕا، تەنانەت یەك شتیش. سەعات حەوت لە خەو هەڵدەستام. قاوە و نانی "تۆست"ــم دروست دەکرد. وەدەر دەکەوتم بچمە سەر ئیش، نانی شەوێم لە دەرەوە دەخوارد، یەك دوو ساردیم دەخواردەوە و، دەچوومەوە ماڵێ. سەعاتێك کتێبم دەخوێندەوە. چراکانم دەکوژاندەوە و دەنوستم. شەممە و یەکشەممان لە بری ئەوەی بچمە سەر کار، لە بەیانییەوە وەدەر دەکەوتم و بە سەیرکردنی فیلم، رۆژم دەکردە شەو. ئینجا نانی ئێوارەم دەخوارد و چەند خواردنەوەیەکم بەسەردا دەکرد و کتێبم دەخوێندەوە و تەنیا لێی دەنوستم. هەر ئاوا دەهات و رادەبرد: مانگێکم وەك چۆن خەڵك راست و چەپ بەسەر رۆژەکانی نێو رۆژژمێردا دێنن، تێپەڕاند.
رۆیشتنەکەی ئەو، دەکرێ بڵێم، ئاکامی دۆخ و کۆمەڵە رووداوێك بوون، بەدەر لە دەسەڵاتی من. لەو رووداوانەی وەختایەك کە دێن، ئیتر هاتوون و قەوماون. لەو چوارساڵەی رابردوودا هەرچی کردوومانە، بێ ئاکام بووە. بەرهەمەکەی لەو کۆمەڵە وێنەیەی لە ئەلبوومەکە دەرهێنراون بەولاوە هیچی دی نەبووە.
هەر هیچ گرینگ نەبوو، کە چەند مانگان بەینی لەگەڵ یەکێك لە برادەرەکانم هەبێ و باوباوێن بکەن و رۆژێکیش لەگەڵ ئەو سەروسەکتی پەیدا بێتەوە. هەموو ئەو شتانە لە ئەگەر و مەگەردا بوون. رووداوی ئاوا هەر دێنە پێش،

کەواتە چۆن توانیبام وا بیر بکەمەوە، لەوەی کە بەجێی هێشتووم، شتێکی نائاساییە؟ کورتی بڕمەوە، هەموو شتێك بەدەست ئەو بوو.

گوتم:" هەرچۆنێك بێ، کەیفی خۆتە."

دوانیوەڕۆی شەممە بوو و خەریك بووم ئامێری قوتووهەڵپچڕینەکەم لە دەستمدا دەخولاندەوە، کە گوتی، دەیەوێ لێك جیا بینەوە.

لەسەر خۆ قسەی دەکرد. پرسیی: "ئەرێ تۆ رازیی؟"

گوتم: "نەخێر، من رازی نیم. هەر ئەوەندە دەڵێم، کەیفی خۆتە."

ساتێك راوەستا و گوتی: ئەگەر راستیت دەوێ، من نامەوێ تۆ بەجێ بێڵم."

گوتم: "دەی باشە، بەجێم مەهێڵە."

"بەڵام ئەگەر لەگەڵ تۆ بم، نابمە هیچ."

هیچی دیکەی نەگوت، بەڵام تێی گەیشتم. چەند مانگێکی دیکە من تەمەنم دەبووە سیساڵ و ئەو بیستوشەش ساڵان. کە لە دوورەدیمەنی داهاتوومان دەڕوانی، بناغەکەی لەسەر ئاو بوو. لەو چوارساڵەی ژن و مێردایەتیماندا، هەر خواردبوومان بێ پاشەکەوت.

پێم وایە زیاتریش خەتای خۆم بوو. دیارە نەدەبوو قەت ژنم هێنابایە. لانیکەم نەدەبووایە ئەو بێنم.

لە پێشدا، پێم وابوو ئەو خۆی لەگەڵ کۆمەڵ هەڵناکا و ناچاری کردم بەرپرسیارەتییە کۆمەڵایەتییەکەی خۆم بگرمە ئەستۆم. ئێمە زۆر باش بۆ یەکتر خۆمان دەنواند و دەورمان دەگێڕا، بەڵام زۆری نەبرد، لێمان روون بۆوە، کە گەیشتووینەتە قەرار و بڕیارێکی پتەو، نەك شتێکی لێك هەڵوەشاوە.. ئەوە دەستکەوتێکی بچوك بوو، بەڵام قەت لەوە پتر نەچووینە پێش. ئێمە خەریك بووین بەوپەڕی لەسەرخۆییەوە کۆڵانێکی درێژ و بنبەستمان گرتبووە بەر. ئاکامی کارەکەشمان هەر ئەوە بوو.

بەلای ئەوەوە من لەکیس چووبووم. گرینگیش نەبوو، کە هێشتاش خۆشی دەوێم. ئێمە تەواو لەگەڵ رۆڵەکانی یەکتری راهاتبووین. ئەو هەر بە وارسکە لەوە تێگەیبوو و، من بە ئەزموون دەمزانی. ئیتر هیوایەك نەمابوو.

ئیتر وای لێهات، کە ئەو و جلەکەی ژێرەوەی بۆ هەمیشە دیار نەمان. هەندێ شت لەبیر دەچنەوە، هەندێ شت نادیار دەبن، هەندێ شتیش دەمرن. بەڵام لەسەر یەك ناکرێ بڵێین ئەوە کارەساتە.

٢٤ی ژوولای، سەعات ٨:٢٥

سەیرێکی کاتژمێرە دیجیتاڵەکەم کرد، چاوم لێك نا و خەوتم.

بەشی سێهەم

سێپتەمبەر، دوومانگ دواتر

کێری نەهەنگ و ژنێك بە سێ ئیشەوە

سەرجێی لەگەڵ ژنێك، لەوانەیە لە زەینتاندا لە هەموو شتێك گرینگتر بێ، یان لەوانەشە هەر هیچ گرینگ نەبێ. دەکرێ بڵێی، هەم باری دەرمانی "خۆچارەسەری"ی هەیە و هەمیش خۆخافڵاندن و رابواردن.

کەوابوو، سەرجێییکردن بۆ چارەسەری خۆت تەواو دەبێ و، بۆ کات رابواردن دەست پێ دەکا. ئەوەی لایەنی چارەسەری هەیە، لەپێشدا تەواو دەبێ و، هیچیشی لەگەڵ ناکرێ، ئیتر دواجار دەبێتە شتێك بۆ رابواردن و بە پێچەوانەوە. ژیانی ئێمە بنیادەمەکان، چۆن بڵێم، هەر لە بنێڕا لە ژیانی ژن و مێردایەتیی نەهەنگەکان جیاوازە. ئێمە نەهەنگ نین و، هەر ئەم مەسەلەیە، بەلەبەرچاوگرتنی ژیانی هاوسەرێتی و جووتبوونمان، وای کردووە جووتبوونی ئێمە شتێکی زۆر مەزن نەبێ.

کە منداڵ بووم، ئەکواریۆمێك هەبوو، بە پاسکیل مەودای نیو سەعاتێك لەو شوێنەوە دوور بوو کە ئێمە لێی دەژیاین. بێدەنگییەکی ساردی وەك ئاکواریۆم هەمیشە ئەوێی داگرتبوو و تەنیا جاروبارە دەنگی خوڕەی ئاو دەهات. هەستم دەکرد، گیانلەبەرێك کە هێی گۆلێکی رەشە، لە قوژبنێکی تاریکدا هەناسە دەدات.

پۆل پۆل ماسیی تۆن، کۆزیلکەکۆزیلکە لە هەسێڵە گەورەکەدا دەخولانەوە، سەگلاو بە رەوگە تەسکە ئاوییەکانی خۆیاندا دەرۆیشتن، ماسیی (پیرانا) ددانە تیژەکانیان کە دەتگوت گوێزانن، لە لەتکە گۆشتەکە دادەگرت و مارماسییەکان وەك گلۆپێکی بریکەی دابێ، پتەپتیان دەکرد و بڵێسەیان لێ دەبۆوە.

دیارە گەلێك ماسیی دیکەیش بە ناو و پوولەکە و باڵی جۆراوجۆرەوە لە ئەکواریۆمەکەدا بوون. نەمدەزانی ئەو هەمووە ماسییە بۆ دەبێ هەبن.

دیارە ئەکواریۆمەکە نەهەنگی تێدا نەبوو. هەڵبەت ئەگەر چوارچێوەی ئەکواریومەکەیان هەڵگرتبایە و کردبایان بە عەمبار و حەوزێکی زۆر گەورەیش، دیسانیش نەهەنگەکە زۆر لەوە گەورەتر بوو لەوێدا جێی بێتەوە. لەبری ئەوە، لەتێکی نەهەنگەکەیان لە ئەکواریۆمەکەدا دانابوو. وای دانێن وەك نموونەیەك.

جا هەر واش بوو، کە ساڵانی ناسکی منداڵیم، نەك بە سەیرکردنی نەهەنگ، بەڵکو بە سەیرکردنی کێری نەهەنگەکە تێپەڕی. هەر کات لە پیاسەکردن بەنێو رێڕەوە فێنکەکانی ئەکواریۆمەکەدا ماندوو دەبووم، وردەوردە، بەرەو ئەوشوێنەی دڵم دەیویست واتە، ئەو نیو کورسییە دەخزیم، کە لەسەر سەکۆ بەرز و بێدەنگەکەی پێشانگاکە دانرابوو و، چەند سەعاتان لەوێوە بێوچان سەیری کێری نەهەنگەکەم دەکرد.

جاری وابوو، کێرە نەهەنگەکە، دار خورمایەکی بچووکی ژاکاوی وەبیر دەهێنامەوە و جاری وایش بوو بەلالی گەنمەشامییەك. خۆ ئەگەر تابلۆکەی لەسەر نەبوایە، کەس نەیدەزانی ئەوە کێرە نەهەنگە. زیاتر لە

کۆنەدەسکردێکی ئاسیای ناڤین دەچوو کە لە بن گڵیان دەرهێنابێتەوە، نەك ئەوەی بەرهەمی زەریا بەستەڵەکەی باشوور بێت. نە لە هیی خۆم دەچوو، نە لە هیچ کام لەو ئەندامانەی تا ئەوکات دیتبوومن. لەوەش خراپتر، دەتگوت ئەو ئەندامە بڕاوە، خەرمانەی خەفەت و ماتەمینییەکی لەتاریف نەهاتووی تەریکمانەوە پێوە دیار بوو.
جارێکیان پاش ئەوەی بۆ یەکەم جار شەوێك تا بەیانی لەگەڵ کچۆڵەیەك رامبوارد، دیسان ئەو ئەندامە گەورەیەی نەهەنگەکەم وەبیر هاتەوە. کامە گەمەی چارەنووس و کام خولی گەردوون، کامە دەریاگەڕی نێو گێژەو و تۆفانان، ئەوی هێنابووە ئەو تەلارە ئەشکەوتئاسایەی پێشانگاکە؟ کە بیرم لەو دەکردەوە، دڵم ژانی دەکرد. هەستم دەکرد ئیتر تروسکایی هیوایەك لەم دنیایەدا شك نابەم. بەڵام تەمەنم هەر حەڤدە ساڵان بوو و، لەوە منداڵتر بووم کە دەست لە دنیایە بەردەم. هەر لەوێ و لەوەودوا بوو، کە شتێکم لێ روون بۆوە و قەت لەبیرم نەچۆوە. ئەویش ئەوە بوو: من نەهەنگ نیم.

ئێستا، لە تەنیشت دەسگیرانە تازەکەم، ماوەیەکی زۆر هەر بیرم لە نەهەنگەکان کردەوە.
کە بیر لە ئاکواریۆمەکان دەکەمەوە، هەمیشە هەست دەکەم بەرەبەری کۆتایی پاییزە. شووشەکانی عەمبارەکە ساردن. بلووزێکی ئەستوورم لەبەر کردووە. لە نێو وێنەی گەورەی پەنجەرەی پێشانگاکەوە، دەریا وەك قیر رەش دەچێتەوە و، شەپۆلە سپییەکان، دەڵێی یەخەی کراسی کچانەن و کۆبەیان گیراوە.
دەسگیرانەکەم پرسیی: ئەوە بیر لە چی دەکەیەوە؟
گوتم: "لە شتێکی زۆر کۆن."
تەمەنی بیستویەك ساڵ بوو. لەشولارێکی لاواز و جووتێ گوێچکەی زۆر جوان و دڵڕفێنی هەبوو. لە وەشانگەیەك هەڵسەنگێنەر و هەڵەچن بوو. مۆدێلی بازرگانێکیش بوو، کە لە بواری وێنەی گوێچکەدا پسپۆڕ و لێزان بوو و لە یانەیەکی خۆمانەی تایبەتیشدا، وەڵامی تەلەفۆنی دەداوە. نەمدەزانی خۆی کام یەك لەو سێ ئیشەی بە کاری سەرەکیی خۆی دادەنێ. خۆشی نەیدەزانی.
بەڵام کە تایبەتمەندییە بنەڕەتییەکانیم هەڵدەسەنگاند، دەبوو قەبووڵی بکەم، کە خوا وای پێدابوو، بەلای مۆدێلی گوێچکەدا بشکێتەوە. خۆشی وەك منی بیر دەکردەوە. هەڵبەت ئەوە باش و بەجێ بوو، بەو مەرجەی وات لێك نەدابایەوە، کە لەبەر نەبوونی هەلی کار، بۆ پارەیەکی کەم و سووك بووەتە مۆدێل(مانکەن). بۆ بەرپرسێکی بەشی گریم، یان بەرپرسێکی پێوەندییە گشتییەکان یان بۆ وێنەگرێك، ئەو هەر "خاوەنی دوو گوێچکە" بوو و هیچی تر. بنیادەمێك بە جووتێك گوێچکەوە. بەبێ ئەو گوێچکانە، جەستە و گیانی، سووك و بێبایەخ بوون، وەك نەبن وابوو.
گوتی: بەڵام خۆ تۆ دەزانی، کە ئەوە من خۆم نیم. من گوێچکەکانم، گوێچکەکانیشم من."

نە خۆی هەڵچنەکە و نە خۆی کچەی پشت تەلەفۆن، هەرگیز بۆ چرکەیەکیش گوێچکەی نیشانی کەس نەدەدا.
پاساوەکەی ئەوە بوو: "کاری وا ناکەم، لەبەر ئەوەی، ئەوان ئەو شتە نین کە خۆمم."
نووسینگەی یانە خۆمانییە تایبەتییەکە، کە بە رواڵەت ناوی نرابوو "یانەی" تواناکان و لە ئاککازاکا بوو و، ژنێکی قژسپیی ئینگلیزی بەسەری رادەگەیشت و بە خاتوو ئیکس بانگیان دەکرد. خاتوو ئیکس سی ساڵێك دەبوو لە ژاپۆن دەژیا. ژاپۆنییەکی رەوان و جوانی دەزانی و پتر پیتە سەرەتاییەکانی زمانی چینیی دەزانی.
ئەو قوتابخانەیەکی فێرکردنی زمانی ئینگلیزیی بۆ ژنان کردبۆوە،، کە پێنج سەد مەترێك لە نووسینگەکەوە دوور بوو و، ئەوێی کردبووە ناوەندی دۆزینەوەی توانا مزگێنیدەرەکانی داهاتوو. بە پێچەوانەوە، زۆربەی کچانی یانەکەی ئەویش، دیارە بە مانگانەیەکی کەمتر دەچوونە فێرگەی زمانەکە.
خاتوو ئیکس، بە کچەکانی دەگوت "ئازیز" و "ئازیزەکانی" هێندە تەڕ و ناسك بوون، دەتگوت دوانیوەڕۆی بەهارن.
دەیگوت: "ئازیز، جلوبەرگی باش لەبەر بکە." یان "چایەکەت بە خامەوە دەخۆیەوە، وایە؟" باشی لە بازاڕ و خەرج و داهاتەکەی دەزانی. کڕیارەکانی هەموویان ئەو کاسبکارە دەوڵەمەندانە بوون، کە لە دەیەی چوار یان پێنجەمی ژیانیاندا بوون. دوو لە سەر سێیان بیانی بوون و ئەوانی دیکە ژاپۆنی. خاتوو ئیکس رقی لە سیاسەتمەدار و پیرەپیاو و خەڵکی چەواشە و هەژار بوو.
بەردەوام دە دوازدە ژیکەڵەی کەڵەگەتی لەبەردەستدا بوو، بەڵام دەسگیرانەکەی من لە نێویاندا هێندەی هیچیان دڵڕفێن نەبوو، هەموان لەو جوانتر بوون. وەڵامدەرەوەیەکی تەواو ئاسایی پشت تەلەفۆن و، لە راستیدا کە گوێچکەی دادەپۆشران، لەوپەڕی سادەییدا بوو. نەمدەزانی بۆچی خاتوو ئیکس ئەوی هەڵبژاردووە. لەوانەیە تیشك و تریفەیەکی تایبەتی تێدا بەدی کردبێ، یان لەوانەیە پێی وابێ کچێکی ئاسایی، بۆخۆی سامانێکە. هەرچۆنێك بێ، روانگەکانی خاتوو ئیکس لە بارەی ئامانجەوە راست و بەجێ بوو و، دوستەکەی من زۆر زوو چەند مشتەرییەکی بەردەوامی پەیدا کرد. حەفتەی یەك دوو جار، کە دەچووە یەکێك لە هۆتێلەکانی هیلتۆن یان پرینس، بۆ ئەوەی شەوێ میوانی یەکێك بێ، شۆرت و ژێرپۆشی ئاسایی لەبەر دەکرد و ئارایشێکی سادەی دەکرد و بۆنێکی ئاسایی لەخۆی دەدا و، لەو رێگەیەوە، بەشی مانگێکی پارە پەیدا دەکرد.
حەفتەی یەك دوو شەویش بەخۆڕایی لەگەڵ من دەنوست. سێ شەوەکەی دیکەیشی نازانم چیی دەکرد.
دانێك هەڵچنیی بۆ وەشانگەیەك، ئاساییترین کاری ئەو بوو.
حەفتەی سێ رۆژان، دەچووە نهۆمی سێیەمی بینایەکی بازرگانیی بچووك لە کاندا و لە سەعات نۆوە هەتا پێنج کاری پێککگرتن و هەڵچنیی دەکرد. چای لێ دەنا، لە پلیکانەکان دەچووە سەر و دەهاتەوە خوار (بیناکە ئەسانسۆری نەبوو) و، لاستیکی قەڵەمکوژێنەوەی دەکڕی. کە ئەویان دەنارده دەرێ، لەبەر ئەوە نەبوو یەکێك

دوژمنایەتیی لەگەڵی هەبێ، بەڵکو لەبەر ئەوە بوو، کە تاقە ئافرەتی زگورتیی کۆمپانیاکە بوو و، وەك زەردەقۆڕە، بەپێی شوێن و پێگە ڕەنگی خۆی دەگۆڕێ و دەیتوانی چۆنی دڵی دەخوازێ، خۆی بنوێنێ.

ڕێك پاش ڕۆیشتنی ژنەکەم، لەگەڵی (یان باشترە بڵێم لەگەڵ گوێچکەکانی) ئاشنا بووم. سەرەتای مانگی ئۆگۆست بوو. سەرقاڵی کاروباری بەڵێندەرایەتییەکی لاوەکیی کۆپیبرایت بووم، بۆ کۆمپانیایەکی نەرمئامێری کۆمپیوتەری، کە بەڵێ، چاوم بە گوێچکەکانی ئەو کەوت.

بەرپرسی دامەزراوەیەکی بانگەشەکەر، پێشنیارێك و سێ وێنەی گەورەی ڕەش و سپیی لەسەر مێزەکەم دانا و گوتی، لە ماوەی حەفتەیەکدا سێ نەسك(کۆپی)ی لەباری سەروسەلکی بۆ ئامادە بکەم. هەر سێ وێنەکەش، دیمەنێکی گەورەی گوێچکەیەك بوون.

گوێچکە؟

پرسیم: "جا بۆ گوێچکە؟"

"چووزانم. جا فەرقی چییە. گوێچکەیە ئیتر. حەفتەیەکت وەخت هەیە بیر لە گوێچکەکان بکەیەوە."

ئاوا بوو، کە حەفتەیەکی ڕەبەق چاوم بڕییە گوێچکەکان. ئەو سێ گوێچکە زلەم بەرامبەر مێزی ئیشکردنەکەم لە دیوارەکە دا و ڕۆژێ هەتا ئێوارە هەر جگەرەم دەکێشا، قاوەم دەخواردەوە و نینۆکم کورت دەکردنەوە و نوقمی ئەو گوێچکانە دەبووم.

بە حەفتەیەك کارەکەم تەواو بوو، بەڵام وێنەی گوێچکەکان بە دیوارەکەوە مانەوە. چونکە لێکردنەوەیان چەرمەسەریی زۆری پێوە بوو و، جگە لەوەش متووی ئەو گوێچکانە ببووم. بەڵام ئەگەر ڕاستیت دەوێ، بۆیە لێم نەدەکردنەوە، منیان دیل کردبوو. ئەوان وێنەی خەیاڵیی گوێچکەیەك بوون. نموونەیەکی تەواو و بێ کەمایەسیی گوێچکە. هیچ بەشێکی گەورەی کراوەی جەستەی مرۆڤ، هێندەی ڕانەدەکێشام. ئەوان وەك گێژاوێکی گەورەی چارەنووس منیان هەڵدەلووشی.

کەوانێکی بەرزی سەیروسەمەرە لەسەر وێنەکە و کۆمەڵێك کەوانەی دیکە، کە سێبەرێکی نەرمی زێڕکفت و ناسکدا دەلەرینەوە و هاوکات، کۆمەڵێك کەوانەی دیکەش کە وەك دیوارێکی نەخشونیگاری کەونارا و ئەفسانەکانی لەسەر بێ ڕازابۆوە. بەڵام نەرمەی گوێچکەکەی لەهەمووان باشتر بوو و دڵڕفێنی و جوانیەکەیشی هەمووانی کاڵ دەکردەوە.

پاش چەند ڕۆژێك، تەلەفۆنم بۆ وێنەگرەکە کرد، بۆ ئەوەی ناو و ژمارەی خاوەنی ئەو گوێچکانەی لێ وەرگرم.

وێنەگرەکە پرسیی: "جا باشە بۆچیتە؟"

"وەڵا هەروا دەمەوێ بزانم، گوێچکەکان زۆر سەرنجڕاکێشن."

"باشە، وەڵا ئەگەر هەر بە گوێچکەکەکان دڵت دادەکەوێ خراپ نییە، بەڵام کچە خۆی هیچ شتێکی وا نییە. ئەگەر لە پاروویەکی چەور و دڵگر دەگەڕێی، دەتوانم بەو کچۆڵەیەت بناسێنم کە دوێنێ بۆ مۆدێلی دەرپێ کورت وێنەیم گرت."

قەبووڵم نەکرد، ناو و ژمارەی خاوەنی گوێچکەکانم نووسی. سپاسم کرد و تەلەفۆنەکەم داخستەوە.

سەعات دوو، سەعات شەش سەعات دە هەر تەلەفۆنم کرد و وەڵام نەبوو. دیار بوو وەشوێن ژیانی خۆی کەوتووە. ئاخرییەکەی دەی رۆژی دوایی بوو، کە دۆزیمەوە. بە کورتی خۆمم ناساند و ئەوجار گوتم، دەبێ لە بارەی کارێکەوە کە پێوەندیی بە ریکلامەوە هەیە قسەی لەگەڵ بکەم و ئەگەر کێشەیەك نییە، نانی ئێوارەیش پێکەوە بخۆین.

گوتی: "بەڵام خۆ بە منیان گوت، کاری تۆ تەواو بووە."

گوتم: "تەواو بووە."

دەتگوت تۆزێك راچڵەکی، بەڵام لەوە پتر پرسیاری نەکرد و لێی نەکۆڵیەوە. وامان دانا سبەی ئێوارە یەکدی ببینین. لە رستورانتێکی هەرە رازاوەی فەرەنسی کە پێم شك دەهات، جێگەم گرتەوە. لە شەقامی ئایۆیاما بوو. دوایی کراسێکی تازەتازەم دەرهێنا و زۆرم سەر هێنا و برد ئاخۆ کامە بۆینباخ ببەستم و ئەو چاکەتەی تا ئەو دەم تەنیا دوو جارم لەبەر کردبوو، ئەویشم لەبەر کرد.

قسەی وێنەگرەکە راست راست بوو. کچە زۆر ئاسایی و سادە بوو. جلوبەرگی ئاسایی و رواڵەتێکی ئاسایی. دەتگوت ئەندامی کۆرسی پلە دووەکانی ژنانە. بەڵام ئەوەندەی پێوەندیی بەخۆمەوە هەبوو، ئەو مەسەلەیە زۆر گرینگ نەبوو. ئەوەی بێهیوای دەکردم، ئەوە بوو، کە گوێچکەی لە بن تاڤگەیەك قژی خاودا شاردبۆوە.

لەسەرخۆ گوتم: "گوێچکەتت شاردوونەوە؟"

لەسەرخۆ وەڵامی داوە: "بەڵێ."

زۆر زووتر گەیشتبووینێ و، لە یەکەم مشتەرییەکانی نانی ئێوارەی رستورانتەکە بووین. چراکان کز داییسان، پێشخزمەتێك بە شقارتەیەکی گەورەوە هات بۆ ئەوەی مۆمە سوورەکەی سەر مێزەکەمان داگیرسێنێ و سەرگارسۆن بە وردی سەیرێکی دەسرۆکە و کەلوپەلەکانی سەر مێزەکەی کرد، بۆ ئەوەی دڵنیا بێ هەموو شتێك رێکوپێکە. تەختەی تەختی عەرزەکە، کە راستوچەپ وەك هەشت و حەوت چنرابوون، بریقەبریقیان دەهات و گارسۆنێك تەقەی پاژنەی پێڵاوەکانی دەهات. پێڵاوەکانی زۆر لە هیی من گرانباییتر بوون. خونچەی سوورەگوڵی تازەپشکووتوو لە ئینجانەکەدا بوو و، تابلۆی مۆدێرنی ئەسڵی بە دیوارە سپییەکانەوە بوون.

سەیرێکی لیستی خواردنەوەکانم کرد و خواردنەوەیەکی تازە و بۆ بەرکولێش Pate de Canarde و Foie de baudroie، Crème fraicheم دەسشنیشان کرد. پاش پشکنینی مێنۆکە Potage Tortue ،

و Salad Verte و Mousse de sole ی هەڵبژارد و منیش داوای Patage doursin و roite veau avee garnie persil و Salad de tomateم کرد. نیوەی مووچەی مانگێکم.

گوتی: "ئێرە چەندە خۆشە، زۆر دێیتە ئێرە؟"

گوتم: "هەر جار جارەیەك لەبەر کاروباری بازرگانی، ئەگەر راستیت دەوێ، کە تەنیا دەبم، نایەمە رستۆرانت، زیاتر دەچمە بارەکان و لەوێ چ هەبێ دەیخۆم و دەخۆمەوە، ئاوام پێخۆشترە، چونکە پێویست نییە بڕیاری بێ جێ بدەم."

"لە بارە ئاساییەکاندا زیاتر چ دەخۆی؟"

"هەر شتێك هەبێ، زۆربەی جاران تەماتە و هێلکە و بابۆڵە ساندویچ."

دووپاتەی کردەوە: "تەماتە و هێلکە و بابۆڵە. هەموو رۆژێ لە کافتریا هێلکە و تەماتە و بابۆڵە دەخۆی؟"

"هەموو رۆژێیش نا، بە دوو سێ رۆژان جارێك. خۆم چێشت لێ دەنێم."

"یانی لە سێ رۆژان دوو رۆژی هێلکە و تەماتە و بابۆڵە دەخۆی؟"

گوتم: "بەڵێ وایە."

پرسیی: "باشە بۆ هێلکە و تەماتە و ساندویچ؟"

"کافتریا باشەکانی سەر رێ، هێلکەوتەماتە و بابۆڵەی زۆر خۆش دروست دەکەن."

"ئەهاااا، تۆزێك سەیرە."

"نەوەڵا، هیچ سەیر نییە."

نەمدەزانی چۆن باسەکە بگۆڕم، بۆیە بێدەنگ دانیشتم و سەیری سووتووی نێو تەپلەکە جگەرەکانم کرد.

دەستی پێ کرد: "با بێینە سەر باسی کارەکە."

"هەر وەك گوتم، کارەکە تەواو بووە. کێشە نییە، بۆیە شتێکی وا نییە باسی بکەین."

جگەرەیەی بۆنخۆشی لە جانتاکەی دەرهێنا. بە شقارتەکەی رستورانت داگیرساند و وەك بیهەوێ بڵێ "دەی؟" سەیری کردم.

دەمەویست قسە بکەم، کە سەرگارسۆنەکەی هوتێل لێمان نزیك بۆوە و، بە زەردەخەنەیەکەوە، وەك وێنەی تاقانەکەیم نیشان بدا، ناونیشانی خواردنەوەیەکی پێشان دام. سەرم لەقاند. تەقەیەکی خۆشی لە چێوپەمۆکەی سەری هێنا و هەڵیپچڕی. تۆزێکی لە پەرداخەکەی من کرد. تامی خواردنەوەکە، بایی هەموو ئەو پارەیە بوو کە بۆ نانی ئێوارە دابووم.

سەرگارسۆن کشاوە دواوە و کچەگارسۆنێك هات و سێ خواردنی بەرکۆڵ و یەکی قاپێکی بچووکی لەبەردەمان دانا. پاش ئەوەی گارسۆنەکە رۆیشت و بەجێی هێشتین، لە ناکاو گوتم: "دەمویست گوێچکەت ببینم."

بەبێ ئەوەی هیچ بڵێ، دەستی برد بۆ Pate و Foie de baudroie و قومێکی خواردەوە.
هەوڵم دا خۆم لە بابەتەکە بدزمەوە و گوتم: "ببوورە کە بەزۆر خۆمم داسەپاند و سەرودڵم گرتی."
زۆر لەسەرخۆ پێکەنی و گوتی: "ئەو هەمووە خواردنە بێوێنە فەرەنسییە ناودەنێی سەرودڵگرتن؟"
"پێت ناخۆش نابێ، باسی گوێچکەت بکەم؟"
"ئەگەر راستیت دەوێ نەخێر، پێوەندیی بەوەوەیە چۆنیان باس بکرێ."چەنگاڵەکەی بۆ دەمی برد، سەرێکی لەقاند و گوتی:
"بێ پێچوپەنا قسە بکە، من وام پێخۆشە و ئەوە گۆشەنیگای دڵخوازی منە."
لە بێدەنگیدا، قومان لە خواردنەوەکە دا و دەستمان کرد بە نانخواردن.
گوتم: "لە گەو*ێك وەردەسوورێمەوە. رێك لەودەمەدا یەکێك لە گەوەکەی دیکە لە پێشمەوە دەسوورێتەوە. نایبینم و نازانم سەروبیچمی چۆنە. ئەوەندە نەبێ چاکی چاکەتە سپییەکەی دەبینم، بەڵام سپیایی چاکی ئەو چاکەتە، تا هەتایە دەبێتە خۆرەی مێشکم. قەت وەها هەستێکت بووە."
"نا، پێم وایە هەمبووە."
"دەی باشە، من کە گوێچکەت دەبینم، رێك ئەو هەستەم هەیە."
دیسان لە بێدەنگیدا چووینەوە سەر خواردنەکە، خواردنەوەم بۆ تێ کرد و دوای ئەویش بۆ خۆم.
پرسیی: "ئەوە دیمەن نییە دێتە زەینی تۆ. بەڵکو هەستی ئەوە، وایە؟"
"راستە."
"پێشتریش وەها هەستێکت هەبووە؟"
تۆزێکم بیر کردەوە، سەرێکم لەقاند و گوتم: "نا، پێم وا نییە."
"ئەوە واتە، هەمووی لە سایەی گوێچکەکانی منەوەیە."
"دڵنیا نیم. ناتوانم بە دڵنیاییەوە وا بڵێم، قەت نەمبیستووە گوێچکەی کەسێك، ئەوەندە هەستی یەکێکی دی ببزێوێ."
"کابرایەکم دەناسی، هەر چاوی بە لووتی فارافارا فاوسیت دەکەوت، دەپژمی. پژمین، پاژێکی گرینگی دەروونناسیە. کە هۆکار و بەرهۆ دەگەنە یەکتر، ئیتر قوتاربوون نییە."
قومێکم خواردەوە و گوتم: "ئاگام لە مەسەلەی لووتی فارافاوسیت نییە."
ئیتر لەبیرم چۆوە دەمویست چ بڵێم.

---

*گەو: لۆفە. پێچ. شوێنی پێچکردنەوە و سوورانەوە.

گوتی: "هەر بەراست مەبەستت ئەوە نەبوو؟ بوو؟"

گوتم: "رێك ئەوە نا. هەستەكەم روون نییە، زۆر نارِوونە، بەڵام زۆریش قووڵە."

بۆ پێوانەكردنی، دەستمم گەزێك لەبەر یەك كێشا و دوایی وێكم هێنانەوە تا مەودای پێنج سەنتی مەتر و، گوتم: "دەترسم نەتوانم بەباشی دەری ببڕم."

"دیاردەیەكی قووڵ، لەسەر بنەمای پاڵنەرگەلی نادیار."

گوتم: "راستە، تۆ زۆر لە من زیرەكتری."

"من بەشداری خولەكانی نامەگۆڕینەوە دەبم."

"خولی نامەگۆڕینەوە؟"

"راستە، دەروونناسیی نامەگۆڕینەوە."

ئەوەندە Pateیەی مابۆوە بەشمان كرد. نەمدەزانی چ بكەم.

"هێشتا نەتدۆزیوەتەوە؟ پێوەندیی نێوان گوێچكەكانی من و هەستەكەی خۆت؟"

"ئەگەر راستیت دەوێ نا. دەزانی چییە! تێناگەم ئاخۆ گوێچكەكانی تۆ راستەوخۆ من متووی خۆیان دەكەن، یان شتێكی دیكە لە تۆدا هەیە، كە لە رێگەی گوێچكەكانتەوە وا سەرنجم رادەكێشن."

هەردوو دەستی لەسەر مێزەكە دانا و لەسەر خۆ سەرێكی لەقاند و پرسیی:

"ئەو هەستەی تۆ، لە هەستە خراپەكانە، یان باشەكان؟"

"هیچ كامیان، لەوانەشە هەدووكیان، نازانم."

پەرداخەكەی لە نێو قولی نا، رێك سەیری چاوی كردم و گوتی: "پێم وایە تۆ دەبێ زۆر زیاتر لە بارەی شێوازەكانی دەربڕینی هەست و سۆزەوە بخوێنیتەوە."

گوتم: "خۆم دەزانم ناتوانم هەستەكانم بەجوانی دەربڕم."

زەردەیەكی هاتێ و گوتی: "گرینگ نییە، پێم وایە باش لێت تێدەگەم."

"دەی باشە دەبێ چ بكەین؟"

تاوێك هیچی نەگوت، دەتگوت بیر لە كۆی شتێكی دیكە دەكاتەوە. پێنج دەفری بەتاڵ وەك وێنەی گەردوونیی پێنج ئەستێرەی كوژاوە لەسەر مێزەكە بوون.

بێدەنگییەكەی شكاند و گوتی: "گوێ راگرە، پێم وایە ئێمە دەبێ هاورێ بین، دیارە ئەگەر تۆ پێت باش بێ."

گوتم: "من پێم خراپ نییە."

گوتی: "مەبەستم هاورێی گیانی بە گیانیە."

سەرم لەقاند.

بەوجۆرە هێشتا نیوسەعاتێك بەسەر دیدارەکەماندا تێنەپەڕیبوو، کە بووینە هاوڕێی گیانی گیانی.

گوتم: "من وەك هاوڕێیەکی گیانی گیانی، چەند شت هەیە حەز دەکەم لێتیان بپرسم."

"هەر رامەوەستە، بپرسە."

"یەکەم، ئەوەی کە بۆچی گوێچکەت وەدەر ناخەی؟ دووەم، ئاخۆ تا ئێستا گوێچکەت جگە لە من، ئاوا کاریان لەکەسی دیکەش کردووە؟

بەبێ ئەوەی هیچ بلێ، نیگای بردەوە سەر دەستەکانی، کە لەسەر مێزەکەی دانابوون.

لەسەرخۆ گوتی: "بەڵێ، چەند جارێك."

"چەند جاران؟"

"دڵنیا بە. بەڵام ئەگەر بمەوێ روونتر باسی بکەم، زیاتر خووم بەو بەشەی خۆمەوە گرتووە، کە گوێچکەی دەشارێتەوە."

"دیارە دەبێ وابێ."

دوو گارسۆن دەفرەکانیان لابرد و سوپیان هێنا.

"دەکرێ باسی ئەو لایەنەی خۆت بکەی، کە گوێچکەت دەردەخا؟"

"ئەوە زۆر لە مێژە، پێم وا نییە بتوانم جوان باسی بکەم. ئەگەر راستیت دەوێ، لە تەمەنی بیست ساڵیمەوە گوێچکەمم پێشانی کەس نەداون."

"بەڵام ئەو دەمەی وەك مۆدێلی گوێ کارت دەکرد، گوێت دەردەخست، وایە؟"

گوتی: "بەڵێ، بەڵام ئەوانە گوێچکەی راستەقینەم نەبوون."

"گوێچکەی راستەقینەت نەبوون؟"

"ئەو گوێچکانە ئاخنرابوون."

دوو کەوچکم سووپ خوارد و سەیریم کرد.

"زیاتر باسی گوێچکە ئاخنراوەکانت بکە."

"گوێچکەی ئاخنراو گیانیان لەبەردا نییە. من گوێچکەکانی خۆمم کوشت. یانی بە ویستی خۆم هەموو کون و کاژێرەکانم گرت... گوێت لێمە؟"

نا هیچ ئاگام لێی نەبوو.

گوتی: دەی پرسیار بکە."

"کە دەڵێی گوێچکەتت کوشتوون، مەبەستت ئەوەیە وات کردووە کەڕ بی؟"

"نا، زۆر باشیش دەبیستم. بەڵام تەنانەت ئەو دەمەی دەشبیستم، گوێچکەم هەر بێگیانن. تۆش دەتوانی وا بکەی."
کەوچکەکەی دانا. خۆی قیت کردەوە، پێنج سەنتیمێك شانی بەرز کردنەوە و شەویلکەی هێنا پێشەوە و دە چرکەیەك هەر وا رایگرت و لە پڕ شانی دانواندەوە.
"ئیتر، گوێچکەم مردن. ئێستا تۆ."
ئەو جووڵە و هەڵسوکەوتانەی ئەوم سێ جار لەسەرخۆ و بە وردی دووپاتە کردەوە، بەڵام هیچ نیشانەیەك دەرنەکەوت لەوەی گوێچکەم مردبێن. ساردییەکە یەك و دوو بەهەموو گیانمدا گەڕابوو.
هیوابڕاوانە گوتم: "پێم وایە گوێی من باش نامرن."
سەرێکی لەقاند و گوتی: "گرینگ نییە، ئەگەر پێویست نەبێ گوێچکەت بمرن، قەی چ دەکا."
"دەکرێ پرسیارێکی دیکە بکەم؟"
"بیکە."
"ئەگەر ئەو شتانەی بەمنت گوتن، بیانخەمەوە سەر یەك، ئاوای لێ دێ: هەتا تەمەنی بیست ساڵی گوێچکەت دەردەخست، دوایی رۆژێك ئیتر گوێچکەت شاردنەوە و، لەوەودوا، تەنانەت تاقە جارێکیش چییە دەرت نەخستنەوە. بەڵام ئەو دەمانەی ناچار بووی گوێچکەت پێشان بدەی، رەوگەی نێوان گوێچکەکانت و بەئاگاییتت دادەخست، وایە؟"
زەردەخەنەیەکی دڵڕفێنی هاتێ.
"وایە."
"لە بیست ساڵیتدا چ بەسەر گوێچکەکانت هات؟"
دەستی راستەی لەسەر مێزەکە هەڵگرت و لەسەر خۆ بە پەنجەکانی دەستی چەپەمیدا هێنا و گوتی: "تکایە پەلە مەکە."
ئەوەی لە شووشەکەدا مابوو، کردمانە پەرداخەکانەوە و من لەسەر خۆ هیی خۆمم خواردەوە.
دەستی پێ کرد: "دەمەوێ زیاتر لەبارەی تۆوە بزانم."
"جا لەبارەی چیی منەوە؟"
"هەموو شتێك، چۆن گەورە بووی؟ چەند ساڵی؟ چۆن دەژیێ و لەو جۆرە شتانە."
"زۆر زۆر ئاسایی. ئەوەندە ئاسایی کە بۆت بگێڕمەوە خەونوچکە دەتباتەوە."
"حەزم لە بەسەرهاتی ئاساییە."

"شەوی کریسمەسی بیستوچوارەمی مانگی دیسەمبەری ١٩٤٨ لەدایك بووم. شەوی کریسمەس شەوێکی باش نییە بۆ لەدایکبوون. مەبەستم ئەوەیە دوو دیاریی جیا جیا بۆ کریسمەس و لەدایکبوونەکەت وەرناگری. هەمووان پێیان وایە ئاوا دەست بە پارەوە دەگرن. من لە برجی "جودەی"دا لە دایك بووم و خوێنەکەشم "ئا"یە، کە بۆ بانکداری و کارمەندی پێکهاتەیەکی گونجاوە. لەگەڵ ئەوانەی لە مانگی کۆلکەزێڕینە و تەرازوو و سەتڵەکەدا لەدایك بوون هەڵناکەم و دانووم ناکوڵێ. ژیانێکی بێتامە، پێت وا نییە؟"

"من زۆرم پێ خۆش بوو."

"لە شارێکی بچووکی ئاساییدا گەورە بووم. دەچوومە قوتابخانەیەکی ئاسایی، منداڵێکی هێمن بووم، بەڵام کە گەورە بووم، بوومە کەسێکی بێتاقەت. لەگەڵ کچۆڵەیەکی ئاسایی ئاشنا بووم و یەکەم خۆشەویستیی ئاسایی خۆمم ئەزموون کرد. کە بوومە هەژدە ساڵان، هاتمە تۆکیۆ و چوومە کۆلێژ و، کە کۆلێژیشم تەواو کرد، هاتم لەگەڵ هاوڕێیەکم نووسینگەیەکی بچووکی وەرگێڕانمان کردەوە و خۆمان دەژیاند. سێ ساڵ لەوەپێش، دەستمان کرد بە کاروباری بڵاڤۆك و ریکلام، کە باش دەڕوا. لەگەڵ یەکێك لەو ژنانەی لە کۆمپانیاکەدا کاری دەکرد، نێوانم خۆش کرد. چوار ساڵ لەوەپێش زەماوەندمان کرد و دوو مانگ لەوە پێش لێك جوێ بووینەوە. تەنانەت ناتوانم یەك بیانووش بۆ ئەم کارە بدۆزمەوە. پیرە پشیلەیەکی نێرەشم هەیە. رۆژێ چل جگەرە دەکێشم، پێم وانییە بتوانم وازی لێ بێنم. سێ دەست چاکەت و پانتۆڵم هەیە و شەش بۆینباخیش. کۆمەڵێك شریتی مۆسیقییش کە پێنج سەد دانە دەبن و بەداخەوە کۆنیش بوون، ناوی چیی تاوانکەری نێو چیرۆکە پۆلیسییەکانی کۆیین ئێلێڤی‌یە، لەبەرمن. هەمو بەرگەکانی رۆمانی "بە شوێن زەمەنی لەدەستچوودا"ـم هەیە. بەڵام تەنیا نیوەم خوێندووەتەوە. هاوینانە ساردیی سووك دەخۆمەوە و زستانانیش قورس."

"لە سێ رۆژانیش، دوو رۆژی لە کافتریاکان هێلکەوتەماتە و بابۆڵە دەخۆی. وایە؟"

گوتم: "وایە."

"چ ژیانێکی دڵبزوێن."

"تا ئێرەی زۆر بێزارکەر و ناخۆش بووە، لەمەودواش لەوانەیە هەر وابێ. دیارە ئەزیەتم نادا. مەبەستم ئەوەیە زۆریش خراپ نییە."

سەیرێکی سەعاتەکەمم کرد، نۆ خولەك و بیست چرکە بوو.

"بەڵام ئەوەی گوتت، خۆ هەموو نەبوو، وا نییە؟"

سەیری دەستمم کرد کە لەسەر مێزەکەم دانابوون، گوتم: "دیارە هەمووی نییە. کەس هەموو وردەکاریی ژینی خۆی ناگێڕێتەوە، با ناخۆش وماندووکەریش بێت."

"دەتوانم قسەیەك بکەم؟"

"بە دڵنیاییەوە."

"یەکەم جار کە یەکێك دەبینم، داوای لێ دەکەم، دە خولەك قسان بکا. دوایی ڕێك هەرچی گوتوویەتی، لە پێچەوانەکەیەوە دەست دەکەم بە هەڵسەنگاندن. پێت وایە ئەوە کەرێتییە؟"

گارسۆنێك هات، قاپ و کەوچکی تازەی لەسەر مێزەکە چنی، یەکی دیکە خواردنەکەی تێ کردن و، وەختێك گارسۆنەکەی تر سۆسەکەی تێ کرد، ئیتر تەواو بوو. وەك یاریی دۆبل(بیس باڵ) لە سێیەمەوە بۆ دووەم و لە دووەمەوە بۆ یەکەمیان.

چەقۆی لەسەر ماسییە خامەلێدراوەکەی دانا و گوتی: "کە لەگەڵ تۆش بەو شێوازە جووڵامەوە، شتێکم لێ روون بۆوە. زانیم ژیانی تۆ هیچ خەفەتهێنەر نییە و تۆش بنیادەمێك نیت بە دوای ژیانێکی خەفەتاوییەوە بی. وا نییە؟"

"لەوانەیە وا نەبێ، لەوانەیە ژیانی من خەفەتاوی نەبێ، لەوانەیە من هەر بەراستی بەدوای ژیانێکی خەفەتاوییەوە نەبم، بەڵام ئەوە ڕاستییەکەیە. لە هەر دوو حاڵەتەکەدا هەر شتێکی هاتووەتە پێش، ملم بۆ ڕاکێشاوە. زۆربەی خەڵك هەوڵ دەدەن لە چنگ خەم و خەفەت ڕا بکەن، بەڵام من هەوڵ دەدەم بخزێمە ناوی. هەر بۆیە وەختێك دەڵێم ژیانم کەسەربارە، گلەییم نییە. بەڵام ئەوەندە خەفەتاوی بووە، کە هاوسەرەکەم هەوڵ بدا خۆی لێ ڕزگار بکا."

"هەر بۆیە جوێ بوونەوە؟"

"هەر وەك باسم کرد، شتێکم پێ شك نایە بڵێم لەبەر ئەوەی لێك جوێ بووینەوە. نیچە دەڵێ: خەفەت، ئاڵای خواکان دەنەوێنێ، یان شتێکی لەو جۆرە."

دەستمان کردەوە بەخواردن. چەند ساتێك خەریکی "سۆس"ـەکە بوو و، من هەندێکی دیکەم نان خوارد. کە قاپەکانیان بردەوە، شەربەتی بەیبوونمان خواردەوە و گارسۆن بە قاوەی سپرسۆوە هاتنەوەو من جگەرەم داگیرساند. دووکەڵەکە بەر لەوەی بگاتە هەواگۆڕە بێدەنگەکە و جوان هەڵێلووشێ، تاوێك سەرگەردان بوو.

مێزەکانی دیکەش وردە وردە پڕ ببوون، کۆنسێرتی مۆتزارت لە بڵندگۆی ژوور سەرمانەوە بڵاو دەبۆوە.

گوتم: "دەکرێ دیسان پرسیاری گوێچکەکانت بکەمەوە؟"

"دەتەوێ بزانی گوێچکەم هێزێکی تایبەتیان هەیە یان نا؟"

سەرم لەقاند.

گوتی: "ئیتر ئەوەیان دەبێ خۆت ببینی. ئەگەر شتێك بڵێم، لەوانەیە بەدڵت نەبێ. تەنانەت پێشت ناخۆش بێ."

دیسان سەرم لەقاندەوە.

قاوەکەی کە تەواو کرد، گوتی: "گوێچکەم پیشانی تۆ دەدەم، بەڵام لەوانەیە هیچ سوودێکی بۆت نەبێ. لەوانەیە پەژیوان بیتەوە."

"چۆن؟"

"خەفەتبارییەکەی تۆ، لەوانەیە ئەوەندەش نەبێ کە خۆت پێت وایە."

گوتم: "دەبێ ئەو هەلە بقۆزمەوە."

خۆی لێ نزیکتر کردمەوە و دەستی لەسەر دەستم دانا و گوتی: "شتێکی دیکە، ئێستا بڵێ ، هەر نەبێ تا چەند مانگێکی تر بەجێم مەهێڵە. باشە؟"

"دڵنیابە."

ئەو قسەی کە کرد، کێشێکی رەشی قژبەستنی لە جانتاکەی دەرهێنا و بە لێوی گرتی و بە هەردوو دەست قژی لە پشتەوە کۆ کردەوە و یەك دوو دەوری پێچا و خێرا بەستی.

"باشە؟"

هەناسەیەکم هەڵکێشا و مات و حەیران چاوم تێ بڕی. زارم وشك ببو و لە شوێنێکی نادیاری جەستمەوە گوێم لە دەنگێك دەبوو. تاوێك پێم وابوو دیوارە سپییە گەچەکە دەلەرزێ. دەنگی ئەوانەی دی کە نانیان دەخوارد و زرینگە و تەقەی کەوچك و چەنگاڵەکان کز بوو و دیسان وەك خۆی لێ هاتەوە. گوێم لە دەنگی کۆمەڵە شەپۆلێك بوو، کە هەستی دەمەوئێوارەیەکی بیر دەخستمەوە، زۆر لەمێژ بوو لەبیرم چووبۆوە. ئەو شتانە گشتی، تەنیا تۆزسقاڵێك بوون لەو هەست و کوڵەی لەو چەند چرکەیەدا بە گیانمدا گەڕا.

توانیم ئەم قسانەی دڵم هەڵڕێژم: "زۆر باش بوو، بڕوا ناکەم تۆش وەك بنیادەمەکانی تر بی."

گوتی: "لێم حاڵی بووی؟"

5

گوێچکەی رووت

گوتی: "لێم حاڵی بووی؟"

ئەوەندە جوان ببوو، ئەقڵ نەیدەبڕی. لە ژیانمدا جوانی وام نەدیتبوو. لەو جوانانە بوو، کە قەت بیرم نەدەکردەوە شتی وا هەبێ. هێندەی بەرینایی هەموو دنیا و هاوکات وەك لەتە سەهۆڵێکی گوشراو، بە شێوەیەکی بوێرانە هەراو و، وەك گەوهەرێکی مشتومالّدراو. جوانییەك لە دەرەوەی ئەقڵ و تێگەیشتنم و هەموو ئەو شتانەی لە جوانی دەمزانین. ئەو بەو گوێچکانەوە تاقانە بوو و، وەك تاڵە تیشکێکی خزۆك بەسەر لێواری تیلاوتیلی زەماندا دەخزی.

کە پشووم هاتەوە سەرخۆ، گوتم: "بێوێنەی."

گوتی: "دەزانم، گوێچکەم کە نەئاخنرێن، ئاوایە."

چەند مشتەرییەك ئاوڕیان لێ دابووینەوە و مات و حەیران سەیریان دەکرد، ئەو گارسۆنەی هاتبوو دیسان سپرسۆی هێنابوو، نەیدەتوانی بەجوانی تێی بکا. کەس متەقی لێ نەدەهات. تەنیا شریتەکان بوون، کە بەهێمنی دەخولانەوە.

جگەرەیەکی بۆنخۆشی لە جانتاکەی دەرهێنا و خستییە سەر لێوی. بەپەلە ئاگری چەرخەکەم پێشکەش کرد.

گوتی: "پێمخۆشە پێکەوە بڕۆین."

پێکەوە رۆیشتین.

بەسەرهاتی دیکەی گوێچکە نەئاخنراوەکان

وێڕای ئەوەی تەواو و کەماڵ دەرکەوتبووەوە، هێشتایش هەر دەبوو چاوەڕێ بم. لە دوو سێ ڕۆژی دواتردا، جاروبارە گوێچکەی دەردەخست و دیسان ئەو سەمەرە خواکردانەی لە بن قژیدا دەشاردەوە و وەك جارانی لێ دەهاتەوە.
ئەو بۆ خۆی جۆرێك بوو، هەر دەتگوت سەرەتای بەهارە و چاکەتەکەی داکەندبێ. دەیگوت: "پێم وایە هێشتا وەختی نەهاتووە گوێچکەم دەربخەم، هێشتا رانەهاتووم."
تەنانەت بە گوێچکەی داپۆشراویشەوە خراپ نەبوو. دەمگوت: "ئەگەر راستیت دەوێ، زۆر گرینگ نییە."
جار نەجارێ، زیاتر بە دزییەوە گوێچکەی پێشانم دەدا. هەر کات باران دای دەکرد، بۆن و بەرامەی باران جوان دەهات. باڵندە کە دەیانچریکاند، دەنگیان بێوێنە زوڵاڵ بوو. ناتوانم بە جوانی باسی بکەم. بەڵام هەروا دێتە بەرچاو.
جارێکیان لێم پرسی: "گوێچکەت پێشان خەڵکیش دەدەی؟"
گوتی: "نەوەڵا، خۆ ئەوان هەر نازانن گوێچکەیشم هەیە."
"ئەم کارە بەبێ دەرخستنی گوێچکەت، چ هەستێکی تێدایە؟"
"هەر وەك ئەرکێکە، وشك و بێتام، وەك جاوینی کاغەزی رۆژنامە، بەڵام خراپیش نییە. دەزانی، راپەڕاندنی ئەرك شتێکی خراپ نییە."
"بەڵام وەختێ گوێچکەت بەدەرەوەن، زۆر باشترە، وا نییە؟"
"بەدڵنیاییەوە."
گوتم: "کەوابوو دەبێ دەریان بخەیت، ناچار نیت بە ویستی خۆت قورسایی ئەو دەموساتە ناخۆشانە بخەیتە سەر شانت."
چاوێکی زۆر شێلگیرانەی لێ کردم و گوتی: "تۆ ئاگات لە هیچ نییە."
بە دڵنیاییەوە زۆر شت هەبوون کە هەر ئاگاداریان نەبووم. بۆ وێنە ئەوەی کە بۆچی هەڵسوکەوتێکی تایبەتی لەگەڵ من هەبوو. هەر بڕوام نەدەکرد لە خەڵکی دیکە باشتر بم، یان لەوان جیاواز بم.
بەڵام کە ئەوانەم پێ گوت، تەنیا پێکەنی.
گوتی: "ئەگەر راستیت دەوێ زۆر سادەیە. گرینگترین هۆیەکەی ئەوەیە، کە تۆ بەشوێنمەوە بووی."
"وای دانێین کەسێکی دیکە بە شوێنتەوە بوو؟"
"لانی کەم، ئێستا ئەوە تۆی بە شوێنمەوە بووی. جگە لەوەیش تۆ زۆر لەوە باشتری کە خۆت پێت وایە."

سەرلێشێواوانە پرسیم: "ئەی بۆ وا بیر دەکەمەوە؟"
بە تووڕەییەوە گوتی: "لەبەر ئەوەی نیوەزیندووی. نیوەکەی دیکەت هێشتا لە شوێنێك، شەقڵنەشکاو ماوەتەوە."
"هـ م م م م".
"بەو جۆرە تۆش وەك خۆم وای، من گوێچکەمم ئاخنیوە و تۆیش تەنیا لەگەڵ نیوەی خۆت دەژییی. دیارە هەر وایشە، وا نییە؟"
"تەنانەت ئەگەر وایش بێ، ناکرێ نیوە دیارەکەی من لەگەڵ گوێی تۆ بخەیتە تای تەرازووەکەوە."
پێکەنی و گوتی: "لەوانەیە نەکرێ، تۆ رێگەیەکی دیکەت پێ شك دێ؟"
کە ئەو پێکەنینە بەجێیەی کرد، قژی لادا.
لەو دوانیوەڕۆیەی مانگی سێپتەمبەردا کە هاوین بەرەو کۆتایی دەچوو، وازم لە ئیشەکەم هێنا و لە تەنیشت ئەو بیرم لە ئەندامی نەهەنگەکە کردەوە. دەریا رەنگێکی کەوەی تۆخی گرتبوو. بایەکی سارد لە شووشەکانی ئەکواریۆمەکەی دەدا. میچی بەرز، هۆڵە بەتاڵەکەی شانۆ، ئەندامێك کە بۆ تاهەتایە لە نەهەنگەکە دابڕێنرابوو و وەك ئەندامێکی نەهەنگ، بۆ تاهەتایە لەکار کەوتبوو.
جارێکی دیکە ژێرپۆشی ژنەکەمم بە زەینمدا خولاندەوە. ژێرپۆشێك لە ئارادا نەبوو. تەنیا لە زەینی مندا وێنەی لێڵی ژێرپۆشێك بەسەر کورسیی چێشتخانەکەدا درابوو. وەبیرم نەدەهاتەوە بە چ مانایەك بوو، یانی ئەو ماوەیە بنیادەمێکی دیکە لەبری من ژیابوو؟
پرسیم: "تۆ ژێرپۆش لەبەر ناکەی. وایە؟"
سەری لەسەر شانم هەڵگرت و بەسەرسووڕمانەوە سەیری کردم.
"هەر نیمە."
گوتم: "ئ م م م"
"بەڵام ئەگەر پێت وایە ئاوا..."
دەسبەجێ قسەکەیم پێ بڕی: "نا، مەسەلە ئەوە نییە، لەبەر ئەوەم نەپرسی."
"نا، پێویست ناکا تەریق بیتەوە."
گوتم: "من هیچم ناوێ، ئەگەر راستیت دەوێ تاقە شتێکی پێویستمە، تۆی و گوێچکەت، لەوە پتر نا."
وەك زویر بووبێ سەرێکی لەقاند و نێوچاوانی توند لەسەر شانم داگرت. پازدە چرکەیەك دەبوو و نەدەبوو، کە دیسان سەری بەرز کردەوە.
"گوێ بدەیە، تا دە خولەکی تر، تەلەفۆنێکی گرینگ بۆ ئێرە دەکرێ."

سەیری تەلەفۆنی تەنیشت تەختەکەم کرد و گوتم:

"تەلەفۆن؟"

"بەڵێ، تەلەفۆنەکە ئێستا زرینگەی لێ هەڵدەستێ."

"دڵنیای؟"

"دڵنیام."

سەری هێشتا لەسەر شانم بوو. جگەرەی هەڵگرت. چەند ساتێك دواتر، سووتووی جگەرەکەی بەربۆوە سەر زگم، ویستی فووی لێ بکا. هەستم کرد گوێچکەی هاتنە نێو پەنجەکانمەوە. هەستێکی سەیروسەمەرە بوو. سەرم کاس بوو لەبەر ئەو وێنە بێ بیچمانەی خێراخێرا دەگۆڕان و بڵاو دەبوونەوە.

گوتی: "باسی مەڕە. دنیایەك مەڕ و مەڕێکی تایبەت."

"مەڕ؟"

جگەرە نیوەکەی دایە من و گوتی: "ئا."

یەك پشوو کێشام و لە تەپلەکەکەدا پووچاندمەوە. "جا ئەوەیش تازە دەستپێکی گۆڵمەزێکی هەژێنەرە؟"

تاوێك دواتر، تەلەفۆنەکە زەنگی لێ دا. سەیرێکیم کرد، بەڵام خەوی لێ کەوتبوو.

لێی گەڕام تەلەفۆنەکە چوار جار لێ بدا، ئەوجار هەڵم گرت.

شەریکەکەم بوو. گوتی: "دەکرێ دەسبەجێ بێی؟ مەسەلەیەکی زۆر خێرایە کە دەبێ لەگەڵ تۆی باس بکەم."

دەنگی هەژابوو.

"چەندە خێرا؟"

گوتی: "وەرە خۆت دەزانی."

گولله و باڕووتی هەمزاغا و کەندەڵان. هاویشتم: "بێ و نەبێ، باسی مەڕە."

نەدەبوایە وام گوتبا. بیستۆکی تەلەفۆنەکە وەك سەهۆڵ سارد بۆوە.

پرسیی: "چووزانی؟"

راوی مەڕە کێوییەکە دەستی پێ کردبوو.

بەشی چوارەم

راوی مەڕە کێوی

7
بەر لە هاتنی پیاوە غەریبەکە

هۆکار زۆرە بۆ ئەوەی بۆچی یەکێك متووی زۆرخواردنەوە دەبێ، بەڵام دەکرێ هەموو هۆکارەکان لە کۆمەڵێك شتی وەك یەکدا کورت بکەینەوە.

پێنج ساڵ لەوەپێش، شەریکبەشەکەی من، مەیخۆرەوەیەکی بەکەیف و شاد بوو، سێ ساڵ دواتر ببووە مەیخۆرەوەیەکی تووڕەوتۆسن و هاوینی پار تەواو متووی خواردنەوە ببوو. ئەویش وەك زۆربەی مەیخۆرەوەکان، کە سەرخۆش دەبوو، دەبووە بنیادەمێکی باشی تۆزێك ئاسایی، بەڵام زۆری ئاگای لەخۆی نەدەبوو. هەمووان ئەویان بە کابرایەکی تا رادایەك باش بەڵام ئاسایی دەزانی کە زۆر ئاگای لەخۆی نەبوو. ئەویش هەر خۆی پێ وابوو. هەر بۆیەش دەیخواردەوە، چونکە وا دیار بوو، کە دەخواتەوە زۆر باشتر دەتوانێ وا بکات خەڵك وای لێ بڕوانن.

لە پێشدا وەزعەکە زۆر باش بوو. بەڵام وردە وردە و لەگەڵ زۆرترخواردنەوەدا، کۆمەڵێك گۆڕانی زۆر ورد و ناسك هاتە ئاراوە و ئەو وردە گۆڕانکارییانەیش وردە وردە لێی بووە بەدمەستی. ئاساییبوون و تۆزێك باشبوونەکەی تا رادەیەك لەخۆی تێپەڕاند و بوو بە زێدەڕۆیی. بوو بە نموونەیەکی ئاسایی. بەڵام زۆربەی خەڵك، خۆیان وەك نموونەی ئاسایی نابینن و، ئەوانەی تۆزێك باش بەڵام ئاسایین و زۆریش هۆشیان لەخۆیان نییە، کەمتر لە خەڵکی تر خۆیان ئاوا دەبینن. هەوڵدان بۆ تێگەیشتن لەو شتەی لەدەستی دابوو، ئەوی تەمێکی خەستتری کحوولدا سەرگەردانتر کرد.

بەڵام ئەودەم بۆ ماوەیەکی کورت، لانیکەم هەتا دەمی رۆژئاوابوون، بینادەمێکی ئاسایی بوو و، ئیتر چونکە لەمێژ ساڵ بوو خۆم هەڵم دەدا پاش رۆژئاوابوونێ نەیبینم، تا ئەو جێیەی پێوەندیی بەمنەوە هەبوو، خۆشی بەسەرخۆیەوە بوو. بەڵام باش دەمزانی پاش رۆژئاوابوون، ئیتر هۆشی تەواو نییە و خۆشی ئەوەی باش دەزانی. هیچ کاممان باسی ئەو مەسەلەیەمان نەدەکرد و وەك هەمیشە پێکەوە هەڵمان دەکرد، کەچی دۆستایەتییەکەمان وەك جاری جاران نەبوو.

ناتوانم بڵێم سەداسەد (سەدا حەفتاش خراپ نییە) لێی تێدەگەیشتم، بەڵام هەرچۆنێك بێ ئەو تاقە دۆستی کۆلێژم بوو و، ئەوەی کە راوەستم و زەق زەق ببینم هەر دێ و حاڵی خراپتر دەبێ، کارێکی ئاسان نەبوو. کارێکی ئاسان نەبوو. پێم وایە لە سۆنگەی تێپەڕینی کاتەوە، ئەو شتە دەقەومێ.

تا گەیشتمەوە نووسینگە، پەرداخێکی خواردبۆوە. هەتا پەرداخێك بوو، دەکرا هەر پیاوە ئاساییەکە بێ. بەڵام نەدەکرا بڵێی کەنگێ پەرداخێك دەکاتە دووان و، ئیتر کە وای دەکرد، دەمزانی دەبێ هەر کەسە و بە رێگەی خۆماندا بڕۆین.

لەبەر لووزەوی بای هەواگۆڕەکە راوەستابووم و لە حالێکدا پەرداخێك بیرەی فێنکم قوم قوم دەخواردەوە، لێی گەڕام ئارەقەم وشك بێتەوە. هیچم نەدەگوت. ئەویش چیی نەدەگوت. هەتاوە بەتینەکەی دوانیوەڕۆ تیرێژ تیرێژ و خەیاڵبزوێن هاتبووە ژووریٚ. لە خوارەوە، لە سەر شینکەکە، خەڵك راکشابوون و خۆیان لەبەر تاوێ هەڵخستبوو. شەریکبەشەکەم بە نووکی پاندانەکەی دەستی کردبوو بە زرمەزرم.

دەستی پیٚ کرد: "بیستوومە جیا بوونەتەوە."

هێشتاش لە پەنجەرەوە سەیری دەرێم دەکرد. گوتم: "خۆ ئەوە دوو حەفتەیە."

چاویلکەخۆرگێڕەوەکەم دانا. چاوم بە شەوارە کەوتن.

"بۆ جویٚ بوونەوە؟"

"مەسەلەی خۆمان بوو."

گوتی: "دەزانم، قەت نەمبیستووە تەڵاق جگە لە مەسەلەی تایبەتی، لەسەر شتی دیکە بیٚ."

هیچم نەگوت. چما بەبیٚ ئەویە باسمان کردبیٚ، قەول وا نەبوو لووت لە کاروباری تایبەتی یەکترییەوە نەژەنین؟

گوتی: "نامەویٚ فزوولی بکەم، بەڵام ئەو یەکێك لە هاورێکانم بوو. راچڵەکیم. پێم وابوو ئێوە زۆر زۆرتان یەکتر خۆش دەویٚ."

"ئێمە زۆرمان یەکتر خۆش دەویست. بە زویری و دڵئێشاوییش لێك جیا نەبووینەوە."

شەریکبەشەکەم زەردەیەکی هاتیٚ و پاندانەکەی لەسەر لەپی دەستی هێناوە سەما. کراسێکی شینی تێری لەبەر کردبوو و، بۆنی لەخۆی دابوو. بەڵام من قۆڵکورتێکم لەبەر کردبوو، وێنەی سنۆپییەکی بە خێشکی سەر شەپۆلانەوە بەسەرەوە بووون، پانتۆڵێکی مارکەی لیڤیی کاڵەوەبوو و پێڵاوی تێنس لە پێمدا. هەمووان لێیان روون بوو کە ئەو لە من ئاساییترە.

"لەبیرتە ئەودەمەی لەگەڵ هەردووکمان کاری دەکرد؟"

گوتم: "زۆر باشم لەبیرە."

گوتی: "رۆژگارێکی خۆش بوو."

لە شوێنی هەواگۆڕەکە دوور کەوتمەوە، چوومە نێوەندی ژوورەکە و خۆم خستە سەر مۆبلە مەخمەرییە شینە سویدییەکە. لە سندووقەکەی تایبەتی میوانان جگەرەی پال مالی فلتەردارم دەرهێنا و بە چەرخە قورسەکەی سەر مێزەکە دامگیرساند.

گوتم: "دەی؟"

"دەی من دەڵێم باشمان پەرە بە کارەکەی خۆمان داوە."

"مەبەستت کاروباری گۆڤار و ریکلامە؟"

ئەگەرچی زۆری پێناخۆش بوو بڵێ وایە، سەری بۆ لەقاندم. چەرخەکەم لە دەستمدا باروبار کرد و پێچەکەی بادا بۆ ئەوەی بڵێسەکەی بەرز و نەوی بکەم و داخ و کەسەری خۆمم بۆ دەربڕی.

چەرخەکەم لەسەر مێزەکە داناوە و گوتم: "دەی دەزانم دەتەوێ چ بڵێی، بەڵام لەبیرت بێ من دەستم پێ نەکرد و ئەوەی بیری لەو کارە کردەوە من نەبووم. تۆ بووی دەستت بەو کارە کرد و تۆ دەتەویست تاقیی بکەیەوە."

"زۆرمان بۆ هاتبوو، هیچمان بەدەستەوە نەبوو..."

"کارەکەمان قوڕی پێوە دا*."

"خۆ دیارە قوڕی پێوە داوە. نووسینگەیەکی گەورەترمان گرت و کارمەندمان زیاتر کردن و من ترۆمبێلێکی تازەم کڕی و ئەپارتمانێکم کڕی و منداڵم ناردنە قوتابخانەی تایبەتی و پێشم وا نییە بۆ پیاوێکی سی ساڵان ئەوە شتێکی کەم بێ."

"تۆ شیاوی ئەوە بووی، نابێ خۆت بەشەرمەزار بزانی."

دیسان دەستی داوە پاندانەکەی کە کەوتبووە سەر مێزەکە و چەند دانەیەکی دیکەیشی لە بەری دەستی دا و گوتی: "من شەرمەزار بم؟ خۆ تۆ دەزانی ئەقڵ نایبڕێ، خۆ ئێمە لە قەرزوقۆڵە بەولاوە هیچمان نەبوو. بە شوێن کاری وەرگێڕانەوە بووین و لە وێستگەکان ریکلاممان بڵاو دەکردەوە."

"ئەگەر ئێستایش بمانەوێ ریکلام بڵاو بکەینەوە، چ شتێك پێشمان دەگرێ؟"

سەیری کردم و گوتی: "کوڕە گاڵتەی ناکەم ها."

"منیش."

بێدەنگییەك بەسەرماندا زاڵ بوو.

شەریکبەشەکەم گوتی: "زۆر شت گۆڕاون، رەوگەی ژیانمان، بیرکردنەوەمان، لە هەموو ئەوانەیش گرینگتر ئەوەی کە خۆشمان نازانین بە راستی داهاتمان چەندەیە. ژمێریاری پیتاك وماڵیات دێ و ئەو کاغەز و کاغەزبازییە ترسناکانە و لێخۆشبوونی ماڵیات و زیان و هەزار کاری دیکە دەکا."

"لە هەموو جێیەك وایە."

"دەزانم، دەزانم، دەبێ ئەو کارە بکەین و دەشیکەین. بەڵام هەر خۆزگەم بە جاران."

چەند کۆپلەی شیعرێك لە پڕدا هاتنەوە زەینم: "سێبەرەکانی زیندان، بۆ لوو، شیاوی نەگوتن...."

"هیچ نییە. ببوورە، دەی قسەت دەکرد."

---

*قوڕی پێوەدا: واتە بەرهەمی باشی لێ کەوتەوە. لە موکریان ئەگەر دارێك یان باخێك بەری زۆر بگرێ، دەڵێن ماشەڵا قوڕی پێوەداوە.

"هەست دەکەم کەوتووینەتە نێو گەمەیەکی خراپ بەکارهێنانەوە."

بەسەرسووڕمانەوە سەیرم کرد و گوتم: "گەمەی خراپ بەکارهێنان؟"

هەر دو هەنگاوێکمان بەین بوو و لە جیاوازیی بەرزو نزمیی کورسییەکانمان سەری ئەو بیست سەمتی مەترێك لە هیی من بەرزتر بوو. وێنەیەك لە پشتەوەی هەڵواسرابوو. وێنەی ماسییەکی باڵدار کە لەوەپێش نەمدیتبوو. ماسییەك، کە هیچ دیار نەبوو پێی خۆش بێ وا باڵی هەیە. لەوانەیە نەزانێ چۆنیان بەکار بێنێ.

لەبەرخۆمەوە بۆڵاندم: "گەمەی خراپ بەکارهێنان؟"

"خراپ بەکارهێنان."

"ئەرێ دەکرێ بڵێی کێیە خەریکە کەڵکی خراپ وەردەگرێ؟"

"تۆز تۆز، لەبەر بەرژوەندی."

لەسەر مۆبلە شینەکە لاقم خستنە سەر یەك و چاوم بڕییە جووڵەی دەستی و قەڵەم پاندانەکەی، کە ئێستا لە ئاستی چاومەوە بوون.

پرسیی: "هەرچۆنێك بێ، پێت وانییە ئێمە گۆڕاوین؟"

"ئێمە هەر وەك جارانین، هیچ کەس و هیچ شتێك نەگۆڕاوە."

"تۆ پێت وایە؟"

"بەڵێ، خراپ بەکارهێنانێکیش لە ئارادا نییە، هەموو ئەوانە قسەوقسەڵۆکن. تەنانەت خۆیشت بڕوات بەو سوپای رزگارییە نییە کە بەراستی بتوانێ دنیا رزگار بکا؟ بڕوات پێیەتی؟ من پێم وایە مەسەلەکەت زۆر بە راست وەرگرتووە."

شەریکبەشەکەم گوتی: "حەفتەی رابردوو تۆ، واتە ئێمە، دەقی بانگەکەشەکەی بۆ مارگارینمان نووسی. دەقێکی خراپیش نەبوو. باش دەرچوو. بەڵام بڵێ بزانم، لەوەندە ساڵەی رابردوودا تاقە جارێکیش هەڵکەوتووە مارگارین بخۆی؟"

"نا، من رقم لە مارگارینە."

"منیش. مەبەستم ئەوەیە. جاری جاران هەر نەبێ ئەو کارەی دەمان کرد، خۆمان بڕوامان پێی هەبوو و شانازیشمان پێوە دەکرد. بەڵام ئێستا وا نییە، ئێمە هەر شتی قۆڕ دروست دەکەین."

"مارگارین باشە. رۆنی گیاییە. کۆلسترۆڵی کەمە. دڵ دەپارێزێ و لەگەڵ ئەوەدا تامەکەشی ناخۆش نییە و، هەرزانە و ئاسانیش هەڵدەگیرێ."

"دەی خۆیشت بیخۆ."

لە مۆبلەکە رۆچووم و دەست و پێم لەبەر یەك کێشاوە و گوتم: "زۆر گرینگ نییە. بیخۆی یان نەیخۆی فەرقی نییە. وەرگێڕانی وەڕەزکەر و بانگەشەی فریودەرانەیش هەر وەك یەکن. خۆ راستە ئێمە شتی قۆڕ دروست دەکەین، بەڵام دا بڵێ بزانم کێیە دێ و وشە و کەرەستەکان پێکەوە لێك دەدا؟ لە هیچ کوێ کاروبارەکان بە جوانی راناپەڕێنن. وەك چۆن لە هیچ جێیەك بەجوانی هەناسە هەڵنامژن یان میز ناکەن."

"جاری جاران، بێزەڕتر بووی."

جگەرەکەم لە تەپلەکەکەیدا پان کردەوە و گوتم: "لەوانەیە. بەڵام شکت نەبێ، شارێکی پاك هەیە، کە تێیدا قەسابێکی بێتاوان گۆشتە بێتاوانەکان پل پل دەکا. بۆیە ئەگەر پێت وایە بەو کەڕەی بەیانییە ویسکی خواردنەوە کارێکی بێزەڕانەیە، هەر بخۆوە و چەندی حەزت لێیە هەڵقورێنە."

بەو قەڵەم پاندانەی بەردەوام لە مێزەکەی دەدا، ژوورەکەی ببووە شانۆیەکی بڕگەبڕگەی تاکدەنگ و بێبڕانەوە.

"بەداخم، لە زارم دەرپەڕی."

گوتی: "گرینگ نییە، نامەوێ نکوڵی بکەم."

ترمۆستاتی هەواگۆڕەکەی دەنگێکی پێکەنیناویی لێوەهات، لە دوانیوەڕۆیانە بوو، کە بێدەنگییەکی سامناك باڵیان بەسەردا دەکێشێ.

گوتم: "متمانەت لەخۆت هەبێ، مەگەر هەر خۆمان تا ئێرە نەهاتووین؟ خۆم و خۆت. تاقە جیاوازیی من و تۆ لەگەڵ ئەو پاڵەوانانەی سەرکەوتنی زۆر گەورە دەستەبەر دەکەن، ئەوەیە، ئەوان ناوبانگ و پشتیوانیان هەیە."

شەریکبەشەکەم گوتی: "لەبیرت نەچێ، سەردەمانێك هاورێ بووین."

گوتم: هێشتایش هاورێین، ئێمە ئەو رێگەیەمان پێکەوە بڕیوە."

"من حەز ناکەم ئێوە لێك دابڕێن."

گوتم: "دەزانم، بەڵام وەرە با باسی مەڕەکە بکەین."

سەری لەقاند، واتە باش. پاندانەکەی لەجێی خۆی دانا و چاوی هەڵگلۆفی و دەستی کرد بە گێڕانەوەی بەسەرهاتەکە: "سەعات یازدەی بەیانی بوو کە ئەو پیاوە هات."

پیاوە غەریبەکە

سەعات یازدەی بەیانی بوو، کە پیاوەکە هات. ئەم سەروبەندە کۆمپانیایەکی وەك ئەوەی ئێمە دوو جۆرە سەعات یازدەی بەیانیی هەیە. واتە، یان زۆر زۆر سەرقاڵین، یان چۆڵ و بەتاڵین. هیچ شتێکی لەو نێوەندەدا نییە. هەر بۆیەش لە یازدەی بەیانانماندا یان بەبێ بیرکردنەوە ئیشمان دەکرد، یانیش بەبێ خەم خەیاڵپڵاومان دەکرد. کاروبارە ئاساییەکانمان، ئەوانە بوون کە بۆ دوانیوەڕیانمان هەڵدەگرتن.

ئەو ڕۆژەی پیاوەکە هات، لە جۆری دووەمەکانی یازدەی بەیانی بوو و، جوان دیار بوو لە یازدەی بەیانییە چۆڵەکانە. نیوەی یەکەمی مانگی سێپتەمبەر قەرەباڵغ بوو، دوای ئەوە کاروبار نەما. سێ کەسمان ئیجازەی مانگێکی پاش پشووی هاوینەمان وەرگرت و ئەوانی دیکەیش ئەمریان پێ کرا، قەڵەم دادەن و کاری ورووژێنەری دیکەیان پێ سپێردرا. شەریکبەشەکەم بۆ وەرگرتنی حەواڵەیەکی بانك چووبووە دەرێ و، یەکی دیکەیشیان بۆ گوێڕاگرتن لە شریتە تازەکانی مۆسیقا، فرۆشگایەکی فرۆشتنی کەلوپەلی مۆسیقای ـ کە دراوسێمان بوو ـ کردبووە هەوارگەی خۆی.

سکرتێرەکەیش لاپەڕەی "مۆدێلە قژەکانی پاییزان"ـــەی گۆڤاری ژنانەی هەڵدەداوە و وەڵامی تەلەفۆنانی دەداوە.

کابرا، بەبێدەنگی دەرگای نووسینگەی کردەوە و بێدەنگ پێوەی داوە. دیارە هەر خۆی وابوو هێمن و لەسەرخۆ دەجووڵاوە و، وا نەبوو بڵێی بە ئەنقەست بیەوێ بەبێدەنگی بێ و بچێ. هێشتا سکرتێرەکە نەیزانیبوو هاتووەتە ژوورێ، ئەو لەبەردەم مێزەکەی ڕاوەستابوو و، چاوی تێ بڕیبوو.

کابرا گوتی: "شتێك هەیە کە دەبێ بە سەرۆکەکەتی بڵێم."

وای قسە دەکرد، وەك بڵێی دەستەوانە سپییەکەی بەسەر مێزەکەدا دێنێ.

سکرتێر سەری هەڵێنا و سەیری کابرای کرد. ئەو لەبەرچی هاتبووە ئێرە. چاوی لە نیگای نوێنەرێکی بازرگانی تیژتر و لە کاربەدەستانی ماڵیاتی بۆ پۆشینی جلوبەرگ هەستیارتر و ڕواڵەتیشی لە پۆلیسێك ژیرانەتر بوو. بەڵام سکرتێرەکە نەیدەزانی ئەو جگە لەو شتانە چکارەیشە. ئەو کابرایە وەك هەڵبژاردەیەك لە هەواڵە تاڵەکان، لە شوێنێکی نادیارەوە دەرکەوتبوو و بەژوور سەریەوە ڕاوەستابوو. سکرتێرەکە گۆڤارەکەی پێوەدا و بەلاوەی نا و گوتی: "چووەتە دەرێ، گوتی نیوسەعاتێکی دیکە دێتەوە."

کابرا بەبێ ئەوەی ساتێ ڕاوەستێ، گوتی: "چاوەڕێی دەبم."

دیار بوو بڕیارەکەی لێبڕاوانەیە.

سکرتێرەکە درۆزنگ بوو ئاخۆ پێی بڵێ ناوت چیە یان نا، بڕیاری دا وا نەکا و کابرای بردە ژووری چاوەڕوانی.
پیاوەکە لەسەر مۆبلێکی شینی ئاسمانی دانیشت، قاچی لەسەر یەك دانا و سەیری سەعاتە دیواریەکەی کرد کە بەرەوڕووی بە دیوارەکەوە بوو و ئاوا مایەوە. تەنانەت هێندەی نووکەدەرزییەکیش چییە نەدەجوولا و تۆزێك دواتر کە سکرتێرەکە پەرداخێك (چای جۆ)ی بۆ هێنا، هەر ئاوا نەبزووتبوو.
شەریکبەشەکەم گوتی: "رێك هەر لەو جێیەی تۆی لێ دانیشتبووی، ئەو نیوسەعاتی رەبەق دانیشت و چاوی لە سەعاتەکە بڕی."
سەیرێکی ئەو مێزەم کرد وا لەسەری دانیشتبووم، ئینجا سەیری سەعاتی دیوارەکەم کرد و دیسان سەیری شەریکبەشەکەمم کردەوە.
سەرەڕای ئەوەی کۆتاییەکانی زستانێ بوو و هەوای دەرەوە گەرم ببوو، کابرا جلوبەرگی فەرمیی لەبەر کردبوو. بێزەڕ. سەرقۆڵی کراسە سپییەکەی هێندەی سەنتیمێك لە قۆڵی چاکەتە جوان دووراوەکەی هاتبووە دەرێ. بۆینباخە خەتخەتییە کاڵەکەی کە تەواو لە جلەکانی دەکالایەوە، جوان و زەریف بەسترابوو و پێڵاوەرەشەکانیشی بریقەدار کردبوو.
کابرا تەمەنی لە نێوان سی تا چل ساڵ دەبوو. بەژنیشی سەدوهەشتا سەنتیم دەبوو. تەنانەت تۆزسقاڵێکیش چییە چەوریی زیادەی بە جەستەیەوە نەبوو و یەك چرچی بچووکیش بە دەستە شووش و باریکەکانیەوە نەبوو. پەنجە شووش و باریکەکانی، چیی وایان کەم نەبوو لە گیانلەبەرێکی چەند ساڵان راهێنرابێ و کەوی و ماڵی کرابێ، بەڵام هێشتایش جوان پێوەی دیار بێ کێوییە. نینۆکی، کە زۆر بە رێکی کرابوون، سەریان تەواو کەوانەیی هاتبۆوە. دەستی، ئەگەرچی بێ ئۆقرە بوون، بەڵام بەراستی جوان بوون و دیار بوو لە بوارێکی تایبەتدا لێزانە، بەڵام مەزەندە نەدەکرا بوارەکە چییە.
نەتدەزانی روخساری چ حاڵەتێکی پێوەیە، دەموچاوی دەتگوت پەڕی کاغەزە، سادە سادە، بەڵام بێهەست. چاو و لووتی نارێك بوون و کە جوان تێی فکریبای، دەتگوت بە مووسی کاغەز بڕیوتە. لێوی تەنك و بزڕکاو بوون. تۆزێك برۆنزە بوو. بەڵام ئەو برۆنزەبوونەی هیی ئەوە نەبوو لە دەم دەریا خۆی هەڵخستبێ یان تێنسی کردبێ. بەڵکو دەکرێ هی تیشکی خۆرێکی نەناسراوی ئاسمانێکی نەناسراو بێ.
نیو سەعاتێك بەهێوری رابرد. سارد و ئەستەم و قورس. رێك لەو کاتەدا شەریکبەشەکەم لە بانك گەڕاوە، ئیتر دیار بوو کەشی نێو ژوورەکە قورس بووە. تەنانەت دەکرا بڵێی، چیی لە ژوورەکەدا بوو، بە عەرزەکەوە مەلاس ببوو.
شەریکبەشەکەم گوتی: "هەڵبەت، هەر وا دێتە بەرچاو."
گوتم: "بەڵێ."

سکرتێرە داماوەکە شەکەت و دەهری ببوو. شەریکبەشەکەم، سەرلێشێواو چووە ژووری چاوەڕوانی و گوتی، من بەڕێوەبەرم. ئیتر ئەو دەمە بوو کە کابرا تۆزێك کراوە. جگەرەیەکی باریکی لە گیرفانی دەرهێنا و دایگیرساند و مژێکی لێ دا و خەفەتبارانە دووکەڵەکەی دەرداوە. کەشەکە تۆزێك سووك بۆوە.

کابرا لەسەر خۆ گوتی: "کاتمان زۆر نییە. بۆیە با لە کورتیی ببڕینەوە." ئینجا کارت ڤیزیتێکی لە گیرفان کارتەکەی دەرهێنا و لەسەر مێزەکەی دانا. کارتەکە ئەوەندە تیژ بوو، لەوانە بوو دەستت ببڕێ. زۆر پتەو رووکێش کرابوو. رەنگە سپییەکەی نائاسایی دیار بوو و پیتە وردەکانیشی بە رەنگێکی رەش و زۆر پتەو تایپ کرابوون. کە سەیرت دەکرد چاوتی دێشاند. شەریکبەشەکەم هەڵیگێڕاوە و دیتی پشتەوەی سپی سپییە، دیسان سەیرێکی پێشەوەی کارتەکەی کردەوە و دایەوە بە کابرا.

کابرا گوتی: "پێم وایە، ناوی حزبت بیستووە."

"بەڵێ، بیستوومە."

کابرا تۆزێك چەنەی هێنا پێشەوە و توند سەرێکی لەقاند. نیگا و روانینەکەی تەنانەت تۆزێکیش نەگۆڕابوو.

"تکایە بیسووتێنە."

شەریکبەشەکەم بەسەرسووڕماوییەوە سەیری کابرای کرد و گوتی: "بیسووتێنم؟"

کابرا بە تووڕەییەوە گوتی: کارتی بانگهێشتەکە دەڵێم. بیسووتێنە، هەر ئێستا."

شەریکبەشەکەم چەرخەکەی هەڵگرت و ئاگرەکەی بە گۆیچکەی کارتەکەوە نا، گۆچەکەی کارتەکەی ئەوەندە راگرت، تا نیوەی سووتا. ئینجا خستییە نێو تەپڵەکە شووشەییەکەی جگەرەکەوە. هەردووکیان سەیری سووتانی کارتەکەیان کرد، هەتا بوو بە کارت ڤیزیتێکی کەوەی خۆڵەمێش. دیسان بێدەنگییەکی وەك بێدەنگیی پاش کوشتارێکی بەکۆمەڵ بەسەر ژوورەکەدا زاڵ بۆوە.

تاوێك دواتر، کابرا بێدەنگییەکەی شکاند و گوتی: "من وەك نوێنەری تەواو دەست ئاوەڵای حیزب هاتوومە ئێرە، یانی هەر شتێکی لەمەودوا دەیلێم، ویست و داخوازیی بێئەملاوئەولای حیزبە.

شەریکبەشەکەم بە زەحمەتەوە گوتی: "ویست و داخوازیی..."

کابرا گوتی: "بەڵێ، داخوازی، وشەیەکی پڕ بە پێستە بۆ ئەوەی بڵێی لە ئاست ئەو ئامانجە لە چ پێگەیەکدام. رێگەی دیکەش هەیە بۆ دەربڕینی ئەو مەبەستە. خۆ لێم تێدەگەی؟"

شەریکبەشەکەم دەسبەجێ لە مێشکیدا لێکی داوە و گوتی: "تێدەگەم."

"بەو حاڵەشەوە، ئەم چاوپێکەوتنە نە سەودایەکی سیاسییە و نە پێوەندیی بە بابەتێکی هزرییەوە هەیە. ئەوە تەواو پێشنیارێکە بۆ ئیشکردن." جۆرێکی گوتی ئیشکردن، پێوەی دیار بوو لەو ژاپۆنیانەیە وا لە دەرەوەی وڵات لەدایك بووە، چونکە زۆربەی ژاپۆنیە رەسەنەکان بەنیوەچڵی دەیڵێن: ئیشکرن.

کابرا لەسەری ڕۆیشت: "تۆ ئەهلی کار و کردەوەی، منیش هەروا، لە ڕاستیدا، جگە لە باسی کار و کاسبی، هیچ باسوخواسێکی دیکە لە نێوان ئێمەدا نییە. لێگەڕێ با خەڵك باسی شتی دیکە بکەن. باشە؟"

شەریکبەشەکەم گوتی: "زۆر باشە."

"دیارە ئەوە کاری ئێمەیە، کە هۆکارە ناواقیعییەکانی ئێستا هەڵگرین و بەو جۆرەیان لێ بکەین، کە لەوانەیە لە گەڵاڵەیەکی گەورەتری ڕاستەقینەدا هەبێ. کاروبارەکانی مرۆڤ بەلای ئەو شتانەدا دەکەون کە واقیعی نین.."

ئەمجار بێ پێچوپەنا پرسیی:"باشە بۆ وایە؟"

پەنجەی بەسەر ئاڵقەکەی دەستیدا کێشا، کە لە بەردی کەسك دروست کرابوو و کردبوویە پەنجەی نێوەندی و لەسەری ڕۆیشت: "لەبەر ئەوەی کە ئاوا سادەتر دیارە، جگە لەوەیش، کۆمەڵە ڕووداوێك هەن کە لە سۆنگەیانەو، شتە ناواقیعییەکان دەبنە سەرچاوەی کاریگەرییەك، کە ڕاستەقینە لەپێ دەخەن. بەو حاڵەشەوە، لە دنیای کاروکاسبیدا شتی ناواقیعی هەر جێی نابێتەوە."

هەر وا پەنجەی بەسەر ئەڵقەکەیدا دەکێشا و گوتی: "یان دەکرێ بڵێم، ئێمە لەو جۆرانەین، کە لە سای دەرکەوتنەوەی پەیتاپەیتای ئەستەمییەکانەوە هەن. هەر بۆیە ئەگەر لەمەودوا هەر شتێکتی پێتی دەڵێم پێویستی بە کاری ئەستەم یان بڕیاری قورس و دژوار بوو، داوات لێ دەکەم لەسەرخۆ بیت. سروشتی دنیاکە وایە."

ئیتر شەریکبەشەکەم تەواو سەری لێ شێوابوو. بەڵام بە نیشانەی ڕەزامەندی سەری بۆ دەلەقاند.

"زۆر باشە، من دەبێ ویست و داخوازییەکانی حیزبەکەی خۆم ڕابگەیەنم. یەکەم، داوات لێ دەکرێ دەست لە بڵاوکردنەوەی ریکلام پێوەندییە گشتییەکانی کۆمپانیای بیمەی (پ) بهێنن."

"بەڵام..."

کابرا قسەکەی پێ بڕی: "دووەم، داوات لێ دەکرێ، چاوت بەو کەسە بکەوێ کە بەرپرسی ڕاستەقینەی ئامادەکردنی ئەم لاپەڕەیەیە."

کابرا پاکەتێکی سپیی لە گیرفانی دەرهێنا و پەڕە کاغەزێکی کە زۆر جوان قەدکرابوو، لێ دەرهێنا و دایە شەریکبەشەکەم. شەریکبەشەکەم کاغەزەکەی لێك کردەوە. گومانی لەسەر نەبوو. لەبەرگیراوەیەکی وێنەی ئەو بانگەشەیە بوو، کە نووسینگەکەی ئێمە ئامادەی کردبوو. وێنەیەکی ئاسایی دیمەنێکی هەکایدۆ، گەواڵەهەور و کوێستان و بزوێن و لەوەڕگە و مێگەلەمەڕ، کە چەند دێڕە شیعرێکی سادەی ڕەشۆکیانەی لەسەر چاپ کرابوو. هەر ئەوەندە.

"هەر ئەم دوو داوایەمان هەیە، کە یەکەمیان زیاتر وەك کارێکی ئەنجامدراو دێتە بەرچاو نەك داواکاری. ئەگەر وردتر بۆتی باس بکەم، بەپێی داواکەی ئێمە بڕیار دراوە. ئەگەر دڵنیاش نی، دەکرێ تەلەفۆنێك بۆ بەرپرسی پێوەندییە گشتییەکانی کۆمپانیاکە بکەی."

شەریکبەشەکەم گوتی: "دەزانم."

"بەو حاڵەوە، ئێمە ئاگادارین ئەو خەسار و زیانانەی لە سۆنگەی ئەو زەحمەتەوە دەکەوێتە سەر کۆمپانیاکەی ئێوە، زۆر و بەرچاوە. باشە ئێمەش دەستمان دەڕوا، دیارە خۆتان بەدڵنیاییەوە ئاگاتان لەو مەسەلەیە هەیە، کە نامانەوێ دەسەڵاتی خۆمان بسەپێنین. هەر بۆیەش بەپێی داوای دووەم، وای دادەنێین، کابرای بەرپرس، راپۆرتێکی تەواو بەدڵی ئێمە دەخاتە روو، ئێمە ئامادەین زیانەکانی ئێوە بەتەواوەتی قەرەبوو بکەینەوە. پێم وایە لە قەرەبوویش زیاتر."

بێدەنگییەك زاڵ بوو.

کابرا لەسەری رۆیشت: "ئەگەر داواکانی ئێمە جێبەجێ نەکەن و مل بادەن، لێرە یان لە هیچ شوێنێکی دیکە، کارێکتان دەست ناکەوێ و لەمەودوایش لەم دنیایەدا جێتان نابێتەوە."

دیسان بێدەنگییەکە باڵی بەسەردا کێشانەوە.

"پرسیارێکت نییە؟"

شەریکبەشەکەم بە نقەنق گوتی: "ئم مممم، کەواتە ئەو وێنەیە تووشی سەرئێشەی کردوون؟"

کابرا وەك بڵێی بژاردەکان لەسەر لەپی دەستی رێك بخا، لە حاڵێکدا بە وردی قسەکانی دەسنیشان دەکرد، گوتی: "بەڵێ. دیارە شتێکی وا هەیە. بەڵام من دەسەڵاتی ئەوەم نییە لەوەبارەیەوە پتر قسەت بۆ بکەم. دەسەڵاتی ئەوەم نییە."

شەریکبەشەکەم گوتی: "تەلەفۆن بۆ ئەو کەسە دەکەم کە قەول وایە چاوت پێی بکەوێ، سێ سەعاتی دیکە دەگاتە ئێرە."

کابرا سەیرێکی سەعاتەکەی دەستی کرد و گوتی: "زۆر باشە، رێك سەعات چوار ترۆمبێلێکی بەدوودا دەنێرم. مەسەلەیەکی زۆر گرینگ، بەهیچ شێوەیەك ئەم شتە بۆ کەس باس مەکە. تێگەیشتی؟"

ئاوا هەردووکیان بەپێی بنەماکانی کارکردن ماڵاواییان لەیەکدی کرد.

سەرۆك

شەریکبەشەکەم گوتی: "ئەوە هەموو رووداوەکە بوو."

جگەرەیەکی کوژاوەم خستە سەر لێوم و گوتم: "من هیچی لێ تێنەگەیشتم. یەکەم، نەمزانی خاوەنی ئەو کارتی داوەتە کێ بوو و، دووەم، ئەوەی کە بۆچی ئەوەندە بەو وێنەی مەڕە تووڕە بوو و، دوای ئەوەیش نەمزانی ئەو چۆن دەتوانێ پێشی چاپ و بڵاوکردنەوەمان لێ بگرێ؟"

"خاوەنی کارتی داوەتەکە، یەکێکە لە روخسارە سەرەکییەکانی باڵی راست. هەرگیز نە ناوی دەهێنن و نە قەڵافەتی نیشان دەدەن. هەر بۆیەش لە زۆر جێیان نایناسن. بەڵام لە ئیشەکەی ئێمەدا لەوانەیە تۆ یەکەم کەس بی، کە نایناسی."

لەخۆوە بیانوویەکم هێناوە کە بەڵێ :"من هەر وام ئیتر، ئاگادار نەبووم."

"ئەو سەر بە باڵی راستە. بەڵام نەك ئەو باڵە راستە، تەنانەت لەوانەیە نەشتوانین بڵێین باڵی راست."

"وەڵاهی من هیچی لێ تێنەگەیشتم."

راستییەکەی ئەوەیە، هیچ کەس نازانێ ئەو چ خەیاڵێکی لە مێشکدایە. هیچ نووسراوێکی بەناوەوە نییە و هیچ کات لە نێو خەڵکیدا قسە ناکات و وێنەیەکی لێ چاپ و بڵاو ناکرێتەوە. تەنانەت گومان لەسەر زیندووبوونیشی هەیە. پێنج ساڵ لەوەپێش، هەواڵنێری گۆڤارێك، هەواڵێکی شەقڵنەشکاوی دەست کەوت، کە بەڵگە بوو لەسەر ئەوەی دەستی لەنێو سەرمایەگوزارییە گوماناوییەکاندا هەیە، بەڵام هەواڵەکە دیزەبەدەرخۆنە کرا."

"ئاگادار بووم خەریك بووی کارت لەسەر دەکرد."

"من خۆم ئەو هەواڵنێرەم دەناسی."

چەرخەکەم هەڵگرت و جگەرەکەمم داگیرساند و گوتم: "هەواڵنێرەکە ئێستا چ دەکا؟"

"راگوێزراوەتە بەشی ئیداری، لە بەیانییەوە تا ئێوارێ خەریکی فایلەکانە. دنیای میدیاکان ئیتر زۆر بچووك بووەتەوە. ئەو وەك کاژەڵاکە سەرێکی پۆست کرابێ بۆ وڵاتێکی ئەفریقی، زۆر هەرای نابۆوە."

گوتم: "تێگەیشتم."

"بەڵام هەندێ وردە زانیاریمان لەسەر پێشینەی ئەو کابرایە هەیە بەر لە جەنگ. ساڵی ١٩١٣ لە هەکایدۆ لەدایك بووە و پاش ئەوەی لە ناوەندێکی پەروەردەیی ئاسایی دەرچووە، چەند جاران ئیش و کاری خۆی گۆڕیوە و بووەتە لایەنگری راستئاژۆکان. پێم وایە جارێکیش گیراوە. پاش ئەوەی بەر درا، ناردیانە مەنچووری و، لەوێ چاوی بە بەرپرسە پایەبەرزەکانی کانتۆ کەوت و هاوکاریی پیلانێکی کرد. کەس ئاگای لەوە نییە کێ لە پشت پیلانەکەوە بووە، بەڵام رێك لەو دەمەدایە کە ئەو لەپڕ دەبێتە روخسارێکی پڕ نهێنی. دەڵێن چووەتە نێو کاروباری

مادەهۆشبەرەکانەوە و، لەوانەیە راستیش بێ. ئەو لە چین، دەستی بە هەر شتێ راگەیشت تالانی کرد، بۆ ئەوەی دوو حەفتە بەر لە گەیشتنی سوپای سۆڤیەت سواری کەشتی شکێنێك بێت و دواییش زۆر خێرا بەرەو ژاپۆن پاشەکشەی کرد و گەنجینەیەکی بێ بنی زێڕ و زیو وەك غەنیمەت دەست کەوت."

گوتم: "وەلاهی کات و ساتەکانی زۆر سەیر رێك خستووە."

"وایە. ئەم کابرایە لە قۆستنەوەی هەل و دەرفەتەکاندا زۆر زیرەك بووە. هەر بە وارسکەی زانیوێتی کەی پەلامار بدات و کەی پاشکەشێ بکات. جگە لەوەیش هەمیشە زانیوێتی کوێ نیسکان دێنێ. تەنانەت ئەو دەمەی هێزە داگیرکەرەکانیش وەك تاوانکەری پلەیەکی جەنگ گرتیان، دادگاییکردنەکەی لە نیوەیدا راگیرا و ئیتر هەرگیز پێك نەهاتەوە. بە روالەت راگیرانی ئەو دادگاییە لەبەرخاتری لەشساغیی ئەو بوو. بەلام رووداوەکە تۆزێك لێلە. جا چونکە مەك ئارتۆر چاوی تەماحی بڕیبووە چین، لەوانەیە لەگەڵ ئەمریکییەکاندا کەوتبێتە سەودا و مامەڵە."

شەریکبەشەکەم قەڵەمێکی دیکەی لە قەڵەمدانەکەی دەرکێشا و خستییە نێوان پەنجەکانییەوە.

"کە لە زیندانی سۆگامۆ بەر درا، نیوەی گەنجینەکەی هەڵگرت و هەموو لایەنگرانی حیزبە کۆنەپارێزەکەی لەدەوری خۆی کۆ کردەوە، بە نیوەکەی دیکەیشی پیشەسازیی بانگەشە(ریکلام)ـی کڕی. لەبیرت نەچێ ئەم رووداوە هیی کاتێکە، بانگەشە جگە لە بلاوکردنەوەی کاغەز و راگەیاندنی دەستیی هەرزانبایی شتێکی دیکە نەبوو."

"کابرایەکی دووربین بووە، بەلام ئەی هەرگیز پرسیارێك لە شاراوەبوونی بوودجە نەهاتە گۆڕێ؟"

"نەخێر، لەبیرت نەچێ ئەو هەر هەموو کۆنەپارێزەکانی کڕیبوو."

"وەی باوکە..."

"هەرچۆنێك بێ، پارە و دراوەکەی بەکار هێنا بۆ پاوانکردنی بازاڕ و سیاسەت و بانگەشە و دروستکردنی ئەو دەسەلاتەی ئێستا گەیوەتە ئەم ئاستە. قەت دەرناکەوێ، چونکە پێویستی بەوە نییە. هەتا ئەو دەمەی ناوەندەکانی دەسەلاتی سیاسی و بەشە سەرەکییەکانی پیشەی بانگەشە و ریکلامی لەبەردەستدایە، ئیتر کارێك نییە بلێی بەو ناکرێ. دەزانی لەبەردەستدابوونی بانگەشە یانی چی؟"

"پێم وا نییە."

"لەبەردەستدابوونی بانگەشە واتە، ئەوەی هەموو دامودەزگاکانی چاپ و بلاوکردنەوە و بەشەکانی بەرنامە رادیۆیی و تەلەفزیۆنەکانت لەبەردەستدا بێ. هیچ کام لە لقەکانی چاپ و بلاوکردنەوە یان پەخشی بەرنامە نییە کە بەجۆرێك لە جۆرەکان بە ریکلام و بانگەشەوە نەبەسترابێتەوە. هەر وەك ئاکواریۆمێکی بێ ئاو. سەدانەوەدوپێنجی ئەو زانیاریانەی دەگەنە دەستی ئێمە، پێشتر دەستەبژێر کراون و پارەیان دراوە."

گوتم: هێشتایش سەردەر لەهیچ دەرناکەم. بە وردی گوێم دایە هەموو قسەکانت لەبارەی ئەو کابرایەوە کە پیشەسازیی بانگەشەکردنی لەبەردەستدایە، بەڵام ئەوانە چ پێوەندییەکیان بەوەوە هەیە دەست لەسەر بانگەشەکەی بیمەی تەمەن دابنێ؟ ئەوە رێککەوتنێکی راستەوخۆ بوو. هێشتا نەگەیشتبووە دەستی کەس.

شەریکبەشەکەم کۆخی و باقی چایەکەی بە شلەتێنی خواردەوە: "پشکەکان. سەرچاوەی سەرەکیی داهاتی ئەو پشکەکانە. دەستێوەردانی بازاڕ، زەبروزەنگ، داگیرکردن و تەمبێکردن. سیخوڕەکانی، هەرچی زانیاریی پێویستە بۆی کۆ دەکەنەوە و ئەویش چۆنی حەزی لێ بێ هەڵیاندەبژێرێ و دەستەچنیان دەکا. تەنیا بەشێکی زۆر کەمی ئەو شتانەی بەراستی دەقەومێن، بڵاو دەبنەوە. هەواڵەکانی دیکە بۆ سەرۆك بەلاوە دەنرێن. دیارە هەرگیز بە ئاشکرایی زۆری لەکەس ناکەن. بەڵام زۆر جاران وا هەڵدەکەوێ لە بەرتیل کەلك وەردەگرن. ئەگەر بەرتیلدان جێی نەگرت، ئەوا سیاسەتمەدارەکانی رادەسپێرێ بۆ ئەوەی دەستبەکار بن."

"کۆمپانیا نییە خاڵی لاوازی نەبێ."

"هەموو کۆمپانیایەك کۆمەڵێك نهێنیی هەیە کە نایەوێ لە کۆڕی گشتیی خاوەن پشکەکاندا ئاشکرا بێ. لە زۆربەی کاتەکانیشدا، ئەوان گوێ لەو قسانە دەگرن کە راگەیەنراون. بەکورتی، سەرۆك سێ پێگەی دەسەڵاتی، واتە سیاسەتمەداران و رێکخراو و ناوەندەکانی هەواڵگری و بازاڕی پشکەکانی لەبەردەستدایە و دەسەڵاتی بەسەریاندا هەیە. دەی باشە، هەر وەك دەتوانی مەزەنەی بکەی، بۆ ئەو کارێکی زۆر ئاسانە، راگەیەنراوێکی بانگەشەیی لەناو بەرێ و ئاسەواری نەهێڵێ و وەك ئاوخواردنەوە دەورودووکانی ئێمەش راپێچێ."

"ئەهاااا، ئەی باشە بنیادەمێکی ئاوا گرینگ بۆچی بە وێنەیەکی هەکایدۆ ئەوەندە تووڕە بووە؟"

شانێکم هەڵتەکاند.

پرسیی: "ئەی باشە چۆنت زانی مەسەلەکە پێوەندیی بە مەڕەوە هەیە؟ یانی شتێك هەیە من نەیزانم؟"

"چەند بوودەڵەیەك کە لە دارستانەکەدا بە خەڕەك خەریکی خوری رستنێ بوون، چوون باسیان کردووە."

"دەکرێ دیسان بیلێیەوە؟"

"بە هەستی شەشەمم تێگەیشتم."

ئاخێکی هەڵکێشا و گوتی: "واز بێنە، هەرچۆنێك بێ دەبێ دوو دەستکەوتەکەی ئەم دواییەشت پێ بڵێم. هەر بۆ ئەوەی شتێکم دەست بکەوێ تەلەفۆنێکم بۆ پەیامنێرەکەی پێشووی گۆڤار کرد. دەڵێن، بەڕێوەبەر خوێنی مێشکی بەربووە و لەپێ کەتووە، بەڵام هێشتا بە فەرمی پشتڕاست نەکراوەتەوە. دووەم هەواڵ پێوەندیی بەو پیاوەوەیە کە هاتە ئێرە. دەرکەوت ئەو سکرتێری تایبەتی سەرۆك و جێگری ئەوە. سەرۆك لە بەڕێوەبردنی رێکخراوەکەیاندا تەواو متمانەی پێیەتی. ئەو ئەمریکی بە رەچەڵەك ژاپۆنییە. زانکۆی ستانفۆردی تەواو کردووە و دوازدە ساڵە کار

بۆ سەرۆك دەكا. ئەویش وەك گوریسی نێو هەنبانە وایە* . قسەی تێدا نییە سەركەوتنی باشیشی هەیە. هەر ئەوەندەشم بۆ ساغ بۆوە."

زۆر شێلگیرانە گوتم: "مەمنوون."

شەریكبەشەكەم بەبێ ئەوەی تەنانەت سەریش هەڵێنێ، گوتی: "بەخێر هاتی."

هەروەك دەزانی، شەریكبەشەكەم كە مەست نەبوایە، لە من ئاساییتر و پاكتر بوو و، جوانتر و قووڵتر بیری دەكردەوە. بەڵام زۆری نەدەبرد و سەرخۆش دەبوو و زۆر ناخۆش بوو بیر لەوە بكەمەوە كە هەرچی خۆشم دەوێ لەبەرچاوم لێك بڵاو بن.

هەر شەریكبەشەكەم لە ژوورەكە چووە دەرێ، شووشەكەم لە چەكمەجەكە دەركێشا و بینم پێوە نا.

---

* ئیدیۆمێكی كوردییە. گوریسی نێو هەنبانە پێچ پێچ و قەف قەفە و دۆزینەوەی سەرەداوەكەی زۆر دژوارە. دەقەكەی خۆی دەڵێ: پیاوێكی پڕنهێنی و نەناسراوە.

١٠
بەسەرکردنەوەی مەڕەکان*

ئێمە ئەگەر بمانەوێ، دەتوانین وەك چۆن تۆوێکی بەبێ ڕەگ و ریشە کە بایەکی بەختەوەری بەهارانە دەیفڕێنێ، بەبێ ئامانج بەسەر پێگەڕی ئیختیار(دەسەلأت)ـی خۆماندا بفڕین.

هاوکات دەتوانین نکوڵییش بکەین لەوەی کە شتێك هەیە ناوی ڕێکەوتە.

هەر شتێك قەوما، ئیتر قەوماوە و هەرشتێکیش تا ئێستا نەقەومابێ، ئەوە دیارە کە هێشتا رووی نەداوە. یان با بڵێین، "هەبوون"ـی ئێمە کەوتوەتە نێوان ئەو "هەمووە شتە"ی وا لە سەرووەمانەوەن و ئەو (هیچ شتەی) لە پێشمانەوەیە، و ئەوەندە تیژتێپەڕە کە نە ڕێکەوت(سوتفە)یەکی تێدایە و نە ئەگەرێکیش.

ئەگەر، لە کردەوەدا جیاوازیی نێوان ئەو دوو لێکدانەوەیە هێندە نییە، بەڵام زۆر بەنرخە. پێگەیەك کە (وەك زۆربەی ئەو دژیەکانەی لە نێوان لێکدانەوە جیاوازەکاندا هەیە) زۆر جیاواز نییە لەوەی چەند ناوی جوراوجۆر لە خواردنێك بنێی.

زۆر خوازەی دیکەیش.

ئەوەی کە وێنەی مەڕەکەم خستبووە نێو راگەیەنراوەکەی کۆمپانیای بیمەوە، دەکرێ لە دوو گۆشەنیگاوە لێی بڕوانین: "یەکەم: شتەکە هەر ڕێکەوتێك بووە. بەڵام لە گۆشەنیگایەکی دیکەوە: هیچ بە ڕێکەوت نەبووە.

یەکەم: من بە شوێن وێنەیەکی گونجاودا بوم بۆ لافیتەی بانگەشەکەم بە ڕێکەوت وێنەی ئەو مەڕەم بەرچاو کەوت کە لە چەکمەجەی مێزەکەمدا بوو. بڕیارم دا ئەو وێنەیە بەکار بێنم. وێنەیەکی پاك لە جیهانێکی پاکدا.

دووەم: وێنەی مەڕەکە، لەو ماوەیەدا، لە چەکمەجەی مێزەکەمدا چاوەڕوانی من بوو. تەنانەت ئەگەر چاوەڕێی ئەوەیش نەبووبێ لەو ریکلامەدا چاپ بکرێ، ئیتر دیارە چاوەڕوان بووە لە جێیەکی دیکە و لە زەمانێکی دیکەدا کەلکی لێ وەرگیرێ.

کە بیری لێ دەکەمەوە، دەبینم ئەو ڕێسایە، هەموو ئەو شتانە دەگرێتەوە، کە تا ئێستا لە ژیانمدا تاقیم کردوونەتەوە. دڵنیام بە تۆزە خۆڕاهێنانێك، دەتوانم ئەو ڕێسایە ئاوا جێبەجێ بکەم: یەکەم: ریانێك بۆ دەستی راستەم. دوو: ژیانێك بۆ دەستی چەپەم. با زۆر گرینگیش نەبێ. وەك ئەو کونەی لە کێك دەکرێ. تۆ کونی کێکەکە بە شوێنێکی بەتاڵ دابنێی، یان پێت وابە هەر دەبێ هەبن، ئەوە مەسەلەیەکی پەتییە و هیچ کارێك ناکاتە سەر تاموچێژی کێکەکە نابێ.

---

* بەسەرکردنەوە دەشتەواژەیەکی تایبەتی مەڕداران و ئاژەڵدارانە بە مەبەستی ژماردنی مەڕ و ماڵات. چونکە یەکەی ژماردنی ماڵات (سەرە) بۆ وێنە سەد سەر مەڕ و پەنجا سەر بزن. بۆیە بەسەرکردنەوە یان سەرژماردن، دەستەواژەی تایبەتی ئاژەڵدارییە و ئێستا بە هەڵە بۆ سەردان بەکاری دێنن.

له سەر مۆبلەکە و بەدەم خواردنەوەوە و له حاڵێکدا هەواگۆڕەکە وەك پشیلۆکەیەکی خۆڕسك که سروەیەکی دڵبزوێن باڵی پێ گرتبێ، بای لێ دەدام سەیری سەعاتە کارەباییەکەی دیوارم کرد. هیچ نەبێ تا ئەو دەمەی چاوم بە سەعاتەکەوە بوو، دنیا دەجووڵا و، هەتا ئەو دەمەی ئاگام لێ بوو کە جیهان لە جمین و جووڵاندایە، دەشمزانی خۆیشم هەم. نەك هەبوونێکی بەنرخ، بەڵکو تەنیا هەبوونێکی سادە. ئەوەیش بەو جۆرە لێم روون بۆوە، کە بنیادەم دەبێ تەنیا بە میلی کاتژمێرە کارەباییە دیوارییەکان هەبوونی خۆی پشتڕاست بکاتەوە. دەبێ زۆر ئامرازی دیکەیش هەبێ بۆ ناسین و پشتڕاستکردنەوە. بەڵام هەرچی هەوڵ دەدەم شتێکی باشتر لەوەم بە زەیندا نایە.

پاشگەز بوومەوە و قومێکی دیکەیشم بەسەردا کرد. لە بن زمانەکوێرەی قوڕگمەوە وەك ئاگری پێوە نێن برژاندییەوە هەتا نێو گەدەم. لەو دیو پەنجەرەوە، ئاسمانی شین و سامانڵی هاوینی چەند پەڵە هەورێکی سپیی پێوە بوو. ئاسمانێکی بەکارهاتووی جوان، کە پێوەی دیار بوو کۆنە. قومێکی دیکەشم بەخۆشی ئەو ئاسمانەی سەردەمانێك تازە بوو، هەڵ دا. خواردنەوەیەکی خراپ نەبوو. کە متووی ئاسمان دەبووی، ئەویش ئاسمانێکی خراپ نەبوو. فڕۆکەیەکی جامبۆجێت، وەك قالۆنچەیەك، بریسکەبریسك بە ئاسماندا تێپەڕی.

کە بیرم کەوتەوەوە: لێرە چ گوویەك دەخۆم، هەیهوو، دووەم پەرداخیشم هەڵقوڕاندبوو.

بیرم لە چ شتێکی لەعنەتی دەکردەوە.

مەڕەکە.

لەسەر مۆبلەکە هەستام. وێنەکەم لە مێزی شەریکبەشەکەم هەڵگرت و دیسان هاتمەوە لای مۆبلەکە و لە حاڵێکدا وردە سەهۆڵەکانم کە تامی ساردییەکەیان لێ دەهات هەڵدەمشت، بیست چرکەیەك لە وێنەکە ورد بوومەوە و زۆرم بۆ مێشکم هێنا تا بزانم چ لەو وێنەیەدا هەیە.

وێنەی مێگەلە مەڕێك لە لەوەڕگەیەکی بژوێندا. لایەکی لەوەڕگەکە دەچۆوە سەر دارستانێکی غان. لەو دارە گەورانەی لە هۆکایدۆ دەست دەکەون نەك لەو بنەدارانەی لەمبەروئەوبەری دەرگای وەژوورکەوتنی عەیادەی ددانپزیشکەکەی گەڕکیان گرتوە. لەو دار غانە گەورانەی لەوانەیە چوار ورچی جەنگەڵی پێکەوە چنجڕووکی خۆیانیان لەسەر تیژ کردوە. بە لکوپۆ و گەڵاکانی‌ڕا دیار بوو دەبێ بەهار بێ. لە لێواری وێنەکەوە، بەفر لووتکەی چیاکان و شیو و دۆڵە رژدەکانی کوێستانی رەشبڕ کردبوو. مانگی ئاپریل یان لەوانەیە مای بوو، چونکە زەوی لەبەر توانەوەی بەفرەکان کەوتبووە بن بەفراوان.

ئاسمان شین بوو (یان لەوانەشە ئەوەندەی من تێی دەگەم، ئەو شتەی من لە رووی رەنگە مۆرەکەی وێنە تاکڕەنگە ئامالڵ شینەکەوە دەیبینم، لەوانەیە پەمەییەکی مەیلەوسوور بێ.) بە سووکەڵە هەوری سپی سپییەوە کە بەسەر لووتکەی چیاکاندا کشاون. هەموو شتێك راست بوو، مێگەلە مەڕەکە هەر لە مێگەلە مەڕ دەچوو. دارستانە غانەکەیش هەر لە دارستانی غان و هەورە سپییەکانیش هەر لە گەواڵە هەوری سپی دەچوون و هیچی تر.

وێنەکەم فڕێدایە سەر مێزەکە. جگەرەیەکم داگیرساند و باوێشکێکم دا، دیسان وێنەکەم هەڵگرتەوە و هەوڵم دا مەڕەکان بەسەر بکەمەوە. لەوەڕگەکە ئەوەندە بەرین و هەراو بوو، کە مەڕەکان وەك ئەو بنیادەمانەی چووبێنە سەیران، پۆل پۆل بڵاو ببوونەوە و بە زەحمەت دەکرا بڵێی ئەو پەڵە سپییانەی دووردوور بوون مەڕن یان هەر کۆمەڵێك پەڵەی سپین. چەندی لە نزیکیشەوە ورد دەبوومەوە، نەمدەزانی ئاخۆ ئەو پەڵە سپییانە هەر بەراستی پەڵەی سپین یان چاوم هەڵمدەخەڵەتێنن. تا ئەوەی کە وام لێ هات لەهیچ دڵنیا نەبووم، قەڵەمێکم هەڵگرت و هەرچی لێی دڵنیا بووم مەڕە، نیشانەم کرد. بوونە سی و دووسەر. سی و دووسەر مەڕ. وێنەکە روون روون بوو. پێکهاتەکەی هیچ نائاسایی نەبوو و، شێوازی وێنەگرییەکەی هیچ تایبەتمەندییەکی دانسقەی نەبوو. بەڵام شتێکی تێدا بوو، شتێکی سەرنجڕاکێش، پێم وایە، سێ مانگ لەوەپێش بۆ یەکەم جار کە ئەو وێنەیەم دی سەرنجمی ڕاکێشا و، ئێستایش هەر ئەو هەستەم گەڕابۆوە.

کەوتمەوە سەر مۆبلەکە و، وێنەکەم بەرز ڕاگرت.

جارێکی دیکەیش ژماردمەوە.

سی و سێ سەر.

سی و سێ؟

چاوم لێك نا و سەرم ڕاوەشاند. مێشکم یارمەتیمی نەدەدا. جارێکی دیکەیش هەوڵم دا مەڕەکان بژمێرمەوە و ئیتر خەوێکی قووڵ و شیرینی پاش خواردنەوەیەکی دوانیوەڕۆیان بردمییەوە. دوایین شتێکی لەبیرم ماوە ئەوەیە، کە خەریك بوو بیرم لە گوێچکەکانی دەسگیرانەکەم دەکردەوە.

ليمۆزين و شۆفێرەكەی

وەك بەڵێن درابوو، ترۆمبێلەكە سەعات چوار هات. ڕێك لە سەعاتی دیاریكراودا، وەكوو قومری. لە شیرینخەودا بووم كە سكرتێرەكە بەخەبەری هێنام، دوایی چوومە ئاودەست و ئاوێكم بە دەموچاومدا كرد. هەستم كرد خەو بەرم نادا. لە ئەسانسۆرەكەدا كە دەچوومە خوارێ سێ جار باوێشكم دا. لەو باوێشكانەی دەكرا فایلی یاسایی(دادوەریی) بۆ بكەیەوە.

بەڵام خۆم نەبێ، كێ هەبوو فایلی یاسایی بۆ یەكێك دروست بكا، یان فایلێكی لە دادگا بۆ بكەنەوە؟

لەبەردەم دەرگای بیناكە، لیمۆزینێكی زل هێندەی ژێردەریاییەك ڕاوەستابوو. ئەوەندە گەورەبوو، كە دەكرا خێزانێكی هەژار لەبنیدا بژین. شووشەكانی شینێكی مات بون و شووشە تارەكان نەیاندەهێشت ناوەوە ببینین. ڕەنگی خۆی ڕەشێكی بەهەیبەت بوو، كە تەنانەت شوخت و رووشاوێكیش چییە بە قەڵغان(دەعامی)ـیەكەیەوە نەبوو.

لە تەنیشت لیمۆزینەكەوە، شۆفیرێكی لەساڵ گەڕاوە، كە كراسێكی سپیی جوان و خاوێنی لەبەردابوو و بۆنباخێكی نارنجیی بەستبوو، دەستەونەزەر و لەسەرپێ* ڕاوەستابوو. لە شۆفێرە ڕێكوپێكەكان دەچوو. چارم نەبوو جگە لەوەی بچمە لای، بەبێ ئەوەی قسەیەك بكا، دەرگای ترۆمبێلەكەی كردەوە. هەتا جوان لەسەر جێیەكەی خۆم دانەنیشتم چاوی لەسەر هەڵنەگرتم و دوای ئەوە دەرگاكەی پێوە دا و، چووە پشت سوكان و دەرگاكەی لای خۆیشی پێوە دا. دەنگی پێوەدرانی دەرگاكە، هێندەی دەنگی لێكدرانی كاغەزەكانی كۆنكەنیش نەهات. دانیشتن لە نێو لیمۆزیندا لە چاو فۆلكس واگۆنەكەی من، كە پازدە ساڵ بوو دروست كرابوو و، وەك بەرتیلی بێدەنگی لە ئاشنایەكمم ئەستاندبوو، ئەوەندە بێدەنگ بوو، دەتگوت لە بنی دەریادا دانیشتووی و گوێگرەت لە گوێت داوە.

لە نێو سەیارەكەدا، هەموو شتێك تەواو ڕێكو رازاوە بوو. لیمۆزینیش هەر ئەوەی لێ چاوەڕوان دەكرا. لە زۆربەی ئەو كەرەستە رازێنەرەوەییانەدا، ئەو سەلیقەیەی بەكارهێنراوە بێ كەموكورتی نییە، بەڵام ئەمەیان تەواو بێ عەیب بوو. لە نێوەندی كورسییەكەی منەوە كە پتر لە مۆبل دەچوو، تەلەفۆنێكی قرتەیی جوانی لێ بوو، كە چەرخ و تەپلەكی جگەرە و پاكەتێك جگەرەی لەتەنیشت دانرابوو. لە پشت كورسیی شۆفێرەوە، مێزێكی چەكمەجەیی لە بیچمی كورسییەكە چێ كرابوو. هەواگۆڕەكە تەواو سرووشتی و، بێدەنگ و كپ و تەركی بنیشی رازێنرابۆوە.

---

* لەسەرپێ: لێرەدا واتە ئامادە. نیشتمانم ئەسپی شێیە.... وەك بروسكە لەسەر پێیە...(ع.پەشێو)

بەر لەوەی ئاگام لێ بێ، لیمۆزینەکە وەك تەشتێکی جلشوشتنێ کە بەسەر دەریایەك جیوەدا بکەوێتە رێ، وەڕێ کەوت. دیارە ئەو پارەیەی بەم بچکۆلانەیە درابوو، بنیادەمی گێژ دەکرد.

شۆفێرەکە پرسیی: "حەز دەکەی مۆسیقایەکت بۆ بگرم؟"

"شتێکی نەرم."

"زۆر باشە قوربان."

دەستی بردە بن کورسیەکە، کاسێتێکی هەڵبژارد و دوگمەی سەر داشبۆردەکەی داگرت. دەنگی سۆناتای چەلۆیەکی نەرمونیان کە دەتگوت لە شوێنێکی نەدیارەوە دێ، هات. مۆسیقایەکی بێکەموکووڕی و کوالێتییەکی بەرز.

پرسیم: "هەمیشە بەو ترۆمبێلە بەدوای خەڵکیتدا دەنێرن؟"

بە پارێزەوە وەڵامی داوە: "بەڵێ. بەو دواییانە هەر ئەوە کارمە."

"راست دەکەی."

تاوێك دواتر شۆفێرەکە گوتی، ترۆمبێلەکەی پێشووی سەرۆك کۆن ببوو. ئەم جار گوتی: "لە پێشدا هەر سەرۆك ئەم لیمۆزینەی لێ دەخوڕی، بەڵام لە سۆنگەی ئەو بارودۆخەی وا ئەم بەهارە هاتە ئاراوە، زۆر دەرناکەوێ. جا بۆچی ئەم ترۆمبێلە هەرا بەلاوە بنرێ. خۆت دەزانی ترۆمبێل ئەگەر بەردەوام ئیشی پێ نەکرێ، جوان ئیش ناکا."

گوتم: "وایە." دیار بوو بێتاقەتییەکەی سەرۆك، بەشێك نەبوو لە نهێنییەکانی رێکخراوەکە. جگەرەیەکم لە پاکەتەکە دەرکێشا، بارەوبارم کرد و بەرەو لای لووتم برد. لەو جگەرە سادە بێ مارکانە بوو، کە بۆنێکی وەك تووتنی رووسییان لێدێ. دوودڵ بووم ئاخۆ دایگیرسێنم یان لە گیرفانمی بنێم، بەڵام ئاخری لە جێی خۆیم داناوە. لە نێوان جگەرە و چەرخەکەدا، هێمایەکی زۆر ناسك و جوان هەڵکۆڵرابوو. هێمایەکی وەك مەڕ.

"مەڕ؟"

سەرم لەقاند و چاوم لێك نان. هەموو شتێك لە دوورەدەستی منەوە بوو. وا دیار بوو لەو دەمەی وێنەی مەڕەکە هاتووەتە نێو ژیانمەوە، هەرچی هەبوو لە من دەسڵەمییەوە و رایدەکرد.

پرسیم: "چەندەی دیکە دەگەینێ؟"

"نیو سەعات، لەوانەشە چل دەقە، پێوەندیی بە باری ترافیکەوە هەیە."

"ئەی دەکرێ دەرەجەی ئەم فێنککەرەوەیە تۆزێك کەم بکەیەوە، دەمەوێ وەنەوزێ بدەم."

"بەسەرچاو قوربان."

شۆفێر، فێنککەرەوەکەی رێك خست ئەمجار توند پەنجەی بە دوگمەیەکی سەر داشبۆردەکەدا نا. شریتێکی ئەستووری شووشەیی خلیسکا و لای شۆفێر و مسافیری لێك جوێ کردەوە. لە بێدەنگییەکی خەستدا نوقم بووم،

دیارە جگە لە ئاوازە نەرمەکەی باخ. بەڵام سەرم لە هیچ شتێکی دیکە سوورِ نەدەما. نێوچاوانم بە کورسییەکەی پشتەوە نا و خەوتم.

خەونم بە مانگایەکەوە دیت. مانگایەکی جوانی بچکۆلانە. لەو مانگایانەی دەڵێی زۆر بەئەزموونن. لە سەر پردێکی گەورە، بەتەنیشت یەکتریدا رابردین. دوانیوەڕۆیەکی خۆشی بەهار بوو. مانگاکە، پانکەیەکی کارەبایی بە یەکێك لە سمەکانییەوە بوو و من لێیم پرسی، بە هەرزان پێمی بفرۆشێ.

گوتم: "پارەم کەمە." هەر بەراستیش نەمبوو.

مانگاکە گوتی: "دەی باشە، پلایسێکم بدەیە دەتدەمێ."

سەودایەکی خراپ نەبوو. من و مانگاکە پێکەوە چووینەوە ماڵێ و من هەموو کون و کاژێری ماڵەکەم سەنگوسوژن دا و پلایسم نەدۆزییەوە.

گوتم: "ئەی هاوار، خۆ دوێنێ لێرە بوو."

تازە کورسییەکم هێنابوو بچمە سەری و سەیرێکی سەر کەوەنتەرەکە بکەم، کە شۆفێرەکە شانی راتڵەکاندم و گوتی: "گەیشتین."

دەرگای ترۆمبێل کراوە و تیشکی هەڵبزرکاوی دوانیوەڕۆی هاوین لە دەموچاومی دا. هەزاران زیکەزیککەرە دەتگوت سەعاتێکی قورمیشکراون، بەدەنگی بەرز دەیانزریکاند. بۆنی خۆشی گڵ دەهات.

لە لیمۆزینەکە دابەزیم، خۆمە لەبەر یەك کێشاوە، هەناسەیەکی قووڵم هەڵمژی و دوعام کرد ئەو خەونەی دیتبووم، تەعبیرێکی هێمایی هەبێ.

١٢
چۆنێتیی دنیای کرم

هەندێ خەون هەن، هێماین. واتە هێمای راستەقینەن. کەواتە هەندێ راستییش هەن هێماین، واتە هێمای خەونن. دەکرێ هێماکان بە ئەندامانی شانازیی ئەنجومەنی دنیایی کرمانە بزانین. لە دنیای کرمانەدا، هیچ سەیر نییە مانگایەك بە شوێن پلایسدا بگەڕێ. مانگا ناچارە رۆژێ بە شوێن پلایسدا بگەڕێ و، ئەم مەسەلەیە هیچ پێوەندییەکی بەمنەوە نییە.

بەڵام، ئەگەر بیر لەوە بکەینەوە کە مانگا منی دەسنیشان کردووە بۆ ئەوەی پلایسم لێ وەرگرێ، ئەوە هەموو شتێك دەگۆڕێ. ئەم مەسەلەیە من تەواو دەباتە نێو دنیایەکی پڕ لە تێبینیی سەیروسەمەرە و ناباو. مەسەلەی سەرەکی ئەوەیە کە هەموو شتێك بەشوێن یەکدا و ئاڵۆزە. لە مانگاکە دەپرسم: "باشە بۆچی لە پلایس دەگەڕێی؟" و مانگا دەڵێ: "زۆرم برسییە." دوایی دەپرسم: "ئەگەر برسیتە بۆچی لە پلایس دەگەڕێی؟" مانگاکە لە وەڵامدا دەڵێ: "لەبەر ئەوەی لە لك و پۆی دار کۆخی ببەستم." دەپرسم: "باشە بۆ داری کۆخ؟" ئیتر مانگا دەڵێ: "باشە، هەر لەبەر ئەوە بوو پانکەکەم پێ گۆڕیەوە، وا نییە؟ ئیتر ئاوا هەر دەڕۆین و مەسەلەکە بەهیچ کوێ ناگا. من وردە وردە لە مانگاکە دەهری دەبم و مانگاکەش وردە وردە لە من تووڕە دەبێ. روانگەی کرمانە بۆ دنیای خۆی ئاوایە. تاقە رێگەی چوونەدەر لە دنیای کرمانە ئەوەیە، خەوێکی هێمایی دیکە ببینی.

بە دڵنیاییەوە، لەو دوانیوەڕۆیەی مانگی سێپتەمبەردا، ئەو شوێنەی وا ئەو وەسیلە چوارتایە زەبەلاحە منی بردبووە ئەوێ، چەق و کوانووی دنیای کرمانە بوو. کەواتە نزاکەی من گیرا نەببوو. سەیرێکی دەوروپشتمم کرد و هەستم راگرت. ئەم شوێنەی رووداوەکە تاقەتبڕ بوو.

لیمۆزینەکە لە لێژاییەکی رژد راگیرابوو. بە رێگەیەکی بەردرێژکراوی پڕ پێچ و گەوەدا هاتبووین، کە هەتا بەر ئەو دەروازەیە کشابوو، کە لەوانەبوو ئەگەر کاتی پیاسەکردنت هەبوایە چارەگێکی تەواو لە پیادەڕۆکە دوور بوو. هەردوو بەری رێیەکە، داری سنۆبەری و چرای "جیوەیی" بە مەودایەکی وەك یەك لێ چەقێنرابوون کە هەر دەتگوت قەڵەمدانن. هەر سنۆبەرێك کۆمەڵێك زیکزیکەرەی پێوە نووسابوو و دەتگوت رۆژی حەشرە، هەژابوون و دەیانزیکاند.

هەر ریزە سنۆبەرێك، کەوتبووە نێو چیمەن و شینکاییەك، کە زۆر رێکوجوان پەرتێورابوو و کورت کرابۆوە و هەتا ئەو لێوارانەی بە گوڵی "ئیدریسی" و ئەزالیا و کۆمەڵێك گیاوگۆڵی دیکەی کە من بۆم لێك نەدەبوونە رازێنرابۆوە و بەرەو خوار کشابوو. پۆلێك رەشۆڵە وەك شوێنگۆڕکێی خۆڕایی کۆگا لمی دەم دەریا، وێکڕا بەسەر چیمەنەکەدا راستوچەپ هرووژمیان دەبرد.

لەمبەروئەوبەری تەپۆلکەکانەوە، پلیکانەی بەردین هەبوون بەرەو خوار، پلیکانەی لای چەپ دەچووەوە سەر باخچەیەکی ژاپۆنی کە جێ چرای بەردین و هەسیلێکی تێدا بوو و پلیکانەی لای راستیش دەچۆوە سەر گۆڕەپانێکی بچووکی گۆلف. لە تەنیشت زەویی گۆلفەکەوە بینایەکی هاوینەی لێ بوو، کە رەنگێکی سووری سەیروسەمەرەی هەبوو. لە تەنیشتیشی پەیکەرەیەکی بەردینی لەسەر شێوازی یۆنانیی لێ بوو. لەولاترەوە گەراجێکی گەورەی لێ بوو و شۆفێرێکی دیکە ئاوی بە لیمۆزینێکی تردا دەکرد. بۆم لێك نەدەبۆوە ترۆمبێلەکە مۆدێلی چ سالێکە، بەلام بە دلنیاییەوە هێندەی فۆلکس واگۆنەکەی من کاری نەکردبوو.

دەستمم لەسەر سینگم دانان و سەیرێکی دەوروپشتمم کردەوە. دیارە دیمەنی باخەکە چ عەیب و کەمایەسییەکی نەبوو، بەلام خۆ چاو لێی تێر نەدەبوو.

بەخۆم نەبوو پرسیم: "ئەی سندووقی پۆستە کوا؟" مەبەستم ئەوە بوو، کە بلێی و نەلێی دەبوایە یەکێك هەموو بەیانیان و دوانیوەڕۆیان چووبا و نامەکانی هێنابایە.

شۆفێرەکە گوتی: "سندووقی پۆستە لە تەنیشت دەرگاکەی پشتەوەیە." دۆزینەوەیەکی لەناکاو. بێ و نەبێ دەرگایەکیش لە پشتەوە بوو.

کە لە دیتنی دەوروبەرم شتێکم هەلکراند و بەئاکامێك گەیشتم، سەیری پێش خۆمم کرد و بینیم ئەوا لەبەردەم بینایەکی وەك بورج راوەستاوم.

چۆن بلێم، بینایەك بوو، وا چەپەك کەوتبوو، دلت لێی دەگیرا. لێم گەڕێ با پێت بلێم، وای دانێ بنەمایەکمان هەیە، پێویستی بە چەنەلێدان نییە کە ئەو بنەمایەك هەندێ وردە ریزپەڕیشی هەیە. دوایی، دەبینی ئەو ریزپەڕانە وەك کۆمەلێك پەلە ئەوەندە پەرش و بلاو دەبن، کە ئاخری بنەمایەکی نوێیان لێ دروست دەبێ و ئیتر کۆمەلێك ریزپەڕی دیکەش لە دەوری ئەو بنەمایە دەردەکەون، ئەو بینایەك شتێکی وابوو. وەك بیچمێکی ژیانی کەونارا، کە بەبێ ئەوەی خۆی بزانێ، ببووە ئەو شتەی کەس نەیدەزانی چییە.

لە یەکەم روانیندا، دەتگوت، ملکێکی دەرەبەگایەتیی سەردەمی میجییە، کە بە شێوازێکی رۆژئاوایی دروست کراوە. بەرهەیوانەکەی، کە سەیوانێکی بەرزی هەبوو، دەچۆوە سەر خانوویەکی دوونهۆمی شیری رەنگ. پەنجەرەی بەرز و دووتایی لە سەر شێوازێکی تەواو کۆن دروست کرابوو و چەند جاران رەنگ کرابۆوە. میچکەکەش هەروەك دەکرا پێشبینیی بکەی، بە مس داپۆشرابوو و پلووسك و لووساوکەکانی وەك ئاوەڕۆکانی رۆما پتەو بوون. خانوویەکی جوان بوو، کە سیحری سەردەمێکی تایبەتی لێ هەلدەستا.

دواتر، بیناسازێکی ناشی هاتبوو و بەشێکی تری هەر بەو شێواز و رەنگانەی، لە بەشی لای راستی خانووەکەوە زیاد کردبوو. نیەتەکە خراپ نەبوو، بەلام ئاکامەکەی وەك تێکەلکردنی شەربەت و کەلەم لە سینییەکی زیویندا، هیچ خۆش نەبوو.

ئەو تێکەڵە ناخۆشە، چەند دەیە بە شەقڵنەشکاوی مابۆوە، تا ئەوە یەکێك برجێکی بەردینی لە لایەك زیاد کردبوو. شیشێکی هەورەتریشقەگر لە سەر برجەکە چەقێنرابوو، کە ئەوپەڕی هەڵە بوو. دەتگوت ترسی ئەوەیان بووە هەورەتریشقە لە بیناکە بدا و بیسووتێنێ.

هەر لەوێوە، دالآن(ڕێڕەو)ـێك کە میچێکی رازاوەی هەبوو، برجەکەی راستەوخۆ دەبردەوە سەر بەشەکەی دیکە. ئەو بەشەیش شتێکی تەواو سەربەخۆ بوو، ئەگەرچی هەرنەبێ لە بنەڕەتدا لێك دەچوون. دەکرێ بڵێین: "ناتەبایی دوولایەنەی ئایدۆلۆژییەکان، شیاوی بەزەییپێداهاتنەوە بوو"، رێك وەك ئێسترێکی لە نێوان دوو سەبەتەی گیادا تێدا مابێ و جا چونکە نازانێ لە کامەیان بلەوەڕێ، ئاخری لە برسان بمرێ.

لای چەپی بینا سەرەکییەکە، ڤێلایەکی یەك نهۆمیی لێ بوو، کە لەسەر شێوازە نەریتییەکەی ژاپۆن دروست کرابوو و رێك ئەوەندە لەگەڵ ئەو هەمووە وردە شتەی لەوێ بوو، ناتەبا بوو. دالآنە سەیروسەمەرەکان وەك رەوگەی بۆلینگ، زۆر رێك و تەختەچن کرابوو و پەرژین و درەختی سنۆبەر، کە دیار بوو زۆر باش پێیان راگەیشتوون، دەوریان تەنیبوونەوە.

ئەو خانووە، کە تێکەڵەیەکی سێ لایەنە بوو، لەگەڵ کۆمەڵێك شتی سەرنجڕاکێشی دیکە و لە سەر تەپۆڵکەیەك دروست کرابوو، دوورەدیمەنێکی ئاسایی نەبوو. ئەگەر یەکێك نەخشە و پلانێکی گەورەی لە زەینیدا هەبووە و بە چەند ساڵان ئەویش بۆ خۆقوتارکردن لە بێتاقەتی و داهێزراوی ئەوەی دروست کردبوو، ئەوە سەرکەوتنێکی شیاوی دەستخۆشانە بووە. پێویست بە گوتن ناکا، ئەستەمە وا بووبێ. ئەم دێوەزمەیە، لەبەرخاتری پارە دروست کرابوو. لەبەر خاتری دەریایەك دراو، بۆ ئەوەی کۆمەڵێکی بێ ئەژمار توانای پلەی دوو، قۆناغ لە دوای قۆناغ، بەرژەوەندیەکانی خۆیان دابین بکەن.

ماوەیەك بوو سەیری ئەو دیمەنەم دەکرد، کە سەیرم کرد شۆفێرەکە لە تەنیشت منەوە سەیری سەعاتەکەی دەکا. ئەو کارەی دەتگوت لێی بووەتە خوو. لەوانەیە رێك هەر لەوێ، لە تەنیشت هەموو ئەوانەی بردبوونی بۆ ئەوێ، راوەستابێ. ئەوانەی هەر هەموویان رێك ئاوا چاویان بڕیبێتە دەوروبەر.

گوتی: "چەندی حەز دەکەی بڕوانە و سەیر بکە قوربان، کاتمان هەیە. هێشتاش هەشت خولەکمان ماوە."

دەمویست شتێکی وا بڵێم زۆر بێجێ نەبێ. گوتم: "ئێرە زۆر گەورەیە."

شۆفێرەکە گوتی: "نەوەدوشەشهەزار و شەشسەدوحەفتاویەك مەتری چوارگۆشە."

گوتم: "ئەگەر لێرە گڕکانێکی چالاکیشتان بوایە پێم سەیر نەدەبوو." و، پێکەنیم. دەمەویست قسەیەکی نەستەق بکەم، بەڵام جەفەنگەکەم نەیپێکا. لێرە کەس قسەی نەستەقی نەدەکرد.

ئاوا هەشت خولەکەکە تێپەڕی.

به داڵانێکدا وەپێشم کەوتن بۆ ژوورێکی گەورەی لای ڕاست، کە بە شێوازی ڕۆژاوایی دروست کرابوو. میچکەی، کە دەوراندەوری وەستایانە نەخش و نیگاری کێشرابوو، زۆر بەرز بوو. ژوورەکە مۆبلێکی عەنتیکەی جوان و مێزێکی ڕەنگ هەنگوینی و تابلۆیەکی سرووشتی بێگیانی تێدابوو. کورتەیەك بوو لە ریالیزم، چەند سێو و گوڵدانێك و چەقۆیەك. لەوانەیە بەو تەمایەی سێوەکان لە گوڵدانەکەی بدەی و لەت بێ و دواتر بە چەقۆ پاکیان بکەی. دەکرا ناوکەکانیشی لە گوڵدانەکە بکەی.

لەسەر پەردە تۆڕەکانەوە چەند پەردەیەکی ئەستوور هەڵواسرابوون، کە پەردەبەندەکەیش هەر لەخۆیان چێ کرابوون و پێی بەسترابوونەوە. لە خوارەوە و نێوان پەردەکان، دەکرا بەشێکی تا رادەیەك ئاسوودەی باخچەکە ببینی. تەرکی ژوورەکە، کە لە داری بەڕوو کرابوو، زۆر جوان مشتومالٚ درابوو و فەڕشەکەیش کە تانوپۆیەکی تەواوی هەبوو، سەرەڕای ئەویە ڕەنگی پێوە نەمابوو، نیوەی عەرەزەکەی داپۆشیبوو.

ژوورێکی خراپ نەبوو. هەر هیچ خراپ نەبوو.

ژنەخزمەتکارێکی لەتەمەن گەڕاوە، بلووزێکی قۆڵ فش لەبەر هاتە ژووریّ، پەرداخێکی ئاوی تریّ هێنا بەبێ ئەوەی قسەیەك بکا رۆیشتە دەریّ. دەرگاکە تەقەی هات و پێوە درا. دوای ئەوە هەموو ولاٚت بێدەنگ بوو.

لەسەر مێزە هەنگوینییەکە، جیّ جگەرەیەکی زیو و چەرخێك و تەپلەك جگەرەیەکی لیّ بوو. ڕێك لەوانەی لە لیمۆزینەکەدا بوون. هێمای مەڕەکەشیان لەسەر بوو. یەکێك لە جگەرە قوونچکدارەکانم لە گیرفانم دەرهێنا و بە چەرخە زیوینەکە دامگیرساند و دووکەڵەکەیم بەرەو میچە بەرزەکە دەرداوە دەریّ. دوای ئەوە قومێکم لە ئاوە ترێیەکە خواردەوە.

دە خولەکێك دواتر، دەرگاکە کراوە و پیاوێکی کەڵەگەت چاکەت و پانتۆڵێکی ڕەش لەبەر هاتە ژووریّ. هیچ شتێکی وای نەگوت، کە نیشانەی "بەخێرهاتن" یان "داوای لێبوردن لەبەر ئەوەی لە چاوەڕوانیدا رایگرتووم" بیّ. منیش هیچم نەگوت. لەسەر کورسییەکی ڕووبەڕووم دانیشت و تۆزێك ڕووی وەرگێڕا و سەرتاپام سەیرێکی کردم. کات، بە دڵنیاییەوە خەریك بوو تێدەپەڕی.

بەشی پێنجەم

نامەکانی جرجەمشك

یاداشتە پۆلبەندکراوەکان

١٣

یەکەم نامەی جرجەمشك

(ڕێکەوتی ٢١ی دیسەمبەر، ساڵێك پێشتر)

دەی باشە، بارودۆخ چۆنە؟

پێم وایە بۆ ئاخرین جار کە تۆم دیت، زۆر زۆر لەوەپێش بوو، چەند ساڵ لەوەپێش بوو؟ ئێستا بووەتە چەند ساڵ؟

پێم وایە وردە وردە جلەوی کاتم لەدەست دەردەچێ، هەر دەڵێی ئەم باڵندە یەکترپە نارەسەنە بە ژوور سەرمەوە باڵەفڕێیەتی و من ناتوانم لە سێ پتر بژمێرم. ببوورە بەڵام باشە ئێوە بۆچی دەژمێرن؟

بەبێ ئەوەی بە کەس بڵێم، شارەکەم بەجێ هێشت و لەوانەیە تۆ لە سۆنگەی ئەو کارەی منەوە تووشی چەرمەسەری بووبێی. پێم خۆشە بزانی، چەند جاران دەمەویست ئاگادارت بکەمەوە، بەڵام نەمتوانی. چەند جارێك نامەم بۆت نووسی، بەڵام هەمووانم دڕاندن. دەبێ روون بووبێ، بەڵام ئەوەی خۆیشم لێی تێناگەم، چۆن خەڵکی دیکەی لێ تێ بگەیەنم.

پێم وایە.

قەت قەت لە نووسین باش نەبووم. ئەو وشانەی بەکاریان دێنم، سەرلەبەریان هەڵەن و هەموو شتێك بەپێچەوانە دەردەچێ. لەوەش خراپتر، نامەنووسین گێژ و کاسترم دەکا و، جا چونکە خۆیشم سوعبەتچی نیم، تەواو لەخۆم بێهیوا دەبم.

زۆربەی ئەوانەی جوان نامە دەنووسن، پێویستیان بە نامەنووسین نییە. دەتوانن گەلێك ساڵی تەمەنی خۆیان، لە دەقەکەی خۆیاندا بەرنە سەر. دیارە ئەوە هەر بۆچوونی منە، لەوانەیە ژیان لە دەقدا مەحاڵ بێ.

هەواکەی زۆر ساردە. دەستم سڕ و کەسیرە بوون. هەر دەڵێی دەستی خۆم نین، مێشکیشم، دەڵێی مێشکی خۆم نییە. هەر ئێستا وا کڕێوە دەکا. کڕێوەیەك، کولوو کولوو، کە هەر دەڵێی تۆزە تۆزەی مێشکی یەکێکی دیکەیە و وەك مێشکی یەکێکی تر، هەر دێ و پتر لەسەر یەك کەڵەکە دەبێ. (لەوەی گەڕێ، ئەو قسەقۆڕانە چین؟)

جگە لە سەرما، گرفتێکی دیکە نییە، ئەی تۆ چۆنی؟ ناونیشانەکەمت پێ ناڵێم، بەڵام پێت وا نەبێ ڕقم لێتە. پێت وانەبێ دەمەوێ شتێکت لێ بشارمەوە. دەبێ ئەوەت لێ روون بێ. ئەو مەسەلەیە بۆ من چارەنووسسازە. هەست دەکەم ئەگەر ناونیشانەکەمت بدەمێ، هەر ئەو دەموساتە شتێك لە ناخی گیانمدا هەڵدەچێ. ناتوانم بە روونی دەربیڕم.

بەڵام پێم وایە تۆ باش تێدەگەی، لەوەی کە من ناتوانم ئەوەی لەدڵمدایە بیدرکێنم. کێشەکە ئەوەیە، کە دەمەوێ شتێك بگێڕمەوە خراپتریشم. کێشەیەکی زگماکییە.

دەسەڵات چییە، هەرکەسە و عەیبێکی هەیە.
گەورەترین عەیبی من ئەوەیە، کە ئەو کەمایەسیانەی لەگەڵم لەدایک بوونە، ساڵ بە ساڵ گەورەتر دەبنەوە. وەك لە ناخی گیانی خۆمدا مریشك بەخێو بکەم. مریشکەکان هێلکە دەکەن و هێلکە دەترووکێن و مریشکی دیکەیان لێ دەکەوێتەوە و ئەوانیش هێلکە دەکەنەوە. چما دەکرێ ئاوا بژییی؟ خۆشم نازانم چۆن لەگەڵ ئەو عەیب و کەمایەسیانەم هەڵ بکەم؟ دیارە هەڵ دەکەم، بەڵام باشە خۆ ئەوە کێشەکە نییە، وایە؟
هەرچۆنێك بێ بڕیارم دا، ناونیشانەکەمت پێ نەڵێم، دڵنیام ئاوا زۆر باشترە. هەم بۆ تۆ و هەمیش بۆخۆم.
لەوانەیە ئەگەر لە رووسیای سەدەی نۆزدەیەمدا لەدایك بوایەین زۆر باشتر بوایە، من دەبوومە شازادە فلانی و تۆیش فیسار بەگزادە. پێکەوە دەچووینە راو، ململانێمان دەکرد، دەبووینە خەنیمی دڵداریی یەکتر، ئێمەیش ژانی ئەودیوسرووشتمان دەبوو و، لە دەموساتی زەردەپەڕدا لە دەم دەریای رەش، دەمانخواردەوە. دوا ساڵەکانی تەمەنمان خۆمان لە شۆڕشێك یان شتێکی دیکەوە دەگلاند و دوور دەخراینەوە بۆ سیبریا و دەمردین. زۆر مەزن و شکۆمەندە. وا نییە؟ من ئەگەر لە سەدەی نۆزدەیەمدا لەدایك بوایەم، نەمدتوانی ببمە دۆستۆیۆفسکی، بەڵام دەبوومە رۆماننووسێکی پلەدوو، ئەی تۆ چیت دەکرد؟ لەوانەیە تۆ هەر ببوایەیتە بەگزادەکە. بەگزادە فلانیش شتێکی خراپ نییە. سەدەی نۆزدەیەم، زۆر باش دەبوو. بەڵام ئیتر بەسە، با بێینەوە سەدەی بیستەم.
لێم گەڕێ باسی ئەو شارانەت بۆ بکەم کە دیتوومن.
نە ئەو شارەی تێیدا لەدایك بووم، بەڵکو شارە جۆراوجۆرەکانی دیکە.
دنیا گەلێك شاری جۆراوجۆری تێدایە. هەر کامە و تایبەتمەندیی خۆیان هەیە، کۆمەڵە تایبەتمەندییەك، کە لێیان تێناگەم و متووی خۆیشیانم دەکەن. هەر بۆیە لەو چەند ساڵەی رابردوودا زۆر شاران گەڕاوم.
دەگەمە هەر شوێنێ، دادەبەزم و گۆڕەپانێکی بچووکی لێیە، کە نەخشەی شارەکەی لێ هەڵواسراوە و شەقامێك کە چەند دووکانێکی تێدایە. ئەو شتانە لە هەموو جێیەك وەك یەکن. تەنانەت سەگەکانیش لێك دەچن. یەکەم کارێکی دەیکەم، ئەوەیە بەر لەوەی سەردانی نووسینگەیەك بکەم بۆ دۆزینەوەی ژوورێك و خواردنێکی هەرزان، دەورێکی پێدا دەسووڕێمەوە. من غەوارەیەکم و دڵنیاشم کەس لەو شارەدا خێرا متمانەم پێ ناکا. بەڵام خۆ دەزانی ئەگەر بمەوێ، دەتوانم بەگوێرەی پێویست کۆك و پۆشتە و تەڕپۆش بم. هەر چارەگێکم کات هەبێ، لەگەڵ زۆربەی خەڵك خۆم رێك دەخەم. ئەو کارە کە جێبەجێ بوو، دەتوانم چیی زانیارییە لە بارەی شارەکەوە و شوێنێکیش بۆ مانەوە دەستەبەر بکەم.
دوایی، بەشوێن کاردا دەگەڕێم. بۆ ئەمەیان دەبێ لەگەڵ خەڵك ببمە دۆست و ئاشنا. دڵنیام یەکێکی وەك تۆ زۆر زوو هیوای دەبڕا (بڕوات بێ زۆرجاران بێهیوا بوومە، تا توانیومە خۆم راگرم.) چونکە خۆت دەزانی هەرچۆنێك بێ هەر چوار مانگ دەتوانی لەوێ بمێنییەوە. بەڵام دۆستایەتیگرتن و خۆڕێکخستن لەگەڵ خەڵکدا هیچ ئەستەم نییە.

ئەو شوێنە دەدۆزیتەوە کە زۆربەی جاران خەڵك هەر لەوێ کۆ دەبنەوە (وەك چەقی شار وایە، هەموو شارێك ئەوشتانەی هەیە)، لەوێ دەبیتە کرِیارێکی هەمیشەیی، خەڵك دەبینی و بۆ کارکردن بە شوێنانت دەناسێنن. گەلێ بەسەرهات و ناوی جۆراوجۆر بۆ خۆت هەڵدەبەستی. من تا ئێستا جەواڵێکم لەو ناو و ناسنامانە هەبووە. هەندێ جارا لەبیرم دەچێتەوە یەکەم جار چۆن بوومە.

لە بواری کارەوە، کار نییە نەمکردبێ. هەندێکیان زۆر ناخۆش بوون. بەڵام هەندێکیانم زۆر پێخۆش بووە. زۆربەی جار لە بەنزینخانە کارم کردووە، دواییش لە کۆنەبارِێکدا، یان بوومەتە پاسەوانی کتێبفرۆشییەك و تەنانەت لە وێستگەی رادیۆییش ئیشم کردووە. وەك کرێکاری هەقدەست بەکرێیان گرتووم و کەلوپەلی ئارایشم فرۆشتووە. با ئەوەیش بڵێم، وەك فرۆشیار بوومەتە جێ متمانە و بەشی خۆشم لەگەڵ ژنان بوومە.

زۆریش خراپ نییە هەر جارە و بە ناوێك و ناسنامەیەکی جیاوازەوە لەگەڵ یەکێکدا بیت.

ورد و درشت و هەوراز و نشێوی هەموو شتێکت لێ روون دەبێتەوە.

هێشتاش نازانم بۆ ئەم جۆرە ژیانە دروست کراوم یان نا. نازانم ژیرانەیە یان نا، بە شوێن ژیانێکی دەربەدەرییەوە رابکەی؟ بەڵام هەر وەك جارێکیان کابرایەك لە جێیەك نووسیبووی، بۆ ژیانێکی دەربەدەری دەبێ سێ شتت هەبێ: خولڤوخوویەکی ئایینی یان هونەری یان دەروونی. کە یەکێکیانت تەنانەت بە نوقستانییش هەبێ، دەربەدەرییەکی درێژخایەن هەر مەحاڵە. من هیچ کامەیان لەخۆمدا نابینم، لەوانەیە لە کاتی تەنگانەدا بڵێم، نا.... وا باشترە ئاوەها نەژیم.

ئەگەر وا نەبێ، لەوانەیە بگەمە شوێنێك، کە دەرگایەك بەهەڵە بکەمەوە و بۆم روون بێتەوە ئیتر نامەوێ واز بێنم. ئیتر کاتێ دەرگا کراوەیە، وا باشترە تاقیی بکەینەوە. مەبەستم ئەوەیە ناتوانم تا دەمرم ئاوا بژیم، دەتوانم؟

وا دیارە هەموو شتێك بە ئەندازەوە بەستراوەتەوە.

هەروەك لەپێشدا گوتم (گوتم؟)، وەختێ بیر لە تۆ دەکەمەوە، تۆزێك نارِەحەت دەبم، چونکە لەوانەیە منت لەو کاتەوە کە بنیادەمێکی ئاسایی بووم، لەبیر بێ.

هاورِێت

جرجەمشك

پاش نووسین: ئەو چیرۆکەی نووسیم دەیخەمە نامەکەوە، ئیتر بەلامەوە گرینگ نییە، هەر بۆیە چیت پێ خۆشە وای لێ بکە. بە پۆستەی تایبەتیدا بۆتی دەنێرم بۆ ئەوەی دڵنیام بم تا ٢٤ی دیسەمبەر دەگاتە دەستت. هیوادارم لەکاتی خۆیدا بگاتێ.

هەرچۆنێك بێ، لەدایكبوونت پیرۆز.
ئەرێ بەراست، كریسمەسیشت پیرۆز.

بەستەكەی جرجەمشك، ٢٩ی دیسەمبەر، گولۆڵەكراو، كە خرابووە سندووقی پۆستخانەی ئەپارتمانەكەمەوە. كاغەزێكی دووبارە ناردنەوەیان پێوە دابوو. بۆ ناونیشانەكەی پێشوویان ناردبوو. هیچ رێیەك نەبوو ئاگاداری بكەمەوە ناونیشانەكەم گۆڕاوە.

چوار لاپەڕە كاغەزی قاوەیی روون، لەگەڵ نووسراوەكان بوو. سێ جار سەرلەبەریم خوێندەوە و ئیتر دەفری نامەكەم هێنا بۆ ئەوەی مۆرە كاڵەوەبووەكەی پۆستەی بەسەرەوە ببینم. هیی شوێنێك بوو هەر ناویم نەبیستبوو. نەخشەكەم لەسەر كتێبخانەكە هەڵگرت و بەدوای ئەو شوێنەدا گەڕام. نامەی جرجەمشكەكە لە شارێكی بچووكی ئەوپەڕی باكووری خۆنشۆ رێك لە نێوەڕاستی ئایۆمۆری گەیبووە دەستم. بەپێی پێڕستی رۆیشتنی شەمەندەفەرەكان، لە شاری ئایۆمۆرییەوە تا ئەوێ سەعاتە رێیەك بوو. هەموو رۆژێ پێنج شەمەندەفەر دەهاتنە ئەوێ، دووان بەیانی، یەك نیوەڕۆیان و دووان دەمی ئێوارە.

چەند جارێك لە مانگی دیسەمبەردا چووبوومە ئایۆمۆری، زۆر سارد بوو. تابلۆكانی هاتۆچۆیش بەستبوویان.

نامەكەم پیشانی ژنەكەم، یان ژنەكەی ئەودەمم دا. هەر ئەوەندەی گوت: "داماوە." رەنگە ویستبێتی بڵێ: "داماوینە." بەجاروجەحەندەم. ئێستا ئیتر چ فەرقێك دەكا؟

بەبێ ئەوەی زەحمەتی خوێندنەوەی چیرۆكەكە بدەمە بەر خۆم، ئەوەی كە لانیكەم دووسەد لاپەڕەیەك دەبوو، خستمە چەكمەجەی مێزەكەمەوە. نازانم بۆچی، بەڵام حەزم لێ نەبوو بیخوێنمەوە. هەر ئەوەی كە نامەكەم خوێندەوە بەس بوو.

كورسییەكەم هەتا بەر سۆپەكە راكێشا و سێ جگەرەم كێشا.

نامەی دواتری جرجەمشكەكە، ساڵی دواتر لە مانگی مایدا گەیشت.

دووەم نامەی جرجەمشك

(ڕێکەوتی مانگی مای ئەم ساڵ)

پێم وایە لە نامەکەی پێشوودا زۆرم چەنەوەڕی کرد، بەڵام هیچم لەبیر نەماوە چیم نووسیبوو. دیسان ناونیشانەکەمم گۆڕی، تەواو جیاوازە لەو شوێنانەی تا ئێستا لێیان بوومە. ئێرە هەر بە ڕاستی هێمنە. لەوانەیە لە رادەبەدەیش ئارام بێت.

لە لایەکەوە گەیشتوومەتە ئەو شوێنەی خۆم دەمەویست. هەست دەکەم هاتوومەتە ئەو شوێنەی قەول وابووە بێم.

پێم وایە هەتا گەیشتوومە ئێرە، بەپێچەوانەی لووزەوی ئاو مەلەم کردووە. نازانم لەم بارەیەوە بڵێم چی.

نامەکە چەندە بێتام بووە، ئەوەندە ناڕوونە، دڵنیام نازانی دەڵێم چی. لەوانەشە پێت وابێ چاوەڕوانییەکی زۆرم لە ژیانی خۆم هەیە. ئەگەر وایە، هەموو شتێك خەتای خۆمە.

دەبێ بزانی، چەندی پتر هەوڵ دەدەم پێت بڵێم چیم بەسەر دێ، پتر هاتەران پاتەران دەکەم. بەڵام هێشتایش وەزعم باشە. لەوەتەی هەم ئەوەندە باش نەبووم.

لێم گەڕێ تۆزێك ڕاستەقینەتر بۆت باس بکەم.

هەر وەك لە پێشدا باسم کرد، ئەم دەوروبەرە هێندە ئارامە، بڕوا ناکەی. لەم دەوروبەرانە کارێکی وا نییە بیکەی، بۆیە کتێب دەخوێنمەوە (ئەوەندەم کتێب لەگەڵ خۆم هێناوەتە ئێرە، کە بەشی دەیەیەك دەکا)، یان گوێ لە ئاوازەکانی رادیۆ رادەگرم یان گوێ دەدەمە شریتی مۆسیقا (کە لێرە زۆرم لەوانیش پێیە). دە ساڵ دەبێ ئەوەندە زۆر گوێ لە مۆسیقا دەگرم، پێم سەیر بوو کە گرووپی رۆلینگ ستۆنەز و بیج بویز هێشتایش هەر دێن و بەهێزتر دەبن. زەمان دەڵێی جلێکی گەورە و فشوفۆڵە، وا نییە؟ ئێمە وا راهاتووین، بەشی خۆمانی لێ دەبڕین و لەبەرمانی دەکەین. هەر بۆیەیش حەزمان لێیە خۆمان دەسخەرۆ بکەین کە ئەم جلە پڕ بە بەرمانە. بەڵام زەمان هەر دێ و درێژتر دەبێتەوە.

لێرە هیچ شتێك بە بەری من ناکا. ئێرە کەسی لێ نییە. کەسی وای لێ نییە خۆی بێنێتە ئەندازەی شتێك، یان خەڵك لەسەر ئاست و ئەندازەیان لۆمە و سەرکۆنە بکات یان پەسنیان بدات.

زەمان، هەروا وەك رووبارێکی روون بەبێ ئەوەی رەوگەی خۆی بگۆڕێ، دەڕوات. هەندێ جار کە لێرەم پێم وایە لاپەڕەی چارەنووسم رەش بووەتەوە و خەریکە تەواو دەگەڕێمەوە سەر دۆخەکەی سەرەتاییم. بۆ وێنە، کە چاوم بە ترۆمبێلێك دەکەوێ، چەند چرکەیەك دەخایەنێ بۆ ئەوەی بزانم ئەوە ترۆمبێلە. دیارە لە بنیڕا دەزانم ئەوە ترۆمبێلە، بەڵام ئەو زانیاریە تەواو ناگاتە بەشی بەئاگای وارسکەم. دواتر لەو رووداوانە زۆر دێتە پێش. لەوانەیە هەر لەبەر ئەوە بێ کە زۆرلەمێژە بەتەنێ دەژیم.

نزیکترین شار لێرەوە، بە ترۆمبێل مەودای سەعات و نیوێك دوورە. ناکرێ ناوی شاری لێ بنێی. بچووکترین شارێکی پێت شك دێ، بیهێنە بەرچاوی خۆت، دواتر هێندەی پێست و ئێسقان بچووکی بکەوە. پێم وانییە بتوانی بیهێنیە پێش چاوت. بەڵام هەرچۆنێك بێ، دەکرێ پێی بڵێی شار. لەوێ دەتوانی جلوبەرگ و خۆراك و بەنزین بکڕی و ئەگەر تەنگاو بووی بۆ دیتنی بوونەوەرەکانی دیکە، دەتوانی لە شاری بیانبینی.

بە درێژایی زستانێ، شەقامەکان بەستەڵەکن و بە دەگمەن ترۆمبێلیان پێدا دێ. سەر شەقامەکان بەردەوام تەڕە و عەرزەکەی وەك دۆندرمە بەستوویەتی. کە کڕێوە دەکا، ڕێگەکەت لێ بزر دەبێ. شوێنێکە وەك کۆتایی دنیا.

سەرەتای مانگی مارس بوو کە هاتمە ئێرە. زنجیرم لە تایەی ترۆمبێلەکە دابوو و زۆر بە زەحمەت لێم دەخوڕی. وەك دوورخرابێتمەوە بۆ سیبریا. بەڵام ئێستا مانگی مایە و بەفر تواوەتەوە. لە مانگی ئاپریل بە دواوە کەوی و رنووی کوێستانان خرمە دەکەن. هەتا ئێستا گوێت لە خرمە و گرمەی رنوو بووە؟ ڕێك پاش رنووەکە، بێدەنگی زاڵ دەبێ. بێدەنگییەکی تەواو. ئەوەندە هێمنە، کە بنیادەم هەر نازانێ لە کوێیە.

لەو ماوەیەدا هەر لە چیاکان گیرم خواردبوو و لە سێ مانگی رابردوودا چاوم بە ژنێك نەکەوتووە. دیارە ئاوایش خراپ نییە، بەڵام دەزانم کە ئەوەندە زۆر لێرە بمێنمەوە، ئیتر لە بنیادەمان نەبان دەبم و پێشم خۆش نییە وام لێ بێ. هەر بۆیەشە بیرم لەوە کردووەتەوە، هەر کات هەوا گەرمتر بوو، بکەومە ڕێ و ژنێ بدۆزمەوە. نامەوێ خۆم هەڵکێشم، بەڵام دۆزینەوەی ژن قەت بەلامەوە شتێکی ئەستەم نەبووە. تا ئەو دەمەی بایەخی پێ نادەم ــ مانەوەم لێرە دەیسەلمێنێ گرینگیی پێ نادەم ــ زۆر ئاسانە خەڵك متووی خۆم بکەم و هیچ دژوار نییە. دەست بەکاربوون بۆ من شتێکی ئەستەم نییە. کێشەکە ئەوەیە، پێم خۆش نییە ئەو توانایەم هەیە. دەکرێ بڵێم کە دەگەمە ئێرە، ئیتر نازانم لە کوێ راوەستم و لەوەودوایە ئیتر سەرنجڕاکێشییەکەم دەست پێدەکا. هەر دەڵێی ئۆلیڤێر رادەوەستێ و ئۆتێللۆ دەست بە قسان دەکا. هەر بۆیە، لە نیوەی ڕێ دەزانم خۆ قەرار نییە ئەو کارانەی دەیانکەم ڕێگەی گەڕانەوە و پاشگەزبوونەوەیان هەبێ، هەرچی وام لێ دەکا لە کێشەو گرفتەکان را بکەم، تووڕی هەڵدەدەم. ژیانم تا ئێستا یەکسەر، لە کارکردن بەدوای کارکردندا، شتێکی دیکە نەبووە.

بەڵام ئەمجارەیان دەبێ شوکرانەبژێر بم (هەر بەراست شوکریشم)، کە هیچم نییە تووڕی بدەم. هەستێکی زۆر تایبەتم هەیە. تاقە شتێکی کە لەوانەیە فڕێی بدەم، خۆمم. تووڕهەڵدانی خۆم. بیرێکی خراپیش نییە. نا، زۆر بەزەییهێنەر دیارە. بەڵام ئەو بیرۆکەیە خۆی هەر هیچ دڵبزوێن نییە. بۆخۆم بەداخ نیم. بەڵام کە دەنووسم، ئاوها دیارە.

شین و گریان.

ئەوە باسی چی دەکەم؟

هەرچی ژنە، چەکمەجەیەکی هەیە، کە لەسەری نووسراوە "جوان". چەکمەجەیەك پڕ لە شتومتی بێ مانا. من لەوە پسپۆڕم، کە ئەم شتومتانە هەڵڕێژمە دەرەوە، دەیانتەکێنم و مانایەکیان لێ هەڵدەکڕێنم. پێم وایە سەرنجڕاکێشی یانی ئەوە. بەڵام مەبەست؟ بەکاری چی دێ؟ چ بکەم لەو دەستەوستانییەی خۆم، کە دەرەقەت خۆم نایەم؟
دەی باشە، ئێستا بێ پێچوپەنا خەریکم باسی پێوەندی لەگەڵ ژنان دەکەم. کە تەواو هۆشی خۆمی دەدەمێ، ئیتر لەوەی کە بۆ خۆم بەداخ دەبم یان نا، تەواو تێك دەچم.
لە گوێن خورادنەوەی دەم دەریای رەشە.
دێمەوە ئەو شوێنەی لێرە نووسیومە، چەند لێکدژییەك لێرەو لەوێ هەیە. بەڵام بەپێی رێساکانی خۆم، تەواو راستگۆیانەیە. هەر لەبەر ئەوەیشە زۆر وەڕزکەرە.
ئێستا ئیتر وای نابینم کە ئەم نامەیە بۆ تۆ دەنووسم، سندووقی پۆستە، ئەوەندەی لەبیرم مابێ، پێم وایە دوورە، بەڵام نامەوێ لەوەدا تۆ خۆتی تێهەڵقوتێنی، هەتا سندووقی پۆستە بە سواری جێپ، سەعاتونیوێکە.
نامەکە لێرەوە بۆتۆیە.
دوو تکام لێت هەیە. هیچ کام زۆر بەلەز و تایبەت نین. هەر بۆیە هەر کات پێت کرا، بیانکە. لەوەدا سپاست دەکەم. لەوانەیە سێ مانگ لەوەپێش نەمتوانیبایە زۆر لەخۆم بکەم بۆ ئەوەی داوای شتێك لەتۆ بکەم، بەڵام ئێستا دەتوانم. پێم وایە ئەوە پێشکەوتنێکە.
یەکەم تکام لە تۆ، داوایەکی سۆزدارانەیە. مەبەستم ئەوەیە پێوەندیی بە "رابردووەوە" هەیە. پێنج ساڵ لەوەپێش کە شارەکەم بەجێ هێشت، ئەوەندە بەپەلە و شڵەژاو بوو، لەبیرم چوو ماڵاوایی لە چەند کەسێك بکەم. بەتایبەتی تۆ و "ج" و ژنێك کە تۆ نایناسی. لەوانەیە دیسان بتبینمەوە و ماڵاواییت لێ بکەم، بەڵام لێشم سوورە ئیتر هیچ کات ئەو هەلەم بۆ نارەخسێتەوە ماڵاوایی لەو جووتەی تر بکەم. بۆیە کە چوویە ئەوێ، لە زمانی منەوە ماڵاواییان لێ بکە.
دەزانم ئەوە داوایەکی تۆزێك خۆپەرستانەیە و خۆم دەبێ ئەو کارە بکەم، بەڵام ئەگەر راستیت دەوێ، وام پێ باشترە تۆ بچیتە ئەوێ و ئەو کارەم بۆ بکەی. دەزانم کوڵی دڵم ئاوا باشتر دادەمرکێ. ناونیشان و ژمارەی تەلەفۆنەکەی ئەوت بە جیا بۆ دەنووسم، ئەگەر هەتا ئێستا مێردی کردووە یان لەوێ رۆیوە، قەیناکا، پێویست ناکا بچیتە سەردانی. وازی لێ بێنە. بەڵام ئەگەر هەر لە شوێنەکەی خۆی بوو، سڵاوی منی پێ بگەیەنە.
سڵاوم بە "ج"یش بگەیەنە و بە یادیشم پێکێك هەڵدە.
ئەوە یەکێك لە داواکانم بوو.
داواکەی دیکەم تۆزێك سەیرە.
وێنەیەك دەخەمە نێو دەفرێکەوە. وێنەی مەڕێکە. دەمەوێ لە شوێنێك دایبنێی. گرینگ نییە کوێ بێ، بەڵام شوێنێك بێ خەڵك بتوانن بیبینن. دەزانم داوایەکی بێجێیە. بەڵام کەسی دیکەم نییە ئەو کارەم بۆ بکا. ئەگەر ئەو

چاکەیەم لەگەڵ بکەی، دەتوانم ئەو سەرنجڕاکێشییەی هەمە، هەمووی بدەمە تۆ. بەڵام ناتوانم هۆیەکەیت پێ بڵێم.
ئەو وێنەیەم بەلاوە گرینگە. دواتر رۆژێکیان، هەموو شتێکت بۆ روون دەکەمەوە.
چەکێکی دراویشت بۆ دەخەمە دەفرەکەوە، بۆ ئەو شتانەی پێویستتە خەرجی بکە. پێی ناوێ خەمی پارەت بێ. من لێرە تەنانەت نازانم پارەیش چۆن خەرج بکەم. هەرچۆنێك بێ، ئێستا مەسەلەکە ئەوەیە کارێکت بۆ بکەم.
لەبیرت نەچێ بە یادم بخۆیتەوە.
هاوڕێت
جرجەمشك

کە لە ئەپارتمانەکەم دەچوومە دەرێ، نامەیەکم لە سندووقی پۆستەدا دی و لە پشت مێزی کارەکەم خوێندمەوە.
مۆری دایرەی پۆستە سڕابۆوە و نەدەخوێندراوە. دەفری نامەکەم هەڵپچڕی. چەکێکی بایی سەدهەزار یەن، کاغەزێك بە ناونیشانی ژنێك و وێنەیەکی رەش و سپیی مەڕێکی تێدا بوو. نامەکە وەك پێشوو هەر لەسەر کاغەزە کەسکە کاڵەکە نووسرابوو و چەکەکەیش هیی بانکێکی ساپۆرۆ بوو و، بەو مانایە بوو کە جرجەمشك پێشتر بەرەو باکوور و هەکایدۆ رۆیشتبوو.
ئەو بەشەی باسی رنووە بەفری دەکرد، نەمزانی مەبەستی چییە، بەڵام وەك جرجەمشك لە نامە راستگۆیانەکەیدا نووسیبووی، سەرنجمی راکێشا. جگە لەوە، هیچ کەس تەنیا بۆ سوعبەت چەکێکی هەزار یەنی بۆ یەکێکی دی نانێرێ. چەکمەجەی مێزەکەمم کردەوە و هەمووان، دەفرەکە و هەموو شتێکم خستە ناوی.
لەوانەیە لەبەر ئەوە بێ، کە ئەودەم خاوخێزانم خەریك بوو لێك دەترازا. بەڵام بەهاری ساڵەکەی تر دڵم زۆر خۆش نەبوو. ژنەکەم چوار رۆژ بوو نەهاتبۆوە ماڵەوە. مسواکەکەی لە تەنیشت رووشۆرکەکە، وەك بەردینەیەکی لێ هابوو و شەقار ببوو. شیری نێو سەلاجەکە ترشابوو و پشیلەکەش بەردەوام برسیی بوو. هەتاوە کز و بێهەناوەکەی بەهار، بێبەزەییانە لەو شتانەی دەدا. هەر نەبێ تیشکی خۆرەتاو هەمیشە ئازادە. لەوانەیە رێك ئەو شتە بێ کە هاوسەرەکەم دەیگوت: "شەقامێکی دوورودرێژی بنبەست.

١٥
گۆرانییەکە تەواو بوو

هەتا گەڕامەوە شار، مانگی ژووەن بەسەرداهاتبوو.

بیانووەکم لەخۆمەوە هێناوە، بۆ ئەوەی سێ رۆژ ئیجازە وەرگرم و سێ شەممە بە شەمەندەفەرێکی خێرا کەوتمە رێ. بە کراسێکی سپیی قۆلکورتەوە، پانتۆڵێکی کەتانیی کەسك، کە سەرئەژنۆی کاڵ ببوونەوە و پێڵاوی سپیی تەنس و بەبێ کەلوپەلی سەفەر. ئەو رۆژە بەیانییەکەی تەنانەت لەبیریشم نەبوو پاش لەخەوهەستانێ ردێنم بتاشم. یەکەم جارم بوو پاش ماوەیەکی زۆر، پێڵاوی تەنسم لەپێ دەکرد. پاشنەکانیان کۆن و خواروخێچ بوون و بەبێ ئەوەی خۆم ئاگام لێ بێ، لارەولار بەرێدا دەرۆیشتم.

سواربوون لە شەمەندەفەرێکی رێگەی دووردا و بەبێ هەڵگرتنی کەلوپەلی سەفەر، کەیفخۆشی دەکردم. وەك بڵێی، ئەو دەمەی بەبێ فکر و خەم خەریکی پیاسەکردنێ بووم، لە پڕ وەك فڕۆکەیەکی جەنگی، لە شوێن و کاتدا پێوە بووبێم. شوێنێك کە هیچ شتێکی تێدا نەبوو. نە باسوخواسی وەختی پزیشکی ددان بوو و نە کارە خۆڕاییەکانی نێو چەکمەجە و نە کێشە ئاڵۆز و بێبڕانەوەکانی مرۆڤ و نە تکای بەجێگەیاندنی داوایەك. هەموو ئەو شتانەم بە شێوەی کاتی بەجێ هێشتبوو. تاقە شتێکی لەگەڵم بوو، پێڵاوە تەنسەکانم بوو، کە وەك کۆمەڵێك بیرەوەریی ناڕوون لە زەمان و شوێنێکی دی خێرا خێرا لەگەڵ پێم دەهاتن. بەڵام هیچ گرینگ نەبوو. شتێکی وا نەبوو کە شووشەیەك ساردی و بابۆڵەیەك گۆشتی وشك نەتوانێ لەبیرمی بەرێتەوە.

چوار ساڵ دەبوو. چوار ساڵ لەوەپێش بوو کە بۆ گەڕابوومەوە زێدەکەم بۆ ئەوەی کاروباری تۆمارکردنی زەماوەندەکەمان جێبەجێ بکەم. کە دیسان بیرم لێ دەکردەوە، سەفەرێکی چەنێ کەرانە دیار بوو. گرینگ نییە خەڵك بیر لە چی دەکەنەوە. هەر هەموو شتێك کاغەزبازی بوو. ئاخرییەکەی هەموو شتێك، دەچێتەوە ئەوێ. شتێك کە بۆ یەکێك تەواو بووە، بۆ ئەوی تر جێبەجێ و تەواو نابێ. هەر وا سووك و سانا، لەوەودوا رێگەکە دوو رێی جیاوازی لێ دەبێتەوە.

لێرە بەدواوە ئیتر شارێك نەبوو بە نیشتمانی بزانم. شوێنێکم نەبوو بۆی بگەڕێمەوە. ئای لەو ئاسوودەییە. کەس نەبوو بانگم بکا، کەس نەبوو داوای شتێکم لێ بکا.

دووەم قوتووم خواردەوە و نیو سەعاتێك وەنەوزم دا. کە هەستام، تەنانەت سووکەڵەییەکەی یەکەم جاریشم نەمابوو. شەمەندەفەرەکە رۆیشتبوو و، کە دەرۆیشت، ئاسمان رەنگێکی خۆڵەمێشیی باراناویی لێ دەنیشت، کە لە بنیدا، هەر دیمەنە خەفەتهێنەرەکە راخرابوو. گرینگ نەبوو چەندە خێرا دەرۆیشتین، چار نەبوو خەفەت بەربینگی هەر دەگرتی، بەپێچەوانەوە چەندی خێراتر دەرۆیشتین، پتر لە خەفەتدا رۆدەچووین.

ئاخ، سرووشتی خەفەت هەر ئاوەهایە.

لە تەنیشتمەوە، کابرایەکی بیستوچەند ساڵانە دانیشتبوو، لەوانەی لە بازرگان دەچن. نوقمی ڕۆژنامەکەی دەستی ببوو و دەمێك بوو هەر نەدەبزووت. چاکەت و پانتۆڵێکی هاوینیی شینی ئاسمانیی لەبەردا بوو، کە تەنانەت یەك گنجیشی پێوە نەبوو. کراسە سپییەکەی، تازە لە ئوتوو وەرگیرابۆوە. پێڵاوە ڕەشەکانی بریقەیان دەهات.

سەیرێکی بن میچەکەم کرد و جگەرەیەکم داگیرساند. لە زەینی خۆمدا هەموو ئەو ئاوازانەم ڕستە کرد، کە گرووپی بیتلەز تۆماریان کردبوو. بەر لەوەی من بڕۆم حەفتا و سێ ئاواز بوو. لەبیرم نەمابوو چەند گۆرانیی پۆل مەك ئارتنیم لەبەر بوو. ماوەیەك لە پەنجەرەوە سەیری دەرەوەم کرد، دوایی دیسان چاوم لە بنی میچکە بڕییەوە.

دیسان لێرە بووم و گەڕابوومەوە ئەم شارە. زەمان بەتەنیشتمدا تێدەپەڕی. دەساڵی ڕەبەق، بەسەر ئەوەدەمەدا تێپەڕیبوو، کە من لێرە دەژیام. مەودایەکی زۆر بوو. تەنانەت تاقە یەك شتی بایەخداریشم بەدەست نەکەوتبوو، تەنانەت کارێکی بەکارهاتووشم نەکردبوو. هەرچی بوو هەر هەمووی خەفەت بوو.

پێشتر وەزعەکە چۆن بووە؟ بە دڵنیاییەوە شتێکی باش هەر هەبوو. شتێکی وا نەبوو بە ڕاستی هانم بدا. هەر شتێکی بە ڕاستی هانە و ئەنگیزە بە بنیادەم بدا؟ لەوانەیە، بەڵام ئیتر هەموو شتێك ڕابردبوو. لەکیس چووبوو. لەوانەشە چارەنووس وا بووە لەکیس بچێ. هیچم لەدەست نەدەهات، چارم نەبوو جگە لەوەی دەستی لێ بەردەم.

هیچ نەبێ هێشتا زیندوو بووم. ئەگەر سوورپێستی باش، ئەو سوورپێستە بێ وا مردووە، کەواتە چارەنووسم وابوو جارێ هەر بژیم.

بۆچی؟

بۆ ئەوەی هەقایەت بۆ دیواری بەردین بگێڕمەوە؟

ئێستا، هەر وایە.

"ج" نێوچاوانی تێك نا، شقارتەیەکی دایە دەستم و پرسیی: "بۆ لە هوتێل بمێنییەوە، تۆ کە ماڵت هەیە، وانییە؟ بۆ هەر لەوێ نابی؟ گوتم: "ئیترئەوێ ماڵی من نییە." ج هیچی نەگوت.

سێ قاپ خواردن لەپێشم ریز کرابوو، نیوەی پێکەکەم خواردەوە و نامەکانی جەرجەمشکم دایە ج. دەستی بە خاولییەکە خاوێن کردەوە و زۆر خێرا نامەکانی خوێندەوە و پاشان سەرلەنوێ وشە بە وشە بەوردی خوێندنیەوە.

"ئممم، باش و بەکەیف. وا نییە؟"

قومێکی دیکەم خواردەوە و گوتم: "بەڵێ" زیندووە. بەڵام دەزانی، بەر لە هەموو شتێك دەبێ ریشم بتاشم. مووس و سابوونی ردێنت هەیە بە قەرز بمدەیەی؟

لەودیو جامخانەکەوە، کەلوپەلی ریش تاشینەکەی هێنا و گوتی: "بەڵێ، دەکرێ سوود لە ئاودەستەکە وەرگری، بەڵام ئاوی گەرمی نییە."

گوتم: "قەیناکا ئاوی سارد. هەر ئەوەندە ژنێکی سەرخۆش لەسەر عەرزەکە تخێڵ نەبووبێ، چونکە ریش تاشینەکەم لێ ناخۆش دەکا."

بارِەکەی ج تەواو گۆڕابوو.
بارِە کۆنەکەی ج، ژێرزەمینێکی شێداری کۆنەبینایەك بوو لە نزیك جووتسایدەکە. شەوانی هاوینێ کە هەواگۆڕەکە کاری دەکرد، دەیکردە هەڵم و پاش خواردنەوەی چەند قومێك، پیاو کراسەکەی دەخووسا.
ناوە راستییەکەی ج، لەو ناوە چەند بڕگەییە چینییەکان بوو، کە نەدەهاتە سەر زمان. ناوی خوازراوی ج، سەربازەکانی ئەو بنکەیە لێیان نابوو، کە پاش جەنگ لەوێدا کاری دەکرد و ناوە راستییەکەی خۆی زۆر زوو لەبیر چووبووەوە.
ساڵی ١٩٥٤ وازی لە ئیشی بنکە سەربازییەکە هێنا و بارێکی بچووکی کردەوە. یەکەم بارِی ئەو بوو. بارِەکە زۆر زوو پەرەی گرت. زۆربەی مشتەرییەکان هیپی زانکۆ و ئەفسەرە خۆبەخشەکانی هێزی ئاسمانی بوون و کەشێکی ناخۆشی نەبوو. پاش ئەوەی بارِەکە کرایەوە، ج ژنی هێنا، بەڵام پێنج ساڵ دواتر ژنەکەی مرد. ج قەت باسی ئەوەی نەدەکرد ژنەکەی بەچی مرد.
ساڵی ١٩٦٣ کە جەنگی ڤێتنام گەرمدا هات، ج بارِەکەی فرۆشت و باری کرد بۆ شوێنێکی دوورتر، کە زێدەکەی من بوو. لەوێ دووەمین بارِی کردەوە.
لە بارەی ج، هەر ئەوەندەم دەزانی پشیلەیەکی هەیە، هەموو رۆژێ پاکەتێك جگەرە دەکێشێ و قەت مەشرووب ناخواتەوە.
لەمەودوا تا جرجەمشکەکەم ناسی، هەر بەتەنێ دەچوومە بارِەکەی ج. قوم قوم دەمخواردەوە. جگەرەم دەکێشا و دراوی ئاسنم دەخستە نێو قەوانە دراوییەکەوە. ئەو دەم زۆربەی کات بارِەکەی ج چۆڵ بوو، بۆیە لە پشت جامخانەکەوە دادەنیشتم و لەگەڵ ج باسی هەموو شتێکمان دەکرد، بەڵام لەبیرم نەماوە بە راستی باسی چیمان دەکرد.
کورێژگەیەکی دواناوەندیی حەڤدە ساڵانە و شەرمن، چ قسەیەکی لەگەڵ پیاوێکی ژن مردوی چینی هەیە؟
هەژدە ساڵان بووم کە جرجەمشکەم لێ پەیدا بوو. لە بارِەکە لە جێی من دادەنیشت و دەیخواردەوە. پێنج ساڵ لەوەپێش کە جرجەمشك لەو شارە رۆیشت، کەس نەبوو جێی بگرێتەوە. شەش مانگ دواتر کە شەقامەکانیان بەرینتر کردەوە، ج ناچار بوو دیسان جێی دووکانەکەی بگۆڕێ و دووەم بارِەکەی ج دیسان پتر خرایە پەراوێزەوە.
بارِی سێهەمی ج، چارەگە مایلێك لەولای رووبارەوە بوو. لە شوێنەکەی جارانی گەورەتر نەبوو، بەڵام لە نهۆمی سێیەمی بینایەکی چوارنهۆمی تازەدا بوو و، ئەسانسۆری هەبوو. کە سواری ئەسانسۆر دەبووم بچمە سەرێ، هەستم

دەکرد ڕێم ون کردووە. کە لەو سەرەوە، لە پشت جامخانەکەوە سەیری تیشکی چراکانی شارم دەکرد، هەر ئەو هەستەم هەبوو.

شوێنە تازەکە پەنجەرەی گەورەگەورەی بەرەو لای ڕۆژئاوا و باشوور هەبوو، کە دەیانڕوانییە زنجیرەیەك گرد و ناوچەیەکی دەریایی، کە پێشتر لەوێ بوو. لە چەند ساڵی رابردوودا، دەم دەریاکە ڕێك خرابوو و بینای گەورەگەورەی وەك ریزە کێل،، کیلۆمەتر و نیوێکی لێ داگرتبوو.

گوتم: "خۆ ئەوێ جاری جاران ئاو بوو."

ج گوتی: "بەڵێ."

بۆ مەلەکردنێ زۆر دەچوومە ئەوێ.

چەرخێکی بێ مارکەی بەرەو ئەو جگەرەیە برد وا بە لێوییەوە بوو و، گوتی: "بەڵێ، گردەکانیان ڕێك کرد، بۆ ئەوەی بیانکەنە خانوو و، زبڵ و زاڵەکەیان کردە دەریاوە، بۆ ئەوەی زەوییەکان ڕێك بکەن. پاشان چوون و ئەوانەشیان دروست کرد و پێیان وایە کارەکەیان بێ عەیب و کەمایەسییە."

خواردمەوە. بڵندگۆکانی بەرمیچەکە دوایین بەرهەمی بۆز سکاگزیلت بڵاو دەکردەوە. ئەوەندەی چاوم هەتەری دەکرد، قەوانی سکەدراوی لێ نەبوو. دەکرێ بڵێم هەموو مشتەرییەکان ئەو ژن و مێردە قوتابییانە بوون، کە جلوبەرگی کەشخە و جوانیان لەبەر کردبوو و بەئەدەبەوە قوم قوم دەیانخواردەوە. بنیادەمی شەڕاشۆی لێ نەبوو. دەکرا مەزەنە بکەی، وەختێ ئەو قوتابییانە دەچنەوە ماڵێ، پیژامەکانیان لەپێ دەکەن و مسواك لە ددانیان دەدەن و یەکسەر دەچنە نێو جێوبانی خەوەوە. کارەکەیان هیچ عەیبی نەبوو. باش و ڕێکوپێك و تایبەت. لە بارێکدا و لە ئاستێکی گەورەتردا لە هەموو دنیا، شتێك نییە دەسنیشانی بکات کە بارودۆخ دەبێ بەپێی ڕەوتێکی دیاریکراو هەڵسووڕێ.

چاوم هەروا لەسەر ج هەڵنەگرتبوو.

کەواتە هەموو شتێك گۆڕاوە و تۆ ئەوەت پێ ناخۆشە.

گوتم: "نا، زۆر نا، هەر نارێکییەکان گۆڕاون. زەڕافە لەگەڵ ورچ کڵاوەکەی گۆڕیوەتەوە و ملپێچی ورچ و کەرەکێوی گۆڕدراوە."

ج پێکەنی: "هەروا هاتووە و واش دەبێ."

گوتم: "زەمانە گۆڕاوە. زۆر شت گۆڕاون. بەڵام دواجار ئاوایە کە هیچ کێشەیەك لە ئارادا نییە. هەمووان جێگۆڕکێیان کردووە، گلەییەك نییە."

ج هیچی نەگوت.

پەرداخەکەم پڕ کرد. ج جگەرەیەکی دیکەی داگیراند.

پرسیی: "ژیانت چۆنە؟"
"خراپ نییە."
"ژنەکەت چ دەکا؟"
"ئەگەر راستیت دەوێ نازانم. خۆت دەزانی بار و گوزەرانی نێوان دوو کەس چۆنە. جار هەیە پێم وایە هەموو شتێك بەباشی دەچێتە پێشەوە و، جاریش هەیە وا نییە. ژیانی خێزانی هەر وایە ئیتر."
بە قامکەتووتەی سەری لووتی خوراند و گوتی: "دەی باشە، لەوانەیە. زۆر لەوەپێش بوو. ئیتر لەبیرم نەماوە ژیانی ژن و مێردایەتی چۆنە."
"ئەی پشیلەکە؟"
"چوار ساڵ لەوەپێش مرد، رێك پاش ئەوەی تۆ ژنت هێنا. ریخۆڵەی خرا بوو... بەڵام زۆر و باش ژیا. دوازدە ساڵ ژیا. زۆر لە ژیانی من و ژنەکەم زیاتر بوو. دوازدە ساڵ، تەمەنێکی بچکۆلانەی خراپ نییە، نا؟"
"نا، پێم وا نییە."
"لەسەر ئەو گردە، گۆڕستانێکی ئاژەڵانی لێیە. پشیلەکەم لەوێ ناشت. گردەکە دەڕوانێتە بینا بەرزەکان. لە هەموو لاوە بینا بەرزەکان دیارن. دیارە بۆ پشیلە، فەرقێکی وای نییە."
"دڵت توند بوو؟"
"بەڵێ، بەڵام نەك وەك ئەوەی بنیادەمێك مردبێ، پێکەنینییە، وایە؟"
سەرم لەقاند.
ج رۆیشت خواردنەوەیەکی باش و زەلاتە بۆ مشتەرییەك بێنێ. هەر لەو دەمەدا من لە سەر جامخانەکە، گەمەم بە پازڵە سکاندیناڤییەکە دەکرد. دەبوایە پارچەکانی لەتەنیشت یەك دابنێیەوە. پازڵەکە وێنەی سێ پەپوولە بوو، کە هەمووان لە دەفرێکی شووشەییدا و لە کێڵگەیەکی وێنجەدا دەفڕین. پاش دە خولەك پاشگەز بوومەوە و وازم لێ هێنا.
ج هاتەوە و پرسیی: "منداڵت نییە؟ ئاگادار بە، ئەم تەمەنە بۆ منداڵبوون باشە."
"حەزم لە منداڵ نییە."
"هەر بەراست؟"
"مەبەستم ئەوەیە، بۆ یەکێکی وەك من وایە، هەر نازانم ئەگەر منداڵم بوایە دەبوو چ بکەم؟"
بێدەنگ پێکەنی و تۆزێکی دیکەی لە پەرداخەکەم کرد و گوتی: "تۆ هەمیشە بیر لە شتی سەیروسەمەرە دەکەیەوە."

"نا، مەسەلە ئەوە نییە، مەبەست ئەوەیە کە هەر نازانم ئەو کارە، واتا دروستکردنی ژیانێکی نوێ کارێکی دروستە یان نا. منداڵ گەورە دەبن. نەوەکانی دوایی جێیان دەگرنەوە. ئەوە بەکوێ دەگا؟ دەگاتە ئەوەی گردۆلکەی دیکە رێك بکەن و دەریاکان پتر پڕ بکەنەوە؟ ترۆمبێلی خێراتر بێن و پشیلەی زیاتر وەبەر بدەن. ئەوە کامە بنیادەمە شتی وای دەوێ؟"

"ئەوە هەر بەشی ناخۆشی شتەکەیە. شتی باشیش دێتە پێشێ. بنیادەمی باش دەتوانن کاری باش بکەن."

گوتم: "هەر بەراست چەند دانەیەکیان بڵێ."

بیری کردەوە و پێکەنی: "نەوەی منداڵەکانی تۆ دەبێ ئەو بڕیارە بدەن، نەك تۆ. نەوەی تۆ..."

"ئەودەم هەموو شتێك چارەسەر دەبێ؟"

ج گوتی: "بە بارێکدا بەڵێ."

"گۆرانیەکە تەواو دەبێ، بەڵام ئاوازەکە نابڕێتەوە."

"تۆ هەمیشە بە شێوەیەکی تایبەت قسەکانت دەکەی."

گوتم: "هەر خۆم هەڵدەکێشم."

سەعات نۆ بوو، کە بارەکەی ج وردە وردە پڕ دەبوو، هەر بۆیە ماڵاوایيم لێ کرد و هاتمە دەرێ. چەند جێیەکی ردێنم کە بەئاوی سارد تاشیبووم، هێشتایش دەکزاوە. لەوانەیە لەبەر ئەوە بووبێ، کە پاش تاشینەکەی لەبری کرێم، ئاوی لیمۆکەم لێ دابوو. ج دەیگوت، وەك ئەو کاری لێ دەکا، بەڵام ئیتر دەموچاوم بۆنی ساردیی لێ دەهات.

لەگەڵ ئەوەدا کە ئاسمان وەك هەمیشە گیرابوو، شەوەکە چاوەڕوان نەدەکرا هێندە گەرم بێ. شنەیەکی شێدار نەرم نەرم لە باشوورەوە دەهات. وەك هەمیشە بوو. بۆنی دەریا نیشانەی بارانی پێوە بوو. جڕوجانەوەر بە درێژایی رووبارەکە لە نێو گژوگیادا جیك و فیکیان بوو. هەرچی هەبوو، بەرامە و بۆنێکی جارانی لێ دەهات. دەتگوت، ئێستا نا تاوێکی دی دەبارێ. باران کە دای کرد، ئەوەندە ورد دەباری، کە هەر نەتدەزانی ئاخۆ بارانە یان نا، بەڵام تەواو خووسام.

تەنیا دەمتوانی لە بەر تیشکە سپییەکەی چرا جیوەییەکانی شەقام، رووبارەکە ببینم. ئاوەکەی وەك جاران خاوێن بوو. رێك لە گردەکانەوە دەهات و هیچ شتێکی وای لەبەردەم نەبوو پیسی بکات. رووبارەکە لەبەر ئەو چەو و وردکەبەردانەی لە گردەکانەوە رایدابوون و هێنابوونی، قوڕاو ببوو و لەمبەرەوەبەرەوە وردە ئاوهەڵدێری دروست کردبوو. لە بەر لووزەوی هەر تاڤگەیەکیشدا گۆمێك دروست بوو، کە وردە ماسیی تێدا کۆ ببوونەوە.

لە بەشە وشکەکان، هەموو رووبارەکە نێوماڵە لمینەکەدا وشك دەبوو و تەنیا کلکەیەکی باریکی سپی و شێداری لەخۆی بەجێ دەهێشت. چەند ساڵان لەمەوبەر، بەدەم پیاسەکردنەوە هەتا سەرچاوەکەی بەدووی ئەو کلکەیەدا دەچووم تا بزانم رووبارەکە چووەتە کوێ.

جادەی دەم رووبارەکە یەکێك بوو لەو شوێنانەی پێم خۆش بوو. شان بە شانی رەوتی ئاوەکە دەڕۆیشتم. گوێم لە هەناسەکانی دەبوو. رووبارەکە زیندوو بوو. ئەو رووبارە هەر ئەوە بوو، کە دەبوایە لەبەر خاتری دروستکردنی شارەکە ئەمەگداری بین. لەبەر ئەوەی لە درێژایی هەزاران سالّدا تەپۆلّکەکانی هاڕیبوو. خۆلّ و خاکەکەی رادابوو و دەریاکەی پڕ کردبۆوە و بووە هۆی ئەوەی دارەکان شین ببنەوە و هەلّ بدەن. شارەکە هەر لەودەمەوە هیی رووبارەکە بوو و هەر واش دەبێ.

لەبەر ئەوەی وەرزی باران بوو، رووبارەکە بەردەوام دەگەیشتەوە دەریا. ئەو دارانەی لە دەم رووبارەکە چەقێنرابوون، بۆن و بەرامەی گەلاّ و چرۆی تازەیان دەدا و، دنیا بۆنی شینایی گرتبوو. ئێوارەیەك بوو، وەك هەموو ئێوارەکانی سەرەتای هاوین. ژن و پیاو دەست لە ناو دەست پیاسەیان دەکرد، پیرەکان سەگەکانیان دەگێڕا و منداڵی دواناوەندی بە ماتۆڕ دەگەڕان و جگەرەیان دەکێشا.

چوومە دووکانێك و دوو قووتوو ساردیم کڕی و لە دەفرێکی کاغەزیم خستن و بردمنە دەم دەریا. ئەو شوێنەی رووبارەکە دەمی بە دەریاوە دەنا، دەبووە کەنداوێکی بچووك یان دەکرێ بلّێین ئاوەڕێییەکی ناتەواو. ئەو پەنجا مەترە، تاقە بەشی بەرینی دەم زەریاکە بوو، کە شەقلّی نەشکابوو. تەنانەت بەشێك لە بەستێنە کۆنەکەش هەر مابوو. وردە شەپۆل دەهاتن و وردە دار و پووش و ئاومالّکیان بەجێ دەهێشت. لە ئەسکەلە چیمەنتۆیەکەدا، کۆمەلّێك کۆنەبزمار و نووسراو مابوونەوە کە بە سپرا نووسرابوون.

ئەگەر گوێت نەدابایەتە ئەوەی کە دیوارە کۆنکرێتەکان دە مەتر بەرز، بەستێنی دەریاکەیان گرتووە و تا چەند کیلۆمەتر کشاون و دەریاکەیان توند گرتووەتە ئامێزی خۆیانەوە و، ئەو بینا بەرزانەی دەوراندەوری دەریاکەیان داگرتووە، ئیتر پەنجا مەتری بەستێنێکی باش و بەجێ بوو. پەنجا مەتری دەریا. باقی بەستێنەکەی دیکە، چووبووە مێژووەوە.

لە رووبارەکە دوور کەوتمەوە و لە درێژایی جادەکەی بەستێندا، بەرەو رۆژهەلاّت کەوتمە ڕێ. ئەسکەلە کۆنەکە، بە سەرگەردانی هێشتایش لەوێ بوو. دیارە ئیتر ئێستا ئەو ئەسکەلە بەبێ زەریایە، شتێکی سەیروسەمەرە دیار بوو، ڕێك لەو شوێنە راوەستام، وا هەمیشە لەوێوە سەیری دەریام دەکرد. چووم و لەسەر ئەسکەلەکە دانیشتم و خواردمەوە. ئای لەو دیمەنە. لە بری ئۆقیانووس، تا چاو بڕی دەکرد ببووە زەوی و بینای لێ دروست دەکرا. کۆمەلّگەی بێ ناونیشان و ئەپارتمان، کۆمەلّێك بناغە و کۆلّەکەی لەرزۆك بۆ دروستکردنی گەڕەکێك.

شەقامە قیرکراوەکان بە نێو کۆمەلّێك کۆمەلّگەدا کێشرابوون، وێستگەیەکی پارکینگی سەیارە لێرە و وێستگەیەکی پاس لەوێ. بەنزینخانە و پارکێکی گەورە و ناوەندێکی کۆمەلاّیەتیی تایبەت. هەموو شتێك تازە و دەستکرد بوو. لایەك ئەوکۆگا خۆلاّنەی لە گردەکان هەلّگیرابوون بۆ ئەوەی بۆ ئامادەکردنی زەوی و زار کەلکیان لێ وەرگرن، نزیك لەو شوێنانەی وا بەشێك نەبوون لەو گەلاّلّە گەورەیە و گژ و گیایان لێ هەستابوو، زۆر کاول و خەفەتهێنەر بوو.

لایەکی دیکە، ئەو دارە بچووکە متوربەکراوە بێ گیانانە و چەند بەشێکی بەچیمەن داپۆشراو. هەموو هەوڵە دەستکردەکانیان خستبووە گەڕ بۆ ئەوەی لێك بکاڵێنەوە.

بێتاقەتی کردم.

بەڵام چ دەکرا؟ گەمەیەکی تازە بوو بە یاسای نوێوە، کە ئیتر کەس نەیدەتوانی رایگرێ.

قووتە بەتاڵەکانم بەرەو زەویە تازەکە، ئەو شوێنەی جاری جاران دەریابوو، تووڕ هەڵدا و سەیرم کردن، لە دەریایەك گژ و گیادا کە بەدەم باوە کەروێشکەیان دەکرد، بزر بوون. ئیتر جگەرەیەکم پێ کرد.

خەریك بوو دوا مژ لە جگەرەکەم بدەم، کە سەیرم کرد پیاوێك بە چرایەکەوە بەرەو لام دێ. چل ساڵان دیار بوو. کراس و پانتۆڵێکی خۆڵەمێشی لەبەر و پێڵاوی خۆڵەمێشی لە پێدا بوو. پێدەچوو پاسەوانی ئەو ناوچەیە بێ.

کابرا گوتی: تۆ ئێستا شتێکت فڕێ دا، وایە؟

"بەڵێ، شتێکم تووڕ دا."

"چیت فڕێ دا؟"

"قوتوویەکی خڕ."

پاسەوان نێوچاوانی تێك نا: "بۆچی فڕێت دا؟"

"هەر وا. دوازدە ساڵە ئەو شتانە فڕێ دەدەم. ئەو کات لەسەر یەك دوو بەستەم فڕێ دەدا و کەس هیچی نەدەگوت."

پاسەوانەکە گوتی: "ئیتر ئەودەم نەما. ئیتر ئێستا ئەم ناوچەیە سەر بە شارە و فڕێدانی زبڵ و زاڵ لێرە شکاندنی یاسایە."

تفەکەی زارمم قوت دا. چونکە کتوپڕ شتێك لە ناخمدا لەرزی و راوەستا. گوتم: "بەڵێ راست دەکەی."

گوتی: "ئەوە یاسایە."

ئاخم هەڵکێشا و پاکەتی جگەرەکەمم لە گیرفانم دەرهێنا.

"ئەی جا دەبێ چ بکەم."

"باشە، زۆر تاریکە و خەریکە دایدەکاتە باران و ناکرێ پێت کۆ بکەمەوە. کەواتە پیاوەتی بکە و شتی دیکە فڕێ مەدە."

گوتم: "باشە فڕێ نادەم، شەو شاد."

پاسەوان بەدەم دوورکەوتنەوەوە گوتی: "شەو شاد."

لە ئەسکەلەکەدا راکشام و چاوم بڕییە ئاسمان. وەك چۆن کابرا گوتی، باران خەریك بوو دایدەدا. جگەرەیەکی دیکەم داگیرساند و بیرم لە هەڵسوکەوتی خۆم لەگەڵ پاسەوانەکە کردەوە. دە ساڵ لەوەپێش زۆر توندتر وەڵامی شتی ئاوام دەداوە. لەوانەشە وا نەبوایە. دەی باشە، چ فەرقێکی هەبوو؟

دیسان بەرەو جادەی دەم رووبارەکە گەڕامەوە بۆ ئەوەی تاکسییەکم دەست بکەوێ. باران ورد ورد دەباری. گوتم:
"بچۆ هوتێل."
شۆفێرەکەی پرسیی: "بۆ سەیران هاتوویە ئێرە؟"
"بەڵێ."
یەکەم جارتە دێیە ئێرە؟"
گوتم: "دووەم جارمە."

ژنە ساردییەکەی دەخواتەوە و
باسی دەنگی شەپۆلەکان دەکا.

گوتم: نامەیەکم بۆ هێناوی؟"
گوتی: "بۆ من؟"
دەنگەکە زۆر خراپ دەهات، هەر بۆیە ناچار بووین دەنگ هەڵێنین و هاوار بکەین. دەی، کە هاواریش دەکەیت، ئیتر کەفوکوڵەکەت بە وردی و جوانی ناگاتە بەرامبەرەکەت. وەك ئەوە وایە یەخەی کراسەکەمان هەڵکێشابێ و لە سەر گردێکەوە بەرەو با قسە بکەین.
"دیارە نامەکە رووی قسەی لە منە، بەڵام جۆرێکیش پێدەچێ زیاتر بۆ جەنابت نووسرابێ."
"هەر بەراست وایە؟"
گوتم: "بەڵێ بەراستی وایە."
هەر ئەو قسەیەم کرد، لێم روون بووەوە، ئەو قسە گەمژانەیە وا زوو هیچی لێ شێن نابێتەوە.
چرکەیەك قسەی نەکرد، ئیتر پێوەندییەکە روونتر بۆوە.
"نازانم لەگەڵ جرجەمشك چیتان لە نێوان رابوردووە. بەڵام ئەو داوای لە من کرد چاوم پێت بکەوێ. هەر بۆیەیش تەلەفۆنم کرد. پێم وایە، وا باشترە ئەم نامانە بخوێنییەوە."
"یانی هەر لەبەر ئەوەندە، لە توکیۆوە بۆ ئەوەندە هاتوویە ئێرە؟"
"بەڵێ."
"کۆخی، داوای لێبوردنی کرد و گوتی: "لەبەر خاتری دۆستایەتییەکەت لەگەڵ جرجەمشکەکە؟"
"پێم وایە."
"بە رای تۆ، بۆچی نامەکەی بۆخۆم نەنووسیوە؟"
شتێکی وەرگرتبوو، راستگۆیانە گوتم: "نازانم."
"منیش نازانم، یانی پێم وایە هەموو شتێك تەواو بووە، وا نییە؟"
زەینم بۆ هیچ نەدەچوو. هەر ئەوەشم بەو گوت. لە هوتێل لەسەر نوێنەکەم لێی راکشام. تەلەفۆنەکە بە دەستمەوە بوو. سەیری میچەکەم دەکرد. پێم وایە دەکرێ لە تەرکی دەریادا راکشێی و ماسییەکان بژمێری. دەبوایە چەند دانەیەکیان بژمێرم، بۆ ئەوەی بتوانم بڵێم کارەکە تەواو بووە."
گوتی: "پێنج ساڵ لەوەپێش بوو ون بوو. ئەو کات من تەمەنم بیستوحەوت ساڵ بوو."

دەنگی، دەتگوت زایەڵەیەکە و لە بنی بیرێکەوە دێ. گوتی: "لەو پێنجساڵەدا زۆر شت گۆڕاوە."

"تەنانەت ئەگەر هیچ شتێکیش نەگۆڕابایە، من هەر نەمدەتوانی ئاوا لە مەسەلەکە بڕوانم. بڕوام هەر نەدەکرد. نەمدەتوانی لە هیچ کوێ خۆم ئاشکرا بکەم. کەواتە، ئەوەندەی پێوەندیی بە منەوەیە، هەموو شتێك سەرلەبەر گۆڕدراوە."

گوتم: "لێت تێدەگەم."

تاوێك بێدەنگ بووین.

ئەو بوو بێدەنگییەکەی شکاند و پرسیی: "دواجار کە دیتت کەی بوو؟"

"بەهاری پێنج ساڵ لەوەپێش، رێك بەر لەوەی هەستێ و بڕوا."

"هیچی پێ نەگوتی: مەبەستم ئەوەیە لەبارەی ئەوەی کە بۆچی لێرە دەڕوا...؟"

"نا."

"کەواتە، لای تۆیش دەنگی نەکرد و رۆیشت؟"

"بەڵێ."

"چیت بە زەیندا هات، مەبەستم ئەو دەمە."

"سەبارەت بەوەی هەستا و ئاوا رۆیشت؟"

"بەڵێ."

لە جێوبانەکەم هاتمە دەرێ و پاڵم بە دیوارەکەوە دا و، گوتم: "باشە، پێم وانەبوو لەگەڵ منیش وا دەجووڵێتەوە، بە دڵنیاییەوە، چەند مانگ دواتر پەشیمان دەبێتەوە و، دێتەوە."

"بەڵام نەگەڕاوە."

"نا، نەهاتەوە."

ئەوبەری هێڵەکە تاوێك درەنگتر دەگەیشت.

ژنە پرسیی: "ئێستا لە کوێ نیشتەجێی؟"

ناوی هوتێلەکەمم پێ گوت.

"سبەی سەعات پێنج لەوێ دەتبینم. هۆڵی قاوەخواردنەوە، لە نهۆمی هەشتەم. باشە؟"

گوتم: "باشە. من کراسێکی سپیی ئاساییم کردە بەرم و پانتۆڵێکی کەتانیی خۆڵەمێشیم لە پێ کرد. قژم کورتە و..."

زۆر بەکەیف قسەکەی پێ بڕیم و، گوتم: "تێگەیشتم." ئیتر دایخستەوە.

تەلەفۆنەکەم لە جێی خۆی داناوە. مەبەستی چ بوو گوتی تێگەیشتم؟ من تێ نەگەیبووم، بەڵام هەرچۆنێك بێ، زۆر شت هەیە، کە هیچیان لەسەر نازانین. بە دڵنیاییەوە، چوونەسەری تەمەنیش، زیرەکییەکی وای بەمن نەبەخشیوە. وەك چۆن نووسەرێکی رووسی گوتوویەتی، بنیادەم لەوانەیە لە رووی کەسایەتییەوە بگۆڕدرێ، بەڵام دواکەوتوویی شتێکی نەبڕاوە و هەمیشەییە. رووسەکان زۆر پەندی پێشینیانیان هەیە، لەوانەیە بە درێژایی زستان هەر بیر لەو پەندانەیان بکەنەوە.

حەمامم کرد. سەروقژم، ـــ کە لەبەر بارانێ خووسابوو ـــ شوشت و، خاولییەکم لە قەدم پێچا. سەیری فیلمێکی ئەمریکیی کۆنم کرد، کە باسی ژێردەریاییەکی دەکرد. چیرۆکەکە ئاوا بوو، کە پاپۆڕەوانەکە و یەکەم جێگرەکەی بەردەوام ملیان لەبەر ملی یەك دەنا. ژێردەریاییەکە زۆر کۆن بوو. یەکێکیش زراوی لە شوێنی داپۆشراو چووبوو، بەڵام هەموو ئەو شتانە نەبوونە هۆی ئەوەی هەموو شتێك بەخێر و خۆشی تەواو نەبێ. لەو فیلمانە بوو، کە "دواجار هەموو شتێ بەخێر و خۆشی دەبڕێتەوە و، کەواتە شەڕ شتێکی خراپ نییە". هەر لەم رۆژانەدا فیلمێك دروست دەکەن، کە تێیدا لە جەنگێکی ناوکیدا جووقەواری بەشەر دەبڕێتەوە، بەڵام دواجار هەموو شتێك بەخێر و خۆشی تەواو دەبێ.

تەلەفزیۆنەکەم کوژاندەوە. چوومە سەر جێیەکەم و پاش دە چرکە خەوم لێ کەوت.

ئەو بارانە وردەی دەباری، هەتا سەعات پێنجی سبەی بەیانی خۆشی نەکردبۆوە. چوارپێنج رۆژ بەر لە بارانەکە، ئاسمانە ساو و ساماڵەکەی هاوین، هەمووانی خەڵەتاندبوو، کە ئیتر وەرزی باران بەسەرچوو. لە پەنجەرەی نهۆمی هەشتەمەوە، شوێنێك نەمابوو تەڕ نەبێ و لای خۆرهەڵاتی شارێگەکە، هەتا چاو هەتەری دەکرد، ترافیك بوو.

پاش ئەوەی ماوەیەکی زۆر لەو شتانە ورد بوومەوە، ئەوان وردە وردە لە بارانەکەدا توانەوە. هەر بەراستی هەموو شتێك لە شارەکەدا خەریك بوو دەتواوە.

هەرهەموو شتێك، شەپۆل شکێن، بارهەڵبڕ (تادانۆ)، ریزی بیناکان، روخساری بن چەترە رەشەکان، تەنانەت چیمەن و شینکەش لە سەر گردەکانەوە لووزەویان بەستبوو. بەڵام چەند چرکەیەك کە چاوم داخست و دیسان هەڵمهێناوە، شارەکە وەك پێشوو لەجێی خۆی بوو. شەش بارهەڵبڕ(تادانۆ) لە نێو تەمومژەکەدا دەرکەوتن. شەمەندەفەرکان وەك تازە ماتۆڕەکانیان داگیرساندبێ، بەرەو خۆرهەڵات دەڕۆیشتن و، دەستەی چەترەکان لە شەقامی دووکانەکاندا بەملاوئەلادا دەڕۆین و گردە بژوێنەکان، بارانی مانگی ژوونیان هەڵدەمژی.

لە بەشێکی خەفەت لێنیشتووی هۆڵی قاوەکەدا، ژنێك کە تەنوورەیەکی پەمەیی لەبەردا بوو، لەبەردەم پیانۆیەکی گەورەی شینی ئاسمانی دانیشتبوو و ئاوازی تایبەتی هۆڵی قاوەکەی دەژەنی، کە پڕ بوو لە نۆتەی پەیتاپەیتا و زەرب و وچان. سەرەڕای ئەوەی بەر لەوەی دوا نۆتەی هەر ئاوازێك لێ بدات، دەنگی ئێکۆی نەدەهات، دیسانیش ئاوازەکان ناخۆش نەبوون.

سەعات لە پێنج لایدا بوو و ژنە هێشتا نەگەیشتبوویێ. دووەم کووپی قاوەم خواردەوە و لەبەر ئەوەی هیچ کارێکی دیکەم نەبوو بیکەم، بە سەیرکردنی پیانۆژنەکەوە خۆم خەریك کرد. تەمەنی بیست ساڵێك دەبوو و، قژی کە دەگەیشتە سەر شانی، دەتگوت خامەی سەر کێکە و رازێنراوەتەوە. قژی لەگەڵ هەر زەربێکدا، گەش گەش بەملاولادا دەکەوت و کە دەگەیشتە کۆتایی، لە پشتەوەڕا خۆی دەهاویشتە پێشەوە ئیتر ئاوازێکی دیکە دەستی پێ دەکرد.

ئەو کیژۆڵەی دەخستەوە بیرم، کە لە پۆلی سێیەمدا پێکەوە دەچووین فێری پیانۆ بین. ئێمە هاوتەمەن و هاوپۆل بووین. جاری وابوو پێکەوە پرۆڤەمان دەکرد، بەڵام نە ناوەکەیم لەبیر ماوە نە قەد و قەڵافەتیشی. تاقە شتێکی لە زەینمدا ماوەتەوە، دەستە بچووك و بزرکاوەکانی و قژە جوانەکەی و جلە کولکنەکەی بوو.

تێگەیشتن لە شتی ئاوا تووشی دڵەڕاوکێت دەکا. ئاخۆ من ئەوم لە دەست و قژ و جلەکانی دابڕیبوو. ئاخۆ پاشماوەی ئەو، هێشتایش لە شوێنێکی دیکە بەسەربەخۆیی دەژیا؟ خۆ دیارە وا نەبوو. دنیا بەبێ منیش ئاخر نابێ. بنیادەمەکان بەبێ ئەوەی بێنە بەشەکەی منەوە * ، بە شەقامەکەدا رادەبردن. قەڵەمە نووکتیژەکان، بە خێرایی پەنجا مەتر لە چرکەیەکدا لە خۆراواوە دەچنە خۆرهەڵات و هۆڵی قاوەکە پڕ دەکەن لەو ئاوازانەی تا ئەوپەڕی پووچی پاڵێوراون.

دنیایش. دنیا هەمیشە ئەم فیل و کیسەڵانەم بیر دەخاتەوە، کە ماندووبینەناسانە لاپەڕێکی گەورەیان راگرتووە. فیلەکان هیچ ئاگایان لە کار کیسەڵ نییە و، کیسەڵیش نابینێ فیلەکان خەریکی چین. هیچ کام تۆزێکیش چییە ئاگایان لەو دنیایە نییە کە لەسەر پشتیانە.

لە پشتەوەڕا دەنگی ژنێك هات: "ببوورە لە چاوەڕوانیدا رامگرتیت. کارەکەم زۆری خایاند، نەمدەتوانی زووتر بێم."

"گرینگ نییە، قەیناکا ئەمڕۆ کارێکی وام نەبوو بیکەم."

کلیلەکانی لەسەر مێزەکە دانا و، بەبێ ئەوەی زەحمەتی ئەوە بداتە خۆی سەیرێکی من بکا، داوای ئاوی پرتەقاڵی کرد. بۆت لێك نەدەبۆوە تەمەنی چەندە. ئەگەر لە پشت تەلەفۆنەوە نەیگوتبایە تەمەنم چەندەیە، لەوانەبوو نەمزانیبا. ئەگەر گوتبای سی و سێ ساڵانە، سی و سێ ساڵان دەهاتە بەرچاو و، ئەگەر گوتبای بیستوحەوت ساڵانە، وات دەزانی ئەوەندەیە کە گوتوویەتی."

سەلیقەی جلوبەرگپۆشینەکەی پوخت و باش بوو. پانتۆڵە کەتانییەکەی سپی و فش بوو، کراسە شەترەنجی و نارنجییەکەی، کە قۆڵی هەتا ئانیشکی هەڵکردبوو و، جانتاکەی شانیشی کە هیچ تازە نەبوو، بەڵام هەر هەموان ورد

* وەك ئەوەی بڵێی: بنیادەمەکان بێ ئەوەی قسمەت و رۆزیی من بخۆن...

و جوان راگیرابوون. ئالّقە یان ملوانکە و بازنە و گوارەی نەبوو، قژە چەترئاساکەی کە کورت بوو، بەلایەکدا داهێنابوو.
ئەو چرچولۆچەی بە گۆشەی چاوییەوە بوو، دەتگوت هەر زگماك هەیبووە، نەك چوونەسەری تەمەن چرچی کردبێ. تەنیا لە چرچە باریك و ناسکەکەی ملییەوە کە لە دووگمەی یەخەیەوە دیار بوو، دەکرا بزانی تەمەنی چەندەیە. پیرێتی زۆر زوو بەرۆکی بنیادەمەکان دەگرێ و، ئەم پیریەیش وەك ئەو پەلانەی ناشۆردرێنەوە، وردە وردە هەموو گیان دەتەنێتەوە. غیرەتم نایە بەرخۆم و گوتم: "کاری چۆن؟"
"کاروباری نەخشەکێشان لە نووسینگەی تەکنیکی. زۆر لەمێژە لەوێ کار دەکەم."
قسەمان نەما: لەسەرخۆ جگەرەیەکم دەرهێنا و دامگیرساند. پیانۆژەنەکە، دەستی لە ژەنین هەلگرت. سەرپۆشی پیانۆکەی داداوە و، بۆ پشوودان چووە جێیەك. ئیرەییم پێ برد.
پرسیی: "لە کەیەوە هاورێ بوون؟"
"پێم وایە یازدە سالّ، ئەی تۆ؟"
دەسبەجێ وەلامی داوە: "دوو مانگ و دە رۆژ. لەو رۆژەوە وا یەکمان دیت هەتا ون بوو، دوو مانگ و دە رۆژی خایاند. لەبەر ئەوە لەبیرم ماوە."
ئاوپرتەقالّەکە گەیشت و کووپە قاوەکەی منیان برد.
"پاش ئەوەی بزر بووو، سێ مانگی رەبەق چاوەرێ مام. دیسەمبەر، جانیوەری و فێبریوەری. ساردترین دەموساتی سالّ بوو. زستانی ئەوێ سالّێ زۆر سارد بوو، نا؟"
سەرەڕای ئەوەی سەرمای زستانەکەی پێنج سالّ پێش، هەر دەتگوت ئاووهەواکەی دوێنێیە، گوتم: "لەبیرم نییە."
"قەت وا بووە ئاوا چاوەڕوانی ژنێك بی؟"
گوتم: "نا."
"لەسەر ئەوەی چاوەڕێی یەکێك بی، هەلّوەستەیەك دەکەی و، پاش تاوێك ئیتر گرینگ نییە چ دەقەومێ. مانگێك یان پێنج سالّ یان دە سالّ، ئیتر گرینگ نییە، هەمووی وەك یەکە."
سەرێکم لەقاند.
نیوەی ئاوپرتەقالّەکەی خواردەوە.
گوتی: " کە مێردم کرد یەکەم جار وا بوو، هەمیشە هەر من بووم کە چاوەڕێم دەکرد، هەتا ئەوەی لە چاوەڕوانی ماندوو بووم و، ئیتر بۆم گرینگ نەبوو. بیسویەك سالانە بووم مێردم کرد و بیستودووسالّی تەلاقم وەرگرت، دوایی هاتمە ئێرە."
"ژنەکەی منیش هەر وا."

"چۆن؟"

"له بیستویەك ساڵیدا مێردی کرد و، له بیستودووساڵیدا تەڵاقی وەرگرت."

چەند ساتێك لێم ورد بۆوە. ئەو جار بە کەوچکی شەربەتەکە، لێکی دا.

پێم وایە نەدەبوو ئەو قسەم کردبا.

گوتی: "کە هێشتا گەنجی، زۆر دژوار و ئەستەمە زەماوەند بکەی و دەسبەجێیش جوێ بیتەوە. کێشەکە ئەوەیە، کە نبیادەم بە شوێن شتێکدا دەگەڕێ، دوو لایەنە و راستەقینەیش نییە. هەر خۆ ناگرێ. بەڵام خۆ ناکرێ چاوەڕوانیی ئەوەت هەبێ شتی درۆیینە خۆ راگرێ. دەکرێ؟"

"پێم وا نییە."

"لەو پێنج ساڵەدا، لەو دەمەوە وا ئەوم دیت و تەڵاقم وەرگرت، لەم شارەدا هەر تەنیا بوومە. ژیانێکم هەبوو، هەر ژیان نەدەچوو. کەسم نەدەناسی. زۆر کەم دەچوومە دەرێ و، کەسم خۆش نەدەویست. بەیانی هەڵدەستام، دەچوومە نووسینگە، نەخشەم دەکێشاوە و لە سەر رێی ماڵەوەم سەرێکی سۆپەرمارکێتم دەدا و لە ماڵێ بەتەنێ نانی نیوەڕۆم دەخوارد، گوێم دەدایە رادیۆ، دەفتەری یاداشتەکانی رۆژانەمم دەنووسییەوە و گۆرەویەکانم لە حەمامێ دەشوشت. ئەپارتمانەکەم لە دەم دەریایە. هەر بۆیە بەردەوام دەنگی شەپۆل دەبیستی. ئەو شەپۆلانەی هەمیشە سارد و تەنیان."

باقی ئاوی پرتەقاڵەکەیشی هەڵچۆڕاند.

"پێم وایە وەڕەزم کردی."

سەرم لەقاند.

سەعات لە شەش لای دابوو. کاتی خواردنەوە بوو، هەر بۆیە تیشکی چرای هۆڵەکەیان کز کردبوو. چراکانی شار جار و بار جریوەیان دەهات. چرا سوورەکان لەسەر تادانۆکان پێ کرابوون و، لە نێو ئەو تاریکییەکەدا کە هەر دەهات و خەستتر دەبووەوە، دەنکی وردی بارانەکەت دەدی.

پرسیم: "شتێك دەخۆیەوە؟"

"لێرە بە ڤۆدکا یان ئاوی گرێپ فۆرد دەڵێن چی؟"

"ساڵتی داگ."

بانگی خزمەتکارەکەم کرد و داوای "ساڵتی داگ"ێك و "کاتی سارك"ێکم کرد بە سەهۆڵەوە.

"لە کوێ بووین؟"

"ژیانە سارد و رەبەنەکەی تۆ."

گوتی: "ئەگەر راستیت دەوێ، زۆریش سارد و تەنیا نەبوو. دەنگی شەپۆل هەر وایە، ئەو تەنیاییە هەموو شتێك سارد و سڕ دەکا. کە چوومە ئەو خانووە، خاوەنەکەی پێی گوتم، زۆر زوو لەگەڵی رادێم، بەڵام هێشتا رانەهاتووم."

"خۆ ئیتر ئەوێ دەریا نییە."

زەردەیەکی نیشتە لێوی. تۆزە جووڵەیەك کەوتە چرچەکانی گۆشەی چاوی و، گوتی: "راستە، وەك گوتت، ئیتر ئەوێ دەریا نییە. بەڵام ئاواش خوا بزانێ جاری وایە گوێم هەر لە دەنگی شەپۆلەکان دەبێ. لەوانەیە بەوەندە ساڵە گوێچکەم لەگەڵیان راهاتبێ."

"ئیتر جرجەمشکەکە پەیدا بوو."

"بەڵێ، دیارە من قەت بەو ناوە بانگیم نەدەکرد."

"ئەی چۆنت بانگ دەکرد؟"

"وەك خەڵك، بەناوەکەی خۆی."

گوتم: "ئم م م... تۆ بیری لێ بکەوە، جرجەمشك تەنانەت وەك ناوێکی خوازراویش، منداڵانە دیارە."

خواردنەوەکەیان بۆ هێنایین. قومێکی لە ساڵتی داگەکەی دا. دوایی بە دەسرۆکە لێوی سڕییەوە. دەسرۆکەکەی تۆزێك سووراوی پێوە نووسا. ئەوجار دەسرۆکە بەسووراوەکەی لێزانانە نووشتاندەوە و لەسەر مێزەکەی دانا.

"ئەو زۆر زۆر... لە رادەبەدەر نائاسایی بوو. خۆ لێم تێدەگەی؟"

"پێم وایە."

"پێم وایە تەنیا کەسێکی نائاسایی وەك ئەو دەیتوانی کار بکاتە سەر نائاساییبوونەکەی من. یەکەم جار کە چاوم پێی کەوت، کاری تێ کردم. هەر بۆیەیش ئاشقی بووم. لەوانەیشە پاش ئەوەی دڵم کەوتە سەری، بیرم لەوە کردبێتەوە. هەرچۆنێك بێ، فەرقی چییە؟"

پیانۆژەنەکە لە پشوو هاتەوە و دەستی کردەوە بە ژەنینی کۆمەڵە ئاوازێك لەوانەی بۆ فیلمە کۆنەکان لێدرابوون. زۆر تایبەت بوو، مۆسیقایەکی نەگونجاوی دەق، بۆ دیمەنێکی نەگونجاو.

"جاری وایە بیرم دەکەمەوە، خەریك بووم ئەوم بەشێت دەزانی و، پێشم وایە ئەو هەمیشە هەستی بەوە دەکرد. ئەی تۆ دەڵێی چی؟"

گوتم: "نازانم، ئەوە پێوەندیی بەوەوە هەیە."

هیچی نەگوت.

پاش ئەوەی بیست چرکەیەك راوەستا، زانیم قسەی پێ نەماوە. باقی پەرداخەکەم هەڵچۆڕاند و نامەکانی جرجەمشکم لە گیرفانم دەرهێنا و لە نێوەڕاستی مێزەکەم دانان. نامەکان تاوێك هەر لەوێ مانەوە.

"دەبێ ئەوانە هەر لێرە بخوێنەوە؟"

"تکایە بیانبەوە ماڵێ بیانخوێنەوە، ئەگەر ناتەوێ بیانخوێنیەوە، چیت پێ خۆشە، وایان لێ بکە."

سەرێکی لەقاند، نامەکانی خستە جانتاکەیەوە و، بە تەقەیەکەوە قوفڵەکەی داخستەوە. دووەم جگەرەم داگیرساند و داوای خواردنەوەیەکی دیکەم کرد. زۆرم حەز لە خواردنەوەی دووەمە. ئیتر لە سێیەمەوە تامی نامێنێ. ئیتر هەر شتێکە و لە گەدەتی دەکەی.

پرسیی: "یانی لە تۆکیۆوە هەر بۆ ئەوەندە هاتووی؟"

"بەڵێ."

"بنیادەمێکی نەرمونیانی."

"قەتم ئاوا بیر لێ نەکردبۆوە. خوویەکە. ئەگەر ئەویش لەجێی من بوایە، دڵنیام هەر وای دەکرد."

"تا ئێستا داوات لێ کردووە کارێکی وات بۆ بکا؟"

سەرێکم لەقاند: "نا، بەڵام لەمێژ بوو، نائاساییبوونەکەی خۆمان بەسەر یەکتریدا دەسەپاند. جا ئەوەی لە حاڵەتی ئاساییبووندا بتوانین شتێك بکەین یان نا، ئەوە مەسەلەیەکی ترە."

"لەوانەیە کەس نەتوانێ."

"لەوانەشە."

زەردەیەکی هاتێ، هەستا و، پسوولەی حیسابەکەی لە دەستیدا راوەشاند و گوتی: "من حیسابی دەکەم، هەرچۆنێك بێ، من چل دەقە درەنگتر هاتم."

گوتم: "سپاست دەکەم، گەورەیی دەفەرمووی. بەڵام شتێکی دیکە، دەکرێ پرسیارێکت لێ بکەم؟"

"بەدڵنیاییەوە."

"لە تەلەفۆنەکەدا گوتت لە زەینی خۆتدا شێوەم بکەیت."

"مەبەستم ئەوە بوو، شتێکی وا لە تۆدا هەیە کە من دەتوانم هەستی پێ بکەم."

"یانی بۆ دۆزینەوەی من، هەر ئەوەندە بەس بوو؟"

"هەر دەسبەجێ تۆم ناسیەوە."

باران هەروا بە خوڕەم دەباری. لە پەنجەرەی هوتێلەکەوە و لە نێوان تابلۆ نیۆنەکانی بیناکەی تەنیشتمانەوە، هەزاران داوە باران بە نێو تیشکە ئاماڵکەسکەکەدا و بەلای خۆرهەڵاتدا دەباری. کە سەیری خوارەوەم دەکرد، لام وابوو بارانەکە ڕێك دەکەوێتە سەر خاڵێکی زەوی.

تەپ خۆم بەسەر تەختەکەمدا دا و چەند جگەرەیەکم بەبادا کرد، دوایی تەلەفۆنم بۆ خزمەتکارەکەی هۆتێل کرد بۆ ئەوەی لە شەمەندەفەرەکەی سبەی بەیانیدا جێم بۆ بگرنەوە، هیچ کارێکی دیکەم لەو شارەدا نەبوو بیکەم.

باران هەتا نیوەی شەوێ هەر وا دەباری.

بەشی شەشەم

راوی مەڕە کێوی

هەقایەتە سەیرەکەی پیاوە غەوارەکە

سکرتێرە کەواوپانتۆڵ ڕەشەکە، لەسەر کورسیەك دانیشت و بەبێ ئەوەی قسەیەك بکا، سەیری کردم. هیچ وێنەدەچوو لە من ورد بێتەوە، نیگاشی هیچ وای نەدەنواند بە کەمم بگرێ، لەو نیگایانەش نەبوو کە ڕاستەوخۆ چاوت تێوەبڕێ و ئازارت بدا. ڕوانینەکەی نە ساردوسڕ بوو، نە گەرموگوڕ، تەنانەت لە نێوان ئەو دووانەشدا نەبوو. ئەو چاوتێبڕینە هیچ ئاسەوارێکی لەو کەفوکوڵە پێوە نەبوو کە من دیتوومە. هەر سەیری دەکردم. دەتگوت سەیری دیوارەکەی پشتەوەم دەکا. بەڵام چونکە من لە پێش دیوارەکەوە بووم، هەر وام دانا سەیری من دەکا.

پیاوەکە، دەستی دایە پاکەتی سەر مێزەکە و کردیەوە و، جگەرەیەکی سادەی لێ دەرهێنا. چەند جاران بە نووکی پەنجەی لە سەری جگەرەکەی دا و بە چەرخی سەر مێزەکە دایگیرساند و بە لالێوێکیدا دووکەڵەکەی دەردا. دوای ئەوە چەرخەکەی لە جێی خۆی داناوە و لاقی خستە سەر لاقی. لەو ماوەیەدا نیگا قەتیسماوەکەی تۆزێکیش چییە نەگۆڕا.

ئەوە هەر ئەو بنیادەمە بوو، کە شەریکبەشەکەم باسی دەکرد. زۆر ڕێکپۆشانە جلی لەبەر کردبوو. پەنجەی شووش و باریك بوون. ئەگەر گوێم نەدابایە کەوانەی تیژی پێڵووی و نیگا ساردوسڕەکەی ڕەشکێنەی چاوی نەبوایە کە دەتگوت مەڕمەڕی شووشەن، بە دڵنیاییەوە دەمگوت حەزی لەهیچ نییە. دیارە نەك بەو چاوانەوە. ئەی بنیادەمێکی چۆن بوو. لە هیچ شتێك، یان هیچ جۆرێك نەدەچوو.

کە زیاتر لە چاوی ورد دەبوویەوە، ڕەنگێکی سەرنجڕاکێشی هەبو. قاوەییەکی تۆخی ئاماڵ شین. لە نزیکەوە، چاوی چەپەی لە چاوی ڕاستەی جیاواز بوو. دەتگوت هەر کامەیانی لە شتێکی جیاواز بڕیوە.

پەنجەی تۆزێك لەسەر لاقی دەجووڵان و، وەك داگیرکرابێ و لە دەستی دابڕابێت، بەرەو من دەبزووت. پەنجەکانی جوان و گرژ و کاریگەر و پڕهەڕەشە. بەهێمنی لەسەر مێزەکە درێژ بوونەوە هەتا ئەو جگەرەیەی یەك لە سەر سێی نەسووتابوو، بهاڕن. سەیری سەهۆڵەکەم کرد، کە هێشتایش لە پەرداخەکەدا خەریك بوو دەتواوە. ئاوی ڕوونی سەهۆڵەکە خەریك بوو لەگەڵ ئاوە ترێیەکە تێکەڵ دەبو. تێکەڵەیەکی نایەکسانی ڕەنگی. ژوورەکە تا بڵێی بێدەنگ بوو. ئەوەندە بێدەنگ بوو، کە دەتگوت

دەچیتە نێو مڵكێكی گەورەی دەرەبەگان، بێدەنگییەك، كە لە سۆنگەی كەمبوونی بنیادەم لە شوێنێكی زۆر گەورەدا باڵ دەكێشێ. بەڵام لەسەر یەك، ئەو بێدەنگییە جیاواز بوو. بێدەنگییەكی خەست و قورس، بێدەنگییەك، كە ئەگەرچی بۆ چەند ساتێك، بەڵام منی ناچار كرد پەنجەی لەسەر دابنێم، ئەو بێدەنگییەی دەهێنامەوە بیر، كە باڵ بەسەر دەوروبەری ئەو نەخۆشانەدا دەگرێ وا دەردی بێدەرمانیان گرتووە. بێدەنگییەك، كە هەستی بەر لە مردنی تێدا كۆ بووەتەوە. كەشەكە تۆزێك شووم و قورس بوو.
كابرا بە چاوی حەفەتبارەوە لەسەرخۆ گوتی: "هەموو دەمرن." دەتگوت، زۆر سەیروسەمەرە لەدڵی من دایە و دەزانێ بیر لەچی دەكەمەوە. "هەر هەموومان، جا هەر كەس بین، رۆژێك دەمرین."
ئەو قسەیەی كرد و بێدەنگ بۆوە. لە دەرەوە تەنیا دەنگەدەنگی بەپەلەی زیكزیكەرەكان دەهات. ئەو زیكزیكەرانەی جەستەیان، دوایین توورەیی بەرەودامركانەوەی خۆیانیان لە داخی كۆتایی وەرزەكە هەڵدەرشت.
كابرا كەوتە سەر قسان: "لێم گەڕێ با بێ پێچوپەنا قسە بكەم..." زایەڵەی قسەكانی وابوو، دەتگوت راستەوخۆ لە دەقێكی دیكەوە وەریاندەگێڕێ. هەڵبژاردنی دەستەواژە و زمانەكەی تەواو دروست و بەجێ بوو، بەڵام هیچ هەست و كوڵێك لە قسەكانیدا نەبوو.
"بێ پێچوپەناقسەكردن و راستگۆیانە قسەكردن، دوو شتی تەواو لێك جیاوازن. راستگۆیی بۆ متمانە، وەك قەپۆزی پێشەوەی پاپۆڕ وایە بۆ كلكەكەی. راستگۆیی لەپێشەوەیە و متمانەیش بەدوایەوە. مەودای نێوانی ئەوانەش، راستەوخۆ پێوەندیی بە گەورەیی پاپۆڕەكەوە هەیە. لە شتە گەورەكاندا، زۆری پێدەوێ تا متمانە دروست دەبێ. جاری وایە پاش لەناوچوون، راستگۆییەكە دەردەكەوێ. كەواتە ئەگەر متمانە نادەمە تۆ، نە خەتای خۆمە و نە خەتای تۆیش."
دەبوو چیی لە جوابدا بڵێم؟ بێدەنگییەكەمی پێ باش بوو و، لەسەر قسەكانی رۆیشت. "لەوانەیە حەزت لێ بێ بزانی، بۆچی ئەو هەمووە رێیەم پێ بڕیوی بێیە ئێرە. بۆیەم ئەوە كرد، هەتا پاپۆڕەكە بەرەو لای پێشەوە وەرسووڕێنم. من و تۆ دەبێ ئەو پاپۆڕە بەرەوپێشەوە بەرین. وەختایەك راستگۆیانە باسی مەسەلە و بابەتەكان بكەین، هەر جارە و هەنگاوێك لە متمانە نزیكتر دەبینەوە."

رێك لەو دەمەدا كۆخی و سەیرێكی دەستی منی كرد، كە خستبوومە سەر دەسكی مۆبلەكە و، گوتی: "بەڵام ئیتر با باسكردنی ئەو شتە زەینی و خەیاڵیانە ببڕێتەوە. وەرن باسی كێشە راستەقینەكان بكەین. لێرە، باس باسی ئەو هەواڵنامەیەیە وا تۆ ئامادەت كردووە. پێم وایە ئەوەندەیان پێ گوتووی."

"بەڵێ، گوتوویانە."

سەری لەقاند و پاش تاوێك دەستی پێ كردەوە: "دڵنیام هەر بیریشت بۆ ئەو شتانە نەچووە. كەس حەز ناكا رەنج بەخەسار بێ و بەرهەمی كارەكەی ببێتە تۆزی بەر با. بەتایبەتی ئەگەر ئەو كارە بۆ ژیانی زۆر پێویست بووبێ هەر خراپتریش. ئەوە بە مانای خەسارێكی راستەقینەیە، كە زۆریش كەم نییە. وا نییە؟"

گوتم: " وایە."

"من دەمەوێ پێكەوە باسی ئەو خەسارە راستەقینانە بكەین."

خەسارە راستەقینەكان بەشێكن لە كاروباری ئێمە. وا نییە كڕیارەكان هەمیشە ئەو كارەیان بەدڵ بێ كە ئامادە كراوە. بەڵام بۆ كۆمپانیایەكی بچووكی وەك ئێمە، ئەو جۆرە شتانە كۆمپانیاكە دەخەنە مەترسییەوە. هەر بۆیە بۆ ئەوەی پێش بەو جۆرە شتانە بگرین، رێز لە هەموو روانگە و بۆچوونی كڕیارەكانمان دەگرین. لە بارەی كاری گەورەترەوە، لەگەڵ كڕیار، دێڕ بە دێڕی ریكلامەكە تاوتوێ دەكەین. ئاوا، پێشی هەموو مەترسییەك دەگرین، ئاسان نییە، بەڵام شتی دیكە ناكرێ."

كابرا خەمخۆریی خۆی دەرخست: "هەمووان دەبێ لە شوێنێكەوە دەست پێ بكەن، ئاواش، ئاخۆ دەبێ وا لە قسەكەی تۆ تێ بگەم، كە كۆمپانیاكەی ئێوە، لە سۆنگەی راگرتنی ئەو ریكلامەوە خەسارێكی زۆر قورسی وێ كەوتووە؟"

"بەڵێ دەكرێ بڵێین: ئەو كارە دیزاین و چاپیش كرابوو، هەر بۆیە ناچارین تێچووی كاغەز و چاپەكەی هەر لەم مانگەدا بدەین. تێچووی نووسینی بابەتەكانیش، دەبێ بدەینە بەڵێندەر و لەسەر یەك دەكاتە پێنج ملیۆن یەن و، ئەگەر شتەكە خراپتریش بێ، ناچار دەبین پارەی بۆ قەرز بكەین بۆ ئەوەی بیدەین. جگە لەوەیش، ئێمە هەر بۆ نووسینگە سەرمایە كۆ دەكەینەوە."

كابرا گوتی: "دەزانم."

"مەسەلە، ئەم گرێبەستەی ئێستایشمانە لەگەڵ مشتەریەکەمان. ئێمە وەزعمان خراپە و ئەگەر کێشەمان لەگەڵ نووسینگەی ریکلام بۆ دروست بێ، کڕیارەکان ئیتر بەلاماندا نایەن. ئێمە گرێبەستی یەك ساڵانەمان لەگەڵ کۆمپانیای بیمەی تەمەن هەیە و، ئەگەر ئەم گرێبەستەمان بەم هۆکارە هەڵوەشێتەوە، هەر بەراستی کۆمپانیاکەمان مایەپووچ دەردەچێ. کۆمپانیاکەی ئێمە، کۆمپانیایەکی بچووکە و، ئێمە پێوەندییەکانمان زۆر و بەربڵاو نین، بەڵام متمانەیەکی ئەوەندە باشمان هەیە، کە لە هەموو جێیەك قەبووڵیانە و، ئەگەر قسەی خراپمان لەسەر بکرێ، تێدا دەچین."

تەنانەت پاش ئەوەی قسەکانیشم تەواو بوون، کابرا بەبێ ئەوەی قسەیەك بکا، هەروا چاوی لە من بڕیبوو. پاشان گوتی: "تۆ تەواو راستگۆیانە قسە دەکەی. جگە لەوەیش، هەرچی بە منت گوت، لەگەڵ لێکۆڵینەوەکانی ئێمە یەك دەگرێتەوە. من بۆیەش دەستخۆشیت لێ دەکەم. ئەگەر بڵێم پارەی هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی کۆمپانیای بیمەکەت بەبێ هیچ مەرجێك بۆ دەدەمەوە و، بڵێم ئەم گرێبەستەی ئێستایشت هەر وەك خۆی دەمێنێتەوە، دەڵێی چی؟"

"ئیتر قسەم نامێنێ، ئێمە دەچینەوە سەر کارەکەی خۆمان و، هەر سەرمان سووڕدەمێنێ و نازانین مەسەلە چ بووە."

"ئەی لەگەڵ ئیمتیازێکی دیکە چۆنی؟ هەر ئەوەندە بەسە یەك وشە لە پشت کارت ڤیزیتەکەی تۆ بنووسم و هەتا دە ساڵی دیکە کاروبارت دەستەبەر بێ و، ئیتر لە چنگ ئەو ریکلامە دەستییە بێنرخانە رزگار بیت."

"یانی مامەڵە دەکەی."

"سەودایەکی دۆستانە. من بەنیازپاکییەوە چاکەیەکەم لەگەڵ برادەرەکەی تۆ کرد و ئاگادارم کردەوە، کە ریکلامەکە راگیراوە. ئەگەر تۆش نیازپاکیی خۆت بنوێنی، من زیاتر نیازپاکیی خۆم دەسەلمێنم. پێت وایە بیکەی؟ لەوانەیە چاکەکەی من قازانجی زۆری پێوەبێ. خۆ تۆ ناتەوێ تاهەتایە لەگەڵ گێلێکی مەیخۆرەوە کار بکەی؟"

گوتم: "ئێمە برادەرین."

وەك زیبکەبەردێکم خستبێتە نێو بیرێکی بێبنەوە، بێدەنگی زاڵ بوو. سی چرکەیەکی خایاند تا زیپکەکە بگاتە تەرکی بیرەکە.

کابرا گوتی: "چۆنت پێ خۆش با وابێ. کەیفی خۆتە. من بە وردی لە رابردووتم کۆڵیەوە. ژیانێکی سەرنجڕاکێشت هەبووە. دەکرێ بنیادەمەکان بکەیە دوو دەستە: "بنیادەمە ئاساییەکان کە لەگەڵ راستییەکان دەژین و بنیادەمە ئاساییە خەیاڵپلاوەکان. تۆ روون دیارە لە دەستەی دووەمی. چارەنووسی تۆ هەمیشە چارەنووسی خەیاڵپلاوکەرێك بووە و هەر واش دەبێ.

گوتم: ئەوەم لەبیر ناچێتەوە."

کابرا سەرێکی لەقاند. نیوەی ئاوەترێیەکەم خواردەوە.

گوتی: "زۆر باشە، با باسی شتە تایبەتەکان بکەین."

"شتی تایبەتی لە بارەی مەڕەوە؟"

حاڵەتی دانیشتنەکەی گۆڕی، وێنەیەکی رەش و سپیی لە دەفرێك دەرهێنا و لەبەردەمم لەسەر مێزەکە دانا.

دەتگوت پشووەبایەکی راستەقینەی ناخ هاتووەتە ژوورەکەوە.

"ئەوە هەر ئەو وێنەیەیە وا لە ریکلامەکەتاندا بەکارتان دێنا."

ئەگەرچی وێنەکە بەبێ تیفتیفەدان گەورە کرابۆوە، دیسانیش سەیر روون بوو. لەوانەیە تەکنۆلۆژیایەکی تایبەتیان بۆ بەکار هێنابێ.

"ئەوەندەی ئاگادارین، وێنەکە بەدەست خۆتەوە بووە و دواییش بۆ ریکلام کەلکت لێ وەرگرت، وایە؟"

"وایە."

"بەپێی لێکۆڵینەوەکانی ئێمە، لەو شەش مانگەی رابردوودا، وێنەگرێکی کەمئەزموون وێنەکەی گرتووە. کامێراکەی لە مۆدێلە هەرزانباییە بچووکەکانە. وێنەگرەکە تۆ نیت. تۆ کامێرایەکی نیکۆن ئێس ئێڵ ئاڕت هەیە و، وێنەی زۆر باشتر دەگری و، لەو پێنج ساڵەی رابردوویشدا نەچوویەتە هۆکایدۆ؟ وایە؟"

"بەڵێ، وایە."

قوڕگی خاوێن کردەوە و بێدەنگ بوو. بێدەنگییەکی دیاریکراو بوو، لەو بێدەنگیانەی کە دەکرێ لەودا واتای بێدەنگییەکانی دیکەشت بۆ دەرکەوێ. "هەرچۆنێك بێ، ئەوەی ئێمە دەمانەوێ تۆزێك زانیاریە:

ئەو وێنەیەت لە کوێ و لە کێ وەرگرتووە و، بە چ مەبەستێك لە ریکلامەکانتدا کەلکت لە وەها وێنەیەکی لاواز وەرگرتووە؟"

بە لەبزێکی زۆر ساردوسڕ، کە کاری لەخۆیشم کرد، گوتم: "بەداخەوە بۆم نییە باسی ئەو شتانە بکەم. رۆژنامەنووسەکان مافی خۆیانە سەرچاوەی هەواڵەکانیان بپارێزن و نەیدرکێنن."

چاوی لەچاوم بڕی و بە پەنجەی زەڕنەقووتەی دەستی راستی، لە لێوی خۆی دا. چەند جارێك لێی دا و، دیسان دەستی خستەوە سەر رانی. تاوێك بێدەنگی زاڵ بوو. نەمدەتوانی بەسەرخۆمدا زاڵ بم و بیر لەوە نەکەمەوە، کە چەند باش دەبوو کە رێك لەو دەمەدا کوکوختییەك دەستی کردبایە بە خوێندن. دیارە دەنگی کوکوختییەك لەگۆڕێ نەبوو. کوکوختییەکان بە شەو ناخوێنن.

گوتی: "تۆ پیاوێکی باشی. دەزانی کە ئەگەر ویستبام، دەمتوانی هەموو کاروبارەکانتان راگرم و، کۆتایی بەهەموو ئەو شتانە بێنم کە رۆژنامەکەتان بانگەشەی بۆ دەکات. هەڵبەت ئەگەر وای دانێین ئەو دەفتەرۆکە و وردە ریکلامە دەستیانەی ئێوە ناو بنێین رۆژنامەنووسی.

دیسان بیرم لەوە کردەوە، کە باشە کوکوختییەکان بۆ بە شەو ناخوێنن.

"جگەلەوەش، رێگەی دیکە زۆرن، بۆ ئەوەی کەسی وەك تۆ وەقسە بێنین."

گوتم: "پێم وایە هەیە. بەڵام ئەو رێگەیانە کاتیان زۆر دەوێ و منیش تا دوا دەموسات قسە ناکەم. تەنانەت کە قسەیش بکەم، هەموو شتێك لەقاو نادەم. ئێوەیش هیچ رێیەکتان نییە بۆ ئەوەی روونی بکەنەوە قسەکانم چەندەیان راستن و چەندەیانم بەدرۆ کردووە."

قسەکانم سەرلەبەر فێڵ بوون. بەڵام دەتگوت خەریکە شتێکی لێ شین دەبێتەوە. نادڵنیایی ئەو بێدەنگییەی ئەم قسانەی بەدوادا هات، دەری‌دەخست توانیومە چەند قانێك وەرگرم.

کابرا گوتی: "قسەکردن لەگەڵ تۆ زۆر خۆشە. سناریۆ خەیاڵپلاوەکەی تۆ زۆر بەچێژ و کاریگەرە. زۆر باشە وەرە با باسی شتێکی دیکە بکەین."

زەڕبینێکی لە گیرفانی دەرهێنا و لەسەر مێزەکەی دانا.

"تکایە چەندی بەپێویستی دەزانی، وێنەکە تاوتوێ بکە."

وێنەکەم بە دەستی چەپەم و زەڕەبینەکەم بە دەستی راستمەوە گرت و، مووئەنگێوانە لێی وردبوومەوە. چەند سەر مەڕ روویان لەم لایە بوو و، چەند سەرێکیش روویان لە لایەکانی دیکە و چەند سەرێکی

دیکەیش سەریان لە لەوەڕدابوو. دیمەنەکە، دەستەبەندییەکی ناڕوونی نیشان دەدا. یەك بە یەك لە هەموو مەڕەکان ورد بوومەوە. سەیری شێوەی گژ و گیا و دارستانە بووزەکەی پشتەوە و کوێستانەکەی پشت ئەویش و هەورەسپیلکەی ئاسمانیشم کرد. هیچ شتێك نائاسایی نەبوو. چاوم لە وێنە و زەڕەبینەکە هەڵگرت.

"هیچی نائاساییت نەدی؟"

گوتم: ناوەڵا، هەر هیچ."

کابرا هەر وای نەنواند بێهیوا بووە.

گوتی: "پێم وایە دەبێ وەبیرت بێنمەوە، کە تۆ لە زانکۆ زیندەوەرناسیت خوێندووە، چەندە لە مەڕ دەزانی؟"

"دەکرێ بڵێم هیچ، زیاتر کاری پسپۆڕانەی بێ سوودمان دەکرد."

"چەندەی دەیزانی، بیڵێ."

"گیانلەبەرێکی گیاخۆری جووت سم. پێم وایە لە سەرەتاکانی دەورەی میجیدا هاتە ژاپۆنەوە و، کراوەتە سەرچاوەی گۆشت و خوری. هەر ئەوەندە."

کابرا گوتی: "زۆر باشە. بەڵام دەبێ شتێکی بچووکت بۆ راست بکەمەوە. لەسەرەتاکانی سەردەمی مێجیدا نەبوو کە مەڕیان هێنایە ژاپۆن، بەڵکو لەسەردەمی دەسەڵاتی ئانسایدا هێنراوە. دەشڵێن ئەم مەڕانە لەسەردەمی هییاندا لە چینەوە هێنراون، بەڵام ئەگەر ئەوەیش راست بێ، ئەو مەڕانە لەو مەودایەدا دەبوو دەمێك بوایە مردبان. کەواتە، هەتا سەردەمی میجی، خەڵکێکی کەم لەو ژاپۆنەدا دەبێ مەڕیان دیتبێ، یان زانیبێیان مەڕ چییە. وێڕای ئەوەی مەڕ، وەك یەکێك لەو دوازدە ئاژەڵەی لە کەلووی رۆژئەژمێرەکەی چینی کەوناردا خۆشەویستی خەڵك بووە، لە کەس روون نەبووە مەڕ گیانلەبەرێکی چۆنە.

دەکرێ بڵێین، مەڕ گیانلەبەرێکی خەیاڵی بووە، وەك هەژدیها یان قەقنەس. لە راستیدا، ئەو وێنە مەڕانەی پێش سەردەمی میجی کێشراون، تەواو لە دێوەزمەیەکی دەسکرد دەچن. دەکرێ بڵێین، چەندی ئێچ جەی وێڵز شتی لەباری مریخییەکانەوە زانیوە، ئەوانیش هەر هێندەیان لەبارەی مەڕەوە زانیوە.

"تەنانەت ئێستایش ژاپۆنییەکان شتێکی زۆر لەبارەی مەڕەوە نازانن. دەکرێ بڵێین، مەڕ لە رووی مێژووییەوە، هیچ پێوەندییەکی بە ژیانی ژاپۆنییەکانەوە نییە. مەڕ، بەشێوەی حکوومی لە ئەمریکاوە هێنرا، ماوەیەکی کورت پەروەردە کرا و دوایی لەبیر کرا. ئەوە باسی مەڕ. پاش شەڕ کە هاوردەی خوری و گۆشتی مەڕ لە ئۆسترالیا و نیوزلەندەوە ئازاد کرا، ئیتر ژاپۆن مەڕی پێ بەخێو نەکرا. بوونەوەرێکی خەفەتهێنەرە، پێت وا نییە؟ ئەوە وێنەی ژاپۆنی ئەمڕۆیە.

"دیارە من نامەوێ باسی ژاپۆنی ئەمڕۆت بۆ بکەم. دوو خاڵ هەیە حەز دەکەم سەرنجتیان بۆ رابکێشم:

"یەکەم ئەوەی، بەر لە کۆتایی سەردەمی فیۆدالیزم، ژاپۆن هەر مەڕی تێدا نەبوو. دووەم، پاش ئەوەی مەڕیان هێنا، حکوومەت بە چڕی چاودێریی دەکرد. لەو دوو خاڵە چیت بۆ دەردەکەوێ؟"

لەو جۆرە پرسیارانە نەبوو، کە بۆ دەرخستنی رەوانبێژی دەخرێنە روو. پرسیار لە من کرابوو. گوتم:

"ئەوەی کە، هەر جۆرە مەڕێك لە ژاپۆن هەبێ، دەبێ روون بکرێتەوە بۆ هەیە."

"رێك وایە. دەبێ ئەوەشی لێ زیاد بکەم، کە بەخێوکردنی مەڕ، وەك بەخێوکردنی ئەسپی کێبڕکێ، قان و پوانی خۆی هەیە و دەبێتە هۆی ئەوەی، زۆر سووك و سانا هەتا چەند نەوەی پێشتر لە رەچەڵەکیان بکۆڵییەوە. بە واتایەکی تر، ئێمە لەگەڵ گیانلەبەرێکی تەواو سیستماتیك بەرەوڕووین. هەر سەیری مەڕ بکەین، لێمان روون دەبێتەوە، ئاخۆ لە نەژادەکانی دیکە چاك کراوە یان نا.

قاچاخ و شتی وا لەگۆڕێ نییە و، هیچ کەس حەز ناکا زەحمەتی هێنانی مەڕ بداتە بەر خۆی. لە ژاپۆن جگە لە رەگەزەکانی ساوس داون، مرینۆی سپانیایی، کاوتس ڤۆل، چینی، شراپ شایر، کوری دێیل، کێڤیات، رۆمانۆسکی، ئۆستۆفری زیان، بوردرلیسستر، رامنی مارش، لینکلۆلن، دورێست هۆرن و سافۆلك، جۆری دیکەمان نییە."

لەسەری رۆیشت: "حەز دەکەم، بەلەبەرچاوگرتنی ئەو خاڵە، جارێکی دیکە سەیرێکی وێنەکە بکەیەوە."

دیسان دەستم داوە وێنە و زەڕەبینەکە.

"ورد ورد سەیری سێهەم مەڕ بکە لە لای راستەوە و لە ریزەکە پێشەوە."

زەڕەبینەکەم هێنا سەر سێهەم مەڕ لە لای راستی ریزەکەی پێشەوە. سەیرێکی مەڕەکەی تەنیشتیم کرد و، دیسان چوومەوە سەر سێهەم مەڕەکە.

"دەی چیت بۆ روون بۆوە؟"

گوتم: "ئەوە لە نەژادێکی جیاوازە. وا نییە؟"

"بەڵێ، جگە لەو مەڕە تایبەتە، هەموو مەڕەکانی دیکە، لە رەچەڵەکە ئاساییەکەی سافۆلکن. هەر ئەم مەڕەیان لەوانی دیکە جیاوازە. ئەم مەڕە لە رەگەزی سافۆلکن درشتترە و، رەنگی خورییەکەیشی جیاوازە. دەموقەپۆزیشی رەش نییە. شتێك هەیە لەو مەڕەدا، کە بەهێزتر دەری دەخات. من ئەم وێنەیەم نیشانی مەڕناسێکی لێزان دا و، ئەویش پێی وابوو، ئەم مەڕە لە ژاپۆن و تەنانەت لە هیچ جێیەکی ئەم دنیایە نییە. ئەوەی ئێستا خەریکی سەیری دەکەیت، مەڕێکە، کە لە جیٚدا نابیٚ هەر هەبیٚ."

زەڕەبینەکەم خێرا هەڵگرت و جارێکی تر سەیری سێهەم مەڕی لای راستم کردەوە. کە پتر لێی ورد بوومەوە، پەڵەیەکی قاوەیی روون لەسەر پشتی مەڕەکە دیار بوو. زۆر جوان نەدەبینرا. لەوانەشە لەبەر ئەوەبیٚ، فیلمی وێنەگرتنەکە رووشاوە. لەوانەیە چاوم بەسەهوو چووبیٚ. یان لەوانەشە یەکێك قاوەی بەسەر پشتی مەڕەکەدا کردبیٚ.

"پەڵەیەکی کاڵی بە پشتەوەیە."

کابرا گوتی: "ئەوە پەڵە نییە، هێمایەکی لەدایکبوونە لە شێوەی ئەستێرە. ئەویان لەگەڵ ئەمەیان بەراورد بکە."

وێنەیەکی تاکی لە دەفرەکە هێنا دەریٚ و خێرا دایە دەستم.

کۆپییەکی وێنەی مەڕەکە بوو. هەموو لاپەڕەکە جیٚ پەڵی دەست بوو و دیار بوو بە قەڵەمێکی نەرم هەڵگیراوەتەوە. منداڵانە دیار بوو، بەڵام شتێکی تێدابوو، کە سەرنجی بنیادەمی رادەکێشا. وردەکارییەکان، زۆر بە وردی و بە زەین کێشرابوونەوە. هەرچۆنێك بیٚ گومانی تێدا نەبوو، کە مەڕەکەی نێو وێنەکە و مەڕی نێو نەنقاشیەکە هەر یەك بوون. هێما ئەستێرەییەکە لەدایکبوون، شوێنی داغ بوو.

کابرا چەرخێکی لە گیرفانی دەرهێنا و دای بە من و، گوتی: "جا ئەمجار سەیری ئەمەیان بکە."

چەرخێکی زیوینی تایبەتی و قورس و پتەو، مارکەی دوپۆنت بوو، کە رێك وێنەی ئەو مەڕەی لەسەر هەڵکۆڵرابوو، کە لە لیمۆزینەکەدا دیتبووم هەڵکەنرابوو. ئیتر وەك رۆژی رووناك دیار بوو. هێمای لەدایکبوونە شێوەئەستێرەکە، لەسەر پشتی مەڕەکە بوو.

خەریك بوو ژانەسەرم دەگرت.

کابرا لەسەری ڕۆیشت: "چەند ساتێ لەوەپێش گوتم تۆ پیاوێکی نە کەم، نە زۆر[*]. ئەوە بەو مانایە نییە سووکایەتیت پێ بکەم. ئەگەر بمەوێ سادەتر قسەکەم بکەم، بۆیە وا دەڵێم، چونکە ئەم دنیایە خۆی ئەوەندە نە کەمە و نە زۆر، بۆیە تۆیش وەك ئەوت لێ دێ. خۆ لەگەڵ قسەکەمدای؟"
"بمبوورە، تێنەگەیشتم."
"دنیا نە کەمە و نە زۆر. گومان لەوەدا نییە. دەی باشە یانی لەوەتەی دنیا دنیایە هەر وا بووە؟ نا، ڕۆژانی بەرێ، دنیا ئاژاوە بوو و، ناکرێ بڵێی ئاژاوە شتێکی سووك و بێبایەخە. ئەم بێبایەخییە وەختایەك دەستی پێ کرد، کە بنیادەم ئامرازەکانی بەرهەمهێنانیان لە ژیانی ڕۆژانە دابڕی. وەختێك کارل مارکس باسی پرۆلتاریا دەکا، بێبایەخییەکەی ئەوان پتەوتر دەکات. جا ڕێك لەبەر ئەوەیشە کە ستالینیزم ڕاستەوخۆ دەچێتەوە سەر مارکسیزم. من مارکسم خۆش دەوێ، یەکێك بوو لەو دەگمەن بلیمەتانەی زەینی دەگەڕێتەوە بۆ ئاژاوە و ئاڵۆزیی ڕۆژی بەرێ. هەر لەبەر ئەو تایبەتمەندییەش دۆستۆیۆڤسکیم خۆش دەوێ. بەو حاڵەشەوە، لەگەڵ مارکسیزم نیم، مارکسیزم زۆر بێبایەخە.
کابرا نووزەیەکی لە قوڕگی خۆیدا خواردەوە.
"ئێستا من بەوپەڕی ڕاستگۆییەوە قسە دەکەم. ئەوەیش بۆ ئەمەگداریم لەبەر ڕاستگۆییەکەی پێشووی تۆیە. جگە لەوە، دەمەوێ چیی دردۆنگی و دوودڵییە لە سەر ئەم ڕاستگۆییە بیرەوێنمەوە. بەڵام ئێستا کە قسەت لەگەڵ دەکەم، بۆ هەڵبژاردن دەستت زۆر ئاوەڵا نییە. تکایە هەر لە ئێستاوە ئەم خاڵەت لەبەرچاو بێت. هەر زۆر سادەیە، ئەوە تۆی هەلومەرجەکە دەستنیشان دەکەی. قەبووڵ؟"
گوتم: "من دەبێ چ هەڵبژێرم؟"
گوتی: "هەر ئێستا پیرەپیاوێك لەم ملکەدا لە گیانەڵادایە، زۆر ڕوونیشە: پەڵە خوێنێك لە مێشکیدایە. پەڵەکە ئەوەندە گەورەیە، بیچمی مێشکی گۆڕیوە. هیچ لە بارەی دەمارەوە دەزانی؟"
"شتێکی وای لێ نازانم."

---

[*] دەیەوێ بڵێ: نە سووك و چرووکی و نە زۆریش مەزن و بەرز. لەو نێوەندەدای. بێبایەخ.

"ئەگەر سادەتر باسی بکەم، ئەو پەڵەیە، بۆمبێکی خوێنییە، کە ڕێگەی خوێنەکەی گرتووە و وەك مارێك، کە تۆپێکی گۆڵفی قووت دابێ، وای کردووە گرێیەکی نارێك دروست بێ. بێت و ئەو بۆمبە بتەقێ، مێشك لەکار دەکەوێ، بەڵام ڕێگەی نەشتەرگەرییشی نییە. هەر بیبزێوی، لەوانەیە بتەقێ. ئەگەر بمەوێ ڕاستییەکەیت پێ بڵێم، ئێمە هەر دەکرێ چاوەڕێ بکەین و، سەیری مردنەکەی بکەین. کەس ناتوانێ بڵێ، لەوانەیە حەفتەیەکی تر بمرێ یان مانگێکی دیکە."

کابرا دەمی قووچاند و لەسەرخۆ پشووی دەرداوە.

"ئەو پیرەپیاوە نەخۆشە و نەخۆشییەکەیشی دیارە چییە. مردنەکەی هیچ سەیروسەمەرە نییە. ئەوەی سەیر ئەوەیە، کە ئەو ئەوەندە ژیاوە."

هەر نازانم دەیەوێ بڵێ چی.

کابرا لەسەری ڕۆیشت: "ڕاستییەکە ئەوەیە، ئەگەر ئەو سیودووساڵ، یان تەنانەت چلودوو ساڵ لەوەپێشیش هەر مردبایە، هەر سەیر نەبوو. ئەو پەڵە خوێنە یەکەم جار پزیشکەکانی سوپای ئەمریکا کە تاوانبارە یەکەیەکانی جەنگیان دەپشکنی، دۆزییانەوە. ئەو ڕووداوە پاییزی ساڵی ١٩٤٦ و بەر لە دادگای تاوانەکانی جەنگ بوو لە تۆکیۆ. ئەو پزیشکەی وا ئەم پەڵەیەی دۆزییەوە، کە وێنە سەرووبنەوشییەکانی دیت، حەپەسا. پەڵەیەکی ئاوا گەورە لە مێشکتدا بێ و نەمریت و لە هەموو بنیادەمێکی ئاساییش چالاکتر بیت، ئەوە ئیتر هەرچی لۆژیکی پزیشکییە، دەباتە ژێر پرسیار. ئیتر کابرایان بۆ پشکنینی زیاتر لە سۆگامۆوە بردە نەخۆشخانەی سەنت لۆك، کە دواتر کرایە خەستەخانەی سوپا.

"پشکنینەکان ساڵێکیان خایاند، بەڵام هیچیان نەدۆزییەوە. هەمووان دەیانزانی دەمرێ، بەڵام هەر وا زەق و زیندووش بوو و، ئەو مەسەلەیەیش مەتەڵۆکەیەك بوو. پاش ئەوەیش هیچ نیشانە و ئاسەوارێکی بێهێزیی پێوە دیار نەبوو. ئەو بەتین و گوڕێکی زۆرەوە هەروا دەژیا. جگە لەوەش، هەموو کردەو چالاکییەکانی مێشکی، هەر زۆر ئاسایی بوون. ئەوان هیچیان بۆ نەمابۆوە. هیچ قسەیان نەمابوو. ئەو پیاوە بەپێی زانست دەبوایە بمرێ، بەڵام هێشتایش زیندوو بوو و کاری دەکرد.

"دیارە ئەوان کۆمەڵێك نیشانەی تایبەتیان دۆزییەوە. کابرا هەر جارێکی ژانەسەری دەگرت، سێ ڕۆژی دەخایاند، هەر چل شەو جارێکیش ئەو ژانەسەرەی دەگرتەوە. خۆی دەیگوت، لە ١٩٣٦ـەوە ئەو

ژانەسەرەی پێوە نووساوە، کە ئەوان پێیان وابوو، پەڵە خوێنەکە ئەودەم یەکەمجار دەرکەوتووە. ژانەسەرەکە ئەوەندە تاقەتبڕ بوو، دەبوو حەب بخوا. کورتی ببڕمەوە: مادەی سڕکەر. مادەی سڕکەر ئازارەکەی دەشکاند، بەڵام تووشی ساویری* دەکرد. ساویری زۆر توندیش. هەر خۆی دەیزانی چ شتێك دەئەزموێ، بەڵام دیاربوو، ئەزموونەکانیشی زۆر خۆش نەبوون. سوپای ویلایەتەیەکگرتووەکان هێشتاش راپۆرتی ئەو ئەزموونە ساویریانەی راگرتووە. دیارە پزیشکەکان زۆر ورد لێیان کۆڵییەوە. من ئەو راپۆرتانەم لە رێیەکی تایبەتەوە دەستەبەر کرد و، چەند جار سەرلەبەریانم خوێندەوە، سەرەڕای ئەو زمانە تەکنیکیەی پێی نووسرابوو، باسی کۆمەڵێك رووداو دەکەن، بێزار دەبی. پێم وا نییە زۆر بن، ئەوانەی خۆیان بتوانن لەبەر کۆمەڵێك ئەشکەنجەی ئاوا بەناوی ئەزموونی ساویر، رابگرن.

"کەس نەیدەزانی لەو ساویرانەدا چ دەقەومێ. لەوانەیە ئەو پەڵەیە، وزەیەکی وەرزانەی دەردابێ و، ئەو ژانەسەرانەش دژکردەوەی جەستە بووبێن لەبەر ئەو وزەیەدا. کەوابوو، کە "بوفەر"ی دژکردەوەکە نەدەما، وزەکە راستەوخۆ هەندێ بەشی تایبەتی مێشکی تێك دەدا و ساویر و وەهمی دروست دەکرد. دیارە ئەوە هەر گریمانەیە، بەڵام گریمانەیەك، کە بۆ ئەمریکییەکان سەرنجڕاکێش بوو. هەر ئەوەندە بڵێم، کە ئەوان کۆمەڵێك پشکنینی زۆر وردیان کرد. کۆمەڵێك پشکنینی تایبەت، کە ئاژانسی هەواڵگری دەیکرد. تەنانەت ئێستاش دیار نییە بۆچی ئاژانسی هەواڵگریی ئەمریکا خۆی بەو پەڵە خوێنەوە سەرقاڵ کردبوو، بەڵام دەکرێ چەند ئەگەرێك لەبەرچاو بگرین.

"یەکەم ئەگەر ئەوەیە، لەوانەیە بەناوی پشکنینەوە، زۆر وردتر و دیارتر لێیان پێچابێتەوە. بۆ پاراستنی ئەمنیەتی رێگەکانی سیخوڕی و قاچاغی مادەی سڕکەر لە چین. لەبیرتان بێ، ئەگەری بەزین و شکستی چیانگ کائی شێك، بەلای ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکاوە، بەو مانایە بوو کە پێوەندیی لەگەڵ چین بپچڕێ. پێویست ناکا بڵێین، کە ئەو لێپێچینەوانە بۆ ئەوە نەدەبوو ئاشکرا بکرێن. لە راستیدا پاش ئەو پشکنینانە، سەرۆك بەبێ ئەوەی ناچار بێ بچێتە دانیشتنی دادگاییکردنەکە، ئازاد کرا. دیارە لە پشت پەردەوە ئامادەکاریی بۆ کرابوو. دەکرێ بڵێین، دانی زانیاری، لەپێناوی ئازادیدا.

"ئەگەری دووەم، پێوەندیی دوولایەنەی پەڵە خوێنەکە و نائاساییبوونی سەرۆکە، وەك سەرکردەی باڵی راست. پاشان لەو بارەیەوە زیاتر قسەت بۆ دەکەم، بەڵام ئەمەیان پتر گۆڕانێکی شوێنونکەرەی فکرە.

---

*ساویر: وەهم. گومان.

ئەگەرچی من گومانم هەیە ئەوان شتێکیان لێ روون بووبێتەوە. لەگەڵ ئەو راستییە بنەڕەتییەدا کە، ژیانی ئەو کابرایە هێشتاش مەتەڵۆکەیەك بوو، ئەوان هەر بەراستی پێیان وابوو دەتوانن شتێك لەو پێوەندییە تێ بگەن؟ چونکە نەیاندەتوانی توێکاریی بکەن، هیچ رێگەیەکی دیکە نەبوو، بۆ ئەوەی بتوانن شتێك بدۆزنەوە. کەوابوو گەیشتنە بنبەستێکی دیکە.
"ئەگەری سێیەم، شوشتنەوەی مێشکە. ئەوان بیریان لەوە دەکردەوە، کە لەوانەیە ئەگەر کۆمەڵێك شەپۆلی بزوێنەر بنێرنە نێو مێشکییەوە، کۆمەڵە دژکردەوەیەکی تایبەت وەردەگرن. ئەو کات، زۆریان لەو تاقیکارییانە دەکرد. ئەو مەسەلەیە روون بووەتەوە، کە بەراستی گرووپێکی ئاوا بۆ لێکۆڵینەوە لە شوشتنەوەی مێشك هەبووە.
"دیار نییە کام لەو سێ هێڵە فکرییە، رەوگە و ئاقارە سەرەکییەکەی ئاژانسی هەواڵگری دەردەخەن. هەروا دیاریش نییە، ئاخۆ هەوڵەکانی ئەوان هیچی لێ شین بۆوە یان نا. هەرچی هەیە لە مێژوودا نێژراوە. جگە لە کۆمەڵێك پیتۆڵ و بلیمەتی سوپای ویلایەتەیەکگرتووەکان و جەنابی سەرۆك، کەس نازانێ راستییەکە چ بووە. تا ئێستا سەرۆك، لەم بارەیەوە قسەی بۆ هیچ کەس و بۆ منیش نەکردووە و، ئاخۆ دواتر شتی وا دەکا یان نا، هێشتا روون نییە."
کابرا کە قسەی تەواو بوو، قوڕگی خاوێن کردەوە. هەر نەمدەزانی لە کەیەوە هاتوومەتە ئەو ژوورە و چەندەیە لەوێم.
"زستانی ساڵی ١٩٣٢ سەرۆك بە تۆمەتی بەشداربوون لە پیلانی هێرشکردنە سەر کەسایەتییەکی گرینگدا، گیرا. هەتا مانگی جوونی ١٩٣٦ لە بەندیخانەدا مایەوە. پێشینەی فەرمیی زیندان و ریزی پێشینە پزیشکییەکان هەر ماون و، ئەو چەند جاران ئاماژەی بەو مەسەلەیە کردووە. ئەو ئاماژانە پێمان دەڵێن: هەر بەراستی، لە درێژایی ئەو ماوەیەدا کە سەرۆك لە زینداندا بووە، زۆر سەیر بێخەو بووە. لەوانەیە لە بێخەوییەکی ساکار و ئاسایی پتر بووبێ. ئەو بێخەوییە ئەوەندە بووە، مەترسیدار بووە. جاری وابووە سێ رۆژ و جار هەبووە چوار رۆژ و جاری وایش هەبووە یەك حەوتوو تەنانەت چاویشی لێك نەناوە. ئەوکات پۆلیس، نەیاندەهێشت تۆمەتبارە سیاسییەکان بنوون، بۆ ئەوەی لە بێخەویدا ناچار بن دان بە تاواندا بنێن. کەوایە چونکە سەرۆك دژی دەسەڵاتی پادشایەتی و چاودێری بەسەر حزبەکاندا بوو، دەبێ خۆی لەبەر گەلێك لێپێچینەوەی هاوکات لەگەڵ ئەشکەنجەی تایبەت راگرتبێ. بەندی

هەرکات دەیویست بنوێ، ئەوان ئاویان بەسەردا دەکرد، یان بە دارحەیزەران لێیان دەدان، تیشکێکی تیژیان لە نێو چاوی دەگرت، یان هەر شتێکی خەوی لێ بزڕێنێ. ئەوانەی چەن مانگێك ئاوایان لێ دەکرێ، زۆربەیان دانی پێدا دەنێن. ئەو بەشەی مێشکیان، کە هیی خەوە، تەواو دەفەوتێ، یان دەمرن یان شێت دەبن، یان بۆ هەتاهەتایە تووشی بێخەوی دەبن. سەرۆك تووشی بێخەوی بوو. بەهاری ساڵی ١٩٣٦ بوو، کە ئەو بێخەوییەکەی تەواو چاك بۆوە. یانی ئەودەمەی پەڵەخوێنەکە دەرکەوتبوو. لەوانە چیمان بۆ دەردەکەوێ؟"

"ئەو بێخەوییە توندە، لەبەر شتێك، گەڕانی خوێنی مێشکی شێواندووە و ئەم پەڵەیەی دروست کردووە، وایە؟"

"ئەمە ژیرانەترین گریمانەیەکە، کە دەکرێ بڵێین وایە، چونکە ئەوانەی هیچیشی لێ نازانن هەر وای بۆ دەچن. دەکرێ دڵنیا بین، لەوەی پزیشکەکانی سوپای ویلایەتەیەکگرتووەکانیش هەر وایان بەسەر هات. بەڵام هەر ئەوەندە روونکردنەوەیە بەس نییە. لێرەدا شتێك بزر بووە. من وام بە زەیندا هات، کە پەڵەخوێنەکە، نیشانە و دەرکەوتەی هۆکارێکی گرینگترە. بۆ نموونە، وای دانێ لە نێو ئەو کۆمەڵە خەڵکەدا کە پەڵەخوێنێکی ئاوایان هەیە، تەنانەت یەك کەسیش نیشانەیەکی لەو جۆرەی نەبووە. ئاواش، ئەم لێکدانەوەیە بەڵگەی پێویستمان ناداتێ لەسەر ئەوەی چۆنە سەرۆك هێشتاش زیندووە."

بە دڵنیاییەوە، ئەو قسانەی کابرا دەیکردن، لەگەڵ ئەقڵ یەکیان دەگرتەوە.

"راستییەکی سەیروسەرمەرەی دیکە لە بارەی پەڵە خوێنەکەوە، لە بەهاری ساڵی ١٩٣٦ـدا کە ئەم رووداوە دەستی پێ کرد، بە عالەمی ئاشکرا سەرۆك سەر لەنوێ لەدایك بۆوە. ئەو ببووە بنیادەمێکی تر. هەتا ئەودەم، سەرۆك چالاکێکی بێبایەخی باڵی راست بوو. ئەو کە سێهەم منداڵی خێزانە هەژارێکی جووتیاری هۆکایدۆ بوو، دوازدە ساڵانە بوو کە ماڵێی بەجێ هێشت و چووە کۆریا، بەڵام لەوێ هیچ شوێنێکی دەست نەکەوت و ئیتر گەڕاوە زێدەکەی خۆی و، چووە پاڵ گرووپی باڵی راست. پێدەچێ ئەو لاوێکی تووڕە بووبێ، کە بەردەوام شمشێری ساموڕایی هەڵسووڕاندبێ و زۆر پێدەچێ ئەهلی کتێب و خوێندنەوە نەبووبێ. بەڵام هاوینی ساڵی ١٩٣٦ کە لە بەندیخانە بەربوو، ئیتر گەیشتبووە لووتکەی باڵی راست. ئەو، سەرنجڕاکێش و خاوەن جیهانبینییەکی تۆکمە و بۆ وەڕێخستنی بزووتنەوە پڕ جۆش و خرۆشەکان قسەزانێکی لێهاتوو بوو. سیاسییەکی وردبین و شێلگیر بوو و، لە سەرووی هەموو

ئەوانەشەوە، توانای ئەوەی هەبوو، بە کەلکوەرگرتن لە خاڵە لاوازەکانی جەماوەر، ببێتە پێشەنگیان و بەدووی خۆیان بدا."
پشوویەکی تازە کردەوە و قوڕگی خاوێن کردەوە.
"دیارە وەك بیرمەندێکی باڵی ڕاست، بۆچوون و بنەماکانی ئەو لەبارەی جیهانەوە زۆر گەمژانەن. ئەوەش زۆر گرینگ نییە. مەسەلەی گرینگ ئەوەیە، کە ئەو چەند دەیتوانی خەڵکی دیکە بێنێتە سەر باوەڕەکەی خۆی. سەیر کە، هیتلەر چۆن بیر و هزرە خاوەکەی مەملەکەتی نازی و ڕەچەڵەکی بەرزی کردە هەوێنێك و لە ئاستی نیشتمانیدا ڕێکی خستن؟ بەڵام سەرۆك وای نەکرد. ئەو ڕێیەی سەرۆك هەڵیبژارد، شاراوەتر بوو. ڕێیەکی نهێنی. ئەو ڕێیەی هەرگیز ئاشکرا نەبوو، ئەوە بوو، کە ئەو کەسایەتییەك بێت لەو دیو پەردەوە کۆمەڵ جڵەو دەکا، هەر بۆیەش ساڵی ۱۹۳۷ هەستا چووە چین. بەڵام با هەر لێرەوە واز لەو باسە بێنین و بێینەوە سەر باسی ڕەشایی. مەبەستم ئەوەیە، ئەو قۆناغەی ڕەشایی تێیدا دروست بووە، ڕێك هاوکات بووە لەگەڵ ئەو قۆناغەی وا سەرۆك گۆڕانێکی پەرجۆئاسای بەسەردا دێ."
گوتم: "لە گریمانەکانی تۆدا هیچ باسی پێوەندیی هۆکاری و بەرهۆیی نێوان ئەو جەماوەرە و گۆڕانەکە نەکراوە. کەچی هەردووکیان لە ژێر کاریگەریی هۆکارێکی گرینگ و پڕنهێنیدان."
گوتی: "تۆ زۆر خێرا لە مەسەلەکە تێدەگەی. زۆر ورد و بەجێ."
جگەرەی دووەمی لە پاکەتی سەر مێزەکە هەڵگرت و بەر لەوەی لە سەر لێوی دابنێ، بە نووکی پەنجەی دوو پتەی لێ دا، بەڵام داینەگیرساند و گوتی:
"وەرە با ئاوا بچینە پێشەوە."
بێدەنگییەکی قورس باڵی کێشا.
دەستی پێ کردەوە: "ئێمە ئیمپراتۆرییەکمان دامەزراند. ئیمپراتۆرییەکی جیهانی. هەموو شتێکمان لە سیاسەت و ئابووری و میدیای گشتی و بۆرۆکراسی و کولتوور و زۆر شتی دیکەشمان هێنا نێو بازنەکەوە، کە تۆ هەر بیریشت لێ نەکردوونەتەوە. ئەو مۆرە و کەسانەی دژی ئێمەن، لە سیستەمی دەسەڵاتەوە بگرە تا دەگاتە دژی سیستەمی دەسەڵات. هەموو شتێك. خەڵکێکی زۆر کەم ئاگادارن لەوەی کەوتوونەتە نێو ئەم ئیمپراتۆریەوە. بە واتایەکی دیکە، ئێمە ڕێکخراوێکی ئاڵۆز و پێچەڵپێچمان

هەیە، کە هەر هەمووی سەرۆك پاش جەنگ دروستی کردووە. وەك بڵێی سەرۆك کەشتییە مەزنەکەی حکوومەتی خستبێتە بن دەستی خۆیەوە. بێت و پێوەندییەکە بپچڕێنێ، کەشتییەکە نوقم دەبێ. هەرچی موسافیر و شتی تێیدایە دەچنە تەرکی دەریاوە و تێدا دەچن و، هیچ کەسیش لێی روون نابێتەوە چ قەوماوە."

کە گەیشتە ئێرە، جگەرەکەی هەڵکرد.

لەگەڵ ئەوەشدا، رێکخراوەکە سنووری خۆی هەیە. مەبەستم مەرگی ئیمپراتۆرە. بێت و ئیمپراتۆر بمرێ، ئیمپراتۆرییەکە پەرش و بڵاو دەبێ. وەك دەبینی ئەم ئیمپراتۆرییە لەبەر خاتری بلیمەتیی کەسێك دامەزراوە و پارێزراوە، کە بەرای من دەکرێ بڵێین، هەر ئەو هۆکارە پڕنهێنییەیە ئەو شتانەی دامەزراندووە و پاراستوویەتی. مەرگی سەرۆك، واتە مەرگی هەموو شتێك. لەبەر ئەوەی رێکخراوەکەی ئێمە رێکخراوێکی بۆرۆکراتیك نییە، بەڵکو مەکینەیەکی تەواو بەتەکوز و رێکە، کە یەك مێشکی هەیە. خاڵی بەهێز و لاوازی رێکخراوەکەی ئێمەش هەر ئەوەیە. مەرگی سەرۆك، درەنگ یان زوو دەبێتە هۆی ئەوەی رێکخراوەکە وەك "والهالا" کە چۆن بوو بە قووتی بڵێسەکان، ئاوا لێك بترازێ و لە بێبایەخیدا نوقم بێ. پاش سەرۆك ئیتر کەس نییە جێی بگرێتەوە. رێکخراوەکە پەرش و بڵاو دەبێ. ئەم کۆشکە بەشکۆیە لەگەڵ عەرز تەخت دەبێ، بۆ ئەوەی رێگە بۆ دروستکرانی کۆمەڵەخانووی حکوومی بکرێتەوە. دنیایەك لە دووبارەبوونەوە و لێبڕاوەیی.

لەوانەیە پێت وابێ کارێکی باش و بەجێیە. دابەشینی دادپەروەرانە و لەو قسانە. بەڵام بیری لێ بکەوە. لە هەموو ژاپۆندا، کوێستانەکان، بەستێنەکان و دەریاچەکان رێك دەخرێن و ریز بە ریزی کۆمەڵە خانووی حکوومی هەموو یەك رەنگ و شکڵ لە هەموولاوە وەك کارگ هەڵدەتۆقن. ئەو کارە دروستە؟"

گوتم: "نازانم، تەنانەت نازانم ئاخۆ ئەو پرسیارەش، پرسیارێکی بەجێیە یان نا؟"

پەنجەکانی لەسەر رانی نوشتاندبوونەوە و بە نووکی پەنجەی دەتگوت تەپڵ لێ دەدا. گوتی: "وەڵامێکی زیرەکانەیە. وەك دەزانی، ئەوەی لەبارەی خانووە حکوومییەکانەوە، هەر لەبەر خاتری قسەکانمانە. ئەگەر وردتر باسی بکەم، دەکرێ رێکخروەکەی ئێمە بکەینە دوو بەش. بەشێك کە بەرەو پێشەوە دەڕوا و بەشێك بەرەو پێشەوەی دەبا. دیارە بەشی دیکەش هەن، کە کاروبارەکانی تر رادەپەڕێنن، بەڵام بەگشتی رێکخراوەکەی ئێمە بریتییە لەو دوو بەشە. بەشەکانی دیکە زۆر گرینگ نین. ئەو بەشەی لە هێڵی

پێشەوەیە، ویست و ئیرادەیە و، ئەو بەشەی پشتیوانیشی دەکا، دەستکەوتەکانە. کە خەڵك باسی سەرۆك دەکەن، تەنیا باسی دەسکەوتەکان دەکەن. بێت و سەرۆك بمرێ، خەڵك بۆ ئەوەی بەشێك لەو دەستکەوتانەیان پێ ببڕدری، دەیکەنە هاتوهەرا. هیچ کەس ویست و ئیرادەکەی ناوی، چونکە کەس لێی تێ ناگا.

لێرەدایە، کە دەکرێ لە واتای راستەقینەی ئەو شتە تێبگەین، کە دەکرێ تێیدا بەشدار بی و ئەوەی ناکرێ بەشداری بی. ئیرادە هیی ئەوە نییە بەشداری بی. ئیرادە شتێکە لە گەمەکەدا "پاس" دەدرێ یان لەکیس دەچێ."

پەنجەکانی کابرا هەروا لەسەر رانی دەبزووتن و، جگە لەوە، هەموو شتێك وەك پێشوو بە شەقڵنەشکاوی مابۆوە. نیگا هەر نیگا راماوەکە و، هەر چاوە ساردوسڕەکان، هەر روخسارە وشك و بێ جووڵەکە. دەموچاوەکە لەودمەوە چۆنی لێ ڕوانیبووم، هەر وا رووی لەمن بوو.

پرسیم: "ئەم ئیرادەیە چییە؟"

"چەمکێك، کە زەمان جڵەو دەکا، شوێن جڵەو دەکا و ئەگەرەکانیش."

"تێنەگەیشتم."

"دیارە زۆر کەس لێی تێناگەن. هەر سەرۆك بوو لە ناخ و گەوهەرەکەی تێدەگەیشت. زۆر کەس لەوانەیە لەوەش پتر پێ راکێشن و بڵێن، سەرۆك نکوولیی لە خۆناسین کردووە و، لە ئاکامدا شتێکی تەواو شۆڕشگێڕانەی لە جێی داناوە. ئەگەر بمەوێ سادەتر باسی مەسەلەکەت بۆ بکەم، شۆڕشی ئەو، شۆڕشی کاری تێکەڵ بە سەرمایە و سەرمایەی تێکەڵ بە کارە."

"شتێکی خەیاڵییە."

قسەکەمی بڕی و گوتی: "ڕێك بەپێچەوانەوە، ئەوە ناسینە، کە خەیاڵە. وای دانێ هەرچی پێتم گوتووە هەر قسە بێ و هیچی تر، هەمووان کۆ بکەوە و بیریان لێ بکەوە، من قەت ناتوانم باسی ئەو ئیرادەیەت بۆ بکەم، کە سەرۆك هەیەتی. قسەی من، بە ئامرازی پێکەوەبەستراوەیی و لە ئاستی قسەدا، تەنیا پێوەندیی نێوان من و ئەو ئیرادەیە دەخاتە روو. هەر بۆیە نکوولی لە ناسین، واتە نکوولی لە زمان. هەر کاتێك ئەو دوو کۆڵەکەیەی مرۆڤگەرایی خۆراوا واتە خۆناسینی تاکەکەسی بەردەوامبوونی شۆڕشگێڕانە ماناکەی خۆیان لەدەست بدەن، ئیتر زمانیش ماناکەی خۆی دەدۆڕێنێ. "هەبوون" بیچمی

گەوهەری تاکەکەسی بەخۆوە دەگریٚ، بەو جۆرەی کە دەیناسین و، ئیتر هەر هەمووی دەبێتە ئاژاوە. تۆیش نەك ئەوەی ببیتە شتێکی تاکەکەسی، بەڵکو وەك ئاژاوەیەکت لیٚ دیٚ، جا نەك هەر ئاژاوەش دەبیٚ، بگرە ئاژاوەی تۆ ئاژاوەی منیش دەبیٚ. دەبیٚ ئەوە بزانی، کە هەبوون(دنیا) واتە پێوەندییەکان و پێوەندییەکانیش واتە هەبوون."

لەپڕ ژوورەکە سارد بۆوە و هەستێك دایگرتم لەتاریف نایە، وەك ئەوەی لە جێیەك، جێوبانێکی گەرم و نەرمم بۆ راخراوە و یەکێك بانگم دەکاتە بن لێفەکەوە.

دیارە، ساویر بوو، هێشتا مانگی سێپتەمبەر بوو و، لە دەرەوە بە هەزاران زیکزیکەرە دەیانزریکاند.

"سنووری ئەو زانیارییانەی نەوەی ئێوە تێیدا ژیان، یان لانیکەم دەیانویست تێیدا بژین، یەکسەر مایەپووچ دەرچوو، لەبەر ئەوەی رەگ و بنجی لە تاکەکەسدا بوو. یانی بەبیٚ گۆڕانکاری لە چەند و چۆنیی تاکەکەسدا، هەوڵدان بۆ بڵاوکردنەوەی زانیاری، هەر سەر ناگریٚ مایەپووچ دەردەچیٚ. جا مەبەستی من لە بێبایەخی ئەوەیە. چۆن بتوانم بۆتی روون بکەمەوە؟ خۆ نامەویٚ تەواو تێی بگەی، من هەر هەوڵ دەدەم راستگۆیانە قسە بکەم."

بەدوای ئەوەدا گوتی: "لە بابەت ئەو وێنەیەوە کە تاوێك لەوەپێش پێم دای، کۆپییەکی راپۆرتە پزیشکییەکانی نەخۆشخانەی سوپای ویلایەتەیەکگرتووەکانش هەیە. هیی رێکەوتی ٢٧ی ژوٚلای ١٩٤٦ــە. ئەو وێنە، سەرۆك خۆی لەسەر داوای پزیشکەکان، وەك بەشێك لە رەوتی بەڵگەسازیی ئەزموونە وەهمییەکانی خۆی گرتوویەتی. بەپێی راپۆرتە پزیشکییەکان، ئەو مەڕە، بەردەوام و لە کات و ساتێکی دیاردا هاتووەتە نێو ساویرەکانی سەرۆکەوە. ئەگەر بمانەویٚ بە حیساب و ژمارە باسی بکەین، مەڕەکە لە سەداهەشتا، یان لە هەر پێنج جار چوارجاری ساویرەکاندا هەبووە. نەك بڵێی هەموو مەڕێك، بەڵکو رێك ئەو مەڕە قاوەییەی وێنەی ئەستێرەیەکی بەسەر پشتیەوەیە.

"یانی هەر ئەم مەڕە بوو، کە سەرۆك لە ساڵی ١٩٣٦ بەم لایە، وەك هێمای تایبەتی خۆی کەلکی لیٚ وەرگرت و لە سەر چەرخەکەی هەڵیکەند. پێم وایە بۆت رون بۆوە، کە ئەم مەڕە هەر ئەو مەڕەیە وا لە پێشینە پزیشکییەکاندا هەیە. زۆریش لەو مەڕە دەچیٚ وا لە وێنەکەی تۆدایە. پێت سەیر نییە؟"

گوتم: "زۆر بە رێکەوتە."

دەمویست هیچ خۆم تێك نەدەم، بەڵام نەمتوانی.

لەسەری ڕۆیشت: "دیسانیش، سەرۆك وەك کەسێك کە عەنتیکە کۆ بکاتەوە، حەزی لە هەموو ئەو بابەتانە بوو، کە چ لە ناوخۆ و چ لە دەرەوەی وڵات پێوەندییان بە مەڕەوە هەبوو و دەستیش پێیان رادەگەیشت. حەفتەی جارێك، بە تاقەتەوە دادەنیشت ئەو بەشانەی لە گۆڤار و رۆژنامەکانی ژاپۆندا بڵاو دەبوونەوەو باسی مەڕیان تێدا بوو، دەی بڕین و کۆی دەکردنەوە. من هەمیشە یارمەتیم دەدا. سەرۆك زۆر شێلگیر بوو لەسەر ئەو بەشەبڕاوانەی رۆژنامەکان کە باسی مەڕیان تێدابوو. وەك بڵێی بەشوێن شتێکەوە بێ. لەوەتەی سەرۆك نەخۆش کەوتووە، من خۆم ئەو کارەم لەئەستۆ گرتووە. من بەراستی حەزم چووە سەر ئەو کارە. کێ چووزانێ لەوانەیە چیی لێ پەیدا بێ. ئاوا بوو کە تۆش کەوتیتە ئەو گۆنگەڵەوە. تۆ و مەڕەکەت. هەرچۆنێك بێ، سەیرێکی ئەوە بکە، جا تێدەگەی هیچ بە رێکەوتیش نییە."

چەرخەکەم لە دەستمدا بارەوبار کرد. هەستێکی تایبەتی هەبوو. نە زۆر سووك بوو نە زۆر قورس. بیهێنە بەرچاوت، کە وەها کێشێکی بێ کەمایەسی لە دنیادا هەیە.

"تۆ پێت وایە سەرۆك بۆچی ئەوەندە سووربوو لەسەر دۆزینەوەی مەڕەکە؟ هیچت بە زەینیدا نایە؟"

گوتم: "نا، هیچ. لە سەرۆك بپرسی، زووتر لێت روون دەبێتەوە."

"خۆ ئەگەر کرابایە، لێیم دەپرسی. ئێستا دوو حەفتەیە سەرۆك لەهۆش چووەوە و لەوانەشە قەت هۆشی نەیەتەوە بەرخۆی. ئەگەر سەرۆك بمرێ، نهێنیی ئەو مەڕەی ئەستێرەکەی لەسەر پشتە، بۆ تاهەتایە لەگەڵی دەچێتە بن گڵ. من خۆیشم نامەوێ دەستەوستان دانیشم و لێگەڕێم وای لێ بێ. نەك لەبەر بەرژەوەندی خۆم، بەڵکو لەبەرخاتری بەرژەوەندیەکی گەورەتر، واتە بەرژەوەندی هەمووان."

سەری چەرخەکەم کردەوە و بەردەچەخماخەکەیم لێ دا بۆ ئەوەی هەڵیکەم و، ئەمجار دامخستەوە.

"دڵنیام پێت وایە ئەوەی گوتم هەمووی هاتەرانپاتەرانە، لەوانەشە وابێ. بەشکم روونیش بێتەوە کە ئەو قسانە هەموو قۆڕن. بەڵام هەر بیر لەوە بکەوە کە لەوانەیە ئێمە هەر ئەوەندەمان لەدەست بێ. ئەگەر سەرۆك بمرێ، ئەوی دیکەش دەمرێ، ئیتر هەرچی پێوەندیی بەوەوە هەیە دەفەوتێ و، شتێکی وا نامێنێتەوە. هیچی تر نامێنێتەوە. هەر بۆیە دەمەوێ ئەو مەڕە بدۆزمەوە."

بۆ یەکەم جار، چەند چرکەیەك چاوی لێك نا و تاوێك قسەی نەکرد. دوایی گوتی: "ئەگەر قەرارە با گریمانەکەم باس بکەم، هەر گریمانەیەك و هیچی دی. ئەگەر بەلاشتەوە گرینگ نییە، هەرچی تا ئێستا

گوتوومە لەبیری بکە. من پێم وایە چوارچێوە بنەڕەتییەکەی ورە و ئیرادەی سەرۆك لەسەر ئەم مەڕە بیچمی گرتووە."

گوتم: "لە بیسکویتی ئاژەڵان دەچێ."

قسەکەمی پشتگوێ خست.

"لەوانەیە، مەڕەکە چووبێتە ناخی سەرۆکەوە. ئەو رووداوە ساڵی ١٩٣٦ قەوماوە و لە چل و چەند ساڵی دواتردا، مەڕەکە لە نێو رۆحی سەرۆکدا بووە. ئەو مەڕە لەوێدا بێ و نەبێ، لەوەڕگەیەکی بژوێن و دارستانێکی بووزی دۆزیوەتەوە. رێك وەك ئەوەی لە وێنەکەدا بوو. تۆ دەڵێی چی؟"

گوتم: گریمانەیەکی سەرنجڕاکێشە."

"ئەو مەڕە، مەڕێکی تایبەتە، مەڕێکی زۆۆر تایبەت. دەمەوێ بیدۆزمەوە و، بۆ ئەوەیش پێویستیم بە یارمەتیی تۆیە."

"جا ئەگەر دۆزیتەوە، چیی لێ دەکەی؟"

"هیچی لێ ناکەم. لەوانەیە هیچم لەدەست نەیە. مەسەلەکە ئەوەندە بەربڵاوە، من هیچم پێ ناکرێ. هەر ئەوەندەیە دەمەوێ ئەو مەڕە بەوچاوانەی خۆم ببینم و ئەگەر شتێکی بوێ و من لەدەستم بێ بۆی بکەم. هەرچۆنێك بێ، بێت و سەرۆك بمرێ، ئیتر هەرچی هەیە، بەلای منەوە واتای نامێنێ."

بێدەنگ بوو. منیش بێدەنگ بووم. تەنیا زیکزیکەرەکان بوون زیکەیان دەهات. زیکزیکەرە و داری نێو باخەکە، کە گەڵاکانیان بەرەو تاریکایی بەدەم باوە خشەیان دەهات. ماڵەکەش بێدەنگییەکی ناخۆشی بەسەردا زاڵ ببوو.

هەر دەتگوت خۆڵی مەرگ، وەك دەردێکی بێدەرمان و لێگرەوە بەهەمموو لادا بڵاو بووەتەوە. هەوڵم دا لەوەڕگەکەی نێو مێشکی سەرۆك بێنمە بەرچاوم. لەوەڕگەیەکی تەریك و بۆژۆکراو، پڕ لە گژ و گیای ژاکاو و سیس و، مەڕێك کە رۆیشتبوو.

گوتی:"جارێکی دیکەش لێت دەپرسم. پێم بڵێ بزانم ئەو وێنەیە چۆن کەوتووەتە دەست تۆ."

گوتم: "ناتوانم پێت بڵێم."

ئاخێکی هەڵکێشا: "من هەوڵم دا بەوپەڕی راستگۆییەوە قسەت لەگەڵ بکەم. هەر بۆیەش هیوادار بووم تۆش راستگۆیانە قسەم لەگەڵ بکەی."

"پێگەی من هیی ئەوە نییە قسە بکەم. بێت و قسە بکەم، لەوانەیە گێچەڵێك بۆ سەری ئەو کەسە بنێمەوە کە وێنەکەی گرتووە."

قسەکەی بڕیم: "دەکرێ بڵێین، تۆ شتێکی ماقووڵت لەبن سەریدایە، کە پێت وایە لەوانەیە ئەو مەسەلەی ئەو مەڕە کابرا تووشی چەرمەسەری بکا."

"هیچ شتێکم لەبن سەریدا نیە. من بەپێی هەستی خۆم دەجووڵێمەوە. ئەو کارە جێیەکی ناتەواوە. لەو ماوەیەدا کە قسەم لەگەڵ کردووی، ئەو هەستەم هەر هەبووە. دەڵێی تەڵەیەکە. وای دانێ هەستی شەشەم."

"کەواتە تۆ ناتوانی قسە بکەی."

گوتم: "بەڵێ."

دوای ئەوە تۆزێك بیرم لە پێگە کردەوە و گوتم: "من وەستای گێچەڵ دروستکردنم. دەکرێ بڵێم حەزم لە ڕێگە و شێوازەکانی گێچەڵدروستکردن نییە. لە ژیانمدا هەمیشە هەوڵم داوە وای لێ نەیە، بەڵام دواجا ئەو چەرمەسەرییانەی دروستم کردوون، پتر بوون. هەمیشەش هەر وا بوو، بەڵام هیچ گرینگ نییە کە خۆم دەزانم وای لێ دێ. چونکە ئەو مەسەلەیە هیچ ناگۆڕێ و، رابردووش ناگەڕێتەوە. هەر بیانووە و هیچی دی."

"نازانم لە قسەکانت تێدەگەم یان نا."

"مەبەستم ئەوەیە، بێبایەخی بەشێوەی جۆراوجۆر دەردەکەوێ."

جگەرەیەکم بە لالێومەوە نا و بەو چەرخەی بەدەستمەوە بوو دامگیرساند و مژێکم لێ دا. تۆزێك هێور بوومەوە.

گوتی:"ئەگەر حەزت لێ نییە، قسە مەکە. لە بری ئەوە من دەتنێرم بەشوێن مەڕەکەدا. ئەوە ئاخرین قسەیە. ئەگەر لە ئێستاوە تا دوو مانگی دی توانیت مەڕەکە بدۆزیەوە، تۆ چیت بوێ، ئێمە بە خەڵات دەتدەینێ. بەڵام ئەگەر نەتتوانی بیدۆزیەوە، بە کۆمپانیاکەتەوە تێدا دەچی. قەبووڵ؟"

پرسیم: "مافی هەڵبژاردنم هەیە؟ ئەی ئەگەر لە بنێڕا مەڕێکی وا نەبێ ئەستێرەی لەسەر پشت بێ، چ بکەم؟"

"فەرق ناکا. بۆ من و تۆ مەسەلە ئەوەیە تۆ مەڕەکە دەدۆزیەوە یان نا. ڕێگەیەکی دیکە نیە. بەداخم ئەو قسەیە دەکەم، بەڵام وەك پێم گوتی، ئێمە پێشنیارەکەی تۆ قەبووڵ دەکەین. ئێستا تۆپەکە بەتۆیە و واباشترە هەوڵ بدەی گوڵ بکەی. تەنانەت ئەگەر روونیش بێتەوە گۆڵێك لە ئارادا نیە."

"ئەها، ئاوا؟"

دەفرەکاغەزییەکی پڕ لە پارەی لە گیرفانی دەرهێنا و لەبەردەمی دانا و، گوتی: "ئەوەش خەرج و دراوی گیرفانت. ئەگەر تەواویش بوو، پێوەندیمان پێوە بکەوە، دەکرێ پترت بدەینێ. پرسیارێکت هەیە؟"

"پرسیار نا، بەڵام شتێك هەیە."

"شتی چۆن؟"

"روون و ئاشکرایە کە، لە ژیانمدا شتی لەوە گاڵتەجاڕتر و ناماقووڵترم نەبیستووە. ئەم مەسەلەیە کە لە تۆی دەبیستم، لە راست دەچێ، بەڵام دڵنیام بۆ هەر کەسی بگێڕمەوە، کە ئەمڕۆ چیم بەسەر هاتووە، بڕوام پێ ناکا."

جۆرێك لیچی هەڵقرچاند، هەستت پێ نەدەکرد. دەکرێ بڵێی زەردەی دێتێ. "لە بەیانیەوە دەست پێ دەکەی. وەك گوتم، لەمڕۆوە دوو مانگت دەرفەت هەیە."

"کارێکی ئەستەمە. لەوانەیە دوو مانگ کەم بێ. مەبەستم ئەوەیە، تۆ دەتهەوێ من هەموو ناوچە کوێستانییەکان بە شوێن مەڕێکدا بگەڕێم."

رێك سەیری کردم و هیچی نەگوت و، ئەوەش بووە هۆی ئەوەی، هەست بکەم من خەزێنەیەکی بەتاڵم، خەزێنەیەکی بەتاڵی شەقاربووی پیس، کە لەوانەیە هەرگیز کەلکی لێ وەرنەگیرێتەوە. سی چرکەیەك بەبێ ئەوەی چاو بتروکێنێ، سەیری کردم، ئیتر لەسەرخۆ زاری داپچڕی و گوتی: "کاتی ئەوەیە بکەویە رێ."

بە دڵنیاییەوە هەر وا دیار بوو.

دیسان لیمۆزین و شۆفێرەکەی

شۆفێرەکە پرسیی: "دەچیتەوە نووسینگە؟ یان دەچیە شوێنێکی دی؟"

هەر شۆفێرەکەی پێشو بوو، بەڵام تۆزێك خۆمانەتر ببوو. دەتگوت زوو لەگەڵ خەڵکدا خۆی رێك دەخا. لەسەر کورسییە بەرینەکەی پشتەوە بە کەیفی خۆم، خۆمم لەبەر یەك کێشاوە و بیرم لەوە کردەوە دەبێ بچمە کوێ. نەمدەویست بچمەوە نووسینگە. لە رووی ئیدارییەوە، هێشتاش ئیجازەکەم مابوو و، نەمدەویست تووشی زەحمەت بم و هەموو ئەو شتانە بۆ شەریکبەشەکەم روون بکەمەوە. دیسانیش، نەمدەویست یەکەوڕێ بچمەوە ماڵێ. رێك لەو دەمەدا، پێویستم بەوە بوو وەك بنیادەمی ئاسایی و لە شوێنێکی ئاسایی بە دوو پێی ئاسایی بڕۆم.

گوتم: "شین یۆکۆ، دەروازەی خۆرئاوای."

رێی شین یۆکۆ، دەرزیت هەڵاویشتبا نەدەکەوتە عەرزی. هەموو شتەکانی تر بەلایەك، دەدەمی قەرەباڵغیی عەسرێ بوو. لە شوێنێکەوە ئیتر دەتگوت ترۆمبێلەکان ناجوولێن و لەجێی خۆیان چەقیون. جار نە جارێك شەپۆلێك دەکەوتە نێو ترۆمبێلەکانەوە و چەند سەنتیمێك دەیجووڵاندن. بیرم لە خێرایی سووڕی زەوی کردەوە. رووبەری ئەم جادەیە، لەماوەی سەعاتێکدا چەند کیلۆمەتر بە بۆشاییدا دەخولاوە. لە زەینی خۆمدا خێرا لێکم داوە و ژمارەیەکم لێ هەڵێنجا، کە لە خولانەوەی کووپێکی نێو کەرنەڤاڵێك پتر نەبوو. زۆر شت هەیە کە ئێمە ئاگامان لێی نیە. ئەوەی کە پێمان وایە هەموو شتێك دەزانین، هەر ساویرێکەو هیچی دی. ئەگەر دەستەیەك بنیادەمی ئەستێرەکانی تر رایانگرتبام و لێمیان پرسیبا، "ئەرێ براله، گۆی زەوی لە ئیستیوا، لە سەعاتێکدا چەند کلیۆمەتر دەخولێتەوە؟" هەر دەستم لە گۆزەدا عاسێ دەبوو. بە جەحەنەم. من تەنانەت نازانم بۆچی چوارشەممە پاش سێ شەممە دێ، ئیتر دەبوومە نوکتەیەکی نێو کاکێشانەکان.

دۆنی ئارام و برایانی کارمازۆفم سێ جار سەرلەبەر خوێندووەتەوە. تەنانەت "ئایدۆلۆژیای ئەڵمانی"ـیشم جارێك خوێندووەتەوە. ژمارەی Pـیشم هەتا ١٦ ژمارەی دەیەکان لەبەرە. هێشتایش قەشمەر و نوکتەم؟ لەوانەشە. سەلکە گەردوونییەکانی خۆیانیان وەردەگێڕن و پێدەکەنن.

شۆفێرەکە پرسیی: "پێت خۆشە گوێت لە موزیك بێ؟"

گوتم: "زۆریش باشە."

ئیتر مۆسیقای شۆپان ترۆمبێلەکەی پڕ کرد. هەستم کرد لە شوێنی جلگۆڕینی ڕێوڕەسمی برازاوایی بووك و زاوام.

لە شۆفێرەکەم پرسی: "ئەرێ تۆ ژمارەی P۔ لەبەرە؟"

"مەبەستت ١٤/٣ـەکەیە؟"

"ئەوە بەشێکێتی، ئەی هەتا چەندی ژمارە دەیەکانت لەبەرە؟"

گوتی: "سی و دوو ژمارەیان. لەوە پتر ئیدی..."

"سی و دوو ژمارە؟"

"بەڵێ، بەڵام تەکنیکێکی هەیە. بۆ چ بووە؟"

سەرم داخست و گوتم: "هیچ، گرینگ نییە وازی لێ بێنە."

لیمۆزین دوو مەترێکی بەهێمنی بڕی و ئێمە گوێمان دابووە شۆپان. خەڵکی نێو پاس و ترۆمبێلەکانی دەوروبەرمان، چاویان بڕیبووە ترۆمبێلێکی زەبەلاح. زۆرم پێ ناخۆش بوو، کە تەنانەت لەودیوی جامەڕەشکەکانیشەوە سەرنجی خەڵکم زۆر ڕاکێشابوو.

گوتم: "ترافیکێکی خراپە."

"بەڵێ، هەر وایە، بەڵام بە دڵنیاییەوە شەو دابێ، کەمتر دەبێتەوە."

"وایە. ئەی پێی تێك ناچی؟"

"بۆچی، وەڵا تووڕەش دەبم، بەتایبەتی ئەگەر بەپەلە بم. بەڵام وەك بەشێك لە فێرکارییەکانی خۆمان لێی دەڕوانم. بێت و تووڕە بین، ڕێی ژیانمان لێ هەتڵە دەبێ."

"لە تەفسیرێکی ئایینی دەچێ لەبارەی قەرەباڵغی و ڕێگیرانەوە. هەڵبەت ئەگەر وەها شتێك هەبێ."

"من مەسیحیم، ناچمە کلێسە، بەڵام لەوەتەی هەم مەسیحی بوومە."

"یانی ئاوا؟ پێت وا نییە مەسیحیبوونەکەت ناتەبایە لەگەڵ ئەوەی شۆفێریی پیاوێکی ملهوڕی ڕاست-ئاژۆ بیت؟"

"سەرۆك پیاوێکی شەریفە. پاش مەسیح، کەسم نەدیووە هێندە ئیماندار بێ."

"تۆ مەسیحت دی؟"

"هەموو شەو."

دیسان هەرچی لە زەینمدا بوو، خەریك بوو دەشێوا. قسەم بۆ نەدەهات، گوتم: "ببوورە؟ ئەگەر هەموو شەوێ هەمووان پێوەندی بگرن، هێڵەکان قەرەباڵغ نابن؟ وەك هێڵی ئۆپەراتۆری تەلەفۆنی، کە دەمەوئێواران قەرەباڵغ دەبێ."

"کێشە نابێ، ئەویان ئامادەبوونێکی هاوکاتە. کەواتە، تەنانەت ئەگەر ملیۆنێك کەس وێکڕا تەلەفۆنی بۆبکەن، دەتوانێ هاوکات لەگەڵ هەمووان قسە بکا."

"من خوێندەوارییەکەم زۆر نییە، بەڵام ئەوە بیروباوەڕی ئۆرتۆدۆکسییەك نیە؟ مەبەستم بە باری ئاینییەوە."

"من بناژۆخوازم. هەر بۆیەیش ناچمە کلیسا."

گوتم: "تێدەگەم."

لیمۆزین پەنجا مەتر چووە پێش. جگەرەیەکم خستە سەر لێوم و دەمەویست دایگرسێنم، سەیرم کرد لەو کاتەوە چەرخەکەم هەر بەدەستەوە بووە. بەبێ ئەوەی ئاگام لێ بووبێ، بە چەرخێکی دۆپۆنتی زیوییەوە، کە نیشانی مەڕێکی پێوە بوو، هاتبوومە دەرێ. ئەو کێش و هەستەی هەیبوو، لەوە باشتر نەدەبوو.

پاش ئەوەی چەند ساتێك بیرم لێ کردەوە، گەیشتمە ئەوەی، کە چەرخەکە هیی منە. کێ هەیە یەك دوو جاران چەرخی بزر نەکردبێ. چەند جارێك سەرەکەیم هەڵگرت و دامخستەوە و دیسان خستمەوە گیرفانم. هەر بۆ تۆڵە، پێنووسجافە بیکەکەی نزیك خۆمم لە بەردەستانمەوە خستە نێو شوێنی دەرگاکەوە.

شۆفێرەکە لەپڕێکا گوتی: "سەرۆك چەند ساڵ لەوەپێش ئەوەی دا بە من."

"چی؟"

"ژمارە تەلەفۆنی خودا."

ئاخێکی وام لە ناخەوە کێشا، هەرچی هەبوو تێیدا بزر بوو. یان من شێت ببووم، یان ئەوەی هەموو ئەو بنیادەمانە، گەوجێکی کارتۆنی بوون.

"هەر بەتۆی گوت؟ بەتەنێ و بە دزییەوە؟"

"بەڵێ، هەر بە منی گوت. بە دزییەوە، پیاوێکی نەجیب و باشە. حەز دەکەی بیناسی؟"

گوتم: ئەگەر کێشەیەك نەبێ."

دەی باشە، "ژمارەی تۆکیۆ ٩ـ٤ـ٥..."

گوتم: "سەبرێك بگرە" و، دەفتەرۆکە و قەڵەمێکم دەرهێنا: "پێت وایە کارێکی بەجێیە، ژمارەکەت دامیێ؟"

کێشە نیە، خۆ بە هەموو کەسی ناڵێین، جگە لەوەش تۆ پیاوێکی باش دیاری."

گوتم: "زۆر باشە، مەمنوونم. بەڵام من مەسیحی نیم، کەواتە چ بەخودا بڵێم؟"

"کێشە نیە، هەر ئەوەندە راستگۆیانە باسی ئەو شتانە بکەی، کە نیگەرانیان کردووی، یان گێچەڵیان بۆ دروست کردووی. گرینگ نییە قسەکانت چەندی کەمبایەخیش بن، خودا هەرگیز بێ تاقەت نابێ، یان پێت پێناکەنێ."

"مەمنوونم، تەلەفۆنی بۆ دەکەیم."

شۆفێرەکە گوتی: "فکرێکی باشە."

کە بینا هەوربڕەکانی شین یۆکۆ وەدەر کەوتن، هاتوچۆی سەیارەکانیش وردەوردە دەستیان پێ کردەوە، ئیتر تا گەیشتینەوە قسەمان نەکرد.

کۆتایی هاوین و سەرەتای پاییز

تا لیمۆزینەکە گەیشتە جێ، تاریکییەکی ئەرخەوانیی تۆخ، بەسەر شاردا کشابوو. ڕەشەبای بەرەبەری کۆتایی هاوین هەڵیکردبوو، بە نێو بیناکاندا گڤەی دەهات و تەشك و داوێنی ئەو ژنانەی لە ماڵەوە دەچوونە کارخانە، رادەوەشاند.

لامدا هۆتێلێکی چەند نهۆم و چوومە بارە گەورەکەی و داوای خواردنەوەیەکم کرد. دە خولەکێکی پێ چوو هەتا خواردنەوەکەیان بۆ هێنام. لەو مەودایەدا، ئانیشکم خستە سەر دەسکی کورسییەکە و، نێوچاوانم خستە سەر دەست. هیچم بە زەینیدا نەدەهات. بە چاوی لێکنراویشەوە، گوێم لە دەنگی ئەو وردیلانە دەبوو، کە بە گسکە بچووکەکانیان، زەینمیان دەماڵی. هەر دەیانماڵی و دەیانماڵی و هیچ کامەشیان خاکەنازیان بەکار نەدێنا.

ئیتر، کە خواردنەوەکەیان بۆ هێنام، بە دوو قورتم هەڵم چۆڕاند. بەدوایدا ئەو بادەمەزەمینیانەم* خوارد کە لەگەڵیدا هێنابوویان. ئیتر گسکلێدانەکە تەواو ببوو. بەرەو شوێنی تەلەفۆنکردنەکە چووم، کە لای سندووقەکە بوو و، ژمارەی دەسگیرانەکەمم ــ کە گوێچکە سەمەرەکانی هەبوو ـ گرت. بەڵام نە لە جێی خۆی بوو، نە لە جێی منیش. لەوانەیە بۆ نانخواردن چووبێتە دەرێ. قەت لە ماڵەوە نانی نەدەخوارد.

دوای ئەوە تەلەفۆنم بۆ کۆنە ژنەکەم کرد. پاشگەز بوومەوە و هەر زەنگی دووەمی لێ دا، دامخستەوە. ئاخر قسەیەکی وام نەبوو بیکەم و نەشمدەویست وەك بنیادەمێکی پەژیوان بگەڕێمەوە.

جگە لەوان کەسی دیکەم نەبوو تەلەفۆنی بۆ بکەم. لە نێوەڕاستی شارێك بووم، کە ملیۆنان کەس لە شەقامەکانیدا پیاسەیان دەکرد و کەسم نەبوو تەلەفۆنێکی بۆ بکەم. دراوە دە یەنییەکەمم خستەوە گیرفانم و لە کۆشکەڵەی تەلەفۆنەکە هاتمە دەرێ. ئیتر بەو خزمەتکارەی بەوێدا رادەبرد، گوتم، خواردنەوەیەکی دیکەم بۆ بێنێ.

بەو جۆرە شەوداهات. لەوە بێ مەبەستتر نەدەکرا ڕۆژ بکەیە شەو. دوایین ڕۆژی هاوین بوو، ئای چ ڕۆژێکی خۆشیش بوو. لە دەرەوە، تاریکیی سەرەتای پاییز باڵی بەسەر هەموو وڵاتدا کێشابوو. لە

* بادەمی زەمینی: عەلی بابا. باوی

خوارەوە، لە هەموو لاوە، داوێکی باریك لە گڵۆپە زەردەکانی شەقامەکانەوە، تێك دەئالاَ. جا لێرەشەوە، لەم سەرەوە کە دەتدیتن، پێت وابوو دەکرێ پێیان بخەیتە سەر.
خواردنەوەکە گەیشت. قومێکم هەڵدا، بادەم زەمینیەکانم لە لەپی دەستم کرد و وردە وردە خواردمن. چوار ژنی لە تەمەن گەڕاوە، کە دەرسی مەلەکردنیان لە هەسێڵەکەی هۆتێلدا تەواو کردبوو، لە دەوری مێزەکەی تەنیشتمەوە بوون و باسی خواردنەوەی رەنگاوڕەنگی ناوچە گەرمەسێرەکانیان دەکرد. خزمەتکارێك، کە قیت و قنج راوەستابوو، تۆزێك ملی بەلادا خست و باوێشکێکی دا. خزمەتکارێکی دیکە لیستەی خواردن و خواردنەوەکانی بۆ ژن و مێردێکی ئەمریکایی لە تەمەن گەڕاوە روون دەکردەوە. پاش بادەم زەمینییەکان، نەمدەزانی چ بە دەستەکانم بکەم.
دەفرەکەم لە گیرفانی پشتەوەی کابۆیەکەم دەرهێنا. هەڵمپچڕی و دەستم کرد بە ژماردنی دە هەزار یەنییەکان. جاران دەتگوت چەپکێك وەرەقە، نەك بەستەیەك دراوی تازەی هەڵپێچراو. نیوەیم بژاردبوو، پەنجەم ماندوو بوون. لە نەوەدوشەشدا، خزمەتکارێکی مەست هات و شووشە بەتاڵەکەی برد و پرسیی، یەکی دیکەش بێنێ یان نا. بەدەم ژماردنەوە سەرم بۆ لەقاند. پێم وایە هیچ ئاگای لێ نەبوو من چ دەکەم.
دراوەکان، سەدوپەنجا دانە بوون. خواردنەوەی دوایی کە هات، دیسان خستمنەوە نێو دەفرەکە و خزاندمەوە نێو گیرفانەکەی پشتەوەی کابۆیەکەم. ئیتر هەموو بادەمەکانم خوارد و حا دوای ئەوە بوو زانیم چەندەم برسییە. بەڵام باشە بۆچی ئەوەندە برسی بووم؟ لە بەیانییەوە هەر لەتێکم کێکی میوەیی خواردبوو.
بانگی گارسۆنەکەم کرد. ساندڤیچی پەنیر و خیارم داوا کرد، لەگەڵ خیارشۆر و پەتاتە. یانی نینۆکبڕیشیان هەبوو؟ دیارە هەیانبوو. باری هۆتێلەکان هەر بەراستی هەر شتێکت بوێ، هەیانە. لە شوێنێك، وەختایەك پێویستیم بە وشەدانێکی فەرەنسی - ژاپۆنی بوو، ئەویشیان هەبوو.
دەستم کرد بە خواردنەوە. تێر سەیری دیمەنی شەوەکەم کرد و، لە سەر تەپڵەکی جگەرەکە دەستم کرد بە نینۆككردن. دوای ئەوە دیسان سەیرێکی دیمەنەکەم کردەوە و زبرەیەکم بە نینۆکەکانمدا هێنا و، هەتا بوو بە شەو. ئەگەر بمەوێ کات بەرێ بکەم، ئاوا لێزانم.

بڵندگۆی بەرمیچەکە ناومی هێنا. لە پێشدا، لە ناوەکەی من نەدەچوو. چەند چرکەیەك پاش ئەوەی ناوەکەم خوێنراوە، تازە زانیم نیشانە تایبەتەکانی ناوەکەی خۆم بیستووە و پاش ئەوە، وردە وردە زانیم، ناوی من، منە.

خزمەتکارێك تەلەفۆنە بێتەلەکەی(مۆبایل) هێنا.

دەنگێکی کە پێشتر نەمبیستبوو، گوتی: "نەخشەکە تۆزێك گۆڕاوە. سەرۆك لە پڕ وەزعی شڕ بووە. نیگەرانی ئەوەم، کاتێکی زۆرمان لەبەردەست نەبێ. هەر بۆیە مۆڵەتەکەی تۆش کورتتر بووەتەوە."

"تا چەند؟"

"مانگێك، ناتوانین لەوە پتر چاوەڕێ بکەین. ئەگەر تا مانگێك مەڕی تایبەت نەدۆزیبێتەوە، تێداچووی. ئەودەم ئیتر شوێنێکت نابێ، بچیتەوە.

بیرم لێ کردەوە. مانگێك، بەڵام زەینم لە جێیەکی دیکە بوو و، نەیدەزانی زەمان و کات یان چی. مانگێك، دوو مانگ. هەر بەراست فەرقی چ بوو؟ کێ دەیتوانی کاتێکی ستاندەر بۆ دۆزینەوەی مەڕێك دیاری بکا؟

پرسیم: "چۆنت زانی من لێرەم؟"

کابرا گوتی: "ئێمە زۆر شتمان لەبن دەستە."

گوتم: "جگە لە دۆزینەوەی مەڕێك."

گوتی: "راست وایە. هەرچۆنێك بێ، وەشوێنی بکەوە. تۆ زۆر کات بەفیڕۆ دەدەی. دەبێ بزانی ئێستا لە چ دۆخێکدای. لەسەر ئەوەی کەوتوویەتە ئەم گێچەڵەوە، هەر دەبێ لۆمەی خۆت بکەی."

راستی دەکرد. یەکەم دراوە دەهەزار یەنیەکەم لە دەفرەکە دەرکێشا، بۆ ئەوەی حیسابەکەم بدەم. لە خوارەوە، لە سەر عەرزەکە، خەڵك هێشتا بە دوو قاچ بەملاوئەولادا دەڕۆیشتن. بەڵام ئەو دیمەنە هیچ بارێکی دڵەڕاوکێکەمی سووك نەدەکرد.

یەکێك لە نێوان پێنج هەزار

کە لە باڕی هوتێلەکەوە گەڕامەوە ماڵێ، لەگەڵ ڕۆژنامەدا سێ دەفر(زەرف)ی پۆستەم لە سندووقی پۆستەدا دیت. پسوولە حیسابی بانك و کارتێکی بانگهێشت بۆ میوانییەکی حەکەدارانە و لیستەیەکی پۆستەی ڕاستەوخۆ لە فرۆشەری ترۆمبێلە کۆنەکانەوە. لە نامەکەدا نووسرابوو: "ترۆمبێلێکی دەرەجە یەك بکڕە و ژیانت پڕشنگدارتر بکە." سوپاسی چی! قسەی قۆڕ، هەر سێ دەفرەکەم لەسەر یەك دانا و داڕندمن.

لە بەفرگرەکە ئاومیوەیەکم دەرهێنا و چوومە سەرمێزی چێشتخانەکە دانیشتم.یادداشتێکی دەسگیرانم لەسەر مێزەکە بوو: "بۆ نانخواردنێ چوومەتە دەرێ. تا سەعا ٩/٣٠ دێمەوە." سەعاتە دیجیتاڵییەکەی سەر مێزەکە ٩/٣٠ بوو. سەیری ژمارەی سەعاتەکەم کرد کە بوو بە ٩/٣١ و دواتر ٩/٣٢.

لە سەیری سەعاتەکە ماندوو بووم، جلوبەرگەکەمم داکەند، ئاوێکم بەخۆمدا کرد و سەرمم شوشت. لە حەمامێ، چوار جۆرە شامپۆی خۆشوشتن و سێ جۆر شامپۆی خۆ بسمیلکردنی لێ بوو. هەر جارێکی چووبایەتە فرۆشگا، کۆڵێك شتی دەکڕی. هەر جارێکی دەچوومە حەمام، بێ ئەملاوئەولا شتێکی تازەی لێ بوو. چوار سابوونی ردێن تاشین و چوار مەعجوونی ددانم ژمارد. لیستەیەکی تەواو بوو، حەمامەکەم کرد، کە تەواو بووم، پانتۆڵی وەرزشی و کراسێکی قۆڵکورتم لەبەر کرد. چلك و چەپەری ڕۆژێکی سەیروسەمەرەم لێ ببۆوە. هیچ نەبێ هەستم دەکرد حەساومەتەوە.

سەعات ١٠/٢٠ بە دەفرێکی پڕ شتەوە هاتەوە. سێ فلچەی شوشتنەوەی کاشی و قووتوویەکی پڕ کاغەزگر و شەش قووتووی خواردنەوەی فێنك بوو. ئیتر قوتووەکی دیکەشم خواردەوە.

گوتم: "باسی مەڕەکە بوو."

گوتی: "نەمگوت؟"

چەند سووسیسێکم لە بەفرگرەکە دەرهێنا و لە تاوەدا سوورم کردەوە و لەسەر مێزەکەم دانا بیخۆین. من سێ دانەم خوارد و ئەو دووان. کزەبایەکی سارد لە پەنجەرەوە دەهاتە چێشتخانەکەوە.

بۆم گێڕاوە کە لە نووسینگەدا چ قەوما. باسی سواربوونی لیمۆزین و ملکە گەورەکە و سکرتێر و نیگا ئاگرینەکەی و پەڵە خوێنەکە و ئەو مەڕە قەڵەوەی هێمای ئەستێرەیەکی لەسەر پشتی بوو، هەمووم بۆ گێڕاوە. یەك بین قسەم دەکرد.

کە لێ بوومەوە، سەعات ببووە یازدە.

هەر ئەوەندەی کرد و گوتی، کە هەر هیچ پێی سەیر نەبووە.

ئەوەندەی گوێی راگرتبوو، هەر خەریکی گوێ خاوێنکردنەوە بوو و جار نە جارێکیش باوێشکی دەدا.

"دەی، کەنگێ دەکەویتە رێ؟"

"وەڕێ بکەوم؟"

"دەبێ مەڕەکە بدۆزیەوە، وا نییە؟"

سەیرێکم کرد، قووتووهەڵپچڕەکەم هەروا بەدەستەوە بوو. گوتم: "من ناچمە هیچ کوێ."

"بەڵام بێت و نەیکەی، تووشی چەرمەسەری دەبی."

"چەرمەسەرییەکی وا نییە. هەرچۆنێك بێ، هەر بیرم لەوە دەکردەوە لە کۆمپانیاکە بێمە دەرێ. گرینگ نییە کێ لەو نێوەدایە، تا زیندووم، ئەوەندەم هەر پێ پەیدا دەبێ نەمرم. خۆ نامکوژن."

گوێ پاکەرەوەیەکی دیکەی لە قوتووەکە دەرهێنا و چەند ساتێك بارەوباری کرد و، گوتی: "بەڵام خۆ کارێکی زۆر سانایە. هەر ئەوەندەیە، مەڕەکە بدۆزیەوە، وا نییە، زۆریش خۆشە."

"من وەشوێن هیچ شتێ ناکەوم. هەکایدۆ زۆر لەوە گەورەتر و هەراوترە کە بیری لێ دەکەیەوە. خۆ مەڕەکانیش، سەدانهەزارسەر دەبن. چۆن دەتەوێ لە مەڕێك بگەڕێی؟ شتی وا ناکرێ. تەنانەت ئەگەر ئەو مەڕە ئەستێرەیەکیشی لەسەر پشتی بێ."

"پێنج هەزار سەر مەڕ."

"پێنج هەزار؟"

"مەڕەکانی هەکایدۆ دەڵێم. ساڵی ١٩٤٧ دووسەدوحەفتاهەزار سەر مەڕی لێ بوو، بەڵام ئێستا ٥٠٠٠ سەرن."

"جا چۆنت زانی؟"

"پاش ئەوەی تۆ رۆیشتی، چوومە کتێبخانە و لێیم کۆڵییەوە."

ئاخێکم هەڵکێشا و گوتم: "تۆ ئاگات لە هەموو شتێکە، وا نییە؟"

"ئەگەر راستیت دەوێ نا، زۆر شت هەیە هەر ئاگام لێی نییە."

بۆڵەیەکم کرد و ئیتر خواردنەوەکەم لەگەڵ بەش کرد.

"هەرچۆنێك بێ بەپێی راپۆرتە فەرمییەکان، هەر ٥٠٠٠ سەر مەڕ لە هەکایدۆ هەیە. چۆن بوو؟ خۆ حەسایەوە؟"

گوتم: "فەرقی چییە. ٥٠٠٠ یان ٢٧٠٠٠٠ سەر، فەرقەکەی چییە؟ گرفتەکە دۆزینەوەی مەڕێکە لە ناوچەیەکی زۆر گەورەدا، جا وەرە هیچ سەرەداوێکیشمان نیە."

"واش نییە هیچ سەرەداوێکمان نەبێ. یەکەم ئەوەی، ئەو وێنەیەمان هەیە. دوای ئەوەش، برادەرەکەی تۆ لەوێیە. وا نییە؟ هەرچۆنێك بێ، دەبێ شتێك بدۆزینەوە."

"ئەو دوو سەرەداوە هیچیان روون نین. ئەو ناوچەیەی لە وێنەکەدایە، شوێنێکی تەواو ئاساییە و، مۆری پۆستەخانەی سەر نامەکەی جرجەمشکیش خۆ هەر ناخوێنرێتەوە."

خواردنەوەکەی هەڵچۆڕاند. منیش خواردمەوە.

پرسیی: "کەیفت بە مەڕ نایە؟"

"زۆر زۆریشم مەڕ خۆش دەوێ."

دیسان خەریك بوو گێژ دەبووم.

لەسەری رۆیشتم: "جگە لەوەش، من بڕیاری خۆمم داوە. مەبەستم ئەوەی نامەوێ بڕۆم."

دەمەویست خۆم قایل بکەم. بەڵام قسەکانم راست دەرنەدەچوون.

"لەگەڵ قاوەیەك چۆنی؟"

گوتم: "خراپ نییە."

قەرداخ و قوتووەکانی هەڵگرت و کتریەکەی لەسەر ئاگر دانا. چاوەڕێی کوڵانی ئاوەکە بوو و، لە ژوورەکەی دیکەشەوە گوێی لە کاسێت راگرتبوو. جۆن رزیوێرز بو، کە "نیوەشەوە تایبەت"ـەکە و بەدوای ئەویشدا "دیسان بتهۆڤن" و، دوای ئەویش "مۆرە نهێنی"ـەیەکەی دەچڕی. کە کترییەکە فیکەی لێ دا، قاوەکەی دەم کرد و، لەگەڵ "جۆنی بی گود" گۆرانییەکەی گوتەوە. لەو ماوەیەدا

خەریکی خوێندنەوەی رۆژنامەی عەسر بووم. دیمەنەکەی ماڵەوە زۆر خۆش بوو. خۆ ئەگەر ئەو مەسەلەی مەڕە نەبوایە، لەوانەبوو دڵم زۆر خۆش بوایە.

بەدەم خولانەوەی قەوانەکەوە، قاوەکانمان هەڵدەدا و، بیسکویتەکانمان لە بێدەنگیدا دەخوارد. دیسان چوومەوە سەر رۆژنامەکەی عەسر. کە تەواوم کرد، دیسان دەستم کردەوە بە خوێندنەوەی. لە شوێنێك کودەتا کرابوو، جێیەکی دیکە ئەکتەرێك مردبوو و، لە شوێنێکی تر پشیلەیەك هەڵبەزودابەزی بوو. هیچ کامیان پێوەندییان بە منەوە نەبوو.

بەلای جۆنی ریوێرزیشەوە کە گۆرانیی دەگوت، گرینگ نەبوو. کاسێتەکە، کە تەواو بوو، رۆژنامەکەم نوشتاندەوە و سەیرێکیم کرد.

"من تێ ناگەم. لەوانەیە لەوەدا کە کردنی کارێك باشتر بێ لەوەی هیچ نەکەی، قسەی تۆ بێ، تەنانەت ئەگەر بێسوودیش بێ، هەر نەبێ لە مەڕێك گەڕاین. جگە لەوەش من نامەوێ ئەمرم پێ بکەن و هەڕشەم لێ بکەن و ناچارم بکەن کارێك بکەم."

"کەس نییە کەموزۆر ئەمری پێ نەکرێ و هەڕەشەی لێ نەکرێ و، بەناچاری کارێکی پێ نەکرێ*. لەوانەیە شتێکی دیکەی وا نەبێ، هیوامان پێی هەبێ."

ساتێك راوەستام و گوتم: "لەوانەشە نەبێ."

هیچی نەگوت و دیسان خەریکی خاوێنکردنەوەی گوێچکەکانی بۆوە. هەر جارنەجارێك چیلچیلە** گۆشتنەکانی گوێچکەی لە بن تاڵە مووەکانەوە دەردەکەوتن.

"هەکایدۆ ئێستا زۆر جوان و دڵگرە. سەیرانکەریشی زۆر لێ نییە و، هەواکەشی خۆشە. جگە لەوەش مەڕەکانیش لە هەموو جێیەك لە دەرەوەن. وەرزێکی باشە."

"پێم وایە."

دوا لەتی بیسکویتەکەی خوارد و گوتی: "ئەگەر، ئەگەر لەگەڵ خۆت ببەی، دڵنیا بە یارمەتیت دەدەم."

"باشە بۆچی وا لە مەسەلەی ئەم راوە مەڕەت هەڵکێلاوە؟"

---

* بەپێی دارشتنی فارسییەکەی دەبوایە ئاوام کردبایەتە کوردی، بەلام پێم جوان نەبوو: " هەمووان، کەموزۆر ئەمریان پێ دەکرێ و هەڕەشەیان لێ دەکرێ و ناچار دەکرێن کارێك بکەن.

** نەرمانی گوێ

"چونکە حەزم لێیە خۆم ئەو مەڕە ببینم."

"بەڵام باشە بۆ دەبێ لەبەر مەڕێکی ریخن ئەو هەمووە زەحمەتەم تووش بێ. لەوەش گرینگتر، تۆش بخەمە ئەو گۆڵمەزەوە؟"

زەردەیەکی شیرینی هاتێ و گوتی: "من پێم ناخۆش نابێ. کێشەی تۆ کێشەی منیشە. ئەوە من بووم تووشی ئەو گۆڵمەزەم کردی."

"سپاس."

"هەر دەتوانی ئەوەندە بڵێی؟"

رۆژنامەکەم بەرەو گۆشەی مێزەکە خشکاند. ئەو پشووەبایەی لە پەنجەرەوە دەهات، دووکەڵی جگەرەکەی بڵاو دەکردەوە.

"ئەگەر راستیت دەوێ، ئەو گێچەڵە لەسەر یەك شتێکە، سەرم لێی دەرناچێ. کارەکە لە جێیەك چەتی تێدایە."

"بۆ وێنە لە کوێ؟"

گوتم: "بۆ وێنە لە هەموو شوێنێك و هیچ کوێیش. مەسەلەکە هەمووی گەمژانەیە. بەڵام هەرچی هەیە زۆر سامناك روونە و، هەموویشی تێك دەکاتەوە. هیچ دڵم خۆش نییە."

ساتێك راوەستا، جیرێکی لەسەر مێزەکە هەڵگرت و گەمەی پێ کرد.

"ئەی پێت وا نییە برادەرەکەت هەتا قورقوڕۆچکەی لەو گێچەڵەدا چەقیوە؟ ئەگینا بۆ دەبوو بە ئانقەست ئەو وێنەیە بۆ تۆ بنێرێ؟"

هەموو رێیەکی لێ بەستبووم. پەتەم هەموو کەوتبوونە سەر ئاو و، نهێنیم لای نەمابوو. لە رەگی قوونیشم تێگەیشتبوو.

زەردەیەکی هاتێ و، گوتی: "من هەر بەراستی پێم وایە دەبێ بیکەین. ئێمە ئەو مەڕە دەدۆزینەوە. ئەوە دەشی بینی."

رێورەسمی گوێ پاکردنەوەکەی تەواو کرد و، گوێ پاکەرەوەکەی لە دەسرەکاغەزییەکەوە پێچا بۆ ئەوەی فڕێی بدا. دوای ئەوە جیرێکی هەڵگرت و قژی خڕکردەوە و لە پشت گوێی بەستی و، گوتی:

" با بچین بنووین."

پیاسەی دوانیوەڕۆی یەکشەممە

سەعات نۆی بەیانی لە جێوبانەکەمدا بەخەبەر هاتم. هیچ یاداشتێکی بەجێ نەهێشتبوو. ئەوەندە نەبێ، دەسرەکاغەزییەکە و جلوبەرگەکەی لەوێ لە تەنیشت لەگەنی ئاودەستەکە دەهاتن وشك ببنەوە.

پێم وابوو بۆ خواردنی نانی بەیانی و کار چووەتە دەرێ.

لە بەفرگرەکە ئاو پرتەقالێکم دەرهێنا و نانە بەیاتەکەم خستە زارمەوە. تامی گەچی دەدا.

لە کەلێنی پەنجەرەی چێشتخانەکەوە دەوەنی زمانەخەسووەکەی مالّی دراوسێکەمم لێ دیار بوو. لە مەودایەکی دوورترەوە یەکێك تەمرینی پیانۆی دەکرد. لە دەنگی چوونەخوارەوەی ئاسانسۆر دەچوو. لە سەر دارتەلی تەلەفۆنەکە سێ کۆترەگایە، کەمتەرخەمانە دەیانگماند. دیارە شتێك لە زەینیاندا ئۆقرەی لێ بڕیون، لەوانەیە ئازاری هەرسکردنی ئەو دانەوێڵەیەی لەبەر پێیانە، چووزانم. لەوانەشە بەلای کۆترەکانەوە، من خەمسارد بووم، نەك ئەوان.

کە پارووە نانەکەم لە قوڕگم ئاخنی و بەزۆر قووتم دا، کۆترەکان لەچاوان ون بوون و داری تەلەفۆنەکە و دەوەنی دراوسێ لە جێی خۆیان مانەوە.

بەیانیی یەکشەممە بوو. لە پاشکۆی حەفتەنامەکەدا، وێنەیەکی رەنگیی ئەسپێك چاپ کرابوو کە بەسەر کۆسپێکدا بازی دەدا. لە لاپەڕەکەی دیکەدا، سوارچاکێك بە کلاوێکی رەشەوە لەسەر ئەسپەکە بوو و، چاوی پڕ بوون لە هەڕەشە. لەو لاپەڕەیەدا وتارێکی تێروتەسەل نووسرابوو، کە سوورەگولّ چۆن پەروەردە بکەین و چیی لێ نەکەین. سەدان جۆر سوورەگولّ هەن، کە هەر کامەیان مێژووی خۆیان هەیە. بنەمالّەی پادشایەتی بۆ سوورەگولّ نەمابوون. سوورەگولّ خەرمانەیەکی وەسفهەلّنەگری چارەنووسی بەدەوری خۆیدا کێشاوە و بابەتەکەش باسی زور شت و یەك لەوانە فەلسەفە و چارەنووسی کردبوو.

جا ئێستا کە ساغ ببوومەوە وەشوێن مەڕەکە بکەوم، ئیتر لەسەرپێ و تاسەباری رۆیشتن بووم. لەوەدەمەوە کە سنوورە گەورەکەی بیست سالانەمم بڕیبوو، ئەوە یەکەم جارم بوو ئەو هەستەم هەبوو. قاپ و پەرداخەکانم لە دەفرشۆرەکەدا خستە سەر یەك. خواردنم بە پشیلەکە دا و دوای ئەوە تەلەفۆنم بۆ کابرا رەشپۆشەکە کرد. پاش ئەوەی تەلەفۆنەکە شەش جار زەنگی لێ دا، جا وەلامی داوە.

گوتم: "هیوادارم لە خەوم هەلّنەستاندبێی."

گوتی: "شتی وا هەر مەڵێ. من زۆر زوو هەڵدەستم. چ بووە؟"
"کام رۆژنامە دەخوێنیەوە؟"
"هەشت لەو رۆژنامانەی لە ناوشارەکە و لەوانەیش لەهەموو وڵاتەدا بڵاو دەبنەوە. بڵام ئەوانی نێوشار دەمەوئێوارە دەیانهێنن."
"هەر هەمووان دەخوێنییەوە؟"
لەسەرخۆ وەڵامی داوە: "ئەوە بەشێکە لە کارەکەی من، کامەیان؟"
"ساندێی دەخوێنیەوە؟"
گوتی: "بەڵێ، ئەگەر پێویست بێ."
"وێنەی ئەسپەکەت لە دوابەشی حەفتەکاندا دیت؟"
کابرا گوتی: "بەڵێ وێنەی ئەسپەکەم دیت."
"پێت وا نییە ئەسپ و سوارەکە، بیر لە دوو شتی تەواو جیاواز دەکەنەوە؟"
بێدەنگی بە نێو تەلەفۆنەکەدا لەسەرخۆ خزییە ژوورەکەوە. تەنانەت دەنگی پشووکێشیانیش نەدەهات. بێدەنگییەکە ئەوەندە خەست بوو، کە گوێی بنیادەمی دەئێشاند.
پرسیی: "هەر بۆیەت تەلەفۆن کردبوو؟"
"نا، بۆ شتێکی زۆر بچووك. باسی شتێکی بچووك خۆ کێشە نییە، وایە؟"
"ئێمە زۆر بابەتی دیکەمان هەیە باسیان بکەین، بۆ وێنە باسی مەڕ."
قورگی خاوێن کردەوە و لەسەری رۆیشت: "دەبێ ببووری، بەڵام من وەك تۆ بێ ئیش نیم، دەکرێ زووتر دەست پێ بکەی؟"
گوتم: "جا کێشەکە لێرەدایە. با سادەتر پێت بڵێم، دەمەوێ لە بەیانیەوە وەشوێن مەڕەکە بکەوم. زۆرم بیر لێ کردەوە و ئاخریەکەی ئاوا ساغ بوومەوە. بەڵام پێم وایە هەر دەبێ بەپێیان بچم. وەختێك قسە دەکەم، چۆنی بۆم بێ نایگێڕمەوە. مەبەستم ئەوەیە، مافی خۆمە چۆنم پێخۆشە وا قسە بکەم. باسی بابەتێکی بچووك بکەم. حەز ناکەم هەموو هەڵسوکەوتم لە ژێر چاودێریدا بێ و، خەڵکی غەوارە بەزۆری کارێکم پێ بکەن. قسەکەم ئەوەندە بوو."
"وا دیارە تۆ ئاگادار نی لە چ وەزعێك دای."

"تۆش نازانی لە چ وەزعێك دای. جا گوێت لێ بێ، من دوێ شەو بیرم لەو مەسەلەیە کردەوە و زانیم هیچی وام نیە لەکیسم بچێ و لێی بترسم. هەر هیچ. لەگەڵ ژنەکەم تێك چووم و ئەمڕۆیش بڕیارم دا واز لە کارەکەم بێنم. ئەپارتمانەکەشم بەکرێ دا. هیچیشم نیە دڵەودوای بم. لە رووی داراییشەوە نزیکەی دوو ملیۆن یەنم هەیە، لەگەڵ سەیارەیەکی دەستی دوو و پشیلەیەك، کە خەریکە پیر دەبێ. جلوبەرگم هەموو کۆن بوون و، شریتە مۆسیقییەکانیشم هەموو شڕ و کۆنن. هیچ ناو و ناوبانگێکم پەیدا نەکردووە، پێگەیەکی کۆمەڵایەتیم نیە، نە دڵگر و سەرنجڕاکێشم و نە توانایەکیشم هەیە. ئیتر لاو نیم و کە قسەیەکی کەرانە دەکەم، دواتر بەداخ دەبم. یانی، ئەگەر بمەوێ بە زمانی ئێوە بدوێم، من کابرایەکی تەواو ئاسایی و بێبایەخم. چیم هەیە بیدۆڕێنم؟ ئەگەر شتێکت بەزەیندا دێ بیلێ. بۆچی قسە ناکەی؟"
بێدەنگییەکی کورت زاڵ بوو. لەو مەودایەدا، داوە دەزووەکم لە قۆپچەی چاکەتەکەم دەرکێشا و بە قەڵەم سۆفتەکەم سێزدە ئەستێرەم لە دەفتەری یاداشتەکەمدا کێشا.
دەستی پێ کرد: "کەس نییە شتێکی نەبێ لەکیسی بچێ، تۆش هەروەتر. ئێمە پسپۆڕی دۆزینەوەی ئەو شتانەین. هەموو بنیادەمێك، وەك چۆن شتەکان ناوەندێکی بارستاییان هەیە، بلێی و نەلێی خاڵێکیان هەیە لە نێوان غروور و حەزەکانیاندا. ئەوەش هەر ئەو شتەیە کە ئێمە دەیدۆزینەوە. بنیادەمەکان وەختایەك ئەو شتانە لەدەست دەدەن، تازە دەزانن شتێکی وا هەبووە."
راوەستان.
"بەڵام من خەریکم دەکەومە پێش خۆمەوە. هەموو ئەو شتانە دوایی دەردەکەون. جارێ لێم گەڕێ با پێت بڵێم من قسەکانی تۆ پشتگوێ ناخەم. من هەموو داخوازیەکانی تۆ لەبەرچاو دەگرم. چۆنت پێ خۆش وا بکە. تا مانگێك، تێگەیشتی؟"
گوتم: "تەواو."
کابرا گوتی: "باشە، کەواتە سەرچاو."
لەو دەمەدا تەقەی داخرانی تەلەفۆنەکە هات. دەنگی تەقەی بیستۆکی تەلەفۆنەکە کاریگەرییەکی خراپی دیکەشی دانا. لەبەر ئەوەی ئەوکاریگەرییە نەهێڵم، سێ جار دانیشتم و هەستامەوە و درێژ بووم و قیت بوومەوە. دوایی دەفرەکانی سێ رۆژ لەوەپێشم شوشت. بەوە وام لێ هات دیسان دڵم بکرێتەوە.

هەرچۆنێك بێ، یەکشەممەیەکی خۆشی مانگی سێپتەمبەر بوو. هاوین هێندەی بیرەوەرییەکی دوورەدەستی سەرووی وەبیرهاتنەوە، کاڵ ببۆوە.

کراسە خاوێنەکە و کابۆیەکەم کە هیچ پەڵەیەکی سۆسی پێوە نەبوو، لەبەر کرد و، جووتێ گۆرەویی هاوڕەنگیشم لەپێ کرد.سەرم داهێنا. ئاواش نەمتوانی بچمەوە کەفوکوڵ و هەستی دەمەوبەیانی یەکشەممەکانی حەڤدەساڵیم. دەی باشە، ئەی چ شتێك تازە بوو؟ پێم وابوو بەشی خۆم ژیاوم.

دوای ئەوە، فۆلکس واگۆنە شڕەکەم لە پارکینگی ئەپارتمانەکە هێنا دەرێ و، بەرەو فرۆشگایەك کەوتمە رێ و، یەك دوو کارتۆن خواردنی قوتووم بۆ پشیلەکە کڕی و توورەکەیەك کلێسنی ئاودەستم بۆ پشیلەکە و مووسێکی سەفەری و ژێرپۆشێکم کڕی. چوومە دووکانێکی کێکفرۆشی و لە سەر مێزەکە دانیشتم و کێکێکی دارچینیم خوارد و قاوەیەکی بێتامم خواردەوە. دیواری بەرامبەر مێزەکە، ئاوێنەیەك بوو و، تەواو خۆمم تێدا دەدی. لەوێ دانیشتم و کێکە نیوەچڵەکەم بەدەستەوە سەیری روخساری خۆمم کرد. لەوەڕا حەزم لێ بێ بزانم خەڵك چۆنم دەبینن. دیارە هیچ رێیەك نەبوو لێم روون بکاتەوە. کێکەکانم خوارد و هاتمە دەرێ.

نووسینگەیەکی سەفەرکردن لای وێستگەی شەمەندەفەرەکەوە بوو. دوو بلیتی فرۆکەم بۆ بەیانی وەرگرت، بچمە ساپورۆ. دوای ئەوە، لە بازاڕۆکەی وێستگەکە، جانتایەکی بریزەنتی و کلاوێکی بارانگرم کڕی. هەر جارە و دراوێکم لە بەستە دراوەکەی گیرفانم دەردەکێشا. چەندی خەرجم دەکرد پێوەی دیار نەبوو لێی کەم بێتەوە. هەر خۆم بووم وام دەنواند شەکەت و ماندووم. پارە لەم دنیایەدا ئاوایە. بنیادەم کە هەیبێ، ئازار دەکێشێ. بنیادەم ناچار دەکا خەرجی بکا و، کە تەواویش بوو، لەخۆت بێزار دەبی. کە لەخۆشت بێزار بووی، حەزت لێیە پارە خەرج بکەی. تا ئەوەی ئیتر دراوت پێ نامێنێ و، هیوایەکیش.

لەسەر نیوکورسییەکەی بەرامبەر وێستگەکە دانیشتم و دوو جگەرەم بەبادا کرد و، بڕیارم دا، ئیتر بیر لە پارە نەکەمەوە. گۆڕەپانی وێستگەکە پڕ بوو لەو بنەماڵە و ژن و مێردە گەنجانەی لەبەر خاتری بەیانیی رۆژی یەکشەممە هاتبوونە دەرێ. لە پڕ لە دڵی هەمووان گەیشتم، دوا قسەکانی ژنەکەی پێشوومم بیر کەوتنەوە کە لە دوایین ساتدا گوتی: لەوانەبوو منداڵیشمان بێ. قسەی تێدا نییە لە تەمەنی مندا،

منداڵبوون گەمژانە نەبوو، بەڵام جا من بۆ باوکێتی دەبم؟ نا بابە، کام منداڵ حەزی لێیە باوکێکی وەك منی هەبێ؟

جگەرەیەکی دیکەشم کێشا. هەر دوو دەستم بەو شتانەوە وا کرێبوومن گیرابوو و، بە نێو خەڵکەکەدا رێی خۆم دەکردەوە. چوومە پارکینگی فرۆشگاکە. لەوەدەمەدا کە ترۆمبێلەکە دەپشکنرا، چوومە کتێبفرۆشییەکە و سێ کتێبی بەرگ کاغەزیم کڕی. دوو دراوی دەهەزار یەنیی دیکەشم چوو. گیرفانم پڕ ببوو لە وردەپووڵ.

کە گەڕامەوە ئەپارتمانەکەم، چیی قەرەپووڵ بوو، لە دەفرێکی شووشەییم کرد و ئاوێکی ساردم بە دەموچاومدا کرد. لەمێژ بوو لەخەو هەستابووم، بەڵام کە سەیری سەعاتم کرد، هێشتا نیوەڕۆ دانەهاتبوو.

سەعات سێی عەسرێ، دەسگیرانم هاتەوە، کراسێکی شەترەنجی و پانتۆڵێکی فشوفۆڵی مەیلەوزەردی لەبەردا بو و، چاویلکەیەکی خۆرگێڕەوەی تۆخی لەچاوی کردبوو. جانتایەکی کەتانیی رێك وەك ئەوی منی بە شانیدا کردبوو.

دەستێکی لە جانتا هەڵمساوەکەی دا و گوتی: "من کەلوپەلی خۆمم کۆ کردووەتەوە و، لەسەر پێم بۆ رۆیشتن. سەفەرەکەمان زۆر دەخایەنێ؟"

"پێم سەیر نابێ ئەگەر دوورودرێژیش بێ."

لەسەر قەنەفەی تەنیشت پەنجەرەکەوە راکشا و بە چاویلکە خۆرگێڕەوەکەی، کە لەچاویدا بوو، لە میچەکە راما و، جگەرەیەکی مێخەکی داگیرساند. تەپڵەکی جگەرەکەم هەڵگرت و چووم لە تەنیشتی دابنیشم. پشیلەکە هات و خۆی هاویشتە سەر قەنەفەکە و، چەناگە و چنجرووکی خستە سەر بەلەکی ئەو. کە لە جگەرەکێشان تێر بوو، بەرماوەی جگەرەکەی دا بە من.

پرسیم: "دڵت خۆشە دەچیتە سەفەر؟"

"بەڵێ، زۆر زۆریش دڵم خۆشە، زیاتریش لەبەر ئەوەی لەگەڵ تۆم."

"هیچ دەزانی ئەگەر مەڕەکە نەدۆزینەوە، ئیتر لێرە جێمان نابێتەوە. لەوانەیە ناچار بین تا مردن هەر سەفەری بین."

"وەك برادەرەکەی تۆ؟"

"پێم وایە، هەموومان هەر کەسە و بەشێوەیەك لە لۆتکەیەك* داین. جیاوازییەکەمان هەر ئەوەیە، کە برادەرەکەی من بەبێ ئەوەی خۆی بیەوێ، وا خەریکە را دەکا و من لەتر دەبەم."

جگەرەکەم لە تەپڵەکەکەیدا کوژاندەوە. پشیلەکە سەری هەڵێنا و، باوێشکێکی دا و دیسان وەك پێشووی لێ هاتەوە.

پرسیی: "لە کۆکردنەوەی شتەکانت بوویەوە؟"

"نا، دەستم پێ نەکردووە. بەڵام شتێکی هێندە زۆرم نییە کۆی بکەمەوە.هەندێ جلوبەرگن بۆ گۆڕین، سابوون و خاولی. تۆ خۆشت ئەو هەمووە کەلوپەل و جانتایەت پێویست نییە. ئەگەر شتێکت پێویست بوو، دەکرێ هەر لەوێ بکڕی. پارەمان زۆر پێیە."

دیسان زەردەخەنە شیرنەکەی هاتەوە لێوی و گوتی: "ئاوام پێ خۆشە. ئەگەر جانتایەکی گەورە هەڵنەگرم، هەر وەنازانم چوومەتە سەفەریش."

"دڵنیام گاڵتە دەکەی..."

قیژەی ناخۆشی باڵندەیەك لە پەنجەرەوە دیسان هاتەوە ژوور، قەت گوێم لە قیژەی وا نەببوو. باڵندەیەکی نوێ، لە وەرزێکی نوێدا.

تاڵەتیشکێکی هەتاوی دوانیوەڕۆ کەوتبووە سەر کولمەی. سەیری چلکەهەورێکی سپیم کردن کە لە گۆشەیەکی پەنجەرەکەوە دەچووە گۆشەکەی دی. تاوێکی زۆر هەرواماینەوە.

پرسیی: "گرفتێك هەیە؟"

"نازانم چۆنت پێ بڵێم، بەڵام ناچێتە ئەقڵمەوە کە ئێرە و ئێستاکە، هەر بەراستی ئێرە و ئێستا بێ. یان من هەر بەراستی خۆم بم. هیچ ناچێتە دڵمەوە. هەمیشەش هەر وا بووە. زۆر دەخایەنێ تا چاك بێ. ئەو دە ساڵەی رابرد، هەر هەموو ئاوا بووە."

"دە ساڵ؟"

"هەر نابڕێتەوە، تەواو."

پشیلەکەی هەڵگرت بۆ ئەویە پێ لەسەر عەرزەکە دابنێ. پێکەنی و گوتی: "دێی؟"

---

* لۆتکە: گەمی. قایق.

چوومە سەر قەنەفەکە، قەنەفەیەکی کۆن، کە لە کۆنەفرۆشەکەم کڕیبوو. روومەتت کە لەسەر دادەنا، بۆنی مێژووت بۆ دەهات. جەستەی ئەو تێکەڵەی ئەم بۆنە ببوو. گەرم و نەرم و نیان، وەك بیروەرییەکی لێڵ. زەوی لەرزی و، زەمان وەك پشووەبایەك کەوتە گەڕ.

گوتی: "ئێستا هەر بەراست هەست دەکەی دژییی؟"

"ئەی تۆ؟"

"ئم م م م، جەستەم، هەموو گیانم."

گوتم: "من تا لەگەڵ تۆ بم باشم. تەواو بەکەیفم."

بیرم لەو هێمنییە سەیرە دەکردەوە، هەست و خوست لەهیچ کوێوە نەدەهات. لەوانەبوو، لەو دووانەمان زیاتر، کەسی دیکە نەچووبێ بۆ بەزمی یەکشەممەی پاییز.

بەسرتەیەك گوتی: "هیچ دەزانی ئەمەم زۆر پێخۆشە."

"ئەم م م."

"زۆر لەبەردڵانە، دەڵێی چووینەتە سەیران."

"سەیران؟"

"بەڵێ."

دوایی سەبرێ بەگوێمدا چرپاندی: "دە ساڵت پێ زۆر بوو؟"

گوتم: "هەر نەدەبڕایەوە. زۆر زۆر بوو، بێ بڕانەوە. هەر هیچ شتێکم پێ تەواو نەدەکرا."

سەری تۆزێك لەسەر دەسکی قەنەفەکە بەرز کردەوە و زەردەیەکی هاتێ. زەردەخەنەیەك، کە پێشتر لە جێیەکی دی دیتبووم، بەڵام قەت لێم روون نەدەبۆوە لەکوێ دیتوومە و هیی کێ بووە. ژنە رووتەکان زۆر سامناك لێك دەچن. ئەوان بەردەوام سەرمان لێ تێك دەدەن.

بە چاوی لێکنراوەوە گوتی: "وەرە بکەوینە شوێن مەڕەکە. کە وەشوێن مەڕەکە بکەوین، هەموو شتێك چاك دەبێ."

تاوێك سەیری روخساریم کرد، دوای ئەوە سەیری هەر دوو گوێچکەیم کرد. رووناکاییە نەرمونیانەکەی عەسرێ، وەك تابلۆیەکی بێگیانی سرووشت، گرتبوویە خۆی.

بیرتەسك، بەڵام كۆڵنەدەر
سەعات شەش جلوبەرگی لەبەر كرد. قژی داهێنا. ددانی شوشت و عەتری لەخۆی دا. من لەسەر قەنەفەكە دانیشتبووم و بەسەرهاتەكانی شێرلۆك هۆلمز دەخوێندەوە. چیرۆكەكە ئاوا دەستی پێدەكرد: واتسۆنی هاوكارم سنووری بیركردنەوەی زۆر بەرتەسكە، بەڵام كۆڵنەدەرە.
رستەیەكی خراپ نەبوو.
گوتی: "من شەوێ درەنگ دێمەوە، چاوەڕێم مەبە."
"دەچییە سەر ئیش؟"
"ئەدی چۆن، ئەگەر راستیت دەوێ دەبوو ئەمڕۆ ئیجازە وەرگرم، بەڵام جێبەجێ نەبوو. چونكە لە سبەینێوە لە ئیجازەم، كارەكانیان خستووەتە ئەستۆی من." وەدەر كەوت. پاش یەك دوو خولەك، دەرگا كراوە و پرسیی: "ئەرێ ویستم بزانم، كە لێرە نیت، دەتەوێ چ لە پشیلەكە بكەی؟"
"ئەها، هەر لەبیریشم نەبوو. خەمت نەبێ. مشوورێكی دەخۆم."
خواردنی تایبەتیم بۆ پشیلەكە دەرهێنا. ددانی وا زەعیف ببوون، پەنیرەكەی پێ نەدەخورا. بەفرگەرەكە شتێكی وای تێدا نەبوو، من بیخۆم. هەر بۆیە ساردییەكم هەڵپچڕی و سەیری تەلەفزیۆنەكەم كرد. خەبەرێكی وا نەبوو. ئێوارەیەكشەممەی وەك ئەمڕۆ، دیمەنی باخچەی ئاژەڵانی نیشان دەدا. دیمەنی كورت كورتی زەڕافە و ورچۆكەی پاندام سەیر كرد، دوای ئەوە كوژاندمەوە و دەستم دا تەلەفۆنەكە.
بە كابرام گوت: "لە بابەت پشیلەكەوە."
"پشیلەی تۆ؟"
"بەڵێ، پشیلەیەكم هەیە."
"دەی؟"
"دەی هەتا پشیلەكەم لای یەكێك تاقەت نەكەم، ناتوانم بچمە هیچ كوێ."
"جا خۆ لای ئەوێ، شوێنیان زۆرە بۆ راگرتنی ئاژەڵ."
"زۆر پیر و زورهانە، مانگێك لە قەفەزدا بێ دەمرێ."
گوێم لە زرمەی پەنجەكانی دەبوو، كە تەپڵی بە مێزەكە لێ دەدا.

"دەی؟"
"دەمەوێ لای تۆ بێ. تۆ باخێکی گەورەت هەیە. دڵنیام دەتوانی پشیلەیەك راگری."
"هەر بیریشی لێ مەکەوە. سەرۆك رقی ئەو دنیایەی لە پشیلەیە و باخەکەشیان داناوە بۆ مەل و باڵندە. هەر پشیلەیەکی لێ بێ، باڵندەی لێ نامێنێ."
"خۆ سەرۆك ئاگای لێ نییە، ئەم پشیلەیەیش خۆ تینی ئەوەندەی لەبەردا نییە راوی باڵندە بکا."
"دەی باشە، سەعات دەی بەیانی ترۆمبێلێك دەنێرم بۆ پشیلەکە."
"خواردن و ئاودەستی تایبەتی پشیلەکەش دەنێرم. لەو مارکەیە نەبێ ناخوا، ئەگەر لێی بڕا، تکایە هەر لەوەی بۆ بکڕنەوە."
"تکایە ئەو وردەشتانە بە شۆفێرەکە بڵێ. پێم وایە پێشتر پێم گوتووی، من زۆر سەرقاڵم."
"دەمەوێ رەوگەیەکی پێوەندیمان هەبێ. چونکە روون دەبێ کێ بەرپرسیارە."
"بەرپرسیارەتی؟"
"وای دانێ، کە لێرە نیم، پشیلەکە دەمرێ، ئەودەم، تەنانەت ئەگەر مەڕەکەشم دۆزیبێتەوە، ناتوانی هیچم لێ دەرکێشی."
کابرا گوتی: "ئەهاااا، ژیرانەیە. تۆ هەڵە دەکەی. بەڵام وەك کەسێ ناشی، کارەکەت خراپ نییە. دەبێ ئەوانە بنووسمەوە. کەواتە تکایە هێواشتر بیانڵێ."
"گۆشتی چەوری مەدەنێ، چونکە دەڕشێتەوە. ددانی ساغ نین، کەواتە خواردنی رەقی مەدەنێ. بەیانیان شیر و خواردنی قوتووکراوی پشیلان دەخوات و شەوانەیش هەندێ ماسیی وشکەوەکراو یان گۆشت یان پەنیر. تکایە لەگەنی ئاودەستەکەشی هەموو رۆژێ بۆ بگۆڕن. حەزی لێ نییە لەگەنەکەی پیس بێ. زۆرجاران زگی دەچێت، بەڵام ئەگەر دوو رۆژ چاك نەبۆوە، بەیتەرە دەرمانت دەداتێ بیدەنێ."
که گەیشتمە ئێرە، زۆرم لەخۆم کرد بۆ ئەوەی لە تەلەفۆنەکەوە گوێم لە خشەی قەڵەم پاندانەکەی بێ.
لەسەری رۆیشتم: "گوێچکەی خەریکە ئەسپێی تێ دەکەوێ، هەر بۆیە دەبێ حەفتەی جارێك بە گوێ پاککەرەوە و تۆزێك رۆنی زەیتوون گوێی بۆ خاوێن بکەیەوە. زۆری پێناخۆشە، هەر بۆیە وریا بە پەردەی گوێی نەدڕێ. ئەگەر دەشتهەوێ چنجڕووك بەسەر کەلوپەلەکانتدا نەکێشێ، حەفتەی جارێك چنجڕووکی کورت بکەنەوە. نینۆکبڕی ئاسایی باشە. دڵنیام کێچی نییە، بەڵام واباشترە هەر جار نەجارێك لەبەر

کێچهەڵێنان بیشۆی. شامپۆی کێچکوژ لە هەموو دووکانێکی تایبەتی پێداویستیی ئاژەڵاندا دەست دەکەوێ. پاش شوشتنەکەی دەبێ بە خاولییەك تەواو وشکی بکەیەوە و، زۆر باش شانەی بکەی. دواجاریش بە قژوشککەرەوەیەك وشکی بکەیەوە. چونکە وانەبێ، سەرمای دەبێ."

خەت خەت، خەت خەت، خەت خەت. "چی دیکەش؟"

کابرا هەموو شتەکانی لە دەفتەری یاداشتەکەیەوە خوێندەوە، زۆر جوانی یاداشت کردبوون.

"هەر ئەوەندە؟"

"زۆر باشە."

کابرا گوتی: "دەی کەوابوو." ئیتر تەلەفۆنەکە داخرا.

دەرەوە تاریك داهاتبوو. هەندێ وردەپارە و جگەرە و چەرخەکەمم خستە گیرفانم و پێڵاوەکانم لەپێ کرد و وەدەر کەوتم. لە مەکۆی گەڕەك، بەدەم گوێگرتن لە ئاوازی "برایانی جۆنسۆن"ـە وە، ساردییەکم خواردەوە. بەدەم گوێگرتن لە ئاوازی "بیل وەیزەرس"ـەوە کۆتلێتی مریشکم خوارد و بەدەم بیستنی "شەڕی ئەستێران"ـی مەی نارد فێرگوسۆنەوە قاوەم خواردەوە، پاش ئەوە هەستم کرد هەر هیچم نەخواردووە.

کووپی قاوەکەمیان برد. سێ دراوی دە یەنیم خستە نێو تەلەفۆنە گشتییە پەمەییەکەوە و تەلەفۆنێکم بۆ شەریکبەشەکەم کرد. کوڕە گەورەکەی کە هێشتا قوتابیی سەرەتایی بوو، تەلەفۆنەکەی هەڵگرت.

گوتم: "بەیانی باش."

قسەکەمی راست کردەوە: "شەوباش."

سەیرێکی سەعاتەکەمم کرد. هەقی بوو.

تاوێك دواتر شەریکبەشەکەم هاتە سەر تەلەفۆن.

پرسیی: "چ بوو؟"

"دەتوانی قسە بکەی؟ لە سەر سفرە کاتم گرتی؟"

"خەریکی نانخواردنێ بووین، بەڵام قەیناکا. چێشتێکی وا نەبوو، هەرچۆنێك بێ بەسەرهاتەکەی تۆ خۆشترە."

هەندێ لە قسەکانم لەگەڵ کابرا ڕەشپۆشەکە خستەوە سەر یەك. دوای ئەوە باسی لیمۆزینە گەورەکە و سەرۆکم بۆ کرد کە لە گیانەڵادایە. هیچ باسی مەڕەکەم نەکرد. بڕوای نەدەکرد و زۆر دووورودرێژ بوو و، دیارە سەربردەکەش پیاوی گێژتر دەکرد.

شەریکبەشەکەم گوتی: "وەڵاهی هیچ سەری لێ دەرناکەم."

"دەبێ ئاگادار بی، ئەوانە هەمووی نهێنین. بێت و ئاشکرا بن، تووشی گێچەڵ دەبی. مەبەستم ئەوەیە ماڵ و منداڵ و..."

ئەپارتمانە بەشکۆ و ڕازاوە چوار ژوورەکەی و ژنەکەی کە فشاری خوێنی هەبوو و کوڕە چاوقایمەکەیم هێنا بەرچاوم، مانگێك، دوو مانگ، سێ مانگ، هەر بەراستی نازانم. لەوانەیە ئیتر قەت نەچمەوە تۆکیۆ."

"ئم مم."

"من وا دەکشێمەوە. هەر بۆیە دەمەوێ کاروبارەکانی کۆمپانیاکە خۆت بیانگریتە ئەستۆ. نامەوێ تووشی گێچەڵت بکەم. ئیتر من کارم نەماوە و بۆ کارە هاوبەشەکانیشمان، تۆ بەشە گرینگەکانی بگرە ئەستۆ، من لەوێ نیواونیو کار دەکەم."

"بەڵام من پێویستیم پێتە بۆ ئەوەی چاوت بەسەر کارەکانەوە بێ."

"هێڵە سەرەکییەکە یەکسەرە بکە و بگەڕێوە دۆخەکەی جاران. هەرچی کاروباری بانگەشە و هەڵەبڕییەکە هەڵوەشێنەوە. هەر وەك ئەو ڕۆژە خۆت گوتت، دیسان بیکەوە بە نووسینگەیەکی وەرگێڕان. یەکێك لە سکرتێرەکان ڕاگرە و کارمەندە نیوەکارەکانی دیکە لەکۆڵ خۆت بکەوە. ئیتر پێویستت بەوان نیە. ئەگەر پارەی دوو مانگیان وەك پاداشتی کۆتایی خزمەت بدەیتێ، ئیتر شکایەتت لێ ناکەن. لە بارەی نووسینگەکەشەوە، دەکرێ بچیتە جێیەکی بچووکتر. دەزانم داهاتەکان کەم دەبنەوە، بەڵام تێچووەکانیش کەمتر دەبنەوە. ئەگەر بەشی من کەم بکەیەوە، بەشی خۆت زیاد دەبێ، کەواتە لە ڕاستیدا تۆ زەرەر ناکەی. ئیتر پێویست نییە نیگەرانی ئەوە بی خەڵك سوودی خراپی لێ وەردەگرن و ئیتر دانی ماڵیاتیش زۆر ئەستەم نابێ. کاروبارەکان بەدڵی تۆ دەچنە پێش."

پاش تاوێك بێدەنگی گوتی: "نا، مەڕۆ، ناکرێ، دەزانم جێبەجێ نابێ."

"من دەڵێم هیچ ناقەومێ. من بۆ هەموو کارەکان لە پشتت بووم، کەواتە دەزانم هیچ ناقەومێ."

گوتی: "کاروبارەکان بەجوانی دەچوونە پێشێ، چونکە پێکەوە کارمان دەکرد، تا ئێستا هیچ کام لەو کارانەی ویستوومە بەتەنێ بیانکەم، سەریان نەگرتووە."

"جا گوێ بدەیە، من باسی هەراوکردنەوەی کاروکاسبی ناکەم. من دەڵێم کارەکان بکە یەك. مەبەستم ئەوەیە، هەر ئەو وەرگێڕانە پیشەییانەی پێش شۆڕش دەمانکردن، ئەوانە بکەوە. تۆ بە سکرتێرێك و پێنج شەش کەسەوە کە ڕۆژهەقیان دەدەیەی، چۆن کارەکانت پێ ڕاناپەڕێ؟"

دوایین دراوە دە یەنییەکەم کەوتە تەلەفۆنەکەوە، تەقەی هات... سێ دراوی دیکەشم لە تەلەفۆنەکە خست.

گوتی: "من وەك تۆ نیم. تۆ دەتوانی بەبێ یارمەتیی خەڵکیش سەرکەوی. بەڵام من وا نیم. ئەگەر کەسێك نەبێ بەسەریدا ببۆڵێنم، یان بیرۆکە و خەیاڵەکانمی پێ بڵێم، هیچم پێ ناکرێ."

سەرمم خستە سەر بیستۆکەکە و ئاخێکم هەڵکێشا. هەر گەمە کۆنەکەی جاران. ئەو لە من تێناگا و منیش لە قسەی وی."

شەریکبەشەکەم گوتی: "ئەلۆ، ئەلۆ."

گوتم: "گوێم لێتە."

گوێم لە دەنگی منداڵەکانی دەبوو کە شەڕیان بوو لەسەر ئەوەی، سەیری کامە کەناڵی تیڤی بکەن.

گوتم: "مشووری منداڵەکانت بخۆ."

کارێکی باش نەبوو، بەڵام چ بکەم هیچم پێ نەمابوو. "تۆ نابێ بگری و بنووزێیەوە. بێت و دەستی لێ بەردەی، ئەو گێچەڵە لەکۆڵ هەموان دەبێتەوە. ئەگەر ویستبایەت بەرۆکی دنیا بگری، نەدەبوایە منداڵت بێ، هەستە، کاروبارەکانت ڕاپەڕێنە، واز لە خواردنەوە بێنە."

تاوێکی زۆر بێدەنگ بوو. خزمەتکارەکە تەپڵەکە جگەرەیەکی بۆ هێنام، بە دەست تێم گەیاند خواردنەوەیەکی دی بێنێ.

دیسان دەستی پێ کردەوە: "زۆر باشە قایل بووم، هەموو هەوڵی خۆم دەدەم، دڵنیا نیم بکرێ، بەڵام..."

پەرداخەکەم پڕ کرد و قومێکم لێ دا و گوتم: "جێبەجێ دەبێ. بیر لە شەش ساڵ لەوەپێش بکەوە. نە پووڵمان هەبوو نە پێوەندییەك. بەڵام هەموو شتێك سەری گرت. وا نەبوو؟"

شەریکبەشەکەم گوتی: "وەك گوتم، تۆ دەزانی چەندە ئاسوودە و سەرسووك بووم، کە پێکەوە دەستمان بەکارەکان کردبوو."

"تەلەفۆن دەکەمەوە."

"ئێ ێ.."

گوتم: "سپاس بۆ هەموو شتێك، هەموو شتێك لەوپەڕیدا بوو."

"کە کاروبارەکەت راپەڕاند، وەرەوە تۆکیۆ و وەرە دیسان پێکەوە دەست بە کارێك بکەینەوە."

"بەسەرچاو."

داخستەوە.

هەردووکمان دەمانزانی چەندە لەوانەیە من بگەڕێمەوە.

شەش ساڵ لەگەڵ یەکێك کار بکەی، هەموو ئەوشتانەت لێ روون دەبێتەوە.

جا ئێستا کە کارەکەشم زۆر دوور بوو، ئاسوودەتر و سەرسووکتر بووم. لەسەرخۆ، بەڵام لێم سوور بوو، هەموو شتێکم سادەتر دەکردەوە. نیشتمانم لەدەست دابوو، ژنەکەمم لەکیس چووبوو و، هەتا سێ مانگی دیکەش ژیانەکەشمم لەدەست دەچوو و ئیتر هەر بەبیریشمدا نەدەهات شێست ساڵ تەمەن بکەم، ئەی باشە چیم بۆ دەمایەوە؟ نابێ بیر لەو شتانە بکەیەوە. نابێ تەنانەت بیر لەوەیش بکەیەوە، کە تا مانگێکی دیکە لەوانەیە چیت بەسەر بێ.

چوومەوە ماڵێ و لەگەڵ شێرلۆك هۆڵمز خزیمە جێوبانەکەمەوە. سەعات یازدە چرام کوژاندەوە و لێی خەوتم و، هەتا بەیانی هەر جارێکیش چییە وەخەبەر نەهاتم.

یەکێك بۆ کیپەر

سەعات دەی بەیانی، ترۆمبێلە سەیروسەمەرەکە، کە دەتگوت ژێردەریاییە لە دەرەوە چاوەڕێ بوو. لە پەنجەرەی نهۆمی سێهەمەوە، لیمۆزینەکە زیاتر لە لەتکە کولێرەی "بۆریوارونیێ" دەچوو، نەك ژێردەریایی. دەکرا کولێرەیەکی گەورەی لێ دروست بکەی، کە سێسەد مندالّ بە دوو حەفتەش بۆیان نەخورێ. من و دەسگیرانەکەم لەسەر لێواری پەنجەرەکە دانیشتبووین و سەیری ترۆمبێلەکەمان دەکرد.

ئاسمان زۆر سامناکانە سامالّ بوو. دەتگوت ئاسمانی فیلمە ئێسکپێرسیونیستییەکانی پێش جەنگە. یەك پەلّەشی پێوە نەبوو وەك چاوێکی گەورە، کە پێلّووەکانیت بڕیبێ. کۆپتەرێك، کە زۆر بەرز دەفڕۆی، گەلێك بچووك دیار بوو.

هەموو پەنجەرەکانم پێوە دا، بەفرگرەکەم کوژاندەوە و شێرە(بەلووعە)ی گازەکەم پشکنی. جلوبەرگ هێنرانە ژوور. سەر تەختی خەوەکە، بە سەرچەف داپۆشرا، تەپلّەکی جگەرە شۆردران و هەندێ دەرمانی سەیروسەمەرە لە تەنیشت کۆلی دەموچاوشوشتنەکە ریز کران. کرێی دوو مانگ لەوەپێش درا و، ئابوونەی رۆژنامەکە هەلّوەشێنرایەوە. چوومە دەرێ و سەیرێکی ئەپارتمانە بێگیانەکەم کرد. چرکەیەك بیرم لەو چوار سالّ ژیانی خێزانداریییەم کردەوە کە تێیدا ببووم، لەو مندالاّنەی وا من و ژنەکەم قەت نەمانبوون.

دەرگای ئەسانسۆرەکە کراوە و دەسگیرانم بانگی کردم. دەرگا ئاسنینەکەم داخست.

شۆفێرەکە، کە چاوەڕێم بوو، بە قوماشێکی وشك، زۆر توند خەریکی سڕینەوەی جامی ترۆمبێلەکە بوو. یەك پەلّەش چییە بە ترۆمبێلەکەیەوە نەبوو و لەبەر هەتاوەکە زۆر سەیروسەمەرە و بەتین دەدرەوشاوە. بەحالّ دەستت لێدابا، دەیسووتاندی.

شۆفێرەکە گوتی: "بەیانی باش."

هەر شۆفێرە ئیماندارەکەی پێرێ بوو.

گوتم: "بەیانیت باش."

دەسگیرانم گوتی: "بەیانیت باش."

دەسگیرانم پشیلەکەی راگرتبوو. خواردنی پشیلە و زەرفی پەڕۆوپالّەکەی ئاودەستم هێنا.

شۆفێرەکە گوتی: "هەوایەکی زۆر تایبەتە، وا نییە؟"

ئەوجار سەیری ئاسمانێی کرد و گوتی: "چۆن بڵێم، دەڵێی مینای بێگەردە."

سەرم بۆ لەقاند.

گوتم: " ئەوودەمانەی ئاسمان وا ساماڵە و هەواخۆشە، بە دڵنیاییەوە پەیامەکانی خودا بەبێ زەحمەت دەگەن."

شۆفێرەکە بە پێکەنینێکەوە گوتی: "هیچ وا نییە. پەیامەکانی خودا لە هەموو شتێکدان. لە گوڵ و رەوەز و هەورەکان..."

"ئەی لە ترۆمبێلەکاندا؟"

"لە ترۆمبێلەکانیشدا هەن."

یەکێکی وەك من: "بەڵام خۆ ترۆمبێلەکان لە کارگە دروست دەکرێن."

"ئەو کەسەی دروستیان دەکان ویست و ئیرادەری خوای لەسەرە."

دەسگیرانم هاتە نێو باسەکەوە: "ئەی لە ئەسپێی گوێچکەدا؟"

شۆفێرەکە راستی کردەوە: "لە هەموو تۆز و زەڕەیەکی هەوادا."

"باشە، کەواتە پێم وایە لەسەر ئەو ترۆمبێلانەی لە عەرەبستانی سعوودی دروست دەکرێن..."

"لە عەرەبستانی سعوودی ترۆمبێل دروست ناکەن."

دیسان گوتم: "هەر بەراست؟"

"بەڵێ، بەراست."

دەسگیرانم پرسیی:" ئەی ئەو ترۆمبێلانەی لە ئەمریکا دروستیان دەکەن بۆ ئەوەی بیاننێرنە عەرەبستانی سعوودی؟ ئەوان کامە خوایان تێدایە؟"

پرسیارێکی ئەستەم بوو.

گەمییەکی رزگارکەرم خستە ئاوەکەوە، :"سەیر کە، ئێستا دەبێ باسی پشیلەکەی لەگەڵ بکەین."

شۆفێرەکە، کە تۆزێك هاتبۆوە سەرخۆ، گوتی: "پشیلەیەکی رەزاسووکە، وایە؟"

پشیلەکە هەموو شتێك بوو، رەزاسووك نەبوو. رێك پێچەوانەی رەزاسووك. وەك فەرشێکی تیسکن رووتابۆوە. سەری کلکی شەست دەرەجە چەمابۆوە، ددانی زەرد ببوون و چاوی راستی لەبەر برینەکەی

پێرار، چڵك و ئیلتهابی لێ دەهات و ئیتر پاش ئەوە بە زەحمەت دەیبینی، گومانت هەبوو لەوەی ئاخۆ پێڵاوێکی تەنس و پەتاتەیەك بەزەحمەت لێك دەکاتەوە یان نا. لاقی مێخەکەیان لێ هاتبوو و گوێچکەشی ئەسپێ تێی دابوو و، وەك بڵێی لەبەر پیربوونەکەی ئیتر خۆی پێ جڵەو نەدەکرا. ئەودەم کە ژنەکەم لە بن نیوکورسییەکەی پارك دۆزییەوە و هێنایەوە، پشیلەیەکی جوان و گەنج بوو. بەڵام لەو چەند ساڵەی دواییدا وەك ئەو تۆپە بۆلینگەی بەرەو کونە لوساوك ئاساکە دەڕوا، گولۆڵەی کەوتبووە لێژی. ناویشی نەبوو. نەماندەزانی، نەبوونی ناو، چ شتێك لە کارەساتی پشیلەبوونەکە کەم دەکاتەوە یان لێی زیاد دەکا.

شۆفێرەکە بەبێ ئەوەی دەستی رادێرێ، گوتی: "پشی، پشیلەیەکی جوانە، ناوی چییە؟"

"ناوی نییە."

گوتم: "من بانگی ناکەم، هەر وایە."

"بەڵام خۆ ئەوە لەتە بەردێك نییە هەر وا بێ. یانی بە کەیفی خۆی بەملاوئەولادا دەسووڕێتەوە؟ زۆر سەیرە، ئەو شتەی بە ویستی خۆی بەملاوئەولادا دەڕوا، ناوێکی نەبێ."

"شاماسییەکانیش بەکەیفی خۆیان دەسووڕێنەوە، بەڵام کەس ناویان لێ نانێ."

"باشە، بەر لە هەموو شتێك ئەوەی کە، هیچ سنوورێکی کوڵ و کۆ لە نێوان شاماسی و بنیادەمدا نییە، جگە لەوەش ئەوان ئەگەر گوێیان بەناوی خۆیشیان بێت، هەر نازانن."

"کەواتە دەکرێ بڵێین، ئەو ئاژەڵانەی نەك هەر بە ویستی خۆیان بەملاوئەولادا دەڕۆن و کوڵ و کۆی هاوبەشیان لەگەڵ بنیادەمەکاندا هەیە، بگرە دەبینن و دەیشبیستن، ئەوانە شیاوی ئەوەن ناوێکیان هەبێ."

شۆفێرەکە چەند جاران بە نیشانەی قایلبوون سەری لەقاند و گوتی: "باش تێگەیشتی، دەڵێی چی من دەست پێ بکەم و ناوێك لەسەر ئەم بچکۆلانەیە دانێم. دەڵێی چی؟"

"کێشە نییە، بەڵام چ ناوێك؟"

"کیپەر چۆنە؟ لەبەر ئەوەی تۆ وەك شاماسییەك لەگەڵی دەجووڵێیەوە."

گوتم: "خراپ نییە."

شۆفێرەکە گوتی: "هەر بەراست؟"

لە دەسگیرانم پرسی: "تۆ دەڵێی چی؟"
گوتی: "خراپ نییە، وەك دیتنی خولّقانی زەوی و ئاسمانەکانە."
گوتم: "کەوابووو ناوما نا کیپەر."
شۆفێرەکە، دەستی دایە پشیلەکە. "وەرە کیپەر."
پشیلەکە ترسا و قەپێکی لە پەنجەی ئەسپێکوژەی شۆفێرەکە دا."
شۆفێر ئێمەی بردە فڕۆکەخانە. پشیلە لە کورسییەکەی پێشەوەدا لە تەنیشت شۆفێرەکەوە هەڵکورمابوو و، جا چونکە شۆفێر پەنجەرەی کردبۆوە، زانیم پشیلەکە جار و بار بۆنێکی دێ. رێك ئەودەمە بۆ شۆفێرەکەم دووپاتە دەکردەوە چ بکا بۆ پشیلەکە. چۆن گوێی خاوێن بکاتەوە، لە کام فرۆشگە سندووقی ئاودەستی پشیلە دەفرۆشرێ، رۆژانە چەندەی خواردن بدەنێ و لەو شتانە.
شۆفێرەکە گوتی: "نیگەران مەبن، من باش ئاگام لێی دەبێ. خۆ دەزانی من لەلەی ئەوم."
شەقامەکان چاوەڕوان نەدەکرا هێندە چۆل بن، ترۆمبێل وەك ماسییەکی ئازاد کە بۆ گەرادانان بەرەو سەرچاوە دەخوشێ، بەخێرایی بەرەو فڕۆکەخانە دەڕۆیی.
لە شۆفێرەکەم پرسی: "باشە بۆچی گەمییەکان ناویان هەیە، بەڵام فڕۆکەکان نیانە؟ بۆچی ناوی گەشتەکان دەنێن، گەشتی ژمارە ٩٧١ یان گەشتی ٣٢٦، بەڵام گەشتی گوڵە هەڵاڵە یان داوودی دانانێن؟"
"لەوانەیە لەبەر ئەوە بێ، کە فڕۆکە لە گەمی(قایق) زیاترن. چونکە زیاتر دروست دەکرێن."
"پێم وا نییە، ئەوەندە گەمی دروست کراوە مەگەر خوا بزانێ. لەوانەیە لە فڕۆکەکانیش پتر بن."
شۆفێرەکە گوتی: "بەڵام..." و، چەند چرکەیەك راوەستا.
"ئەگەر بمانەوێ بەراستی قسە بکەین، کەس نایە ناو لەسەر پاسەکانی نێو شار دابنێ."
دەسگیرانەکەم گوتی: "پێم وایە ئەگەر هەموو پاسەکانی نێو شار ناویان بوایە، زۆر باش دەبوو."
بەڵام ئەودەم رێبوارەکان خۆیان هەڵیاندەبژارد سواری کامە پاس بن، بۆ وێنە لە شین یۆکیۆوە تا سەن داگایا، لەبری ئەوەی سواری ئێستر بن، سواری مامز دەبوون."
لە دەسگیرانەکەمم پرسی: "ئەی ئەمەیان؟"
دەسگیرانەکەم گوتی: "بە دڵنیاییەوە من زیاتر بیرم لە سواری ئێستر دەکردەوە."

شۆفێرەکە، کە هەمیشە بە زمانی شۆفێرەکانەوە قسەی دەکرد، گوتی: "ئەریٚ، بەڵام بیر لە شۆفێرە داماوەکانی هێستریش بکەنەوە، خۆ شۆفێری هێستر تاوانێکی نییە."

گوتم: "باشت پێکا."

دەسگیرانەکەم گوتی: "لەوانەیە، بەڵام هەرچۆنێك بیٚ، من سواری مامز دەبووم."

شۆفێرەکە گوتی: "جا کەیفی خۆتانە. ئاوایە ئیتر. ناولێنانی کەشتییەکان، زۆر پێش ئەوەی بەکۆمەڵ دروست بکرێن، بۆ خەڵك ئاشنا بوون. هەر خۆی ئەو مەسەلەیە وەك ئەوە وایە ناو لە ئەسپ بنێی. هەر بۆیە فڕۆکەکانیش حیسابی ئەسپیان بۆ دەکریٚ و ئێستا ناویان لیٚ دەنێن. بۆ وێنە ئێمە ناسنامەیەکی دیاریکراوی تەواو هۆشیارانە لەبارەی رۆحی سەنت لۆیس و ئێنۆلاگیەوە بەدی دەکەین.

"دەکریٚ بڵێین، لێرەدا ژیان واتایەکی بنەڕەتییە.

"ڕێك وایە."

"ئەو واتایەیش، لە ناولێناندا هەر شتێکی پلە دووە و هیچی تر."

"ڕاست وایە. لە بواری واتاوە ژمارەکان بەتەنیا بەس نین. ئەو هەڵسوکەوتە بێنە بەرچاوت کە لەگەڵ بەندییەکانی ئاشۆیتس کراوە."

گوتم: "بیبڕێنەوە. کەواتە وەرە با بڵێین، لە بنەمادا ناولێنان واتە دانانی ناسنامەیەکی هۆشیارانە بۆ گیانلەبەرەکان. ئەی بۆچی وێستگەکانی شەمەندەفەر و پارك و ستادیۆمەکانی بیس باڵ کە زیندوویش نین، ناویان هەیە."

"لەبەر ئەوەی ئەگەر وێستگەکان ناویان نەبیٚ، بشێوی دروست دەبیٚ."

"ئێمە باسی مەبەستداری ناکەین، دەمەویٚ لە بواری واتاییەوە بۆمی لێك بدەیەوە."

شۆفێرەکە، دیسان نیگای خورد کردنەوە. ئاگای لیٚ نەبوو ترافلایتەکە کەسك بووە. ترۆمبێلێکی ڤەن لە پشتەوەمانەوە وەك پێشەکیی فیلمی حەوت پاڵەوانەکە هۆڕنی لیٚ دەدا.

"پێم وایە لەبەر ئەوەیە، کە ئەوانە ناتوانن جێی یەکتر بگرنەوە. بۆ وێنە تەنیا یەك وێستگەی شین یۆکۆمان هەیە و ناکریٚ لەگەڵ وێستگەی شی بۆیا لێمان تێك بچیٚ. دەکریٚ بڵێین، هەر ئەوەی ناکریٚ

ئەمیان لەجێی ئەو دابنێین، هیی ئەوەیە زۆر و بەکۆمەڵ لێیان دروست نەکراوە. خۆ ئەم دوو بۆچوونەت بەدڵە؟"

دەسگیرانەکەم گوتی: "بەڵام ئەگەر وێستگەی شین یۆکۆ لە ئێکواد بوایە، زۆر خۆش دەبوو."

شۆفێرەکە وەڵامی داوە: "جا ئەگەر شین یۆکۆ لە ئێکواد بوایە، ناوەکەی ئێکواد دەبوو."

دەسگیرانەکەم گوتی: "بەڵام دیسان ناوی هێڵی ئێکوادی لەسەر بوو."

گوتم: "با بێینەوە سەر باسەکەی خۆمان. ئەگەر کرابایە جێگۆڕکێ بە وێستگەکانی شەمەندەفەر بکەین، چ مانایەکی دەبوو؟ بۆ وێنە هەموو وێستگە سەرتاسەرییەکانی شەمەندەفەر و هەموو ئەو بینایانەی بەکۆمەڵ دروست کراون، نێرما* و تێکهەڵکێش بوایەن و توانیبات جێی وێستگەکەی تۆکیۆ و وێستگەی شین یۆکۆ بگۆڕی؟"

"زۆر سادەیە. ئەگەر لە شین یۆکۆ بوایە، دەبووە وێستگەی شین یۆکۆ و ئەگەر لە تۆکیۆ بوایە دەبووە وێستگەی تۆکیۆ."

"یانی ئەو شتەی ئێمە باسی دەکەین، ناوی شتێکی فیزیکی نییە، بەڵکو ناوی کردەیەکە. مەبەست ئەوە نییە؟"

شۆفێرەکە بێدەنگ بوو. هەر ئەمجارەیان بوو کە بێدەنگییەکەی زۆری خایاند و، گوتی: "دەزانی چۆن بیر دەکەمەوە؟ پێم وایە دەبێ لەسەرخۆتر ئەم مەسەلەیە لێك بدەینەوە."

"چۆن.؟"

"مەبەستم ئەوەیە شار و شەقام و پارك و وێستگە و گۆڕەپانە وەرزشییەکان و هۆڵەکانی سینەما هەموو ناویان هەیە. وایە؟ لەبەر ئەوەی جێیەکەیان لەسەر زەوی نەگۆڕە، بۆیە ناویان ناون."

تیۆرییەکی نوێ.

گوتم: "باشە، وای دانێ من هەر هیچ هۆشم نەمێنێ و ئاگام لەخۆم نەبێ و جووڵەم لێ ببڕێ. ئەوکات شیاوی ئەوەم ناوێکی جوانم لێ بنێن؟"

شۆفێرەکە لە ئاوێنەکەی دواوەڕا سەیرێکی روخساری منی کرد. سەیرێکی گوماناوی. وەك بڵێی خەریکم تەڵەیەك دەنێمەوە. دوای ئەوە گوتی: "بێ جووڵە؟"

---

* نێرما: واتە نێرومێ. دوو شت کە دەچنە پاڵ یەکەوە. لە یەکتریان هەڵدەکێشن. وەك چۆن لوولەیەکی بچووك دەخەنە نێو زارکی لوولەیەکی لەخۆی گەورەترەوە. چەکمەجەیی

"بۆ وێنە لە جێی خۆم وشك بم، یان شتێکی ئاوا. وەك ژیکەڵە نووستووەکە."

"بەڵام خۆ تۆ ناوت هەیە."

گوتم: "ڕاست دەکەی. لەبیرم نەمابوو."

کارتەکانی هەڵفڕینمان لە بەشی کۆنترۆڵی فڕۆکەخانە وەرگرت و ماڵاواییمان لە شۆفێرەکە کرد. دەیتوانی تا کاتی ماڵاوایی چاوەڕێ بکا، بەڵام چونکە سەعات و نیوێکی مابوو سوار بین، ناچار بوو و ڕۆیشت.

دەسگیرانەکەم گوتی: "پیاوێکی ڕێکوپێك بوو."

گوتم: "شوێنێك پێ دەزانم کە تەنیا بنیادەمی وەك ئەوەی لێیە. مانگاکانی ئەوێ لە پلایس دەگەڕێن."

"لە خانوویەکی پامپاز دەچێ."

گوتم: "لەوانەیە."

چووینە ڕستورانتی فڕۆکەخانە و نیوەڕۆژەیەکی خێرامان خوارد. من ڕۆبیانێکی پەنیرکراوم خوارد و ئەویش ماکارۆنی. سەیری ٧٤٧ـەکان و تریستارەکانم کرد، کە ئەوەندە قورس دەفڕین و دەنیشتنەوە دەتگوت بەسەریاندا سەپاوە. ڕێك لەو دەمەدا ئەو بە دڕدۆنگییەوە یەك بە یەك ماکارۆنییەکەی دەپشکنی.

بە ناقایلی گوتی: "پێم وابوو هەمیشە نانی ئێوارە لە فڕۆکەکاندا دەخۆن."

ڕێك لەو دەمەدا چاوەڕێ بووم لەتکە پەنیرە داغەکەی نێو زارم فێنك بێتەوە، گوتم: "نەع"، ئیتر قومێ ئاوم بەسەردا کرد و قووتم دا. هیچ تامێکی نەبوو، بەڵام داغ بوو.

"تەنیا بۆ سەفەرەکانی دەرەوە خواردن دەدەن. لە سەفەرەناوخۆییەکاندا، هەر شتێکی سادەت دەدەنێ. بەڵام شتێکی وات نادەنێ بڵێی خواردنە."

"ئەی فیلم؟"

"هەرگیز، گوێی مەدەیە، لێرەوە تا ساپورۆ سەعاتەرێیەکە."

"یانی هیچمان نادەنێ."

"هەر هیچ، لەسەر کورسییەکەت دادەنیشی، کتێب دەخوێنییەوە و دەگەیە شوێنەکەت، وەك پاس."

"بەڵام ئیتر گڵۆپی سوور نییە."

"نا، گڵۆپی سوور نییە."
ئاخێکی هەڵکێشا و گوتی: "زۆر باشە"، چەنگاڵەکەی دانا نیوەی ماکارۆنیەکەی بێ ئەوەی دەستی لێدابێ، بەلاوە نا.
"مەسەلە ئەوەیە، ئاوا زووتر دەگەیەی، ئەگەر بە شەمەندەفەر بڕۆی، دوازدە سەعاتت پێدەچێ."
"ئەی ئەم زێدەکاتە چیی لێ دێ؟"
منیش خواردنەکەم بەنیوەیی بەلاوە نا و داوای دوو قاوەم کرد و پرسیم: "زێدەکات؟"
"تۆ دەڵێی فڕۆکە دەبێتە هۆی ئەوەی دە سەعاتت کات بۆ بگەڕێتەوە، دەی باشە، ئەو زێدەکاتە چیی لێ دێ؟"
"کات بۆ هیچ کوێ ناچێ، بەس زیاد دەبێ. دوایی دەتوانین ئەو دە سەعاتە بەکەیفی دڵی خۆمان و چۆنمان پیچ خۆشە لە تۆکیۆ یان ساپورۆ کەلکی لێ وەرگرین. بەو دە سەعاتە دەتوانین چوار فیلم ببینین، دوو جار نان بخۆین، یان چیمان پێ خۆش بێ. وا نییە؟"
"ئەی ئەگەر من نەمەوێ سەیری فیلم بکەم، یان نان بخۆم؟"
"ئیتر ئەوە کێشەی خۆتە و خەتای کات نییە."
کە سەیری جەستەی زەبەلاحی ٧٤٧ـەکانی سەر سەکۆکەمان دەکرد، دەسگیرانم لێوی خۆی کرۆشت. ٧٤٧ـەکان هەمیشە ژنە قەڵەو و ناشیرینەکەی ئەو گەڕەکەیان وەبیر دەخستمەوە کە لێی دەژیاین. مەمکی شۆڕ و لاقی هەڵسماو و لاملی چرچ. لەوانەبوو فڕۆکەخانە شوێنی کۆبوونەوەی ئەو پیرەژنانە بێ. دەیان کەسی وا یەك لە دوای یەك دەهاتن و دەڕۆیشتن. فڕۆکەوان و میوانەکان کە قیت و قنج لە ڕاڕەوەکەدا دەهاتن و دەچوون، زۆر نائاسایی وەك مەتەڵۆکە "پازڵ"ی کارتۆنی و کیژۆڵە دوو ڕەهەندی دەهاتنە بەرچاو.
خەریك بوو بیرم لەوە دەکردەوە، کە هیچ لە سەردەمی فڕۆکەکانی FRENDSHIP7 و DC-7ناچێ. بەڵام لەوانەشە وابێ.
لەسەری ڕۆیشت: "دەی باشە، کات لەبەر یەك دەکشێتەوە."
"نا، کات هەراو نابێتەوە."

من قسەم کردبوو، بەڵام هیچ لە دەنگی خۆم نەدەچوو. کۆخیم و قاوەکەمم خواردەوە و گوتم: "کات هەراو نابێتەوە."

"بەڵام کات هەر بەراستی زیاد دەکا. وا نییە؟ خۆت گوتت لێی زیاد دەبێ."

"هەر لەبەر ئەوەیە، کە کاتی پێویست بۆ جێگۆڕکێ کەم بووەتەوە. بەڵام کات هەر هەمووی ناگۆڕدرێ. هەر بۆیەشە دەتوانی فیلمی زیاتر ببینی."

ئەوەشی گوت: "دیارە ئەگەر بتەوێ فیلم ببینی."

هەر گەیشتمە ساپورۆ، هەر بەراستی فیلمێکی دوانەییم دی.

بەشی حەوتەم

بەسەرهاتی هوتێل دۆلفین

تەواوبوونی جێگۆڕکێ لە هۆڵی سینەما:

بەرەو هوتێل دۆلفین

تا فڕۆکەکە نیشتەوە هەر لە تەنیشت پەنجەرەکەوە بوو و سەیری دیمەنەکەی خوارەوەی دەکرد. لەتەنیشتی دانیشتبووم و بەسەرهاتەکانی شێرلۆك هۆڵمزم دەخوێندەوە. تەنانەت پەڵەهەورێکیش بە ئاسمانەوە نەبوو و، فڕۆکەکە بەسەر پشتی سێبەرەکەی خۆیەوە بەسەر زەویدا دەفڕی. یان وردتر پێت بڵێم، لەبەر ئەوەی ئێمە لە فڕۆکەکەدا بووین، دەکرا سێبەرەکەشمان ببینین، کە لە نێو سێبەری فڕۆکەکەدا بەسەر چیاکاندا دەخوشی. یانی ئەوەی ئێمەیش کەوتبووینە سەر عەرزەکە.

دەسگیرانەکەم پاش ئەوەی ئاوپرتەقاڵەکەی خواردەوە، گوتی: "زۆر کەیفم بەو کابرایە هات."

"کامە کابرا؟"

"شۆفێرەکە."

گوتم: "ئەها ، منیش کەیفم پێی هات."

"لەو ناوە تایبەتە، کیپەر، ناوێکی خۆش بوو."

"هەر بەراست وایە، ناوێکی تایبەتە. لەوانەیە پشیلەکە زۆر لەو کاتە بەختەوەرتر بێ کە لەلای من بوو."

"پشیلەکە نا، کیپەر."

"باشە بۆچی قەت ناوێکت بۆ پشیلەکە هەڵنەبژارد؟"

"هەر بەراستی بۆچی؟"

پاشان بە چەرخە مەڕنیشانەکە جگەرەیەکم داگیرساند و، گوتم: "پێم وایە، هەر لەبەر ئەوەی کەیفم بەناوەکان نایە. هەر لە بنێڕا من نازانم چ دەبێ ئەگەر بە من بەڵێن "من" یان بە ئێمە بڵێن "ئێمە" و بە تۆ بڵێن "تۆ" و ئەوانیش ئەوان؟"

گوتی: "ئەهاااا، من کەیفم بە وشەی ئێمە نایە. جۆرە زایەڵەیەکی چاخی بەستەڵەکی لەناخیدا هەیە."

"چاخی بەستەڵەك؟"

"بۆ وێنە بڵێی، ئێمە دەچینە باشوور، یان دەچینە راوی ماموت، یان..."

که له فڕۆکەخانەی چی تۆس وەدەرکەوتین، هەواکە لەوە ساردتر بوو کە بیرمان لێ کردبۆوە. کراسی کەتانم لەسەر کراسە قۆڵکورتەکەمەوە لەبەر کرد، ئەویش کراسە دەزووچنەکەی لەبەر کرد. پاییز مانگێك زووتر لە تۆکیۆ، هاتبووە ئەم ناوچەیە.

لەو پاسەدا کە دەچووە ساپورۆ، پرسیی: "خۆ ئێمە قەول وانەبوو بچینەوە چاخی بەستەڵەك، نا؟ تۆ راوی مامووت بکەی و من منداڵ گەورە بکەم."

گوتم: "زۆر دلگر دیارە."

زۆر زوو خەوی لێ کەوت و، لەکۆڵ من بۆوە کە لە پەنجەرەی پاسەکەوە چاوم بڕیبووە ریزی بێبڕانەوەی ئەو دارستانە چڕەی هەر دوو بەری جادەکەی داگرتبوو.

پاش ئەوەی گەیشتینە ساپورۆ، پێش هەموو شتێك چووینە کۆفی شۆپ.

گوتم: "وەرە با خۆمان نەخافڵێنین بزانین یەکەم جار چ بکەین. دەبێ لێك جویێ بینەوە. یانی من وەشوێن دیمەنی نێو وێنەکە دەکەوم و تۆش وەشوێن مەڕەکە. ئاوا کاتمان زیاتر بۆ دەمێنێتەوە."

"زۆر بەجێ و راستە."

قسەکەیم راست کردەوە: "ئەگەر کاروبارەکان بەباشی بچنە پێشێ. هەرچۆنێك بێ تۆ دەتوانی مەزرا گەورەکانی پێشووی ئاژەڵداریی هۆکایدۆ بگریتە ئەستۆ و لە رەچەڵەکی مەڕەکان بکۆڵییەوە. لەوانەیە بتوانی ئەو شتانەی پێویستت پێیانە، لە دەفتەرێکی دەوڵەت یان کتێبخانەیەکی نیشتمانیدا بیاندۆزیتەوە."

گوتی: "زۆرم حەز لە کتێبخانەکانە."

"پێم خۆشە."

"هەر لە ئێستاوە دەبێ دەست پێ بکەین؟"

سەیرێکی سەعاتەکەمم کرد، سێ و نیو بوو، گوتم: "نا، وردە وردە خەریکە درەنگ دەبێ، لە بەیانییەوە دەست پێ دەکەین. با ئەمڕۆ لەخۆمانی تاڵ نەکەین، جێیەك بدۆزینەوە بۆ حەوانەوە، نانێك بخۆین و تۆزێك بخەوین."

گوتی: "پێم ناخۆش نییە سەیری فیلمێك بکەم."

"فیلم؟"

"لەبەر ئەو کاتەی لەسایەی سەفەر بەفرۆکەوە بۆمان ماوەتەوە."

گوتم: "فکرێکی باشە."

هەر بۆیە لەگەڵ تووشی یەکەم هۆڵی سینەما بووین، وەژوور کەوتین.

ئیتر ئەوەی دیتمان فیلمێکی دوولایەنەی ترسناک ـــ پۆلیسی بوو. سینەماکە چۆڵ چۆڵ بوو. لەمێژ بوو سینەمای ئەوەندە چۆڵم نەدیبوو. هەر بۆ خۆخافلاندن خەڵکەکەم بژارد. بە ئێمەوە هەشت کەس بوون. کەسایەتییەکانی نێو فیلمەکە لە ئێمە زیاتر بوون.

فیلمەکان لە جۆری خۆیاندا نموونە بوون، لەوانەی کە هەست دەکەی دەبێ دەسبەجێ پاش هاتنی سەردێڕی "شێری ژیان" هەستی و دەرپەڕیتە دەرێ و پێت سەیر بێ کە فیلمی وەها هەیە.

لە یەکەمیاندا کە ترسێنەر بوو، دێوەزمەیەک لە یەکێک لە ژێرەزەمینە دڵۆپەکەر و شێدارەکانی کلێسای شاردا دەژیا و، هەموو شتێکی بە قەشەیەکی ترسنۆک جێبەجێ دەکرد. دێوەزمەکە جڵەوی شارەکەی بەدەستەوە بوو. شارەکەش لەو شارانە بوو، کە هیچیان نییە، جگە لە چەند بینایەک، کە دەوراندەورەکەی کێڵگەی گەنمەشامییە.

بەو حاڵەوە، دێوەزمەکە، ئەم وەسوەسە سامناکەی لەسەر شارەکە هەبوو و، کاتێک دوایین کەس کە کچۆڵەیەک بوو و نەیویست بچێتە ژێر باری سیحرەکەیەوە، توورە بوو. کە دێوەزمەکە توورە دەبوو، هەموو گیانی وەک جیوەیەکی کەسکی خزۆک، دەلەرییەوە. لە راستیدا ئەو شێتییە شتێکی جوانی تێدا بوو.

لەبەر دەممانەوە، پیاوێکی لە تەمەن گەڕاوە، وەک کەڕەنای مەترسی، پرخەپرخی بوو. لەو سەری لای راستەوە، ئەشقبازییەک بوو هەر مەپرسە. لە پشتەوەمان کابرایەک یەک بەخۆی نەڕاندی. ئەوەندە بەتوندی کە بۆ چەند ساتێک پرخەپرخی کابراکە بڕایەوە. دوو کچۆڵەی (پۆلی دواناوەندی) تریقانەوە.

بە پێچەوانەوە، من کەوتمەوە بیر کیپەر. جا پاش ئەوەش بوو کە بیرم کەوتەوە من لە تۆکیۆ نیم و ئێستا لە ساپۆرۆم.

پێکەنیناوی بوو.

لەو فکر و خەیاڵانەدا بووم، کە خەو بردمییەوە، لە خەونمدا تووشی ئەو دێوەزمە کەسکە بووم، بەڵام دێوەزمەکە هیچ سەرنجڕاکێش نەبوو. بێدەنگ و کڕ بوو و، من هەر سەیری فێڵ و دەهۆکانیم دەکرد.

هەر فیلمەکە تەواو بوو، چراکان هەڵبوون و من بەخەبەر هاتم. هەر کام لە سەیرکەرەکان دەتگوت لەوەپێش وایان داناوە، باوێشکیان دا. من چوومە خواردنگەکە و بەستەنیم بۆ خۆمان کڕی. بەستەنییەکە دەتگوت بەردە. لەوانەیە لە هاوینیەوە مابێتەوە.

"تۆ هەر خەوتی."

گوتم: "ئەها، ئەدی، ئەی چۆن بوو؟"

"زۆر خۆش بوو، دواجار هەموو شارەکە تەقییەوە."

"ئەی هاوار."

سینەماکە زۆر سەیر هێمن بوو، پێم وایە هەرچی لە دەوروبەریشمان بوو هەر هێمن بوو. ڕووداوێکی ئاسایی نەبوو.

دەسگیرانەکەم گوتی: "ئەرێ هەست ناکەی جەستەت خەریکە دەجووڵێ و جێ دەگۆڕێ؟"

ئیتر کە ئاماژەی پێ کردبوو، هەر بەراستی وا وێدەچوو.

دەستمی ڕاگرت و گوتی: "من نیگەرانم، هەر ئاوا بین؟"

"باشە."

"ئاخر ئەگەر هەر وا بێجووڵە نەبین، لەوانەیە بگەینە شوێنێکی دیکە شوێنێکی شێتانە."

کە نێو سینەماکە دیسان تاریك داهاتەوە، گوتم: "هەموو شتێك ڕێکوپێکە، خەمت نەبێ."

لەسەرخۆ گوتی: "لەوانەیە وا بێ، پێم وایە کەوتینە گەڵ ئەم سەفەری ناوانە."

سەعات و نیوەکەی دی لە سەرەتاوە هەتا کۆتایی فیلمەکە، هەروا لە تاریکییەکەدا و لەسەرخۆ لە جێگۆڕکێدا بووین. تا تەواو بوو سەری هەر لەسەر شانم بوو.

لە سینەما هاتینە دەرێ و بە شەقامە نیوەتاریکەکاندا پیاسەیەکمان کرد، دەستم لەسەر شانی بوو. لە جاران پتر هەستمان بە نزیکی دەکرد. دەنگەدەنگی ڕێبواران زۆر خۆش نەبوو. ئەستێرە بە ئاسمانەوە دەیانجریواند.

پرسیی "ئەم دووانەمان، هەر بەراستی ڕاست هاتووینە ئەم شارە؟"

سەیرێکی ئاسمانم کرد، ئەستێرەی سیوەیل لە جێی خۆی بوو، بەڵام لە سیوەیلێکی کارتۆنی دەچوو. زۆر گەورە و زۆر گەش بوو.

گوتم: "نازانم."

گوتی: "هەست دەکەم شتێك لە جێی خۆی نییە."

"کە دێیە شارێکی تازە هەر وایە، گیانی بنیادەم ناتوانێ تەواو لەگەڵی رابێ."

"بەڵام ماوەیەکی پێ بچێ، بنیادەم لەگەڵی رادێ، وا نییە؟"

گوتم: "دوو سێ رۆژی دیکە چاك دەبێ."

کە لە پیاسەکردن شەکەت بووین، لاماندایە یەکەم رستورانتی سەر رێگەمان. خواردنەوەیەکی سەرئاولا و سورەماسی و پەتاتەمان داوا کرد. بەناچاری روومان کردبۆووە قەرەباڵغیی شەقامە سەرەکییەکە و، باش بوو خواردن و خواردنەوەکە لەکاتی خۆیدا هات و زۆریش باش بوو.

پاش خواردنەوەی قاوەکە گوتم: "باشە، بۆ لە جێیەك نەمێنینەوە؟"

گوتی: "هیچ شتێکی ئەوێم لە زەینیدایە؟"

"ئەوێ کوێ؟"

"نازانم، رستەی هۆتێلەکانیان بێنە و بە ریز ناوەکانیان بخوێنەوە."

داوام لە گارسۆنێك کرد کتێبۆکەی رێنوێنی تەلەفۆنەکان بێنێ و دەستم کرد بۆ خوێندنەوەی ئەوناوانەی لە بەشی هۆتێل و میوانخانەکاندا نووسرابوون. پاش چل ناو، گوتی راوەستە.

"ئەوەیانە."

"کامە؟"

"دوایین ناو."

گوتم: "هۆتێل دۆلفین؟"

"لەوێ دەمێنینەوە."

"هیچم لەبارەیەوە نەبیستووە."

"هەر بە زەینیشمدا نایە لە هوتێلێکی دی بمێنینەوە."

دەفتەر تەلەفۆنەکەم دانەوە. دوای ئەوە تەلەفۆنم بۆ هوتێل دۆلفین کرد. پیاوێك بەدەنگێکی نزم وەڵامی دامەوە و گوتی، ژووری یەك کەسی و دووکەسیان هەیە. جگە لە ژووری یەك نەفەری و دوو نەفەری،

ژووری دیکەشیان هەبوو؟ نا، هەر یەك نەفەری و دوو نەفەری. گێژ بووم. ژوورێکی دوو نەفەریم گرت. کرێیەکەی سەداچل کەمتر بوو لەوەی بیرم لێ کردبۆوە.

هوتێل دۆلفین سێ گەڕەك بە بەری رۆژئاوا و گەڕەکێك بەلای باشووری ئەو سینەمایەوە بوو کە چووبووین. شوێنێکی بچووك و زۆر سادە بوو. سادەبوونەکەی ئاسایی نەبوو. نە گلۆپی نیۆنی هەبوو و نە تابلۆیەکی گەورە بە سەردەرانەکەیەوە و نە تەنانەت دەروازەیەکی ئەوتۆ. تەنیا پلاکێکی مسین بە دەرگا شووشەییەکەی پێشەوە، کە زیاتر لە دەرگای چاخانەیەك دەچوو ـ درابوو و، لەسەری هەڵکۆڵرابوو هوتێل دۆلفین. تەنانەت وێنەی دۆلفینێکیشی پێوە نەبوو.

بینای هۆتێلەکە پێنج نهۆم بوو، بەڵام دەکرا قوتووە شقارتەیەکی گەورەیش بێ، کە لەسەر پێ راوەستابێ. زۆر کۆن نەبوو، بەڵام تۆزێك شڕ ببوو. وێدەچوو لە پاش دروستکرانییەوە ئیتر نۆژەن نەکرابێتەوە.

هۆتێل دۆلفینەکەی ئێمە، شوێنێکی ئاوا بوو.

بەڵام وا دیار بوو دەسگیرانەکەم هەر چاوی پێی کەوت، دڵی چووە سەری.

گوتی: "هۆتێلێکی خراپ نییە ، وایە؟"

قسەکەیم پاتە کردەوە: "خراپ نییە."

خەڵوەت و بێ شتی زیادە.

دووبارەم کردەوە: "بێ شتی زیادە."

لەسەری رۆیشتم: "دڵنیام مەبەستت لە شتی زیادە، سەرچەفی خاوێن و ئاوەڕۆی ئاودەستی بێ دڵۆپە و هەواگۆڕی ساغ و دەسرەی نەرمی ئاودەست و سابوونی تازە و ئەو پەردانەیە وا تاو دەگێڕنەوە."

پێکەنی و گوتی: "تۆ هەمیشە نیوە بەتاڵەکەی پەرداخ دەبینی."

"هەرچۆنێك بێ خۆ ئێمە بۆ سەیران نەهاتووینە ئێرە."

کە دەرگاکەم کردەوە، سەیرم کرد، هۆتێلەکە لەوە گەورەترە وا بیرم لێ کردبۆوە. دەستێك قەنەفە لە نێوەڕاستی هۆڵی میوانەکەی و تەلەفزیۆنێکی رەنگیی گەورەی لێ بوو، کە بەرنامەی تەنزی بڵاو دەکردەوە. کەس لەبەرچاوان نەبوو.

لەملاوئەولای دەرگاکەی پێشەوە، کۆمەڵێك گوڵدانی گەورەی جوانکاری دانرابوون، کە گوڵەکانیان ژاکابوون و مەیلەوقاوەیی ببوون. ڕاوەستام و ورد سەیری هەموو شتێکم کرد. ئەوجار هۆڵەکە بچووکتر ببۆوە لەچاو یەکەم جار کە سەیرم کرد. چونکە قەنەفەکان کەم بوون، گەورەتر دەهاتە بەرچاو. جگە لە کەلوپەلەکانی ژووری میوان و، سەعاتێکی دیواری و ئاوێنەیەکی باڵانوێن شتێکی دیکەی لێ نەبوو.

چوومە پێشێ و سەیری سەعات و ئاوێنەکەم کرد. هەردووکیان دیاریی بۆنەیەکی ئەم یان ئەو ڕوودا و بوون. سەعاتەکە حەوت خولەك لەدوا بوو. ئاوێنەکە سەرمی بەسەر لاشەمەوە خواروخێچ دەنواند.

کەلوپەلی ژووری میوانەکەش کۆن ببوون. فەڕشەکە ڕەنگێکی پرتەقاڵیی ناشیرینی هەبوو، پرتەقاڵییەکی بۆز، لەو جۆرەی ئەگەر قوماشێکی تاوەسووت حەفتەیەك لەبەر باران دابنێی و دواییش هەتا کەڕوو هەڵدێنێ لە ژێرزەمینێکدا داینێی جا ئەو ئەڕەنگەی لێ دەربچێ. پرتەقاڵییەکی لەگوێین سەرەتاکانی وێنەی ڕەنگی.

کە پتر وردبوومەوە، پیاوێکی لەتەمەن گەڕاوەی سەر بێتووك، وەك ماسییەکی وشککراوە لەسەر قەنەفەکەی ژووری دانیشتن ڕاکشابوو. لە پێشدا وام زانی مردووە، بەڵام لووتی جووڵا. سەرلووتی بە چاویلکە ئەستوور ببوو، بەڵام چاویلکەی لەچاو نەبوو و، دیار بوو کاتی سەیرکردنی تەلەفزیۆن نەبووە کە خەو بردوویەتییەوە. ئەقڵ نەیدەبڕی.

لەبەردەم مێزەکەی پێشەوە ڕاوەستام و سەیرێکی ئەودیوم کرد. کەسی لێ نەبوو. دەسگیرانەکەم لە زەنگەکەی دا. زەنگەکە لە هۆڵەکە گەڕا. سی چرکەیەك چاوەڕێمان کرد و هیچ وەڵام نەبوو. کابرای سەر کورسییەکە نەبزووت. دەسگیرانم دیسان لە زەنگی دا.

ئەمجارە کابرای سەر کورسییەکە پرخەی هات. پرخەیەك، وەك پرخەی وەئەستۆگرتنی گوناح. دوای ئەوە چاوی هەڵێنا و بەداهێزراوی سەیری کردین.

دەسگیرانم بۆ سێهەم جار لە زەنگەکەی دا. زەنگێکی توند.

کابرا وا دەرپەڕی هاتە نێوەندی هۆڵەکە. تووشی من بوو و، چووە پشت مێزەکە. بەرپرسی وەرگرتن و پێشوازی بوو. گوتی: "ببوورن کارەکەم باش نەبوو. چاوەڕێی ئێوە بووم کە خەو بردمییەوە."

گوتم: "بمانبوورە هەڵمانستاندی."

گوتی: "نا، شتی وا مەڵێ."

کارتی وەرگرتن و قەڵەمەکەی دەرهێنا. سەری پەنجەتووتە و زەڕنەقوتەی نەمابوو.
ناومم لەسەر کارتەکە نووسی، بەڵام پاشگەز بوومەوە و گولۆڵەم کرد و لە گیرفانم ئاخنی. کارتێکی دیکەم هەڵگرت و ناونیشانێکی درۆیینم لەسەر نووسی. ناو و ئادرەسێکی ئاسایی. وەك ناو و ئادرەسێکی لەخۆمەوە نووسیبووم، خراپیش نەبوو. نووسیشم راوێژکاری ملك و ماڵم.
بەرپرسی وەرگرتن، چاویلکە دەست سلۆلویدەکەی لە تەنیشت تەلەفۆنەکە هەڵگرت و زۆر شێلگیرانە سەیری کارتەکەی کرد.
"سوگی نامی، تۆکیۆ، ٢٩ ساڵان، راوێژکاری ملك و ماڵ."
دەسرۆکەم لە گیرفانم دەرهێنا و مەرەکەبەکەی سەر پەنجەمم سڕییەوە.
پرسیی: "هاتوون بۆ ئیش لێرە؟"
کوتم: "بەڵێ، شتێکی وا."
"چەند شەو؟"
گوتم: "مانگێك."
وەك لاپەڕەیەکی سپیی بەتاڵی نەقاشی، سەیرێکی کردم و گوتی: "مانگێك؟ مانگێکی تەواو لێرە دەمێننەوە؟"
"بۆ! خراپە؟"
"نا، خراپ نیە، بەڵام ئیتر لێرە هەر سێ رۆژ جارێك پاکانە حیساب دەکەین."
جانتاکەمم دانا، بیست درای دەهەزار یەنیم ژمارد و لەسەر پێشخانەکە بۆم دانا. گوتم: "ئەگەر ئەوەندەیە تەواو بوو، دیسان دەتدەمێ."
دراوەکانی بە سێ پەنجەی دەستی چەپی گرت و بە دەستی راستەی ژماردنی. ئەوجار پسوولەکەی دامێ.
"تا دەگەیە ژوورەکە، شتێکی وا تایبەت هەیە بتەوێ بیبینی؟"
"ئەگەر بکرێ، ژوورێکی بەلاوە و دوور لە ئەسانسۆر بێ."
کابرا گەڕاوە و سەیرێکی تابلۆی کلیلەکانی کرد. پاش زەحمەتێکی زۆر، ژووری ٤٠٦ی دەسنیشان کرد. تابلۆی کلیلەکان پڕ ببوو. بەسەرهاتی سەرکەوتنی هۆتێل دۆلفین تەواو و بێ کەمایەسی بوو.

پێشخزمەت و شتی وا لەگۆڕێ نەبوو، هەر بۆیە خۆمان جانتاکانمان بردە نێو ئەسانسۆرەوە. وەك دەسگیرانەکەم گوتبووی، هیچ دامودەستوورێکی نەبوو، ئەسنانسۆرەکە، وەك سەگێکی سەگبنێسیی* گرتبێ، دەلەرزی."

"بۆ مانەوەیەکی زۆر، هیچ شتێك ناکاتە هۆتێلێکی بچووك و سادە."

"هوتێلی بچووك و سادە" ناونیشانێکی خراپ نەبوو. شتێکی وەك لاپەڕەکانی بەشی سەفەری گۆڤاری مۆدی ژنان: "پاش سەفەرێکی دوورودرێژ، هوتێلێکی سادە، رێك ئەو شتەیە کە دڵت دەیەوێ."

بەو حاڵەشەوە یەکەم کارێکی پاش کردنەوەی دەرگای ژووری هۆتێلە بچووکەکە کردم، هەڵگرتنی سۆڵ(دەمپا)ـێك و پانکردنەوەی ئەو قالۆنچەیە بوو وا بەسەر لێواری پەنجەرەکەدا دەڕۆیشت. دوای ئەوە، دوو مردرارەموو**، کە لە دەم تەختەکە کەوتبوون، هەڵمگرتن و خستمنە نێو زبڵدانەکەوە. دیتنی قالۆنچە لە هۆکایدۆ ئەزموونێکی تازە بوو. هەر لەو دەمەدا دەسگیرانم خۆی بە حەمامەکەدا کرد بۆ ئەوەی گەرمی بکاتەوە. بڕوا بکەن شێرەی ئاوەکە، لەوانە بوو دەنگیان زۆرە.

دەرگای حەمامم کردەوە و بەدەنگی بەرز بانگیم کرد: "من دەڵێم دەبوایە چووباینە هۆتێلێکی باشتر خۆ پارەمان کەم نییە."

"مەسەلەی پارە نییە. راوەمەڕەکەی ئێمە هەر لێرەوە دەست پێ دەکا. مەیکە هەرا. دەبێ هەر ئێرە بێ."

لەسەر تەختەکە راکشام و جگەرەم کێشا. تەلەفزیۆنەکەم هەڵکرد و هەموو کەناڵەکان گەڕام. دوای ئەوە کوژاندمەوە. تاقە شتی رازاوەی ئەوێ بەشی پێشوازییەکەی بوو. دەسبەجێ ئاوی حەمامەکە گیراوە و جلوبەرگەکانی فڕێ درانە دەرێ و بەدواشیدا دەنگی دووشەدەستییەکە هات.

پەردەم لادا و سەیری کۆمەڵە بینا سەیروسەمەرە و چڵکنەکان کرد، کە وردورد وەك هۆتێل دۆلفینەکەی خۆمان پڕ نهێنی بوون. هەر کامەیان بە رواڵەت رەنگێکی کەوەی هەبوو و بۆنی میزی لێ دەهات. لەگەڵ ئەوەدا، کە سەعات چیی نەمابوو بۆ نۆ، دەکرا لە پەنجەرە رووناکەکانەوە کە زۆریش نەبوو، ئەو

---

* سەگبنێسی، یان سەبنێسی: نەخۆشییەکە، سەگ دەیگرێ و رۆژ بە رۆژ لەڕ و لاوازی دەکا و گیانیشی دەلەرزێ.

** مردرارەموو: مووی بن هەنگڵ و بەرگەدە و نێوگەڵ.

بنیادەمانە ببینی، وا خەریکی کار بوون. دیار نەبوو چ دەکەن، بەڵام هیچ کامیان شاد و بەکەیف دیار نەبوون. هەڵبەت لەوانەبوو منیش بە رای ئەوان لە بنیادەمێکی داماو دەچووم.
پەردەکانم داداوە و چوومەوە سەر تەختەکەم و لەسەر سەرچەفەکان کە وەك ئەسفالت رەق بوون، تلامەوە و بیرم لە کۆنەژنەکەم کردەوە. لەو پیاوەی ئێستا لەگەڵی دەژیا. دەکرێ بڵێم هەموو ئەو شتانەم دەزانی، کە دەکرا لەبارەیەوە بیزانم. بیستوحەوت ساڵان بوو. گیتارژەن بوو، بەڵام زۆر بەناوبانگ نەبوو. بەڵام وەك گیتارژەنە بێ ناوبانگەکان، تەواو سادە و ئاسایی بوو. بنیادەمێکی خراپ نەبوو، بەڵام هیچ شێواز(ستایل)ـێکی نەبوو. ساڵێك لە نێوان شێوازی کێنی بورێل و بی بی کینگدا دەیژەنی و، ساڵێکی دیکە لە نێوان لاری کۆری یلە و جیم هاڵدا.
نەمدەزانی باشە بۆ پاش من ئەوی هەڵبژارد. وای دانێ بنیادەم بتوانێ کۆمەڵە تایبەتمەندییەك لە بنیادەمەکاندا بەدی بکا، بەڵام ئەو کابرایە هەر ئەوەندەی لە من زیاتر بوو، کە دەیتوانی گیتار لێ بدا و، منیش هەر ئەوەندەم لەو زیاتر بوو، کە دەمتوانی قاپ و قاچاخەکان بشۆم. زۆربەی گیتارژەنەکان قاپ و کەوچکیان پێ ناشۆردرێ، بێت و پەنجەیان تێك بچێ، ئیتر هیچیان بۆ نامێنێتەوە.
دوایی لێم روون بۆوە من وا خەریکم بیر لە ئەشقبازییەکانی ئەو دەکەمەوە. هەروا بە گریمانە ویستم بزانم لەو چوارساڵەدا کە ژنی من بوو، چەند جار ئەشقبازیم لەگەڵدا کرد. هەر بە مەزەندە و لە باشترین هەلومەرجدا. جا ئەم مەزەندەکردنانە چ سوودێکیان هەبوو؟ دەبوو دەفتەرێکی بیرەوەریی رۆژانەم دروست کردبایە. یان هەر نەبێ دەفتەرێکی رۆژژمێر و بیروەری. نیشانەم دەکرد. ئاوا باشتر دەمتوانی ژمارەیەکی راستم لەبەردەست بێ. ژمارەی راست، هەستێکی راستەقینە بە هەموو شتەکان دەبەخشێ.
کۆنەژنەکەم جوان لەبیری بوو کەی ئەشقبازیمان کردووە. هەڵبەت واش نەبوو کە ئەو هەروا دەفتەرێکی بیرەوەریی رۆژانەی هەبێ. ئەو هەر لە یەکەم رۆژی ساڵەوە رێکەوتی بێنوێژییەکانی خۆی لە دەفتەرەکەیدا دەنووسی و، ئەشقبازییشی وەك سەرچاوەیەکی تەواوکەر لێ زیاد دەکرد. لە سەر یەك، هەشت دەفتەری لەو دەفتەرەبیرەوەرییانە هەبوو، کە هەمووانی بە وێنە و کاغەزی گرینگ گرینگەوە لە چەکمەجە داخراوەکە دەنا. ئەوانەی نیشانی کەس نەدەدا. لە هەموو شتێکی پتر ئاگاداری ئەوەم، کە نهێنیی پێوەندیدار بە ئەشقبازییەکانی دەپاراست. ئیتر نازانم چیی دەنووسی و چۆن دەینووسی. ئێستاش کە ئیتر پێکەوە نین، لەوانەیە هەرگیز لێم روون نەبێتەوە.

بەمنی گوتبوو: "ئەگەر مردم، ئەم دەفتەری بیرەوەرییانە بسووتێنە. نەفتیان پێدا بکە و لێیانگەڕێ با بسووتێن و ببنە خۆڵەمێش. دواییش گڵی بەسەردا بکە. تەنانەت بێت و یەك وشەشیان لێ بمێنێتەوە، هەرگیز لێت خۆش نابم."

"بەڵام ئاخر من مێردی تۆم و، زۆر باش شارەزای جەستەتم. دوارۆژ دەبێ لە چ شتێك شەرمەزار بی؟"

پشتی دەستە لاوازەکەی لەبەرچاوم راگرت و گوتی:

"گەردیلەکانی جەستە مانگ بە مانگ خۆیان دەگۆڕن، تەنانەت لەم دەموساتەیشدا. زۆربەی ئەو شتانەی پێت وایە لەبارەی منەوە دەیانزانی، لە بیرەوەرییەك پتر هیچ نین."

بیرکردنەوەی ئەو ژنە، جگە لەو مانگ و چەند رۆژەی بەر لە جیابوونەوەمان، زۆر سەیر ژیرانە بوو. زۆر راستەقینانەش لە ژیانی دەڕوانی. دەکرێ بڵێی، هەر دەرگایەکی جارێك دابخرێ، ئیتر ناکرێتەوە و، وەك بنەمایەك، هیچ دەرگایەك تاهەتایە بەکراوەیی نامێنێتەوە."

ئێستا هەموو ئەو شتانەی لەبارەی ئەوەوە دەیانزانم، بیرەوەریی ئەون. ئەو بیرەوەرییانەیش وەك گەردیلەی ئاڵوگۆڕکراو، تا دێ لە دوورەدوورەوە پتر دەسڕێنەوە و ون دەبن. تۆ بڵێی هەموو شتێك بچێتەوە سەر زیندەوەرزانی؟

پرۆفیسۆر مەڕ، دێتە ژووریٚ

بۆ سبەینیٚ، سەعات هەشت لە خەو هەستاین، جلوبەرگمان لەبەر کرد، بە ئەسانسۆرەکە چووینە خواریٚ و بۆ نانی بەیانی چووینە ئەو کۆفی شۆپەی لەویٚ نزیك بوو . بەڵیٚ هۆتێل دۆلفین هەر کۆفی شۆپی نەبوو. کۆپییەکی وێنەی مەڕەکەم دایێ و گوتم: "وەك دوێنیٚ گوتم، لێك هەڵدەبڕێین. چیاکانی پشتەوەی ئەو مەڕەی نێو وێنەکە دەکەمە سەرەداوێك بۆ دۆزینەوەی شوێنەکە. تۆ لەو شوێنانە دەگەڕێی کە مەڕ بەخێو دەکەن. دەزانی دەبیٚ چ بکەی؟ هەرشتێك، هەر سەرەداوێك، چەندی بچووکیش بیٚ، هەر باشە. هەموو شتێك پێشکەوتنێکە. باشترە لەوەی هەموو دووڕگەکانی هۆکایدۆ بتەقێنین."

"من ئامادەم، بیخە ئەستۆی خۆم."

"دەی باشە، کەواتە ئێواریٚ لە هوتێل یەکتر دەگرینەوە."

چاویلکەخۆرگرەکەی لەچاو کرد و، گوتی: "زۆری خەم لیٚ مەخۆ، دۆزینەوەی وەك ئاوخواردنەوە وایە." دیارە وەك ئاوخواردنەوە نەبوو. قەت بارودۆخەکە ئاوا هەڵناسووڕیٚ. من چوومە نووسینگەی سەیرانکەران لەویٚ. سەردانی گەلیٚ ناوەندی زانیاری و ڕێنوێنی گەشتیاری و ئاژانسەکانی سەیروسەفەرم کرد و پرسیارم لە ئەنجوومەنەکانی شاخەوانی کرد. کەس نایەتە بیری چیاکانی نێو وێنەکەی دیتبیٚ. هەمووان دەیانگوت: "ئەوە لە کۆمەڵە چیایەکی زۆر سادە دەچن، جگە لەوەش وێنەکە هەر بەشێکی بچووکیانمان پێشان دەدا."

ڕۆژێك هەتا ئێواریٚ هەر بە پێیان ڕۆیشتم و پێشکەوتنەکە هەر ئەوەندە بوو کە پێی گەیبووم. یانی بۆم روون بۆوە ناسینی کۆمەڵە شاخێك، کە هیچ شتێکیان دیار نەبیٚ، ئەویش تەنیا بە وێنەیەکی کرچوکاڵی ئەوان، زۆر ئەستەمە.

لە کتێبفرۆشییەك ڕاوەستام و کتێبی چیاکانی هۆکایدۆ و ئەتڵەسی هۆکایدۆم کڕی، دوای ئەوە چوومە کافتریا و دوو ساردیی جینجراڵم خواردەوە و سەیری کتێب و ئەتڵەسەکەم کرد. ئەوەندەی پێوەندیی بە چیاکانەوە بوو، بەشێکی زۆریان هەر لە هۆکایدۆ بوون و شکڵ و ڕەنگیشیان لێك دەچوو. هەوڵم دا چیاکانی نێو وێنەکەی جرجەمشك لەگەڵ هەموو چیاکانی نێو کتێبەکە بەراورد بکەم. دە دەقەیەك دواتر گێژ بووم. کە زانیم ئەو شاخانەی لە کتێبەکەدا بوون، تەنیا بەشێکی بچووك بوون لە چیاکانی

هۆکایدۆ، زۆرم پێ ناخۆش بوو. کە دەتدی شاخێك لەو لایەوە کە نیشان درابوو، زۆر جیاواز بوو لا لایەکی دیکەوە کە سەیرت کردبا، هەر شتەکەی زۆر ئالۆزتر دەکرد.

نووسەر لە پێشەکیی کتێبەکەیدا گوتبووی: "چیاکان کۆمەڵێك گیانلەبەرن. لەوانەیە رواڵەت چیاکان بەپێی گۆشەنیگای سەیرکردن و وەرز و کاتی رۆژ و چوارچێوە زەینییەکەی سەیرکەر یان هەر شتێکی دی، تەواو بگۆڕدرێ. هەر بۆیە گرینگە ئەمە بزانین کە هەرگیز ناکرێ لە لایەك یان شێوەیەکی چیا پتر بناسین."

بەدەنگێکی بەرز گوتم: "ئەوە زۆر باش بوو."

کارێکی مەحاڵ. کە زەنگی سەعات ٥ لێی دا، هاتمە دەرێ و لەگەڵ کۆترەکان دانووم خوارد.

هەوڵەکانی ئەو بۆ کۆکردنەوەی زانیاری، شتی لە هیی من باشتری لێ کەوتبۆوە، بەڵام ئەویش هیچی لێ شین نەبۆوە. بیرەوەرەکانی پێوەندیدار بە تاقیکردنەوەکان و هەوڵەکانی ئەو رۆژەمان لە رستوراٖنت و لەسەر سفرە سادەکەی نانی ئێوارە لە هۆتێل دۆلفین پێك گرت.

دەسگیرانم گوتی: "بەشە ئاژەڵدارییەکەی حکوومەت، شتێکی وای لێ نازانێ، ئەوان ئیتر حیسابی ژمارەی مەڕەکان راناگرن. ئیتر کاریان بە بەخێوکردنی مەڕومالاتەوە نییە. لانیکەم کاری وا لە کێڵگە و مەزرا گەورەکاندا یان لەگەڵ مەڕداره گەورەکان ناکەن."

"ئەم کارە تا رادەیەك گەڕانەکە ئاسانتر دەکا."

"زۆریش نا، خاوەن زەوی و زارەکان هێشتاش زۆر شێلگیرانە خەریکی بەخێوکردنی مەڕن و تەنانەت سەندیکایشیان بۆخۆیان هەیە، کە بەرپرسەکان چاویان بەسەریانەوەیە. بەڵام سەبارەت بە بەخێوکردنی مەڕ کەم یان زۆر، راگرتن و زانینی ژمارەیان ئەستەمە. هەر کەسە و رێك وەك راگرتنی سەگ یان پشیلە، یەك دوو سەر رادەگرێ. بەهەر کوێرەوەرییەك بوو، ناوی سی مەڕدارم، کە ریزی کردبوون، لێ وەرگرت، بەڵام ئەو کاغەزانە هیی چوار ساڵ لەوەپێشن و لەوانەیە زۆریان لەو چوارساڵەدا جێیان گۆڕیبێ. هیچ دەزانی سیاسەتی کشتوکاڵیی ژاپۆن چەند ساڵ جارێك هەروا دەگۆڕدرێ!"

ئاخێکم لە پەرداخی ساردییەکەمدا هەڵکێشا و گوتم: "باش بوو، پێم وایە گەیشتینە بنبەست. پتر لە ٥٠٠ شاخی وەك یەك لە هۆکایدۆ هەن و، کەسیش نازانێ چۆناوچۆن مەڕ بەخێو دەکەن."

"هێشتا یەکەم رۆژە. تازەمان دەست پێ کردووە."

"گوێچکەت هێشتا پەیامێکیان وەرنەگرتووە؟"

بەدەم خواردنی ماسیی کولاّو و سووپی میزۆوە، گوتی: "تا ئێستا هیچ پەیامێك دیار نییە. ئەوەندە دەزانم، تەنیا ئەودەمەی گێژ دەبم یان دەکەومە تەنگانەیەکەوە، ئەو پەیامە هیواکوژانەم پێ دەگەن، بەلاّم ئێستا وا نیم."

"کەواتە پەتی رزگاربوونەکە وەختێك دەگاتێ، کە خەریکە دەخنکێی؟"

"وایە، ئێستا زۆر بێخەمم لەوەی لەگەڵ تۆ خەریکی ئەو کارانەم. تا بێخەمیش بم، لەو جۆرە پەیامانەم پێ ناگا. دەبێ خۆمان ئەو مەڕە بدۆزینەوە."

گوتم: "نازانم، لە لایەکەوە، ئەگەر مەڕەکە نەدۆزینەوە، زۆر پیس تووشی گێچەڵ دەبین، ناکرێ بڵێی وەختێك ئەوان گوتیان دێن دەمانگرن، ئەوا دێن و دەمانگرن. ئەوان لێزانن. بێت و سەرۆك بمرێ، دیسانیش هیچ ناگۆڕێ. رێکخراوەکە هەر دەمێنێ و تۆڕەکەی ئەوان وەك زێراب بەهەمموو ژاپۆندا بلاّو دەبێتەوە. ئەوان بەرۆکمان دەگرن، هەروا. زۆریش بەبێدەنگی."

"لە فیلمی پەلاماردەرەکان دەچێ."

"دەزانم بێ تامە، بەلاّم ئەگەر راستیت دەوێ، ئێمە خۆمان تووشی گێچەڵ کرد. مەبەستیشم لەخۆمان، خۆم و خۆتە. لە پێشدا هەر خۆم بووم، بەلاّم ئێستا تۆش هاتوویە نێو کێشەکەوە. تۆ هێشتاش نازانی خەریکە دەخنکێی؟"

"هەتیوە، ئەوە راست ئەو شتەیە کە من حەزم لێیەتی. دەبێ بڵێم زۆر لە ئەشقبازی لەگەڵ خەڵکی غەوارە و وێنەگرتنی گوێچکەم یان خوێندنەوەی فەرهەنگۆکی ژیاننامەکانیش خۆشترە. ژیان ئەمەیە."

قسەکەیم بڕی: "یانی ئێمە خەریك نین بخنکێین، کەواتە پەت و گوریسێك لەگۆڕێ نییە."

"وایە، دەبێ هەر خۆمان ئەو مەڕە بدۆزینەوە، ئەگەر راستیت دەوێ، هەم من و هەم تۆیش پردەکانی پشتەوەمان رووخاندن."

لەوانەشە وانەبێ.

چووینەوە هۆتێل و یەکمان گرتەوە. کەیفم بە وشەی یەکگرتنەوە دێ، هەر بازنەی ئەگەرەکان روون دەکاتەوە.

ڕۆژانی سێهەم و چوارەم کە لە ساپورۆ بووین، هاتن و بێ دەسکەوت رابردن. سەعات هەشت هەڵدەستاین، نانی بەیانیمان دەخوارد، ئیتر تا ئێوارە لێك دادەبڕاین و ئێوارەش لە سەر نانخواردن زانیاریمان دەگۆڕییەوە، دەهاتینەوە هۆتێل و، یەکمان دەگرتەوە و دەخەوتین.
پێڵاوەکانم فڕێ دا و، جووتێ پێڵاوی تازەی تێنسم کڕی. دەکەوتمە رێ و وێنەکەم پێشانی سەدان کەس دەدا. ئەویش لەسەر بنەمای ئەو زانیارییانەی لە ئیدارە دەوڵەتییەکان و کتێبخانەکان وەریدەگرت، لیستێکی دوورودرێژی لە مەڕدارەکان گرتەوە و دەستی کرد بە تەلەفۆنکردن. هیچی لێ شین نەدەبۆوە. کەس شاخەکانی نەدەناسی و هیچ مەڕدارێك، وەبیری نەدەهاتەوە مەڕێکی لەو چەشنەی بووبێ. پیرەپیاوێك گوتی، لە بیرێتی، بەر لە جەنگی ساخالین ئەو چیایانەی دیتووە. بڕوام نەدەکرد جرجەکە چووبێتە ساخالین. مەحاڵ بوو لە ساخالینەوە نامەیەك بە پۆستی راسپاردە بنێریتە تۆکیۆ.
وردەوردە خەریك بوو ماندوو دەبووم. ڕۆژی چوارەم ئیتر نەمدەزانی بەرەو چ لایەك دەڕۆم. کە باشوور کەوتە بەری رۆژهەڵاتەوە، قیبلەنمایەکم کڕی، بەڵام کە بەپێی قیبلەنما دەگەڕێی، ئیتر شار جار بە جار کەمتر لە شارێکی راستی دەچێ. بیناکان وردە وردە وەك دیمەنی پشتەوەی ستۆدیۆکانی وێنەگرتن و ئەو بنیادەمانە دەچوون، کە بە شەقامەکاندا رادەبردن و دەتگوت کارتۆنن و بڕیوتن.
هەتاو لە لایەکی ئەم وڵاتە هیچوپووچە کارتۆنییەوە هەڵدەهات، لە کەوانەیەکدا، گوللەتۆپێك بە نێوەڕاستی ئاسماندا تێدەپەڕی و لە لایەکی دیکەوە خۆر ئاوا دەبوو.
ڕۆژی پێنج و شەشەم تێپەڕی، مانگی ئۆکتۆبەر زۆر بە قورسی باڵی بەسەر شاردا کێشابوو، بەڵام کزەبایەکی سارد هەڵیکردبوو و، بەرەبەری ئێوارە ناچار دەبووم پاڵتۆ کەتانییە باگێڕەوەکەم بکەمە بەر. شەقامەکانی ساپورۆ پان و خەفەتهێنەرانە درێژ بوون. تا ئەودەم نەمدەزانی پیاسەکردن لە شارێکدا، کە جگە لە شەقامی رێك و راست هیچی دیکەی نییە، لەوانەیە چەندە بنیادەم ماندوو بکات.
هەموو رۆژێ حەوت کووپم قاوە دەخواردەوە، هەر چەند سەعاتێك جارێك، دەچوومە ئاودەست و وردە وردە ئیشتیام کوێر دەبۆوە.
دەسگیرانم گوتی: "باشە بۆچی لە رۆژنامەدا بانگەوازێك بڵاو ناکەیەوە، هیچ دەزانی شتێکی وەك :هاوڕێیانت دەیانەوێ پێوەندیت پێوە بکەن."
گوتم: "فکرێکی باشە."

ئەگەر هیچیشمان دەست نەکەوتبایە چ نەبوو، بەدڵنیاییەوە باشتر بوو لەوەی دەست لەسەر دەست دابنێین.

ئاوابوو، بۆ سبەینێ، داوامان کرد لە ڕۆژنامەکەی بەیانیدا بانگەشەیەکی سێ دێڕیمان بۆ بڵاو بکەنەوە:

سەرنج بدەن: جرجەمشك

پێوەندی بکە، کارەکە پێویستە.

هۆتێل دۆلفین، ژووری ٤٠٦

دوو ڕۆژ لە تەنیشت تەلەفۆنەکە دانیشتم. ڕۆژی چاپی بانگەشەکە سێ پێوەندی هات. یەکێکیان هاووڵاتییەکی ئەوێ بوو.

"ئەو جرجەمشکە کێیە؟"

وەڵامم داوە: "ناوێکی خوازراوە. هاوڕێیەکمە."

قایل بوو و ڕۆیشت.

پێوەندییەکەی دیکە، کابرایەکی لاپرەسەن بوو.

هەر دەنگی جیڕەجیڕ دەهات.

"جیڕ، جیڕ"

دامخستەوە. بەخوای شار شوێنێکی تووکلێکراو و سەیروسەمەرەن.

سێهەمیان ژنێکی زۆر دەنگ ناسك بوو.

گوتی: "هەمووان بە جرجەمشك بانگم دەکەن."

دەکرا لە نێو دەنگیڕا گوێت لە دەنگی دارتەلەفۆنەکان بێ، کە دووردوور با رایدەژاندن.

گوتم: "سپاس کە زەحمەتت کێشا و تەلەفۆنت کرد، بەڵام ئەو جرجەمشکەی من بە شوێنییەوەم، مردووە."

گوتی: "خۆشم پێم وابوو، بەڵام، هەرچۆنێك بێ، لەبەر ئەوەی منیش جرجێکم، گوتم با تەلەفۆنێکتان بۆ بکەم."

"هەر بەراستی سپاس بۆ تۆ."

"تکا دەکەم، ئەی هاوڕێکەتت دۆزییەوە؟"

گوتم: "بەداخەوە هێشتا نەخێر."

"ئەگەر کرابایە بە شوێن مندا گەڕابایەن... بەڵام نا، من نیم."

"بەداخم، هەر وایە ئیدی."

بێدەنگ بوو. لەگەڵ ئەوەدا بە پەنجەتووتەم لووتم خوراند.

دیسان هاتەوە: "ئەگەر راستیت دەوێ، من هەر دەمەویست قسەت لەگەڵ بکەم."

"لەگەڵ من؟"

"نازانم چۆنت بۆ باس بکەم، بەڵام لەوەتەی بانگەوازەکەتانم لە رۆژنامەی سەرلەبەیانیدا دیتووە، بەو خەیاڵەوە دەتلامەوە. نەمدەویست سەرودڵت بگرم."

"کەواتە، لەخۆتەوە ئەوەت دەرهێنا، کە پێت دەڵێن جرجەمشك؟"

گوتی: "وایە، کەس بە من ناڵێ جرجەمشك، من هەر برادەریشم نییە، هەر بۆیەش حەزم لێ بوو تەلەفۆنێکتان بۆ کەم."

ئاخێکم هەڵکێشا: "دەی باشە، وایە، هەرچۆنێك بێ سپاس."

"ببوورن، ئێوە خەڵکی هۆکایدۆن؟"

گوتم: "نا، من خەڵکی تۆکیۆم."

"کەواتە هاتووی لێرە بەشوێن برادەرێکتدا بگەڕێی، کە ئەویش خەڵکی تۆکیۆیە؟"

"وایە."

"ئەو برادەرەی تۆ تەمەنی چەندە؟"

"تازە پێی ناوەتە سی ساڵی."

"ئەی خۆت؟"

"منیش."

"رەبەنی؟"

"بەڵێ."

"من تەمەنم بیستودووساڵە. پێم وایە تا دێ دۆخەکە باشتر دەبێ."

گوتم: "دەی باشە، کێ چووزانێ، هەندێ شت باشتر دەبن و هەندێ شتیش نا."

"چەندە باش بوو، ئەگەر نانی ئێوارەمان پێکەوە خواردبایە و باسی ئەو شتانەمان کردبا."

"ببوورە، بەڵام من دەبێ هەر لێرە بم، چاوەڕێی تەلەفۆنم."

گوتی: "ئەها، راست دەکەی، بۆ هەموو شتێك داوای لێبوردن دەکەم."

"زۆر سپاس بۆ تەلەفۆنەکەت."

داخست.

زیرەك بوو. زۆریش زیرەك. لەوانەیە قەحپەیەکی تەلەفۆنی بووبێ و بە دوای گانکەردا گەڕابێ. راستە، لەوانەشە هەر بەراستی کچۆڵەیەکی تەنیا و رەبەن بێ. هەرشتێك بێ فەرقی نەدەکرد، هێشتایش سەرەداوێکم بەدەستەوە نەبوو.

بۆ سبەینێکەی، هەر تەلەفۆنێك هات. کابرایەك بوو نەخۆشیی دەروونیی هەبوو. "فەرمووت جرجەمشك وایە، ئەوەیان لە ئەستۆی من." چارەگێك باسی ئەوەی کرد، کە لە ئۆردووگای سیبریا مشکی گەمارۆ داوە. بەسەرهاتێکی خۆش بوو، بەڵام هیچ سەرەداوێك لەگۆڕێ نەبوو.

لەودەمەدا کە چاوەڕوانی تەلەفۆن بووم، لەسەر کورسییە چەکمەجەییەکەی دەم پەنجەرەکە دانیشتم و خۆم بە سەیری بارودۆخی کارکردن لە نووسینگەکەی نهۆمی سێهەمی ئەوبەری شەقامەوە خەریك کرد. هەتا ئێوارە چاوم تێ بڕی و هەر نەمزانی لەو کۆمپانیایەدا خەریکی چین. کۆمپانیاکە دە کارمەندی هەبوو، بنیادەمەکان وەك یاریی باسکە دەچوونە ژوورێ و دەهاتنەوە دەرێ. هەر کامە و چەند کاغەزێکی دەدا بەوی دی. یەکێکیان مۆرێکی دەکرد و، پاشان یەکێکی دیکە دەیخستنە نێو دەفرێکەوە و، بەپەلە بەرەو لای دەرگا دەچوو. دەمی نیوەڕۆیە، سکرتێرێکی مەمك زل، چای بۆ هەمووان تێ دەکرد. پاشان چەند کەسێ: ئەو قاوەیەیان خواردەوە، کە هێنرابوو و، ئەو کارەش وای کرد منیش حەزم بچێتە قاوە. هەر بۆیە داوام لە بەرپرسی بەشی پێشوازی کرد، ئەو دەمەی من دەچمە کۆفی شۆپ، ئەو تەلەفۆنەکان وەرگرێ. لە گەڕانەوەمدا دوو ساردیم کڕی. کە دیسان چوومەوە سەر کورسییەکەی دەم پەنجەرە، تەنیا چوار کەس لە نووسینگەکەدا مابوونەوە. سکرتێرە مەمك زلەکە، خەریکی چاکیوخۆشی بوو لەگەڵ گەنجێك. ساردییەکم خواردەوە و خۆم بە سەیری کاروبارەکانی نووسینگەکەوە خافڵاندەوە. بەڵام پتر سەیری سکرتێرەکەم دەکرد.

چەندی پتر سەیریم دەکرد، نائاساییتر دیار بوو. دەبێ ستیانەکەی لەو کێبلانە دروست کرابێ، وا پردەکەی گۆڵدێن گەیتیان* پێ هەڵبەستووە. پێدەچوو زۆربەی کارمەندەکان خۆیان لێ خۆش کردبێ.

سەعات پێنج سکرتێرەکە جلوبەرگێکی سووری ژنانەی لەبەر کرد و رۆیشتەوە. پەردەم دادانەوە و لە تەلەفزیۆندا سەیری دووپاتەی کارتۆنەکەی باگزبانیم کرد. هەشتەم رۆژی هۆتێل دۆلفین ئاوا رابرد.

گوتم: "زۆر زۆر باشە."

ئەم کارە "زۆر باشە" خەریك بوو لێمان دەبووە خوویەك. دوو بەشی مانگ تێپەڕی و ئێمە هێشتاش هیچمان دەست نەکەوتووە."

دەسگیرانم گوتی: "دەی هەروا دیارە، نازانم ئێستا کیپەر چۆنە."

کاتەکانی پاش شێوخواردنمان لە هۆڵەکەی هۆتێل دۆلفیندا لە سەر قەنەفەیەکی تۆخی پڕتەقاڵی بەڕێ کرد. جگە لە بەڕێوەبەرە کورتەبنەکە کەسی دیکەی لێ نەبوو.

ئەو لەسەر پەیژەیەك خەریکی گۆڕینی گڵۆپ و خاوێنکردنەوەی شووشەکان و قەدکردنی رۆژنامەکان بوو. لەوانەبوو میوانی دیکەشی لێ بووبێ. لەوانەیە وەك ئەو مۆمیاکراوانەی دوور لە رووناکایی رۆژ دەپارێزرێن، لە ژوورەکانیاندا بن.

بەرپرسی بەشی پێشوازی، بەدەم ئاودانی گوڵەکانەوە، بەشەرمەوە پرسیی: "کاروبارتان چۆنە؟"

گوتم: "زۆر باش نییە."

"پێم وایە لە رۆژنامەدا بانگەوازتان کرد."

گوتم: "بەڵێ کردم. لەبەر میراتی زەوی و زار، دەبێ ئەو کەسە بدۆزمەوە."

"میرات؟"

"بەڵێ، کێشەکە ئەوەیە، میراتگرەکە نادیارە و کەسیش بەشوێنی نازانێ."

"دەی باشە، بڵێ بزانم، بەسەرهاتێکی خۆش دیارە."

"زۆریش نا."

"نازانم، هێندێ شتی مۆبی دیکی تێدایە."

"مۆبی دیك؟"

---

* ئەو پردەی سانفرانسیسکۆ و مارین کانتی و باکوور پێکەوە دەبەستێتەوە.

"بەڵێ، کەفوکوڵی راوی شتێك."

دەسگیرانەکەم گوتی: "بۆ وێنە ماموتێك؟"

کابرا گوتی: "بەدڵنیاییەوە، هەمووان لێك دەچن. ئەگەر راستیت دەوێ، من لە خۆشیی دۆلفینەکانی نێو مۆبی دیك ناوی ئەم هۆتێلەم نا دۆلفین."

گوتم: "ئەها، بەڵام ئەگەر لەبەر ئەوە بووە، وا باشتر نەبوو ناوی بنێی هۆتێل نەهەنگ؟"

بەداخەوە گوتی: "نەهەنگەکان زۆر خۆشەویست نین."

دەسگیرانەکەم گوتی: "هۆتێل دۆلفین ناوێکی جوانە."

کابرا زەردەیەکی کرد و گوتی: "زۆر سپاس، منیش دڵم خۆشە کە ئێوە زۆر لێرە ماونەتەوە. حەز دەکەم بۆ ئەمەگداریش بێ، خواردنەوەیەکتان پێشکەش بکەم."

دەسگیرانەکەم گوتی: "گەورەمان دەکەی."

گوتم: "گەورەیی دەفەرمووی."

چووە ژوورەکەی پشتەوە و پاش چەند ساتێك شووشەیەك خواردنەوەی سپیی و سێ پەرداخی هێنا.

"بەخۆشیتان، من هێشتاش لە سەر کارم. بۆیە هەر ئەم پێکە دەخۆمەوە."

خواردمانەوە. خراپ نەبوو. بەڵام لە خواردنەوە نەرمەکان بوو. تەنانەت پەرداخەکانیش باش بوون.

هاتم لێی بپرسم: "تۆ یەکێکی لە لایەنگرانی مۆبی دیك؟"

"دەکرێ بڵێی ئا. لە منداڵیمەوە هەمیشە حەزم لێ بووە بچمە دەریا."

دەسگیرانم پرسیی: "هەر بۆیە ئێستا خەریکی کاری هۆتێلی؟"

کابرا گوتی: "هەر بۆیەیش پەنجەکانم لەدەست دا. ئەگەر راستیت دەوێ، لە کاتی بەتاڵکردنەوەی باری کەشتییەکدا، کرێن پەنجەکانمی هاڕی."

دەسگیرانم زیقاندی: "باوکەڕۆ کە ترسناکە."

"ئەودەم دنیام لەبەرچاوی رەش بوو. بەڵام ژیان لە گۆڕانە. ئیتر ئەم هۆتێلەم بەنەسیب بوو. هۆتێلێکی ئەوتۆ نییە، بەڵام سەری خۆمم پێ راگرتووە. دە ساڵێکە هەمە." ئەو قسەیە یانی ئەو، بەرپرسی پێشوازی نەبوو، بەڵکو خاوەنی ئەوێ بوو.

دەسگیرانم دڵی داوە: "هیچ هۆتێلێکم لێرە پێ باشتر نییە."

خاوەن هۆتێل دیسان پەرداخەکانمانی پڕ کردەوە و گوتی: "زۆرتان لێ مەمنوونم."

رووهەڵماڵراوانە غیرەتم نایە بەرخۆم و گوتم: "هەر بەو دە ساڵەش، هۆتێلەکە باش جێی خۆی کردووەتەوە."

"بەڵێ، ئەم بینایە رێك پاش شەڕ دروست کراوە، شانسم هێنای کە توانیم بیکڕم."

"هۆتێلەکە پێشتر بۆچی دروست کرابوو؟"

"ناوی بینای ناوەندیی ئاژەڵەکانی هۆکایدۆ بوو، هەرچی کاغەز و کەلوپەلە..."

گوتم: "ئاژەڵ؟"

گوتی: "مێگەل."

قومێکی خواردەوە و گوتی: "بیناکە، بەشێك بوو لە داراییەکانی رێکخراوی مەڕومالاتی هۆکایدۆ. یانی تا دە ساڵ لەوەپێش، کە ئیتر مەڕبەخێوکردن لە ناوچەکەدا کەم بۆوە، بیناکەیان داخست. راستیت دەوێ، ئەودەم باوکم بەرپرسی ئەوێ بوو.

ئەو چاوی بەرایی نەدەدا داخرانی بینای ئەو رێکخراوەیە ببینێ، کە هێندەی خۆش دەویست. هەر بۆیە بەبیانووی پاراستنی سەرچاوەکانی پێوەندیدار بە مەڕ و مالاتەوە، قسەی لەگەڵ رێکخراوەکە کرد، بۆ ئەوەی بیناکەی بە نرخێکی گونجاو پێ بفرۆشن. هەر بۆیە تا ئەمڕۆ هەموو نهۆمی دووەمی بیناکە، هۆڵی تایبەتی سەرچاوەکانی پێوەندیدار بە مەڕ و مالاتە. دیارە زۆربەی ئەو کەلوپەلانە، سەرچاوەی کۆنن و لەکار کەوتوون، بەڵام پیرەپیاو دڵی پێیان خۆشە، باقیەکەشی وەك کاروکاسبیی هۆتێلەکە بەدەست منەوەیە."

گوتم: "ئەی لەو رێکەوتە."

"چۆن؟"

"راستیت بوێ، ئەو کەسەی ئێمە لێی دەگەڕێین، کەسێکە سەروکاری لەگەڵ مەڕە و، تاقە سەرەداویشمان ئەم وێنەیەیە لە چەند سەر مەڕێك، کە ئەو ناردوویەتی."

گوتی: "هەر بەراست؟ دەکرێ سەیرێکی بکەم؟"

وێنەی مەڕەکەم، کە خستبوومە نێو لاپەڕەکانی دەفتەری بیرەوەرییەکە، دەرکێشا و، دامێ. چاویلکەکەی لەسەر پێشخانەکە هەڵگرت و، لە وێنەکەی ورد بۆوە و، گوتی:

"پێم وایە شتێکم لەوە لەبیرە."

"لەبیرتە؟"

گوتی: "دڵنیام" و، ئەو پەیژەی لەبن گڵۆپەکەی دانابوو، هەڵی گرت و، بەدیوارەکەیەوە نا. وێنەیەکی چوارچێوەگیراوی هێنا خوارێ، ئەوجار تەپوتۆزەکەی لێ کردەوە و، وێنەکەی دا بە ئێمە و پرسیی: "ئەوە هەر ئەم دیمەنە نییە؟"

چوارچێوەکە زۆر کۆن بوو، بەڵام وێنەکەی ناوی قەدیمیتر و کاڵتر بوو. بەڵێ، مەڕەکان لەو وێنەیەدا بوون و لەسەر یەك شێست سەرێك دەبوون. پەرژینەکان، دارستانی بووز و کوێستان. دارستانە بووزەکە لە وێنەکەی جرجە مشك نەدەچوو، بەڵام چیاکانی پشتەوە هەر خۆیان بوون.

بەدەسگێرانم گوت: "زور باشە، ئەو هەمووە بە بن ئەو چوارچێوەیەدا هاتووین و چووین."

گوتی: "هەر بۆیە دەمگوت هۆتێل دۆلفین دەبێ خۆی بێ."

پرسیم: "باشە ئێرە رێك کوێیە؟"

کابرا گوتی: "نازانم، ئەم وێنەیە هەر لە سەردەمی رێکخراوی مەڕەکانەوە بەوێوە بووە."

بۆڵاندم و گوتم: "ئەهااااا"

"بەڵام رێیەك هەیە بۆ ئەوەی لێمان روون بێتەوە."

"چ رێیەك؟"

"لە باوکم بپرسین. ئەو لە نهۆمی سەرەوە ژوورێکی هەیە و هەمیشە لەوێیە. لەبەر باسوخواسی مەڕەکانی ئاگای لەهیچ نییە و زۆر بەدەگمەن دێتە دەرەوە. ئێستا دوو حەفتە دەبێ نەمدیتووە. من هەر خواردنەکەی لەپێش دادەنێم، نیو سەعات نابا سینییەکەی بەتاڵ دەبێ. ئاوا دەزانم زیندووە."

"باوکت دەتوانێ پێمان بڵێ ئەوشوێنەی نێو وێنەکە کوێیە؟"

"لەوانەیە. وەك پێم گوتی، ئەو سەرۆکی رێکخراوی مەڕان بوو. هەرچۆنێك بێ، هەرچی پێوەندیی بە مەڕەکانەوە هەبێ، ئەو دەیزانێ. هەمووان پێی دەڵێن پرۆفیسۆر مەڕ."

گوتم: پرۆفیسۆر مەڕ؟"

پرۆفیسۆر مەڕ هەموو شتێك دەخوا و

هەموو شتێك دەڵێ

بەپێی قسەکانی خاوەنەکەی هۆتێل دۆلفین و کوڕی پرۆفیسۆر مەڕ، ئەو قەت ژیانێکی بەختەوەرانەی نەبووە.

کوڕەکەی پرۆفیسۆر مەڕ گوتی: "باوکم ساڵی ١٩٠٥ لە سێندایی لەدایك بووە و کوڕەگەورەی بنەماڵەیەکی ملکدار بووە. ئەگەر کێشە نییە، من رۆژمێری زایینی بەکار دێنم."

"چۆنت پێ خۆشە وا بکە."

"ئەوان زۆر دەوڵەمەند نەبوونە، بەڵام لە نێو زەوی و زارەکەی خۆیاندا دەژیان. بنەماڵەیەکی کۆن بوون، کە ئاغای ئەوێ زەویی دابوونێ. تەنانەت بەودواییانە، لەسەردەمی ئیدۆدا بوونە وەرزێری نموونەیش. پرۆفیسۆر مەڕ هەر لە ئەوەڵەوە دەرسخوێنێکی زیرەك بوو. منداڵێکی سەیروسەمەرە کە لە سێندایی هەمووان دەیانناسی. خۆ هەر لە دەرس و قوتابخانەش نەبوو. ئەو لە ژەنینی کەمانیشدا کەس تای نەدەکرد و، تەنانەت لە قۆناغی ناوەندیدا کە ئیمپراتۆر سەردانی ئەو ناوچەیەی کردبوو، ئاوازێکی بتهۆڤنی بۆ لێ دابوو. ئیمپراتۆریش سەعاتێکی زێڕی دایێ.

"بنەماڵەی پرۆفیسۆر مەڕ دەیانەویست مافناسی بخوێنێ، بەڵام پرۆفیسۆر مەڕ زۆر راشکاوانە ملی بادا، پرۆفیسۆر مەڕ کە ئەوکات گەنج بووە، گوتبووی، "من هیچ حەزم لە بواری یاسا نییە."

"باوکی پرۆفیسۆر مەڕ گوتی: "کەواتە مۆسیقاکەت بخوێنە، هیچ نەبێ با لە بنەماڵەدا مۆسیقارێکمان هەبێ."

"پرۆفیسۆر مەڕ گوتی: "من هیچ حەزم لە مۆسیقا نییە."

تاوێك راوەستا.

"باوکی گوتی: "دەی باشە، خۆت چ رێیەك هەڵدەبژێری؟"

"من حەزم لە وەرزێرییە و دەمەوێ بۆ بەڕێوەبەریی کشتوکاڵ بخوێنم."

"تاوێك دواتر باوکی گوتی: "زۆر باشە." نەیدەتوانی هیچ بڵێ. پرۆفیسۆر مەڕ کابرایەکی شێلگیر و بەمشوور بوو. لەو جۆرە گەنجانە بوو، کە قسەیەکی دەکرد، هەر دەیبردە سەر. باوکی ئیتر قسەی نەما.

"ساڵی دواتر، پرۆفیسۆر مەڕ، بەپێی حەزەکەی خۆی، لە کۆلێژی کشتوکاڵیی زانکۆی پادشایەتیی تۆکیۆ ناوی خۆی نووسی. تەنانەت لەوێیش هەر ئاشقەخوێندن بوو. هەر هەمووان، تەنانەت مامۆستاکانیشی چاویان بەسەرییەوە بوو. لە خوێندنەکەیدا وەك هەمیشە لەسەرووی هەموانەوە بوو و زۆریش خۆشەویست و لەبەردڵان بوو. کورتی ببڕمەوە، لەو بژاردانە بوو، کە زۆر دەگمەنن. نەیدەهێشت کاتی بەفیڕۆ بڕوات و لە هەموو دەرفەتێکدا دەرسی دەخوێند. کە لە خوێندن ماندوو دەبوو، لە حەوشەی زانکۆ ڤیۆلینی لێ دەدا و سەعات زێڕینەکەی بەردەوام لە گیرفانی چاکەتەکەی قوتابخانەیدا بوو.

"بە بەرزترین نمرەوە دەرچوو و، وەك یەکێك لە پیتۆڵ و بلیمەتەکان لە وەزارەتی کشتوکاڵ و جەنگەڵداریدا وەرگیرا. نامەی کۆتاییەکەیشی بە زمانێکی سادە، گەڵاڵەیەکی گشتیی کشتوکاڵی لە ئاستێکی گەورە و بەربڵاودا بوو بۆ ژاپۆن و کۆریا و تایوان، کە هەندێکیان پێیان وابوو زۆر ئایدیالیستیانەیە و لێیان سووك دەکرد، بەو حاڵەشەوە، ئەو نامەیە، ببووە باسوخواسی ئەودەم.

"پرۆفیسۆر مەڕ، پاش دوو ساڵ کارکردن لە وەزارەتخانەدا، چووە نیمچەدوورگەی کۆریا، بۆ ئەوەی لە بواری چاندنی چەڵتووك بکۆڵێتەوە. راپۆرتەکەی بەناوی "لێکۆڵینەوەیەك لە هەڵگرتنەوەی بەروبووی برنج لە نیمچەدوورگەی کۆریادا بڵاو بۆوە و، حوکمەت قەبووڵی کرد.

"ساڵی ١٩٣٤، پرۆفیسۆر مەڕ دیسان بانگ کرایەوە تۆکیۆ. لەگەڵ ئەفسەرێکی گەنجی سوپا ئاشنایان کرد. لە سۆنگەی نزیکبوونەوەی شەڕ لەگەڵ چینی باکوور، داوا لە پرۆفیسۆر مەڕ کرا، بەرنامەیەکی خۆبژێوی بەپێی بەخێوکردنی مەڕ ئامادە بکا. ئەوە یەکەم جار بوو پرۆفیسۆر مەڕ کاری بکەوێتە کاری مەڕوماڵاتەوە. پرۆفیسۆر مەڕ زەین و مێشکی خۆی لەسەر دروستکردنی چوارچێوەیەکی گشتی بۆ بەخێوکردنی مەڕوماڵات لە ژاپۆن و مەنچووری و مەغوولستان کۆ کردەوە. بەهاری ساڵی دواتر، چوو شوێنەکە ببینێ.

"بەهاری ساڵی ١٩٣٥، بەبێ هیچ رووداوێك تێپەڕی. رووداوەکان لە مانگی ژوولایدا قەومان. پرۆفیسۆر مەڕ، بەسواری ئەسپ وبەبێ ئەوەی کەسی لەگەڵ بێ، لە سەردانەکەیدا بزر بوو و کەس بەسەروسۆراغی نەزانی.

"سێ چوار رۆژ تێپەڕی. بەڵام کەس هەواڵێکی پرۆفیسۆر مەڕی نەبوو. تاقمی گەڕان و پشکنینی سوپا، هەموو ناوچەکەیان سەنگوسووژن دا، بەڵام لەهیچ کوێ سۆراغی نەبوو. لەوانەیە گورگ خوارادبێتیان،

یان خەڵکی خێڵەکان رفاندبێتیان. حەفتەیەك دواتر، کە هەمووان بێهیوا ببوون، پرۆفیسۆر مەرِی شێواو، لە تاریکیدا هاتەوە ئۆردووگا. رەنگی بە روخسارییەوە نەمابوو و، چەند جێیەکیشی بریندار ببوو، بەڵام چاوی هەر برۆسکەیان دەهات. ئەسپەکەی بزر ببوو و سەعاتەکەشی لێ ون ببوو، ئەوەی ئەو باسی کرد، هەمووان پێی قایل بوون. گوتی، رێی لێ هەتڵە بووە و ئەسپەکەشی بریندار بووە.

مانگێکی نەبرد، کە دەنگۆیەکی سەیروسەمەرە لە نووسینگە حوکمییەکاندا بڵاو بۆوە. باس باسی ئەوە بوو، کە ئەو پێوەندییەکی تایبەتی لەگەڵ مەرِەکان هەیە. جا ئەوەی کە ئەم پێوەندییە تایبەتییە چ مانایەکی هەبوو، کەس نەیدەزانی. هەر بۆیە بەرپرسەکەی بانگی کردە نووسینگەی خۆی و لێی پێچاوە بەشکم لێی روون بێتەوە. کۆمەڵگە کۆلۆنییەکان تاقەتی دەنگۆ و شتیان نییە.

بەرپرسەکەی پرسیی:

"ئەریٚ هەر بەراست تۆ پێوەندیی تایبەتیت بە مەرِەکانەوە هەیە؟"

"پرۆفیسۆر مەرِ وەڵامی داوە: "بەڵێ هەمە."

"لێپێچینەوەکە شتێکی ئاوەها بوو:

"پرسیار: مەبەستت لە پێوەندیی تایبەتی ئەوەیە، کە چوویەتە زگ مەرِەکان؟"

"وەڵام: نەخێر، شتی وا نەبووە."

"پ: ئەی مەسەلە چییە؟"

و: پێوەندییەکی زەینی بوو.

پ: ئەوە روونکردنەوە نییە.

و: ئەستەمە وشەیەکی بۆ بدۆزمەوە قوربان، بەڵام لەوانەیە پێوەندیی رۆحی بەجێتر بێ.

پ: یانی تۆ دەڵێی پێوەندیی رۆحیت لەگەڵ مەرِەکاندا هەبووە؟

و: راستە.

پ: باشە تۆ دەڵێی لەو حەفتانەدا کە دیار نەبووی، پێوەندیی رۆحیت بە مەرِەکانەوە هەبووە؟

و: بەڵێ.

و: پێت وا نییە، هەر ئەوەندە بەڵگەیە بەسە بۆ ئەوەی دەربکرێی؟

و: پیشەی من ئەوەیە لە مەرِ بکۆڵمەوە قوربان.

و: پێوەندیی رۆحی، رەوگەیەکی قەبوولکراو نییە بۆ لێکۆڵینەوە، من داوات لێ دەکەم لەمەودوا بەخۆتدا بچیتەوە. لەبیرت نەچێ، سەربەرزانە لە کۆلێژی زانکۆی پادشایەتیی تۆکیۆ دەرچووی و، لەوەتەی هاتوویەتە وەزارەتخانەوە، پێشینەت هەر باش بووە و، وەك ئالاهەڵگری بەڕێوەبەرایەتیی کاروباری کشتوکاڵی سبەینێی خۆرهەڵاتی ئاسیا، چاوەڕوانیی زیاترمان لێت هەیە.

و: تێدەگەم.

پ: دەی ئەو پێوەندییە رۆحییە قۆڕەش لەبیر بکە. مەڕومالات ئاژەڵی ماڵین. هەر ئاژەڵی ماڵی و هیچی دی.

و: لەبیرکردنەکەی مەحاڵە.

و: دەبێ پێمان بڵێی لەبەرچی؟

و: هۆیەکەی ئەوەیە، مەڕێك لەناخی مندایە قوربان.

پ: جا ئەوەیش بوو بە روونکردنەوە؟

و: لەوە پتر ناتوانم باسی بکەم.

"مانگی فێبریوەری ساڵی ١٩٣٦ فەرمان بە پرۆفیسۆر مەڕ درا، بچێتەوە ژاپۆن. بەهارێ، پاش چەند لێپێچینەوەیەکی هاوشێوە، رایانگوێست بۆ کۆمەڵەی سەرچاوەکانی وەرزارەتخانە. لەوێ، بابەتی سەرچاوەکانی رستە(لیست) دەکرد و، قەفەزەکانی رێك دەخست. یانی، ئیتر مشوورخۆرە بلیمەتەکەی وەزارەتی کاروباری کشتوکاڵیی خۆرهەڵاتی ئاسیا نەمابوو.

"جارێکیان، پرۆفیسۆر مەڕ، بە یەکێك لە برادەرەکانی خۆی گوت: ئیتر مەڕەکەی ناخم رۆیوە، بەڵام خووم پێوە گرتبوو."

"ساڵی ١٩٣٧، پرۆفیسۆر مەڕ، لە وەزارەتی کشتوکاڵ و جەنگەڵداری خانەنشین دەکرێ و دەرفەت دێنێ و بەناوی گەلاڵەی مەڕی ژاپۆن ـ مەنچووری بە وامی وەزارەتخانە، کە خۆی بەرپرسیارەتییەکەی لەئەستۆ دەگرێ، دەچێتە هۆکایدۆ و، دەبێتە مەڕدار. ٥٦ سەر مەڕ.

ساڵی ١٩٣٩ پرۆفیسۆر مەڕ ژن دێنێ. ژمارەی مەڕەکان دەبێتە ١٢٨ سەر.

"١٩٤٢ کوڕە گەورەکەی (خاوەن و بەڕێوەبەری ئێستا هۆتێل دۆلفین) لەدایك دەبێ. ژمارەی مەڕەکان ١٨١ سەر."

"١٩٤٦ هێزە داگیرکەرەکانی ئەمریکا دەست بەسەر کێڵگەی مەڕبەخێوکردنەکەی پرۆفیسۆر مەڕدا دەگرن و دەیکەنە ئۆردووگای راهێنان. ژمارەی مەڕەکان ٦٢ سەر."
"١٩٤٧ پرۆفیسۆر مەڕ دەچێتە نێو رێکخراوی مەڕەکانی هۆکایدۆوە."
"١٩٤٩.هاوسەرەکەی پرۆفیسۆر مەڕ، بە نەخۆشی برۆنشیت دەمرێ.
"١٩٥٠ پرۆفیسۆر مەڕ سەرۆکایەتیی رێکخراوی مەڕەکانی هۆکایدۆ بەئەستۆوە دەگرێ.
"١٩٦٠، کوڕە گەورەکەی لە بەندەری ئۆتارو پەنجەی لەدەست دەدا.
"١٩٦٧، تەلاری مەڕەکانی هۆکایدۆ دادەخرێ.
"١٩٦٨، هۆتێل دۆلفین دەکرێتەوە.
"١٩٧٨ گەنجێکی راوێژدەری ملك و ماڵ، لە وێنەی مەڕەکە دەکۆڵێتەوە."
بەواتایەکی دیکە بۆخۆم.
گوتم: "زۆر باشە، هەرچۆنێك بێ، دەمەوێ باوکت ببینم."
کوڕەکەی پرۆفیسۆر مەڕ گوتی: "قەیناکا با باوکم ببینی، بەڵام چونکە باوکم رقی لە منە، بمبوورە دەبێ بەتەنێ بچی."
"تۆی خۆش ناوێ؟"
"لەبەر ئەوەی دوو پەنجەم نییە و سەریشم بێ تووکە."
گوتم: "دەزانم، باوکت کابرایەکی نائاساییە."
"من وەك کوڕی ئەو نابێ وا بڵێم، بەڵام وایە کابرایەکی نائاساییە. لەوەتەی تووشی مەڕەکان بووە، بووەتە بنیادەمێکی دی. تەواو گرژ و مۆن بووە و جاری وایە هەر بێبەزەیشە. دڵێکی باشی هەیە. خۆ دەست و ڤیۆلینەکەی ببینی، بۆت روون دەبێتەوە. مەڕەکان باوکمیان زویر کرد و، بە باوکمەوە منیشیان ئازار دا."
دەسگیرانەکەم گوتی: "تۆ باوکتت خۆش دەوێ وایە؟"
خاوەنی هۆتێل دۆلفین گوتی: "بەڵێ، خۆشم دەوێ. من ئەوم زۆر خۆش دەوێ، بەڵام ئەو لەمن بێزارە. لەوەتەی لەدایك بومە، تەنانەت بۆ جارێکیش چییە نەیگرتوومەتە باوەش خۆی و تەنانەت دەستێکی

بەسەرمدا نەهێناوە و قسەیەکی خۆشی بۆ نەکردووم. جا چونکە پەنجەکانیشم قرتابوون و خەریك بوو سەرم دەڕووتاوە، هەر گاڵتەی پێ دەکردم."

دەسگیرانم گوتی: "دڵنیام مەبەستی ئەوە نییە گاڵتەت پێ بکا."

گوتم: "منیش پێم وا نییە وابێ."

هۆتێلدارەکە گوتی: "نازانم. بەڵام دڵنیام ئەگەر دوو خاڵ رەچاو بکەن، وەرتان دەگرێ. یەکەم ئەوەی بێ پێچوپەنا پێی بڵێن دەتانەوێ لە مەڕەکان بکۆڵنەوە."

"ئەی ئەوی دی؟"

"نەڵێن من قسەم لەگەڵ کردوون."

گوتم: زۆر باشە.

سپاسی کوڕەکەی پرۆفیسۆر مەڕمان کرد و لە پلیکانەکان وەسەر کەوتین، هەوای سەر پلیکانەکان خۆش و فێنك بوو. چراکان کوژابوونەوە و، تەپوتۆزی قوژبنەکانی راڕەوەکەی تا رادەیەك دەردەخست. هەر هەمووی، کەس نازانێ بۆ، بەڵام بۆنی کۆنەکاغەز و بۆنی هەڕنەهووتی لێ دەهات. بەپێی رێنوێنیی کوڕەکەی پرۆفیسۆر مەڕ، بە راڕەوە دووردرێژەکەدا تێپەڕین. لەوسەرەوە، کۆنەدەرگایەك هەبوو. لە دەرگامان دا. پلاکێکی پلاستیکی بە دەرگاکەوە درابوو، کە لەسەری نووسرابوو: نووسینگەی بەڕێوەبەر. کەس وەڵامی نەداوە. دیسان لەدەرگام داوە. دیسانیش وەڵام نەبوو. کە سێهەمین جار لە دەرگام دا، دەنگی هەرایەك هات و وەڵامی داوە. "برۆ، لەکۆڵم بەوە."

"ئەگەر رێگەمان بدەی، هاتووین چەند پرسیارێکت لەسەر مەڕەکان لێ بکەین."

پرۆفیسۆر مەڕ لە ژوورەوە گوتی: "ناماقووڵێتان کرد."

وەك دەنگی بنیادەمێکی حەفتاودووساڵان، تەواو تۆکمە و ساغ دیار بوو.

پرۆفیسۆر مەڕ گوتی: "ئەو قسەیە ـ دەمەوێ باسی مەڕمان بۆ بکەی ــ کاوێژ مەکەوە."

زمانلووسیم کرد، کە "بەڵام شتێك هەیە کە دەبێ قسەی هەر لێ بکەین، باسی ئەو مەڕەیە وا ساڵی ١٩٣٦ بزر بوو."

تۆزێك بێدەنگی زاڵ بوو و، ئیتر دەرگا کرایەوە. پرۆفیسۆر مەڕ لەبەردەممان راوەستابوو.

قژی دریژ بوو، دەتگوت کولووی بەفرە. برۆشی هەر سپی بوون و، دەتگوت چلوورەن بەسەر چاویدا شۆڕ بوونەتەوە. بەژنی ١٧٨ سەنتیمەتر بوو و روخسارێکی گران و سەنگینی هەبوو. چوارپەلی تۆکمە و درشت بوو و، لووتە گەورەکەی بەسەر دەموچاوییەوە دەتگوت سەکۆی خۆفرێدانی سکیتبازەکانە.

بۆنی لەشی لە هەموو ژوورەکە گەڕابوو. ناکرێ بە دڵنیاییەوە بڵێی بۆنی لەش. پاش شوێنێکی دیار، ئیتر ئەو بۆنە بۆنی لەش نەبوو، تێکەڵی زەمان و ئاوێتەی رووناکایی ببوو. ئەو شوێنەی کە لەوانەیە سەردەمانێك شوێنێکی گەورە بووبێ، ئێستا ئیتر پڕپڕ بوو لە کتێب و کۆنەگۆڤار و بە زەحمەت تەختی عەرزەکەی دیار بوو. دەکرێ بڵێی هەموویان گۆڤاری زانستگەیی بوون، کە بە زمانی بیانی نووسرابوون و هەر هەمووشیان بێ ئەملاوئەولا پەڵەیان بەسەرەوە بوو. بەلای راستدا، بەرامبەر دیوارەکە، تەختەخەوێکی پیس هەبوو و، لە دەم پەنجەرەکەوە مێزێك دانرابوو، کە لە داری ماهوون دروست کرابوو و کورسییەکی خولخولۆکەش. لە سەر مێزەکە، کاغەزەکان تۆزێك بە رێکوپێکی لەسەر یەك کەڵەکە کرابوون و پەیکەرەیەکی مەڕیشیان لەسەر دانرابوو. ژوورەکە تاریك بوو و، تەنیا لە گڵۆپێکی شێست واتەوە کە تۆز و خۆڵ داپۆشیبوو، تۆزە رووناکییەك دەهات.

پرۆفیسۆر مەڕ، کراسێکی کەوە و پەستەکێکی خوریی رەش و پانتۆڵێکی خەتخەتی لەبەر کردبوو، کە هەمووان کاڵ ببوونەوە. لە رووناکایی ژوورەکەدا، لەوانەبوو بنیادەم کراسە خۆڵەمێشییەکە و پەستەکە رەشەکەی لەگەڵ کراسێکی سپی و پەستەکێکی خۆڵەمێشی لێ تێك بچێ. لەوانەشە رەنگەکەی خۆی هەر ئەوە بووبێ، بە زەحمەت لێت روون دەبۆوە.

پرۆفیسۆر مەڕ، لە پشت مێزەکەوە بە ئاماژەی پەنجە پێی گوتین، لەسەر تەختەکە دانیشین. وەك بە نێو میندا تێپەڕین، لە هەردوولاوە کتێبەکانمان لا دەدا و رێگەمان دەکردەوە. دانیشتین. تەختەخەوەکە ئەوەندە پیس بوو، کە دەترسام پانتۆڵەکەم بە سەرچەفەکانەوە بنووسێ. پرۆفیسۆریش پەنجەکانی لەسەر مێزەکە چەماندەوە و، زۆر شێلگیرانە چاوی تێوە بڕین. پەنجەی ئەستوور بوون و، هەتا سەری پەنجەکانی مووی رەش داپۆشیبوو. رەشییەکەی ئەوان زۆر لەگەڵ سپییە بریسکەدارەکەی سەری ناتەبا بوو.

لەپڕ پرۆفیسۆر مەڕ تەلەفۆنەکەی هەڵگرت و هەرای کرد: "نانی شەوێم بۆ بێنە، زۆر خێرا."

پرۆفیسۆر گوتی: "دەی باشە، کەواتە گوتت هاتوون باسی ئەو مەڕە بکەن وا ساڵی ١٩٣٦ بزر بوو؟"

گوتم: "راستە."

گوتی: "ئەها."
ئەوجار لەپڕ بەدەنگێکی بەرز فنی کردە نێو پەڕە کاغەزێك و لووتی خاوێن کردەوە و گوتی: "شتێك هەیە حەزتان لێ بێ بیلێین، یان پێتان خۆش بێ بیپرسن؟"
"هەردووکیان."
"با لە پێشدا گوێم لە قسەتان بێ."
"ئێمە دەزانین ئەو مەڕەی لە بەهاری ساڵی ١٩٣٦ـدا لەدەستت رای کرد، چیی بەسەر هاتووە."
پرۆفیسۆر مەڕ هەناسەیەکی هەڵکێشا و گوتی: "ئێوە دەزانن من هەرچی هەمبوو، لەسەر ئەو مەڕەم دانا وا چلودووساڵە بەشوێنییەوەم؟"
گوتمان ئاگادارین.
لەخۆتانەوە هەڵتان بەستوون.
چەرخە زیوینەکەم لە گیرفانم دەرهێنا و لەگەڵ وێنەکەی جرجەمشك لەسەر مێزەکەم دانا. دەستە کولکنەکانی هێنا پێش و، چەرخ و وێنەکەی هەڵگرت و تاوێك لەبەر تیشکی گلۆپەکە رایگرت. تۆز و زەڕەی بێدەنگی ماوەیەکی زۆر لە ژوورەکەدا دەخولانەوە. پەنجەرە دووتاییەکە، توند و قایم بەسەر دەنگ و زەنازەنای شارەکەدا داخرابوو و، تەنیا پتەپتی گلۆپێکی قەدیمی بوو، کە بێدەنگییەکەی قەڵت قەڵت دەکرد.
کە پیرە پیاو لە هەڵسەنگاندنی چەرخ و وێنەکە بۆوە، گلۆپەکەی کوژاندەوە و بە سەری پەنجە ئەستوورەکانی چاوی هەڵگلۆفی، دەتگوت دوو تۆقلە لە کاژەڵاکی سەریدا رێك دەگوشێ. پەنجەی هەڵگرت، چاوی دەتگوت گۆمی خوێنن.
پرۆفیسۆر مەڕ گوتی: "ببوورن، زۆر دەمێکە خەڵکی گەمژە دەوریان داوم و لە خەڵکیان دڕدۆنگ کردووم."
گوتم: "قەیناکا."
دەسگیرانەکەم بە ئەدەبەوە پێکەنی.
پرۆفیسۆر پرسیی: "بیری لێ بکەنەوە، ئەگەر یەکێك بە تاقە یەك خەیاڵەوە، کە وێناکەی بەبنج و ڕەگەوە لە ناخی مرۆڤەوە هەڵکێشرابێتە دەرێ بەتەنیا جێ بهێڵن چیی بەسەر دێ؟"

"ناتوانم بیریشی لێ بکەمەوە."

"دۆزەخێکە، هەزارتوونێکە لە دۆزەخێکی ژێرزەمینی، کە تەنانەت تیرێژێك یان تەنانەت قومەئاوێکیش نییە تۆزێکی دامرکێنێتەوە. چلودووساڵ تەمەنی من ئاوا بووە."

"هەر لەبەر ئەو مەڕە."

"بەڵێ، بەڵێ، هەر هەمووی لەبەر ئەو مەڕە بووە. بەهاری ١٩٣٦ ئەو مەڕە لە چەقی گێچەڵێکدا بەجێی هێشتم."

"هەر بۆ گەڕان بە شوێن ئەو مەڕەشدا لە وەزارەتی کشتوکاڵ هاتیە دەرێ، وایە؟"

"کوڕە ئەو کارمەندانە هەموو گەمژە بوون. ئەوان هیچ نازانن راستەقینە یانی چی. لەوانەشە هەرگیز نەزانن ئەو مەڕە چەندە مەزن و گەورەیە."

لە دەرگا درا و بەدوایدا دەنگی ژنێك هات، کە گوتی: "شیوم بۆ هێناوی."

پرۆفیسۆر مەڕ گوتی: "باشە داینێ."

پاش ئەوەی دەنگی لەسەرعەرزدانرانی سینییەکە هات، دەنگی ترپەی ئەو پێیانەیش هات کە دوور دەکەوتنەوە."

دەسگیرانم دەرگاکەی کردەوە و، سینیی شیوەکەی هێنا و لەسەر مێزی پرۆفیسۆر مەڕ داینا.

سینییەکە، سووپ و سالاد و کفتەیەکی بۆ ئەو و دوو قاوەی بۆ ئێمە لەسەر بوو.

پرۆفیسۆر مەڕ پرسیی: "ئێوە نانتان خواردووە؟"

گوتم: "بەڵێ، سپاس."

"چیتان چوارد؟"

گوتم: "گۆشتی گوێلك بە سۆسەوە."

دەسگیرانم گوتی: "رۆبیانی برژاو."

پرۆفیسۆر مەڕ بۆڵەیەکی لێ هات، ئیتر سوپەکەی خوارد و نانەکانیشی خرمەخرم جاوی: "من برسیمە، ببوورە، کە ئێوە قسە دەکەن و من نان دەخۆم."

گوتمان: "زۆر ئاساییە."

پرۆفیسۆر مەڕ سوپەکەی خوارد و ئێمەیش قوم قوم قاوەکەمان خواردەوە. کە خەریك خواردن بوو، سەرلێشێواوانە سەیری قاپەکەی دەکرد.

پرسیم: "تۆ هیچ دەزانیٚ ئەو شوێنەی نێو وێنەکە کوێیە؟"

"ئەی چۆن نازانم، زۆر باشیش دەزانم."

"جا پێمانی دەڵێی؟"

پرۆفیسۆر مەڕ قاپە بەتاڵەکەی بەلاوە نا و گوتی: "راوەستن، بە نۆرە، جاریٚ با باسی رووداوەکانی ساڵی ١٩٣٦ بکەین. لە پێشدا من قسە دەکەم و دواییش ئێوە بگێڕنەوە."

سەرم لەقاند.

پرۆفیسۆر مەڕ دەستی پیٚ کرد: "هاوینی ساڵی ١٩٣٥ بوو، کە مەڕەکە هاتە ناخی منەوە. ئەو دەمەی خەریك بووم لەوەڕگەیەکی ئازادی نزیك سنووری مەنچووری و مەغولستان دەگەڕام. رێم لیٚ ون بوو، گەیشتمە ئەشکەوتێك. گوتم ئەمشەو لێرە دەمێنمەوە. شەویٚ خەونم بە مەڕێکەوە دی، کە لێمی دەپرسی، ئاخۆ دەکریٚ بچێتە نێو رۆحمەوە؟ گوتم، بۆ ناکریٚ؟ ئەودەم زۆرم بیر لیٚ نەکردەوە، ئیتر هەرچۆنێك بیٚ، ئەوە خەون بوو." پیرە قاقایەکی کێشا و چووە سەر سالادەکەی.

"مەڕی لەو رەچەڵەکەم لە عومرمدا نەدیبوو. کارەکەم وا بوو، کە هەرچی رەچەڵەکی مەڕی دنیا بوو، دەمناسین، بەڵام ئەوەیان تاقانە بوو. شاخەکانی سەیر چەمابونەوە. پەلی ئەستوور و بدەو بوون و، چاوی وەك چاوی قرژاڵ روون بوون. خورییەکەی جگە لە ئەستێرە قاوەییەکەی سەرپشتی، هەر هەموو سپی بوو. مەڕی ئاوا لە هیچ کوێی دنیایە نییە. هەر بۆیە بە مەڕەکەم گوت، قەیناکا بچۆ ناخمەوە. وەك پسپۆڕێکی مەڕان، نەمدەویست وەها دۆزینەوەیەك لەکیس خۆم بدەم."

"کە مەڕەکە لەناختدا بوو، چ هەستێکت هەبوو؟"

"ئەگەر راستیت دەویٚ، شتێکی وا نەبوو. هەر هەستم دەکرد مەڕێك لە ناخمدایە. بەیانی هەستم کرد. هەستام و مەڕەکە لە ناخمدا بوو. هەستێکی تەواو سروشتی بوو."

"ژانەسەرت نەبوو؟"

"لەوەتەی هەم، جارێکیش چییە سەرم نەیەشاوە."

پرۆفیسۆر مەڕ چووە سەر کفتەکان. بەر لەوەی بە تاسووقەوە بیانخاتە زاریەوە، لە سۆسەکەی وەردان.
"لە هەندێ بەشی باکووری چین و وڵاتی مەغوولەکان، هیچ پێیان سەیر نییە بڵێی مەڕێك چووەتە ناخی بنیادەمێکەوە. خەڵکی ئەوێ پێیان وایە ئەوە خوا داوێتی. بۆ وێنە لە کتێبێکی سەردەمی بنەماڵەی بۆڤاندا هاتووە، ئەو مەڕە سپییەی ئەستێرەیەکی پێوەیە، چووە ناخی چەنگیزخانەوە. سەیرە، ئێوەش پێتان وا نییە؟"
"با."
"ئەوان پێیان وایە ئەو مەڕەی دەچێتە کەولّی یەکێکەوە، ئەوە نەمرە. لەسەر ئەو بڕوایەشن، کە خانەخوێی مەڕەکەیش هەر نەمر دەبێ. بەڵام کە مەڕەکە دەڕوات، نەمرییەکەیش نامێنێ. هەمووشتێك بە مەڕەکەوە بەستراوەتەوە. ئەگەر مەڕەکە خانەخوێیەکەی خۆش بوێ، تا دەیان ساڵ دەمێنێتەوە. ئەگینا وەك برووسکە دەردەچێ. ئەوانەی مەڕەکە بەجێیان دێڵێ، پێیان دەڵێن، بێ مەڕ. یانی کەسی وەك من."
مڵچەملچ.
"لەودەمەوە مەڕەکە هاتە کەلەشمەوە، دەستم کرد بە خوێندنەوە و توێژینەوە لە سەر ڕەچەڵەکناسی و کولتووری گشتی لەبارەی مەڕەوە. بەملاوئەولادا دەگەڕام و قسەم لەگەڵ خەڵکە خۆولاتییەکە دەکرد و، نووسینەکۆنەکانم تاوتوێ دەکرد. زۆر زوو بڵاو بۆوە کە مەڕەکە چووەتە رۆحمەوە و قسەکان گەیشتنەوە ئەفسەرە بەرپرسەکەم. ئەفسەرەکە ئەم مەسەلەیەی زۆر سادە نەگرت. ناوی "شێت"ـەیان وەدوو خستم و دەسبەجێ بە کەشتییەك ناردیانمەوە ژاپۆن، فایلێکی لە جۆری کۆلۆنیالیستییەکان."
پرۆفیسۆر مەڕ کە سێ کفتەی حەپەلووش کردبوو، دەستی بۆ خواردنەکانی دیکە برد.
"ئێستا لە ژاپۆن وا باوە، کە ئێمە لە پێوەندیمان لەگەڵ خەڵکی بەشەکانی دیکەی ئاسیادا هیچیان لێ فێر نەبووین. لەبارەی پێوەندی لەگەڵ مەڕیشەوە هەروەتر. مەڕبەخێوکردن لە ژاپۆنیش هەر بۆیە هیچی لێ شین نەبۆوە، لەبەر ئەوەی ئێمە مەڕمان بە سەرچاوەی خوری و گۆشت دادەنا. ژیان زۆر لەوە گرانتر بووە، کە ئێمە بیری لێ دەکەینەوە. ئێمە تا ئەوپەڕی خۆی، زەمان کورت دەکەینەوە بۆ ئەوەی زیاترین دەستکەوتمان بێ. بۆ هەموو شتێك هەر وایە. یان بڵێم، ئێمە زۆر بەلاوازییەوە پێمان نایە سەر زەوی. لە خۆوە نییە لە شەڕدا شکاین."

هاتمەوە سەر مەسەلەکە و گوتم: "پێم وایە، ئەو مەڕە لەگەڵ تۆ هاتە ژاپۆن."
پڕۆفیسۆر مەڕ گوتی: "بەڵێ، من بە کەشتی لە پوسانەوە گەڕامەوە. مەڕەکەش لەگەڵم هاتەوە."
"بە رای تۆ مەڕەکە مەبەستی چ بووە؟"
پڕۆفیسۆر مەڕ بەبێ بیرلێکردنەوە گوتی: "نازانم، مەڕەکە هیچی بەمن نەگوت. بەڵام ئەوەندە دەزانم ئەو گیانلەبەرە ئامانجێکی گەورەی هەبوو. نەخشەیەکی زۆر گەورە بۆ گۆڕینی مرۆڤایەتی و دنیای مرۆڤایەتی."
"مەڕێك دەیەویست هەموو ئەو شتانە بکات؟"
کە دوا پارووی لە زاری دەئاخنی، سەری لەقاند و وردەکەی لە دەستی سڕییەوە و گوتی: "هیچ شتێك ئەوەندە ترسێنەر نییە. چەنگیزخان بێنە بەرچاوت."
گوتم: "راست دەکەی، بەڵام بۆچی ئێستا؟ بۆچی ژاپۆن؟"
"پێم وایە من مەڕەکەم بەخەبەر هێنا. ئەو مەڕە سەدان ساڵ بوو لەو ئەشکەوتەدا نوستبوو و منی گەمژە نەدەبوایە بچم و لەخەوی هەستێنم."
گوتم: "خەتای تۆ نییە."
پڕۆفیسۆر مەڕ گوتی: "نا خەتای من بوو. دەبوو زۆر زووتر زانیبایەم. من دەبوایە بچمە نێو گەمەکەوە. بەڵام زۆر درەنگ تێگەیشتم. کە لێشم روون بۆوە، ئیتر مەڕەکە رۆیبوو."
پڕۆفیسۆر مەڕ، بێدەنگ بوو. برۆ سپییە چلوورەییەکانی بە پەنجە داماڵی. دەتگوت قورسایی چلوودووساڵ چووبووە نێو دوورەدەسترین قوژبنەکانی ژیانی.
"بەیانییەك کە لەخەو هەستام، مەڕەکە رۆیبوو. تازە زانیم، ژیانی بەبێ مەڕەکە چ مانایەکی هەیە. بێ مەڕی ئاوایە. دۆزەخێکی تەواو. مەڕەکە دەڕوا و هەر خەیاڵێك بەجێ دەهێڵێ. بەڵام بەبێ مەڕەکە ئیتر ئەو خەیاڵەش نایەتە دەرێ."
پڕۆفیسۆر مەڕ دیسان لووتی لە پەڕەکاغەزێکدا خاوێن کردەوە.
"جا نۆرەی ئێوەیە قسان بکەن."
لەو شوێنەوە دەستم پێ کرد، کە مەڕەکە پاش بەجێهێشتنی پڕۆفیسۆر مەڕ، گرتبوویە بەر. ئەوەی کە چۆن لە بەندیخانەدا چووەتە کەلەشی گەنجێکی راسترەوەوە. ئەوەی کە، هەر ئەو گەنجە لە زیندانێ دێتە

دەرێ، چۆن ببووە کەسایەتییەکی دیاری باڵی راست. کە چۆن پاش ئەوە چوبووە وڵاتی چین و، تۆڕێکی هەواڵگریی دروست کردبوو و، سەروەت و سامانی بەسەریەکەوە نابوو. چۆن بە یەکەم پیاوکوژی جەنگ لەقەڵەم درابوو، بەڵام چۆن لە دەستاودەستکردنی ئەو تۆڕە هەواڵگرییانەی لەو وڵاتەدا هەیبوو، ئازاد ببوو، ئەوەیش کە چۆن لە سای ئەو سەروەت و سامانەی لە چینەوە هێنابووی، پاش جەنگ هەموو بنەماکانی سیاسەت و ئابووری و زانیاری و ئەوانەی خستبووە بندەستی خۆیەوە.

پرۆفیسۆر مەڕ بە زویرییەوە گوتی: "باسی ئەو کابرایەم بیستووە، مەڕەکە هەستێکی سەیری هەیە بۆ دۆزینەوەی شیاوترین مەبەستەکانی خۆی."

"بەهاری ئەم ساڵ مەڕەکە جەستەی ئەویشی بەجێ هێشت. ئەو کابرایە خۆی ئێستا بێهۆشە و خەریکە دەمرێ. وا دیارە لەودەمەوە تا ئێستا کارنەکردنەکەی مێشکی، حەشارگەیەك بووە بۆ مەڕەکە."

"ئەی لەو بەختەوەرییە، خۆ پیاوی بێ مەڕ، وا باشترە ئەم ئێسك و پێستە نیوەزیندووەشی هەر نەبێ."

"پێت وایە مەڕەکە بۆچی پاش ئەوەی ئەو رێکخراوە گەورەی دامەزراند، جەستەی ئەوی بەجێ هێشت؟"

پرۆفیسۆر مەڕ ئاخێکی قووڵی هەڵکێشا و گوتی: "تۆ هێشتا تێنەگەیوی، کە بۆ ئەو کابرایەیش هەر وەك من وا بووە. ئەو لەو سەردەمەی کەلکێکی هەبووە، پتر ژیاوە. بنیادەمەکان کۆمەڵێك ئاستەنگیی خۆیانیان هەیە و مەڕەکەش هیچ سوودێکی نییە بۆ ئەو بنیادەمانەی دەگەنە دوایین کەوشەنی تواناکانی خۆیان. من پێم وایە ئەو هێشتا لەوە تێنەگەیوە، کە بۆ مەڕەکە شیاو بێ. دەوری ئەو ئەوە بووە، رێکخراوێکی گەورە دروست بکا و، وەختێك رێکخراوەکە تەواو بوو، ئەو تووڕ هەڵدرا. رێك وەکوو من. مەڕەکە وەك کەرەستەیەکی راگواستن منی بەکار هێنا."

"کەواتە، لەودەمەوە تا ئێستا، مەڕەکە بیری لە چ کردووەتەوە؟"

پرۆفیسۆر مەڕ وێنەکەی لەسەر مێزەکە هەڵگرت و بەنووکی پەنجە لێی دا. "ئەو هەموو ئەو ژاپۆنە بەدوای خانەخوێیەکی تازەدا گەڕاوە. بەلای مەڕەکەوە، لەوانەیە ئەمە بەمانای ئەو بنیادەمە تازەیەیە کە دەبێ هەرچۆنێك بێ ببێتە سەرۆکی ئەو رێکخراوە."

"مەڕەکە چیی دەوێ؟"

"وەك باسم کرد، ناتوانم بەوردی بە وشە بۆتی باس بکەم، ئەوەی مەڕەکە دەیەوێ، بیر و خەیاڵی مەڕانە جێبەجێ بکا."

"شتێکی باشە؟"

"ئەی دیارە بەپێی بیرکردنەوەی مەڕانە، باشە."

"ئەی تۆ رات چییە؟"

پیرە گوتی: "نازانم، هەر بەراستی نازانم. لەوەتەی مەڕەکە لێم جوێ بووەتەوە، نازانم من چەندە خۆمم و چەندەم سێبەری مەڕەکەیە."

"تاوێك لەوەپێش باسی ئەوەت کرد نەچوویە نێو گەمەکەوە، مەبەستت چی بوو؟"

پرۆفیسۆر مەڕ سەرێکی لەقاند و گوتی: "نامەوێ پێتی بڵێم."

جارێکی دیکە بێدەنگی ژوورەکەی داگرت. لە دەرەوە بارانێکی بەخوڕ دەباری. لەوەتەی هاتبووینە ساپورۆ، یەکەم باران بوو.

پرسیم: "وەك دوا پرسیار: دەکرێ پێمان بڵێی ئەو شوێنەی نێو وێنەکە کوێیە؟"

"گوندێکە، کە من نۆ ساڵان لەوێ دەژیام. لەوێ مەڕم بەخێو دەکرد. پاش جەنگ هێزە ئەمریکییەکان داگیریان کرد و کە دایانەوە، وەك هەوارگەیەکی کوێستانی بە لەوەڕگەکەیەوە بە پیاوێکی دەوڵەمەندم فرۆشت. ئێستاش هەر دەبێ بەو بێ."

"ئەو پیاوە هێشتاش مەڕ بەخێو دەکا؟"

"نازانم، بەڵام لە وێنەکەوە وا دەردەکەوێ، کە ئەو هەر مەڕ بەخێو دەکا. ئەوێ کەسی لێ ناژی. هیچ ماڵێکی دیکە لەو دەوروبەرانە نییە. جادەکە بە زستانان دەگیرێ. دڵنیام خاوەنەکەی، هەر دوو یان سێ مانگ لەوێ دەبێ. شوێنێکی هێمن و جوانە."

"ئەودەمەی خاوەنەکەی لەوێ نییە، دەشتەوانی هەیە؟"

"پێم وانییە زستانان کەس لەوێ بمێنێتەوە. بڕوا ناکەم لە من زیاتر، کەسێکی دیکە بە زستانێ لەوێ ژیابێ. دەکرێ پارە بدەیە دەشتەوانەکانی شارەوانی بۆ ئەوەی هەتا بناری گردەکە ئاگایان لە مەڕەکان بێ. بانی ماڵەکە قووچەکە، هەر بۆیە بەفرەکە خۆی دەخلیسکێ و پێوەی گیرنابێ. دز و مزیش لە ئارادا

نییە. تەنانەت ئەگەر یەکێك شتێکیش بدزێ، تا بیگەیەنێتەوە شاری، بۆ بابی خۆی ئاقڵ دەبێ. هەر خوا بزانێ چەندە بەفری لێ دەبارێ."

"دەی باشە ئێستا کەسی لێیە؟"

"ئممم. لەوانەیە لێی نەبێ. زۆر نابا بەفر دەبارێ و ورچەکان بەر لەوەی زستانەخەویان بەسەردا بێ، لەوێ دەسوورێنەوە و لە خواردن دەگەڕێن. خۆ ئێوە بەتەما نین بچنە ئەوێ؟"

"لەوانەیە ناچار بین بچین. سەرەداوێکی دیکەمان نییە."

پرۆفیسۆر مەڕ تاوێك بەبێ ئەوەی ورتەیەکی لێوە بێ، دانیشت. ساس تەماتەکەی بە قولینچکی لێوییەوە بوو.

"لەوانەیە ئاگاتان لێ بێ، کە پێش ئێوەش، یەکێکی دیکە هات و پرسیاری ئەو گوندەی کرد. سەروبەندی مانگی فێبریوەر بوو. هەر لە تەمەنی ئێوەدا بوو و، سەروسەکتیشی هەر لە ئێوە دەچوو. گوتی، ئەو وێنەی نێو هۆڵی هۆتێلەکەی بەدڵ بووە. ئەودەم زۆر تاقەتم نەبوو، هەر بۆیە هەندێ هاتەران پاتەرانم پێ گوت. گوتی، چیرۆکێکی بەدەستەوەیە و لە بابەتێك دەگەڕێ بیکاتە هەوێنی چیرۆکەکەی."

لە گیرفانم، وێنەیەکی خۆم و جرجەمشکمەم دەرهێنا. وێنەکە هاوینی هەشتساڵ لەوەپێش بە کامێرای ج گرتبوومان و، پەنجەی ئەسپێکوژەمان بەرز کردبۆوە. هەردووکمان گەنج و ئەسمەر بووین.

پرۆفیسۆر مەڕ، وێنەکەی لەبەر تیشکی چراکە راگرت و گوتی: "لە ئێستا گەنجتری."

"راست دەکەی."

"ئەوەیان، هەر ئەو پیاوەیە. لەو وێنەیە بەتەمەنتر بوو و، سمێڵی هەبوو، بەڵام خۆیەتی."

"سمێڵ؟"

"سمێڵێکی کەم و رێك و ردێنێکی مەخمەری."

هەوڵم دا جرجە مشك بە سمێڵەوە بێنمە بەرچاوم، بەڵام نەمدەتوانی جوان بیبینم.

پرۆفیسۆر مەڕ نەخشەیەکی وردی گوندەکەی بۆ کێشاین. ناچار بووین لە نزیك ئەساهیکاوا شەمەندەفەر بگۆڕین و سێ سەعات بڕۆین تا بگەینە ئەو شارەی بە بناری گردەکانەوە بوو. لەوێوە بە ترۆمبێل هەتا گوندەکە سێ سەعات رێگە بوو.

گوتم: بۆ هەموو شتێك سپاست دەکەم."

"ئەگەر راستیتان دەوێ، چەندەی خەڵکێکی کەمتر تووشی ئەو مەڕە بن باشترە. نموونەیەکیان بۆخۆم. تەنانەت یەك کەسیش نییە دڵی بەوە خۆش بێ کە تووشی بووە. بایەخەکانی یەك کەس بەتەنێ خۆ لەبەر ئەو مەڕە ناگرێ. بەڵام بڵێین چی، پێم وایە ئێوەش بیانوویەکتان بۆ کارەکەتان هەیە."

"بەڵێ، هەمە."

پرۆفیسۆر مەڕ گوتی: "ئاگاتان لێ بێ. ئەو قاپ و کەوچکەش کەرەم بکەن لەگەڵ دەستی خۆتان لەبەر دەرگا دابنێن."

مالآوایی لە هۆتێل دۆلفین

ڕۆژێکی خایاند هەتا خۆمان بۆ ڕۆیشتن ئامادە کرد.

لە فرۆشگەی کەلوپەلە وەرزشییەکان، پێداویستییەکانی شاخەوانی و خواردنی سووکمان کڕی و لە فرۆشگە گەورەکە، بلووزی دەستچنی قورسی تایبەتی ماسیگرتن و گۆرەویی بەن. لە کتێبفرۆشییەکەیش نەخشەیەکی ١:٥٠٠٠٠ ی ئەو ناوچەیەی دەمانەویست بچین، لەگەڵ کتێبێکی بچووك لەسەر مێژووی ناوچەکە. پۆتینی بزمارڕێژی قایم و ژێرپۆشی چەند بەریی گەرمیشمان هەڵگرت.

دەسگیرانم گوتی: "ئەو چەند توێیانە هەر بەکاری من نایەن."

گوتم: "کە چوویە نێو بەفر، ئیتر بیر لەوە ناکەیەوە."

"پێت وایە ئەوەندە بمێنینەوە حەوجێمان بەو شتانە بێ؟"

"نازانم. بەڵام دەزانم، بەفری کۆتاییەکانی مانگی ئۆکتۆبەر دەست پێ دەکا. وا باشترە ئامادە دەبین. نازانین چ شتێك چاوەڕێمانە."

ئەوانەی کڕیبوومانن، ڕاکێشمان کردنە هۆتێلەکە و خستمانننە نێو کۆڵەپشتییە گەورەکانمانەوە. دوای ئەوەیش هەموو ئەو شتە زیادیانەی لە ئۆکیۆوە هێنابوومانن، کۆمان کردنەوە و لای خاوەنەکەی هۆتێل دۆلفینمان دانان. ئەگەر ڕاستیت دەوێ، هەموو ئەو شتانەی دەسگیرانم خستبوونییە جانتاکەیەوە، زیادە بوون. دەستێك کەلوپەلی ئارایشت و پێنج کتێب و سێ کاسێت، دەفرێك پڕ لە گۆرەوی و جلی ژێرەوە، کراسی قۆڵکورت و پانتۆڵی سێ چارەگ و سەعاتی زەنگداری سەفەر و دەفتەرۆکەی بیرەوەری و قەڵەمی ڕەنگیی بیستوچواردانەیی، کەلوپەلی نووسین و زەرف و خاولی و قوتوویەکی کەلوپەلی پزیشکی، قژوشککەرەوە و گوێ پاکەرەوە.

"ئەو پێڵاوە پاژنەبەرزانە بۆ دێنی؟"

بیانووی هێناوە: "ئەی ئەگەر چووینە میوانییەك چ بکەم؟"

"بۆچی پێت وایە لەوێ دەچینە میوانی؟"

هیچ قسەیەکی نەبوو، توانیی تەنوورەکەی قەد بکا و لەگەڵ پێڵاوە پاژنە بەرزەکانی و ئەو کەلوپەلانەی پێی هەڵدەگیرا، بیانخاتە جانتاپشتییەکەیەوە. بۆ کەلوپەلی ئارایشتەکەیشی پەنای بردەوە بەر ئەو جانتا بچووکەی وا لەو نزیکانە کڕیبووی.

خاوەن هۆتێلەکە، بە دڵاوابیەوە جانتاکەی وەرگرتین. هەتا بەیانی حیسابەکانمان پاك کرد و پێم گوت، یەك یان دوو حەفتەی دیکە دێینەوە.

بە نیگەرانییەوە پرسیی: "باوکم توانیی هیچ یارمەتییەکتان بدات؟"

گوتم، یارمەتییەکی باشی داین.

گوتی: "جاری وایە خواخوامە توانیبام بە شوێن شتێکدا بچمە دەرێ، بەڵام بەر لەوەی ئەوەندەیش بچمە پێشەوە، خۆیشم هەر نازانم و نەمزانیوە دەبێ بەشوێن چیدا بگەڕێم، بەڵام باوکم لەو جۆرە کەسانەیە کە لەوەتەی هەیە بەشوێن شتێکەوە هەر بووە. ئەو هەر ئێستایش خەریکی گەڕان و پشکنینە. زۆر منداڵ بووم، کە باوکم باسی مەڕێکی سپیی دەکرد کە هاتووەتە خەوی. دەی باشە، ژیان هەر ئەوەیە، گەڕانێکی بێبڕانەوە."

هۆڵەکەی هۆتێل دۆلفین وەك هەمیشە بێدەنگ بوو. خزمەتکارێکی بەتەمەنی هەبوو، کە گەسکەکەی دەکردە گۆچان و لە پلیکانەکان سەروخواری دەکرد.

"باوکم ئێستا پێی ناوەتە حەفتا و سێ ساڵی و هێشتایش مەڕەکە هیچ سۆراغێکی نییە. نازانم ئاخۆ شتی وا هەر هەیە یان نا. بەڵام ناتوانم بیر لەوە نەکەمەوە کە ژیانیشی زۆر تاڵ نەبووە. حەز دەکەم ئێستا باوکم زۆر بەکەیفتر لە جاران ببینم، بەڵام لەبەر ئەوەی من هیچ ئامانجێکم لە ژیانمدا نەبوە، ئەو هەر سەرکۆنەم دەکا و گوێم لێ راناگرێ."

دەسگیرانم بە قۆشمەییەوە گوتی: "بەڵام تۆ هۆتێل دۆلفینت هەیە."

منیش لێم زیاد کرد: "جگە لەوەیش خۆ ئیتر باوکت بەدوای مەڕەکەوە نییە، باقی کارەکە ئێمە گرتمانە ئەستۆ."

خاوەن هۆتێلەکە بزەی هاتێ.

"جا ئەگەر وایە، ئیتر قسەیەك نامێنێ. ئەو دوانەمان دەبێ بە دڵخۆشییەوە رێك کەوین."

گوتم: "هیوادارم هەر واش بێ."

که بەتەنێ ماینەوە، دەسگیرانم پرسیی: "تۆ هەر بەراست پێت وایە ئەو جووتە ئاوان؟"

"ئەوان ئەو هەمووە پێکەوە بوون... هیچ ناقەومێ. هیچ نەبێ پاش چلوددووساڵ ئێمە وا بەشوێن مەڕی گۆرینەوەین."

"کەیفم بەو دوانە هات."

"منیش کەیفم پێیان هات."

لە کۆکردنەوەی شتەکان بووینەوە.

بەشی هەشتەم

راوی مەڕە کێوییەکە

لەدایکبوون، دەرکەوتن و ئاوابوونی شاری یۆنیتاکی

ئەو شەمەندەفەرەی لە ساپورۆوە پێی دەچووینە ئاساهیکاوا، کەڕەی بەیانی دەکەوتە ڕێ. کە خەریکی کتێبە ئەستوورەکەی "مێژووی باوەڕپێکراوی شارستانی یۆنیتاکی" بووم، ساردییەکم هەڵپچڕی. یۆنیتاکی ئەو شارە بوو وا گوندەکەی پرۆفیسۆر مەڕ سەر بەوێ بوو. خوێندنەوەی ئەو مێژووە، لەوانەبوو هیچ خێرێکی پێوە نەبێ، بەڵام خۆ زیانیشی نەبوو.

نووسەری کتێبەکە، ساڵی ١٩٤٠ لە یۆنیتاکی لەدایك ببوو و، پاش ئەوەی بەشی ئەدەبیاتی زانستگەی هۆکایدۆی تەواو کردبوو، وەك مێژوونووسێکی خۆولاتی خەریکی چالاکی بوو، هەرچۆنێك بێ، لە کتێبەکەدا وا هاتبوو. سەرەڕای ئەو هەمووە چالاکییە، هەر کتێبێکی بەناو چاپ کرابوو، کە لە مانگی مای ساڵی ١٩٧٠دا بڵاو کرابۆوە. یەکەم چاپی، تاقە چاپیشی بوو.

بەپێی قسەکانی نووسەر، سەرەتای هاوینی ١٨٨١ بوو، کە بۆ یەکەم جار خەڵك هاتن و ئەو شوێنەیان ئاوەدان کردەوە کە ئێستا پێی دەڵێن یۆنیتاکی. لەسەر یەك هەژدە کەس بوون. هەموو جووتیارە جووتبەندەکانی خەڵکی تسۆگایۆ بوون، کە دار و نەداریان، کۆمەڵێك کەلوپەلی سادەی جووتیاری و جلوبەرگ و تەختی خەو و قاپ و قازان و چەقۆ و مەقۆ بوو.

ئەوان لە نزیك شاری ساپۆرۆ بە گوندێکی ئاینۆدا تێپەڕین و هەندێ دراویان دایە گەنجێکی چاوڕەشی ئاینۆیی و کردیانە چاوساغی خۆیان. ناوی گەنجە ئاینۆییەکە ، بە"مانگی چواردەی بەرەو ئاوابوون" تەرجەمە کرابوو. نووسەر وای دانابوو، ئەو مەسەلەیە نیشانەی ئەوە بووە، کابرا حەزی لێ بووە خەمۆکی بەرۆکی بگرێ."

دیارە گەنجەکە لە چاوساغێکی باش نەدەچوو، بەڵام سەلماندی زۆر لەوە باشترە کە مەزەندە دەکرا. ئەو تۆزێك زمانی ژاپۆنیی دەزانی، جووتیارە دڕدۆنگ و تووڕەکانی بەدەم ڕووباری ئیشی کاریدا بەرەو لای باکوور برد. باش دەیزانی دەبێ بچنە کوێ بۆ ئەوەی زەوی و زارێکی بەپیت و بەرێژەویان دەست بکەوێ. ڕۆژی چوارەم بوو، کە ئەو دەستەیە گەیشتنە مەقسەد. ئەوێ ئاوێکی ئێجگار زۆری هەبوو و گیا و گوڵ سەری لێك دابوو.

گەنجەکە گوتی: "ئێرە باشە، ئاژەڵی دڕندەی زۆر لێ نییە، زەوییەکەیشی بەپیتەوە و سوورەماسیشی زۆرە."

سەرگەورەی جووتیارەکان گوتی: "نا، بەکار نایە، دەمانەوێ بچینە پێشتر."

گەنجەکە زانیی، کە جووتیارەکان پێیان وایە ئەگەر بچنە پێشتر، زەویی باشتریان دەست دەکەوێ. جا ئەگەر ئەوان وایان دەوێ، کەواتە بەرەو پێشتر دەڕۆین.

بەوجۆرە دوو رۆژی دیکەیش رێگەیان بەرەو باکوور بڕی. لەوێ گەنجەکە شوێنێکی بەرزی دۆزییەوە، کە ئەگەرچی عەرز و خاکەکەی وەك ئەوی پێشوو بەپیت نەبوو، لانیکەم ترسی لافاویان نەبوو.

گەنجەکە پرسیی: "ئێرە چۆنە؟ ئێرەش باشە."

وەرزێر سەریان لەقاند.

چەند جاری دیکەش هەر وایان کرد، هەتا ئاخرییەکەی گەیشتنە ئەم ناوچەیەی ئەمڕۆ پێی دەڵێین ئاساهیکاوای، کە حەوت رۆژ و مەودای سەدوپەنجا کیلۆمەتر لە ساپورۆوە دوور بوو.

گەنجەکە، کە دڕۆنگتر بوو، گوتی: "ئێرە چۆنە؟"

وەرزێر گوتیان: "نا، با بڕۆین."

گەنجەکە گوتی: "بەڵام لێرە بەدوا دەبێ بە شاخەکان هەڵگەڕێین."

وەرزێر بە دڵخۆشییەوە گوتیان: "قەیناکا."

بەوجۆرە ئەوان بە دوومڵانەی شیۆگاریدا پەڕینەوە.

پێویست بە گوتن ناکا، کە لە خۆڕاوە نەبوو وەرزێرەکان زەوی و زارە بەپیتەکەی دەم رووبارەکەیان قەبووڵ نەکرد و پێداگر بوون لەسەر ئەوەی پتر بڕۆن و ناوچە کێوییەکە ببڕن. راستییەکەی ئەوە بوو، ئەوان رایان دەکرد. ئەوان لە شارێك رایان کردبوو و ئەوەندە قەرزبار بوون، دەیانەویست چەندی بۆیان دەلوێ لە دنیای پێشکەوتوو دوور بکەونەوە.

دیارە گەنجە ئاینۆییەکە لەوە تێنەدەگەیشت. ئەو کە لە پێشدا هەر پێی سەیر بوو، بۆچی ئەو زەوی و زارە بەپیتەیان ناوێ، هەر سەری لێ تێك چوو و متمانەی بەخۆی نەما.

لەگەڵ ئەوەشدا، گەنجەکە ئەوەندە سەیر و سەمەرە بوو، کە ئەودەمەی ئەوان بە دوومڵانێی شیۆگاریدا دەپەڕینەوە، ئەو خۆی دابووە دەست ئەو چارەنووسەی کە ئەقڵی خۆی نەیدەبڕی و بەردەوام بەرەو لای

باشووری دەبردن. ئەو کامە کوێرە ڕێ ڕژد و سەختە و کامە زۆنگاو پڕ مەترسین، بەوێیدا دەبردن و نێوچاوانیشی گرژ نەدەکرد، بەشکم ئاغاکانی خۆی قایل بکا.

چل ڕۆژ پاش ئەوەی لە شیۆگارییەوە بەرەو باکوور هەڵکشان، تاقمەکە گەیشتنە ڕووبارێك، کە بەرەو لای خۆرئاوا دەڕۆیشت. ئەوان بە دەنگی زۆرینە، بڕیاریان دا بەرەو ڕۆژهەڵات بڕۆن.

ئەو ڕێگەیە، ئەوانی دەبردەوە سەر کۆمەڵێك ڕێی مەترسیدار، کە بە ناوچەیەکی سامناکدا رادەبردن. ئەوان بە نێو مێشەیەکی حەیزەرانی دڕکاویدا تێپەڕین، هەتا نیوەڕۆیە هەر خەریکی دوورینەوەی ئەو گژ و گیایانەی سەر ڕێگەیان بوون و تا سینگیان هەستابوون. بە زەحمەت لە هەڵدێرەکان پەڕینەوە و چەندی بۆیان لوا پتر بەلای خۆرهەڵاتدا ڕۆیشتن. شەوێ لە دەم ڕووبارەکە ڕاخەریان لێ رادەخست و لێی دەنوستن و گوێیان لە لوورەی گورگان رادەگرت. قامیش و حەیزەران هەموو شان و باهۆی ڕووشاندبوون و ئاپۆرەی تەپۆ و مێشوولە لە هەر خولێکدا خۆیان بە کونی گوێچکەیاندا دەکرد و وەڕزیان کردبوون.

پاش پێنج ڕۆژ ڕێگەبڕین بەرەو خۆرهەڵات، زانییان، چیاکان ڕێگەیان لێ تەنیون و لەوە پتر ناتوانن بەرەو پێش بڕۆن. گەنجەکە گوتی، ئەوەی پێیدا تێپەڕیون، بنیادەم تێیدا ناژیز وەرزێرەکان بەو قسەیە راوەستان. ئەو ڕووداوە لە هەشتەمی مانگی ژووڵای ١٨٩١ـدا و لە مەودای دووسەد و چل کیلۆمەتریی ساپورۆ و لە وشکانیدا بووە.

یەکەم کارێکی کردیان، پشکنینی هەوراز و نشێوی زەوییەکە و تاقیکردنەوەی ئاو و خاکەکەی بوو. زەوییەکە بەپیت دیار بوو. ئەوان زەوی و زارەکەیان بەسەر خۆیاندا بەش کرد و لە نێوەندەکەیدا کۆخێکیان بۆخۆیان دروست کرد.

گەنجە ئاینۆییەکە، تووشی دەستەیەك راوچیی ئاینۆیی بوو، کە بەوێدا رادەبردن و لێی پرسین: "ئەرێ ئێرە کوێی پێ دەڵێن؟"

گوتیان: "تۆ هەر بەراستی پێت وایە هەموو شوێنێك بۆ وەی دەبێ ناوێکی هەبێ؟"

هەر بۆیە ئەو ناوچەیە ناوی نەبوو. لەبەر ئەوەی تا حەفتا کیلۆمەتری دیکە هیچ ئاوەدانییەکی دیکە (یان هەر نەبێ ئاوەدانییەکی دیکەی، کە خوازیاری پێوەندیی مرۆیی بێ) نەبوو، ئەم ئاوەدانییەیش پێویستی بە ناو نەبوو. لە ڕاستیدا، کە لە ساڵی ١٨٨٩ـدا کارمەندێکی ئیدارەی ئامار زۆری بۆ ئەو تاقمە هێنا کە ناوێك لە شوێنەکەیان بنێن، ئەوان هەر گوێشیان نەدایێ. ئەوان بە داس و خاکەناس و

پێمەڕە لە ماڵەکەیاندا کۆ بوونەوە و بڕیاریان دا ناو لە ئاوەدانییەکەیان نەنێن. کاربەدەستەکە تووشی گێچەڵ ببوو. هەر ئەوەندەی پێ دەکرا، کە دوازدە تاڤگەی ئەو رووبارەی لەوێوە نزیك بوو، بژمێرێ و، ناوی "یۆنیتاکی ـ بوراکۆ" یان ولاّتی دوازدە تاڤگەکە بداتە دەوڵەت. لەوەودوا ناوی ئەو ناوچەیە بە فەرمی کرا بە یۆنیتاکی بۆراکۆ و (دواتر یۆنیتاکی مۆرا، یان گوندی دوازدە تاڤگە"ی پێ برا.

ئەم ناوچەیە وەك کەوانێکی شێست دەرەجەیی کەوتبووە نێو شاخەکانەوە و، شیوێکی قووڵ لە نێوەڕاستەوە دەیکردە دووبەش. ئیتر دۆڵ و گەڵی بوو. زەوی و زارێکی چڕی حەیزەرانی دڕکاوی و داری گەورە و ئەستووری هەمیشە بەهار، کە ریشە و رەگیان داکوتابوو. گورگ و کەڵەکێویی باکوور و ورچ و سەگاو و باڵندە لە ژیانی کێویانەی خۆیاندا لەسەر ئەوەندۆکە خواردنە کێبڕکێیان بوو و، تەپۆ و مێش و مەگەزیش لە هەموو شوێنێك هەبوون.

گەنجە ئاینۆییەکە پرسیی: "ئێوە هەمووتان دەتانەوێ لێرە بژین؟"

وەرزێرەکان وەلاّمیان داوە: "بەڵێ بەڵێ."

کەس نازانێ گەنجە ئاینۆییەکە بۆچی لە بری ئەوەی بگەڕێتەوە مەوتەنی خۆی، بڕیاری دا لەگەڵ کۆچەرەکان بمێنێتەوە. نووسەر (کە زۆر حەزی لە مەزەندەکردن بوو) وای داناوە، کە ئەو هەر کونجکۆڵ بووە. هەرچۆنێك بێ، ئەگەر ئەو لەوێ نەمابایەوە، پێنەدەچوو کۆچەرەکان توانیبایان ئەو زستانە لەوێ هەڵ بکەن. گەنجەکە کۆچەرەکانی فێر کرد کە چۆن بەدوای گیای زستانیدا بگەڕێن، چ بکەن بەفر نەیانکوژێ، چۆن لە رووباری بەستوودا ماسی بگرن، چۆن تەڵە بۆ گورگ بنێنەوە و چۆن بەر لەوەی ورچەکان بنوون، کارێك بکەن سەرنجیان رانەکێشن و قوشقی نەبن و چۆن بەپێی رەوگەی با، پێشبینیی هەوا بکەن و چۆن نەهێڵن سەرمابردە بن و لەشیان هەو بکا و، چۆن رەگی حەیزەرانە دڕکاوییەکان سوور بکەنەوە و بیخۆن و، چۆن دارە هەمیشە بەهارییەکان بە لایەکی دیاریکراودا بخەن. زۆر زوو زانیان گەنجەکە زۆر بە نرخە و ئەویش متمانەی بەخۆی کردەوە. ئاخرییەکەی ئەو ناوێکی ژاپۆنیی لەسەر خۆی دانا و، کچی یەکێك لە کۆچەرەکانی خواست و، زەماوەندی لەگەڵ کرد و سێ منداڵی لێ خستەوە و ئیتر ئەو "مانگی چاردەی بەرەو ئاوابوون" نەبوو.

بەلاّم سەرەڕای زانستە بەسوودەکانی گەنجە ئاینۆییەکەیش، هێشتا کۆچەرەکان سەرکەوتن و دەستکەوتی ئەوتۆیان نەبوو. هەتا مانگی ئاوگۆست، هەر خێزانە و بەپەلەپەل داروباریان لەسەر یەك

هەڵچنی و خانووی خۆیان کرد، بەڵام بۆ زستانێ هیچ باگێڕەوەی نەبوو. زۆرجار کە لە خەو هەڵدەستان، دەیاندی بستێك بەفر لە ژوور سەریان کەوتووە. زۆربەی خێزانەکان لە دەستەنوێنێك زیاتر نەیانبوو. هەر بۆیە پیاوەکان ناچار بوون لە تەنیشت ئاگرەکە خۆیان گرمۆڵە بکەن. کە هەمبانەی خواردنیان تەواو بوو، بەشوێن ماسی و ئەو پووش و پەڵاشەی مابۆوە و دەکرا لە بن بەفردا بیدۆزنەوە، لە ماڵ دەرکەوتن. زستانی ئەو ساڵە زۆر سارد و وەیشوومە بوو. بەڵام کەس نەمرد و فرمێسك هەڵوەراندن و بەرەنگاری لە ئارادا نەبوو. دەسەڵاتی ئەوانن هەر ئەو هەژارییەی ناخیان بوو.

کە بەهار داهات، دوو منداڵ لەدایك بوون و کۆچەر بوونە بیستویەك کەس. دایکی منداڵەکان، دوو سەعات بەر لە بوونیان و، بەیانی رۆژی دوای لەدایکبوونیان، بە زەیستانی لە دەشتێ کاریان دەکرد.

ئەوان پەتاتە و دانەوێڵەیان دەچاند. پیاوەکان داریان دەبڕی و رەگەکانیان دەسووتاندن بۆ ئەوەی زەوی و زاری پتریان دەست بکەوێ. ژیانێکی نوێ لەسەر گۆی زەوی هاتە ئارا. گیای تازە بەریان گرت، بەڵام رێك ئەو دەمەی کۆچەرەکان تازە خەریك بوو پشوویەکیان بێتەوە بەر، کوللە بە وڵات وەربوون.

کوللە لە سەر چیاکانەوە دەهاتن. لە پێشدا دەتگوت پەڵەهەورێکی رەشن، بەدوای ئەوەدا گرمەیەك دەهات. کەس نەیدەزانی چۆن بەربەرەکانێیان بکەن. تەنیا گەنجە ئاینۆییەکە دەیزانی. ئەو بە پیاوەکانی گوت، لە کێڵگەکانیاندا ئاگر بکەنەوە. بۆیە هەرچی هەیانبوو، نەوتاوییان کردن و ئاگریان دا. پیاوەکان چیان بەدەست دەکەوت دەیانسووتاند. چییان لەدەست هات کردیان، بەڵام هێشتا باشاریان نەدەکرد. سەدان هەزار کوللە بە زەرعات و کێڵگەکانیان وەربوون. بەدوای کوللەدا هیچ نەما.

کە کوللە رۆیشتن، گەنجەکە چووە مەزرا و گریا. تەنانەت یەك کۆچەریش فرمێسکی نەباراند. ئەوان کوللە مردووەکانیان کۆ کردەوە و سووتاندیانن و هەر بوونە خۆڵەمێش، دەستیان کرد بە خاوێنکردنەوەی زەوییەکان.

زستانەکە دیسان دوو جار دەستیان کردەوە بە خواردنی ماسی و گژ و گیا. بەهارێ سێ منداڵی دیکەیش لەدایك بوون. خەڵکەکە زەوییەکانیان داچاند. هاوینێ دیسان کوللە هاتنەوە و، دیسان قرتکیان لە بەروبووەکە بڕی. ئەمجارەیان گەنجە ئاینۆییەکە نەگریا.

ساڵی سێیەم بوو، کە ئاخری هێرشی کولله نەما. بارانێکی خەست، جووقەواری لە کولله بڕی. بەڵام بارینە زۆرەکە، زیانیشی لە بەروبووەکە دا. ساڵی دواتر، قالۆنچە هرووژمی هێنا و هاوینی دوای ئەویش، سەرمایەکی سەیر هەڵی کرد.

کە گەیشتمە ئێرە، کتێبەکەم پێوە دا و، ساردییەکی دیکەم هەڵپچڕی و، قووتوویەکی ماسیم لە کۆڵەپشتییەکەم دەرهێنا.

دەسگیرانم دەستی لێك هەڵپێکابوو و، بە دانیشتنەوەوە لە بەرامبەرم خەوی لێ کەوتبوو. هەتاوی دەم بەیانیی پایز، کە خوارەوخوار لە پەنجەرەوە دەهاتە ژووریٚ، تاڵە تیشکێکی خستبووە سەر تەنوورەکەی. پەپوولەیەکی بچووك لە شوێنێکەوە هاتبووە ژوورەوە و، وەك لەتە کاغەزێك باڵی لێ دەدا. ئاخرییەکەی پەپوولەکە لەسەر سینگی نیشتەوە و هەر لەویٚ مایەوە و دیسان فڕییەوە. پاش ئەوەی پەپوولەکە رۆیشت، ئەو تۆزێك لەمن بەتەمەنتر دەهاتە بەرچاو. جگەرەیەکم کێشا و، دیسان دەستم کردەوە بە خوێندنەوەی مێژووی باوەڕپێکراوی شاری یۆنیتاکی.

گوندەکە هەتا شەش ساڵان هەروا بوو. دەغڵ و دان پێگەیبوو، خانووەکان دروست کرابوونەوە. هەمووان لەگەڵ ئاووهەوا ساردەکە راهاتبوون. لەو خانووانەدا کە بە ئاڵووداری تاشراو دروست کرابوون و جیٚ خۆیان لە نێو چارداخەکاندا خۆش کردبوو، کوانوو چێ کرابوون و چرا هەڵواسرابوون. خەڵکەکە زێدە بەرهەمی خۆیانیان لەگەڵ ماسی وشکەوەکراو و شاخ و چەرم کۆ کردەوە و دوو رۆژان رێگەیان بڕی تا لە نزیکترین شاردا بیانفرۆشن و خویٚ و جلوبەرگ و نەفتیان پێ کڕی. هەندێکیان فێری ئەوە بوون کە چۆن ئەو دارانەی بۆ وەدەستهێنانی زەویی کشتوکاڵی بڕیبوویانن، بکەنە رەژوو. گوندی دیکەی لەو جۆرە لە خوارووەوە دروست کران و بازرگانی و ساتوسەودا سەری گرت.

گۆڕانکارییەکان هەر هات و بەردەوام بوو و، دەرکەوت، گوندەکە پێویستی بە خەڵکی زیاترە بۆ کار. هەر بۆیە ئەنجومەنی گوند کۆبوونەوە و، پاش دوو رۆژان بڕیاریان دا داوای یارمەتی لە کۆنەزێدەکەیان بکەن. دیسان مەسەلەی کۆنەقەرز زیندوو کرانەوە. بەڵام لە وەڵامی ئەو نامانەدا کە ناردیاننەوە بۆ کۆنەزێدەکەیان، بۆ ئەوەی لەو مەسەلەیە بکۆڵنەوە، تێگەیشتن دەمێکە قەرزدار لە قەرزەکەیان خۆش بوونە. ئیتر خەڵکە بەتەمەنترەکان، کۆمەڵێك یاداشتیان بۆ کۆنە برادەرەکانیان نارد و، داوایان لیٚ

کردن، بۆ کارکردن لەو مەڵبەندە تازەیەدا بچنە لایان. ساڵی ١٨٨٩ سەرژمێری کرا و هەر ئەو ساڵە گوندەکە ناوەکەی یەکجاری لێ نرا.

ساڵی دواتر، شەش خێزانی تازە، کە نۆزدە کۆچەری نوێ بوون، هاتنە گوندەکە و لەو خانووە تازانەدا کە بە ئاڵوودار نوێ کرابوونەوە، پێشوازییان لێ کرا. کە چاویان بەیەك کەوتەوە، فرمێسکیان باراند. زەوی و زار بە کۆچەرە تازەکان درا و، بە یارمەتیی خەڵکەکە، ملیان نا لە داچاندنی زەوی و زار و دروستکردنی خانوو.

هەتا ساڵی ١٨٩٣ چوار خێزانی دیکەش بە شازدە کەسەوە هاتن. هەتا ساڵی ١٨٩٧ حەوت خێزانی دیکەیش بە بیست کەسەوە هاتن.

خەڵکەکە هەر دەهات و زیادی دەکرد. گەورەماڵەکە(خانووی گشتی) هەر گەورەتر کرایەوە هەتا بوو بە هۆڵی کۆبوونەوەی فەرمی و، خەڵکەکە لە نزیك ئەوێوە پەرستنگەیەکیان دروست کرد. ئاواییەکە، ئاخرییەکەی بوو بە گوندێك و ناوەکەیشی لە یۆنیتاکی بۆراکۆوە بوو بە یۆنیتاکی مۆرا. پۆستەچی جاروبارە سەرێکی لێ هەڵدێنان. خواردنی گوندییەکان دانەوێڵە بوو و، جاروبارەیش برنجی سپیشی تێکەڵ دەکرا.

دیارە هێشتا بەشمەینەتییەکەیان نەبڕابۆوە. کاربەدەستی حوکمەت هاتن بۆ ڕەشبگیری و سەرباز. بەتایبەتی گەنجە ئاینۆییەکە، کە تەمەنی ببووە سی و چەند ساڵێك، ئەو پێشکەوتنانەی پێ ناخۆش بوو. ئەو نەیدەزانی پیتاك و خزمەتی سەربازی یانی چی و، دەیگوت: "پێم وایە جاری جاران زۆر باشتر بوو."

بەو حاڵەشەوە، گوندەکە هەر لە پێشکەوتن بەردەوام بوو.

ساڵی ١٩٠٣ هەندێ زەویی بەرزتریان لە نزیك گوندەکە دۆزییەوە، کە بۆ لەوەڕگە باش بوو و، گوندەکەیش لەوەڕگەیەکی هەموانیی بۆ مەڕەکانیان پاوان کرد. یەکێك لە کاربەدەستەکانی حوکمەتی لەو ناوچەیە، فێری دروستکردنی هەرێز و دانگە و ئاودانی مەڕومالات و دروستکردنی گەوڕی کردن. ئیتر بۆ لێدانی ڕێگەیەك بە دەم رووبارەکەدا بەندییەکانیان لەکار وەردا و، وای لێ هات، ئەو مێگەلەی بە نرخێکی کەم لە حوکمەتیان دەکڕینەوە، بە جادەکەدا دەهاتن. وەرزێر نەیاندەزانی ئاخۆ حوکمەت

چیی لەبن سەریدایە وا دەست و دڵاوا بووە؟ ئەوان دەیانگوت، جا حوکمەت بۆ سەخی و دڵاوا نەبێ! پاش ئەو هەمووە هەوڵ و زەحمەتە، ئەم حەسانەوەیە غەنیمەت بوو.

دیارە ماستەکەی حوکمەت بێ موو نەبوو، کە ئەو هەمووە مەڕەی هەروا دابوونێ. دەوڵەت بە مەبەستی خۆبژێویی سەربازی و بۆ بەرهەمهێنانی خوری بۆ ئەو شەڕەی لە پێشی بوو، ئەمری کردبوو بە وەزارەتی کشتوکاڵ و بازرگانی، هەوڵەکانیان بۆ بەخێوکردنی مەڕ چڕ بکەنەوە و، وەزارەتخانەیش ئەم گەڵاڵەیەی لەوێ خستبووە گەڕ. جەنگی رووسییە ـ ژاپۆن خەریك بوو دەستی پێ دەکرد.

ئەمجارەیش لە گوندەکەدا، گەنجە ئاینۆییەکە، کە ئیتر گەنج نەمابوو، لە هەمووان پتر حەزی لە بەخێوکردنی مەڕ بوو. ئەو شێوەی بەخێوکردنی مەڕ لە حوکمەتەوە فێر بوو و، بەرپرسیارەتیی بژوێن و لەوەڕگەی گوندەکەی گرتە ئەستۆ. لە کەس روون نییە کە بۆچی ئەو ئاوا خۆی بۆ مەڕ تەرخان کردبوو. لەوانەیە لەگەڵ زۆربوونی حەشامەتی گوندەکە، ژیان هەڵکشان و داکشانی زۆری بەخۆوە دیتبێ.

لەوەڕگە، شوێنی حەوانەوەی ٣٦ سەر مەڕی بە رەچەڵەك ساوس داون و ٢١ سەر مەڕەی شراپ شایر و دوو سەگی بە رەچەڵەك بۆردرکالی بوو. پیاوە ئاینۆییەکە بوو بە شوانێکی لێوەشاوە. ساڵ بە ساڵ مەڕ و سەگ زیادیان دەکرد. ئەو مەڕەکانی لە گیانی خۆی خۆشتر دەویست. بەرپرسە حوکمییەکانیش زۆر رازی بوون. تووتکە سەگەکان، وەك سەگی ران، بە کرێ دەدرانە ئەو ناوەندانەی لەو دەوروبەرانە بۆ بەخێوکردنی مەڕ دامەزرابوون.

کە ژاپۆن و رووسییە پێك هەڵپڕژان، پێنج گەنجی گوندەکە نێردرانە سەربازی و هێڵی پێشەوەی شەڕەکە لە چین. دوویان کوژران و یەکێکیان لە کاتی تەقینەوەی نارنجەکێکی دوژمندا لەسەر گردێك، دەستی چەپی پەڕی. سێ رۆژ دواتر کە شەڕ بڕایەوە، دوو کەسی دیکە، ئێسکوپرووسکی گەنجەکانی گوندەکەیان کۆ کردەوە. هەموویان منداڵی یەکەم و دووەم شەپۆلی کۆچەرەکان بوون. یەکێك لە کوژراوەکان، کوڕە گەورەی گەنجە ئاینۆییەکە بوو، کە ئێستا شوانیی دەکرد. کە مرد، پاڵتۆیەکی خوریی سەربازیی لەبەردا بوو.

شوانە ئاینۆییەکە بەملاوئەولادا دەڕۆیی و لە خەڵکی دەپرسی: "بۆچی دەبێ منداڵەکانمان بۆ شەڕ بنێرینە وڵاتی بیانی؟ " ئەودەم ئەو چلوپێنج ساڵانە بوو.

کەس وەڵامی نەدەداوە. شوانە ئاینۆییەکە لە گوندەکە ڕۆیشت و لە لەوەڕگەکەدا جێی خۆی خۆش کرد و شەو و ڕۆ لەگەڵ مەڕەکان دەژیا.

ژنەکەی پێنج ساڵ پێشتر بە نەخۆشیی سیوشکە مردبوو و، هەردوو کچەکەیشی مێردیان کردبوو. ئەو گوندیانەیش بەراتی شوانی و بەخێوکردنی مەڕەکانی، خواردن و پارەیەکی کەمیان بۆ دەنارد.

شوانە ئاینۆییەکە، پاش مەرگی کوڕەکەی خەمی دنیایەی لەسەر دڵی بوو. لە ٦٢ساڵیدا مرد. بەیانییەك، کوڕە ئاواڵ شوانەکەی سەیر دەکا ئەوە لە حەوشەی مەڕەکان کەوتووە. ڕەق هەڵاتبوو. دوو تووتکە سەگی بە ڕەچەڵەك بۆردرکالی بە چاوی خەفەتبارەوە لە تەنیشتی دەیانلووراند. مەڕەکان، ئاگایان لە مەحموودی بێزەواد نەبوو و، لە مێرگەکەیی دەوروبەردا دەلەوەڕین و، خرمەی کاوێژیان، دەتگوت هارمۆنیای قاشقەکە*. مێژووی یۆنیتاکی هەر بەردەوام بوو، بەڵام چارەنووسی گەنجە ئاینۆییەکە ئاوا بڕایەوە.

هەستام و چوومە ئاودەست و هێندەی دوو ساردی میزم کرد. کە هاتمەوە دەسگیرانم بەخەبەر هاتبوو و بەسەرسووڕمانەوە سەیری دەرەوەی دەکرد. تا چاو هەتەری دەکرد، مەرەزەجاڕ بوو. لێرە و لەوێ عەمباری دانەوڵە دەبینرا. رووبارەکە نزیك دەبۆوە و دەنیشتەوە. جگەرەیەکم کێشا و چاوم بڕییە دیمەنەکە، کە لەگەڵ نیوەروخساری ئەو تێکەڵ دەبوون. هیچ قسەی نەکرد. کە جگەرەکەم تەواو بوو، دیسان چوومەوە سەر کتێبەکە، سێبەری پردە ئاسنینەکە کەوتبووە سەر پەڕی کتێبەکە.

پاش بەسەرهاتە تاڵەکەی گەنجەی ئاینۆیی، کە بوو بە شوان و پیر بوو و مرد، ئیتر شتەکانی دیکە بێتاقەتی دەکردم. بڵاوبوونەوەی نەخۆشیی باکردن و دڕانی مەڕ، دە سەر مەڕی کوشت، سەرمایەکی توند هەڵیکرد و شەختە لە حاسلات و بەروبووی دا، بەڵام جگە لەوانە، ژیان لە گوندەکەدا ئارام و بێ کێشە دەڕۆیشت. لەوێ لە ناوچەی تۆشیۆ، ناوی وەك شار تۆمار کرابوو و، تازەیش ناوەکەی کرابووە، یۆنیتاکی کۆ. لە یۆنیتاکی کۆ هەموو شتێك باش بوو. قوتابخانەیەکی سەرەتایی و ناوەندێکی پۆستە و گەیاندن دانرا. تا ئەو دەم ژیان لە هۆکایدۆ تەواو کامڵ ببوو.

---

*جۆرە ئامێرێکی مۆسیقی

که زەوی و زارەکان تەواو بوون، زۆربەی گەنجەکان یۆنیتاکی کۆیان بەجێ هێشت، بۆ ئەوەی لە شوێنە تازەکانی وەك مەنچووری و ساخالین وەشوێن بەخت و شانسی خۆیان بکەون. ساڵی ١٩٣٧، سەروسەکتی پرۆفیسۆر مەڕ لە شارەکەدا دەرکەوت.

لە کورتە مێژووەکەدا هاتبوو: "جەنابی دکتۆر ... (٣٢) ساڵان، بەڕێوەبەری تەکنیکیی وەزراەتی کشتوکاڵ و جەنگەڵداری، کە لەسایەی لێکۆڵینەوەکانی خۆی لە کۆریا و مەنچووریدا ناسرابوو، لەبەر خاتری کۆمەڵێك پێشهاتی تایبەتەوە وازی لە پلەوپۆستەکەی خۆی هێنا و، لەوەڕگەی مەڕەکانی خۆی لە کوێستانی باکووری یۆنیتاکی کۆ، دروست کرد."

هیچی دیکەی لەبارەوە نەنووسرابوو.

دیار بوو نووسەریش لە رووداوەکانی دەیەی سی ماندوو بووە. راپۆرتەکەی بەرە بەرە پەرش و بڵاو دەبوو. تەنانەت شێوازی نووسینەکەشی لاواز ببوو و، هێندەی ئەو بەشەی باسی گەنجە ئاینۆییەکە دەکرد، روون و رەوان نەبوو.

سیویەك ساڵ لە نێوان ١٩٣٨ـەوە تا ١٩٦٥م نەخوێندەوە و، بەسەریدا تێپەڕیم و بازم دایە ئەو بەشەی ناوی "یۆنیتاکیی ئەمڕۆ" بوو. دیارە "ئەمڕۆ"ی کتێبەکە بە ١٩٧٠ دەستی پێ دەکرد و ئیتر "ئەمڕۆی" ئەمڕۆکە نەبوو. دیار بوو نووسینی تاریخی شارێك، پێویستی بەوەش بووە "ئەمڕۆ"یەکی تێدا بگونجێنن و، تەنانەت ئەگەر ئەو ئەمڕۆیە، ئیتر ئەمڕۆکەی ئێمەش نەبوایە، کەس نەیدەتوانی نکوڵی بکا لەوەی هەر ئەمڕۆکە بێ. بۆ ئەوەی ئەگەر ئەمڕۆ، ئیتر ئەمڕۆکە نەبێ، مێژوو ئیتر مێژوو نییە.

بەپێی نووسینەکانی مێژووی باوەڕپێکراوی شاری یۆنیتاکی، لە ساڵی ١٩٦٥ـدا، ١٥٠٠ کەس واتە ٦٠٠ کەس کەمتر لە دە ساڵ لەمەوبەر کەمی کردبوو، کە هۆکارەکەیشی لەبەر داکشانی کاروباری کشتوکاڵ بوو. لە کتێبەکەدا وا هاتبوو، کە لە داخی گۆڕانکاریی ژێرخانە نیشتمانییەکاندا لەسەردەمی گەشەی خێرا پیشەسازی و، نائاساییبوونی کشتوکاڵیش لە ئاووهەوای سارددا لە هۆکایدۆ، گەڵاڵەی نائاسایی هەڵوەشاندنەوەی ئیمتیازەکانی کشتوکاڵ دارێژرا.

ئەی چ بەسەر زەوی و زارە بەیارکراوەکانیان هات؟ ئەوان دیسان کرانەوە بە دارستان. ئەمڕۆ، نەوەیەك لەو زەوی و زارانەدا کە باوکیان بە ئارەقەی نێوچاوان رێکیان خستبوو، داریان دەچەقاند. گاڵتەجاڕ بوو.

دەکرا بڵێی، پیشەسازیی سەرەتایی یۆنیتاکیی ئەم سەردەمە، دارچەقاندن و داربڕین بوو. ئێستا شار، گەلێك کارگەی بچووکی تێدا بوو، کە مێزی تەلەفزیۆن و مێز تواليێت و پەیکەرەی ورچ و ئاینۆکانیان بۆ سەیرانچی و گەشتیاران دروست دەکرد. گەورەخانووەکەی پێشوو، کرابووە مۆزەخانەی پێشەنگەکان و تێیدا کەلوپەلی کشتوکاڵ و قاپ و قاچاخی یەکەم کۆچەرەکان دانرابوو. کۆمەڵە یادگارییەکیش لە گەنجەکانی گوند، کە لە جەنگەکەی رووسیا و ژاپۆندا کوژرابوون و، دەفرێکی نانی نیوەڕۆیش، کە شوێن کەڵبەی ورچێکی قاوەیی پێوە بوو و، تەنانەت نامەیەکیش کە بۆ زێدی باب و باپیرەکانیان ناردبوو و تێیدا پرسیاری خاوەن قەرزەکانیان کردبوو.

بەڵام ئەگەر قەول وابێ راستییەکان بگوترێن، یۆنیتاکیی ئەمڕۆکە، شارێك بوو، زۆر ترسناك و ناخۆش. خەڵکی شارەکە، کە لەسەر کارەوە دەگەڕانەوە ماڵێ، بەر لەوەی بنوون، لانیکەم چوار سەعات سەیری تەلەفزیۆنیان دەکرد. دەنگی هەڵبژاردنەکانی زۆر بوو، بەڵام ئەنجامی هەڵبژاردن هەرگیز کەسی تووشی سەرسووڕمان نەدەکرد. دروشمی شارەکە وەك لە تابلۆکەی بەردەم وێستگەدا نووسرابوو، ئەوە بوو: "مرۆڤی پڕخێر و بەرەکەت، لە داوێنی سرووشتی پڕخێر و بەرەکەتدا".

کتێبەکەم پێوە دا، باوێشکێکم دا و، خەوم لێ کەوت.

٣٠

داکشانی پتری یۆنیتاکی و مەڕەکانی

لە ئاساهیکاوا سواری شەمەندەفەری نیوەڕێ بووین و بە ملەی شیۆگاریدا بەرەو باکوور ڕۆیشتین. زۆربەی ڕێگەی سەفەرەکەمان ئەو ڕەوگەیە بوو، کە سەدەیەك پێش، گەنجە ئاینۆییەکە و هەژدە وەرزێرەکە پێیدا ڕۆیبوون.

هەتاوی پاییزی سەرەڕای پاشماوەی دارستانە شەقڵنەشکاوەکە و گەڵا سوورە ئاگرینەکانی دارەکە، تیشکی دەپژاند. هەوا خەست و ئاسمانەکەش ئەوەندە ساو بوو، کە ئەگەر زۆر سەیری ئەو دیمەنەت کردبا، چاوت دێشا.

شەمەندەفەرەکە لە پێشدا بەتاڵ بوو، بەڵام لە نیوەی ڕێیە، فارگۆنێك پڕ قوتابیی دواناوەندیی سوار کرد، کە هەموو ڕۆژێ هاتوچۆیان دەکرد و، ئێمە لە زەنازەنا و کڕێژی سەر و ئارەقەی گیان و قسەکانیان کە نەماندەزانی دەڵێن چی و، لە باسوخواسی حەزە سێکسییەکانیاندا نوقم بووین. ئەوەش نیو سەعاتێکی خایاند، هەتا ئەوەی هەمووان لە وێستگەیەك دابەزین و بزر بوون. جارێکی دیکەش شەمەندەفەرەکە بەتاڵ بۆوە و سریوەی هیچ شتێك نەدەهات.

چوکلێتێکمان لەت کرد و، بەدەم سەیرکردنی ئەو دیمەنەی وا خۆی لەبەرچاومان دەنواند، ملمان لە خواردنی نا. ڕووناکییەکی کز، بەسەر زەویدا کشابوو. هەموو شتێك، وەك لە پێچەوانەی کونی تلسکۆپەوە سەیر بکەی، زۆر دوور دیار بوو. دەسگیرانم بە فیکەفیك، بەشێك لە ئاوازەکەی جۆننی بی گۆدی لێ دەدا، پێم وایە ئەوە یەکەم جار بوو، ئەوەندە زۆر یەکتر نەدوێنین.

دوانیوەڕۆ بوو، کە لە شەمەندەفەر دابەزین. کە لەسەر سەکۆکە ڕاوەستابووین، هەناسەیەکی قووڵم هەڵکێشا و بەکەیفی دڵم خۆم خاوکێش* کرد. هەواکەی ئەوەندە تازە بوو، دەتگوت سییەکانم دەیانەوێ لەبەریەك بچن. ئەو تیشکەتاوەی کەوتبووە سەر باسکم، تەنانەت سەرەڕای ئەوەی هەواکە سێ چوار پلەیەك لە هەوای ساپورۆ فێنکتر بوو، هێشتاش گەرم و هەستبزوێن بوو.

---

*خاوکێش: خۆلەبەریەك کێشانەوە.

کۆنەعەمبارەکان لە تەنیشت ئاسنەڕێیەکە بە ریز دروست کرابوون و، هەر سێ مەترێك و کۆگایەکی کۆتەرەدار بەلای عەمبارەکاندا هەڵچنرابوون، کە بارانەکەی شەوێ تەڕی کردبوون و رەشی داگیرابوون. پاش ئەوەی شەمەندەفەرەکە رۆیشت، چۆلەکەکوژێك دیار نەبوو. ئەوەندە نەبێ لە باخچەکەدا، گوڵی هەمیشەبەهارە بە دەم شنەباوە دەشنانەوە.

لەسەر سەکۆکەوە، دەکرا شارۆچکەیەکی ئاسایی ببینی، کە بە شەقامێکی سەرەکی و گەورەمارکێتێکی سادە و وێستگەیەکی پاس و ناوەندی زانیارییەکانی گەشت و سەیران، کامڵ ببوو. ئەگەر یەکەم کاریگەرییەکە توانیبای یارمەتیدەر بێ، شارێك بوو، زۆر سەیر خەفەتهێنەر.

دەسگیرانەکەم پرسیی: "ئێرەیە ئەو شوێنەی دەبوو بێین؟"

"نا، ئێرە نییە. لێرەوە دەبێ سواری شەمەندەفەرێکی دیکە بین، مەقسەدی ئێمە شارێکە زۆر لەوە بچووکترە."

باوێشکێکم دا و پشوویەکی قووڵی دیکەم هەڵکێشا.

"ئێرە خاڵی ئاڵوگۆڕە. هەر لێرە بوو، کە یەکەم کۆچەرەکان رێگەی بەرەو رۆژهەڵاتیان گرتە بەر."

"یەکەم کۆچەرەکان؟"

تا شەمەندەفەرەکە گەیشتێ، لەبەردەم سۆپەکەی نێو هۆڵی چاوەڕوانی دانیشتین و من چەند بەشێکی کورتی مێژووەکەی یۆنیتاکی کۆم بۆ گێڕاوە. دەسنیشانکردنی کات و ساتەکان لە کتێبەکەدا سەری لە بینادەم تێك دەدا، هەر بۆیە لەسەر بنەمای ئەو کورتەیەی لە پشتی کتێبە مێژووە باوەڕپێکراوەکە نووسرابوو، لە لاپەڕەیەکی دەفتەری بیرەوەرییەکانمدا مەودای کاتەکەم سادە کردەوە. لای چەپی پەڕەکە، مێژووەکان و کورتەمێژووی گەشەسەندنی یۆنیتاکی کۆم یاداشت کردبوو و، لە لای راستیشەوە، ئەو رووداوە گشتییانەی رێك لەو قۆناغەی مێژووی ژاپۆندا روویان دابوو. ئەوە ببووە خشتەیەکی زەمانیی جێ متمانە.

بۆ وێنە، لە ساڵی ١٩٠٥ـدا، پۆرت ئارتۆر رووخا و، کوڕی گەنجە ئاینۆییەکە لە شەڕدا کوژرا و، ئەگەر لە سەر زەین بم، ئەو ساڵە رێك ئەو ساڵە بوو کە پڕۆفیسۆر مەڕ لەدایك ببوو. وردە وردە رێکەوتەکان خەریك بوو کۆ دەبوونەوە سەر یەك.

دەسگیرانم بەری راست و چەپی ڕێکەوتەکانی پێك گرت و گوتی: "کە ئاوا سەیری بارودۆخەکە دەکەی، هەر دەڵێی، ئێمە ژاپۆنییەکان، شەڕاوشەڕ* ژیاوین."

"ڕێك وا دیارە."

"باشە چۆن گەیشتینە ئێرە؟"

"ئەگەر راستیت دەوێ ناتوانم بیلێم، زۆر ئاڵۆزە. ئاوا ناکرێ."

هۆڵی چاوەڕوانی، وەك زۆربەی هۆڵەکانی چاوەڕوانی، بەتاڵ و ئاسایی بوو. نیوکورسییەکان ڕەق و تەق بوون و، تەپڵەجگەرەکان پڕ بوون لە قونچکە جگەرە و، هەواکەشی خنکێنەر بوو. ئەو خەڵکەی دی کە لەوێ بوون، یەکێکیان پیرەپیاوێك بوو، چاکەتەکەی لە مووی وشتر چنرابوو و، دایکێك بە منداڵە چوارساڵانەکەیەوە. پیرە لە جێی خۆی دانیشتبوو و گۆڤارێکی ئەدەبیی دەخوێندەوە. ئەوەندە لەسەرخۆ لاپەڕەکانی هەڵدەداوە، دەتگوت، چەسپ "تێپ" لێ دەکاتەوە. چارەگێکی دەبرد تا لە پەڕێکەوە دەچووە یەکی دی. دایك و کوڕەش، دەتگوت هاوجووتێکن، ژیانی هاوسەرێتیەکەیان کەوتووەتە مەترسیەوە.

"دەکرێ بڵێی، هەمووان هەژارن، بەڵام ئێمە حەز دەکەین، بەوە بڕوا بکەین، ئەگەر هەموو شتێك بگاتە ئەنجام، ئەوا لەگەڵ هەژاری رادێین."

"وەك خەڵکەکەی یۆنیتاکی کۆ."

"ڕێك وایە، هەر بۆیە ئەوان خۆیان کوشت بۆ ئەوەی زەوی و زاری تازە دەستەبەر بکەن. بەڵام زۆربەی کۆچەرەکان لە هەژاریدا مردوون."

"چۆن؟"

"ئەوێ مەڵبەندێکی کەم حەشامەتە. هۆکایدۆ ناوچەیەکی کوێستانی ساردە. هەر بەنێوان چەند ساڵێك، بەستەڵەکێکی بەسەردا دێ تف هەڵاوێی دەیبەستێ. وەختایەك حاسڵات و بەروبوو فەوتا، ئیتر هیچ نامێنێتەوە بۆ خواردن و کڕینی نەوت. ئەوان تەنانەت ناتوانن بنەتۆی ساڵی داهاتووشیان بکڕن. هەر بۆیە زەوی و زارەکەیان بە بارمەتە دادەنێن و پووڵ قەرز دەکەن. بەڵام کشتوکاڵ لە هیچ ناوچەیەك

---

*شەڕاوشەڕ وەك جێژناوجێژن. مانگەومانگ. واتە لەم شەڕەوە تا شەڕێکی تر. لە شەڕێکەوە تا شەڕێکی دی.

هێندەی داهات نییە، کە توانای دانەوەی ئەو هەمووە سوود و بەهرەیەی هەبێ. ئیتر ئاوا زەوی و زارەکەیان لە چنگ دەردێ. هەر ئەوەشە دەبێتە هۆی ئەوەی زۆربەی وەرزێرەکان، ببنە سەپان و پاڵە.
لاپەڕەکانی مێژووە باوەڕپێکراوەکەم هەڵداوە و ئەم بەشەیم بۆ خوێندەوە: "تا ساڵی ١٩٣٠ ژمارەی ئەو وەرزێرانەی جووتبەندە بوون و کاریان بۆخۆیان دەکرد، کەم بۆوە و بوو بە ٢٦٪ی خەڵکی یۆنیتاکی کۆ. ئەوان لە دوو لاوە زەبریان پێ کەوت: "لەو بازاڕە کەساد و ساردەی بەستەڵەکی بەسەردا هاتبوو."
دەسگیرانەکەم وای لێك داوە: "کەواتە، ئەوان پاش ئەو هەمووە هەوڵ و زەحمەتەی کێشایان بۆ ئەوەی زەویی تازە دەستەبەر بکەن و خۆیان کشتوکاڵی تێدا بکەن، هەر باری قەرزیان قورستر بوو."
لەبەر ئەوەی تەنیا چل خولەکێك مابوو شەمەندەفەر بگاتێ، بڕیاری دا، بەتەنێ پیاسەیەکی نێو شارەکە بکا. من لە هۆڵی چاوەڕوانییەکەدا مامەوە. کۆلایەکم خواردەوە و، کتێبێکی دیکەم کە پێ بوو، ڕێك لەو جێیەوە وا بەجێم هێشتبوو، دەستم کردبۆوە بەخوێندنەوەی. بەردەوام بووم. زۆر زوو ماندوو بووم و لێکم نا. نەمدەتانی زەینمی بدەمێ. سەرم پڕ بوو لە مەڕەکانی یۆنیتاکی کۆ، کە هەموو کاغەزەکانم دەدانێ و دەیانجاوی. چاوم لێك نا و ئاخێکم هەڵکێشا. شەمەندەفەرە بارهەڵگرەکە بەدەم ڕێگەوە هۆڕنەکەی لێ دا.
چەند خولەکێك پێش ئەوەی بڕۆین، بە دەفرێکی پڕ لە سێوەوە هاتەوە. لە بری نانی نیوەڕۆ ئەوەمان خوارد و سواری شەمەندەفەر بووین.
شەمەندەفەرەکە دیار بوو، تڕی ئاخری کەندووە*. تەختەی تەختی بنی، لەو شوێنانەی تەنکتر بوون، لەق و شەق ببوون و رزیبوون. کە بەسەریدا دەڕۆیشتی، بەملاوئەولادا دەلەقین. رووکورسییەکان، کوڵکەیان پێوە نەمابوو و، پاڵپشتەکانیش وەك نانێکی مانگێك مابێتەوە رەق ببوون. هەستی کاولبوون لەگەڵ بۆنی نەوت، فارگۆنەکەی پڕ کردبوو. دە خولەکێك هەولّم دا جامی پەنجەرەکە هەڵکێشم بەشکم هەوایەکی تازە بێتە ژوورەوە، بەڵام هەر کردمەوە، تەپوتۆز و لم هاتە ژوورەوە و ناچار بووم، ئەوەندەی دیکەی پێوە بم تا پێوەی بدەمەوە.
شەمەندەفەرەکە دوو فارگۆنی هەبوو و، لەسەر یەك پانزە کەسیشی تێدا بوو، کە هەر بەو هەودا هاوبەشانەی بێزاری و بێتاقەتییەوە پێکەوە دەبەسترانەوە. پیرەپیاوێك، کە چاکەتە موو وشترەکەی

* ئەم ئیدیۆمە لە کوردەوارییەکەی خۆماندا بۆ یەکێکی دەڵێین، کە زۆری عومر کردبێ و، پێی لەسەر لێوی قەبر بێ. یانی زۆر کۆن و شڕ بووە.

لەبەردا بوو، هێشتاش هەر گۆڤارەکەی دەخوێندەوە. وەکی خێرا دەیخوێندەوە، بێ و نەبێ گۆڤارەکە هیی سێ ساڵ لەمەوبەر بوو. ژنێکی لە تەمەن گەڕاوەی قەڵەوە، وەك رەخنەگرێکی گوێ بداتە سۆناتاکەی سکرییبیان، چاوی بڕیبووەوە شوێنێکی دەرەوەی شەمەندەفەرەکە.

منداڵەکانیش بێدەنگ بوون، بەبێدەنگی دانیشتبوون و چاویان لە دەرەوە بڕیبوو. هەر جار نە جارێك یەکێکیان دەکۆخی و دەنگی کۆخینەکەی دەتگوت بە کوتێك لەسەری مۆمیاکراوێك رادەکێشی.

هەر جارێکی شەمەندەفەرەکە دەگەیشتە وێستگەیەك، یەکێك دادەبەزی و هەر جارەی یەکێکیش دابەزیبا، کاربەدەستی شەمەندەفەرەکەش دادەبەزی بۆ ئەوەی سەراسۆی بلیتەکان بکا و دیسان سوار دەبۆوە. کاربەدەستەکە ئەوەندە وشك و مۆن بوو، دەتگوت، بەبێ ئەوەی دەمامك لە دەموچاوی بدا، بانکێکی بڕیوە. هیچ رێبوارێکی تازە سوار نەبوو.

لە دەرەوە، رووبارەکە، لەبەر قوڕاوی باران قاوەیی ببوو و تا چاو هەتەری دەکرد، راکشابوو. رووبارەکە لەبەر هەتاوەکەی پاییز دەربریسکاوە و، دەتگوت زارکەی کووپی شیرقاوەیە. رێگەی دەم رووبارەکە دەردەکەوت و لە چاو ون دەبۆوە. جاروبارە کامیۆنێکی گەورەی پڕ لە ئاڵوودار دەردەکەوت و، وەك بای شەماڵ بەرەو لای خۆرئاوا دەڕۆیشت. بەڵام جادەکە دیار بوو لە کەلك و کار کەوتووە. ئەو تابلۆیانەی لە دەم رێگەکە بۆ بانگەشە(رێکلام) چەقێنرابوون، پەیامی خاوەنەکانیان نەدەگەیاندە هیچ کەس و هیچ کوێیەك. هەر جارێکی سەیری تابلۆیەکی تازەی بانگەشەم دەکرد، رواڵەتە شارییە خەستەکەیم جوان بۆ دەردەکەوت و، خەفەتی دەرەواندمەوە. کچۆڵەیەك، کە پێستێکی برۆنزەیی تۆخی هەبوو و، جلوبەرگی مەلەی لەبەردا بوو، لێوی بەدەمی شووشە ساردییەکەوە وەك خونچە لێ دەکرد، ئەکتەرێك، نێوچاوانی لە شووشە ساردیەکی سکۆتلەندی گرژ کردبوو و، ئاوی بە کاتژمێری شۆفێرێکدا دەکرد، مانکەنێك، لە نێوەڕاستی ماڵێکی رازاوە و رێکخراودا، نینۆکی جوان دەکرد. ئەو شتانەی پێشەنگە نوێیەکانی بانگەشە و بازاڕگەرمی بە قووڵی لەم وڵاتەدا هەڵیان دەکەند، شتێکی بێمایە و بێ رەگ بوو.

پاش دوو سەعات و چل خولەك، گەیشتینە دوا وێستگەی یۆنیتاکی کۆ. لە نیوەی رێیە خەونووچکە دەیبردینەوە و، دیار بوو ئاگامان لە ئاگادارییی شەمەندەفەرەکە نەبوو کە دەڵێ گەیشتینە دوا وێستگە. مەکینە دیزێلییەکە دوا پشووی دایەوە دەرێ و هەموو وڵات بێدەنگ بوو. راچڵەکیم و بەخەبەر هاتم. بێدەنگییەکە مووی لێ دەکردمە نەشتەر، کە سەیری دەوروپشتم کرد، هیچ رێبوارێکی دی نەمابوو.

جانتاکانمانم لەسەر قەفەزەکە هێنا خوارێ، چەند جارێك لە شانی دەسگیرانم کوتا و بەخەبەرم هێنا و دابەزیین. ئەو بایەی لەسەر سەکۆکەوە دەهات، تێکەڵ شەختە و سەرمای کۆتاییەکانی پاییز ببوو.

سێبەرە ڕەشەکانی گردەکان وەك کۆمەڵێك پەڵەی کاولکەر بە درێژایی زەویدا دەخزین. ڕێك لە پشت شەقامەکانەوە دیار بوو، دوو ریزە گرد، لەوسەری شارەوە دەگەیشتنەوە یەك و، وەك دوو لەپی دەست کە بڵێسەی شقارتەیەك لە ڕەشەبا بپارێزن، شاریان لەخۆیان گرتبوو. گردەکان کەوتبوونە سەرووی سەکۆ باریکەکەی وێستگەوە.

هەر لەوێ ڕاوەستابووین و نەماندەزانی چ بکەین و، چەند ساتێك سەیری ئەو دیمەنەمان کرد.

دەسگیرانم پرسیی: "گوندەکەی پرۆفیسۆر پیرەمەڕ لە کوێوەیە؟"

"لە سەر چیاکان، لێرەوە بە ترۆمبێل سێ سەعات ڕێگەیە."

"هەر ئێستا دەبێ بڕۆین؟"

گوتم: "نا، ئەگەر هەر ئێستا بڕۆین، نیوەشەوێ دەگەینە ئەوێ. ئەمشەو لێرە دەبین و بەیانی دەست پێ دەکەین."

لەبەردەم وێستگەکە گۆڕەپانێکی بچووکی لێ بوو، چۆڵ بوو. کەس لەوێ نەدەگەڕا. هیچ تاکسییەك ڕێبواری سوار نەدەکرد و داینەدەبەزاند. ڕێك لە نێوەندی گۆڕەپانەکە، کفارەیەکی لە بیچمی باڵندەی لێ بوو، کە ئاوی نەبوو. باڵندەکە، بە زاری داپچڕاوەوە، بێتاقەت سەیری ئاسمانی دەکرد و، قسەیەکی نەبوو بیکا. کۆمەڵێك گوڵی هەمیشە بەهارە دەوری حەوز و کفارەکەیان گرتبوو. کە سەیرێکی شارت دەکرد، بە بنیادەمی دەگوت، لەچاو دەیەیەك لەوەپێش زۆر کاولتر بوو. شەقامەکان چۆل بوون و چەند کەسێکیش کە دیار بوون، دەتگوت، حاڵەتی کاولبوونی شارێکی دەمەودارِمانیان تێدایە.

بەری چەپی شەقامەکە، کۆمەڵێك عەمباری سەردەمی گواستنەوەی ئاسنەڕێ و کۆنە بینای خشت و شیوی رژد و سەربان و دەرگای پۆلاییینی کە گەلێ جاران رەنگ کرابوونەوە، لێ بوو. هەر هەمووشیان دواجار بەلاوە نرابوون و لە بێدەنگیدا لە شارەکەیان دەڕوانی. پاش ئەوە گۆڕەپانێکی چۆل و بەتاڵی پڕ لە گژ و گیا، کە هێندەی بەژنی بنیادەمێك هەستابوون و قەپێلکی دوو کۆنە ترۆمبێل لە نێوەندەکەی کەوتبوو، کە تەواو رووتابوونەوە. هیچ کام لە ترۆمبێلەکان چرایان نەبوو و، هەناویان لە بن بۆنیتە هەڵدراوەکانیانەوە هێنرابوونە دەرێ.

تابلۆی ڕێنوێنی شارەکە، کە لە نزیك مەیدانە چۆلەکەوە چەقێنرابوو، وا کاڵ ببۆوە، کە بە زەحمەت دەخوێنرایەوە. هەر ئەوەندە وشەیەی لێ دەخوێنرایەوە: "یۆنیتاکی کۆ و، سنووری باکووری کێڵگە پان و بەرینەکانی مەرەزەجاڕ.

ڕێك لەبەرامبەر مەیدانەکەوە، شەقامێکی بچووکی لێ بوو، کە ریزە دووکانێکی تێدا بوو. شەقامێك کە وەك شەقامەکانی هەموو شوێنێکی ژاپۆن دەچوو، جگە لەوەی لە خۆڕا زۆر پان بوو و، پەرش و بڵاوی و ساردوسڕیی شارەکەی پێوە دیار بوو. لە هەر دوولای شەقامەکە بە ریز دار چەقێنرابوون و، لك و پۆیان چڕ و پڕ گەڵا بوو، بەڵام هیچیان لە ساردوسڕییەکە کەم نەبوو. جۆرە سەرمایەك کە جگە لە چارەنووسی مرۆ، تەشەنەی کردبووە نێو هەموو بوونەوەرەکانەوە. کاروباری تاقەتبڕی خەڵکەکە و هەرچی هەبوو لەو سەرماوسۆڵەدا ڕۆچوبوو.

کۆڵەپشتیەکەمم هەڵکێشایەوە سەر شانم و بەرەو ئەوسەری ناوچە بازرگانییەکە، کە ٥٠٠ مەترێك مەودای هەبوو، ڕۆیشتم بۆ ئەوەی شوێنێك بۆ مانەوە بدۆزمەوە. هیچ میوانخانەی لێ نەبوو. دەڕابەی یەك لەسەر سێی دووکانەکان دادرابوونەوە و، تابلۆی بەردەم دووکانێکی سەعاتفرۆشتن، کە نیوەی هەڵکەنرابوو، بەدەم باوە دەلەرییەوە.

لەو شوێنەی شەقامە پڕ لە دووکانەکە لەپڕ دەبڕایەوە، مەیدانێکی گەورەی پارکینگ(گەراج)ی لێ بوو، کە ئەوێش پڕ بوو لە گژ و گیا و ترۆمبێلێکی هۆندای FAIRLADY و ترۆمبێلێکی تۆیۆتای سپۆرت CELICAی لێ بوو، کە هەردووکیان نوێ بوون. نوێبوونەکەیان لە نێوەڕاستی ئەو شارە قەتیسەدا، زۆر زەق لەچاوی دەدا و، دیمەنێکی سەیری دروست کردبوو.

لەوبەری دووکانەکانەوە، شەقامەکە لێژ دەبۆوە بەرەو لای رووبارەکە و بە شێوەی پیتی Tی دەبووە دوو لقی راست و چەپ. لەو سەری شەقامەکە، خانووی یەکنهۆمی دارین و درەختی کەوەی لێ بوون، کە لك و پۆ دڕکاوییەکانیان سەریان لە ئاسمانێ دەسوی. نازانم چ دارێك بوون، بەڵام لکوپۆی هەموو دارەکان سەیر هەستابوون. لەبەردەم هەموو ماڵەکان تانکیی گەورەی سووتەمەنی و دەفری گەورەی هێنان و بردنی شیر دانرابوو و، هەموو سەربانەکانیش ئالیاری تەلەفزیۆنیان لەسەر بوو، کە ئەوەندە بەرز بوون مەگەر خوا بزانێ. ئەم لقە زیوینانەی لەگەڵ چیاکانی پشتەوەی شارەکە ناتەبا بوون، سەرلێشێواوانە بە ئاسماندا دەسووڕانەوە.

دەسگیرانم بە شڵەژاوی پرسیی: "بەڵام خۆ ئێرە هەر میوانخانەی لێ نییە."
"پێویست ناکا نیگەران بی، هەموو شارێك میوانخانەی هەیە."
دیسان خۆمان گەیاندەوە وێستگەکە و، لەو دوو کەسەی پێکەوە بوون، پرسیمان، لە کوێ میوانخانەیەك دەست دەکەوێ؟ بەپێی جیاوازیی تەمەنیان دەبوو باوك و کوڕ بن. دیار بوو کاس و بێتاقەتن و، ئەوەندە بە وردەکارییەوە شوێنی ژووربەکرێدانیان بۆ باس کردین، بێزار بووین.
کابرا بەتەمەنەکە گوتی: "دوو میوانخانە هەن، یەکێکیان گرانە و ئەوی دیکەیان هەرزانبابییە. گرانباییەکە، بەرپرسە حوکمییەکان لێی دەمێننەوە و، ڕێوڕەسمە فەرمییەکان لەوێ بەڕێوە دەچن."
لاوەکە گوتی: "خواردنەکانیشی خۆشن."
"ئەوی دیکەیان، ئەو خەڵکانەی لێ میوان دەبن، کە بۆ کار دێن، گەنجەکان و خەڵکی ئاسایی. کە دەیبینی، لەوانەیە زەندەقت لێی بچێ، بەڵام پاکوخاوێنە و حەمامەکەشی زۆر تایبەتە."
لاوەکە گوتی: "بەڵام دیوارەکانی تەنکن."
ئەوجار هاتنە سەر باسی تەنکبوونی دیوارەکان.
گوتم: "ئێمە دەچینە میوانخانە گرانباییەکە." پێویست نەبوو لە خۆوە دەست پێوە بگرین. زەرفەکە هێشتاش پڕ بوو لە پارە. هاوڕێ لاوەکە پەڕێکی لە دەفتەرە یاداشتەکەی لێ کردەوە و، بە وردی ڕێی تا میوانخانەکەی بۆ کێشاین.
گوتم: "سپاس، پێم وایە ئیتر وەك دە ساڵ لەوەپێش خەڵکێکی زۆر روو لە ئێرە ناکەن."
بەتەمەنەکە گوتی: "ڕاست وایە، تەنیا کارخانەیەکی داربڕینی لێیە. پیشەیەکی وای لێ نییە. کشتوکاڵیش ئەوە تێدا دەچێ، خەڵکەکەشی هەر دێ و کەم دەبێتەوە."
لاوەکە گوتی: "بەزیادم نەکرد، ئەوەندەی قوتابییش نییە، کە پۆلەکان لێك هەڵاوێرن."
"چەندەی خەڵك لێ دەژی؟"
لاوەکە گوتی: "دەڵێن حەوت هەزار کەس، بەڵام ئەگەر ڕاستیت دەوێ، دەبێ زۆر لەوە کەمتر بێ، پێم وایە ئەوپەڕەکەی پێنج هەزار کەس دەبێ."

کابرا بەتەمەنەکەیان گوتی: "کوڕە، هەر ئەم هێڵە لاوەکییەی ـ بەرلەوەی ئەوان لە پەلوپۆمان بخەن ـــ بێننە بەرچاوت، هەرچۆنێك بێ کلاوەکەت هەڵاوێ و مەیگرەوە، ئەم ئاسنەڕێیە لەوانی دیکە هەر باشترە، ئێمە لەم وڵاتە سێهەمین ناوچەی کاولکراوین."

کە بیستم ئاسنەڕێی لەوەیش خراپتر و کاولتر هەن، پێم سەیر بوو. سپاسمان کردن و ڕۆیشتین.

میوانخانەکە لە خوار لێژاییەکە و، لە بەری راستی شەقامە پڕ دووکانەکەوە هەڵکەوتبوو، کە سێسەد مەترێکی مابوو بۆ رووبارەکە. میوانخانەیەکی کۆن بوو. هێشتا ترووسکاییەکی دڵگری پێوە مابوو، کە بێ و نەبێ لە ناخی لووتکەی بەختەوەریی شارەکەوە مابۆوە. زۆر خراپ نەبوو. میوانخانەکە بەرامبەر رووبارەکە بوو. باخچەیەکی هەبوو، زۆر جوانی پێ راگەیبوون. لە گۆشەیەکی باخچەکەوە، تولە سەگێك قەپۆزی لە دەفری خواردنەکەی نابوو و، خواردنی سەرەتای ئێوارەی دەخوارد.

ئەو خزمەتکارەی ژوورەکەی پێشان داین، پرسیی: "هاتوون بۆ شاخەوانی؟"

بە سەری زمان جوابێکم داوە: "هاتووینە شاخەوانی."

نهۆمی سەرەوە هەر دوو ژووری هەبوو، کە هەردووکیان بەرین بوون و، کە پێت دەنایە راڕەوەکەوە، دیمەنێك لەو رووبارە شیرقاوەییەی لە شەمەندەفەرەکەدا دیتبوومان، بەدی دەکرا.

دەسگیرانم ویستی ئاوێك بەخۆیدا بکا. هەر بۆیە من چووم سەرێك لە شارەوانی بدەم. شارەوانی لە شەقامێکی کاول هەڵکەوتبوو، کە هێندەی چەند شەقام دەبوو و کەوتبووە بەری رۆژئاوای شەقامی دووکانەکانەوە، بەڵام بیناکەی تازەتر بوو و، باشتر بوو لەوەی چاوەڕوانم دەکرد.

چوومە بەشی ئاژەڵانی شارەوانی و، بەو کارت ڤیزیتەی دوو ساڵ لەوەپێشی رۆژنامە، کە لێی نووسرابوو نووسەرێکی سەربەخۆم، خۆمم ناساند و، بە زمانچەوری گوتم: ئەگەر ئیجازەم بدەن، دەمەوێ چەند پرسیارێك لە بارەی مەڕبەخێوکردنەوە بپرسم. ئەستەم بوو گۆڤارێکی حەفتانەی ژنان پێویستی بە زانیاری لەسەر مەڕ هەبێ، بەڵام بەرپرسی بەشی ئاژەڵان، دەسبەجێ ئاگادار کراوە و، بانگی کردمە ژوورەکەی خۆی.

"ئێستا دووسەد و شتێك مەڕ لەم شارەدا هەن، کە هەر هەموویان رەچەڵەکیان سافۆلکییە. دەکرێ بڵێین مەڕی دابەستەن، گۆشتەکەیان بەسەر میوانخانە و رستورانتەکانی ئەم دەوروبەرانەدا دابەش دەکرێ و تامەکەشی زۆر خۆشە."

دەفتەری بیرەوەرییەکەمم دەرهێنا و ئەوەی پێویست بوو نووسم. دڵنیا بووم ئەو پیاوە داماوە پاش چەند حەفتەی دیکە گۆڤارەکەی ژنانی دەکڕی، ئەوەش منی شەرمەزار دەکرد.
کە باسی ئەوەی دەکرد ئێستا چۆن مەڕەکان بەخێو دەکەن، راوەستا و پرسیی: "پێم وایە بۆ وتارێکە لە بارەی چێشتلێنانەوە؟"
گوتم: "بەڵێ، دیارە ئەویش هەیە، بەڵام، ئێمە زیاتر دەمانەوێ وێنەیەکی گشتیی مەڕەکان بخەینە روو."
وێنەیەکی گشتی؟
"دەزانی چییە، تایبەتمەندییەکانیان، خووخدەیان و شتی ئاوا."
گوتی: "ئەها."
دەفتەری بیرەوەرییەکانم لێك نا و چایەکەمم خواردەوە.
"ئێمە بیستوومانە لە سەر گردەکان شوێنێك هەیە، کێڵگەیەکی قەدیمیە و مەڕی تێدا بەخێو دەکەن."
"بەڵێ، لێیەتی، پاش جەنگ، ئەوێ بەدەست سوپای ویلایەتەیەکگرتووەکانەوە بوو و، ئیتر ئێستا بەجێیان هێشتووە. دە ساڵیش دوای ئەوەی ئەمریکییەکان دایانەوە، کابرایەکی دەوڵەمەند ئەوێی کردە هاوینەهەوار. بەڵام ئەوەندە دوورەدەستە، کە ئیتر کەس ناچێتە ئەوێ." خانووەکە ئەوەندە باشە، هەر دەڵێی تا ئێستاش ئاوەدان بووە، هەر بۆیە کێڵگەکە دراوەتە شار. ئێمە دەبێ ئەوێ بکڕین و بیکەینە سەیرانگا. بەڵام دەترسم دارایی ئەم شارە بەشی نەکا. لە پێشدا دەبێ رێگای بۆ لێ بدەین."
"دراوە بە شار؟"
"هاوینان، کێڵگە حکوومییەکەی مەڕبەخێوکردن، پەنجا سەرێك مەڕ دەباتە کوێستانێ. لەوەڕگە حکوومییەکان لەوەڕەکەیان ئەوەندە نییە و، لەو سەرەوە، لەوەڕگەکان بژوێن و خۆشن. نیوەی کۆتایی سێبتەمبەر، کە هەوا وردە وردە سارد دەبێ، دیسان مەڕەکان دێننەوە شاری."
"نازانی مەڕەکان کەی لەوێ دەبن؟"
"ساڵ بە ساڵ فەرقی هەیە، بەڵام بەگشتی، لە سەرەتای مانگی مای هەتا نیوەڕاستەکانی سێبتەمبەر."
"چەند کەس مەڕەکان دەبەنە ئەوێ؟"

"یەك شوان. ئەوە دە ساڵە هەر ئەو کابرایە دەیانبا."

"دەکرێ بیبینین؟"

تەلەفۆنێکی بۆ کێڵگە دەوڵەتییەکەی مەڕدابەستن کرد و گوتی: "ئەگەر ئێستا بچنە ئەوێ، دەتوانن بیبینن، حەز دەکەن بە ترۆمبێل بچین؟"

لە پێشدا، بە ڕێزەوە قەبووڵم نەکرد، بەڵام زوو بۆم روون بۆوە، کە وا نەکەم ناتوانم بچمە ئەوێ. شارەکە تاکسی یان ترۆمبێلی کرێی نەبوو و، بەپێیانیش سەعات و نیوێکی دەخایاند.

بەرپرسەکەی بەشی ئاژەڵان، ترۆمبێلێکی بچووکی هەبوو. میوانخانەی بەجێهێشت و بەرەو رۆژئاوا رۆیشت، بە پردێکی چیمەنتۆی درێژدا پەڕینەوە، کە بەسەر ناوچەیەکی زۆنگ و سارددا لێدرابوو و، پاش لێژاییەکی کوێستانی بەرەو سەر هەڵگەڕا. تایەی ترۆمبێلەکە بەسەر چەوەکاندا دەڕۆیشت.

"لە بەرچاوی تۆ کە لە تۆکیۆوە هاتووی، لەوانەیە ئەم شارە، لە کاولاش بچێ."

شتێکی ناڕوونم پێ گوت.

"راستییەکەی ئەوەیە ئێمە بە سەگمەرگی دەژین، هەتا ئەم ئاسنەڕێیە هەبێ، خۆ رادەگرین، بەڵام ئەومان نەمێنێ، مسۆگەر دەمرین. مەرگ دەعبایەکی سەیرە. دەکرێ لە مەرگی بنیادەمێك تێ بگەی، بەڵام مەرگی شارێك بەپانەوە..."

"چ دەقەومێ ئەگەر شارێك بمرێ؟"

"چ دەقەومێ؟ کەس نازانێ، لە پێشدا هەموو رایان دەکرد، چونکە کەس نایەوێ بزانێ. ئەگەر ژمارەی خەڵکەکە لە هەزار کەس کەمتر بێتەوە، کە لەوانەشە هەر وا بێ، ئیتر ئێمە کارەکەمان نامێنێ و، لەوانەیە لەو کەسانە بین کە ناچارن دەست لە هەموو شتێك هەڵگرن."

خولقم کرد جگەرەیەك بکێشێ و، بە ئاگری چەرخە دوپۆنە مەڕنیشانەکە، بۆم داگیرساند.

"لە ساپورۆ، کاری باش زۆرە. مامێکم هەیە لە هۆوێ، کۆمپانیایەکی چاپ هەڵدەسووڕێنێ و پێویستی بە یاریدەدەرە. کارەکانی هیی سیستەمی پەروەردەن، هەر بۆیە کار و کاسبی بەردەوامە. ئەگەر راستیت دەوێ لەوە باشتر نییە سەرێکی ئەوێ بدەین. هیچ نەبێ لەوە باشترە لێرە چاوت بەسەر هێنان و بردنی مەڕ و مانگاوە بێ."

گوتم: "لەوانەیە."

"بەڵام کاتێك، بگاتە خۆکردنەوە و ڕۆیشتن، خۆمم پێ قایل نابێ. خۆ لێم تێدەگەی؟ ئەگەر شارەکە هەر بەراستی بکەوێتە سەرەمەرگ، باشە، مانەوە و سەیرکردنی دوا هەناسەی شارەکە هەڵدەبژێرم."

پرسی: "تۆ، لێرە لەم شارەدا لەدایك بووی؟"

گوتی: "بەڵێ"، بەڵام لەسەری نەڕۆیشت. زەردەپەڕی خەفەتهێنەر، یەك لەسەر سێی لە پشت چیاکانەوە ئاوا ببوو.

لە دەروازەی کێڵگەی مەڕبەخێوکردنەکەدا، دوو ئەستوندەك چەقێنرابوون، کە تابلۆیەکیان بە نێوەڕاستەوە بوو: "کێڵگەی مەڕبەخێوکردنی یۆنیتاکی ـ کۆ. ڕێیەکە بە بن تابلۆکەدا تێدەپەڕی و هەورازێکی دەبڕی و، لە نێو لکوپۆ چڕەکاندا بزر دەبوو.

"شوێنی ڕاگرتنی مەڕەکان، ئەوبەری دارەکانە و لە پشت ئەوێیشەوە، شوێنی ژیانی دەشتەوانەکەیە. چۆن بتهێنینەوە شار؟"

"بۆ هەموو چاکەت، سپاس. ڕێگەکە لێژە و خۆم دەتوانم بە پێیان بێمەوە."

ترۆمبێلەکە لەچاوان ون بوو و، من بە نێوان دوو ئەستوونەکەدا و بە هەورازەکەدا هەڵگەڕام. دوای تیریژی خۆرەتاوە ڕەنگ نارنجییەکە، لە گەڵا زێڕینەکانی داری ئەفرای دابوو. دارەکان بەرز بوون و، تیریژی خۆر بەنێو چڵوچێوەکاندا تێدەپەڕین و لەسەر ڕێگە چەوڕێژەکە دەبریسکانەوە.

کە لەنێو درەختەکان هاتمە دەرێ، لەسەر گردەکە تووشی بینایەکی باریك بووم و، لەگەڵیدا بۆنی مەڕ و ماڵاتم بۆ هات. میچی گەوڕی مەڕەکان لە ئاسنی سووری شەپۆلدار دروست کرابوو و، لە سێ شوێنەوە کولانکەیان بۆ دروست کردبوو.

لە بەر دەرگاکەوە، کولانە سەگێك دروست کرابوو. هەر چاوم پێی کەوت، سەگێکی بچووکی بە ڕەچەڵەك بۆردرکالی کە بە زنجیر بەسترابۆوە، هاتە دەرێ و پێم وەڕی. پیرەسەگێك بوو، چاو خەواڵوو، کە وەڕینەکەی جێی مەترسی نەبوو. دەستێکم بە ملیدا هێنا، هێور بۆوە. لەبەردەم کولانکەی سەگەکە، دەفری پلاستیکیی زەردیان بۆ ئاو و خواردنەکەی دانابوو. هەر دەستم لابرد، چۆوە نێو کولانەکەی و، بە ڕەزامەندییەوە دەستی ڕاکێشا و، ڕاکشا.

نێو گەوڕی مەڕەکان تاریك بوو. کەس لەو دەوروبەرە نەبوو. ڕێگەیەکی پانی چیمەنتۆکراو هەتا نێوەڕاستەکەی دەچوو و، ئەمبەروئەوبەریشی ئاخوڕی لێ هەڵبەسترابوو. بە قەراغی ڕێچکەکەدا،

جۆگەلەیان کردبوو بۆ ئەوەی میزی مەڕەکان و ئاوی شوشتنەوەی پێدا بچێتە دەرێ. لێرە و لەوێ دەلاقە کرابووە دیوارە چێوییەکان و ، بەرز و نزمیی گردەکانیان لێوە دیار بوو. هەتاوی دوانیوەڕۆ، رەنگێکی سووری دەپژاندە سەر پشتی ئەو مەڕانەی کەوتبوونە بەری راستەوە و، مەڕەکانی لای چەپی لە سێبەرێکی شینی تۆخدا نوقم کردبوو.

هەر چوومە نێو گەوڕەکە، هەر دووسەد سەر مەڕەکە سەریان بەرەو لای من وەرسووڕاند. نیوەیان بەپێوە بوون و، نیوەکەی دیکەشیان لەسەر ئەو گیایەی بۆیان لە ئاغەڵەکە کردبوون، نوستبوون. چاویان شینێکی نائاسایی دەنواند و، وەك کانیلەیەکی بچووك بە هەردوولای دەموچاویاندا لووزەویان بەستبوو. لە دوو چاوی شووشەیی بریقەدار دەچوون، کە راستەوخۆ تیشك بدەنەوە. هەموو چاویان لە من بڕیبوو. هیچ کام نەدەبزووتن. چەند سەرێکیان هەر وا کاوێژیان دەکرد. بەڵام هیچ دەنگێکی دی نەدەهات. دوو سێیەکیشیان سەریان لە ئاغەڵەکەیان هێنابووە پێشەوە. ئیتر ئاویان نەدەخواردەوە و، لەجێی خۆیان وشك ببوون و چاویان لە من بڕیبوو. دەتگوت پێکەوە بیر دەکەنەوە. ئاخۆ راوەستانی من لەبەر دەرگاکە، بۆ چەند ساتێك، هەودای پێکەوەبیرکردنەوەی ئاڵۆز کردبوون؟ هەموو شتێك قەتیس مابوو و، چیی داوەری بوو، خەریك بوو رادەوەستا. جووڵەیەکی من وای کرد، دیسان زەینیان بکەوێتەوە کار. ئەوان لە هەشت ئاغەڵە جیا جیاکەیاندا دەستیان کرد بە جووڵە. شەکەکان، لە ئاغەڵێکدا کە تایبەتی شەکە مێ بوو، لە دەوری بەرانێك کۆ ببوونەوە و، لە ئاغەڵی شەکبەرانەکاندا، بەران شەڕی ئەوەیان بوو کامیان لەپێشترە. تەنیا چەند سەرێکیان، کە قوشقی ببوون، لە دەم چەپەرەکە مابوونەوە و چاویان لە من بڕیبوو.

گوێچکە رەشەکانیان، کە لەملاولاوە هاتبوونە دەرێ، هەر کام ئاڵقەیەکی پلاستیکیان تێ کرابوو. هەندێکیان ئاڵقەی شین و هەندێکیان زەردیان لە گوێ کرابوو و، هەندێکیشیان سوور. سەر پشتیشیان رەنگێکی سووری لێ درابوو.

بەسپایی چوومە پێشێ بۆ ئەوەی نەڕەوێنەوە. وام دەنواند ئاگام لێیان نییە، لە یەکێك لە ئاغەڵەکان نزیك بوومەوە و دەستم بۆ سەری شەکێك برد. خۆی وێك هێنا، بەڵام نەکشاوە. تووڕە و مات و گرژ بوو. مەڕەکانی دیکە چاویان تێوە بڕیبووین و، پێم وایە ئەویان کەرەستەیەك بوو، بۆ هەڵسەنگاندنی کونجکۆڵییەکەی من.

مەڕی بە ڕەچەڵەك سافۆلك، هەر بەراستی تاقانەن. ئەوان ڕەش ڕەشن، بەڵام خورییەکەیان سپییە. گوێچکە ڕەشەکانیان وەك باڵی پەپوولە هاتوونە دەرێ و چاوی شین و گەش و قەپۆزە ڕەقەڵە و درێژەکەیان، وای کردووە، نائاسایی بنوێنن. ئەو سافۆلکانە، نە لێم ڕەویبوونەوە و نە بۆشم رادەوەستان. زیاتر وەك شتێکی لەپڕ دەرکەوتبێ و رابرێ، لێمان دەڕوانی. چەند سەرێکیان خوڕخوڕ میزیان کرد. میزەکە لە تەختی عەرزەکەوە و بە بەرپێیاندا بەرەو جۆگەلەکە لووزەوی بەست.

لە گەوڕەکە هاتمە دەرێ و دیسان سەگە بۆردرزکالییەکەم لاواندەوە و پشوویەکی قووڵم هەڵکێشا.

خۆر لە پشت چیاکانەوە ئاوا ببوو. سێبەرە وەنەوشەییە تۆخەکە، وەك مەرەکەبێکی لە ئاودا بڵاو بێتەوە، بەسەر گردەکاندا کشابوو. بە پشتەوەی گەوڕەکەدا سووڕامەوە. بە پردە دارینەکەی سەر رووبارەکەدا پەڕیمەوە و بەرەو ماڵی دەشتەوانەکە رۆیشتم. خانوویەکی بچووکی یەکنهۆمیی تەریك، کە لەبەر ئەو کادێنە زۆر گەورەیەی بەسەرییەوە بوو و پڕ بوو لە تفاق و ئامرازی کشتوکاڵ، زۆر بچووك دەهاتە بەرچاو.

دەشتەوان لە نزیك کادێنەکەوە، خەریك بوو زەرفی ژەهرە مێرووکوژەکانی لە لای حەوزێکی چیمەنتۆکراو، کە مەترێك پان و مەترێکیش قووڵ بوو، لەسەریەك کەڵەکە دەکرد. کە نزیك بوومەوە، لەپڕ سەری هەڵێنا. بەبێ ئەوەی هەر پێی سەیر بێ، خەریك کارەکەی بۆوە. کە گەیشتمە لای، راوەستا و بە خاولییەکەی دەوری ملی، ئارەقەی دەموچاوی سڕییەوە.

پاکتە جگەرە وردبووەکەی دەرهێنا و جگەرەیەکی داگیرساند و گوتی: "بەیانی رۆژی دەرمانلێدانی مەڕەکانە، دەرمانە گەنەکوژەکە لێرە دەکەین و لەم سەرەوە مەڕەکانی تێدەکەین و ناچاریان دەکەین بە مەلەکەکردن لەوسەری بێنەوە دەرێ. ئەگەر وانەبێ، زستانێ کە دادەکرێن، گەنە و قوڕنوو دەگرن."

"هەر بەتاقی تەنێ هەموو کارەکان دەکەی؟"

"سوعبەت دەکەی؟ دوو بەردەستم هەیە. من و ئەوان و سەگێکیش. بەڵام زۆربەی کارەکان سەگەکە دەیانکا. مەڕەکان متمانەیان بە سەگەکە هەیە. ئەگەر متمانەیان پێی نەبێ، ئیتر ئەوە سەگی ران نییە."

کابرا تۆکمە و بەخۆوە بوو و، چوار پێنج سەنتیمەترێك لە من کورتتر بوو. پەنجا ساڵێکی تەمەن بوو و، قژی ـ کە زۆری کورت کردبۆوەـ وەك دەنکی شانە گرژ و قیت راوەستابوو. دەستەوانە لاستیکییەکانی

لە دەستی دەرهێنا. دەتگوت، توێژکاڵێك پێستی لێ دادەڕنێ. لەپی دەستی توند لە سمتی خۆی راکێشا و، دەستی خستە گیرفانەکانییەوە کە بە چاکەتەکەیەوە دووریبوون و، راوەستا. هەر شوانەوێڵەیەك نەبوو. دەتگوت نایب عەریفێکی ناوەندی راهێنانی سەربازییە.

"دیارە هاتووی پرسیاری شتێك بکەی، وایە؟"

"راستە، وایە."

"دەی فەرموو."

"لەمێژە خەریك ئەم کارەی؟"

گوتی: "دە ساڵە، نازانم، زۆرە یان نا، بەڵام مەڕەکانی خۆم دەناسمەوە. بەر لەم کارە، سەربازی هێزی بەرگری بووم.*"

خاولییەکەی خستەوە سەر ملی و سەیرێکی ئاسمانی کرد.

"زستانانیش هەر لێرە دەبی؟"

کۆخی و گوتی: "ئەی چۆن. پێم وایە هەر وا دەبێ، جێی دیکەم نییە بچم. جگە لەوەش، زستانان کار زۆرە و دەبێ بکرێ. لەم دەوروبەرانە دوو مەترێك بەفر دەکەوێ. لەسەر یەك کەڵەکە دەبێ و، ئەگەر سەربانەکە بڕمێ، چەند سەرێك مەڕ تێدا دەچن. جگە لەوەش، من تفاق دەدەمە مەڕەکان و، بەرپێیان وشك دەکەمەوە و کاری ئاوا."

"کە هاوین دادێ، نیوەیان دەبەنە کوێستان؟"

"بەڵێ."

"لێخوڕینی ئەو هەمووە مەڕە ئەستەم نییە؟"

"ئاسانە، کاری ئەو خەڵکە هەر ئەوەیە. ئیتر ئەوە لەم چەند ساڵەی رابردوودا یەکێکیان بۆ دەگرن بەخێویان بکا و شوان ناگرن. ئەوان ساڵ دوازدەی مانگ مەڕ لێدەخوڕن، لە ئیسپانیا مێگەل هەیە هەزار و حەوتسەد سەر، لە سەرانسەری وڵاتدا رێگەی وایان هەیە کە دەشتەوانەکە نەبێ کەس ناتوانێ پێیدا بڕوا، تەنانەت پادشاش."

کابرا بەڵغەمەکەی فڕێ دا سەر عەرزەکە و، پێی رێ خست.

---

* هێزە سەربازییە هاوپەیمانەکەی ژاپۆن، کە پاش جەنگی دووەمی جیهانی پێك هات.

"ئیتر ئەم حەیوانانە، هەتا نەترسابێن، ئەوە زۆر خۆمانەن لەگەڵت. سەریان بەردەدەنەوە و دەکەونە شوێن سەگەکە."

وێنەی مەڕەکەی جرجەمشکم لە گیرفانم دەرهێنا و دامێ و گوتم: "ئێرە هەر ئەو شوێنەی نێو وێنەکەیە، وایە؟"

کابرا گوتی: "بەڵێ، دڵنیا بە. ئەوانەش مەڕەکانی ئێمەن."

نووکی قەڵەمەکەم لەسەر پشتی ئەو مەڕە زل و کەتەیە دانا، کە ئەستێرەیەکی لە سەر پشتی بوو و، گوتم: "ئەی ئەوەیان؟"

کابرا تاوێك راست و چەپ سەیری وێنەکەی کرد و گوتی: نا، ئەوەیان مەڕی ئێمە نییە. هیچ رێیەکیش نییە پێیدا بچێتە ژوورەوە. هەموو ئەم مەڵبەندەمان پەرژین کردووە و من شەو و رۆژ مەڕەکانم بەسەر دەکەمەوە. خۆ بێت و مەڕێکی غەوارە بێتە ژووری، سەگەکە پێی دەزانێ. مەڕەکانیش دەیکەنە هەرا. شتێکت پێ بڵێم، لە ژیانمدا مەڕی لەو رەچڵەکەم نەدیتووە."

"ئەمساڵ کە لەگەڵ مەڕەکان لە کوێستانێ بووی، شتێکی سەیروسەمەرە نەقەوما؟"

گوتی: "نا، وەك هەمیشە بێ قڕە بوو."

"تا هاوین تەواو بوو، لەو سەرە تەنیا بووی؟"

"نا، بەتەنێ نەبووم. رۆژ نا رۆژێك کاربەدەستەکانی ئیدارە لە شاریەوە دەهاتن. چاودێری حوکومیشیان لەگەڵ بوو. حەفتەی جارێك سەری شارم دەدا و، ئاواڵ شوانەکەم چاوی بەسەریانەوە دەبوو. دەبوو تفاق و توێشووی زستان بنێینەوە."

"یانی لەوێ یەکسەر بەتەنێ نەدەبووی؟"

"نا، هەتا بەفرەکە زۆر نەکەوتووە، هەر هاوینە و بە جێپ تا کێڵگەکە هەر سەعات و نیوێکە. تۆزێك لە سەیرانێکی سادە پترە. کە بەفر بباری و ترۆمبێل بۆ ئەوێ دەرنەچێ، ئیتر تا زستان تەواو دەبێ، لەوێ قەتیس دەبی."

"یانی ئێستا کەس لە کوێستان نەماوە؟"

"خاوەنی هاوینەهەوارەکە نەبێ، هیچ کەس."

"خاوەنی هاوینەهەوارەکە، بەڵام من بیستوومە زۆر لەمێژە ئەوێ دەستی لێ بەردراوە."

جگەرەکە لە سەر زەوی ورد کرد و پێی لەسەر دانا. "دەمێك بوو دەستیان لیٚ بەردابوو. بەڵام ئێستا بووژاندوویانەتەوە. ئەگەر یەکێك بیەویٚ لەویٚ بژی، چۆن ناتوانیٚ! من خۆم کات بۆ پاراستنی خانووەکە تەرخان دەکەم. کارەبا و تەلەفۆن و ئاوردوو، هەموو شتێك دابینە. یەك شووشەشی نەشکاوە."

"ئەو پیاوەی لە شارەوانی بوو، گوتی، کەسی لیٚ نییە."

"زۆر شت هەیە ئەوانە ئاگایان لێی نییە. من لە ئەوەڵەوە بە نهێنی کارم بۆ خاوەن خانووەکە دەکرد. قەتیش بە کەسم نەگوت. خۆی بە منی گوت ئەو مەسەلەیە لای کەس باس نەکەم."

جگەرەیەکی دیکەشی دەویست، بەڵام پاکەتەکەی تێیدا نەمابوو. پاکەتە نیوەکەی خۆمم، کە جگەرەی لارکز بوو، دایێ و، دراوێکی دە هەزار پەنیشم لەسەر دانا. کابرا ساتێك سەیری بەخششەکەی کرد. جگەرەیەکی خستە سەر لێوی و، هەمووانی خستە گیرفانی و گوتی: "ماڵت ئاوەدان بیٚ."

"دەی باشە، ئەو خاوەن خانووە، کەی پەیدا بوو؟"

"بەهار بوو، هێشتا بەفر نەتوابوونەوە، کەواتە مانگی مارس بوو. پێم وایە پێنج ساڵێك دەبیٚ لەوێیە. جوان لێم روون نییە ئەوەندە بە شوێن چییەوە بووە، بەڵام کەیفی خۆیەتی. بەمنی گوت، هیچ شتێك بەکەس نەڵێم. دیارە لەخۆڕا نییە. هەرچۆنێك بیٚ لەودەمەوە لەوێیە. من بە دزییەوە خواردن و ئاوردووی بۆ دەبەم و، کەم کەمە بە جێپ بۆی دەبەمە ئەویٚ. بەو شتانەی کڕیوێتی، ساڵێك بەبیٚ کێشە دەتوانیٚ لەویٚ بمێنێتەوە."

"لە تەمەنی مندا نەبوو؟ سمێڵیشی هەیە؟"

گوتی: "ئەها، وایە، راست خۆیەتی."

پێویست نەبوو وێنەکەی پێشان بدەم. گوتم: "زۆر باشە."

دەشتەوانەمان بە پارە قایل کرد باسمان بۆ بکا. قەول وابوو سەعات هەشتی بەیانی سوارمان بکا و بمانباتە کێڵگەی مەڕبەخێوکردنەکە لە کوێستانێ.

گوتی: "پێم وایە دەکرێ دوانیوەڕۆش مەڕەکان دەرمان بکەین."

کابرایەکی شێلگیر و مکووڕ بوو.

گوتی: "شتێکی دیکەش نیگەرانم دەکا، بارانەکەی شەوێ عەرزی نەرم کردووە و جێیەك هەیە ترۆمبێل لێی دەرناچێ. هەر بۆیە لەوانەیە ناچار بم داواتان لێ بکەم لەوێوە بەپێیان بڕۆن، ئەوەیان خەتای من نییە."

گوتم: "قەیناکا."

کە لە گردەکەوە دادەگەڕاین، لە پڕ وەبیرم هاتەوە، باوکی جرجە مشك، ڤێلایەکی لە هۆکایدۆ بۆ رابواردن هەبوو. بیهێنە بەرچاوی خۆت، جرجە مشك چەند ساڵ لەمەوبەر زۆر جار گوتبووی لە سەر چیاکان، لەوەڕگەیەکی گەورە و خانوویەکی دوونهۆمی کۆن. من هەمیشە درەنگ وردەشتە گرینگەکانم دێتەوە بیر.

هەر ئەو دەمەی نامەکەی جرجەمشکم بەدەست گەیشتبوو، دەبوایە وەبیرم بێتەوە. خۆ ئەگەر هەر ئەودەم بیرم کەوتباوە، زۆر رێی جۆراوجۆر هەبوو وەشوێنی بکەوم.

زۆر لە خۆم تووڕە بووم، بە رێگەی شاخ و کێوەکەدا کە وردە وردە تاریکدا دەهات، بە زەحمەت گەڕامەوە شار. لەو سەعات و نیوەدا کە بە ڕێگاوە بووم، تەنیا تووشی سێ ئامرازی راگواستن بووم. دوو کامیۆن کە داریان بار کردبوو و تراکتۆرێکی بچووکیش، کە هەمووان بەرەو خوارووی گردەکە دەڕۆیشتن، بەڵام هیچیان بۆیان رانەگرتم سوارم بکەن. ئەوەندەی پێوەندیی بەخۆمەوە هەبوو، چ باشتریش.

سەعات لە حەوت لای دابوو کە گەیشتمەوە میوانخانەکە و، شەوەکەیش ئەنگوستەچاو بوو. گیانم تا مۆخی ئێسقانم سڕ ببوو. سەگەکە قەپۆزی لە کۆلانەکە هێنابووە دەرێ و بەرەو لای من دەلووراند.

دەسگیرانم پانتۆڵی کابۆیی و چاکەتە یەخە فشەکەی منی لەبەر کردبوو و، لە هۆڵی چاوەڕوانیەکە و نزیك دەرگای وەرژوورکەوتن، نوقمی گەمەی کۆمپیۆتەری بوو. دیار بوو کۆنەژوورێکی ئاوەدانکراوەیە، بەڵام کوانووەکی زۆر باشی هەبوو. سۆپەیەکی دار. جگە لەوانە چوار گەمەی کۆمپیۆتەری و دوو مێزی پین باڵیشی هەبوو. مێزەکانی پین باڵ، لەو مێزە ئیسپانییە کۆنانە بوو، لەو جۆرە مۆدێلانەی لە هیچ کوێی دیکە دەست ناکەون.

دەسگیرانم گوتی: "من برسیمە."

داوای خواردنم کرد و ئاوێکیشم بەخۆمدا کرد. بەدەم وشکبوونەوەم، پاش چەند ساڵان خۆمم کێشا. هەر وەك دە ساڵ لەوەپێش بووم، شێست و شەش کیلۆ. نێوقەدم کە دوو سێ سەنتیمێکی چەوری گرتبوو، لە حەفتەی رابردوودا توابۆوە.

کە چوومەوە ژوورەکەم، نان دانرابوو.

٣٢

گەوە شوومەکەی جادە

بەیانی، تەمومژ و فێنك بوو. بەزەییم بە مەڕەکاندا دەهات. مەلەکردن لەو دەرمانە پاکژکەرەوە ساردەدا، بەو سەرمایە زۆر زاڵمانە بوو. لەوانەیە مەڕەکان هەر هەست نەکەن. لەوانەیە هەست بەهیچ شتێك نەکەن.

پاییزە کورتەکەی هۆکایدۆ خەریك بوو تەواو دەبوو. هەوری رەش و چڕی باکوور بەفریان پێوە بووز لەو سەفەرە ئاسمانییەی سێپتەمبەری تۆکیۆوە بۆ ئۆکتۆبەری هۆکایدۆ، پایزەکەم لەکیس چووبوو. سەرەتا و کۆتاییەکەی بوو، بەڵام نێوەڕاستی پاییزم هەر نەدی.

شەشی بەیانی بەخەبەر هاتم و دەموچاوم شوشت. بەتەنێ لە رارەوەکە دانیشتم و، تا نانی بەیانی ئامادە کرا، لە پەنجەرەوە سەیری دەرەوەم کرد. لە دوێنێوە، ئاوی رووبارەکە تۆزێك نیشتبۆوە و، ئێستا روون ببۆوە و، لە بەستێنەکەی بەرامبەرەوە تا چاو هەتەر یدەکرد، مەرەزەجاڕێك بوو، کە تێیدا بای ناوەختی بەیانی، بە نێو گژ و گیا بەرز و گەیوەکاندا، کەوتبووە شوێن شەپۆلە بێ ئامانجەکان.

ئەو تراکتۆرەی بە پردە کۆنکرێتەکەدا پەڕیەوە و بەرەو گردەکان هەڵکشا، لەو رەشەبایەدا، بە زەحمەت دەنگی تەپەتەپی ماتۆرەکەی دەبیسرا. سێ قالاو لەسەر دار بووزەکانەوە، کە ئێستا زەرد دەچوونەوە، هەڵفڕین. خولێکی باش بەسەر رووبارەکەدا سووڕانەوە و، لەسەر پەرژینەکانی بینایەك نیشتنەوە. ئەو قالاوانەی لەوێ هەڵنیشتبوون، دەتگوت سەیرکەری تۆخی شانۆیەکی پێشەنگن. زوو لە دەورەکەی خۆیان وەڕەز بوون، لە شەقەی باڵیان دا و، لە حەوێقی ئاسمانێ لەچاوان ون بوون.

جێپە قەدیمییەکەی دەشتەوان، رێك سەعات هەشت لە دەرەوەی میوانخانەکە راگیرابوو. میچی جێپەکە چوارگۆشە بوو. سەرەڕای ژمارە و پلاکی هێزی بەرگری، کە بە پێشەوەی بوو و دەخوێنرایەوە، شتێکی بێ سوود دیار بوو.

دەشتەوانەکە هەر چاوی پێم کەوت، گوتی: "هیچ ئاگاداری! خەریکە شتێکی خۆش دەقەومێ. هەوڵم دا بەر لەوەی بچینە کوێستانێ، تەلەفۆن بکەم، بەڵام سەری نەگرت."

من و دەسگیرانم لە کورسییەکەی دواوە دانیشتین. کورسییەکە بۆنی بەنزینی لێ دەهات.

پرسیم: "دواجار کە ویستت تەلەفۆن بکەی، کەی بوو؟"

"باشە، پێم وایە بەرەبەری بیستەمی مانگی رابردوو بوو. لەودەمەوە ئیتر پێوەندیم نەکردووەتەوە. هەر کات شتێکی پێویست بێ، بۆ کڕینی شتێك، خۆی پێوەندی دەکا."

"تەلەفۆنەکە زەنگی لێ دا؟"

"نا، تەنانەت زڕەی مەشغوولبوونیشی نەهات. دیارە لەجێیەك هێڵەکە پچڕاوە. لەوانەیە بەفرێکی قورس کەوتبێ."

"بەڵام هیچ بەفر نەکەوتووە."

دەشتەوان سەیرێکی میچی جێپەکەی کرد و، ملی خۆی بادا بۆ ئەوەی بیتەقێنێ و، گوتی: "کەواتە ناچارین بچین و سەیرێك بکەین، وا نییە؟"

سەرێکم لەقاند، بۆن و هالاوی بەنزینەکە لووتمی گرت.

بە پردە کۆنکرێتەکەدا پەڕینەوە و، هەر بەو رێیەی دوێنێ پێیدا رۆیبووم، بە گردەکە هەڵگەڕاین. کە بە تەنیشت کێڵگەی مەڕبەخێوکردنەکەی شارەوانیدا تێدەپەڕین، هەر سێکمان ئاوڕمان لە ئەستوندەکەکانی تەنیشت تابلۆکەی بەر دەرگا داوە. کێڵگەکە بێدەنگ بوو. دەکرا مەڕەکان بێنینە بەرچاو، هەر کامەیان چاوە شین و روونەکانی بڕیبووە بێدەنگییەکەی پێش خۆی.

"قوڕنووکوشتنەکەت هێشتەوە بۆ دوانیوەڕۆ؟"

"بەڵێ. پەلەم نییە. زۆری ماوە بەفر بکەوێ."

"بەفر کەی دەست پێ دەکا؟"

دەشتەوان دەستێکی بە سوکانەوە بوو، سەری دانواند و کۆخی و گوتی: "ئەگەر حەفتەی دادێ بیکاتە کڕێوە، هیچ پێم سەیر نییە، بەڵام هەتا مانگی نۆڤەمبەر قورس ناکەوێ، تا ئێستا بە زستانان لەم دەوروبەرە نەبووی؟"

گوتم: "نا."

"باشە، کە دەیکاتە کڕێوە، هەر دەڵێی بەندێك شکاوە و، لەسەر یەك کەڵەکە دەبێت. ئیتر ئەوکات، هیچت لەدەست نایە و هەر دەبێ سەرت دابخەی و خۆت لە کونجی ماڵەوە پەستێوی. کەس حەزی لێ نییە لەم دەڤەرە بژیی."

"بەڵام تۆ زۆر لەمێژە هەر لێرە دەژییی."

"چونکە مەڕەکانم خۆش دەوێ. مەڕ، حەیوانێکی نەرمونیانە. ئەوان تەنانەت بنیادەمەکان بە قەڵافەتیان دەناسنەوە. ساڵێك دەخایەنێ تا ئەوەت لێ روون بێتەوە و، ئیتر ئەوکات زیاتریان لێ دەزانی. ئەوان لە وەرزی پاییزدا بەران دەگرن و، بەهارێ دەزێن و هاوینانیش دەلەوەڕن. بەرخەکان کە گەورە بوون، پاییزێ بەران دەگرن. چەند جاری دیکەش. ئەم رەوتە هەر پاتە دەبێتەوە. مەڕەکان هەموو ساڵێ دەگۆڕێن، هەر منم تا دێ پیرتر دەبم و چەندی پیرتر دەبم، کەمتر حەز دەکەم بچمەوە لە شاری بژیم."

دەسگیرانم پرسیی: "مەڕەکان زستانان چ دەکەن؟"

دەشتەوان کە هێشتاش دەستی بە سوکانەکەوە بوو، ئاوڕێکی داوە و سەیرێکی دەسگیرانمی کرد. هەر دەتگوت نەیزانیوە لەوێوە. خەریك بوو لە ئاوێنەکەدا هەڵیلووشێ. جادەکە رێك و راست بوو و، هیچ ترۆمبێلێك دیار نەبوو، ئارەقەیەکی ساردم کرد.

ئاخرییەکەی، دەشتەوان دیسان چاوی بڕییەوە جادەکە و گوتی: "تا زستان تەواو دەبێ، هەر لە ژوورێدا دەبن."

"ئەی وەڕەز نابن؟"

"بۆ تۆ لە ژیانی خۆت بێزار دەبی؟"

"ئەگەر راستیت دەوێ، نازانم."

دەشتەوان گوتی: "دەی مەڕیش وایە، ئەوان بیر لەو شتانە ناکەنەوە و، ئەگەر واشیان کردبایە، سوودێکی بۆیان نەدەبوو. ئەوان زستانەکە، بە خواردن و میزکردن و شەڕ و بیرکردنەوە لە بەرخەکانی نێو زگیان، دەبەنە سەر."

لێژایی گردەکان جار بە جار رژدتر دەبوو و، جادەکە وردەوردە پێچ و گەوی پتر دەبوو. ئەمبەروئەوبەری جادەکە، دیمەنی گوندی وردە وردە جێی خۆی دەدایە دارستانە چڕ و تاریکەکە. هەر جار نە جارێك، درزێك دەکەوتە دیمەنی دەشتەکانی خوارەوە.

دەشتەوان گوتی: "ئێمە لێرە، لەو بەفرەدا ناژییێن. هەر پێویستیش نییە."

پرسیم: "شوێنی خلیسکانێ، یان شاخەوانیی نییە؟"

"نا، ئێرە هیچی نییە. هەر بۆیە سەیرانکەر و شتی وای لێ نییە. هەتا سەرەتاکانی دەیەی شەست، شار نموونەیەك بوو لە بەروبووی کوێستانی. بەڵام پاش ئەوەی بەرهەمی برنج زیادی کرد، کەس حەزی لەم بەستەڵەکە نەما، کارێکی ژیرانەش بوو."

"ئەی کارگەکانی داربڕین چییان بەسەرهات؟"

"ئەوەندەیان کرێکار دەست نەکەوت، هەڵیانسووڕێنن، هەر بۆیە رایانگوێستن بۆ شوێنی باشتر. هێشتاش شار چەند کارگەیەکی بچووکی هەر لێیە، بەڵام زۆر نین. ئێستا ئەو دارانەی لەم کوێستانە دەیانبڕن، بە شارەکەدا دەیانبەنە نایۆری و ئاساهیکاوا. هەر بۆیە شارەکە خەریکە کاول دەبێ، بەڵام جادە و بانەکەی باشە. کامیۆنە گەورەکان، بە تایەی سەهۆڵشکێن دەتوانن کلیلە و رنووە بەفرەکان ببڕن."

بەبێ ئەوەی ئاگام لێ بێ، جگەرەیەکم خستە سەر لێوم، بەڵام بەر لەوەی دایگیرسێنم، کەوتمە بیر هاڵاوی بەنزینەکە و خستمەوە نێو پاکەتەکە و، خۆم بە مشتنی نوقڵە لیمۆییەکەوە خافلاند. تامەکەی بوو، بە تامێکی سەیری بەنزینی لیمۆییی.

دەسگیرانم پرسیی: "مەڕەکان بەشەڕ دێن؟"

دەشتەوان گوتی: "بەڵێ، شەڕ دەکەن. هەموو ئەو ئاژەڵانەی پێکەوە دەژین، ئاوان. لە نێو مێگەلە مەڕیشدا، هەر کەسە و جێگە و پێگەی خۆی هەیە. ئەگەر ئاغەڵێك پەنجا سەر مەڕی تێدا بێ، لە ژمارەی یەکەوە تا پەنجا و هەر کامەشیان دەزانن چ پلەیەکیان هەیە."

دەسگیرانم گوتی: "زۆر سەیرە."

"ئاوا راگرتنیان بۆمن سووکترە. کە مەڕی ژمارە یەکت لێخوڕی، ئەوانی دیکە بێ یەك و دوو وەشوێنی دەکەون."

"دەی باشە، ئەگەر جێگە و پێگەی خۆیان دەزانن، بۆچی بەشەڕ دێن؟"

"ئەگەر مەڕێك زەبری پێ بکەوێ و هێز و دەسەڵاتی نەمێنێ، پێگەی لەق دەبێ. ئەودەم مەڕەکانی خوارەوەی هەوڵ دەدەن و دەیانەوێ پێگەیەکی باشتر دەستەبەر بکەن. کە ئەوەش کرا، ئەوان سێ رۆژان بەوەوە سەرقاڵ دەبن."

"بەستەزمانانە."

"ئیٚ، ئاوا هەموو یەکسان دەبن. ئەو مەڕەی کەمتەمەنترە و دەکرێتە دەرەوە و مەڕێکی دیکە دەردەکا، بەڵام کار کە دەکەوێتە قەسابی، ئیتر ژمارە یەك و پەنجا لەگۆڕێ نییە، کەبابێکی بەتام هەیە و هیچی دی."

دەسگیرانم گوتی: "ئەها."

"بەڵام شتێك کە بەراستی جێی داخە، ئەو بەرانانەن کە تێ بەردراون. خۆ دەزانن شەکی یەك بەران چۆنە؟"

گوتم: "نا، نازانم."

"گرینگترین شتێکی لە بەخێوکردنی مەڕدا، دەبێ زۆرت ئاگا لێی بێ، بەران تێبەردانە. هەر بۆیە دەبێ هەڵیانهاوێری. شەکە مەڕ پێکەوە و بەران پێکەوە. دوایی بەرانێکیان لەنێو دەکەی. دیارە ئەو بەرانە، بەهێزترین بەرانە و ژمارە یەکە. واتە باشترین تۆو. پاش مانگێك، کە تەواو بوو، ئەو بەرانی تۆوییە، دیسان دەبەیەوە ئاغەڵی بەرانەکان. بەڵام لەو ماوەیەدا کە بەرانەکە خەریکی پەڕین بووە، بەرانەکانی دیکە پلەکانیان پڕ کردووەتەوە و، بەرانەکەش ئەوەندە پەڕیوە، لەڕ و لاواز بووە و، ئیتر شانسی ئەوەی نییە لە شەڕەکەدا بیباتەوە. هەر بۆیە بەرانەکانی دیکە ملی لەبەر مل دەنێن. ئیتر ئەوەی زۆر ناخۆش و دڵتەزێنە."

"مەڕەکان چۆن شەڕ دەکەن؟"

"ئەوان کەللەی سەریان پێکدا دەدەن. تەختی نێوچاوانی مەڕ وەك پۆڵا وایە و ناوەکەی بۆش بۆشە."

دەسگیرانم هیچی نەگوت، بەڵام دیار بوو تەواو چووەتە فکرەوە. پێم وایە مەڕ و بەرانە تووڕەکانی دێنایە پێش چاوی، کە چۆن سەریان پێکدا دەکێشن."

پاش نیوسەعات لێخوڕین، ڕێگە ڕاستەکە لەپڕ بڕایەوە و، جادەکە باریك بۆوە و هەر نیوەی ما. دارستانە چڕ و تاریکەکە، وەك شەپۆلێکی گەورە هرووژمی بۆ هێناین و هەواش ساردی کرد.

جادەکە سامناك بوو و، جێپەکەش وەك دەرزیی ئامرازی بوومەلەرزەناس، بەرز و نزمیی دەکرد و بەنزیکی نێو دەفرە پلاستیکییەکەی بەرپێمانی رادەشڵەقاند. بەنزینەکە دەنگێکی تایبەتی هەبوو، دەتگوت مێشکی یەکێکە شڵپەی دێ و دەیەوێ لە کاژەڵاکی سەری بێتە دەرێ. عەسەبیی دەکردم؟ ئەی خۆ دیارە عەسەبیی دەکردم.

جادەکە بیست دەقە یان نیوسەعاتێك ئاوا بوو. تەنانەت خۆشم ئەوەندە قایم پێ نەدەگیرا، کە بتوانم سەیرێکی سەعاتەکەم بکەم. لەو مەودایەدا کەس ورتەی نەدەهات. ئەو پشتوێنەی بە کورسییەکەوە بوو، توند رایگرتبووم و دەسگیرانم خۆی بە باسکی چەپمەوە نووساندبوو. دەشتەوان، زەینی لەسەر سوکانەکە بوو.

لەپڕ دەشتەوان گوتی: "لای چەپ."

من کە نەمدەزانی دەبێ چاوەڕوانی چ بم، ئاوڕم داوە و سەیرم کرد، زەوییەکە دەبووە هەڵدێر و، دیوارە تاریکەکەی دارستان تەواو لێك دەبۆوە. شیوەکە بەرین بوو و، دوورەدیمەنەکەی زۆر جوان بوو. بەڵام هیچ دڵگر نەبوو. بەردەڵێنێکی کاکی بەکاکی و بێ ژیان. هەناسەی پڕ لە هەڕەشەیت بۆ دەهات. دیسان چیایەکی قووچی لووس لە جادەکەوە دەرکەوت. لە ترۆپکەکەی، هێزێکی سامناك، قووچەکەکەی خوار کردبوو و بیچمی گۆڕیبوو.

دەشتەوان کە توند سوکانەکەی گرتبوو، چەناگەی بەرەو لای قووچەکەکە بردە پێشەوە و گوتی: "بەرەو ئەوێ دەچین."

ئەو با بەهێزەی لە لێژاییە رژدەکەی شیوەکەوە دەهاتە سەر، چڵوچێو و گەڵا ئەستوورەکانی بەرەو سەر دێنا و خۆڵ و لمەکەی نەرم نەرم بە شووشەکاندا دەکرد.

لە شوێنێکی نزیك نووکی قووچەکەکە، پێچ و گەوی جادەکە بڕایەوە. لێژایی بەری راست، بوو بە کۆمەڵە هەڵدێرێکی بورکانی و دوای ئەوە بە دیمەنێکی بەردینی لێژ. جێپەکە لەسەر لێواری باریکی هەڵدێرێك، کە لە پانایی رەوەزێکی یەکدەست تاشرابوو، بە زەحمەت بەرەو پێشەوە دەخزی.

هەوا وردە وردە ناخۆشتر دەبوو. پەڵەپەڵەی ئاسمانە خۆڵەمێشی ــ ڕووناکەکە، کە شینایییەکی بە بنەوە دیار بوو، لەو ناسکێتییە نەگۆڕەی خۆی وەڕەز بوو، تاریك داهات و، تێکەڵاوی تاریکایییە ئەنگوستەچاوەکە بوو و، بیچمێکی شووم بەسەر چیاکاندا کشا.

لەو ئاڵۆزییەی کوێستاندا، بایەکی بەتەوژم هەڵی کردبوو، زۆر سامناك گڤەی دەهات و دەیلووراند. ئارەقەی سەر برۆمم سڕییەوە، هەموو گیانم، لە بنەوە ئارەقەیەی ساردی کردبوو.

هەر جارێکی دەشتەوان سوکانەکەی بەرەو لای راست و دیسانیش بەلای راستدا دەسووڕاند، زاری لەگەڵ خوار دەکرد. دوایی وەك بڵێی هەوڵ بدا شتێك ببیسێ، خۆی بۆ پێشەوە کۆم دەکردەوە، جێپەکەی وردە

ورده شل كردەوه و له شوێنێك كه جادەكه تۆزێك بەرین ببۆوه، رایگرت. كوژاندییەوه و، ئێمەش له بێدەنگییەكی خەستدا دانیشتین. هەر "با" بوو، زەوییەكەی رادەماڵی.
دەشتەوان هەردوو دەستی لەسەر سوكانەكه دانا. پێم وایه نیو سەعاتێكی پێ چوو تا له جێپەكه هاته دەرێ و پێیەكی به عەرزەكەدا كێشا. من بەدوایدا دابەزیم و له تەنیشتی راوەستام و سەیری جادەكەم كرد.
دەشتەوان گوتی: "خراپ كەوت، زیاتر لەوەی بیرم لێ كردبۆوه، باریوه. جادەكه زۆریش تەڕ دیار نەبوو. كوڕه هەر وشك وشك و رەق دیار بوو."
گوتی: "بەڵام بنی تەڕه، هەمووان دەخەڵەتێنێ، لێره شتەكه فەرقی هەیه."
"فەرقی هەیه؟"
لەبری وەڵامدانەوه، جگەرەیەكی له گیرفانی دەرهێنا و دایگیرساند و گوتی: "دەڵێی چی پیاسەیەك بكەین؟"
دووسەد مەترسێك هەتا گەوەكەی دوایی رۆیشتین. هەستم به سەرما ناخۆشەكه دەكرد. زنجیری پاڵتۆباگرەكەمم هەتا سەرێ هەڵكێشا و، یەخەمم قوت كردەوه. دەشتەوان بەرەو راست، بەرەو لای هەڵدێرەكه و، له حاڵێكدا هێشتا جگەرەكەی بەلێوەوه بوو، نێوچاوانی گرژ كردبوو. ئاوەكه، كه رەنگێكی قاوەیی روونی هەبوو، له نێوەندی هەڵدێرەكەوه دڵۆپ دڵۆپ هەڵدەڕژا و به رەوەزەكەدا دەهاته خوارێ و لەسەر خۆ به نێوەڕاستی جادەكەدا تێدەپەڕی. به سەری پەنجەم له رەوەزەكەم دا. زیاتر له شتێك دەچوو، كه كونكون بێ و، رووكارەكەی هەر دەستت لێدابا، ورد دەبوو.
دەشتەوان گوتی: "ئێره گەوێكی جەهەننەمییە. سەرەوەی شله، بەڵام هەر ئەوه نییە. بەدشوومیشه. تەنانەت مەڕەكانیش لێی دەترسن."
كۆخی و، جگەرەكەی فڕێ دا.
"حەز ناكەم وا بكەم، بەڵام نامەوێ خۆم بخەمه مەترسییەوه."
سەرم لەقاند.
"پێت وایه بتوانن بەپێیان بچن؟"
"مەسەلەی بەپێیان نیه، ئەو لەرزینەوەیەی رێگه رۆیشتنەكەمان دروستی دەكا، نیگەرانی كردووم."

دەشتەوان چەند پێلەقەیەکی توندتری لە عەرزەکە وەژاند. چرکەیەکی تەواوی خایاند تا بەحاڵ دەنگی دایەوە.

"دەکرێ بەسەریدا بڕۆی."

بەرەو جێپەکە گەڕاینەوە."

دەشتەوان گوتی: "لێرەوە پێنج کیلۆمەتر و نیوی دیکەتان لەپێشە، گەرچی ژنێکیشت لەگەڵە، بەڵام بە سەعات و نیوێکی دیکە هەر دەگەیەی، جادەکە ڕێکە، زۆر لێژ نییە. زۆر بەداخم ناتوانم بتانگەیەنمێ."

"قەیناکا، ماڵت ئاوەدان بێ بۆ هەموو هاوکارییەکت."

"دەتانەوێ لەوێ بمێننەوە؟"

"نازانم، لەوانەیە هەر بەیانی بگەڕێمەوە. لەوانەشە حەفتەیەك بخایەنێ. پێوەندیی بەوەوە هەیە بارودۆخەکە چۆن بخوازێ."

جگەرەیەکی دیکەی خستە سەر لێوی، بەڵام ئەمجارەیان بەر لەوەی دایگیرسێنێ، کەوتە کۆخین و گوتی:

"وا باشترە ئاگاتان لەخۆتان بێ، وادیارە بەفرەکە زوو دایدەکا. کە بەفریش بکەوێ، ئیتر ناتوانن بێنە دەرێ."

گوتم: "لەسەر هەست دەبم."

"لە تەنیشت دەرگاکەی پێشەوە، سندووقێکی پۆستەی لێیە، کلیلەکە لە بن ئەوێ خزێنراوە. ئەگەر کەسی لێ نەبوو، بەو بیکەنەوە."

لە بن ئاسمانە خۆڵەمێشی ـ قورقوشمینەکەدا، جێپەکەمان بەتاڵ کرد. پاڵتۆباگێڕەوەکەم داکەند و یەکی قورسی شاخەوانیم کردە بەرم. هێشتاش سەرمام بوو.

دەشتەوان زۆر بە زەحمەت توانیی جێپەکەی هۆ بداتەوە* و چەند جارێك خۆی بە تاشەبەردەکەدا کێشا و، هەر جارێکی وێی دەکەوت، تاشەبەردەکە ورد دەبوو. ئاخری توانیی هۆی بداتەوە، هۆڕنێکی لێدا و دەستی راوەشاند. منیش دەستم لێ هەڵێنا. جێپەکە بەگەوی جادەدا سووڕاوە و ڕۆیشت.

بەتاقی تەنێ ماینەوە. هەر دەتگوت لەسەر لێواری دنیایە بەرەڵا کراوین.

---

*هۆدانەوە: گێڕانەوە. سووڕاندنەوە. گەڕاندنەوە.

کۆڵپشتەکەمان دانا و، بەبێ ئەوەی قسەیەك بکەین، هەر لەوێ ڕاوەستاین و هەوڵمان دا، بزانین لە کوێوەین. لە خوارمانەوە، باریکەی ڕووبارێکی زیوین بە پێچ و گەوەکاندا دەخوشی و دەڕۆیشت. هەردوو بەستێنی ڕووبارەکە(ئەمبەروئەوبەر)، مێشەیەکی چڕ بوو. ئەوبەری شیوەکە، هەموو گرۆدلکەی زەرد و پاییزەلێدراو بوو و، لەوبەری ئەوانیشەوە، دوورەدیمەنێکی تەماویی زەوییەکی ڕێك. لەو کێڵگانەی لەوێدا کلۆشە برنجەکانیان سووتاندبوو، دووکەڵ بەرەو ئاسمانێ کۆڵەکەی دەکرد. دیمەنێکی هەژێنەر بوو، بەڵام زۆر دڵخۆشی نەدەکردم. هەموو شتێك زۆر دوور و زۆر نامۆ دیار بوو.
ئاسمان بە هەورە شێدارە خۆڵەمێشییەکانییەوە، کە دەتگوت تەواو پێش تیشکی تاوی گرتووە، دڵمی تەواو توند دەکرد. لە ژێر ئەوەوە، لێرەو لەوێ و لە نزیك یەکترەوە، گەواڵەهەوری ڕەش بەڕێوە بوون. هەورەکان لە لای وشکاڕۆی ئاسیاوە بەرەو ڕۆژهەڵات دەڕۆیشتن و، لە سەر ڕێی خۆیان بەخێرایی بەسەر دەریای ژاپۆندا هەتا هۆکایدۆ دەخوشین هەتا دەگەیشتنە دەریای ئۆرخۆتسك. تێکڕای ئەوانە، وایان سەرقاڵ کردبووین ئاگامان لە بەرپێی خۆمان نەمێنێ، کە سستەك و لەرزۆکە. هەر ڕەشەبایەکی بەس بوو، بۆ ئەوەی ئەو کەوانە بەردەی بەحاستەم بە هەڵدێرەکەوە نووسابوو، بەربێتەوە و هەڵماندێرێتە ناخی دۆزەخەوە.
کۆڵپشتە زلەکەمم خستەوە سەرشانم و گوتم: "وەرە با بڕۆین."
شتێکی وەك باران یان تەرزە بە ئاسمانەوە بوو و، دەمەویست بگەینە شوێنێك میچێکی هەبێ. بەدڵنیاییەوە نەمدەویست لێرە لەو سەرمایەدا بخووسێم.
دەسبەجێ لە "گەوە مردووە"وە بەپێیان کەوتینە ڕێ. دەشتەوان ڕاستی دەکرد. جێیەکی بەدشووم بوو. لە عەزابێك دەچوو، کە لە پێشدا لەشمی تەنی و لەوێوە خزی هەتا هێمایەکی وریاکردنەوە لە سەرمدا بێنێتە دەنگ. هەستێك، وەك ئەودەمانەی لە چۆمێك دەپەڕییەوە و، لە پڕ پێت لە قوڕێك دەچەقێ، کە تینەکەی جیاوازە.
هەر لەو سێسەد مەترەدا کە بەپێیان دەڕۆیشتین، چەند جارێك ترپەی پێمان لەسەر جادەکە گۆڕدرا. چەند جاران تووشی ئەو جۆگە و جۆگەلانە بووین، کە بەهارانە لووزەو دەبەستن.

تەنانەت پاش ئەوەی گەوەکەشمان بڕی، هەر هەنگاومان شل نەکردنەوە و، هەوڵمان دا چەندی بۆمان دەکرێ پتر لێی دوور بکەوینەوە. زەمانێك دانیشتین و پشوویەکمان دا، کە ئیتر نیوسەعاتێك رێگەمان بڕیبوو و، لێژاییەکەی جادەکە نەمابوو و دارەکان دەرکەوتبوون.

کە هەندێ پتر چووینە پێش، ئیتر باقی رێگەکەمان بەلاوە ئەستەم نەبوو. جادەکە رێك بوو و، چیا ترۆپك تیژەکان نەویتر بوونەوە. وردەوردە گەیشتینە شوێنێکی بەرز و دڵگر.

لە نیوسەعاتەکەی دیکەدا، قووچەکەکەمان تەواو بەجێ هێشت و گەیشتینە دەشتێك، کە شاخی بڕگەبڕگەی تێدا بوو و، هەتا چاو هەتەری دەکرد، چڕ چڕ رەشەدار دیار بوون کە گەڵاکانیان ببووە خەزەڵ. لە نێو رەشەدارەکاندا هێشتا دەوەن و نەمامی گەش هەبوون و، لێرەو لەوێ دار بووزی رەزیو و قاوەیی شکابوونەوە و کەوتبوون.

دەسگیرانم گوتی: "پێ ناچێ شوێنێکی ناخۆش بێ."

دیارە پاش ئەو گەوە، ئیتر شوێنێکی ناخۆش دیار نییە.

جادەکە رێك بەنێو رەشەدارەکاندا دەیبردین. بە زەحمەت جێپێکیدا پێدا رەت دەبوو و، رێك و راستیش بوو. تەنانەت یەك گەوەشی نەبوو و، کە سەیری پێش خۆتت دەکرد، هەموو شتێك دەگەیشتەوە خاڵێك. تەنانەت هەورە رەشەکانیش، یەکڕاست بەسەر ئەو خاڵەدا رادەبردن.

هێمن هێمنیش بوو. ئەو دارستانە بێ بنە، تەنانەت دەنگ سۆزەی "با"ـیشی هەڵدەلووشی. قیژەی قورینگێکی قەڵەو دڕی بە بێدەنگییەکە دا. مەلەکە لە چاوان ون بوو، بێدەنگی وەك ئاوێکی لیچق کە قەڵشت و کەلێن بگرێ، تەنییەوە. ئەو گەڵایانەی وەریبوونە سەر جادەکە، بە بارانەکەی پێرێ خووسابوون. جادەکەش وەك دارستانەکەی دەوری خۆی، بێبن و بێبڕانەوە دیار بوو. هەورە نزمەکانن کە چەند ساتێ لەوەپێش ترسناك دیار بوون، ئیتر لە نێو دارستانەکەدا لە شتی سەیروسەمەرە و وەهمی دەچوون.

چارەگێکی دی، گەیشتینە جۆبارێکی روون. پردە پەرژینێك، کە لە دار بووزەکانی ئەوێ دروست کرابوو و، لەە نزیك مەیدانە بچووکە ئاوەڵاکەی ئەوێوە بوو.

کۆڵەکانمان دانا و، بەرەو جۆبارەکە چووینە خوارێ و ئاومان خواردەوە. لە ژیانمدا ئاوی وا خۆشم نەخواردبۆوە. هێندە سارد بوو دەستم تەزین و، تۆزێکیش بە تامی خاکەکە شیرین ببوو.

هەورەکان ڕێی خۆیان گرتبوو و دەڕۆیشتن، بەڵام هێشتاش هەواکە زۆر نەگۆڕابوو. دەسگیرانم قەیتانی پێڵاوە شاخەوانییەکانی توند کرد و، لەسەر پەرژینەکە دانیشتم و جگەرەیەکم داگیرساند.

گوێم لە دەنگی تاڤگەکە دەبوو. بە دەنگەکەیڕا دیار بوو زۆر گەورە نییە. پشووەبایەکی خۆش لە لای چەپەوە دەهات و، لە لکوپۆی دارەکان دەهاڵا و لێکی بڵاو دەکردن.

کە جگەرەکەم تەواو بوو، پێم ڕێ خست و پانم کردەوە. قونچکە جگەرەیەکی دیکەم لە بەر پێم دی. هەڵم گرتەوە. سێڤن ستار بوو. پان کرابۆوە. کەواتە، پاش بارانەکەی دوێنێ، واتە دوێنێ، یان هەر ئەمڕۆ لەوێ بووە.

هەوڵم دا مارکەی ئەو جگەرەیەم بێتەوە بیر، کە جرجەمشك دەیکێشا. بەڵام هەرچیم کرد تەنانەت وەبیرم نەهاتەوە کە ئاخۆ ئەو جگەرەی هەر دەکێشا یان نا. پاشگەز بوومەوە و قونچکە جگەرەکەم فڕێ دایە نێو جۆگەکەوە. لووزەوی ئاوەکە دەسبەجێ رای دا.

دەسگیرانم پرسیی: "چ بوو؟"

"قونچکە جگەرەیەکی تازەم دۆزیەوە، کەواتە زۆر لە مێژ نییە یەکێکی وەك من لێرە دانیشتووە و جگەرەی کێشاوە."

"برادەرت بووە؟"

"خۆزگە خۆی بێ."

لە تەنیشتم دانیشت و قژی بۆ دواوە هەڵداوە و، پاش دەمێکی زۆر، دیمەنێکی گوێچکەی پێشان دامەوە. دەنگی تاڤگەکە کز بوو و ، دیسان هاتەوە.

پرسیی: "هێشتاش گوێچکەمت خۆش دەوێ؟"

زەردەیەکم هاتێ و گوتی: "خۆ لێت سوورە خۆشم دەوێن."

چارەگێکی دیکە، لە پڕ جادەکە بڕایەوە. ڕێك وەك دارستانە چڕەکە، کە لە پڕێکدا تەواو بوو. لە بەردەممانەوە، تا چاو بڕی دەکرد، لەوەڕگەیەك هەبوو.

دەوراندەوری لەوڕگەکە، هەر لە مەودای پێنج مەتردا کۆڵەکەیەك چەقێنرابوو. تەلدڕووی کۆن و ژەنگهەلێناو کۆڵەکەکانیان پێکەوە بەستبۆوە. دیار بوو ڕێی لەوەڕگەکەکان دۆزیوەتەوە. دەرگایەکی دووتای رزیوم کردەوە و چوومە ژووری. گژ و گیاکە نەرم بوو و، گڵەکەش رەش و شێدار.

هەورە رەشەکان بەسەر لەوەڕگەکەدا تێدەپەڕین و، ریز ریز لووتکەی چیایان لە سەر رێگە بوو. گۆشەنیگای دیمەنەکە لە وێنەکەی جرجەمشك جیاواز بوو. گومانێکی تێدا نەبوو. پێویست نەبوو وێنەکە دەربێنم، دڵنیا بووم. هەر ئەو شاخانە بوو.

بەڵام ئێستا لە نزیکەوە دیتنی دیمەنێك کە هەتا ئەو دەم سەدان جار لە وێنەکەدا دیتبووم، شتێکی ناخۆش بوو. قووڵایی شوێنە راستەقینەکە، دەتگوت دەستکردە. لەویبوونی منیش، وەك ئەوەی هەست بکەی ئەو دیمەنە هەروا بە رێکەوت پێکەوە لکێنرابێ، لە خەون و خەیاڵ دەچوو.

پاڵم بە دەرگاکەوە دا و، ئاخێکم هەڵکێشا. خۆی بوو، هەر ئەو شتەی لێی دەگەڕام و، ئەو گەڕانە هەر مانایەکیشی بووبێ، ئیتر ئێمە دۆزیبوومانەوە.

دەسگیرانم دەستێکی بە باسکمدا هێنا و گوتی: "سەرکەوتین، ها؟"

نەدەکرا شتێکی دیکە بڵێی. گوتم: "سەرکەوتین."

رێك لە نێوەڕاستی لەوەڕگەکە، خانوویەکی دارینی دوو نهۆم بە شێوەی ئەمریکایی دروست کرابوو. خانووەك کە پرۆفیسۆر مەڕ چل ساڵ لەمەوبەر دروستی کردبوو و، باوکی جرجە مشك کڕیبوویەوە. خانووەکە شتێکی وای لێ نزیك نەبوو، کە بکرێ گەورەیی خانووەکەی پێ بگری، هەر بۆیە لە دوورەوە زەحمەت بوو بزانی خانووەکە چەندەیە. هەرچۆنێك بێ، کۆم ببۆوە و گیانی لەبەردا نەبوو و، رەنگە سپییەکەی لە بن ئاسمانە پڕ هەورەکەدا، لە رەنگێکی خۆڵەمێشیی شووم دەچوو. لە نێوەندی سەربانە سێگۆشە رەنگمۆرەکەوە، دووکەڵکێشێکی خشتیی چوارگۆشە هاتبووە دەرێ. دەوری خانووەکە، لە بری ئاسنەپەرژین، ریزێك داری هەمیشە بەهاری لێ بوو، کە لە هۆکارە سروشتییەکان دەیپاراست. هەر سەیر لە کاولاش دەچوو. ناخۆش و بێگیان نەبوو، دروستکرانەکەشی سەیروسەمەرە نەبوو، یان تەنانەت واش نەبوو، کە پێویستی بە نۆژەنکردنەوە بێ. هەر... سەیروسەمەرە بوو. لە گیانلەبەرێکی زەبەلاح دەچوو، کە بەبێ ئەوەی توانیبێتی هەست و کوڵی خۆی نیشان بدا، گەورە بووبێ. نەك ئەوەی نەزانێ چۆن هەستی خۆی دەربڕێ، بەڵکو لەبەر ئەوەی نەیزانیوە دەبێ چ شتێك دەربڕێ.

لە پڕ بۆنی باران هەموو ولاتی تەنی. وەختی رۆیشتن بوو. بە نێوەڕاستی لەوەڕگەکەدا راستەوڕێ بەرەو خانووەکە وەڕێ کەوتین. ئەو گەواڵە هەورانەی لە رۆژئاواوە دەهاتن، ئیتر چڵکە هەور نەبوون، بەڵکو هەوری باران و بەهەورەتریشقەوە بوون.

لەوەڕگەکە زۆر گەورە بوو. فەرقێکی وای نەبوو، بەپەلە بڕۆین یان بەکاوەخۆ، دەتگوت هەر بەرەوپێش ناچین، مەوداکەم پێ مەزەندە نەدەکرا. کە بیرم لێ دەکردەوە، ئەوە یەکەم زەوییەکی ڕێك بوو، کە بەسەریدا دەڕۆیشتین، هەر بۆیە شتە دوورەکانیش نزیك دیار بوون.

پۆلێك باڵندە لەسەر ڕێی خۆیان بەرەو باکوور، ڕێگەی هەورەکانیان بڕی.

پاش چەند سەعاتان کە گەیشتینەوە ماڵێ، وردە وردە دای کردبووە باران. ماڵەکە لە نزیکەوە گەورەتر و کۆنتر بوو، لەوەی لە دوورەوە دیار بوو. ڕەنگە سپییەکە هەڵی دابوو و توێژ توێژ بوو و، ئەو توێژاڵەی هەڵوەریبوو، لەبەر بارانەکە قاوەیی دەچۆوە، لێرە ناچار دەبووی بۆ ڕەنگکردنەوەی دووبارە، هەموو توێژاڵە هەڵبووەکەی لێ بکەیەوە. جا باشە بۆچی بیرم لە ڕەنگکردنەوەی ئەم خانووە دەکردەوە؟ ئەو بیرکردنەوەیە رایچڵەکاندم. خانووەك، کە هیچ کەسی تێدا نەژی، دەتەپێ و کاول دەبێ، ئەم خانووەش بە دڵنیاییەوە هەر وای لێ دەهات.

بە پێچەوانەی خانووە زورهانەکە، دارەکان هەر هەڵیان دەدا و لەگەشە بوون و، وەك خانووە دارینەکەی رابینسۆنی سویسری لە ئامێز گرتبوو. لك و پۆی بەرز و هەرسنەکراویان، کێوییانە هەستابوون.

بەو جادە پڕ پێچ و گەوە کوێستانیەوە، پڕۆفیسۆر مەڕ لە دروستکردنی ئەو خانووەدا شاکاری خولقاندبوو. ئاڵودارەکانی هێنابووە ئەوێ. ئەو هەمووە کارەی کردبوو و، بێ و نەبێ دارو نەداری خۆی لەسەر دانابوو. بیری لێ بکەوە، ئێستا هەر ئەو پڕۆفیسۆر مەڕە لە هۆتێل دۆلفین، خۆی لە ژوورێکی تاریکدا بەند کردبوو. نەدەکرا ناوی ژیانێکی ناکام، جا باشتر یان خراپتر لەوە بێنیتە بەرچاو.

لە بەر بارانە ساردەکە راوەستام و چاوم لە خانووەکە بڕی. تەنانەت لە نزیکیشەوە هیچ پێوەی دیار نەبوو کەسی تێدا بژی. پەردە کڕکڕە* دارینەکەی پەنجەرە دوو دەرووە بڵندەکە، خۆڵ و تۆزیان لەسەر کەوتبوو. باران لم و زیخەکەی زوك کۆمەڵە بچیم و شکڵێکی نەگۆڕ لێ کردبوو و، توێژێکی دیکەش لمی بەسەر کشابوو و ، بارانە تازەکەش پەستاوتبووی.

لە نێوەندی دەرگاکەی پێشەوە و ڕێك لە ئاستی چاوەوە، پەنجەرەیەکی تێ کرابوو، کە لە ناوەوە قوماشێکی پێ دا درابوو. دەسگرە برنجەییەکەی دەرگاش بە زیخ و لم سوابوو و، کە دەستت وێی دەکەوت، خۆڵ و لمی لێ هەڵدەوەری. دەسگرەکە، وەك بەرداشێکی پواو دەلەقی، بەڵام دەرگاکە نەکراوە.

---

*کڕکڕە: پەردەی زێبرا. گڕگڕە.

دەرگاکە، لە سێ پارچە دار بەڕوو دروست کرابوو و، زۆر لەوە پتەوتر بوو کە بیرت لێ دەکردەوە. چەند جارێك هەروا لە دەرگاکەم دا. هەر وەك چاوەڕوان دەکرا کەس وەڵامی نەداوە. هێندەم لێ دا دەستم ژانی کرد. با لکوپۆی بەڕووەکەی رادەوەشاند و، گەردەلوولێك هەڵی کردبوو هەر مەپرسە.

هەر وەك دەشتەوان گوتبووی، کلیلەکە لە بن سندووقی پۆستەکە بوو. کلیلێکی برنجەی کۆن، کە شوێن پەنجەی دەست پەڵەیەکی سپیی خستبووە سەری و، مات ببوو.

دەسگیرانم پرسیی: "پێت وا نییە دانانی کلیل لێرە، خەمساردییە؟"

"تۆ دزێکت پێ شك دێ، ئەم هەمووە ڕێیە ببڕێ و بێ و لێرە شتێك بدزێ و بڕواتەوە خوارێ؟"

کلیلەکە زۆر جوان چووە کونی قفڵەکەوە. سووڕاندم. تەقەیەکی لێ هات و خاری قفڵەکە بەری دا.

تاریك بوو. تاریکییەکی نائاسیی. کرکرەکان دەمێك بوو دادرابوونەوە و، زۆری خایاند تا چاومان لەگەڵ تاریکییەکە راهات. یەکسەر تاریك بوو.

ژوورەکە گەورە بوو. گەورە و بێدەنگ و بۆنی کۆنە عەمبارێکی لێ دەهات. بۆنێك کە لە منداڵییەوە هەر لەبیرم مابوو. مۆبل و فەرشەکان کۆن ببوون و رەنگیان پێوە نەمابوو.

دەرگاکەمان پێوە دا و، دەنگی گڤەی بایەکە یەکسەر بڕایەوە.

هەرام کرد: "سڵاو، کەس لەماڵە؟"

خۆ دیار بوو کەسی لێ نییە. جگە لە سەعاتە قەدیمییەکە، کە لە تەنیشت کوانووەکەوە چرکەی دەهات.

تاوێك هەستم کرد سەرم لەگێژەوە دێ. لەو تاریکاییەدا زەمان قوت بۆوە. کات و ساتەکان چوونە بەر یەکەوە. بیرەوەرییەکان هەڵوەرین و ئیتر هەموو شتێك بڕایەوە. چاوم هەڵێنا و هەموو شتێك هاتەوە سەر جێی خۆی. چاوم لە رەنگێکی خۆڵەمێشی بەولاوە هیچی نەدەدی.

دەسگیرانم بە نیگەرانییەوە پرسیی: "ئەرێ باشی؟"

گوتم: "باشم، وەرە با سەیرێکی نهۆمی سەرەوە بکەین."

لەو دەمەدا ئەو لە کلیلەکە دەگەڕا، سەیرێکی سەعاتە درێژووکەکەم کرد. لەو سەعاتانە بوو وا سێ زەنگۆڵەیان پێوەیە و بە زنجیر قورمیش دەکرێن. هەر سێك زنجیرەکە گەیشتبوونە کۆتایی و سەعاتەکە دوا چرکەکانی خۆی بەڕێ دەکرد. بە پێی درێژایی زنجیرەکانی قورمیشی سەعاتەکە، حەفتەیەکی

خایاندبوو تا زەنگوڵەکان بگەنە کۆتایی. یانی لەوحەفتەدا یەکێك لێرە بووە و سەعاتەکەی قورمیش کردووە.
زەنگوڵەکانم تا سەرەوە قورمیش کردنەوە. ئینجا لەسەر مۆبلەکە دانیشتم و قاچم راکێشا. کۆنە مۆبلێکی سەردەمی پێش جەنگ بوو، بەڵام زۆر باش بوو. نە زۆر نەرم بوو، نە زۆر رەق و، بۆنێکی وەك بۆنی لەپی دەستی لێ دەهات.
تەقەیەك هات و چراکان داگیرسان. دەسگیرانم لە چێشتخانەکە دەرکەوت. لەسەر کورسییەکە دانیشت و جگەرەیەکی مێخەکی داگیرساند. خۆشم دانەیەکم داگیرساند.
چونکە ئەو حەزی لەو جۆرە جگەرەیە بوو، ئەمنیش خەریك بوو حەزم دەچووە سەری.
دەسگیرانم گوتی: "پێم وایە برادەرەکەت ویستوویەتی زستانەکە لێرە بژی. بەشی هەموو زستانەکەی ئاوردوو و خواردن لە چێشتخانەکە هەیە. سۆپەرمارکێتێکی تەواوە."
"بەڵام هەر دیار نییە."
"ئەی سەرەوە؟"
بە پلیکانی تەنیشت چێشتخانەکەدا وەسەر کەوتین. لە نیوەی رێیە، پلیکانەکان، کەوانی دەبوونەوە. لە نهۆمی دووەم کە دیار کەوتین، دەتگوت چووینەتە نێو کەشێکی دیکەوە. نهۆمی سێیەم سێ ژووری خەوی هەبوو. ژوورێکی خەوی گەورە لە بەری چەپی هۆڵەکەوە و دوو خەوی بچووکتریش لە لای راستەوە. هەر ژوورێك تاقمی خۆی هەبوو. تەختی خەوەکان، هەتا پێچکەیان رووت ببوونەوە. زەمان لە هەوادا مردبوو.
تەنیا لە خەوتنە بچووکەکەدا هەستت دەکرد بۆنی ئادەمیزادی تێ گەڕاوە. تەختەکە رێکوپێك کرابوو. بالنجەکە تۆزێك قوپیبوو ، دەستێك پیژامەی شین لەسەر تەختەکە قەد کرابوون. چرایەکی مۆدێل کۆن، لە تەنیشت مێزە مەیلەوسوورەکەی لای کتێب سەرنخوونکراوەکەوە بوو. رۆمانێکی ژوزێف کۆنراد بوو.
لە تەنیشت تەختەکەوە، قەفەزەیەك قورس دانرابوو. لە داری بەڕوو دروست کرابوو. کۆمەڵێك کراس و تیشێرت و پانتۆڵ و ژێر شەلوار و ژێرپۆشی تێدابوو. ژاکێت و پانتۆڵەکانی هەموویان کۆن ببوون و هەندێ جێیان تانوپۆشیان دەرکەوتبوو، بەڵام قوماشەکەیان باش بوو. دەمتوانی سوێندێ بخۆم پێشتر دیتوومن. بەڵێ ئەوانە هیی جرجە مشکەکە بوون. کراسی یەخە ٣٨ و پانتۆڵ و ژێرشەلواری نێوقەد٧٣.

لە تەنیشت پەنجەرەکەوە، مێز و کورسییەکی قەدیمی دانرابوو. سادە سادە. لەوانەی ئیتر لە هیچ کوێ یەکی دیکەی ئاوات دەست ناکەوێتەوە. چەکمەجەی مێزەکە، قەڵەم پاندانێکی هەرزانبایی و سێ قوتووی مەرەکەب و، بەستەیەك زەرف و قەڵەمی تێدابوو، کە دەستیان لێ نەدرابوو. چەکمەجەی دووەم، شەربەتێکی کۆخە بە نیوەکراوی و کۆمەڵێك وردە و پردەی دیکەیشی تێدا بوو. چەکمەجەی سێیەم بەتاڵ بوو. نە دەفتەرێکی بیرەوەری و نە دەفتەرێکی یادداشت. هیچی تێدا نەبوو. هەرچی شتی زیادە بوو، فڕێی دابوون. هەموو شتێك ڕێکوپێك کرابوو. زۆر ڕێك. پەنجەم بەسەر مێزەکەدا کێشا، تۆزی سەر مێزەکە پەنجەمی سپی کرد. پێدەچوو هێندەی حەفتەیەك تۆزی لێ نیشتبێ، نەك زیاتر. پەنجەرە دووتایەکەم کردەوە و، کرکرەکانیشم لادا. هەورە ڕەشەکان نزیك نزیك دەخوشین و، ڕەشەبایەکە هەڵی کردبوو و، وا دەهاتە بەرچاو، دەتگوت گیانلەبەرێکی کێوییە و لە لەوەڕگەکەدا هەڵبەزودابەزێتی. لەو بەری لەوەڕگەکەوە، دارستانە بووزەکەی لێ بوو و، ئەوبەری چیاکانیش، ڕێك ئەو دیمەنە بوو وا لە وێنەکەدا بوو. جگە لەوەی مەڕەکان هیچ شوێن و سۆراغیان دیار نەبوو.

چووینەوە خوارێ و لەسەر مۆبلەکە دانیشتین. سەعاتەکە وەك پێی درابوو، دەستی کرد بە زەنگلێدان و، دوازدە جار لێی دا. تا بڕانەوەی دوا نۆتەی، بێدەنگ بووین.

دەسگیرانم پرسیی: "باشە ئێستا چ بکەین؟"

گوتم: "چاوەڕێ دەکەین، هیچی دیکەمان لە دەست نایە. جرجە مشك حەفتەیەك لێرە بووە. کەلوپەلەکەی هەر لێرەن. دیارە دەگەڕێتەوە."

"ئەی ئەگەر بەر لە هاتنەوەی ئەو، بەفر بباریێ؟ خۆ هەتا ئاخری زستانێ دەبێ لێرە بین و، مۆڵەتەکەمان تەواو دەبێ."

ڕاست دەکەی.

"گوێچکەکانت هیچت پێ ناڵێن؟"

"لەکار کەوتوون. ئەگەر بیانکەمەوە، ژانەسەر دەگرم."

گوتم: "باشە، ئەگەر وایە با ڕاکشێین و چاوەڕێی هاتنەوەی جرجەمشکە بین."

دەکرێ بڵێم هیچ چاری دیکەمان نەبوو.

ئەو کە چووە چێشتخانەکە بۆ قاوەدروستکردن، خولێکم بە ژوورە گەورەی میواناندا گێڕا و کەلێن و قوژبنی گەڕام. کوانوو، کوانوویەکی باش، کە لە نێوەندی دیوارەکە بوو، خاوێن و ئامادەی هەڵکردن بوو. بەڵام بەو زووانە ئاگری تێدا نەکرابۆوە. چەند گەڵا بەڕوویەك بە دووکەڵکێشەکەیدا هاتبوونە ژووری و کەوتبوونە سەر کڵێ ئاگردانەکە. سۆپەیەکی نەوتیی گەورەی لە تەنیشت بوو و، بە دەرەجەکەیڕا دیار بوو پڕە. لە تەنیشت کوانووەکەوە، کتێبخانەیەکی لێ بوو. قەفەزەکانی شووشە بوون و پڕ بوو لە کتێبی قەدیمی. چەند کتێبێکم هێنا دەرێ و هەڵم دانەوە. هەمووان چاپی پێش جەنگ بوون. دەکرێ بڵێم هەموو بێکەلك بوون. جوگرافیا و زانست و مێژوو و فەلسەفە و سیاسەت. هەر هەموویان، جگە لەوەی بەشێك لە بەڵگەی خوێندنەوە و توژینەوەی پێویستی رووناکبیرێکی چل ساڵ لەمەوبەریان نیشان دەدا، ئیتر بەکاری هیچی دی نەدەهاتن. چاپەکانی دوای جەنگیش هەروا بێکەلك بوون. تەنیا ژیاننامەکەی پلۆتارك و هەڵبژاردەی تراژیدیەکانی یۆنان و چەند رۆمانێك، بەجوانی مابوونەوە. یەکەم جار بوو، لە ژیانمدا ئەوەندەم کتێبی بێکەلك نەدیتبوو.

لە تەنیشت کتێبخانەکەوە، قەفەزەیەکی دیکۆریی لێ بوو، کە وەك ئەوی نێو دیوارەکە داکوترابوو و، دەزگا(جیهاز)ـێکی دەنگیی جۆری های فای و بڵندگۆ و، ئامپلی فایرێکی ترانزیستۆری و مێزی خولخولۆکەیی تێدا بوو. لەو دەزگایانە بوو، کە لە نێوەی دەیەی شێستدا زۆر خۆشەویست بوون. دووسەد شریتێکی قەدیمیشی تێدا بوو، کە تا بڵێی رووشابوون، بەڵام هەر نەبێ بێنرخ نەبوون. سەلیقەی مۆسیقا، وەك ئایدۆلۆژیا نەسوابوو. ئامپلی فایرەکەم هەڵکرد. هەر وا دەستم برد و شریتێکم خستە سەری و دەرزییەکەم داداوە. ئاوازی "باشووری سنوور"ی نات کۆنگ کۆل بوو. لە پڕ دەتگوت ژوورەکە گەڕاوەتەوە دەیەی ١٩٥٠.

دیوارەکەی بەرانبەرمان چوار پەنجەرەی دووتایی سەدوهەشتا سەنتی مەتریی تێ کرابوو، کە مەودای نێوانیان وەك یەك بوو. بارانەکەت دەدی، کە وەك گۆزەی سەروبن هەڵدەڕژا، بارانێکی خۆڵەمێشی، کە چیا دوورەکانی لە چاو ون دەکرد.

تەرکی ژوورەکە دار بوو و، فەرشێکی دوو و نیو لە سێ و نیو مەتری لە نێوەڕاستەکەی راخرابوو، کە کۆمەڵێك مۆبل و مێز و گڵۆپێکی پێچکداریشی لەسەر دانرابوو. لە گۆشەیەکی ژوورەکە، مێزی نانخواردن دانرابوو، ئەویش تۆز دایپۆشیبوو.

چارەنووسی چۆڵبوونی ژوورێك.

دەرگایەك لە دیوارەکە کرابوو، بە ئاستەم دیار بوو و، بەسەر ژوورێکی پڕ لە ئالۆداردا دەکراوە. مۆبلّ و فەرش و کەلوپەلی زیادی و کۆمەڵێك گۆچانی گۆلّف و، گیتار و دۆشەگ و پاڵتۆ و پێڵاوی شاخەوانی و کۆنەگۆڤار، لەسەر یەك هەڵچنرابوون. تەنانەت کتێبی رێنوێنی تاقیکردنەوەی قۆناغی ناوەندی و، فرۆکەیەکی کۆنترۆڵداریشی لێ بوو، کە زیاتر بەرهەمی دەیەکانی پەنجا و شێست بوون.

ماڵەکە، وەك کۆنە سەعاتەکەی نێو ژووری میوان، زەمەنە تایبەتەکەی خۆی پاراستبوو. ئەو بنیادەمانی رێیان کەوتبووە ئەوێ، زەنگوڵەی قورمیشی سەعاتەکەیان بردبۆوە سەرێ و، تا زەنگوڵەکانیش قورمیش کرابوون، سەعاتەکە هەروا چرکەچرکی کردبوو. بەڵام لەگەڵ رۆیشتنی بنیادەمەکان و، دەستلێنەدرانی زەنگوڵەی قورمیشکردنی سەعاتەکە، هەموو وردە و پارچەکانی زەمەن لەجێی خۆیان مابوونەوە و، لە نێو پاشماوەکانی ژیانە بزربووەکەی تەختی ژوورەکەدا، لەسەر یەك کەڵەکە ببوو.

چەند کۆنە گۆڤارێکی سینەماییم بردە ژووری میوان. وێنەی ئالامۆ بەسەر سەر بەرگی یەکێکیانەوە بوو. دەرکەوتنی جۆن ڤین بە پشتیوانیی جۆن فۆرد. جۆن ڤین دەیگوت: "حەزم لێیە حەماسەیەکی گەورە بخوڵقێنم، وابێ لە دڵی هەموو ئەمریکاییەکاندا بمێنێتەوە." بە کڵاوێکی لە کەوڵی سەگاوەوە زۆر بلّح دیار بوو.

دەسگیرانم بە قاوەکەوە هاتەوە و، لە دەمی خواردنەویدا کەوتینە بەرامبەر یەك. باران یەکڕیز لە پەنجەرەکەی دەدا. لەگەڵ هاتنە ژوورەوەی سەرمادا، زەمان زۆر هێور تێدەپەڕی. تیشکی زەردی گڵۆپەکان، وەك تۆزێك لە ژوورەکەدا کەڵەکە ببوو.

دەسگیرانم پرسیی: "ماندوو بووی؟"

بە شڵەژاوییەوە سەیرێکی دەرەوەی پەنجەرەم کرد و گوتم: "پێم وایە هەتا ئێستا وەك شێتان بەولاو ئەملادا رۆیشتووین و گەڕاوین و، ئێستایش گەیشتبووینە بنبەست. زۆریشم پێ ناخۆشە، کە پاش ئەو هەمووە زەحمەتەی بۆ دۆزینەوەی دیمەنەکەی نێو وێنەکە کێشامان، نە جرجەمشکە سۆراغێکی هەیە و نە مەڕەکەش."

"تۆزێك بخەوە، من شیو لێ دەنێم."

پەتۆ(بەتانی)ـیەکی لە نهۆمی سەرەوە هێنا و پێدا دام. سۆپە نەفتەکەشی داگیرساند. جگەرەیەکی لە سەر لێوم دانا و بۆی داگیرساندم.

"بەغیرەت بە، هەموو شتێك چاك دەبێ."

گوتم: "سپاس."

لەگەڵ ئەو قسەیەی، لە چێشتخانەدا ون بوو.

بەو تەنیاییەوە، لەشم قورس ببوو. دوو مژم لە جگەرەکە دا و بەلامەوە نا، پەتۆکەم هەتا سەر ملم هەڵکێشا و چاوم لێك نا. ئەوەندەی یەك و دوو خەوم لێ کەوت.

٣٣

ڕۆیشتنی ئەو لە کوێستان، هرووژمی برسێتی

کاتژمێرەکە، زەنگی سەعات شەشی لێ دا و، لەسەر مۆبلەکە بەخەبەر هاتم. چراکان کوژابوونەوە. تاریکیی خەستی شەوەکە، ژوورەکەی داگرتبوو. لە کەڵەموستی پێمەوە تا تەپڵی سەرم سڕ ببوو. تاریکییەکە وەك مەرەکەب بەسەر پێستمدا بڵاو ببۆوە.

بارانەکە لێی کردبۆوە و، باڵندەی شەوگەڕ لە نێوان جامی پەنجەرەکاندا دەیانجریواند. بڵێسەی سۆپەکە، سێبەری درێژدرێژ و لاوازی خستبووە سەر دیواری سپیی ژوورەکە. هەستام و چرا پێچکەدارەکەم هەڵکرد، چوومە چێشتخانە و دوو پەرداخ ئاوی ساردم خواردەوە. قابڵەمەی شلەکە لەسەر کوانووەکە بوو، هێشتایش گەرم بوو. لە تەپلەجگەرەکەدا، دوو قونچکە جگەرە پان کرابوونەوە.

دەسبەجێ، بە غەریزە زانیم رۆیوە.

هەر لەوێ، دەستم لەسەر کوانووی چێشتلێنانەکە، راوەستام و هەوڵم دا زەینم کۆ بکەمەوە. هەر ئەوەندە دڵنیا بووم کە ئیتر ئەو لەوێ نییە. جێی شك و گومانیش نەبوو. لە راستیدا ئیتر ئەو لەوێ نەبوو. ماڵە چۆڵکراوەکە بۆ حاشاکردنێ نەدەبوو. ئەوە هەستێك بوو، کە لە ماوەی چەند مانگی نێوان رۆیشتنی ژنەکەم و دیتنی دەسگیرانمدا، زۆر جوان لێم روون ببۆوە.

چووم سەیرێکی نهۆمی سەرەوە بکەم. دەرگای سندووقەکەشم کردەوە. هیچ شوێنەوارێکی دیار نەبوو. جانتاکەی دەستی و تەنووره گەرمەکەشی نەمابوو. پۆتینەکانی نێو راڕەوەکەیشی نەمابوون. بەدڵنیاییەوە رۆیبوو. شکم بۆ هەر جێیەك دەچوو کە لەوانەیە یاداشتێکی لێ بەجێ هێشتبێ، چووم، بەڵام هیچ نەبوو. لەوانەیە لە خوار چیاکان بێ.

باوەڕم بەو راستییە نەدەکرد، کە ئەو دیار نەماوە. بەخەبەر هاتبووم، بەڵام خۆ ئەگەر تەواو بەئاگاش بوایەم، ئەو مەسەلەیە و هەرچی بەسەرم دەهات، لە دەرەوەی کەوشەنی تێگەیشتنی منەوە بوو. هیچم لەدەست نەدەهات، جگە لەوەی لێگەڕێم دۆخەکە رەوگەی خۆی ببڕێ.

لەسەر مۆبلەکە دانیشتم و، لە پڕ برسێتی بەرۆکمی گرت، بەڵام برسێتییەکەش ئاسایی نەبوو.

لە چێشتخانەوە چوومە عەمباری خۆراك و، سەری شووشە ساردییەكی سوورم هەڵپچڕی. زۆر سارد بوو، بەڵام دەكرا بیخۆیەوە. هاتمەوە چێشتخانە، چەند لەتە نانم بڕی و، سێویێكم پاك كرد. بەدەم چاوەڕوانیی گەرمبوونەوەی چێشتەكەوە، سێ پەرداخم خواردەوە.

كە چێشتەكە گەرم بۆوە، چوومە سەر مێزەكەی ژووری میوان و، بەدەم نانخواردنەوە، گوێم لە ئاوازی "بێوەفایی"ـەكەی ئۆركێسترای چێرسی فایس راگرت. پاش نانخواردن، باقی ئەو قاوەیەی لە قۆریەكەدا مابۆوە، خواردمەوە و، بەو دەستە كۆنكەنەی لە قاوغەكەی نەهاتبووە دەرێ، دەستێك یاریی یەك نەفەرەم كرد. جۆرە یارییەك، كە لە سەدەی نۆزدەیەمدا لە بەریتانیا دایانهێنا و، دواتر لەبەر ئەو رێسا سادەیەی هەیبوو، زوو بڵاو بۆوە. جارێكیان زانایەكی بیركاری لێكی دابۆوە، كە ئەگەری بردنەوە لەم گەمەیەدا، یەك بە بیستوپێنجە. سێ دەست یاریم كرد. دیارە بەبێ سەركەوتن. زەرف و وەرەقەكانم هەڵگرتەوە و، باقی ساردییەكەم خواردەوە.

شەو داهاتبوو. پەردەكانم دادانەوە و، لەسەر مۆبلەكە لێی راكشام و، گوێم داوە شریتە رووشاوە پڕ خشەخشەكان.

ئەی باشە جرجە مشك كەی خۆی دەردەخا؟

وای دانێین ئەو بێتەوە. هەرچۆنێك بێ، بەشی ئەو زستانەی ئاوردوو و خۆراك پاشكەوت كردبوو.

بەڵام ئەوە هەر گریمانەیەك بوو. لەوانەبوو جرجە مشك رۆیشتبێ و چووبێتە شاری. یان لەوانەیە لەگەڵ ژنێك ئاشنا بووبێ. هیچ شتێك مەحاڵ نەبوو.

ئەمە یانی، ئەوەی كە من تەواو كەوتبوومە گێچەڵەوە. مۆڵەتی یەك مانگەكەم رێك نیوەی رۆیشتبوو و، خەریك بوو تەواو دەبوو. نە جرجە مشك دیار بوو و، نە مەڕێك. ئەوەی هەبوو، هەر كابرای چاكەت و پانتۆڵ رەش بوو، كە منی لە ئەنجامی كارەساتباری كارەكانی خۆی وەردەدا. تەنانەت ئەگەر هیچ كارەش نەبوایەم، دیسانیش هەر وای دەكرد. قسەی لەسەر نییە.

لە شاری، حەفتەی دووەمی ئۆكتۆبەر، باشترین كاتی ساڵە. ئەگەر ئەوە نەقەومابایە، ئێستا هێلكەوتەماتە(ئۆملێت)م دەخوارد و دەمخواردەوە. كاتێكی جوانی وەرزێكی جوان. ئەو دەمەی باران خۆشی دەكردەوە، لەتە سەهۆڵ و، پێشخانێكی لە داری هەرە باش دروستكراو و، زەمانیش كە وەك رووبارێكی هێمن، بێ لەمپەر تێدەپەڕی.

که ئەو شتانەم لە زەینمدا سەنگوسووك دەکرد، وردە وردە، "من"ـێکی دیکەم لە جێیەکی دیکە هێنایە بەرچاوم، کە لە بارِ دانیشتبوو و، بێ خەم و خەفەتی دنیا، وردە وردە دەیخواردەوە. چەندی پتر بیرم لێ دەکردەوە، ئەو منەی دیکە، زیاتر دەبووە منی راستەقینە و، دەبووە هۆی ئەوەی، منەکەی ئێرە، هەر لە راستی نەچێ.

سەرێکم راوەشاند.

دەرەوە، کۆترە باریکە، لەسەرخۆ دەیانگماند.

چوومە نهۆمی سەرێ و لەو ژوورە بچووکەدا، کە جرجەمشك کاری پێی نەبوو، جێی خەوم راخست.

سەرچەف و دۆشەگ و پەتۆکان، هەموو لە کەنتۆرەکەدا لەسەر یەك هەڵچنرابوون.

مۆبلەکان رێك وەك مۆبلی ژوورەکەی جرجەمشك بوون. مێزەکەی تەنیشت تەختەکە و مێز و کورسی و چراکە، هەموو قەدیمی بوون، بەڵام هەمووان هیی سەردەمانێك بوون، کە هەموو شتێك پتەو و بەبێ جوانکاری دروست دەکران.

وەك پێشبینی دەکرا، پەنجەرەی لای تەختی خەوەکە، دەیڕوانیە لەوەڕگەکە. باران لێی کردبۆوە و، گەواڵە هەورەکان لێك بڵاو دەبوون. تریفەی جوانی مانگەکە، جار بە جار لەوەڕگەکەی رووناك دەکردەوە. دەتگوت نوورپژێنێکە و، ئەوێی ـــ کە دەکرا رووکاری زەریابێ ـــ رادەماڵی.

هەر بە جلوبەرگەوە چوومە بن لێف و، چاوم بڕییە ئەو دیمەنەی زۆر خێرا ون بوو و دیسان دەرکەوتەوە. وێنەیەکی کاڵی دەسگیرانم، کە لە گەوە شوومەکەی جادەکەوە دەسووڕاوە و، بە چیاکاندا ئاوەژوو دەبۆوە، هاتە بەر زەینم. دوایی ئەو وێنەیە ون بوو و، مێگەلێك هاتە بەرچاوم، کە جرجەمشك خەریك بوو وێنەی دەگرتن. دیسان مانگ لە پشت هەورەکان ون بۆوە و، کە دیسان دەرکەوتەوە، تەنانەت ئەوانیش رۆیبوون.

لە بەر رووناکایی چراکە، شێرلۆك هۆڵمزم خوێندەوە.

دیتنی نێو گەراجەکە، فکرو خەیاڵەکانی نێوەڕاستی مێرگەکە

جۆرە باڵندەیەك، کە تا ئەو دەمە لە ژیامدا نەمدیبوو، وەك رازێنەرەوەی درەختی کریسمەس، بە دار بەڕووەکانی تەنیشت دەرگاکەی پێشەوە هەڵنیشتبوون و، قاوقیژیان بوو. دنیا بە بۆن و بەرامەی بارانەوە، لە رووناکایی بەرەبەیاندا دەدرەوشایەوە.
لە "تەستەر"ە قەدیمییەکەدا، نانی تەستەرم دروست کرد. لەوانە بوو، کە دەبوایە لەتە نانەکانت بەدەست وەرگێڕ و داگێڕ کردبا. تاوەکەم بە رۆنی کەرە چەور کرد و، سێ چوار هێلکەیەکم کولاند و دوو پەرداخم ئاوی ترێ خواردەوە. بەبێ ئەو دەتگوت لە بن دارێکی بێ گەڵا دانیشتووم، بەڵام هەر ئەو راستییەی کە دەمتوانی هەست بە تەنیایی بکەم، خۆی دڵدەرەوە بوو. تەنیایی هەستێکی زۆر ناخۆشیش نەبوو. وەك هێوریی دار بەڕووەکە، پاش هەڵفڕین و رۆیشتنی باڵندە وردیلەکان وابوو.
قاپ و قاچاخەکەم شوشت، ئەوجار دەمولێویشمم کە بە زەردێنە ببوو، شوشتەوە و، پێنج خولەکێك فڵچەم لە ددانم دا. دوای تێڕامانێك دوروودرێژ، بڕیارم دا ردێنم بتاشم. سابوونی ردێنەکە، نوێ دیار بوو و، مووسەکەش لەسەر لەگەنی دەست شووشتنەکە بوو. ماجوونی ددان و فڵچە و سابوون و لۆسیۆن و تەنانەت خاولییش. دە خاولیی دەست و دەموچاو، کە هەر کامەیان رەنگێك بوو، لەسەر قەفەزەکە بوو. ئاوێنە و لەگەنی دەموچاشوشتنەکە، یەك پەڵەشیان پێوە نەبوو. لەگەڵ رێکوپێکییەکەی جرجە مشك یەکی دەگرتەوە.
بەردی ئاودەستەکە و حەمامیش هەر وا یەکی دەگرتەوە. نێوان کاشییەکان فڵچەی لێ درابوو و خاوێن کرابۆوە. کارێکی هونەری بوو. لەبەر سپێتی بریقەی دەهات. بۆنبڕی ئاودەستەکە، بەرامەی خواردنەوەیەکی لیمۆیی رستۆرانتێکی هەرە باشی لێ دەهات.
چوومە ژووری میوانەکە، بۆ ئەوەی جگەرەیەك بکێشم. سێ پاکەت جگەرەی لارکزم لە گیرفانیدا مابوو. ئەوان تەواو بوایەن، ئیتر جگەرەم پێ نەدەما. جگەرەیەکی دیکەشم داگیرساند و بیرم لەوە کردەوە، کە بەبێ جگەرەکەوتنەوە چۆنە؟

هەتاوی بەرەبەیان هەستێکی بێوێنەی دەدامێ و، دانیشتن لەسەر ئەو قەنەفەیەی دەتگوت پڕ بە قەڵافەتی من دروست کراوە، زۆر زۆر خۆش بوو. تا سەرم هەڵێنا، سەعاتێك رابردبوو.

کاتژمێرەکە، بە تەمبەڵییەوە زەنگی سەعات نۆیی لێ دا.

وردە وردە لێم روون بۆوە، کە بۆچی جرجە مشك، سەرەڕای ئەوەی دەشیزانی کەس نییە بێتە سەردانی، ماڵەکەی ئاوا هەڵوەژاردبوو. نێوەندی کاشییەکانی سڕیبۆوە. کراسەکانی خۆی ئوتوو کردبوو و ردێنی تاشیبوو. بێت و پیاو لێرە ئاگای لەخۆی نەبایە، هەر هەستی لە زەمان نەدەکرد.

کە لە سەر قەنەفەکە هەستام، دەستمم لەسەر سینگم دانا و، خولێکم بە ژوورەکەدا لێدا، بەڵام هیچ کارێکم نەبوو بیکەم، جرجە مشك، هەرچی شیاوی خاوێنکردنەوە بوو، خاوێنی کردبۆوە. تەنانەت قورم و دووکەڵی بنمیچەکەشی بە فڵچە سڕیبۆوە.

لە بری ئەوە، گوتم با پیاسەیەك بکەم. هەواکەی زۆر خۆش بوو، ئاسمان چڵکەهەوری سپیی پێوە بوو، هەر دەتگوت قەڵەم فڵچەن و، لە هەموو لاوە دەنگی باڵندە دەهات.

لە پشت خانووەکەوە، گەراجێکی گەرەی لێ بوو، قونچکە جگەرەیەك لەبەردەم دەرگا دوودەرییە کۆنەکە کەوتبوو. جگەرەیەکی سۆن ستارز بوو. ئەم قونچکەیان کۆن دیار بوو. پەڕەکەی دڕابوو و ، فلتەرەکەی دەرکەوتبوو.

تەپڵەکی جگەرە. تەنیا تەپڵەکی جگەرەیەکم لە ماڵەکەدا دیتبوو و، هیچ پێوەی دیار نەبوو جگەرەی تێدا کێشرا بێ. جرجەمشك جگەرەی نەدەکێشا. فیلەتەرەکەم لە لەپی دەستمدا سووڕاند. فڕێم داوە.

چلمێردەم ترازاند و، دەرگای گەراجەکەم کردەوە و، زانیم ناوەکەی زۆر گەورەیە. تیشکی خۆر لە قەڵشتی دیوارەکانەوە خواروخێچ دەهاتە ژوورەوە و، کۆمەڵێك تیشکەهێڵی هاوتەریبی خستبووە سەر عەرزە تارەکە. بۆنی بەنزین و گەندوگوو دەهات.

تۆیۆتا لەندکرۆزەرێکی کۆن لەوێ بوو. تەنانەت پەڵەیەکیش چییە بەسەر تایەکانییەوە نەبوو. تەنکیی بەنزینەکەیشی پڕ بوو. دەستم بردە بن داشبۆردەکەیەوە، هەر ئەو جێیەی جرجەمشك هەمیشە سویچەکەی لێ دەدانا. سویچەکە لەوێ بوو. سویچەکەم لێ دا و سووڕاندم. دەسبەجێ ماتۆڕەکەی هەڵ بوو. هەر جرجەمشکەکەی جاری جاران بوو، کە وەك چاوی خۆی ئاگای لە ترۆمبێل دەبوو. کوژاندمەوە. جگە لە نەخشەی جادەکە و، سویچ و خاولی و چوکلیتێك، شتێکی دیکەی لێ نەبوو چاو بگرێ.

کوشنەکەی پشتەوە، بەپێچەوانەی ئەو چاوەڕوانیەی لە جرجەمشکم هەبوو، پیس بوو. گلۆڵەیەك وایەر و پلایسێکی لێ بوو. دەرگای پشتەوەم کردەوە و، تەپوتۆزەکەم بە لەپی دەستم راماڵی و، لەبەردەم تیشکی خۆرەکە، کە لە کونی گرێدارەکەی دیوارەوە دەهاتە ژوور، رامگرت. پرزەی باڵنج بوو یان لەوانەشە خوریی مەڕ. دەسرەکاغەزییەکم لە گیرفانم دەرهێنا و، تۆزوخۆڵەکەم تێ کرد و، خستمە گیرفانەکەی سەر سینگمەوە.

بۆم ساغ نەدەبۆوە، بۆچی جرجە مشك ترۆمبێلەکەی نەبردووەتە دەرێ. ئەوەی کە ترۆمبێلەکە لە گەراجدا بوو، بەو مانایە بوو، کە ئەو بە پێیان لە کێوپارە چووەتە خوارێ، یان لەوانەیە هەر نەچووبێتە هیچ کوێ. هیچ کامەیان لەگەڵ ئەقڵ یەکی نەدەگرتەوە. هەر تا ئەو سێ رۆژەی رابردوو، بە ئاسانی دەکرا ترۆمبێلەکە بە جادە بەردەڵێنەکەدا لێخورێ. نەکا وەدەرکەوتبێ، هەتا لەو دەشتە خێوەت هەڵبدا.

گێژ و کاس بووم. دەرگاکانی گەراجەکەم پێوە دا و، بەرەو مێرگەکە رۆیشتم. بەو رووداوە بێ جێیانە، هیچت لێ روون نەدەبۆوە.

خۆر کە لە ئاسمان پتر هەڵکشا، مژ لە مێرگەکە هەستا. دەتگوت تەمێك چیاکانی داگرتووە و بۆنی گژ و گیا هەموو وڵاتی تەنیوە.

بە نێو گژوگیا شێدارەکاندا، هەتا نێوەڕاستی مێرگەکە بووم. کۆنە تایەیەکی فڕێدراو لەوێ کەوتبوو، جیرەکەی سپی ببۆوە و شەقار ببوو. لەسەری دانیشتم و لێی ورد بوومەوە. خانووەکە، لێرەوە دەتگوت رەوەزەبەردێکی سپییە و، لە کەناری ئاوەکەوە هەڵتۆقیوە.

هەر لەو حاڵەتی تەنیاییەدا، بیرەوەرییەکانی مەلەکردنی منداڵیم لە دەریادا، بەرۆکیان گرتم. مەلەی نێوان دوو دوورگە، جاری وابوو لە نیوەی رێ رادەوەستام، بۆ ئەوەی سەیرێکی دەوروبەرم بکەم. زۆر کەیفم دەهات، کە دەمزانی رێك لە نێوەندی ئەمبەرو ئەوبەر راوەستاوم. بیرکردنەوە لەوەی کە لە وشکانی، خەڵك هەر وا خەریکی کاروبارەکانیانن هەر ئەوەندە سەیر بوو. ئۆقرەم لێ دەبڕا، ئەم کۆڕە، بەبێ منیش بێ کێشە رێگەی خۆی دەبڕی.

چارەگێك هەر لەوێ دانیشتم و، دوایی وردە وردە بەرەو خانووەکە گەڕامەوە. لەسەر قەنەفەی ژووری میوانەکە دانیشتم و، دەستم دایەوە خوێندنەوەی شێرلۆك هۆڵمز.

سەعات دوو بوو، کە کابرا مەڕییەکە هات.

هاتنی پیاوه مەڕییەکە

زەنگی سەعات دوو لێی دا، تەقەی دەرگا هات. دوو تەقە، بێدەنگێکی دووخاڵی و، سێ تەقەی دیکەیش.
تاوێکی پێچوو تا زانیم لە دەرگا دەدرێ. تا ئەو دەمە نەمزانیبوو، هەمووان دەبێ لە دەرگا بدەن. جرجەمشك لە دەرگای نەدەدا، چونکە ماڵی خۆی بوو. دەشتەوان لەوانەبوو لە دەرگا بدا، بەڵام دڵنیام بۆ وەژوورکەوتن چاوەڕێی فەرموو نەدەبوو. لەوانەیە دەسگیرانم بێ، بەڵام ئەو لەوانە نەبوو لە دەرگا بدا. لەوانەش بوو بە پێدزە لە چێشتخانەکەوە هاتبایەتە ژوورێ و، کووپێ قاوەی بۆخۆی تێ کردبا.
دەرگام کردەوە و لەوێ راوەستام، دوو مەترێك لەولاوەتر، کابرای مەڕی راوەستابوو. دیار بوو نە دەرگا کراوەکە بەلاوە گرینگ بوو، نە منیش کە لەوێ راوەستابووم. وا لە سندووقی پۆستەکە ورد دەبۆوە، کە دەتگوت سندووقێکی بێوێنە و دەگمەنە. باڵای تۆزێك لە سندووقەکە بەرزتر بوو. قاچەکانیشی گێڕ و وێڕ بوون و چەمابۆوە. بەژنی بەرزتر دەبوو، سەدوپەنجا سەنتیم دەبوو.
جگە لەوەش، لە لاشیپانەی دەرگاکەوە، کە من لێی راوەستابووم تا ئەو شوێنەی ئەوی لەسەر وێستابوو، بیست مەترێك مەودامان بوو و، دەتگوت لە پەنجەرەوە سەیری دەکەم. هەر دەتگوت دەیەوێ گوێ نەداتە کەمایەسی و نقوستانییەکانی، هەر وا سندووقەکەی دەپشکنی.
کابرای مەڕی، کە تا ئەو دەمە هەر سەیری دەوروبەری دەکرد، یەکبەخۆی گوتی:
"دەکرێ بێمە ژوورێ؟"
تووڕەیی بەدەنگییەوە دیار بوو.
گوتم: "فەرموو."
داهاتەوە و قەیتانی پۆتینە شاخەوانییەکانی بە پارێزەوە کردەوە. هێندەی شیرینیەکی خامەیی قوڕی پێوە نووسابوو. بە هەردوو دەستی پۆتینەکانی داکەند و، زۆر شارەزایانە لێکی دان. قوڕ وەك باران داباری. ئەوجار بۆ ئەوەی بڵێ وەك بەری دەستی شارەزای ماڵەکەیە، قاپقاپەی لەپێ کردن و چوو لەسەر قەنەفەکە دانیشت.
بیرم کردەوە. زۆر زۆر باش بوو.
پیاوە مەڕییەکە، کەپەنکێکی بەسەرخۆیدا کێشابوو. قۆڵ و دەلینگی لێ نابوو. لێی دووریبوو. بەڵام قەڵافەتە کورت و خڕپنەکەی زۆر جوان تێیدا جێ ببۆوە. بەڵام ئەو دوو شاخەی لە تەپلی سەرییەوە بادرابوون و هاتبوونە دەرێ، تەواو راستی بوون. دوو گوێچکەی ساف، کە پێدەچوو چنرابێن، بە قەد یەك لەملاولای دەمامکەکەوە

هاتبوونە دەرێ. دەمامکە چەرمییەکەی، کە نیوەی سەرەوەی دەموچاوی داپۆشیبوو و، دەستەوانەکانیشی یەکدەست و گۆرەویەکانیشی هەموو رەش بوون و، لە ملیەوە تا نێوگەڵیشی زنجیر بوو.

گیرفانێکی لەسەر سینگی بوو، کە ئەویش زنجیری هەبوو. جگەرە و شقارتەیەکی لێ دەرهێنا. جگەرەیەکی سوت تارزی لە سەر لێوی دانا و، ئاخێکی قووڵی هەڵکێشا. تەپڵەکە شۆردراوەکەم لە چێشتخانەکە هێنا.

کابرای مەڕی گوتی: "خواردنەوە چ هەیە."

بە ئەدەبەوە چوومە چێشتخانە و، نیوە شووشەیەك فۆر رۆزم بە دوو پەرداخ و سەهۆڵەوە هێنا.

خواردنەوەی بەسەر سەهۆڵەکەدا کرد، منیش وام کرد و بەبێ ئەوەی پەرداخەکان لێك بدەین، بەسەرمانەوە نا. کە دەمانخواردەوە، لە بنەوە ورتەی دەهات. دەموقەپۆزە پانەکەی لە کەلەشی گەورەتر بوو، لەگەڵ هەر پشوویەکدا، کونە تفنی لێك دەڕەوینەوە. چاوی لە نێو دەمامکەکەوە زەق زەق، بێ حەجمین سەیری دەوروبەری ژوورەکەی دەکرد.

کە خواردنەوەکەی هەڵچۆڕاند، دیار بوو هێورترە. جگەرەکەی دانا و، لە بن دەمامکەکەوە چاوی هەڵگلۆفین.

گوتی: "تەپۆم چۆتە چاوی."

هیچم نەگوت، نەمدەزانی چیی جواب بدەمەوە.

کابرای مەڕی گوتی: " ئێوە دوێنێ دوانیوەڕۆ هاتنە ئێرە؟"

چاوی پتر هەڵگلۆفین و گوتی: "لە دوێنێوە سەیرتان دەکەین."

تاوێك راوەستا، بۆ ئەوەی قومێك بەسەر سەهۆڵەکەدا بکا، کە تۆزێك توابۆوە، یەکبین هەڵیقوڕاند و گوتی:

"ژنەش ئەمڕۆ بەتەنێ رۆیشت."

"سەیری ئەویشت دەکرد، وایە؟"

"سەیرمان دەکرد؟ ئێمە بردمان."

"تۆ بردت؟"

"بەڵێ، سەرمان بە کەلێنی درەگای چێشتخانەکەدا بردە ژوورێ و، گوتمان واباشترە بچێتەوە ماڵێ."

"باشە بۆ؟"

کابرا مەڕییەکە بەو قسەیە دالغەی لێ دا. دیار بوو کە "بۆچی" وشەیەکی گونجاو نەبوو بۆ پرسیارکردن لەو. بەڵام بەر لەوەی شتێکی دیکە بپرسم، چاوی لەسەرخۆ، تیشکێکی دیکەیان تێگەڕا.

گوتی: "ئەو چۆوە هوتێل دۆلفین."

"خۆی وای گوت؟"

"ئەو هیچی نەگوت، بەڵام لە هوتێل دۆلفینە."

دیسان پیاوە مەڕییەکە نەیویست وەڵام بداتەوە. هەر دوو دەستی لەسەر ئەژنۆی دانان و چاوی بڕییە پەرداخەکەوە.
گوتم: "یانی ئەو چۆوە هوتێل دۆلفین؟"
پیاوە مەڕییەکە گوتی: "بەڵێ، هوتێل دۆلفین جێیەکی جوانە. بۆنی مەڕی لێ دێ."
دیسان بێدەنگ بۆوە.
لە نزیکەوە کە لێی ورد بوومەوە، سەروقژی پیاوە مەڕییەکە پیس و چەور بوو.
"کە دەڕۆیشت، هیچی نەگوت؟"
گوتی: "نە، ئەو هیچی نەگوت، ئێمەیش هیچمان نەپرسی."
"کە پێت گوت واباشترە لێرە بڕوا، ئەو هەستا و بەبێ هیچ قسەیەك ڕۆیشت؟"
"بەڵێ، ئێمە پێمان گوت واباشترە بڕوا. چونکە حەزی لێ بوو بڕوا."
"جا، ئەو خۆی حەزی لێ بوو بێتە ئێرە."
کابرا مەڕییەکە هاواری کرد: "خراپ تێگەیوی، ئەو نەیدەویست بڕوا، بەڵام کاس ببوو. هەر بۆیە هەتا ماڵێ وەشوێنی کەوتین. تۆ گێژ و کاست کرد."
کابرای مەڕی هەستا و دەستی راستەی تەپ بە مێزەکەدا کێشا. پەرداخەکەی پێنج سەنتیمێك خشکا.
کابرای مەڕی، هەر وا بێجووڵە راوەستا، ئەوجار وردە وردە چاوەکانی ترووسکاییان لێ بڕا و دیسان بەبێهێزی لەسەر قەنەفەکە تخێڵ بوو.
ئەمجارە هێمنتر گوتی: "تۆ ئەوت گێژ کرد. کارەکەت هیچ باش نەبوو. تۆ ئاگات لە هیچ نییە. تەنیا بیر لە خۆت دەکەیەوە."
"یانی تۆ دەڵێی، ئەو نەدەبوو بێتە ئێرە؟"
"وایە، ئەو نەیدەویست بێتە ئێرە، تۆ جگە لە خۆت بیر لە هیچی دیکە ناکەیەوە."
بەبێ ئەوەی قسەیەك بکەم، دانیشتم و قوم قوم خواردمەوە.
بەڵام کای کۆن بە با مەکە، بڵێی و نەڵێی ئەوە چوو و بڕایەوە."
"بڕایەوە؟"
"تۆ ئیتر چاوت بەو ژنە ناکەوێتەوە."
"هەر لەبەر ئەوەی تەنیا بیرم لە خۆم کردووەتەوە؟"
"بەڵێ چونکە هەر بیرت لە خۆت کردووەتەوە. ئەوە باجی هەڵەکەتە."
کابرای مەڕی هەستا چووە بەر پەنجەرەکە، بە یەك دەست و بەهێزەوە دەلاقەکەی کردەوە و، پشووەکی قووڵی هەڵکێشا."

شانوباڵ کێشانێکی خراپ نەبوو.

کابرای مەڕی گوتی: "لە ڕۆژانی جوانی وەك ئەمڕۆدا، دەبێ پەنجەرەکان لەسەر پشت بن."

ئەوجار نیوەخولێکی بە ژوورەکەدا لێ دا و، لە حاڵێکدا دەستی لەسەر سینگی هەڵپێکابوون، لەبەردەم کتێبخانەکەدا راوەستا و، چاوی بڕییە قوونی کتێبەکان. لە پشتەوەی و لەخوارەوەی جلەکەیەوە کلکێکی بچووك هاتبووە دەر. لەو حاڵەتەدا، لە مەڕێك دەچوو، هەستابێتە سەر پێیان.

غیرەتم وەبەر خۆم نا و، پرسیم: "من خەریکم بە شوێن برادەرێکمدا دەگەڕێم."

کابرای مەڕی ساردوسڕ وەڵامی داوە: "هەر بەراست؟"

"ئەو تا خەفتەیەك پێشتر لێرە دەژیا."

"نەمزانیوە."

لەبەردەم کوانووەکە راوەستا و، وەرەق کۆنکەنەکانی لێك دا.

مکووڕانە لەسەری ڕۆیشتم: "بە دوای مەڕێکیشەوە، کە ئەستێرەیەکی لەسەر پشتە."

کابرای مەڕی جوابی داوە: "نەمدیتووە."

دیار بوو کابرای مەڕی ئاگای لە جرجەمشك و مەڕەکەیە. وای دەنواند حەزی لەو باسە نییە. وەڵامەکانی ئامادە و لەسەر زمانی بوون و، بە دەنگیڕا دیار بوو راست ناکا.

تاکتیکم گۆڕی. وام نواند پاشگەز بوومەتەوە. باوێشکێکم دا. کتێبەکەم لەسەر مێزەکە هەڵگرت و هەڵم داوە. کابرای مەڕی کە تۆزێك کاس ببوو، هاتەوە لای قەنەفەکە و، لەسەر خۆ سەیری کتێبخوێندنەوەکەمی کرد.

پرسیی: "کتێبخوێندنەوە خۆشە؟"

وەڵامم داوە: "ئم"

چاوەڕێ ما. ملم لە خوێندنەوە نا، بۆ ئەوەی دەهریی بکەم.

کابرای مەڕی، لە سەر خۆ گوتی: "داوای لێبوردن دەکەم کە نەڕاندم. جاری وایە دەڵێی مەڕەکەی ناخم و مرۆڤەکەی ناخم ئاوقای یەك دەبن، هەر بۆیە وام لێ دێ. مەبەستێکم نەبوو. ئەوجار تۆ هاتووی و باسی شتی وا دەکەی، ئێمە لێی تۆقیوین."

گوتم: قەیناکا.

"ناخۆشە، کە ئیتر نایبینییەوە، بەڵام خەتای ئێمە نییە."

"ئم م م م."

سێ پاکەتی جگەرەی لارکزم لە کۆڵپشتییەکەم دەرهێنا و دامە کابرای مەڕی. سەری سووڕ ما.

"سپاس، تا ئێستا لەو مارکانەم نەکێشاوە. ئەی پێویستت نین؟"

گوتم: "وازم لە جگەرە هێناوە."

شێلگیرانە سەرێکی لەقاند: "کارێکی ژیرانەیە، هەر بۆ تۆ باش نییە."

پاکەتە جگەرەکانی زۆر بە وردی خستە گیرفانەکەی سەر باسکی. خوریەکان وەك تۆپەڵێکی چوارگۆش کەڵەکە بوون.

"هەر بەراست زۆر پێویستە برادەرەکەم ببینم. ئەو رێگە دوورە هاتووم چاوم پێی بکەوێ.

سەری لەقاند.

"مەسەلەی مەڕەکەیش هەر وەتر."

کابرای مەڕی، سەرێکی لەقاند.

"بەڵام خۆ تۆ ئاگات لێیان نییە، وایە؟"

کابرا داماوانە سەرێکی لەقاند. گوێچکە دەسکردەکانی دەلەقین. ئەمجارە حاشاکردنەکەی کزتر بوو.

کابرای مەڕی باسەکەی گۆڕی: "ئێرە جێیەکی جوانە. دیمەنی جوان و هەوایەکی بێگەرد و خۆشی هەیە. ئێرەت پێ خۆشە؟"

گوتم: بەڵێ جێیەکی جوانە.

"تەنانەت زستانانیش هەر جوانە. هەتا چاو هەتەر دەکا لە بەفر بەولاوە چیی لێ نییە. هەموو شتێك دەیبەستێ. گیانلەبەر هەموو لەخەودان و، چۆلەکەکوژیش* بەدەرەوە نییە."

"تا زستان تەواو دەبێ لێرەی؟"

"بەڵێ."

پرسیاری دیم نەکرد. کابرای مەڕی رێك دەتگوت ئاژەڵە. هەر لێی دەچوومە پێشێ، دەکشاوە و، لێی دوور دەکەوتمەوە، دەهاتە پێش. تا ئەو دەمەی قەول وانەبوو بچمە جێیەك، پەلەم نەبوو. دەکرا دانبەخۆمدا بگرم.

کابرای مەڕ، بە دەستی چەپەی، قامکەی دەستەوانە رەشەکەی دەستی راستەی یەك یەك دەرهێنا. پاش چەند هەوڵێك، جا دەستەوانەکە هاتە دەرێ و، دەستێکی رەش و تۆکمە دەرکەوت.

دەستی بچووك بەڵام گۆشتن بوون و، جێی سووتاوێکی کۆن لە بنی پەنجەی ئەسپێکوژەیەوە هەتا نێوەندی پشتی دەستی کشابوو.

کابرای مەڕی سەیرێکی پشتی دەستی کرد. ئەوجار دەستی وەرسووڕاند و سەیری لەپی دەستی کردەوە. رێك وەك جرجەمشك خووی پێوە گرتبوو.

---

* چۆلەکەکوژ: بنیادەم.

بەڵام ئەو پیاوە مەڕییە، بەهیچ جۆرێ، جرجەمشك نەبوو. بەژن و باڵایان بیست سەنتیمەترێك لێك جیاواز بوو.
پرسیی: "دەتەوێ لێرە وەمێنی؟"
"نەخێر، هەر مەڕەکە، یان برادەرەکەم بدۆزمەوە، دەڕۆم. لەبەر ئەوە هاتوومە ئێرە."
پاتەی کردەوە: "زستانان ئێرە رەشایی لێ دەبڕێ. هەموو وڵات دەیبەستێ."
لەبەرخۆیەوە پێکەنی و، کونە تفنی لێك رەوینەوە. ددانە رەشەکانی لە زاریدا دەرکەوتن، دوو ددانەکەی پێشەوەی کەوتبوو. شتێکی رێك لە ترپەی فکر و خەیاڵیدا هەبوو، کە دەتگوت وا لە ژوورەکە دەکا، وێك بێ و لەبەر یەك بکشێتەوە.
لەپڕ گوتی: "دەبێ بڕۆم. سپاس بۆ جگەرەکەشت."
سەرم لەقاند.
"هیوادارم زۆر زوو برادەرەکەت و ئەو مەڕەش بدۆزیتەوە."
گوتم: "ئم مم، ئەگەر شتێکت لێ روون بۆوە، منیش ئاگادار بکەوە."
کابرای مەڕی، بە نیگەرانییەوە ئحمێکی کرد و بە تەتەڵەوە گوتی: "ئم مم، زۆر باشە، بەدڵنیاییەوە."
دیسان هەوڵم دا پێکەنینەکەم بگێڕمەوە. درۆزنێکی باش نەبوو.
دەستەوانە رەشەکەی لەدەست کردەە و هەستا بڕوا: "دێمەوە. نازانم چەندم پێدەچێ، بەڵام دێمەوە."
چاوی پڕ بوونەوە لە خەفەت: "زەحمەتت نادەم."
توند سەرم لەقاند و گوتم:"سوعبەت دەکەی؟ خۆشحاڵ دەبم بتبینمەوە."
کابرای مەڕی گوتی: "دیسان دێمەوە."
تەق دەرگاکەی پێوە دا. چیی نەمابوو کلکی بکەوێتە بەر دەرگاکە، بەڵام بێوەی خزی و چووە دەر."
لە نێوان کرکرەکانەوە، سەیری کابرای مەڕیم دەکرد. راوەستابوو و لە سندووقە پۆستییە ناسك و سپیکراوەکە ورد ببۆوە، رێك چۆن کە هاتبوو وای کردبوو. دوای ئەوە تۆزێك خۆی بادا، بۆ ئەوەی کەپەنکەکەی رێك بخا. بە نێوەڕاستی مێرگەکەدا و بەپەلە بەرەو دارەکانی بەری رۆژهەڵات رۆیی. گوێچکە رێکەکانی دەتگوت تەختەی خۆهەڵدانی نێو مەلەوانگەن. لەو مەودایەوە کە هەر دەهات و پتر دەبوو، بوو بەخاڵێکی سپیی لێڵ و، دواجار لەگەڵ رەنگی دارەکان بوو بەیەك.
تەنانەت پاش ئەوەی کابرای مەڕی لەبەرچاویشم نەما، هەر وا سەیری مێرگەکە و داربووزەکانم دەکرد. ئاخۆ کابرای مەڕی هەر خەون و خەیاڵ بوو؟

بەڵام خۆ شووشەی خواردنەوە و قونچکەجگەرەی سون ستارزەکەی هەر لە سەر مێزەکە بوون و، لەسەر قەنەفەکەیش چەند تاڵە خورییەك... لەگەڵ خورییەکەی سەر کورسیی دواوەی لەندکرۆزەکە پێکم گرتن. یەك بوون.
بۆ ئەوەی فکر و خەیاڵم کۆ بکەمەوە، چوومە چێشتخانەکە، بۆ ئەوەی "ستیك سالزبێری" دروست بکەم. پیوازەکەم ورد کرد و لە تاوەکەدا سوورم کردەوە. پارچەیەکیش گۆشتی مانگام لە بەفرگرەکە هێنا دەرێ تا بتوێتەوە. جا بە چەقۆکە پل پلم کرد. دەکرا بڵێی چێشتخانەیەکی رێك و پۆشتە بوو، بەو حاڵەشەوە لە رادەی پێویست بەدەر دەفر و قاپوقاچاخ و بەهاراتی لێ بوو.
ئەگەر جادەکەیان چاك بکردایە، دەکرا رستورانتێکی کوێستانیی وەك هیی هاوینەهەوارەکانی لێ بکەیەوە. پەنجەرە ئاوەڵاکان دیمەنی مێگەل و ئاسمانە شینەکەیان پێوە بوو. خەڵك دەکرا لە منداڵەکانیان بگەڕێن بێن لەگەڵ مەڕەکان گەمەی بکەن. دلدارانیش دەیانتوانی بە نێو دارەکاندا بگەڕێن. بێ ئەملاوئەولا پارووومان لە رۆنێ دەکەوت.
جرجەمشك دەیتوانی هەڵیسووڕێنێ، منیش دەمتوانی چێشت لێ بنێم. کابرای مەڕییش هەر بەکار دەهات. جلوبەرگەکانی لێرە بۆ زستانان باش بوون. دوای ئەوە، کابرای دەشتەوانیش لەبەر ئەوەی کابرایەکی کارلێهاتوو بوو، دەیتوانی بێتە گەڵمان، پێویستمان بە یەکێکی وابوو ماندوو نەبێ. تەنانەت پرۆفیسۆر مەڕیش دەیتوانی بێ. بە دەم لێکدانی هێلکەکانەوە بە کەوچکێکی دارین، ئەو خەیاڵانەم لە زەینیشمدا لێك دا.
بەڵام ئەی دەسگیرانە گوێچکە جوانەکەی من بۆ تاهەتایە رۆیبوو؟ یانی قسەی کابرای مەڕی هەموو راست بوون؟ ئەو خەیاڵە خەفەتی دامێ. دەبوو خۆم بەتەنێ بێمە ئێرە. نەدەبوو... سەرێکم راوەشاند. چوومەوە سەر فکر و خەیاڵی رستورانتەکە.
لە بەر پەنجەرەکە دانیشتم تا پیازەکە وشك بێتەوە، دیسان چاوم بڕیەوە مێرگەکە.

٣٦

رەوگەی تایبەتی با

سێ رۆژ بەبێ ئەوەی هیچ شتێکی گرینگ بقەومێ، رابرد. هیچ نەقەوما. کابرای مەڕی نەهاتەوە. من نانی شەوێم دروست دەکرد و دەمخوارد و کتێبم دەخوێندەوە و، کە خۆر ئاوا دەبوو، دەمخواردەوە و جا دەنوستم.

هەوای بەرەبەیانی مێرگەکە جار بە جار ساردتر دەبوو. یەکەم بای زستانی لە سەر گردەکانەوە هەڵیدەکرد و بە نێو لکوپۆ شەختەڵدراوەکاندا رادەبرد و بەرەو باکووری رۆژهەڵات دەڕۆیشت، رۆژ لەگەڵ رۆژ گەڵای زێڕین و بریقەداری دارەکان پتر دەبوون. کە لە نێوەندی مێرگەکە رادەوەستام، روون گوێم لە گڤەی بایەکە دەبوو. بایەکە تێی دەگەیاندی، گەڕانەوەیەك نییە و، پاییزە کورتەکە تەواو بووە.

بەبێ وەرزش و بەبێ جگەرەکێشان، دەسبەجێ سێ کیلۆم زیاد کردبوو. هەر بۆیە وردە وردە سەعات شەش هەڵدەستام و بە نێوەڕاستی مێرگەکەدا رام دەکرد. بەو راکردنە خەریك بوو چەند کیلۆیەکم کەم دەکرد. جگەرەنەکێشان ناخۆش بوو. بەڵام پانزە کیلۆمەتریش رۆیبای فرۆشگەیەك هەر نەبوو لێی بکڕی، ئەی چار چ بوو. هەر جارێکی حەزم دەچووە جگەرەکێشان، بیری دەسگیرانم و گوێچکەکانی دەکەوتمەوە. لە چاو ئەوەی لەکیسم چوبوو، جگەرەنەکێشان هەر هیچ نەبوو. جا هەر واش بوو.

بەو هەمووە بێکارییەمەوە، تۆفانێکم لە چێشتخانەدا وەڕێ خست. کەبابێکم دروست کرد. ماسییەکم لە بەفرگر دەرهێنا و ترشوخوێم کرد. چووم لە گژ و گیاکاندا بەشوێن سەوزە و کەوەردا گەڕام و، ئەوەی دەستم کەوت، لەگەڵ ماسی و ساس و سۆیا تێکەڵم کرد. ترشیاتێکی سادەی کەلەمم دروست کرد و، بۆ ئەو دەمەی کابرای مەڕی دەهاتەوە بۆ خواردنەوە، چەند جۆر "ئسنەك"م دروست کرد. بەڵام پیاوە مەڕییەکە سەروسۆراغی نەبوو. زۆربەی دوانیوەڕۆیان خۆم بە سەیرکردنی گژ و گیاکانەوە سەرقاڵ دەکرد. وردە وردە هەندێ شتم بەرچاو دەکەوت. سەروبیچمێك لە نێو دارەکانەوە دەرکەوت و راستەوڕێ بەرەو من دەهات. دیارە ئەو سەروبیچمە کابرای مەڕی بوو، بەڵام جاری واش بوو جرجە مشك بوو و هەندێ جاریش دەسگیرانم بوو. هەندێ جایش هەر ئەو مەڕە بوو، کە ئەستێرەیەکی بەسەر پشتەوە بوو.

ئاخرجاریش هیچ کات، کەس دەرنەکەوت و هەر گژەبا بوو، کە کەروێشکەی بە گژوگیاکان دەکرد، هەر دەتگوت مێرگەکە، رێچکەی تایبەتی گژەباکان بوو. گژەبا، بەسەر گژوگیادا کێبڕکێیان بوو و، بۆ ئەو ئەرکەی خێرا پێیان سپاردبوون، هەرگیز ئاوڕیان نەدەداوە.

حەوتەمین رۆژم لە کوێستانێ، یەکەم بەفر کەوت. لە بەیانییەوە بایەکە زۆر سەیر هێور ببۆوە و، ئاسمان پڕ بوو لە گەواڵە هەوری قورقوشمین و رەش. پاش راکردن و حەمامێکی دەم بەیانی، دانیشتبووم قاوەم دەخواردەوە و گوێم دابووە مۆسیقا، بەفرەکە دایکرد. بەفرێکی قورس. بەفرێك، کولووی وەك تەرزە وەپەنجەرەکە دەکەوتن. بایەکە هەڵی کردەوە و بەفرەکەی کردە بارِن. دەتگوت هێڵە خواروخێچەکانی سەر بەستەی فرۆشگەکانەز زۆری نەبرد هەڵیکردە تۆفان و لە دەرەوە هەموو شتێك نوقمی سپیایی بوو. هەموو کەوشەنی کوێستان و دارستانەکەی تێك وەردا. لەو بەفرە سووکانە نەبوو، کە لە تۆکیۆ دەبارێ. ئەمەیان، بەفرێکی راستەقینە بوو. لەو بەفرە قورسانەی باکوور دەگرن. بەفرێك، کە هەموو شتێکی دادەپۆشی و، عەرزی دەگرت و دەیبەست.

بەفرەکە چاوی دەبرد. پەردەکەم داداوە و لە تەنیشت سۆپەکەوە خۆم گرمۆڵە کرد کتێب بخوێنمەوە. قەوانەکە تەواو بوو. دەرزییەکە هەستاوە و بێدەنگی باڵی کێشا. لەو بێدەنگییانەی بەدوای مردنی هەموو گیانلەبەرەکاندا باڵ بەسەر وڵاتدا دەکێشێ. کتێبەکەم دانا و هەر لە خۆوە پێم وابوو دەبێ بە ژوورەکەدا پیاسە بکەم. لە ژووری میوانەوە چوومە چێشتخانەکە، عەمبار و حەمام و ژێرزەمینەکەم پشکنی و، چوومە سەر پلیکانەکان و دەرگای یەك بە یەك ژوورەکانم خستە سەر پشت، دیارە کەسی لێ نەبوو. هەر بێدەنگی بوو کە وەك رۆن بەسەر هەموو گۆشە و قوژبنەکاندا شۆڕ ببۆوە.

هەر بێدەنگی بوو، کە زۆر لەسەر خۆ لە ژوورێکەوە تا ژوورێکی دیکە دەگۆڕدرا.

بەتاقی تەنێ بووم. پێدەچوو لە ژیانمدا هێندە تەنیا نەبووبێتم.

دوو رۆژ لەوە پێش، وەخت بوو بۆ جگەرەیەك شێت بم، بەڵام چونکە جگەرەم پێ نەبوو، یەکبین هەر دەمخواردەوە. زستانێکی ئاوا بەس بوو، بۆ ئەوەی تەواو ببمە کحوولی. بەڵام واش نەبوو، ئەوەندەی مەشرووب لێ بێ. سێ چوار شووشە و دوازدە قوتوو، هەر ئەوەندە. دیار بوو هەر جرجەمشکیش هەر ئەوەی بە زەینیدا هاتبوو.

ئەرێ شەریکبەشەکەم، شەریکەکەی جارانم، هێشتایش هەر دەمی پێوە دەنا؟ ئاخۆ توانیبووی کۆمپانیاکە رێك بخاتەوە و، هەر وەك پێشنیارم کردبوو، وەك نووسینگەیەکی بچووکی وەرگێڕانی لێ بکا. لەوانەیشە رێك وای کردبێ. بەڵام ئاخۆ هەر بەراستی بەبێ من، هەر وەك نیگەران بوو، بەو کارە دەوەستا؟ ئیتر کاتی ئەوە هاتبوو لێك دابڕێین. شەش ساڵ پێکەوە بووین و ئێستا گەڕابووینەوە سەر خاڵی سەرەتا.

دوانیوەڕۆ بەفرەکە وەك یەکەمجار لەناکاو دای کردبوو، لە پڕ لێی کردەوە. هەورە چڕەکان لێرە و لەوێ رەوییبوونەوە و، کۆڵەکەی تیشکی هەتاوەکە سەری کێشابووە دەرێ و لەسەر گژوگیاکان گەمەی بوو. زۆر مەزن بوو.

بەفرە قورسەکە وەك نوقڵ بەسەر عەرزەکەدا کەوتبوو. دەتگوت وردە ساچمەن و لە هەمبەر توانەوەدا مل بادەدەن. بەڵام کە سەعات بوو بە ٣، بەفر هەمووی توابۆوە. زەوی تەواو خووسابوو. خۆرەتاوەکەی دەمی بوولێڵ، بە تیشکێکی نەرم باوەشی بە مێرگەکەدا کردبوو. باڵندەش وەك بەردرابێن، دەیانچریکاند.

پاش نانی شەوێ، کتێبێکم لە ژووری جرجە مشك هەڵگرت، نانکردن و رۆمانێکی کۆنراد، ئیتر چوومەوە سەر قەنەفەکەی ژووری میوان و بێخەم لێی دانیشتم.

پاش یەك لەسەر سێی رۆمانەکە، گەیشتمە لەتە رۆژنامەیەکی شەش سەنتی مەتریی چوارگۆشە، کە جرجە مشك وەك نیشانەی خوێندنەوە لە کتێبەکەی خستبوو. تاریخی بەسەرەوە نەبوو، بەڵام بە رەنگی کاغەزەکەدا دیار بوو کۆن نییە. هەواڵی دەوروبەر لەبارەی کۆبوونەوەیەك لەبارەی پیری و کۆمەڵگاوە بوو، کە لە هۆتێل ساپورۆ دەبەسترا، خۆپێشاندانێك لە وێستگەکەی نزیك ئاساهیکاوا، وتاردانێك لە بارەی قەیرانی رۆژهەڵاتی ناڤینەوە. شتێکی وا نەبوو، کە سەرنجی جرجە مشك یان هی من راکێشێ. ئەوبەری کاغەزەکە بانگەشە بوو. باوێشکێکم دا و کتێبەکەم پێوە دا و، چووم باقی قاوەکە گەرم بکەمەوە.

لەپڕ سەیرم کرد، لە ماوەیەکدا، کە دەتگوت چەند ساڵە، ئەوە یەکەم جارە رۆژنامەیەکم دیتووە و، حەفتەیەکی رەبەق لە دۆخی دنیا دوا کەوتووم. نە رادیۆیەك هەبوو، نە تەلەفزیۆنێك و نە رۆژنامەیەك و نە گۆڤارێك. لەوانەبوو مووشەکێکی ناوکی تۆکیۆی کاول کردبێ، پەتایەکی لێگرەوە، دنیای تێك دابێ، مریخییەکان ئوسترالیایان داگیر کردبێ، خۆ من ئاگام لە مەحموودی بێزەواد نەبوو. دیارە، لەندکرۆزەرەکەی نێو گەراج رادیۆی هەبوو، بەڵام هەستم کرد ئیتر حەزم لێ نییە بچم و گوێی بدەمێ. ئەگەر بەبێ

ئەوەی منیش ئاگام لێ بێ، شتێك قەومابێ، لەوانەبوو لەوەش خراپتر بقەومێ. هەر بەراستی پێویستم بەوە نەبوو بزانم. ئەمن بۆخۆم دنیایەك خەم و خەیاڵم هەبوو.

شتێك مێشكمی داگرتبوو. شتێك، كە بە بەرچاومدا رابردبوو، بەڵام من ئەوەندە كۆڵەوار بووم، بۆم نەدەچۆوە سەر یەك. ئەو شتانە هەر وا لە نەستمدا مابوونەوە. كووپی قاوەكەم لە "سینك"ـەكە كرد و هاتمەوە ژووری میوان. سەیرێكی دیكەی لەتە رۆژنامەكەم كرد، لەو بەرەوە بانگەشەی ریزبەندكراوی لێ بوون:

سەرنج: جرجەمشك

پێوەندی بكە، كارەكە پێویستە.

هۆتێل دۆلفین، ژووری ٤٠٦

لەتە رۆژنامەكەم خستەوە ناو كتێبەكە و لە قەنەفەكەدا تخێلّ بووم.

كەواتە جرجە مشك دەیزانی من بەدوایدا دەگەرێم. پرسیار: باشە ئەو چۆناوچۆن ئەم بانگەشەیەی دیتبوو؟ هەر بە رێكەوت لە كێوپارە چووبووە خوارێ؟ یان لەوانەیە لە نێو رۆژنامەكانی چەند حەفتەدا بەدوای شتێكەوە بووبێ؟

باشە بۆ پێوەندیی بە منەوە نەگرتووە؟ نەكا وەختێك پێوەندیی كردووە، من لە هوتێل دۆلفین وەدەركەوتووم؟ نەكا تەلەفۆنەكەی تێكچووبێ؟

نا، ئەگەر جرجەمشك ویستبای، دەیتوانی پێوەندی بە منەوە بكا. نەیدەویست وا بكا. چونكە من لە هوتێل دۆلفین بووم. ئەو گریمانەی دەكرد من ئێرە دەدۆزمەوە. هەر بۆیە ئەگەر ویستبای ممبینێ، هەر ئەوەندە بەس بوو چاوەرێ بكا، یان هەر نەبێ یادداشتێكم بۆ بەجێ بێڵێ.

كورتی ببرمەوە: جرجە مشك، لەبەر هەر شتێك بێ، پێی خۆش نەبووە ممبینێ، بەڵام وازیشی لێ نەدێنام. ئەگەر نەیویستبا بێمە ئێرە، بلێی و نەلێی ئێرە ماڵی خۆی بوو و، بە زۆر رێگەدا دەیتوانی پێشی هاتنەكەم بگرێ.

ئەو دوو گریمانەیەم دانابوو و، سەیری چركەژمێری سەعاتەكەم دەكرد، كە لەسەرخۆ دەخولاوە. پاش خولێكی تەواو، لێكدانەوەكەم هیچی لێ شین نەبۆوە. بۆم نەدەچۆوە سەر یەك، كە چ شتێك لەو مەسەلانەدا هەیە.

كابرای مەرِی هەندێ شتی دەزانی. دڵنیا بووم. هەر ئەوەی كە ورد ورد ئاگای لە هاتنی من بوو، بە دڵنیاییەوە شتێكی لەسەر جرجەمشك دەزانی، كە شەش مانگ لێرە ژیاوە.

لە راستیدا، پێدەچوو، هەڵسوكەوتی كابرای مەرِی بەپێی ویستی جرجەمشك بێ و، منی لێرە بەتەنێ بەجێ هێشتبوو. دڵنیام دەركەوتنی سەروسەكتی وی، سەرەتای كارەكە بوو. شتێكی سەرنجراكێش خەریك بوو دەقەوما. رووداوێك خەریك بوو دەقەوما. دەكرا لە هەموو شتێكەوە لێت روون بێتەوە.

چراكانم كوژاندەوە و، چوومە نهۆمی سەرەوە، چوومە نوێنی خەوەكەمەوە و، چاوم برِییە مانگ و مێرگەكە و بۆنی هەوای شەوانەم هەڵمشت. لە نێو خشەخشی گەڵاكاندا دەمتوانی دەنگێكی دوور ببیستم. دەنگێكی سەیر، كە نە هیی مەل بوو و نەهیی ئاژەڵ.

له خەو هەستام و بۆ راکردن چوومە نێو مێرگەکە. حەمامێکم کرد و، نانی بەیانیم خوارد. بەیانییەکی وەك بەیانییەکانی دی. ئاسمان وەك دوێنێ هەوروهەلاّ بوو، بەلاّم هەواکەی تۆزێك گەرمتر بوو. پێنەدەچوو بەفر بباریّ. کابۆی و ژاکێتم لەبەر کرد و لەسەر ئەویشەوە پالّتۆکەم کردە بەرم و، پێلاّوی تێسنم کردە پێم و چوومە مێرگەکە. بەرەو لێڕەوارەکەی لای رۆژهەلاّت چووم، بەرەو ئەو لایەی دیتبووم کابرای مەڕی لەچاوان ون ببوو. بەرەو بێشەلاّنەکە رۆیشتم. نە رێچکەیەك دیار بوو، نە نیشانە و شوێنەوارێکی بنیادەم. لێرە و لەویّ دار بووزێك پیر ببوو و بەلادا کەوتبوو.

نێو دارستانەکە، جگە لە خەندەقێکی دوورودرێژ، کە زیاتر لە جۆگەیەك دەچوو وشك بووبیّ، بان سەنگەرێکی چۆلّ کرابیّ، ئەوی دیکەی هەموو رێك بوو. خەندەقەکە، بە نێو دارەکاندا هەتا کیلۆمەترێك دەکشا و، جیّ جیّ قوولّتر و لە هەندیّ شوێنیش لە نێو خەزەلّەکاندا هەتا قولەپێی بنیادەم قوولّ بوو.

جۆگەکە، دەبووە رێچکەیەکی وەك قەلّشت، کە هەر دوو بەری وەك قوولّکەیەکی وشك، لێژ بوو. بالّندەی قەلّەوقەلّەو لە نێو گەلاّکاندا دەجوولاّن و خۆیان لە بن بنەتای دارەکاندا دەشاردەوە. لێرەو لەویّ، بەزالیاکان، سوور سوور دەدرەوشانەوە.

سەعاتێك کە پیاسەم کرد، رێگە و ئاقارم لیّ تێك چوو. بەو وەزعەوە ئەستەم بوو بتوانم کابرای مەڕی بدۆزمەوە. هەتا ئەوسەری لێژاییە وشکەکە، تا ئەو شوێنەی دەنگی خوڕەی ئاوەکەم دەبیست، رۆیشتم. بە شوێن رووباردا گەڕام، ئەوجار بەرەو لای خواروو بە دوویدا رۆیشتم. ئەگەر لەسەر زەین بوایەم، پێم وایە تاڤگەیەك لەوێوە بوو. بەلای تاڤگەکەدا جادەیەك هەبوو، کە بەپێیان پێدا هاتبووین. دە خولەك دواتر گەیشتمە تاڤگەکە. تاڤگەکە هەلّدەڕژایە سەر تاشەبەردەکان و دەچووە نێو گۆلە بەستووەکەوە. ماسی دیار نەبوون، بەلاّم چەند گەلاّیەکی وەریو، لەسەر هەسێلّەکەوە جەغزی بچووك بچووکیان دروست دەکرد. لە سەر تاشەبەردێکەوە بازم دایە سەر گابەردێکی دیکە و، بەرەو لای خوارێی تاڤگەکە رۆیشتم. پاشان لە قەراغە خلیسکەکەی بەردەممەوە هەلّکشام. گەیشتبوومە جادەکە.

کابرای مەڕی لەسەر لێواری پردەکە دانیشتبوو و، سەیری دەکردم. باقەیەك وشکەلّی لە کۆلّ نابوو. گوتی: "ئەگەر زۆر بێیە دەریّ و بگەڕێی، ورچ دەتخۆن، ئاگادار بە، یەکیان لەم دەوروبەرانە دەخولێتەوە. دوێنیّ دوانیوەڕۆ، شوێن پێیم دۆزییەوە. ئەگەر ناچاری بێیە دەریّ، دەبیّ وەك ئێمەمانان زەنگولّەیەك بە لاقوونتەوە هەلّواسی."

کابرای مەڕی، ئەو زەنگولّە بچووکەی کە بە شریتێك، لە سمتی بەستبوو، رایوەشاند.

کە پشووەکم هاتەوە بەر، گوتم: "لە تۆ دەگەڕام."

کابرای مەڕی گوتی: دەزانم، ئاگام لێت بوو دەگەڕای.

"باشە، ئەی بۆ بانگت نەکردم؟"

"ئەوە تۆ بووی لە من دەگەڕای. هەر بۆیەش من هیچم نەکرد."

کابرای مەڕی جگەرەیەکی لە گیرفانی دەرهێنا و بەوپەڕی کەیفخۆشییەوە دایگیرساند. لە تەنیشیتی دانیشتم.

"لەو دەوروبەرانە دەژیی؟"

کابرای مەڕی گوتی، بەڵێ، بەڵام بە کەس مەڵێ، کەس نازانێ."

"بەڵام برادەرەکەم لە هەموو شتێکت ئاگادارە."

بێدەنگی.

"ئەگەر تۆ خۆت بە برادەری من دەزانی، یانی من و تۆ برادەرین، وا نییە؟"

کابرای مەڕی بەپارێزەوە وەڵامی داوە: "پێم وایە. پێم وایە هەر واشە."

"جا ئەگەر تۆ برادەری منی، خۆ درۆم لەگەڵ ناکەی، وایە؟ بیری لێ بکەوە."

کابرای مەڕی، سەرسووڕماو وەڵامی داوە: "دیارە، نا."

لێوە وشکەکانی لستەوە و، گوتی: "ناتوانم بلێم، ناتوانم بلێم زۆر بەداخم، بەراستی ناتوانم بلێم، ناتوانم بلێم قەول وانییە بلێم."

"کەس زۆری لێ کردووی باسی ئەوە بکەی؟"

کابرای مەڕی نەیویست قسەیەك بکا. با لە نێو دارە بێ بەرەکانەوە گڤەی دەهات و دەیلووراند."

بە سرتەوە گوتم: "خۆ کس لێرە نییە گوێی لێ بێ."

کابرای مەڕی چاوی لە چاوم بڕی و گوتی: "تۆ هیچ ئاگات لە ژیانی ئێمە لێرە نییە. ئاگات لێیە؟"

"نا، ئاگام لێ نییە."

"جوان گوێ بدەیە، ئەو شوێنەی دەچین، جێیەکی ئاسایی نییە. هەر ئەوەندە بزانە."

"بەڵام ئەو رۆژە پێت گوتم، جێیەکی زۆر جوانە."

کابرای مەڕی گوتی: "بۆ ئێمە وایە، بۆ ئێمە، ئێرە تەنیا جێی ژیانە. ئەگەر لێرەمان دەر بکەن، هیچ کوێمان نییە بچین."

کابرای مەڕی دەمی داخست، ئیتر هیچی دیکەی لەوبارەیەوە نەگوت. سەیری چارۆکە پڕ لە وشکەڵەدارەکەیم کرد و گوتم: "بۆ ئاوردووی زستانێیە؟"

کابرای مەڕی بەبێدەنگی سەری لەقاند.

"بەڵام من هەرگیز دووکەڵم نەدی."

لەخۆباییانە زەردەیەکی هاتێ و گوتی: "هێشتا، تا بەفر نەکەوێ، ئاگر ناکەینەوە. بەڵام پاش بارینی بەفرەکەیش ناتوانی دووکەڵی ئاگرەکەی ئێمە ببینی. ئێمە شێوازێکی تایبەتیمان بۆ ئاگرکردنەوە دۆزییەوە."

"باشه، ئەی بەفرە قورسەکە، کە دای دەکا؟"

کابرای مەڕی سەیرێکی ئاسمانی کرد و ئەوجار چاوێکی لە من کرد و گوتی:

"ئەمساڵ بەفر زوو دەکەوێ. لەوانەیە تا دە ڕۆژی تر."

"تا دە ڕۆژی دی جادەکە دەیبەستێ؟"

"لەوانەیە، باشترین دەموساتی ساڵ ئەم دەمانەیە. نە کەس دێتە سەرێ و نە کەس ئاودیو دەبێ."

"لە کەیەوە لێرە دەژیی؟"

کابرای مەڕی گوتی: "زۆر لە مێژە، دەمێکە لێرەم."

"چ دەخۆی؟"

"چووزەرەی گیا و میوەی نێوکدار و، باڵندە و هەر چەشنە ماسییەکی بچووك و قرژاڵێکم پێ بگیردرێ."

"سەرمات نابێ؟"

"زستان هەر دەبێ سارد بێ."

"ئەگەر حەوجێت بە شتێکە، خۆشحاڵ دەبم لەو شتانەی هەمە بەشت بدەم."

"سپاس، بەڵام جارێ باشە."

کابرای مەڕی لە پڕ هەستا و بەرەو لای مێرگەکە کەوتە ڕێ. منیش هەستام بکەومە شوێنی.

"بۆچی ناچاری لەو سەرە خۆت بشاریتەوە؟"

کابرای مەڕی گوتی: "ئەگەر پێت بڵێم پێم پێناکەنی؟"

گوتم: "سوێندت بۆ دەخۆم." نەمدەزانی چ شتێك لەوانەیە پێکەنیناوی بێ.

"بۆ کەسی ناگێڕییەوە؟"

"بە کەسی ناڵێم."

"نەمدەویست بچمە شەڕ."

تا چەند خولەکێك دواتر، بەبێ ئەوەی قسەیەك پێکەوە بکەین، ڕۆیشتین.

پرسیم: "شەڕ لەگەڵ کێ؟"

کابرای مەڕی کۆخی و گوتی: "نازانم بەڵام نەمدەویست بچم. هەر بۆیە مەڕم. مەڕێك، کە لەو شوێنە دەژیی، کە هیی ئەوێیە."

"تۆ خەڵکی یۆنیتاکی کۆی؟"

"بەڵێ، بەڵام بەکەس مەڵێ."

خۆ گوتم نایڵێم، حەزت لە شاری نییە؟"

"ئەو شارەی خوارەوە؟"

"ئا."

کابرای مەڕی دیسان کۆخی و گوتی: "هیچ حەزم لێی نییە، سەربازی زۆر لێیە. تۆ خەڵکی کوێی؟"

"تۆکیۆ."

"هیچت لەبارەی جەنگەوە بیستووە؟"

"نا."

پێم وابوو ئیتر کابرای مەڕی لێرەوە هیچ حەزی لە قسەکانم نییە. تا گەیشتینە مێرگەکە، بێدەنگ بوو.

لە کابرای مەڕیم پرسی: "ناتەوێ بێیەوە ماڵێ؟"

گوتی: "دەبێ ئازووخەی زستانێ داخەم. کارم زۆرە، لەوانەیە جارێکی دی."

گوتم: "حەز دەکەم برادەرەکەم ببینم. شتێك بووە، کە دەبێ تا حەفتەی دادێ هەر بیبینم."

کابرای مەڕی داماوانە سەری راوەشاند، گوێچکەی دەلەقین.

"بەداخم، بەڵام وەك گوتم، ئەوە کاری ئێمە نییە."

"باشە، کەواتە، گەر دەتوانی قسەکانی منی بۆ بگێڕەوە."

کابرای مەڕی گوتی: "ئێ ێ."

گوتم: "ماڵت ئاوا بێ."

گەڕامەوە بڕۆم.

کە دەڕۆیشت، بەدەنگێکی بەرز گوتی: "وەختێك دێیە دەرێ، زەنگوڵەت لەبیر نەچێ."

کابرای مەڕی کە لە نێو دارەکانی بەری رۆژهەڵاتدا بزر بوو، وەك جاری پێشوو راستەوڕێ هاتمەوە ماڵێ. مێرگێکی سەوز و بێدەنگ و تاریکی زستانیمان لە نێواندا هەبوو.

ئەو رۆژە عەسرێ، نانم کرد. دەرکەوت، کتێبی نانکردنەکەی جرجەمشك، کتێبێك بوو بیرمەندانە نووسرابوو و، زۆری پێوە نەنابوو، کە گوتبووی: "ئەگەر پێت دەخوێنرێتەوە، کەواتە نانیشت پێ دەکرێ." بۆنی نان ماڵەکەی پڕ کردبوو و، تەواو گەرمی داهێنابوو. وەك یەکەمجارم، تامێکی ناخۆشی نەبوو. هەویرترش* و ئاردێکی زۆر لە چێشتخانەکە هەبوو. خۆ ئەگەر لێم روون بوایەتەوە، کە ناچارم لەوێ وەمێنم، تا زستان تەواو دەبوو بەشی دەکردم. برنج و ماکارۆنییشی زۆر زۆر لێ بوو.

ئەو رۆژە ئێوارێ، نان و سالاد و هێلکەم خوارد و، دسێریش کۆخی قوتووکراو.

---

* هەویرترش: ئەو ئەنگوتە هەویرەیە، کە نانکەر هەڵیدەگرێ بۆ هەوێنی هەویری رۆژەکەی تر، چونکە بەبێ ئەوە هەویرەکەی هەڵ نایە.

سبەی بەیانییەکەی، برنجم لێ نا و، برنج و ماسی و کارگ و قەوزە دەریاییم پێکەوە لێنا.

بۆ نانی نیوەڕۆیش، کێك و پەنیر و شیری خەست و چا لە بەفرگرەکەدا هەبوو.

بۆ عەسرانەیش، خۆمم داوەت کرد بۆ خواردنی چلوورەی فستەقی، کە ساردییەکی تام پرتەقاڵم بەسەردا کردبوو.

ئێواریێ مریشکی برژاو و قووتووەك سووپی کەمپبێلم خوارد.

دیسان خەریك بوو قەڵەو دەبوومەوە.

دوانیوەڕۆی ڕۆژی نۆیەم کە خەریك بووم سەیری کتێبخانەکەم دەکرد، کتێبێکم بەرچاو کەوت، کە دیار بوو تازە خوێنراوەتەوە. تاقە کتێبێك بوو تۆزی لێ نەنیشتبوو. قوونەکەی تۆزێك لەوانی دی پتر هاتبووە دەرێ.

دەرمکێشا. لەسەر قەنەفەکە دانیشتم و هەڵم داوە. میراتی ئاسیای یەکگرتوو بوو. چاپی سەردەمی شەڕ بوو. لە کاغەزە هەرزانەکان بوو و، کە هەڵم داوە، بۆنێکی ناخۆشی لێ هەستا. ناوەرۆکەکەی ڕێك بەوجۆرە بوو، کە چاوەڕوانیم لەسەردەمی شەڕ هەبوو. تەواو یەکلایەنە نووسرابوو. زوو وەڕەزی دەکردی. لەو کتێبانە بوو، کە هەر سێ لاپەڕی بخوێنییەوە، باوێشکێك دەدەی. لە هەندێ لاپەڕە هێڵێك بە بن هەندێك وشەدا کێشرابوو. تەنانەت یەك دێڕیش باسی ڕووداوەکانی ٢٦ی فێبریوەری نەکردبوو.

ئاخری کتێبەکە، پەڕێکی سپی بۆ یاداشتکردن دانرابوو. پاش ئەو لاپەڕە زەردهەڵگەڕاوە، ئەو پەڕە سپییە وەك موعجزەیەك قوت ببۆوە.

لاپەڕەی ڕاستی کتێبەکە پاشکۆیەکی هەبوو. ریزێك ناو، ڕێکەوتی لەدایکبوون و شوێنی ژیانی لایەنگرانی ڕێکخراوی ئاسیای یەکگرتوو. لەسەرەوە تا خوارێ بە ناوەکاندا هاتم. سەرۆك لە لای نێوەڕاستی لاپەڕەکەوە بوو. شوێنی ژیانی هۆکایدۆ یۆنیتاکی کۆ بوو. بە سەرسووڕمانەوە کتێبەکەم لەسەر ڕانم دانا. تەنانەت وشەکانیش نەدەهاتنە زەینم. هەر دەتگوت، یەکێك یان شتێك، لە پشتەملمی ڕاکێشاوە.

چۆن نەمزانیبوو؟ دەبوو هەر لە ئەوەڵەوە بزانم. هەر ئەو دەمە زانیم سەرۆك کوڕی خێزانە وەرزێرێکی هۆکایدۆییە. دەبوو لێی بکۆڵمەوە. گرینگ نەبوو سەرۆك چەند لێوەشاوانە توانیبووی ڕابردووی خۆی بسڕێتەوە. بێ و نەبێ ڕێگەیەك بۆ لێکۆڵینەوە هەر هەبوو. ئەو سکرتێرە چاکەت و پانتۆڵ ڕەشە، بەدڵنیاییەوە بۆی دەدۆزیمەوە.

کوڕە لەوانەش بوو کاری وا هەر نەکا.

سەرێکم راوەشاند.

بەهیچ شێوەیەك خۆی نەیدەدۆزییەوە. ئەم کابرایە ئەوەندەیش بێپارێزنەبوو. ئەو مشووری هەموو کون و کەلەبەرەکانی خواردبوو. ڕێك، وەك چۆن هەموو شتێکیشی بۆ من ڕێك خستبوو.

کەواتە ئەو ئاگای لە هەموو شتێك بوو.

ئەو مەسەلەیە گرینگ بوو. زۆری هەوڵ دابوو قایلم بکا یان هەر نەبێ بەرتیلێکم بداتێ بۆ ئەوەی بمهێنێتە ئێرە. باشە بۆ؟ ئەگەر پێویست بوو کارێك بکرێ، بەدڵنیاییەوە ئەو دەستڕۆیشتووتر بوو و ، هەموو شتێکیشی باشتر لەدەست دەهات. ئەگەر هەر قەرارەکەش وابووە من دارەدەست بم، ئەی باشە بۆ ئەو هەر لەسەرەتاوە ناوی ئێرەی بەمن نەگوتبوو؟

هەر وا بەدەم شەنوکەوکردنی ئەم شتانەوە، خەریك بوو شێت دەبووم. ئەوانە جار بەجار پتر دەبوونە کۆمێدیایەکی ناتەبای رووداوە تاڵەکان و، منیش نەمدەتوانی بیری لێ بکەمەوە، کە ئەو شتانە چەندە گاڵتەجاڕن. ئێستا کە گەیبووینە ئێرە، جرجە مشك چەندە ئاگادار بوو؟ کابرای چاکەت و پانتۆڵ رەش چەندە ئاگای لەو مەسەلەیە بوو؟ من لێرە، رێك لە چەقی مەسەلەکەدا بووم، بەبێ ئەوەی خۆم بزانم. هەر جووڵەیەکم کردبا، بەملاو ئەولادا رۆیبام، لە نیشانەکە دوورتر دەکەوتمەوە. دیارە دەکرێ بڵێم لە هەموو ژیانمدا هەر وا بووم.

پێم وایە نابێ خەتاکەی بخەمە ئەستۆی کەس. هەمووان وەك یەکن. ئەوان مافی ئەوەیان نییە ئاوا لەمن بکەن؟ من کرابوومە داردەست، ماڵوێران ببووم، هاڕدرابووم. ئامادە بووم ئەو کێوپارەیە لە بن بێنم، بەڵام بەوەندە تینوێتیم نەدەشکا. باش تێکەوتبووم. حەزم لێ بوو هاوار بکەم، بگریم، بەڵام بۆچی؟ زۆر لەمێژتر، بە دڵنیاییەوە شتێکی وا هەبوو شیاوی ئەوە بێ بۆی بگرییێ.

چوومە چێشتخانەکە و شووشەکەم هێنا. نەمدەتوانی جیا لە خواردنەوە بیر لە هیچ شتێکی دی بکەمەوە.

ئەو شتانەی ئاوێنە نیشانی دەدا

ئەو شتانەی ئاوێنە نیشانی نادا

بەیانیی رۆژی دەیەم بڕیارم دا هەموو شتێك لەبیر بکەم. ئیتر تا ئەم دەموساتەی، ئەوەی دەبوو لە کیس خۆمی بدەم، لە دەستم دابوو.

لە نیوەی راکردنی بەرەبەیانیمدا بووم، کە بەفر دای دا. ئەمجارە بەفرێك بوو چاو چاوی نەدەدی، باڕنێکی شێدار و نووسەکە* ی بەستووی پێوە بوو. راکردنەکەم کورت کردەوە، گەڕامەوە ماڵێ و حەمامێکم کرد. لەو دەمەدا کە حەمامەکە خەریك بوو گەرمدا دەهات، خۆم خزاندە پاڵ سۆپەکەوە، بەڵام هەر گەرم نەدەبوومەوە. سەرما شێدارەکە تا مۆخی ئێسقام رۆچووبوو. پەنجەم وا لەگۆ چووبوون نەدەنوشتانەوە. گوێچکەم دەبرژانەوە و خەریك بوون هەڵوەرن. دەتگوت ئێستا نا تاوێکی دی بەردەبنەوە. پێستم سەرلەبەر وەك کاغەزە هەرزانباییەکانی لێ هاتبوو.

خۆ خووساندنێکی نیوسەعاتی لە کۆلی حەمامەکەدا بە چایەکی گەرمەوە، گیانمی هێنایەوە سەرخۆ. ئەگەرچی تا چەند سەعات دواتریش هەر جار نەجارێك چەقوچۆم دەبوو. زستانی کوێستانێ ئاوا بوو ئیدی.

بەفرەکە تا ئێوارێ خۆشی نەکردەوە و هەموو مێرگەکەی سپی داگێرا. کە شەو ، هەموو وڵاتی لە تاریکیدا نوقم کرد، جا بەفرەکە خۆشی کردەوە و دیسان بێدەنگییەکی قووڵ زاڵ بوو. بێدەنگییەك کە نەدەکرا گوێی نەدەیتێ. دوگمەی دووپاتەکردنەوەی قەوانەکەم داگرت و بیستوشەش جار گوێم لە کریسمەسی سپی گرتەوە.

بەفرەکە زۆر عەرزی نەگرت. وەك کابرای مەڕی پێشبینیی کردبوو، هێشتا مابووی زەوی بیکاتە بەستەڵەك. بۆ بەیانی، رۆژی یازدەیەمی من، ئاسمان ساماڵ و ساو بوو. تاو و بانێکی خۆش کەوتبوو و، مێرگەکەی وا لێ کردبوو، دەتگوت بە بەفرەکەوە چل بەشت کردووە و لەبەر تیشکەکەدا دەدرەوشایەوە. وردە سەهۆڵ دەخزین و شڵپ بەردەبوونەوە. بەفراو بە پەنجەرەدا شۆڕابەی بەستبوو. هەموو شتێك پرشنگی دەداوە. ئەو دڵۆپانەی بە سەری گەڵا بەڕووەکانەوە نووسابوون، دەدرەوشانەوە.

دەستم لە گیرفانم نان و لەبەر پەنجەرەکە راوەستام و چاوم لە دەرەوە بڕی. ئەو شتانە جوان دیار بوون لە من جیان. هیچ پێوەندییەکیان بە من و بە هیچ کەسێکەوە نەبوو. هەموو شتێك لە تێپەڕیندا بوو. بەفر دەباری و، دەتوایەوە.

---

* نووسەکە: هەرچی پێوە بنووسێ. شتی پێوەنووس.

بڕیارم دا لەگەڵ دەنگی هەرەس و ڕووخانی کەوی بەفراندا، ماڵەکە خاوێن بکەمەوە. جا کە ئێستا لە سۆنگەی بەفرەوە قەتیس ببووم، لەشم پێویستی بە کارێك بوو. جگە لەوەش، خۆ من لە ماڵی کابرایەکی دی میوان بووم. قەت وانەبووە لەبەر چێشتلێنان و ماڵخاوێنکردنەوە بۆڵاندبێتم.

بەڵام وا دیار بوو، خاوێنکردنەوەی ماڵێك گەورە زۆر لەوە قورستر بوو، کە بیرم لێ کردبۆوە. خۆ پانزە کیلۆمەتر رام کردبایە ئاسانتر بوو. هەموو کەلێن و قوژبنەکانم تۆزتەکێن کرد و، ئەوجار گسکە کارەباییەکەم هەڵگرت و بەملاوئەولادا رۆیشتم بۆ ماڵی تۆز و خۆڵەکە. عەرزە دارینەکەم بە گیراوەی تایبەت خاوێن کردەوە و، ئەوجار بە گاگۆڵکێ هەموویم وەك ئاوێنە لێ کرد. خەریك بوو پشووم راوەستێ، بەڵام چونکە ئیتر جگەرەم نەدەکێشا، هەناسەم باشتر ببوو. ئەو سڕینەوە ناخۆشانە، هیچ کامەیان پشووسواریان نەکردم.

چوومە چێشتخانە، بۆ ئەوەی پەرداخێکی فێنك ئاوی ترێ بخۆمەوە و، هەتا قاوەڵتوونێ هەرچی کاری مابۆوە، لەگەڵ خاوێنکردنەوەدا، تەواوی بکەم. کرکرەکانم کردەوە. عەرزەکە، کە تازە وەبریقە کەوتبوو، دەدرەوشاوە. تێکەڵەیەکی سەیروسەمەرە لە بۆن و بەرامەی ئەو مەڵبەندە و بۆنی مۆمەکە دروست ببوو، کە دەیبردمەوە سەردەمانێکی دوور.

ئەو کۆنەپەڕۆیانەی عەرزەکەم پێ سڕیبوونەوە، شوشتمن و، مەنجەڵی ئاوەکەم خستە سەر ئاگر، بۆ ئەوەی بۆ ماکارۆنییەکە بکوڵێ و، گەرای ماسی و کەرەیەکی زۆر و ساسی سۆیام تێ کرد. نیوەڕۆژەیەکی کەموێنە بوو، کە بە دەنگی ئەو دارکونکەرەیەی لە نێو دارەکانی نزیکمەوە دەهات، ئیتر تەواو و کامڵ بوو.

کاری ماکارۆنییەکەم تەواو کرد، قاپەکانم شوشت و، چوومەوە سەر کارەکەم. کۆلی حەمام(بانیو)ـەکەم سڕییەوە و ئاودەستم خاوێن کردەوە و، مۆبلەکانیشم جوان سڕییەوە. لە سای جرجە مشکەوە، شتێکی وای لێ نەبوو زۆر پیس بێ. هەر یەك جار گیراوەی خاوێنکردنەوەکەت پێ دا کردبا، بەسی بوو. دوایی سۆندەیەکی درێژم هێنا و پەنجەرە و کرکرەکانم شوشت. ئیتر هەموو ماڵەکە خاوێن بۆوە و پاش شوشتنی پەنجەرەکان، ئیتر پاکوخاوێنی تەواو بوو. دوو سەعاتی پێش خۆرئاوابوون دانیشتم و گوێم دا قەوانەکان.

کە چوومە لە ژوورەکەی جرجە مشك کتێبێکی دیکە بێنم، لە لای پلیکانەکان چاوم بە ئاوێنەیەکی باڵانوێن کەوت. ئەوم نەدیبوو. پیس بوو. بە پەڕۆیەك سڕیمەوە. بەڵام هیچ گیراوەیەکی شووشەشۆر دەرەقەتی نەدەهات. نەمزانی بۆچی جرجەمشك هێشتبووی ئەو ئاوێنەیە وا پیس بێ. سەتڵێکم ئاوی گەرم هێنا و بە فڵچەیەك خەریکی بووم و پەڵە رەقبووەکانم کڕاند. ئاوێنەکە ئەوەندە چڵکن بوو، ئاوی نێو سەتڵەکەی رەش داگێڕا.

چوارچێوە دارینە ناسکەکەی لێی روون کردمەوە، عەنتیکەیە و، لەوانەشە زۆر بەنرخ بێت. هەر بۆیە لەسەر هەست بووم، ئەوەندە خۆمی پێوە خەریك نەکەم.

ئاوێنەکە، بەبێ ئەوەی خواروخێچم بکا، سەرتاپێی منی نیشان دەدا. هەر لەوێ راوەستام و لەخۆمم روانی. شتێکی تازە نەبوو. خۆم بووم و هەر دەموچاوەکەی خۆم، کە شتێکی تایبەتی نەبوو. بەڵام زۆر رووناك دیار بووم. وێنەی تەخت، وێنەیەکی ئاوێنەییم لە خۆم نەدەدی. ئەوەی دەمدی، خۆم نەبووم. بە پێچەوانەوە، دەتگوت ئەوی نێو ئاوێنەکە راستەقینەکەیە و من رەنگدانەوەی ئەوم و، ئەو بوو سەیری منە راستەقینەکەی دەکرد. دەستی راستەمم هێنایە بەر دەموچاوم و، بە دەمولێومدا هێنا. منی نێو شووشە سەیرکەرەکەش هەر وای کرد. بەڵام دەتگوت، ئەوە منم، هەرچی کابرای نێو ئاوێنەکە دەیکا لاسایی دەکەمەوە. دڵنیا نەبووم لەوەی بەبێ ویستی خۆم، دەستمم بە سەر لێومدا هێنابێ.

وشەی "ویستی خۆم"ـم لە زەینمدا هەڵگرت و، بە دەستی چەپەم گوێچکەمم گرت. منی نێو ئاوێنەکەش هەر وای کرد. دیار بوو ئەویش رێك وەك من، وشەی "ویستی خۆم"ی لە مێشکیدا ئەرشیف کردبوو.

پاشگەز بوومەوە و وازم لە ئاوێنەکە هێنا. ئەویش لەبەر ئاوێنەکە لاچوو.

رۆژی دوازدەیەم بوو، کە بۆ سێیەم جار بەفر دای کردەوە. بەر لەوەی لەخەو هەستم بەفرەکە دەباری. بەفرەکە زۆر سەیر بێدەنگ و کپ بوو، ئەوەیان نە رەق بوو و نە شێدار و نووسەك. لەسەرخۆ لە ئاسمانەوە کولوکولوو دەخولاوە و دەهاتە خوارێ و بەر لەوەی کەڵەکە بێ، دەتواوە. لەو بەفرە بێخەمانە بوو، کە وا لە بنیادەم دەکا لەسەر خۆ چاوی لێك بنێ.

گیتارە کۆنەکەم لە عەمبارەکە دەرکێشا و پاش ئەوەی زۆر بە زەحمەت کۆکم کرد، چەند ئاوازێکی کۆنم پێ لێ دا. "پۆستی راسپاردەی ئاسمانی" بێنی گۆدەمەنم لێ دا و، زوو نیوەڕۆ داهات. لەتە ئەستوورەکانی ژامبۆنم خستە نێو ئەو نانەی خۆم کردبووم و دەتگوت بەردە. بابۆڵەیەکم کرد و، قوتووەکم هەڵپچڕی. دیسان پاش نیوسەعات پرۆڤەی گیتار، ئیتر جگە لە کابرای مەڕی، کێ هەبوو سەروسەکتی دەرکەوێ.

کابرای مەڕی لە کەلێنی دەرگاوە گوتی: "ئەگەر سەرودڵت دەگرم، دەڕۆم."

گیتارەکەم دانا و رۆیشتم: "نا، نا، خەریك بوو بێتاقەت دەبووم."

کابرای مەڕی وەك جاری دی، قوڕی پۆتینەکانی تەکاند و هاتە ژوورێ. دەتگوت جەستەی، جلە مەڕییە ئەستوورەکەی پڕ کردووە. لە سەر قەنەفەکەی رووبەڕووم دانیشت و، دەستی لەسەر دەسکی قەنەفەکە دانا و، هەروا دانیشت.

پرسیم: "هێشتاش بەفرە قورسەکە کاتی نەهاتووە؟"

کابرای مەڕی گوتی: "هێشتاش نا، بەفر هەیە کەڵەکە دەبێ و بەفر هەیە هەر عەرز ناگرێ. ئەوە لەوانە نییە کەڵەکە دەبن."

"ئەهاااا."

"ئەو بەفرەی عەرز دەگرێ و کەڵەکە دەبێ، حەفتەی دادێ دەبارێ."

"کۆلا؟"

"سپاس. دیارە پێم باشە بخۆمەوە."

چوومە چێشتخانەکە و بە ساردی و بابۆڵەیەکی پەنیرەوە هاتمەوە.

کابرای مەڕی بە تاسوقەوە گوتی: "خەریك بووی گیتارت لێ دەدا. ئێمەش حەزمان لە مۆسیقایە، بەڵام ناتوانین هیچ سازێك لێ بدەین."

"منیش ناتوانم، دە ساڵ دەبێ لێم نەداوە."

"قەیناکا، تکایە شتێکم بۆ لێ بدە."

نەمدەویست دڵی بشکێنم، هەر بۆیە ئاوازی "پۆستە راسپاردە ئاسمانییەکە"م لێ دا و، شتێکیشم لە خۆمەوە خستە سەر و، وای لێ هات جڵەوم ترازا و ئیتر راوەستام.

کابرای مەڕی، هەر زۆر بەراستی گوتی: "زۆر باشی لێ دەدەی. دیارە ژەنین زۆر خۆشە, وایە؟"

"ئەگەر لێی شارەزا بی خۆشە، بەڵام ئەگەر بتەوێ باش بی، دەبێ گوێچکەت باش رابێنی و، کە گوێچکەت راهێنا، ئیتر حەزت لە ژەنینی خۆت نابێ."

کابرای مەڕی گوتی: "نا !! هەر بەراستتە؟"

کابرای مەڕی قوم قوم بە پەرداخەکەی دەیخواردەوە و منیش قوتووەکەم بەسەرمەوە نابوو.

کابرای مەڕی گوتی: "نەمتوانی پەیامەکەت بگەیەنم."

سەرم لەقاند.

"هاتیشم ئەوەت پێ بڵێم."

سەیرێکی رۆژمێرە دیوارییەکەم کرد. تەنیا سێ رۆژم دەرفەت مابوو، کە بە خەتێکی سوور نیشانەم کردبوو. بەڵام ئیتر مانایەکی نەبوو.

گوتم: "بارودۆخەکە گۆڕاوە، من زۆر تووڕەم و لە ژیانمدا هێندە تووڕە نەبووم."

کابرای مەڕ هەر لەوێ، پەرداخەکەی بەدەستییەوە و هیچی نەدەگوت.

دەسکی گیتارەکەم گرت و پشتیم بە خشتەکانی کوانووەکەدا کێشا. لەگەڵ وردوخاشبوونەکەی، دەنگی زڕەی ژێیەکانی هەستا. کابرای مەڕی لە سەر قەنەفەکەی دەرپەڕی. گوێچکەکانی دەلەرینەوە.

لە حاڵێکدا زیاتر زەینی خۆمم دەدایە ئەو حەقیقەتە، گوتم: "خەقمە تووڕە بم."

"گریەکم لەدڵیدا بوو، کە نەیدەهێشت سەرت لێ بدەم، بەڵام دەبێ ئەوە بزانی کە ئێمە بەراستی خۆشمان دەوێی."

هەردووکمان لەوێ ڕاوەستابووین و سەیری بەفرەکەمان دەکرد، بەفرەکە دەتگوت لۆکەی هەڵاجیکراوە و لە هەورێکەوە هەڵدەڕژێ.
بۆ کۆڵایەکی دی چوومە چێشتخانەکە. هەر جارێکی بە پێم لەسەر پلیکانەکان دادەنا، ئاوێنەکە هەر لەوێ بوو. منەکەی دیکەش، دیار بوو دەچوو بۆ ساردییەکی دیکە. سەیری دەموچاوی یەکترمان دەکرد و ئاخمان هەڵدەکێشا. ئێمە لەو دوو دنیای جیاوازدا دەژیاین، بەڵام وەك گرۆچۆ و هارپۆ لە فیلمەکەی سووپی مراویدا، ئەوەی بیرمان لێ دەکردنەوە، هەر یەك شت بوون.
لە پشت سەرمەوە، ژووری میوانەکە، لە ئاوێنەکەدا ڕەنگی دابۆوە. یان نا، ژووری میوانی ئەو بوو، کە لە پشت سەرییەوە دیار بوو. ژووری میوانەکەی پشت سەری من و ژووری میوانەکەی پشت سەری ئەو، هەر یەك بوون. هەر ئەو فەرشە و ئەو کاتژمێرە و ئەو تابلۆ و کتێبخانەیە. هەموو شتێك وەك یەك بوو. ئەگەرچی بەپێی باشترین سەلیقە نەبوو، وەك ژوورەکانی میوان، کە زۆربەی جار هەراو نین، زۆریش خراپ نەبوو. بەڵام یەك شت جیاواز بوو. یان لەوانەیە من پێم وابوو جیاوازە.
قووتووەك بەدەستمەوە، لە سەر ڕێ دیسان لە ئاوێنەکەدا سەیری ژووری میوانەکەم کردەوە و دیسان سەیری ژووری میوانم کردەوە. کابرای مەڕی دانیشتبوو و بێ خەم و خەیاڵ سەیری کولووە بەفرەکانی دەکرد.
لە ئاوێنەکەدا چاوم لە کابرای مەڕی گێڕا. کابرای مەڕی لە ئاوێنەکەدا دیار نەبوو. هەر کەس لە ژووری میوانەکە نەبوو، تەنیا قەنەفەیەکی بەتاڵ. لە دنیای ئاوێنەکەدا من بەتەنێ بووم. موچڕکەی ترسێك بە مووغەرەی پشتمدا هات.
کابری مەڕی گوتی: "دەڵێی دڵت توندە؟"
لەسەر قەنەفەکە تخێل بووم و هیچم نەگوت. ئاڵقەی قوتووەکەم کێشا و یەکبین هەڵمقوڕاند.
گوتی: "لەوانەیە هەڵامەتت گرتبێ، ئەگەر لەگەڵ زستانی ئەم لایە ڕانەهاتبی، زوو نەخۆش دەکەوی. هەواکەشی شێدارە. ئەمڕۆ دەبێ زووتر بنووی."
گوتم: "نا، ئەمڕۆ نانووم، دەمەوێ لێرە چاوەڕێ برادەرەکەم بم."
"دەزانی ئەمڕۆ دێ؟"
گوتم: "دەزانم، ئەمشەو سەعات دە دێتە ئێرە."
کابرای مەڕی سەیرێکی کردم. چاوی کە لە نێو دێوجامەکەوە دەیڕوانی، هیچ هەستێکیان تێدا نەبوو.
"ئەمشەو کەلوپەلم کۆ دەکەمەوە و بەیانی دەڕۆم. ئەگەر دیتت وای پێ بڵێ. هەرچەندە پێشم وا نییە پێویست بێ."

کابرای مەڕی وەك بلێی تێدەگا، سەری لەقاند و گوتی: "کە تۆ بڕۆی، دیارە زۆر تەنیا دەبم، بەڵام پێشم وا نییە دەسەڵات هەبێ. دەکرێ ئەو بابۆڵە پەنیرە هەڵگرم؟"

"بەڵێ بەڵێ."

کابرای مەڕی بابۆڵەکەی لە دەسرەکاغەزییەکەوە پێچا و لە گیرفانی نا و دەستەوانەکانی لە دەستی کرد. لە ڕۆیشتنیێدا گوتی: "هیوادارم دیسان یەکتر ببینینەوە."

گوتم: "دەبینینەوە."

کابرای مەڕی بە نێوەڕاستی مێرگەکەدا بەرەو لای ڕۆژهەڵات ڕۆیشت. ئاخرییەکەی کڕێوەکە لەخۆیدا نوقمی کرد. پاش ئەو هەموو شتێك بێدەنگ بوو.

قومێك ساردیم لە پەرداخەکەی کابرای مەڕی کرد و یەکبین هەڵمقوڕاند. قوڕگم برژاوە، گەدەشم وردە وردە دەبرژاوە، بەڵام پاش سی چرکەیەك هەموو گیانم لەرزی لێ نیشت. تەنیا دەنگی چرکەی کاتژمێرەکەی دیوار بوو لە مێشکمدا دەنگی دەداوە.

دیار بوو حەوجێم بە سەرخەوێك بوو.

پەتۆکەم لە نهۆمی سەرەوە هێنا و لەسەر قەنەفەکە لێی خەوتم. وەك منداڵێکی سێ ڕۆژ بێ لە دارستانەکەدا بگەڕێ، تەواو شەکەت ببووم، چاوم لێك نا و تاوێك دواتر خەو بردمییەوە.

خەونێکی ترسناکم دی. مۆتەکەی لەوە ترسناکترم وەبیر نایەتەوە.

کاتیش هەر وا تێدەپەڕێ

تاریکی وەك ڕۆن خزییە نێو گوێچکەمەوە. یەکێك دەیەویست بە چەکوچێکی زەبەلاح گۆی زەوییە بەستووەکە بشکێنێ. چەکوچەکە هەشت جاری ڕێك لە زەوییەکە درا، بەڵام زەوی نەشکا. تۆزێك درزی برد.

سەعات هەشت بوو. هەشتی شەوێ.

کە لەخەو هەستام سەرم دەلەرزی. هەموو گیانم داهێزرابوو. سەرم ژانی دەکرد. دەتگوت یەکێك خستوومیەتە پەرداخێکەوە و، وەك شێتێك لەگەڵ سەهۆڵی وردکراودا رایدەوەشاندم.

هیچ شتێك لەوە ناخۆشتر نییە لە ئەنگوستەچاوێکدا بەخەبەر بێی. وەك ئەوەیە بنیادەم ناچار بێ، بگەڕێتەوە رابردوو و لەسەرڕاوە ژیان دەست پێ بکاتەوە. کە یەکەم جار چاوم هەڵێنا، دەتگوت لە جێیەکی دیکە دەژیم. پاش زەمانێکی زۆر زۆر درێژ، وردە وردە ئەم ژیانە، ڕەنگی ژیانەکەی خۆمی گرت. ئەوەی کە ژیانی من لە ژیانی بنیادەمێکی دی دەچوو، تێکەڵاوبوونێکی سەیروسەمەرە بوو. مەحاڵ بوو بنیادەمێکی وەك من تەنانەت زیندووش بێ. چوومە سەر مەخسەلی چێشتخانەکە و، ئاوێکم بە دەموچاومدا کرد. ئەمجارە خێرا چەند پەرداخێك ئاوم خواردەوە. ئاوەکە سەهۆڵاو بوو، بەڵام هێشتاش دەموچاوم دەتگوت ئاگرە و گڕگڕ داییسا. لە تاریکی و بێدەنگییەکەدا هاتمەوە سەر قەنەفەکە و، وردە وردە بەش بەش ژیانم هاتەوە سەر یەك. نەمدەتوانی زۆر دەستەبەری بکەم، بەڵام هەر نەبێ ژیانی خۆم بوو. هێدی هێدی هاتمەوە سەرخۆم. ئەوەی رووی دەدا، بە ئاسانی ناگێڕدرێتەوە، دڵنیام بنیادەم لێی وەڕەز دەبێ.

هەستم کرد یەکێك سەیرم دەکا، بەڵام گوێم نەدایێ. هەستێك، لەو دەمانەدا کە بنیادەم بەتەنێ لە ژوورێکدایە بەرۆکی دەگرێ.

بیرم لە گەردیلەکان کردەوە. هەر وەك کۆنەژنەکەم گوتبووی، دواجار دوایین گەردیلەکانی بنیادەمیش لەناو دەچن. تەنانەت بنیادەم خۆیشی نامێنێ. لەپی دەستم توند بە ڕوومەتمەوە نا. ئەو ڕوومەتەمە کە لە تاریکیدا دەستمی وێدەکەوت، هیی خۆم نەبوو. پێم وانەبوو هیی خۆم بێ. ڕوومەتی یەکێکی دیکە بوو، کە دەموچاوی منی بەخۆیەوە نابوو. بەڵام چیی دەمکرد، وردەکارییەکانم بیر نەدەکەوتەوە. هەموو شتێك ــ ناوەکان، هەست و کوڵەکان و شوێنەکان ــ توانەوە و لە تاریکییەکەدا نوقم بوون.

سەعات، لە تاریکیدا، هەشت و سی خولەکی ڕاگەیاند. بەفرەکە خۆشی کردبۆوە، بەڵام گەواڵە هەور هەروا ئاسمانیان داپۆشیبوو. تروسکاییەکیش چییە دیار نەبوو. ماوەیەکی زۆر، پەنجەم لە زارمدا و لەسەر قەنەفەکەم درێژ بووم. دەستمم نەدەدی. سۆبەکە کوژابۆوە، هەر بۆیە ژوورەکە سارد بوو. خۆم خزاندبووە بن بەتانییەکەوە، لە خۆوە چاوم بەمۆڵەق وەستابوون. لە تەختی بنی بیرێکی قووڵدا کروشمەم کردبوو.

زەمان. گەردیلەکانی تاریکی، نموونەی زۆر سەیروسەمەرەیان دەهێنایە بەر رەشکێنەی چاوم. نموونەی بێدەنگ، کە لەناو دەچوون، نموونەی تازەی جێی دەگرتنەوە. تاریکی، بەڵام تاریکیی ئەنگوستەچاو، وەك جیوەیەك لە کەشێکی بێجووڵەدا، لە گۆڕاندا بوو.
وازم لە بیرکردنەوە هێنا و لێگەڕام زەمان تێپەڕێ. لێگەڕام زەمان لەگەڵ خۆی بما. بماتە جێیەك، کە لەوێدا، تاریکیی تازە، نموونەی تازەی دروست دەکرد.
زەنگی سەعات نۆ لێی دا. زەنگی سەعات نۆ کە نەما، بێدەنگی خزییە ژوورەوە، بۆ ئەوەی جێی خۆی بگرێ.
جرجە مشك گوتی: "منیش دەتوانم قسە بکەم؟"
گوتم: "قەی چ دەکا؟"

گوتم: "من دەڵێم قەیناکا."

جرجە مشك بەداوای لێبوردنەوە گوتی: "سەعاتێك زووتر لە کاتی خۆی هاتم."

"قەیناکا، خۆ دەمبینی هیچ کارێکم نییە."

جرجە مشك لەسەر خۆ پێکەنی. لە پشتەوەم بوو. دەتگوت پشتمان لە یەکترە.

گوتی: "هەر لە رۆژانی زوو دەچیٚ."

گوتم: "ئەگەر بەگوێرەی پێویست کاتمان نەبیٚ، پێم وا نییە قەت بتوانین راستگۆیانە قسە بکەین."

جرجە مشك پێکەنی و گوتی: "هەر واشە."

تەنانەت لەو تاریکییە ئەنگوستەچاوەشدا، پشت لە یەکدی هەر دەمزانی زەردەخەنەی دێتیٚ. دەکریٚ هەر بە بچووکترین گۆڕانی کەش، لە زۆر شت تیٚ بگەی. ئێمە پێکەوە برادەر بووین. زۆر لەوەپێش، بەڵام زۆر بە زەحمەت بیرم دێتەوە کەی بوو.

"جارێکیان، یەکێك گوتبووی: "هاوڕێی سەردەمی کات بەفیڕۆدان، هاوڕێی سەردەمی سەرخۆشی."

"تۆ وات گوتبوو، وایە؟"

"هیچ نەگۆڕاوی. هەر وەك جاران، هەستی شەشەمت باش کار دەکا."

ئاخێکم هەڵکێشا و گوتم: "بەڵام ئەمجارە، بەو هەمووە قۆرت و رووداوە، هەستی شەشەمم تێك چووە. وا تێك چووە، سەرەڕای ئەو هەمووە سەرەداوەی پێت دام، مایەی شەرمەزارییە."

"دەسەڵات نییە. لە زۆریان باشتر جووڵایەوە."

بێدەنگ بووین. دەتگوت جرجە مشك سەیری دەستەکانی دەکا.

جرجە گوتی: "هەر بەراستی زۆرم ئەزیەت دای، وایە؟ هەر بەراستی کێشە بووم. بەڵام هیچ رێیەکی دی نەبوو. هەر وەك لە نامەکاندا نووسیبووم، کەسی دیکەم نەبوو داوای کۆمەگی لیٚ بکەم."

"ئەوە رێك ئەو شتەیە کە دەمەویٚ لێتی بپرسم، چونکە ناتوانم هەر وا هەموو شتێك قەبووڵ بکەم."

جرجە مشك گوتی: "راست وایە، ئەویش بەبیٚ ئەوەی هەموو شتێکت بۆ روون بکەمەوە، بەڵام لە پێشدا وەرە با شتێك بخۆینەوە."

بەر لەوەی توانم هەستم، جرجە رایگرتم و گوتی: "من دەیهێنم، هەرچۆنێك بیٚ، ماڵەکە ماڵی خۆمە."

گوێم لێ بوو، کە جرجە مشك لە ئەنگوستەچاوەکەدا ، ڕێگە بە ڕێی هەمیشەیی خۆیدا چووە چێشتخانەکە و، باوەشێك خواردنەوەی لە بەفرگرەکە هێنا دەرێ. هەتا هاتەوە، لە تاریکییەکەدا هەر چاوم لێك نا و کردمەوە. تاریکیی ژوورەکە هەستت دەکرد تۆزێك جیاوازە لەو تاریکییەی کە چاوت دەنووقێنی.

جرجە گەڕاوە. بۆ قوتووەك دەستەکوتەم کرد. ئالقەی قوتووەکەم ڕاکێشا و نیوەیم هەڵقوڕاند.

گوتم: "خواردنەوە بەچاو نەیبینی، هەر لە خواردنەوە ناچێ و تامی نییە."

"ببوورە، بەڵام دەبێ تاریك بێ."

بەدەم خواردنەوەوە قسەمان نەکرد.

جرجە مشك قوڕگی خاوێن کردەوە و گوتی: "دەی باشە."

قوتووە بەتاڵەکەم لەسەر مێزەکە دانا و، هەر وا لە نێو پەتۆکەدا، بێجووڵە مامەوە. چاوەڕێم کرد دەست بکا بە قسە، بەڵام لەوە پتر نقەی نەهات. تاقە شتێکی گوێم لێ دەبوو، ئەوە بوو، کە جرجە مشك قوتووەکەی ڕادەوەشاند بۆ ئەوەی بزانێ چەندەی تێدا ماوە. خووی کۆنی خۆی بوو.

دیسان گوتی: "دەی باشە."

ئەوجار دوا قومی خواردنەوەکەی یەکبین هەڵچۆڕاند. هەر نەمزانی بۆچی سەری لێ تێك چوو و، هاتە ئەم بانە ئەو خانووە بکڕێ. پێدەچوو لە ئەرکێکی سەربازیدا، سەودایەکی گەورەی لەگەڵ ئەمریکاییەکان کردبێ. خۆت دەزانی، هاتن بۆ ئێرە هەروا سووك و سانا نییە. هاوینان نەبێ، ئیتر کە بەفر بباریێ، جادەیەك نییە بۆ هاتوچۆ. هێزە داگیرکەرەکان دەیانەویست جادەکە چاك بکەنەوە و ئێرە بکەنە وێستگەیەکی ڕادار. سوودێك وەرگرن، بەڵام وا دیارە کات و تێچووەکەی وا بووە، بڕیارەکەی پێ گۆڕیون. لەبەر ئەوی ئەم شارە زۆر هەژار بوو، ئەوان لە توانایاندا نەبوو کارێك بۆ جادەکە بکەن. بۆ چاکردنەوەی جادەکەش هیچ دەستیان نەگرتن، لەبەر ئەو شتانە بوو کە ئەو مڵکە بەقووندا کەوت* و، لەو دەمەوە ئیتر زۆر لەمێژە لە یادان چووەتەوە."

"ئەی پرۆفیسۆر مەڕ؟ ئەو بەتەما نییە بێتەوە ئێرە؟"

"پرۆفیسۆر مەڕ لە نێو بیرەوەرییەکانی خۆیدا دەژی، ئەو هیچ کوێی نییە بچێ."

"لەوانەشە وا نەبێ."

جرجە مشك گوتی: "تۆزێکی دیکەش بخۆوە."

گوتم: "نا، بەسە."

سۆبەکە کوژابۆوە و خەریك بوو ڕەقهەڵێم. جرجە مشك قوتووەکی دیکەی کردەوە و بەتەنێ بەسەرییەوە نا.

---

* بەقوونداکەوتن: کاتێك شتێکی بەنرخ لە قیمەت دەکەوێ و بێنرخ دەبێ و کەس نایکڕێ.

"باوکم زۆری دڵ بەو مڵکەوە بوو. خۆی جادەکەی چاك کردەوە و دەستێکی بەخانووەکەدا هێناوە. پێم وایە پارەیەکی زۆریشی لێ دا. لەبەر ئەوە، ئەگەر ترۆمبێلت هەبێ، هیچ نەبێ هاوینان دەکرێ لێرە وەك شا بژییی. سۆبە و ئاودەستی سیفۆندار و، حەمام و تەلەفۆن و ماتۆری کارەبا بۆ کاتی پێویست، نازانم پێشتر پڕۆفیسۆر مەڕ چۆن لێرە ژیاوە."

جرجە دەنگێکی لێوە هات، نە دەنگی قرپ بوو، نە ئاخهەڵکێشان.

"تا پانزە ساڵان، هەموو ساڵێ هاوینان دەهاتینە ئێرە. خانەوادەکەم، خوشکم و من و کارەکەرێك، کە کاروبارەکانی ماڵەوەی دەکرد. کە بیری لێ دەکەمەوە، پێم وایە ئەودەم باشترین ساڵەکانی ژیانم بووە. ئێمە لەوەڕگەکەمان بە کرێ دابووە شاری. لە راستیدا ئێستایش هەر بە ئیجار دەیدەین. هەر بۆیە کە هاوین دادێ، ئێرە پڕ دەبێ لە مەڕی شاری. دنیایەك مەڕ، هەر بۆیەشە هەمیشە بیرەوەرییەکانی هاوینانم بە مەڕەکانەوە بەستراونەوە.

"پاش ئەوە، ئیتر بە خێزانەوە نەدەهاتینەوە ئێرە. یەکەم لەبەر ئەوەی خانووەکی کوێستانیی دیکەمان لە نزیك ماڵەکەی خۆمانەوە گرت و ئیتر خوشکەکەشم مێردی کرد. من ئیتر خۆمم بە ئەندامێکی ئەو خێزانە دانەدەنا، کۆمپانیاکەی باوکم لە قۆناغێکی دژوار و ئەستەمدا بوو و، ئیتر زۆر رووداو بەڕێوە بوون. هەرچۆنێك بێ، ئەو مڵکە بەڕەڵا کرا. ئاخر جار کە هاتمەوە سەری یازدە ساڵ لەوەپێش بوو. ئەمجارەیان بەتەنێ هاتبوومەوە. بەتاقی تەنێ ، بۆ مانگێك."

جرجەمشك تاوێك بێدەنگ بوو. دەتگوت دێنێتەوە بیر خۆی.

پرسیم: "دڵت توند بوو؟"

"من ناڕەحەت بم؟ دیارە سوعبەت دەکەی. ئەگەر لوابایە[*] ، هەر لێرە دەمامەوە. بەڵام نەدەکرا. هەرچۆنێك بێ، ئێرە ماڵی باوکی خۆم بوو. خۆمم پێ قایل نەدەکرا وا لەو پیرەپیاوە بکەم."

"ئەی ئێستا؟"

جرجە گوتی: "دیسانیش هەروا. دەبێ بڵێم ئێرە ئەو شوێنە نەبوو کە حەزم لێ بێ بۆی بێمەوە. بەڵام کە لە وێنەکەی نێو هۆتێل دۆلفیندا دیتم، حەزم لێ بوو جارێکی دیکەش "ئێرش" ببینمەوە. هەر کەفوکوڵ هەڵیگرتم، خۆشت زۆر جار وات لێ دێ، وا نییە؟"

گوتم: "وایە.". خۆ قەراغ و کەنارەکەی خۆشم رێك خرابوو.

---

[*] ئەگەر لوابایە: واتە ئەگەر ئیمکانی بوایە. ئەگەر کرابایە. بۆم دەلوێ، بۆم نالوێ.

"رێك ئەودەم بوو، كە بەسەرهاتەكەی پرۆفیسۆر مەڕم گوێ لێ بوو. لەبارەی ئەو مەڕە خەیاڵییەوە كە ئەستێرەیەكی لەسەر پشتی هەبوو. پێم وایە ئاگاداری ئەوانە هەی."

"بەڵێ، بە دڵنیاییەوە."

جرجە گوتی: "كەواتە، ئەگەر بمەوێ سادەتر بۆت باس بكەم، ئەو بەسەرهاتەم بیست و بەپەلە هاتمە ئێرە، بۆ ئەوەی تا كۆتایی زستانێ لێ بمێنمەوە. نەمدەتوانی ئەو خەیاڵە لە سەرم بكەمە دەرێ. باوكم بوو یان یەكێكی دی، فەرقی نەبوو. دەتگوت پەلكێش كراومەتە ئێرە، كەلوپەلم تێك نا و، هاتمە ئەم بانە."

"هەر ئەودەم بوو تووشی مەڕەكە بووی؟"

جرجە گوتی: "بەڵێ."

ئەوجا گوتی: "باسكردنی ئەو شتانەی دواتر بەسەرم هاتن، زۆر زۆر ئەستەمە."

جرجەمشك، قووتووەكەی دیكەی هەڵگرت و لە دەستیدا پووچاندییەوە.

"ناتەوێ هیچ پرسیارێكم لێ بكەی؟ ئاخر هەندێ شت هەن كە دەبێ بیانزانی، وا نییە."

"باشە، ئەگەر فەرقێكی نییە، نامەوێ لە بنێوە دەست پێ بكەمەوە."

"دەست پێ بكە."

"تۆ مردی، وایە؟"

نازانم چەندەی پێ چوو تا جرجە مشك جوابی داوە. لەوانەیە هەر چەند چركەیەك و لەوانەشە... بێدەنگییەكە زۆری كێشا. زارم وشك وشك ببوو.

ئاخری گوتی: "راستە، من مردووم."

جرجە مشك، کە سەعاتەکەی قورمیش کرد

جرجە مشك گوتی: "من خۆمم بە کاریتەی ماڵەکەوە هەڵواسی، کابرای مەڕی لە تەنیشت گەراجەکە ناشتمی. ئەگەر لەو جۆرە شتانە دەترسی، نا، مردن ئەوەندەش بەژان نییە."

"کەنگێ؟"

"حەفتەیەك بەر لەوەی تۆ بگەیەی."

"کەواتە ئەوە تۆ بووی سەعاتەکەت قورمیش کرد، وایە؟"

جرجە پێکەنی: "نەفرەتی، ئەگەر نهێنییەك نەبێ. مەبەستم ئەوەیە، دوایین شتێك لەم ساڵەی ژیانمدا کردم، قورمیشکردنی سەعاتەکە بوو. جا باشە بۆ ئەو کەسەی دەبێ بمرێ، سەعاتەکە قورمیش دەکا. هیچ ئەقڵ نایبڕێ."

جرجە تاوێك بێدەنگ بوو. جگە لە چرکەچرکی سەعاتەکە، دەنگی هیچ نەدەهات. بەفر هەموو دەنگەکانی هەڵدەلووشی. ئێمە وەك دوو سێبەر، لە دەرەوە بووین."

"ئێ چ دەبوو ئەگەر..."

جرجە قسەکەی پێ بڕیم: "بیبڕێنەوە، خۆ دەزانی بەڵام و ئەگەرێك لە گۆڕێ نییە، وایە؟"

سەرم راوەشاند، نا نەمدەزانی.

"ئەگەر حەفتەیەکیش زووتر هاتبای هەر دەمردم. لەوانەیە لە شوێنێکی گەرمتر و رووناکتر یەکترمان دیتبایە، بەڵام فەرقێکی وای نەدەبوو. من ناچار بووم هەر بمرم. وا نەبایە، دۆخەکە ئەستەمتر دەبوو و، پێشم وایە نەمدەویست ئەو ئازارانە بچێژم."

"دەی باشە بۆ ناچار بووی بمری؟"

گوێم لە دەنگی دەستی بوو، لێکی دەخشاندن.

"نامەوێ زۆر باسی ئەوە بکەم. هەر خۆم دەپەڕێنمەوە و ئەستۆپاکیی خۆمی لێ دەکەوێتوە. لەوەش خراپتر نییە مردووەك بێ و بەرگری لەخۆی بکا. تۆش پێت وا نییە؟"

"بەڵام ئەگەر بە من نەڵێی، قەت لێم روون نابێتەوە."

"تۆزێکی دیکە بخۆوە."

گوتم: "سەرمامە."

"زۆریش سارد نییە."

بەدەستە لەرزۆکەکەم قووتووەکی دیکەم هەڵپچڕی و قومێکم لێ خواردەوە و، لەگەڵ ئەو خواردنەوەی لە هەناومدا بوو، هەر بەراست زۆریش سارد دیار نەبوو.

"باشە بەڵێن دەدەی بەکەس نەڵێی؟"

"جا ئەگەر بە یەکێکیشی بڵێم، بڕوام پێ دەکا؟"

جرجە مشك پێکەنی و گوتی: "ڕاست دەکەی، پێم وا نییە کەس بڕوا بکا، زۆر کەرانەیە."

زەنگی سەعات یەك و نیو لێی دا.

جرجە گوتی: "قەیناکا سەعاتەکە ڕاگرم؟ دەنگەدەنگەکەی زۆرە."

"کەیفی خۆتە. سەعاتی خۆتە."

جرجەمشك هەستا، دەرکۆکەی سەعاتەکەی کردەوە و پاندۆڵەکەی گرت. هەرچی دەنگ و زەمان بوو، نەما. گوتی: "ئەوەی قەوما، ئەوە بوو، کە من لەگەڵ مەڕەکەی هەناوم مردم. ڕاوەستام تا مەڕەکە بنوێ، دوایی پەتێکم لە کاریتەی چێشتخانەکە خست و، خۆمم هەڵواسی. ئەو مشەخۆرە تەنانەت دەرفەتی ڕاکردنیشی نەبوو."

"جا پێویست بوو وا توند بی؟"

"بەڵێ، پێویست بوو وا توند بم. ئەگەر چاوەڕێ مابام، مەڕەکە تەواو کۆیلەی دەکردم. ئەوە دوا شانسی من بوو."

جرجە مشك دیسان دەستی لێك خشاندن و گوتی: "دەمەویست وەختێك تۆ ببینم، کە هەموو شتێك ئامادە کرابێ و خۆشم لەوێ بم. خودی خۆم، لەگەڵ بیرەوەرییەکانی خۆم و خاڵەلاوازەکانمدا. هەر بۆیە ئەو وێنەیەم وەك ڕەمزێك بۆ ناردی. پێم وابوو ئەگەر وا ڕێککەوت و ئەو وێنەیە تۆی کێشایە ئێرە، ئەوکات منیش ڕزگار دەبم."

"دەی ڕزگار بووی؟"

جرجەمشك لەسەرخۆ گوتی: "بەڵێ، تەواو ڕزگار بووم."

جرجە مشك گوتی: "ئەوەی گرینگە خاڵی لاوازە. هەموو شتێك لێرەوە دەست پێ دەکا. خۆ دەزانی دەمەوێ چیم لێ روون بێتەوە؟"

"ئەوەی کە بنیادەم لاوازن."

چەند جار پەنجەی تەقاندن و گوتی: "وەك بنەمایەکی گشتی، بەڵێ. چەندی پێت خۆشە لەو بنەمایانە بەدوای یەکدا ڕیز بکە، بەڵام ناگەیە هیچ. ئەوەی من باسی دەکەم، شتێکی تاقانەیە. لاوازی شتێکە، کە وەك نەخۆشیی قانقاریا بنیادەم دادەڕزێنێ. لە سەردەمی لاوێتیمەوە، هەستم بەوە دەکرد. هەر بۆیەش بەردەوام تووڕە بووم. هەر ئەو شتەیە کە لە بنیادەمدا دادەڕزێ و پیاو تەواو هەستی پێ دەکا. تێدەگەی چ هەستێکی هەیە؟"

بەتانییەکەم لەخۆمەوە پێچا و بێدەنگ دانیشتم.

جرجەمشك لەسەری رۆیشت: "دیارە تێ ناگەی، تۆ ئەو لایەنەی نابینی. هەرچۆنێك بێ، لاوازی وەك پەتایەكی بۆماوەییە. گرینگ نییە چەندەی لێ تێ بگەی، خۆ هیچت لەدەست نایە بۆ چارەسەكردنی خۆت. شتێكی وا نییە، كە چاو بترووكێنی و تا چاو هەلێنی ئەو رۆیبێ. لاوازی شتێكە، هەر دێ و خراپتر دەبێ."

"لاوازی لە چ شتێكدا؟"

"هەموو شتێك، لاوازیی ئەخلاقی، لاوازی لە چاوكراوەیی و تەنانەت لە هەبوونیشدا."

پێكەنیم، ئەمجار توانیم پێ بكەنم: "تۆ وا دەلێی، بەلام هیچ بنیادەمێكی زیندوو نییە خالی لاوازی نەبێ."

"هەر وەك گوتم، ئیتر با ئەوەندە باسی شتە گشتییەكان نەكەین. دیارە پێویست بە گوتن ناكا، كە هەر كەسە و لاوازیی خۆی هەیە. بەلام لاوازیی راستەقینە وەك هێزی راستەقینە زۆر دەگمەنە. تۆ هیچ ئاگات لەو لاوازییە نییە كە پەلكێشت دەكاتە بن تاریكییەوە. تۆ هیچ ئاگات لەوە نییە وەها شتێك لەم دنیایەدا هەبێ. بنەما گشتییەكان، هەموو ئەو شتانە ناگرێتەوە، كە تۆ دەیانزانی.

هیچم پێ نەگوترا.

"هەر بۆیە شارم بەجێ هێشت. نەمدەویست خەلكی دی ببینن كە خەریكە پتر رۆدەچم. بەتەنێ سەفەری نابەلەدی بۆ ولاتێكی نەناسراو، هیچ نەبێ وام لێ دەكا نەبمە ژانەسەر بۆ خەلك و ئیتر..."

جرجەمشك تاوێك بێدەنگ بوو...

"ئیتر... لەبەر ئەو لاوازییە نەمتوانی لە تارمایی مەڕەكە خۆم قوتار بكەم. ئەو كارە بەتەنێ بەخۆم نەدەكرا. لەوانەیە ئەگەر ئەو دەم بهاتبایەی، دیسانیش هەر نەمدەتوانی شتێك بكەم. تەنانەت ئەگەر بڕیاریشم دابایە كوێستان جێ بهێلم، دیسان فەرقێكی نەبوو. لەوانە بوو دواجار هەر هاتبامەوە، لاوازی یانی ئەمە."

"مەڕەكە چیی لە تۆ دەویست؟"

"هەموو شتێك. جەستەم، زەینم، لاوازیی من، ناتەباییەكانی من... ئەوانە ئەو شتانەن كە مەڕەكە دەیەوێن. ئەو زۆلە، هەموو جۆرە هەستەوەرێكی هەیە و، وەك قامیشێك لە لووت و گوێتیان رۆ دەكا و، هەلتدەلووشێ و دەتمژێ تەنانەت ئێستایش مووچڕكەم پێدا دێ."

"ئەی چیت دەداتێ؟"

"كۆمەلە شتێك، كە بۆ كەسی وەك من زۆر باشە. نەك ئەوەی مەڕەكە شتێكی وەك راستەقینەی نیشانم دابێ. تاقە شتێكی تا ئێستا دیومە، لەتە شیرینییەكی بچووكە و..."

جرجەمشك دیسان بێدەنگ بۆوە.

"هەر ئەوەندەش بەس بوو، کە هۆگری خۆیم بکا. زۆر لەوە زیاترە کە بمەوێ باسی بکەم. شتێك نییە بتوانم بە وشە دەریبڕم. زمان دەرەقەتی نایە. ئەو، ئەو لە کوورەیەکی ئاسن تاوێن*، کە بگاتە هەر شتێك دەیتاوێنێتەوە. ئەوەندە جوانە، هۆش لە سەری پیاودا ناهێڵێ. بەڵام ئەهریمەنێکە، مووت لێ دەکاتە نەشتەر. هەر ئەوەندەی جەستەی خۆتت داییێ، ئیتر هەموو شتێکت دەچێ. بەهاکانت، هۆش و گۆشت، هەست و کوڵت، ئازارەکانت، هەر هەموو شتێکت دەچێ. تاقە شتێکی زۆر لەو دەچێ، ماتۆڕێکی کارەبایە، کە هێزی حەیاتیی رەگ و ریشەکانی ژیان لە خاڵێکی تایبەتی دنیادا نیشان دەدا."

"بەڵام تۆ توانیت ئەو لەخۆت دوور بکەیەوە."

"بەڵێ، هەموو شتێك لەگەڵ جەستەی مندا نێژرا. تەنیا یەك کار ماوە، کە دەبێ بکرێ، بۆ ئەوەی هەموو شتێك تا هەتایە بن گڵ بکەوێ."

"یەك کار؟"

"کارێکی کۆتایی و، کارێك کە ناچارم داوا لە تۆ بکەم بیکەی، بەڵام نامەوێ ئێستا باسی بکەم."

دوو قومی دیکەمان خواردەوە. خەریك بوو گەرم دادەهاتمەوە.

پرسیم: "پەڵەخوێنەکە، وەك پاڵنەرێك وایە، وا نییە؟"

"مەڕەکە، خانەخوێیەکەی دەستکاری دەکا."

"رێك وایە، کە واشی کرد، ئیتر ناکرێ لە چنگی قوتار بی."

"کەواتە، سەرۆك بەو هەمووە کارەوە کە دەیکرد، بە شوێن چیی دیکەوە بووە؟"

"ئەو شێت ببوو. پێدەچوو ئەو تینی ئەم کوورەی ئاسنتاوێنەی هەست پێ نەکا. مەڕەکە ئەوی کردە ئامرازێك، بۆ ئەوەی بنکەیەکی دەسەڵات لە سەرەوە بنیات بنێ. هەر بۆیەش بوو، کە مەڕەکە چووە ناخی ئەوەوە. بە واتایەك، ئەو دەکرا بەکاری بهێنرێ و فڕێ بدرێ. بە گشتی، لە باری هزر و بیرەوە، بنیادەمێکی سووك بوو."

"کەواتە، قەول وابوو، کە سەرۆك مرد، تۆ ئەو پێگەی دەسەڵاتە بگریتە دەست؟"

"بەداخەوە، بەڵێ."

"ئەی دوایی چ دەقەوما؟"

"وڵاتێکی پڕ لە پشێوی و تەواو بەیاسا و رێسا. پیلانێك، کە تێیدا هەموو هێزەکانی بەرامبەر لە یەکەیەکدا دەتوانەوە و، من و مەڕەکەیش دەکەوتینە چەقی ئەو یەکەیەوە."

"ئەی بۆچی تۆراندت؟"

---

* ئاسنتاوێن: کوورەی ئاسن تواندنەوە.

زەمان لاواز بوو و گەیشتە سەرەمەرگ و، بەفر بەسەر ئەو زەمەنە مردووەدا دەباری.

"پێم وایە پەنام بردە بەر لاوازیی خۆم، بەر ئازار و برك و ژانەكانی خۆشمەوە. رووناكایی هاوین، بۆن و بەرامەی سروە، دەنگی زیكزیكەرەكان، باشە بۆ دەبێ لەبەر ئەوەی ئەوانەم خۆش ویستووە داوای لێبوردن بكەم. لە بارەی خواردنەوە لەگەڵ تۆشدا هەروەتر..."

جرجە مشك قسەی لە ئەوكی گیرا: "نازانم بۆچی..."

چیم پێ دەگوترا؟

جرجە مشك گوتی: "هەرچۆنێك بێ، ئێمە بە وردەبەشی وەك یەك، دوو كۆی تەواو جیاوازمان خولْقاندبوو. بەرای تۆ، دنیار بەرەو باشبوون دەچێ؟"

"كێ دەتوانێ بڵێ باشتر دەبێ یان خراتر؟"

جرجە مشك پێكەنی: "سوێند دەخۆم لە باسوخواسی گشتیدا، پادشایەكی سەرەڕۆی."

"بەبێ مەڕەكە."

"راست دەكەی، بەبێ مەڕەكە."

جرجە مشك سێیەم قوتوویشی هەڵچۆڕاند و قوتووە بەتاڵەكەی فڕێ دایە سەر عەرزەكە.

"واباشترە تا زووە لەم كوێستانە بڕۆی. بەر لەوەی ئەم بەفرە لێرە بتبەستێتەوە. تۆ كە ناتەوێ تا كۆتایی زستانێ لێرە وەمێنی. چوار پێنج رۆژی دی، بەفر وردە وردە كەڵەكە دەبێ و بڕوا بكە، كەرێتییە و مەحاڵیشە بتوانی بە جادە بەستەڵەكەكاندا بڕۆی."

"ئەی خۆت لەمەودوا دەتەوێ چ بكەی؟"

جرجە مشك لە ناخی تاریكییەكەدا، بە كەیفەوە قاقایەكی كێشا و، گوتی: "بۆ من، لەمەودوایەك نییە. من وردە وردە لە زستاندا دەتوێمەوە. نازانم چەند دەخایەنێ، چونكە پێوەندیی بەوەوە هەیە، كە زستانەكە چەند دەخایەنێ. بەڵام زستانێكیش ئیتر زستانێكە. خۆشحاڵم كە توانیم چاوم پێت بكەوێ. دیارە ئەگەر جێیەكی گەرم و رووناك هەبوایە، باشتریش دەبوو."

"ج، سلاوی لێ دەكردی."

"سلاوی منی دەگەیەنی؟"

"ژنەی گۆرینیشم دی."

"ئەی چۆن بوو؟"

"زۆر باشە، هێشتاش هەر بۆ كۆمپانیاكە كار دەكا."

"مێردی نەكردووە؟"

"نا، دەیەویست لە زمانی خۆت ببیستیٚ، ئاخۆ تەواو بووە یان نا."

جرجەمشك گوتی: "خۆت باش دەزانی تەواو بووە و بڕاوەتەوە، تەنانەت ئەگەر منیش نەمویستبایە تەواوی بکەم، ئەگە راستیت دەویٚ، ئیتر تەواو بووە. ژیان بۆ من واتایەکی نەبوو. دیارە ئەگەر سوود لەو بنەما گشتییانە وەرگرم وا تۆ ریٚزیان دەگری. دەکریٚ بلٚیم، ژیان بۆ کەس مانایەکی نییە. درۆ دەکەم؟"

گوتم: "باشە، دوو پرسیاری دی."

"باشە."

"یەکەمیان لەسەر پیاوە مەڕییەکەیە."

"پیاوە مەڕییەکە بنیادەمیٚکی باشە."

"بەلاٚم ئەو پیاوە مەڕییە، هەر ئەوەی دەهاتە ئیٚرە، تۆ بووی، وا نییە؟"

جرجە مشك چەند جاریٚك ملی بادا و، تەقەی لیٚ هیٚنا.

" راستە، من بووم چووبوومە ئەو کەولٚەوە. کەواتە بۆت دەرکەوتبوو، وایە؟"

گوتم: "لە نیوەیدا زانیم. بەلاٚم تا ئەو دەم نەمدەزانی."

"ئەگەر درۆت لەگەلٚ نەکەم، وەختیٚك گیتارەکەت شکاند، تیٚدا مام. یەکەم جار بوو وا تووڕەت ببینم، جگە لەوەش، ئەوە یەکەم گیتاریٚك بوو کڕیبووم، هەرزانبایی بوو، بەلاٚم دیسانیش..."

"بۆی بەداخم، هەر دەویست راچلەکی و خۆت دەرخەی."

جرجەمشك ساردوسڕ گوتی: "قەیناکا، هەرچۆنیٚك بیٚ سبەی، دوو سبەی هیچ نامیٚنیٚ. باشە، پرسیارەکەی دیکەت لە سەر دەسگیرانتە؟ وایە؟"

"وایە."

جرجەمشك تاویٚکی زۆر هیچی نەگوت. گویٚم لە دەنگی ئاخهەلکیٚشان و لیٚکخشاندنی دەستەکانی دەبوو:

"نەمدەویست ئەو تیٚوەر بدەم، ئەو شتیٚکی زیادە بوو، کە بیرم لیٚ نەکردبۆوە."

"شتیٚکی زیادی؟"

"بەلٚیٚ، من دەمویست ئەوە میوانییەکی خۆمانە بیٚ. بەلاٚم ئەو لە نیوەی مەسەلەکەدا هاتە نیٚو. نەدەبوو هیٚشتبامان خۆی تیٚوەردا. خۆت باش دەزانی ئەو کچە کۆمەلٚیٚك هیٚزی سەرسووڕهیٚنەری هەیە. بەلاٚم قەول نەبوو، بیٚتە ئیٚرە، ئیٚرە تەنانەت لە سەرووی هیٚزەکانی ئەویشەوەیە."

"ئەی چیی بەسەر هات؟"

"وەزعی باشە، زۆر باشە، ئەوەندەیە، ئیتر شتیٚکی وای نییە دلٚت بگریٚ و سەرنجت بەریٚ. ناخۆشە. بەلاٚم دەسەلاٚت نییە."

"چۆن؟"

"لەناو چوو، بوو بە دووکەڵ، هەرچی بوو، ئیتر نییە."

هێزم نەبوو، قسە بکەم.

جرجەمشك لەسەری رۆیشت: "دەزانم هەستت چییە، بەڵام درەنگ یان زوو هەر دەبوو بڕوا. من و تۆ، ئەو کچانە بەو شتە تایبەتییانەوە، هەموومان دەبێ رۆژێك بڕۆین."

بیرم لە قسەکانی دەکردەوە.

جرجەمشك گوتی: "باشترە من بڕۆم، خەریکە کاتی دێ. بەڵام دەزانم دیسان یەکتر دەبینینەوە."

گوتم: "بەدڵنیاییەوە."

جرجەمشك گوتی: "وام پێ باشترە لە شوێنێکی رووناکتر، لەوانەشە هاوینێ. بەڵام ئێستا دوایین داوام. دەمەوێ، بەیانی سەعات نۆ، سەعاتەکە قورمیش بکەی، دواییش وایەرەکانی پشتەوە سەعاتەکە لێك ببەستیەوە. وایەرە کەسکەکە لە کەسکەکە و سوورەکە لە سوورەکە ببەستەوە. داواشت لێ دەکەم، سەعات و نیوێك واز لێرە بێنی و لە کوێستانێ بڕۆی. سەعات دوازدە قەرارە یەکی دی ببینم. تێگەیشتی؟"

"تەواو."

"بە دیتنت شاد بووم."

تاوێك بێدەنگ بووین.

جرجە گوتی: "ماڵاوا."

گوتم: "بەهیوای دیتنەوەت."

هێشتایش خۆم لە بەتانییەکەوە پێچابوو و کرووشمەم کردبوو، چاوم لێك نا و گوێم هەڵخست. پێڵاوەکانی جرجەمشك بە عەرزەکەدا دەخشکان. دەرگا کراوە. بایەکی ساردی وەك سەرسەرِ هاتە ژوورەوە. نەك وەك پشووەبایەك، بەڵکو وەك سەرمایەکی تیژ، کە لەسەرخۆ رۆبچێ.

جرجە مشك ساتێك لە شیپانەی دەرگاکەدا راوەستا. دەتگوت چاوی بڕیوەتە شتێك. نەك لە دیمەنی دەرەوە، نە لە نێو ژوورەکەش، نە لە من، لە شتێکی تەواو جیا لەوانە. دەسگرەی دەرگا یان نووکی پێڵاوەکانی یان شتێکی دی. دوایی دەتگوت دەروازەکانی زەمان پێوە دەدا، دەرگاکە تەق پێوە درا.

پاش ئەوە، بێدەنگی زاڵ بوو. بێدەنگی نەبێ، هیچ شتێك نەمابۆوە.

وایەرە کەسکەکان و وایەرە سوورەکان

مەلە دەریاییە بەستووەکان

پاش ڕۆیشتنی جرجەمشك، سەرمایەکی تاقەتبڕ بە هەموو ژوورەکەدا دەگەڕا. زۆرم لەخۆم کرد بڕشێمەوە، بەڵام جگە لە چەند هێڵنجێك هیچ نەهات.

چوومە نهۆمەکەی سەرەوە، چاکەتەکەمم هێنا دەرێ و چوومەوە بن سەرچەفەکە. شەپۆلی تا و لەرز و چەقۆچۆی دیکەم پێدا هاتن. بەتانی و راخەرەکەم لە ئارەقەدا خووسابوون و، وەك پێستێکی وێکهاتووی سارد و بەستووی لێ هاتبوو.

یەکێك لە بن گوێم بە سرتەیەك دەڵێ:" سەعات نۆ، سەعاتەکە قورمیش بکە، وایەرە کەسکەکە لە کەسکەکە و سوورەکە لە سوورەکە ببەستەوە، نۆ و نیو لێرە برۆ."

کابرای مەڕی دەڵێ: "خەمت نەبێ، هیچ نابێ."

کۆنەژنەکەم ژێرپۆشێکی قەیتانداری سپیی بەدەستی راستەوەیە و دەڵێ: "گەردیلەکان خۆیان جێیەکان پڕ دەکەنەوە."

سەرم یەکبەخۆی دەشڵەقێ.

وایەرە سوورەکە لەوی سوور و کەسکەکەش لەوی کەسك....

دەسگیرانم تۆمەتبارم دەکا: "تۆ لە هیچ ناگەی، وایە؟"

نا، من لە هیچ تێ ناگەم.

دەنگی شەپۆلان دێ، شەپۆلی قورس و بەتەوژمی زستانی، کەفی سپی، دەریاخۆڵەمێشی و قورقوشینەکەی پەڵەپەڵە کردووە. مەلە دەریاییەکان بەستوویانە.

لە نێو هۆڵی شانۆیی ئاکواریۆمەکەم، کە یەك کەلێنیشی نییە. ئەندامی نەهەنگەکانیان ریز کردووە خەڵك بیانبینێ. هەواکە گەرم و خەستە. وا باشترە یەکێك پەنجەرە بکاتەوە.

یەکێك پەنجەرەکە دەکاتەوە. کزەیەکی سارد دێ. مەلە دەریاییەکە دەقیژێنێ و، دەنگە تیژەکەی گۆشتی جەستەم دەبڕێ؟

"ناوی پشیلەکەتت لەبیرە؟"

دەڵێم: "کیپەر."

شۆفیرەکە دەڵێ: "نا، کیپەر نییە. ناوەکەی گۆڕاوە. ناوەکان بەردەوام دەگۆڕێن. مەرج دەکەم، ئێستا ناوی خۆیشتت بیر نایەتەوە."

سەرماکە تەزوو بە جەستەدا دێنێ. مەلە دەریاییەکان، مەلە دەریاییەکان زۆر زۆرن.

کابرای چاکەت و پانتۆڵ ڕەش دەڵێ: "ئاساییبوون و سادەیی ڕێگەیەکی دوورودرێژ دەبڕێ، وایەرە کەسکەکە لە سوورەکە و سوورەکە لە کەسکەکە."

کابرای مەڕی دەپرسێ: "هیچت لە بارەی جەنگەوە بیستووە؟"

ئۆرکسترای بەنی گۆد مەن "پۆستی راسپاردەی ئاسمانی" لێ دەدا. چارلی کریستیان، سۆلۆیەکی دوورودرێژ دەژەنێ. کڵاوێکی نەرمی کرێمی ڕەنگی لەسەرە.

دیتنەوەی گەوەشوومەکە، لە گەڕانەوەدا
باڵندە دەیانچریکاند.

تیشکی خۆر لە نێوان تەختە باریکەکانی کرکرە(زێبرا)کانەوە دەکەوتە سەر تەختی خەوەکە. سەعاتەکەی دەستم کە لەسەر عەرزی بوو، ۷/۳۰ی نیشان دەدا. بەتانی و کراسەکەم وا خووسابوون دەتگوت لە ئاوت هەڵکێشاون.

سەرم هێشتاش ژانی دەکرد. بەڵام تایەکەم رەویبوو. دەرەوە، دنیا دیمەنێك بوو لە بەفر. مێرگەکە لە بەر تیشکی دەمەوبەیانێکی تازەدا، وەك زیو دەدرەوشایەوە. رەنگم هەڵبزرکابوو. دەموچاوم تا بەیانی وشك هەڵاتبوو. بەشی سێ جار ریش تاشینم سابوون لە دەموچاوم دا و، پاك تاشیم. دوایی چووم سەتڵ و نیوێکم گوو کرد.

گووکردنەکە ئەوەندەی ماندوو کردم، کە چارەگێك لەسەر کورسییەکە تخێڵ بووم. باڵندە هێشتاش دەیانچریکاند. بەفرەکە وردەوردە دەتواوە و، بە گوێسوانەدا دەچۆڕاوە. جاروبارە لە پشتەوەڕا دەنگی غژەغژ دەهات.

سەعات دەهات ببێتە هەشت و نیو، کە هەستام. دوو پەرداخ ئاوی ترێم خواردەوە و سێوێکیشم خوارد. پاش پەرداخێك شەراب، شووشەیەکی گەورە "هێرشی" و سێوێکی دیکەشم لە ژێرزەمینەکە هەڵگرت.

کەلوپەلەکەمم کۆ کردەوە. ژوورەکە تۆزی بێهیوایی لێ نیشتبوو. هەموو شتێك خەریك بوو تەواو دەبوو. سەعات نۆ بوو، کە سەیری سەعاتەکەمم کرد و سێ زەنگوڵەکەی سەعاتە دیوارییەکەم قورمیش کردەوە. پاشان سەعاتە قورسەکەم واوەهێنا و چوار وایەرەکەی پشتەوەیم لێك بەستەوە. کەسك لە کەسك و سوور لە سوور.

وایەرەکان لە چوار کونەکەی پشتەوەی سەعاتەکەوە هاتبوونە دەر. جووتێك لەسەرەوە و دوان لە خوارەوە. وایەرەکان، رێك بەو بەنانەی لە جێپەکەدا دیتبوومن، لێك بەسترابوون و توند کرابوون. پاڵم بە سەعاتەکەوە نا و بردەمەوە جێی خۆی. پاشان چوومە لای ئاوێنەکە، بۆ ئەوەی ماڵاوایی لەخۆم بکەم.

گوتم: "هیوادارم هەموو شتێك، بەباشی جێبەجێ بێ."

منەکەی دی گوتی: "هیوادارم هەموو شتێك بەباشی جێبەجێ بێ."

بە نێوەڕاستی مێرگەکەدا، بەو رێیەدا گەڕامەوە کە پێدا هاتبووم. بەفری بن پێم کرەکری دەهات. مێرگەکە وەك دەریاچەیەکی بورکانیی زیوین دەچوو. هیچ شوێن پێیەکی لێ دیار نەبوو. تەنیا شوێن پێی خۆم بوو، کە وەختێك ئاوڕم دەداوە، دەچۆوە سەر خانووەکە. شوێن پێکانم خواروخێچ بوون. ئاسان نییە بە رێیەکی راست راستدا بڕۆی.

ماڵەکە، لەو مەودایەوە لە بوونەوەرێکی زیندوو دەچوو. خۆی گرمۆڵە کردبوو و، خۆی رادەژاند بۆ ئەوەی بەفرەکە لەسەربانە سێگۆشەکەی بتەکێنێ. پەڵە بەفرێك لە سەربانەکەوە خلیسکا و شلپ بەربۆوە سەر عەرزی. هەر وا بە نێو مێرگەکەدا رۆیشتم. لە نێو دارستانە بێ بنەکەدا، بە سەر پردەکەدا و بە داوێنی لووتکە قووچەکەدا، هەتا گەوە شوومەکەی جادەکە.

موعجزە بوو، کە بەفری گەو(لۆفە)ەکە هەتا راستەجادەکە نەیبەستبوو. بەڵام گرینگ نەبوو. دڵنیا بووم، بەو هەنگاوە بەپارێزانەی من دەمنان، هەڵدەخلیسکامە تەرکی قووڵایی ئەو هەڵدێرە هەزاربەهەزارە. رۆیشتن بەسەر ئەو زەرد و ما کەوانەییەدا، کە بەحاستەم بەو رەوەزەوە نووسابوو وا خەریك بوو بەربێتەوە، زۆر ئەستەم و دژوار بوو. بن باڵم ئارەقەیان کردبوو. ترس و مۆتەکەی هەموو منداڵیم بوو.

لە لای راستەوە، زەوییەکە رێك بوو، ئەوێیش بەفر داپۆشیبوو و رووباری یۆنیتاکی رێك لە نێوەندیدا دەدرەوشاوە. پێم وابوو دەتوانم لەو دوورەوە دەنگی فیکەی هەڵمەکەی ببیسم. هەر بەراستی سەرسوورهێنەر بوو.

پشوویەکم دا و کۆڵەپشتەکەم هەڵکێشاوە و، بە نشێوەکەدا داگەڕام. لە گەوەکەی دوایی، جیپێکی تازە تازەی لێ بوو و، سکرتێرە چاکەت و پانتۆڵ رەشەکەی سەرۆك لە پێشیەوە دانیشتبوو.

چاوپێکەوتنەکەی سەعات دوازدە

کابرای چاکەت و پانتۆڵ ڕەش گوتی: "چاوەڕێت بووم. دیارە هەر بیست خولەکە."

"چۆنت زانی؟"

"شوێنەکە، یان کاتەکەی؟"

کۆڵەپشتەکەم دانا و گوتم: "کاتەکەی دەڵێم."

"پێت وایە چۆن بوومە سکرتێری سەرۆك؟ هەروا؟ لەبەر زیرەکییەکەم؟ وردبینییەکەم؟ نا، لەبەر کۆمەڵە توانایەك کە هەمە، کرامە سکرتێری سەرۆك. پێم وایە ئێوە پێی دەڵێن هەستی شەشەم.

کورتەکێکی قاوەیی مەیلەو کەوەی لەسەر پانتۆڵی سکیتەکەیەوە لەبەر کردبوو و، چاویلکەیەکی کەسکی ئانتی ریفلێکسی لەچاو کردبوو.

"من و سەرۆك، زۆر خاڵی هاوبەشمان هەبوو. هەندێ شت، کە لە دەرەوەی ئەقڵ و مەنتق و ئەخلاق بوون.

"هەتانبوو؟"

"سەرۆك حەفتەی رابردوو مرد. بە دامودەستوورێك ی جوان ناشتمان. ئێستا هەموو تۆکیۆ شێواوە و دەیانەوێ بڕیار بدەن کێی لە جێ دابنێن. هەموو ئەو خەڵکە ساویلکە و ئاساییە وەك گەمژان راکەڕاکیانە."

ئاخێکم هەڵکێشا. کابرا پاکەتەزیوینەکەی لە گیرفانی چاکەتی دەرهێنا و جگەرەیەکی سادەی هەڵگرت و دایگیرساند.

"فەرموو؟"

گوتم: "نا، سپاس."

"بەڵام دەبێ ئەوەت پێ بڵێم، تۆ کاری خۆتت راپەڕاند. زیاتر لەوەی چاوەڕوانم دەکرد. راستگۆیانە پێت بڵێم، منت تاساند، لە پێشدا پێم وابوو لەوانەبێ ناچار بم یارمەتیت بدەم و ئەگەر کەوتیە تەنگانەوە، هەندێ سەرەداوت بدەمێ. کە دیارە هەر ئەوەی تووشی پرۆفیسۆر مەڕ بووی، نیشانەیەکی بەرچاوی پیتۆڵی و بلیمەتیی تۆ بوو. هیوادارم بیری لێ بکەیەوە، لەوەی کە لەگەڵ من کار بکەی."

"پێم وایە، تۆ هەر لە ئەوەڵەوە ئەو شوێنەت پێ دەزانی."

"ئەی چۆن. ئەرێ تۆ پێت وایە من کێم؟"

"ئێ، دەکرێ پرسیارێکت لێ بکەم؟"

کابرا بە کەیفخۆشیەوە گوتی: "بە دڵنیاییەوە، بەڵام کورتی ببڕەوە."

"بۆ هەر لە ئەوەڵەوە پێت نەگوتم؟"

"دەمەویست ڕێگەکە بە ویست و ورەی خۆت ببڕی و، لە هێلانەکەی بیهێنیتە دەرێ."
"هێلانە؟"
"هێلانە زەینییەکەی. وەختێك یەکێك دەبێتە مەڕدز، ماوەیەك سەری سڕ دەبێ و دەخزێتە قوژبنێکەوە. دەکرێ بلێم وەك شەپۆل گرتبێتی. تۆ بۆ ئەوەی بووی، وای لێ بکەی، ئەو حاڵەتە بەری بدا، بەڵام بۆ ئەوەی ئەو متمانەت پێ بکا، تۆ دەبوو ئاگات لە هیچ نەبێ. سادەیە، وا نییە؟"
"زۆریش."
"هەر دانەویڵەکە بچێنی، تەواوە. بەشە ئەستەمەکەی کارەکە، داڕشتنی بەرنامەکە بوو. هەرچۆنێك بێ کۆمپیوتەرەکان لە هەڵەی بنیادەمان بەرپرس نین. ئیتر کاری دەستی بەسە. بەڵام چێژی ئەسڵی ئەوەیە، کە بەچاوی خۆت ببینی، ئەو بەرنامەیەی بەو هەمووە زەحمەتەوە دروست کراوە، ڕێك وەك خۆی دەچێتە پێشێ."
"شانێکم هەڵتەکاند."
کابرا لەسەری ڕۆیشت: "دەی باشە، ڕاوی مەڕەکێوییەکەمان وردە وردە خەریکە تەواو دەبێ. لە سایەی لێکدانەوەکانی من و ئەستۆپاکیی تۆ، ئەوم ڕێك لەوشوێنە دۆزییەوە کە دەویست. وایە؟"
گوتم: "وا دیارە. لەو سەرەوە چاوەڕێی تۆیە. دەڵێ سەعات دوازدە ژوانی لەگەڵت هەیە."
هەردووکمان وێکڕا سەیری سەعاتەکانمان کرد. دە و چل خولەك بوو.
کابرا گوتی: "وا باشترە من بڕۆم. نابێ چاو لەرێی بکەم. ئەگەر حەزت لێیە، دەکرێ بە جێپەکە بڕۆی، ئەها، بەڵێ، ئەوەیش پاداشتی زەحمەت و ماندووبوونەکەت."
دەستی لە گیرفانی نا و چێکێکی دامێ، بەبێ ئەوەی سەیری بکەم، لە گیرفانم نا.
"ئەی ناتەوێ سەیرێکی بکەی؟"
"پێم وا نییە لازم بێ."
پێکەنی، دیار بوو بەکەیفە.
گوتی: "کارکردن لەگەڵ تۆدا زۆر خۆشە. هەرچۆنێك بێ، من کۆمپانیای شەریکبەشەکەتم هەڵوەشاندەوە. جێی داخە. ئەوێ داهاتوویەکی گەشی هەبوو. پیشەی بانگەشە داهاتوویەکی گەشی هەیە. تۆ دەبێ خۆت دەست بەوکارە بکەی."
گوتم: "ئەوە دیارە لەسەری داوی."
کابرا گوتی: "چاوەڕێم، دیسان یەکتر دەبینینەوە" و، بە پێیان بە گەوەکەدا بەرەو بەرزاییەکان هەڵکشا.
شۆفێر، جێپەکەی بە لێژاییەکەدا داژوا، گوتی: "کیپەر حاڵی باشە، بەکەیف و قەڵەو بووە."

لە تەنیشت شۆفێرەکەوە دانیشتبوم. لە چاو ئەو بنیادمەی لیمۆزینە زەبەلاحەکەی لێ دەخوڕی، زۆر گۆڕابوو. زۆری باسی ڕێوڕەسمی ناشتنەکەی سەرۆك و بەخێوکردن و پێڕاگیشتنی بە کیپەر کرد، بەڵام گوێم لە یەك قسەیشی نەبوو.

سەعان یازدە و نیو بوو، کە جێپەکە گەیشتە بەردەم وێستگە. شارەکە کپ و بێدەنگ بوو. جگە لە پیرەپیاوێك، کە بەفری گۆڕەپانەکەی دەماڵی و، سەگێکی لۆقدرێژی بنێس، کە لەولاوە وەرکەوتبوو و کلکەسووتەی دەکرد، کەس دیار نەبوو.

بە شۆفێرەکەم گوت: "سپاس."

گوتی: "سپاسی ناوێ، واز بێنە. توانیت ژمارە تەلەفۆنەکەی خودا بگری*؟"

"نا، دەرفەتم نەبوو."

"لەوەتەی سەرۆك مردووە، منیش نەمتوانیوە. پێت وایە چ قەوماوە؟"

گوتم: "لەوانەیە سەرقاڵ بێ."

شۆفێرەکە گوتی: "لەوانەشە وا بێ. دەی باشە، ئاگات لە خۆت بێ."

گوتم: "ماڵاوا."

شەمەندەفەرەکە ڕێك سەعات دوازدە دەڕۆیشت. کەس لەسەر سەکۆکە نەبوو. بە خۆمەوە هەر چوار نەفەر سوار بوون. بەڵام هەرچۆنێك بێ، دیتنی بنیادەم پاش ئەو ماوە زۆرە، ئۆخژنی بەدڵم دەدا. هەرچۆنێك بێ، دیسان هاتبوومەوە سەرزەمینی ژیان. دنیا ئەوە بوو، گرینگ نەبوو چەندە بێزارکەرە، یان سواوە.

کە قەپم لە چوکلیتەکە دا، زرەی زەنگ هات. دەنگی زەنگەکە کە بڕایەوە، شەمەندەفەرەکە کردییە تەقوشەق و کەوتە ڕێ. دەنگی تەقینەوەیەك لە دوورەوە هات. پەنجەرەکەم خستە سەر گازەرای پشت و سەرم هەڵێنا. دە چرکەیەك دواتر، تەقینەوەی دووەم بوو.

شەمەندەفەر وردە وردە کەوتە ڕێ. پاش سێ خولەك، لە لای لووتکە قووچەکەوە دووکەڵێکی ڕەش لەسەر خۆ کۆڵەگەی کرد بەرەو ئاسمان.

هەتا شەمەندەفەرەکە بەرەو ڕاست سووڕایەوە و گەوەکەی بڕی و دووکەڵەکەم لەبەرچاو ون بوو، هەر وا سەیرم کرد.

---

* توانیت تەلەفۆن بۆ خوا بکەیت؟

پاشکۆ

پرۆفیسۆر مەڕ گوتی: "هەموو شتێك تەواو بوو، تەواو."
"بڕایەوە و گەیشتە ئەنجام."
"پێم وایە دەبێ سپاست بکەم."
"ئیتر ئێستا من هەموو شتێکم لەکیس داوە."
پرۆفیسۆر مەڕ سەرێکی بادا: "نا، نەتداوە، تۆ ژیانتت دەستەبەر کرد."
گوتم: "چۆنی تۆ بڵێی."
کە لە ژوورەکە دەچوومە دەرێ، پرۆفیسۆر مەڕ سەری خستە سەر مێزەکە و دایە پڕمەی گریان. ئەوم لە کەڵکەکەڵە و لەو خەمەی رۆژ بە رۆژ پتر لە سەردڵی کەڵەکە دەبوو، رزگار کردبوو و، دڵنیاش نەبووم لەوەی ئاخۆ کارێکی باشم کردبوو، یان نا.
خاوەنەکەی هۆتێل دۆلفین گوتی: "کچە لێرە رۆیشت، نەیگوت دەچێتە کوێ. ئەی تۆ باشی؟"
گوتم: "باشم."
جانتاکانم هەڵگرت و سەیرێکی ژوورەکەم کرد، کە هەر وەك پێشوو بوو. ژوورێکی رێك لەو بیچمە، لە کۆمپانیا کەسنەزانەکە. ژنە مەمك زلەکە لە هیچ کوێ دیار نەبوو. دوو کارمەندی گەنج، لە پشت مێزەکانیانەوە خەریکی ئیش بوون و، جگەرەیان دەکێشا. یەکێکیان ریزە ژمارەیەکی دەخوێندەوە و ئەوی دیکەش خەریك بوو بە راستەیەك، خشتەیەکی چەماوەی دەکێشا. پێدەچوو لەبەر ئەوەی ژنە مەمك دۆدانەکە لەوێ نەبوو، وا نووسینگەکە لە شوێنێکی تەواو جیاواز دەچوو. تەنیا ئەو راستییەی وا من هەر بۆم نەدەچۆوە سەر یەك، کە ئەوێ کۆمپانیای چییە، هەر وا لە جێی خۆی بوو.سەعات شەش هەموو کارمەندەکان هاتنە دەرێ و بیناکە تاریك داهات.
تەلەفزیۆنەکەم هەڵکرد و سەیری هەواڵەکانم کرد. هیچ راپۆرتێك لە بارەی تەقینەوەکەی نێو چیاکە نەبوو. بەڵام با بزانم ئەو تەقینەوەیە دوێنێ بوو؟ ئەی رۆژێکی رەبەق چیم کردبوو؟ لە کوێ بووم؟ مێشکم دەیزیڕاند.
باشە، هەرچۆنێك بێ، رۆژێك رابردبوو.
رێك بەو جۆرە، من بە یەك رۆژ فێر بووم خۆم لە بیرەوەرییەکان دابڕم. هەتا رۆژێك، لە داهاتوویەکی نادیاردا کە دەنگێك لە دووردوورەوە، لە تاریکییەکی ئەنگوستەچاوەوە بانگ بکا.

تەلەفزیۆنەکەم کوژاندەوە. هێشتا پێڵاوەکانم لە پێمدا بوون. لەسەر تەختەکەی لێی کەوتم. بەتاقی تەنێ، سەیری بن میچەکەم کرد، کە پەڵەپەڵە بوو. سەیری میچێك، کە خەڵکێکی دێنایەوە بیر، دەمێك بوو مردبوون و لە یادان چووبوونەوە.

رەنگی ژوورەکە لەگەڵ ترپەی تیشکی گڵۆپە نیۆنەکان دەگۆڕا. سەعاتەکەی دەستم لە بن گوێم چرکەی دەهات. لە دەستمم کردەوە و، هاویشتمە سەر مێزەکە. دەنگی هاتوچۆی ترۆمبێلەکان، یەکهەوا و لەسەرخۆ، جار بە جار دەبیسرا. هەوڵم دا بخەوم، بەڵام خەوم لێ نەکەوت. کێ بەو هەست و حاڵەوە کە دەرنابڕدرێ، خەوی لێ دەکەوێ؟

چاکەتەکەمم لەبەر کرد و چوومە نێو شار و، چوومە یەکەم کافتریای سەر رێگەم. مۆسیقایەکی بێبڕانەوە و بەکەفوکوڵم هەڵمشت، هاتمەوە سەرخۆم، شتێکی بێوێنە بوو. هەمووان لەسەریان حیساب دەکردم، بۆ ئەوەی بنیادەمێکی ئاسایی بم.

کە چوومەوە هۆتێل دۆلفین، کابرای سێ پەنجەم دی، کە لەسەر قەنەفەیەك دانیشتبوو و، سەیری هەواڵەکانی نیوەشەوی دەکرد.

گوتم: "بەیانی سەعات نۆ دەڕۆم."

"دەچیەوە تۆکیۆ، وایە؟"

گوتم: "نا، بەر لەوەی بڕۆم، دەبێ سەری جێیەکی دیکە بدەم. تکایە سەعات هەشت هەڵمستێنن."

گوتی: "زۆر باشە."

خاوەنی هۆتێلەکە ئاخێکی هەڵکێشا و گوتی: "هەر باسیشی مەکە، باوکم هیچ ناخوا، ئاوا بڕوا دەمرێ."

"زەبرێکی گورچوبڕی وێکەوتووە."

خەمبارانە گوتی: "دەزانم، خۆ وا نییە باوکم هەرگیز نەمدوێنێ."

"لێگەڕێ با کات تێپەڕێ."

سبەینێکەی بە فڕۆکە چوومە تۆکیۆ ـ هانیدا.دوایی دیسان سواری فڕۆکە بوومەوە، کە گەیشتمە شوێنی خۆم، دەریا دەدرەوشاوە.

ج وەك هەمیشە خەریك بوو پەتاتەی پاك دەکرد. کچۆڵەیەکی نیوەکار خەریك بوو گوڵدانەکانی ئاو دەدا و مێزەکانی خاوێن دەکردەوە. پاییزی هۆکایدۆ تەواو ببوو، بەڵام لێرە، هێشتا پاییز هەر مابوو. لە پەنجەرەکانەوە، گردەکان رەنگێکی جوانیان هەبوو.

بەر لەوەی کافتریا بکرێتەوە، لە پشت پێشخانەکەوە دانیشتم.

"ج" گوتی: "دۆزینەوەی بادامی بن عەرزیی تورت و تازە ئەستەمە."

لەسەرخۆ ددانێکم لێ دان و گوتم: "هەر بەراست؟"

"ئەرێ هێشتا نەچوویەتە سەر کار؟"

"هاتمە دەرێ."

"هاتییە دەرێ؟"

"بەسەرهاتەکەی دوورودرێژە."

ج لە پاکردنی پەتاتەکان بووەوە. پاشان لە سوزمەیەکی کردن بۆ ئەوەی ئاویان پێدا بکا و، گوتی: "ئەی لەمەودوا چ کارێك دەکەی؟"

"نازانم، بیمەی بێکاریم هەیە، جگە لە فرۆشتنی نیوەی کۆمپانیاکەش. دیارە زۆر نیە، بەڵام ئیتر ئەوەیش هەیە."

چەکەکەم لە گیرفانم دەرهێنا و، لە حاڵێکدا دیار نەبوو چەندەی لێ نووسراوە، دامە ج. سەیرێکی کرد و سەرێکی راوەشاند.

"ئەقڵ نایبڕێ ئەو هەمووە پارەیە، بڕوا ناکەم."

"راست دەکەی."

"بەڵام بەسەرهاتەکەی دوورودرێژە، وا نییە؟"

پێکەنیم و گوتم: "با لەلای تۆ بێ، بیخە نێو سندووق ئاسنەکەوە."

"بۆ من لێرە ئاسنەسندووقم هەیە؟"

"ئەی سندووق؟"

ج بە نیگەرانییەوە گوتی: "دەیخەمە سندووقی ئەمانەتییەکانمەوە لە بانك. بەڵام دەتەوێ چیی پێ بکەی؟"

"ئەرێ ج، دیارە هاتن بۆ ئەم شوێنە تازەیە خەرجێکی زۆری هەڵگرت، وایە؟"

"بەڵێ."

"ئەی قەرز؟"

"قەرزی زۆر گەورەگەورە."

"ئەم چەکە بەشی پاککردنی قەرزەکان ناکا؟"

"زۆریشە."

"ئەی چۆنە بەشی من و جرجەمشکیش بدەی؟ خەمی سوود و بەشیشت نەبێ. هەر بەناویش شەریك بی، بەسە."

"بەڵام من ئەم کارەم پێ ناکرێ."

"دڵنیام پێت دەکرێ، تاقە شتێکی لەبری ئەوە دەبێ بیکەی، ئەوەیە، هەر کات من و جرجەمشك تووشی گێچەڵێك هاتین، داڵدەمان بدەی."

"هەر ئەو کارەی تا ئێستا کردوومە."

پەرداخەکەم بەدەستەوە، سەیرێکی دەموچاوی "ج"م کرد و گوتم: "دەزانم، بەڵام هەر ئەوەم لێت دەوێ."

ج پێکەنی و چەکەکەی لە گیرفانی نا و گوتی: "هێشتایش یەکەم جارتم لەبیرە کە زۆرت خواردەوە. چەند ساڵ لەوەپێش بوو؟"

"سێزدەساڵ."

"هەر بەراست؟"

ج نیوسەعاتێك باسی ڕۆژانی کۆنی کرد. کارێك، کە زۆر کەم دەڕەخسا بیکا. وردە وردە مشتەرییەکان دەهاتن و من هەستام بڕۆم.

ج گوتی: "جا خۆ تازە هاتووی."

گوتم: "پیاوی بە نەزاکەت زۆر ڕاناوەستێ."

"جرجەمشکت دی؟"

هەناسەیەکی قووڵم هەڵکێشا. هەردوو دەستمم خستە سەر پێشخانەکە و گوتم: "ئەی چۆن، دیتم."

"ئەویش بەسەرهاتەکەی دوورودرێژە؟"

"لە هەموو ئەو چیرۆکانە درێژترە، کە لە ژیانتدا بیستووتن."

"ناتوانی بەشە گرینگەکانیشی بگێڕییەوە؟"

"بەشە گرینگەکان، هەر مانایەکی نییە."

"ئەی باش بوو؟"

"باش بوو، پێی خۆش بوو تۆ ببینێ."

"پێت وایە دەلوێ یەك جار ببینم؟"

"دەتوانی، هەرچۆنێك بێ، ئەو شەریکبەشێکە. ئەمە پارەیەکە، وا من و جرجە مشك دەستەبەرمان کرد."

"باشە، کەواتە زۆر خۆشحاڵم."

لە سەر چوارپێچکەی باڕەکە هاتمە خوارێ و، هەر لەو شوێنە قەدیمییە، هەناسەیەکی قووڵم هەڵمشت.

"ئەرێ بەراست، ئێستا کە منیش شەریکم، پێت چۆنە جیازێکی پین باڵ و قەوانێك لێرە دابنێی؟"

ج گوتی: "ئەم جار بێیەوە، لێیەتی."

بە دەم ڕووبارەکەدا هەتا سەرچاوەکەی چووم. لە پەنجا مەتری ئەوسەری بەستێنەکە، دانیشتم و گریام. لە ژیانمدا هێندە نەگریابووم.

هەر دەتگوت شوێنێك شك دەبەم بچم، لمی سەر پانتۆڵەکەمم تەکاند و هەستام.

ڕۆژ چیی نەمابوو ئاوا بێ. کە وەڕێ کەوتم، گوێم لە دەنگی شەپۆلەکان دەبوو.

کۆتایی